هەرێمی کوردستانی عێراق
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆڵەکان

# 36

سالّی/ 2006 – بەرگی سی و شەش

---

چاپی یەکەم/ ساڵی 2007

# پێرست


پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (1)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – شەممە 2006/1/21 ل5

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (2)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2006/1/24 ل15

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (3)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2006/2/22 ل55

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەستپێك خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2006/3/9 ل87

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1) خولی دووەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2006/3/16 ل102

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (2) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2006/3/29 ل133

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (3) خولی دووەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2006/3/30 ل182

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (4) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2006/4/3 ل221

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (5) خولی دووەمی هەڵبژاردن – هەینی 2006/4/14 ل323

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (6) خولی دووەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2006/5/7 ل359

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (7) خولی دووەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2006/6/4 ل388

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (8) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2006/6/19 ل404

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (9) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2006/6/20 ل4117

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (10) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2006/6/21 ل420

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (11) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2006/6/26 ل428

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە(12) خولی دووەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2006/6/29 ل 431

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (13) خولی دووەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2006/7/2 ل472

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە(14) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2006/7/3 ل493

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە(15) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2006/7/4 ل537

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (1)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2006/7/10 ل552

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (2)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2006/8/23 ل600

ثالثا: يجوز ان تنعقد محكمة الجنايات خارج مركز المحافظة ببيان يصده رئيس محكمة الاستئناف بناء على اقتراح من رئيس محكمة الجنايات.

المادة السابعة والعشرون:

اولا:تنعقد محكمة الجنايات في مركز محكمة الاستئناف من ثلاثة قضاة برئاسة رئيس محكمة الاستئناف او احد نوابه وعضوية نائبين اخرين او احدهما وقاض او عضوية قاضين لا يقل صنف اي منهما عن الصنف الثاني.

ثانيا: تنعقد محكمة الجنايات في المحافظات الاخرى برئاسة نائب الرئيس في مركز المحافظة وعضوية قاضيين لا يقل صنف اي منهما عن الصنف الثاني.

ثالثا: يتم تسمية رئيس واعضاء محكمة الجنايات الاصليين منهم والاحتياط بقرار من مجلس القضاء بناء على اقتراح رئيس محكمة الاستئناف.

## الفرع السادس – محكمة الجنح

المادة الثامنة والعشرون:

اولا:تشكل محكمة جنح او اكثر في كل مكان فيه محكمة بداءة وتختص بالنظر في الدعاوي المعينة لها وفقا لاحكام القانون.

ثانيا: تنعقد محكمة جنح من قاض واحد.

ثالثا: يعتبر قاضي محكمة البداءة قاضيا لمحكمة الجنح ان لم يكن لها قاض خاص.

المادة التاسعة والعشرون:

لرئيس مجلس القضاء بناءا على اقتراح من رئيس محكمة الاستئناف تشكيل محكمة جنح للنطر في نوع او اكثر من الدعاوي.

## الفرع السابع – محكمة الاحداث

المادة الثلاثون:

اولا:تنعقد محكمة الاحداث من هيئة برئاسة قاضي وعضوية اثنين من المحكمين الملمين بقضايا الاحداث وتنظر في الجنايات وتصدر احكامها فيها وفق قانون رعاية الاحداث.

ثانيا: يتم تسمية رئيس الهيئة والمحكمين الاصليين والاحتياط ببيان يصدره رئيس مجلس القضاء بناء على اقتراح من رئيس محكمة الاستئناف.

ثالثا: تنظر المخالفات والجنح من قبل قاضي الاحداث وحده وفقا لاحكام قانون رعاية الاحداث ويجوز ان تنظر المخالفات من قبل قضاة الجنح في الاقضية والنواحي.

## الفرع التاسع – محكمة العمل

المادة الحادية والثلاثون:

تشكل محكمة العمل في مركز كل محافظة من قاضي واحد وتختص بالنظر في الدعاوي والامور الداخلة ضمن اختصاصها وفقا لاحكام القانون.

## الفرع العاشر – محكمة التحقيق

المادة الثانية والثلاثون:

اولاً: تشكل محكمة التحقيق او اكثر في كل مكان فيه محكمة بداءة ويكون قاضي محكمة البداءة قاضيا للتحقيق مالم يعين قاض خاص لها.

ثانيا: لرئيس مجلس القضاء بناء على اقتراح رئيس الاستئناف ان يخصص محكة تحقيق  لنوع او انواع معينة من الجرائم.

ثالثا: لرئيس مجلس القضاء بناء على اقتراح رئيس الاستئناف المنطقة ان يؤلف هيئة برئاسة احد القضاة للتحقيق في جريمة او جرائم معينة وتكون لها قاضي تحقيق.

## الباب الثالث

## الخدمات القضائية

### الفصل الاول

### مجلس القضاء

**المادة الثالثة والثلاثون:**

**اولا:**

**أ-مجلس القضاء هو اعلى سلطة قضائية في الاقليم ويشكل برئاسة رئيس محكمة تمييز القيم كوردستان العراق وعضوية اقدم نائبين من نواب الرئيس وعند عدم وجودهما اقدم قاضٍ من محكمة التمييز ورئيس هيئة الاشراف العدلي ورؤساء محاكم الاستئناف في الاقليم او من ينوب عنهم.**

**ب- اذا غاب الرئيس يقوم مقامه اقدم نوابه وعند غيابهم يترأس مجلس اقدم الاعضاء من قضاة التمييز.**

**ثانيا: يجتمع المجلس مرة واحدة في الشهر على الاقل وللرئيس دعوته للاجتماع عند الحاجة ولا ينعقد الا بحضور رئيسه او من ينوب عنه عند غيابه وما لايقل عن ثلاثة ارباع اعضائه وتتخذ القرارات باكثرية عدد اعضاء المجلس.**

**ثالثا: يكون للمجلس مكتب يرأسه موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة بكالوريوس في القانون وله خدمة لا تقل عن خمسة عشرة سنة ويتم تعينه بمرسوم اقليمي بناء على ترشيح من مجلس القضاء ويعاونه عدد من الموظفين يتولى تنظيم اعمال المجلس وتحضير مناهجه وتلخيص القضايا المعروضة وتبليغ قراراته والمهام الادارية الاخرى.**

**المادة الرابعة والثلاثون:**

**يتولى المجلس الاختصاصات الاتية:**

**1-اعداد الخطط لجهاز القضاء ومناقشتها وابداء ملاحظاته عليها.**

**2- النظر في تعيين ترفيع وترقية ونقل واعادة القضاة والتحقيق من سلوكهم وكفائتهم والاشراف فى الاستقلال القضاء.**

**3- يجوز منح المجلس مهام اخرى وفقا للقانون.**

**4- تسمية وترشيح الحكام والموظفين الذين يسري عليهم هذا القانون للمشاركة في الدورات التدريبية والتأهيلية.**

### الفصل الثاني

### تعيين القضاة

**المادة الخامسة والثلاثون:**

**يعين القاضي وفق الشروط التالية:**

**1-ان يكون حاصل على شهادة بكالوريوس في القانون او ما يعادلها.**

**2- ان يكون له خدمة قضائية فعلية لا تقل عن (10) سنوات.**

**3- ان لا يزيد عمره عن (40) سنة.**

**4- ان يكون عراقيا.**

**5- ان يجيد اللغة الكردية قراءة وكتابة.**

**6-ان يجتاز امتحان تحريري من قبل مجلس القضاء.**

**7- يجب ان يكون سالما من العاهات البدنية.**

**8- ان يتمتع بالسمعة والسيرة الحسنة.**

**المادة السادسة والثلاثون:**

**1-يحدد مجلس القضاء المحكمة التي يباشر القاضي عمله فيها بعد صدور المرسوم الاقليمي بتعينه.**

**2- لا يمارس القاضي اعماله الا بعد ادائه اليمين التالية امام رئيس الاقليم (اقسم بالله ان اقضي بين الناس بالعدل وان اطبق القوانين بامانة ونزاهة وحياد).**

المادة السابعة والثلاثون:

1-يعين رئيس محكمة التمييز من بين نواب الرئيس او من اقدم قضاتها اذا كانت مدة ممارسة خدمته القضائية لاتقل عن خمس وعشرين سنة.

2- يعين نائب الرئيس من بين قضاة محكمة التمييز اذا كانت مدة ممارسة خدمته القاضائية لاتقل عن اثنين وعشرين سنة.

3- يعين القاضي في محكمة التمييز من بين قضاة الصنف الاول والذين لهم خدمة قضائية لمدة لاتقل عن عشرين سنة وامضوا مدة لاتقل عن سنتين في المناصب القضائية التالية:

أ-رئيس محكمة الاستئناف.

ب- نائب رئيس محكمة الاستئناف.

ج- قاضي محكمة الاستئناف.

د- رئيس هيئة الاشراف العدلي.

4- يعين رئيس محكمة التمييز ونوابه وقاضي محكمة التمييز بمرسوم اقليمي بناء على ترشيح من مجلس القضاء.

المادة الثامنة والثلاثون:

يكون رئيس محكمة التمييز بدرجة وزير ويتقاضي راتب ومخصصات الوزير.

المادة التاسعة والثلاثون:

5- تحدد درجات و رواتب ومخصصات قضاة محكمة التمييز والقضاة الاخرين القضاة بنظام خاص.

## الفصل الثالث

## ترفيع الحكام وترفيتهم

المادة الاربعون:

اولا: يكون ترفيع القاضي من درجة الى درجة اعلى بقرار من مجلس القضاء بعد قضائه المدة القانونية.

ثانيا: يراعي مجلس القضاء عند النظر في ترفيع القاضي تقارير رؤساء المناطق الاستئنافية والمشرفين العدليين فيما يتعلق بكفاءته وحسن ادارته وفيما يتعلق بسلوكه.

ثالثا: يصدر مجلس القضاء قراره بترفيع القاضي اذا تأيدت اهليته للترفيع.

رابعا: لمجلس القضاء ان يؤجل بقرار مسبب ترفيع القاضي مدة لا تقل عن ثلاثة اشهر ولا تزيد على سنة ولاكثر من مرة واحدة اذا وجد انه غير اهل لذلك.

المادة الحادية والاربعون:

اولا: تكون اصناف القضاة كما يلي:

| الدرجة | الصنف |
|---|---|
| أ | الاول |
| ب | الثاني |
| ج | الثالث |
| د | الرابع |

ثانيا: يرقى القاضي من صنف الى اخر بقرار من مجلس القضاء بناء على طلب يتقدم به الى مجلس القضاء بشرط ان يقدم بحثا قانونيا وان يكون قد نال راتبه الحد الادنى للصنف المراد الترقية اليه.

ثالثا: على مجلس القضاء عند تقديم الطلب بالترقية استطلاع راي محكمة التمييز ورئاسة محكمة استئناف ورئاسة هيئة الاشراف العدلي عن كفاءة القاضي واهليته للترقية.

رابعا: يرفع رئيس مجلس القضاء الطلب مع اهلية القاضي للترقية بالمطالعة المذكورة في البند ثالثا من هذه المادة مشفوعا برايه الى مجلس القضاء.

خامسا: يستعين مجلس القضاء في تقدير اهلية القاضي للترقية بالمطالعات المبينة في البندين (ثالثا و رابعا) من هذه المادة والتقارير السنوية المرفوعة من رؤسائه وتقارير المشرفين العدليين والاحكام التي بذل القاضي في اصدارها جهدا متميزا او ضمنها اراء قانونية تؤيد متابعته للنشاط الفقهي والقضائي ويصدر قرارا بترقيته اذا كان اهلا لها و بخلافه تؤجل ترقيته لمدة لا تقل عن ستة اشهر بقرار مسبب وبات يبلغ اليه.

## الفصل الرابع

## المناصب القضائية

**المادة الثانية والاربعون:**

اولا: يعين رئيس محكمة الاستئناف من قضاة الصنف الاول من بين نواب رؤوساء محاكم الاستئناف بقرار من مجلس القضاء.

ثانيا: يتم اختيار نائب رئيس محكمة الاستئناف وقضائها من بين قضاة الصنف الاول او الثاني بقرار من مجلس القضاء بناء على ترشيح من رئيس محكمة الاستئناف.

**المادة الثالثة والاربعون:**

يكون قدم القضاة حسب مناصبهم وتاريخ تعيينهم فيها وعند التساوي في ذلك يكون وفقا لما يقرره مجلس القضاء.

## الفصل الخامس

## الاجازات والحقوق التقاعدية

**المادة الرابعة والثلاثون:**

اولا: يستحق القاضي اجازة اعتيادية براتب تام بمعدل يوم واحد من كل ثمانية ايام من مدة خدمته.

ثانيا: على القاضي ان يتمتع في كل سنة بما لا يقل عن ثلاثين يوما من اجازته السنوية المستحقة له وفي حالة عدم تمتعه بها فلا يدور له منها الا الجزء الذي يزيد على ثلاثين يوما.

ثالثا: يجوز تراكم الاجازات الاعتيادية التي تدور وفق البند ثانيا من هذه المادة بما لا يزيد على سنة واحدة.

رابعا: تدور للقاضي الاجازات التي استحقها عن خدماته السابقة.

**المادة الخامسة والاربعون:**

اولا: لمجلس القضاء ان يمنح القاضي الذي امضى ثلاث سنوات في القضاء اجازة دراسية خارج العراق او داخله لمدة سنتين براتب تام للتخصص في موضوع له علاقة بالاختصاصات القضائية والعدلية والحصول على شهادة الماجستير او الدكتوراه وله تمديد هذه الاجازة لمدة سنة اخرى.

ثانيا: يجوز منح اجازة دراسية ثانية لمن انتهى اجازة دراسته الاولى وحصل على شهادة الماجستير لمدة سنتين لغرض الحصول على شهادة الدكتوراه في نفس المواضيع المذكورة في البند (اولا) من هذه المادمة وذلك بعد مضي سنة من مباشرته بوظيفته ولمجلس القضاء تمديد هذه الاجازة لسنة اخرى.

ثالثا: تعتبر الاجازة الدراسية خدمة قضائية ويمنح قدما لغرض الترفيع والعلاوة لمدة سنتين لمن يحصل على شهادة الدكتوراه وسنة واحدة لمن يحصل على شهادة الماجستير.

**المادة السادسة والاربعون:**

1-يحال القاضي على التقاعد بعد اكماله الخامسة والستين من العمر ويستحق المحال على التقاعد ما كان يتقاضاه من راتب ومخصصات قبل احالته على التقاعد ويجوز لرئيس الاقليم تمديد ذلك لمدة لا تتجاوز (5) سنوات.

2- عند وفاة القاضي اثناء الخدمة يكون راتبه التقاعدي ما كان يتقاضاه من راتب مخصصات.

3- يجوز احالة القاضي على التقاعد قبل اكماله السن المحددة في الفقرة (1) من هذه المادة اما بناء على طلبه وفقا لاحكام القانون المدني او لاسباب صحية وتطبق بحقه احكام الفقرة (2) اعلاه.

4- يمنح القاضي المحال على التقاعد رواتب الاجازات الاعتيادية التي يستحقها كاملة على اساس مجموع ما كان يتقاضاه شهريا قبل احالته على التقاعد على ان تزيد على سنة واحدة.

المادة السابعة والاربعون:

للقاضي ان يستقبل من الخدمة متى شاء وفي هذه الحالة يحتفظ بحقه في تقاضي الراتب التقاعدي او الاكرامية التي يستحقها بموجب قانون الخدمة المدنية ولا يفقد حقه في الاجازات التي يستحقها.

المادة الثامنة والاربعون:

تقام الدعوى في الحقوق الناشئة عن هذا القانون لدى لجنة شؤون القضاة وتكون قراراتها في هذه الدعاوي قابلة للطعن فيها امام الهيئة الموسعة في محكمة التمييز من قبل رئيس محكمة الاستئناف ومن قبل القاضي الذي صدر القرار ضده خلال ثلاثين يوما من تاريخ التبليغ به ويكون قرارها من هذا الشأن باتا.

المادة التاسعة والاربعون:

تسري احكام قانون الخدمة المدنية وقانون التقاعد المدني في الامور التي لم ينص عليها في هذا القانون وبما لا يتعرض مع احكامه.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دلێر تۆ تەواو بكە.

**بەڕێز دلێر محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**الفصل السادس**

**النقل والانتداب**

الماده الخمسون:

اولا:أ-لا يجوز نقل القاضي الى وظيفة غير قضائية الا بموافقته التحريرية.

ب- يجوز انتداب القضاة من الصنف الاول والثاني بما فيهم قضاة محكمة التمييز وبموافقتهم التحريرية وبقرار من مجلس القضاء الى وظيفة مستشار قانوني في رئاسة الاقليم او مجلس الوزراء او رئاسة احدى اجهزة وزارة العدل او لغرض التدريس في الجامعات او الهيئات الدولية على ان يحتفظ بصفة قضائية فيها.

ثانيا: لا تتجاوز مدة الانتداب المنصوص عليها في البند الاول من هذه المادة ثلاث سنوات قابلة للتمديد لسنة اخرى.

ثالثا: يجوز انتداب القاضي للعمل في محكمة اخرى عند اقتضاء المصلحة العامة وذلك بأمر رئيس محكمة الاستئناف ويتم الانتداب من منطقة استئنافية الى اخرى بقرار من مجلس القضاء على ان لا تزيد مدة الانتداب على سنة واحدة.

المادة الحادية والخمسون:

يجري نقل القضاة خلال شهر تموز من كل سنة ويجوز عند اقتضاء المصلحة العامة اجراء النقل في غير الشهر المذكور ويتم النقل بقرار من مجلس القضاء بناء على اقتراح من رئيس محكمة الاستئناف.

**الفصل السابع**

**واجبات القضاة**

المادة الثانية والخمسون:

اولا: يلتزم القاضي بما ياتي:

1- المحافظة على كرامة القضاء بالتزام الحيدة والنزاهة والابتعاد عن كل ما يبعث الريبة في استقامته.

2- كتمان الامور والمعلومات والوثائق التي يطلع عليها بحكم وظيفته والمتعلقة بأجهزة الاقليم او الاشخاص ويظل هذا الواجب قائما حتى بعد انتهاء خدمته.

3- عدم مزاولة التجارة او اي عمل لا يتفق و وظيفة القضاء.

4- ارتداء الكسوة الخاصة اثناء المرافعة وذلك رفق تعليمات يصدرها مجلس القضاء.

5- الاقامة في مركز الوحدة الادارية التي فيها مقر عمله. الا اذا اذن له رئيس مجلس القضاء بالاقامة في مكان اخر لظروف يقدرها.

ثانيا: يحظر على القاضي الاشتغال بالعمل السياسي ولا يجوز له الترشيح لانتخابات المجلس الوطني او الهيئات المحلية او التنظيمات السياسية الا بعد تقديم استقالته.

المادة الثالثة والخمسون:

لا يجوز ان يشترك في هيئة قضائية واحد قضاة بينهم مصاهرة او قرابة لغاية الدرجة الرابعة ولا يجوز ان ينظر القاضي طعنا في حكم اصدره قاضي اخر تربطه به العلاقة المذكورة.

## الفصل الثامن

## الاشراف على اعمال القضاة والامور الانضباطية

### الفرع الاول

### الاشراف على القضاة

المادة الرابعة والخمسون:

اولا: أ-لرئيس مجلس قضاء حق الاشراف والمراقبة على كافة المحاكم والقضاة والمخولين سلطات قضائية من موظفين وهيئات ولجان.

ب- يتم الاشراف والمراقبة بواسطة الاشراف العدلي او بواسطة القضاة المنتدبين لهذا الغرض.

ج- يجري الاشراف على اعمال محكمة التمييز وقضاتها من قبل الرئيس على ان يقدم تقريراً سنوياً عن اعمال المحكمة الى مجلس القضاء.

ثانيا: أ-لرئيس محكمة الاستئناف حق الاشراف على جميع المحاكم والقضاة في منطقته وتفتيشها وابداء التوجيهات المتقتضية والتنبيه الى كل ما يقع خلافا للواجبات الوظيفية وحسن سير الاعمال الادارية والحسابية وعليه ان يرفع الى مجلس القضاء تقارير سنوية عن القضاة في منطقته تتضمن ملاحظاته عن سلوكهم وكفاءتهم وعن الامور الادارية في محاكمهم.

ب- لرئيس محكمة الاستئناف ان يندب احد نوابه لتفتيش اية محكمة في منطقته.

المادة الخامسة والخمسون:

على الهيئات التمييزية وهيئات محاكم الاستئناف ومحاك الجنايات ان تنظم تقارير فصلية تبين فيها الاحكام والقرارات التي ارتكب فيها القاضي خطأ فاحشا نتيجة جهله بالمبادى القانونية الاولية او اغفال الوقائع التي تظهر لها عند تدقيقها والاحكام والقرارات وان ترسل صورة منها الى مجلس القضاء لحفظها في الاضبارة الشخصية للقاضي لاخذها بنظر الاعتبار عند النظر في ترفيعه او ترقيته.

المادة السادسة والخمسون:

اولاً: لرئيس مجلس القضاء ان ينبه القاضي الى الاخطاء القانونية والادارية التي تظهر بنتيجة التفتيش على عمله والى كل ما يقع منه مخالفا لواجبات ومتقضيات وظيفته.

ثانيا: لرئيس محكمة التمييز ورئيس محكمة الاستئناف ان ينبه القاضي الى الاخطاء القانونية التي تظهر اثناء التدقيقات التمييزية.

ثالثا: لرئيس محكمة الاستئناف ان ينبه القاضي في منطقته الى ما يقع منه مخالفا لواجبات وظيفته.

رابعا: يكون التنبيه بكتاب يوجه الى القاضي وتبليغ نسخه منه مجلس القضاء وتودع اخرى في الاضبارة الشخصية.

### الفرع الثاني

### الامور الانضباطية

المادة السابعة والخمسون:

اولا: تشكل لجنة باسم لجنة شؤون القضاة تتالف من ثلاثة اعضاء يختارهم مجلس القضاء من بين اعضائهم في بداية كل سنة للنظر في الامور الانضباطية لهم.

ثانيا: تفرض لجنة شؤون القضاة في الدعاوي الانضباطية المقامة على القاضي احدى العقوبات الانضباطية الاتية.

اولا: الانذار ويترتب عليه تأخير علاوة القاضي وترفيعه لمدة ستة اشهر.

ثانيا: تأخير الترفيع او العلاوة او كليهما مدة لا تقل عن سنة والا تزيد على ثلاث سنوات من تاريخ القرار اذا كان قد اكمل المدة القانونية للترفيع والامن تاريخ اكمالها.

ثالثا: انهاء الخدمة وتفرض هذه العقوبة على القاضي اذا صدر عليه حكم بات بعقوبة من محكمة مختصة عن فعل لا يأتلف وشرف الوظيفة القضائية او اذا ثبت عن محاكمة تجريها اللجنة عدم اهلية القاضي للاستمرار في الخدمة القضائية.

المادة الثامنة والخمسون:

ثانيا: لا يعاد الى القضاء من تنهى خدماته وفق احكام هذا القانون على ان ذلك لا يمنع من تعيينه في وظيفة مدنية.

المادة التاسعة والخمسون:

اولا:تقام الدعاوي الانضباطية على القاضي بناء على قرار من رئيس محكمة الاستئناف باحالته على لجنة شؤون القضاة على ان يتضمن القرار بيانا للواقعة المسندة اليه الادلة المؤيدة لها ويبلغ هذا القرار للقاضي والادعاء العام.

ثانيا: أ-تحدد لجنة شؤون القضاة موعدا للنظر في الدعوى تبلغ به رئيس محكمة الاستئناف و رئاسة الادعاء العام والقاضي.

ب- تكون المحاكمة سرية ويفهم القرار علنا.

ج- تجري المحاكمة بحضور ممثل رئيس محكمة الاستئناف ورئيس الادعاء العام او من ينسبه من المدعين العاميين وعلى القاضي الحضور بنفسه وله ان يحضر محاميا معه.

د- للجنة ان تجري بنفسها ما تراه مناسبا من التحقيقات.

هـ- تفصل اللجنة في الدعوى بعد اكمال التحقيق وسماع اقوال ممثل رئيس محكمة الاستئناف والادعاء العام ودفاع القاضي وتبلغ قرارها الى رئيس محكمة الاستئناف ورئيس الادعاء العام والقاضي.

و- تتبع اللجنة في اجراءاتها القواعد المنصوص عليها في قانون اصول المحاكمات الجزائية.

المادة الستون:

اولا: اذا وجدت لجنة شؤون القضاء اثناء نظر الدعوى ان الفعل المنسوب الى القاضي يكون جناية او جنحة فتقرر احالته على المحكمة المختصة وترسل اليها الاوراق كافة بعد ان يسحب رئيس مجلس القضاء يد القاضي وفقا لما هو مقرر في قانون انضباط موظفي الدولة.

ثانيا: اذا قررت المحكمة المختصة براءة القاضي او الافراج عنه او اصدرت اي قرار تنتهي به الدعوى الجزائية فعلى اللجنة الاستمرار في نظر الدعوى الانضباطية وفقاً لاحكام هذا القانون.

ثالثا: اذا قررت المحكمة ادانة القاضي فعلى اللجنة ان تفرض عليه عقوبة انضباطية تتناسب مع الفعل المسند اليه وفقا لاحكام المادة (55) من هذا القانون.

المادة الحادية والستون:

لرئيس محكمة الاستئناف و رئيس الادعاء العام والقضي حق الطعن لدي الهيئة العامة في محكمة التمييز في قرار لجنة شؤون القضاة الصادر وفق احكام هذا القانون خلال ثلاثين يوما من تاريخ التبليغ به وللهيئة العامة اذا اقتضي الحال ان تدعو ممثل رئيس محكمة الاستئناف وممثل رئيس الادعاء العام والقاضي لاستماع اقوالهم ثم تصدر قرارها بتصديق قرار اللجنة او الغائه او تعديله ويكون قرارها في هذا الشأن باتا.

## الباب الرابع

## احكام متفرقة

المادة الثانية والستون:

اولا: اذا غاب رئيس المحكمة او رئيس الهيئة او شغرت وظيفته او قام لديه مانع يحول دون مباشرته العمل فيقوم بممارسة عمله الاقدم من النواب او الاعضاء.

ثانيا: اذا وجد اكثر من قاضي في محكمة واحدة يكون اقدمهم مسؤولا عن الادارة وتوزيع العمل بينهم.

المادة الثالثة والستون:

لا يجوز توقيف الحاكم او اتخاذ الاجراءات الجزائية ضده في غير حالة ارتكابه جناية مشهودة الا بعد استحصال اذن من مجلس القضاء.

المادة الرابعة والستون:

تعيين اوقات الدوام في المحاكم بقرار من مجلس القضاء على ان لا تقل مدة الدوام عن ست ساعات يوميا ويجوز تعيين اوقات دوام خاصة في شهر رمضان على ان لا تقل عن خمسة ساعات.

المادة الخامسة والستون:

لرئيس مجلس القضاء اصدار تعليمات لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة السادسة والستون:

يلغي قانون السلطة القضائية رقم 14 لسنة 1992.

المادة السابعة والستون:

على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون ولا يعمل بأي نص يتعارض مع احكام هذا القانون.

المادة الثامنة والستون:

ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

الاسباب الموجبة

بالنظر لمرور فترة طويلة نسبيا على صدور قانون السلطة القضائية لاقليم كوردستان العراق رقم 14 لسنة 1992 والذي جاء صدوره في بداية اقامة المؤسسات الديمقراطية لاقليم كوردستان العراق ولحصول تطورات ايجابية كبيرة في هذه الفترة وبخاصة تطور مرفق القضاء وازدياد وتوسع المحاكم في كوردستان كما ونوعا وضرورة استحداث مناطق استئنافية جديدة فقد دعت الحاجة الى ضرورة تشريع قانون جديد للسلطة القضائية في اقليم كوردستان يستوعب كل هذه التطورات ولكل ذلك فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، دوورو درێژ بوو، ئەم پرۆژەیە تەنیا ئاراستەی لیژنەی یاسایی و پەیوەندیدارە ئیشێكی گرنگە، راستە دوورو درێژە، بەلآم ئەوەندە زەحمەت نییە، لەبەر ئەوەی جیاوازیەكی وا زۆری نییە لەگەڵ قانونەكەی پێشوو، بەلآم گرنگە بەڕاستی سوڵتەی قەزائی پێویستە بەقوەت بكرێتن و بەدەوری خۆی هەڵبستێتن، بەتایبەتی لە دانانی مەحكمەی تەمییز و هەموو پێداویستیەكانی تر.

بڕگەی دوایی خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای ئەنجومەنی باڵآی راوێژكاری لە هەرێمی كوردستانی عێراق، فەرموو كاكە.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم الاصدار/

تاريخ الاصدار/

استنادا الى احكام الفقرة (1) من المادة (56) والمادة (53) من القانون رقم (1) لسنة 1992 المعدل وبناء على ما عرضه ووافق عليه مجلس الوزراء وما شرعه المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته الاعتيادية المرقمة ( ) والمنعقدة بتاريخ / /2006 وللصلاحية المخولة لنا بموجب الفقرة الثالثة من المادة الثانية من القانون رقم (10) لسنة 1997 قررنا اصدار القانون الاتي:

## قانون المجلس الاستشاري الاعلى لاقليم كوردستان العراق

## الباب الاول

## التأسيس والاهداف

**المادة الاولى: يقصد بالتعابير الاتية المعاني المبينة ازاءها:**

1-الاقليم: اقليم كوردستان العراق.

2- المجلس: مجلس الاستشاري لاقليم كوردستان العراق.

3- الرئيس: رئيس مجلس الاستشاري لاقليم كوردستان العراق.

**المادة الثانية:**

يؤسس في الاقليم مجلس يسمى (المجلس الاستشاري الاعلى لاقليم كوردستان العراق) يرتبط اداريا بوزير العدل ويتألف من رئيس ونائب للرئيس ومستشارين لا يقل عددهم عن سبعة ومستشارين مساعدين لا يزيد عددهم على نصف عدد المستشارين.

**المادة الثالثة:**

يهدف المجلس الى النظر في المنازعات الادارية وضمان وحدة التشريع وتوحيد اسس الصياغة التشريعية والمصطلحات والتعابير القانونية في الاقليم.

**المادة الرابعة:**

يتكون المجلس من:

اولا: الهيئة العامة:

1-تتألف من الرئيس ونائبه والمستشارين والمستشارين المساعدين وتعقد جلساتها برئاسة الرئيس وعند غيابه برئاسة نائبه ويتم النصاب القانوني بحضور ثلاثة ارباع اعضائها.

2- لا يحق للمستشارين المساعدين الاشتراك في التصويت.

ثانيا: هيئة الرئاسة: تتألف من الرئيس ونائبه واقدم المستشارين.

ثالثا: هيئة انضباط الاقليم: تتألف من الرئيس وعضوية احد المستشارين تسمية هيئة الرئاسة وحاكم من الصيف الثاني على الاقل يسميه مجلس القضاء وتنعقد برئاسة الرئيس وعند التعذر برئاسة نائبه.

**المادة الخامسة:**

للمجلس سكرتير حاصل على شهادة بكالوريوس في القانون او ما يعادلها ويرتبط بالرئيس ويتولى:

اولا: تنظيم المراسلات.

ثانيا: الاشراف على الامور الادارية والمالية.

ثالثا: تهيئة اوليات القضايا المعروضة على المجلس.

## الباب الثاني

## اختصاصات المجلس

**المادة السادسة:**

يختص المجلس باالتقنين وابداء الراي والمشورة في الامور القانونية والقضاء الاداري في الاقليم.

### الفصل الاول

### التقنين

**المادة السابعة:**

يمارس المجلس في مجال التقنين:

اولا: اعداد وصياغة مشروعات القوانين في الاقليم بطلب من مجلس الوزراء او الوزارات المختصة او الجهات غير المرتبطة بوزارة.

ثانيا: تدقيق مشروعات القوانين المعدة من قبل مجلس الوزراء او الوزارات او الجهات غير المرتبطة بوزارة من حيث الشكل والموضوع.

ثالثا: ترسل مشروعات القوانين الى المجلس بكتاب موقع من الوزير المختص او رئيس الجهة غير المرتبطة بوزارة مع بيان اسبابه الموجبة وجميع الاعمال التحضيرية.

رابعا: استطلاع رأي الوزارات او الجهات غير المرتبطة بوزارة بمشروعات القوانين الواردة اليه وله طلب حضور ممثل عنها لا تقل درجته عن مدير عام للغرض المذكور.

خامسا: يقوم المجلس بدراسة المشروع واعادة صياغته عند الاقتضاء واقتراح البدائل التي يراها ضرورية ورفعه مع توصيات المجلس الى مجلس الوزراء وارسال نسخه من المشروع والتوصيات الى الوزارة او الجهة غير المرتبطة بوزارة.

## الفصل الثاني

## ابداء الراي والمشورة القانونية

المادة الثامنة:

يتولى المجلس ابداء المشورة القانونية في المسائل التي تعرضها عليه الجهات العليا.

المادة التاسعة: يمارس المجلس في مجال الرأي ما ياتي:

اولا: ابداء الراي في المسائل المختلف عليها بين الوزارات او بينها وبين الجهات غير المرتبطة بوزارة اذا احتكم اطراف القضية الى المجلس ويكون رأيه ملزما لها.

ثانيا: توضيح الاحكام القانونية بناء على طلب احد الوزارات او الجهات غير المرتبطة بوزارة.

المادة العاشرة:

اولا: لا يجوز لغير الوزير المختص او رئيس الجهة غير المرتبطة بوزارة عرض القضايا على المجلس.

ثانيا: يحظر على المجلس ابداء الرأي او المشورة القانونية في القضايا المعروضة على القضاء او التي لها مرجع قانوني للطعن.

المادة الحادية عشرة:

لوزير العدل ان يحيل على المجلس القضايا التي يرتأي احالتها عليه لدراستها وابداء الرأي فيها او اعداد مشروعات القوانين التي يرى تشريعها.

## الفصل الثالث

## القضاء الاداري

المادة الثانية عشرة:

1-تشكل في مركز كل محافظة محكمة ادارية برئاسة قاض من الصنف الاول او مستشار وبعضوية قاضيين من الصنف الثالث او الرابع او مستشارين مساعدين.

2- يجوز انتداب قضاة من الصنف الاول او الثاني الى المحكمة الادارية من غير المنتدبين لعضوية مجلس شوري الاقليم.

3- تنظر الدعاوي الواردة في هذا القانون وفق احكام قانون المرافعات المدنية ويكون بحضور عضو الادعاء العام.

المادة الثالثة عشرة:

تختص المحكمة الادارية بما يلي:

1- النظر في صحة الاوامر والقرارات الادارية التي تصدر من الموظفين والهيئات في دوائر الاقليم بعد نفاذ هذا القانون والتي لم يعين مرجع للطعن فيها (وبناء على طعن من ذي مصلحة محتملة وتكفي ان كان هناك ما يدعو الى التخوف من الحاق الضرر بذوي الشأن).

2- الطعون الخاصة بانتخابات الهيئات المحلية.

3- الطلبات التي تقدمها الهيئات والافراد بالغاء القرارات الادارية النهائية.

4- الدعاوي الجنسية.

5- طلبات التعويض من الاضرار الناجمة من القرارات الادارية الصادرة خلافا للقانون.

6- المنازعات الخاصة بعقود الالتزام او الاشغال العامة او التوريد او اي عقد اداري اخر لم ينضم بقانون خاص.

7- الطعون من القرارات النهائية الصادرة من الجهات الادارية في قضايا الضرائب والرسوم وفق القانون الذي ينظم كيفية النظر في هذا المنازعات.

8- الطعن في رفض او امتناع الموظف او الهيئات في الدوائر واجهزة الاقليم عن اتخاذ قرار او امر كامن من الواجب عليه اتخاذه قانونا.

المادة الرابعة عشرة:

1-يكون قرار الادارة خاضعا للتمييز خلال (30) يوما من تاريخ اليوم الثاني للتبلغ من الادعاء العام.

2- يكون قرار الهيئة العامة الصادر بنتيجة الطعن باتا.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

المادة الخامسة عشرة:

اذا تنازع اختصاص محكمة القضاء الاداري ومحكمة مدنية فيعين المرجع هيئة قوامها ستة اعضاء ثلاثة اعضاء يختارهم رئيس محكمة التمييز وثلاثة اخرون يختارهم رئيس المجلس من بين اعضاء المجلس وتجتمع الهيئة برئاسة رئيس محكمة التمييز وقراراها الصادر بالاتفاق او الاكثرية يعتبر باتا وملزما.

المادة السادسة عشرة:

لا تختص محكمة القضاء الاداري بالنظر في الطعون المتعلقة فيما ياتي:

1-اعمال السيادة وتعتبر من العمال السادة المرسيم والقرارات التي يصدرها رئيس الاقليم.

2- القرارات الادارية التي رسم القانون طريقا للتظلم منه او الاعتراض عليها او الطعن فيها.

المادة السابعة عشرة:

يشترط قبل تقديم الطعن الى المحكمة الادارية ان يتظلم صاحب الطعن لدى الجهة الادارية المختصة التي عليها ان تبت في خلا (30) يوما من تاريخ تسجيل التظلم لديها وعند البت في التظلم او رفضه تقوم المحكمة الادارية بتسجيل الطعن لديها بعد استيفاء الرسم القانوني.

المادة الثامنة عشرة:

على المتظلم ان يقدم طعنة الى المحكمة خلال ستين يوما من تاريخ انتهاء مدة الثلاثين يوما المنصوص عليها في المادة (18) والا سقط حقه في الطعن ولا يمنع ذلك من مراجعة المحاكم العادية للمطالبة بحقوقه في التعويض عن الاضرار الناشئة عن المخالفة او الخرق للقوانين.

المادة التاسعة عشرة:

تبت المحكمة في الطعن المقدم اليها ولها ان تقرر رد الطعن او تعديل الامر او القرار المطعون به مع الحكم بالتعويض ان كان له مقتضى بناء على طلب المدعي ويكون قرارها قابلا للطعن به تمييزا لدى الهيئة العامة لمجلس شورى الاقليم خلال ثلاثين يوما من تاريخ التبليغ به او اعتباره مبلغا ويكون قرار المحكمة غير المطعون فيه وقرار الهيئة العامة لمجلس شورى الاقليم الصادر نتيجة الطعن باتا وملزما.

المادة العشرون:

تمارس الهيئة العامة في مجلس شورى الاقليم الاختصاصات التي تمارسها محكمة التمييز المنصوص عليها في قانون المرافعات المدنية عند النظر في الطعن في قرارات المحكمة الادارية.

المادة الحادية والعشرون:

اولا: تنظر هيئة انضباط الاقليم في الدعاوي التي يقيمها الموظف بموجب احكام قانون الخدمة المدنية.

ثانيا: يكون قرار الهيئة قابلا للطعن فيه لدى الهيئة العامة للمجلس خلال خمسة عشر يوما من اليوم التالي للتبليغ.

ثالثا: يكون قرار الهيئة العامة للمجلس الصادر بنتيجة الطعن باتا.

رابعا: تنظر الدعاوي الواردة في الفقرة اولا من هذه المادة وفق احكام قانون المرافعات المدنية.

المادة الثانية والعشرون:

اولا: تنظر هيئة انضباط الاقليم في الاعتراضات المقدمة من قبل ذوي العلاقة بخصوص العقوبات الواردة في قانون انضباط موظفي الدولة.

ثانيا: يكون قرار الهيئة الصادر بنتيجة الطعن باتا.

ثالثا: تنظر الاعتراضات الواردة في الفقرة اولا من هذه المادة وفق احكام قانون اصول المحاكمات الجزائية.

## الباب الثالث

## سير العمل في المجلس

المادة الثالثة والعشرون:

تسجل مشروعات القوانين والقضايا المحالة على المجلس في سجل خاص لدى السكرتير.

المادة الرابعة العشرون:

يجري تدقيق مشروعات القوانين والقضايا المحالة على المجلس من قبل هيئة الرئاسة ولها ان تطلب من الوزارة او الجهة غير المرتبطة بوزارة استكمال النواقص قبل احالتها على الهيئة العامة.

المادة الخامسة والعشرون:

تحيل هيئة الرئاسة مشروعات القوانين والقضايا على الهيئة العامة لدراستها واتخاذ اللازم بشأنها.

المادة السادسة والعشرون:

تتخذ الهيئة العامة قراراتها باغلبية عدد الاعضاء الحاضرين واذا تساوت الاصوات يرجح الجانب الذي فيه الرئيس.

## الباب الرابع

## الخدمة في المجلس

المادة السابعة والعشرون:

يشترط في تعيين الرئيس ونائب الرئيس والمستشار والمستشار المساعد اضافة الى توافر الشروط العامة للتعيين في الوظيفة العامة ان يكون حاصلا على شهادة بكالوريوس في القانون او ما يعادلها وله ممارسة فعلية بعد التخرج من الكلية لمدة لا تقل عن عشرين سنة في الوظيفة القضائية او المحاماة بالنسبة للرئيس ونائب الرئيس والمستشار وخمس عشرة سنة بالنسبة للمستشار المساعد.

المادة الثامنة والعشرون:

تنزل من المدة الواردة من المادة السابقة مدة سنتين بالنسبة للحاصلين على شهادة الماجستير وخمس سنوات بالنسبة للحاصلين على شهادة الدكتوراه وتعتبر مدة الدراسة الصغرى للحصول على اي من هاتين الشهادتين مدة ممارسة لاغراض هذا القانون.

المادة التاسعة والعشرون:

اولا: يعين الرئيس ونائب الرئيس والمستشار بمرسوم اقليمي بناء على اقتراح رئيس مجلس الوزراء.

ثانيا: يعين المستشار المساعد بقرار من رئيس مجلس الوزراء بناء على اقتراح من هيئة الرئاسة.

المادة الثلاثون:

اولا: يكون الرئيس بدرجة خاصة.

ثانيا: يتقاضي نائب الرئيس راتب الدرجة الخاصة.

ثالثا: يتقاضي المستشار راتب الدرجة الخاصة صنف (ب).

رابعا: يتقاضي المستشار المساعد راتب الدرجة الاولى.

**بەڕێز دلێر محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الحادية والثلاثون:

يجوز تعيين المستشار المساعد بوظيفة مستشار عند توفر الشروط الواردة في المادة الخامسة عشرة من هذا القانون على ان يكون قد قضى مدة لا تقل عن ثلاث سنوات في وظيفته في المجلس واثبت خلالها كفاءة عالية وذلك بتوصية من هيئة الرئاسة.

المادة الثانية والثلاثون:

اولا: لوزير العدل وبناء على تسمية وزير التعليم العالي والبحث العلمي انتداب اثنين من اعضاء الهيئة التدريسية في جامعات الاقليم ممن يحملون شهادة الدكتوراه في القانون ولا تقل مرتبتهم العلمية عن استاذ مساعد وبموافقتهم التحريرية للعمل في المجلس كمستشارين متفرغين لمدة ثلاث سنوات قابلة للتجديد لمرة واحدة.

ثانيا: لوزير العدل وبموافقة مجلس القضاء انتداب حكام الصنف الاول وبموافقتهم التحريرية للعمل في المجلس كمستشارين متفرغين لمدة ثلاث سنوات قابلة للتجديد لمرة واحدة.

المادة الثالثة والثلاثون:

لا يجوز توقيف الرئيس او نائب الرئيس او المستشار او المستشار المنتدب او المستشار المساعد او اتخاذ الاجراءات الجزائية بحقهم الا بأذن من وزير العدل باستثناء ارتكابهم جناية عمدية مشهودة.

المادة الرابعة والثلاثون:

لا يجوز احالة الرئيس او نائب الرئيس او المستشار او المستشار المساعد على التقاعد الا بعد اكمالهم الخامسة والستين من العمر.

المادة الخامسة والثلاثون:

يطبق قانون الخدمة المدنية فيما لم يرد به نص في هذا القانون.

**الباب الخامس**

**احكام انتقالية وختامية**

المادة السادسة والثلاثون:

تحل عبارة (مجلس شورى اقليم كوردستان العراق) محل عبارة (ديوان التدوين القانوني) اينما وردت في القوانين والانظمة الاخرى.

المادة السابعة والثلاثون:

لايعمل باي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

المادة الثامنة والثلاثون:

على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة التاسعة والثلاثون:

لوزير العدل اصدار التعليمات لتسهيل تنيفذ احكام هذا القانون.

المادة الاربعون:

ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, دەستتان خۆش بێت, ئەو پرۆژەیەش ئاراستەی لیژنەی یاسایی دەکەین, هەموو ئەندامانی پەرلەمانیش دەبێت هەموو ئەو پرۆژە یاسایانە بخوێننەوەو خۆیان حازر بکەن, بۆ ئەوەی دەوڵەمەندی بکەن, ئەو هەڵانەی تێدایە نەیهێڵن, بۆ ئەوەی قانونەکە بە ڕێکوپێکی کاتی موناقەشە وەکو یاسا دەربێت.

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستان - عێراق

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# 42

سالی/ 2007 – بەرگی چل و دوو

---

چاپی یەکەم/ سالی 2007

# پێڕیست


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی (2)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/7/24 ل5

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی (3)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/7/31 ل19

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی (4)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/8/1 ل83

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی (5)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2007/8/2 ل161

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی (6)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – شەممە 2007/8/4 ل231

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی (7)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2007/8/5 ل293

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی (8)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/8/6 ل419

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی (9)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/8/28 ل497

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەستپێك خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/9/4 ل531

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/9/10 ل559

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی پێشمەرگە دەكەم، ئومێدمان وایەو داواشمان وایە كە دانیشتنێكی هاوبەش بكەن، بۆ ئەوەی راپۆرتێكی موشتەرەك پێشكەش بە پەرلەمان بكەن، ئێستا داوا دەكەم خاڵی دووەم لە بەرنامەی كار كە بریتییە لە خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای هەموار كردنی یاسای ژمارە (9)ی ساڵی 1992، یاسای رێزلێنانی پێشمەرگە، لیژنەی یاسایی بە زمانی كوردی بیخوێنێتەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پرۆژەی هەموار كردنی یاسای ژمارە (9)ی ساڵی 1992، یاسای رێزلێنانی پێشمەرگە

1-ماددەی یەكەم: بەم شێوەیەی لای خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە بۆ خواستەكانی ئەم یاسایە ماناكانی تەنیشتیانە.

أ-شۆڕش: بزووتنەوەی رزگاریخوازی كوردستانە كە لە 11ی ئەیلولی ساڵی 1961 دەست پێدەكات.

ب- پێشمەرگە: ئەو تێكۆشەرە سیاسیە چەكدارە شۆڕشگێڕەیە كە بە ویستی خۆی بەشداری كردووە لە شۆڕشی رزگاریخوازی كوردستان بۆ بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەكانی گەلی كوردستان و ئەوەی بەردەوامە لە خزمەت كردن لە پێكهاتەكانی هێزی پێشمەرگەی كوردستان.

ج- رێزلێنان: بەرز راگرتنی خەبات و تێكۆشانی پێشمەرگەیە.

د- مەدالیا (نیشانە)ی رێزلێنان: نیشانەیەكی تایبەتە بە پلەی جیاجیا كە پاداشتی جیاجیای هەیەو دەبەخشرێتە پێشمەرگە.

2- ماددەی دووەم: لادەدرێت و ئەوەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

(ماددەی دووەم: ئەو پێشمەرگانەی كە لە مەسیرەی قارەمانانەی بارزانیدا لە ماوەی ساڵەكانی (1945 – 1958) بەشداریان كردووە ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە.

3- ماددەی سێیەم: هەموار دەكرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

(ماددەی سێیەم: پێشمەرگە مەدالیا (نیشانە)ی پێ دەبەخشرێت كە شێوەو پلەو پایەو ئیمتیازاتی مادی و مەعنەوی دەبێت و رەنگدانەوەی خەبات و تێكۆشانی گەلی كوردستان بێت، بە نیزامێكی تایبەت دیاری دەكرێت.

4- ماددەی چوارەم: بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

(ئەو بانووانەی كە لە رێزەكانی شۆڕشدا بوون پاداشتێكیان بۆ دیاری دەكرێت بەپێی رێنمایی تایبەت.

5- ماددەی پێنجەم: بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

(پێویستە وەزارەتی پێشمەرگە رێنمایی تایبەت دەربكات بۆ جێ بەجێ كردنی ئەم یاسایە).

6- ماددەی شەشەم: دەگۆڕێ و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

(هەر دەقێك پێچەوانەی بەندەكانی ئەم یاسایە بێت كاری پێ ناكرێت).

7- ماددەی حەوتەم: زیاد دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
(ئەم یاسایە لە رۆژی بلاۆ کردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی کاری پێ دەکرێت).

هۆکانی دەرچوونی ئەم یاسایە

لەبەر گرنگی رۆڵی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بەشداری کارای لە بەدەستهێنانی دەستکەوتەکان و خەباتی بێ بەرامبەریان وەك پاداشتێك بۆ فیداکاریان ئەم یاسایە دەرچوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، وەکو پرۆژەی پێشوو ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی پێشمەرگە دەکرێت، دیسان ئومێد دەکرێت دانیشتنی تایبەتی موشتەرەك بکەن، بۆ ئەوەی راپۆرتیان هاوبەش بێت، خاڵی سێیەم لە بەرنامەی کار/ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای پشکنینی بۆ ماوەیی خوێن بەر لە هاوسەرگیری کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانەوە پێشکەش کراوە، داوا دەکەم بەزمانی کوردی بخوێندرێتەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرۆژەی یاسای پشکنینی بۆماوەیی خوێن پێش هاوسەرگیری

ماددەی یەکەم: دەبێ لە پێش گرێبەستی هاوسەرگیری پشکنینی تەواوی شێوەی خوێن بکرێ و لەو بارەی کە گومانی نەخۆشی کەم خوێنی دەریای سپی ناڕاست (تەلاسیمیا)ی گوازراوەی بۆماوەیی کرا، ئەو کات پشکنینی خوێن تایبەت بەو نەخۆشیە دەکرێ.

ماددەی دووەم: بنکەیەکی تەندروستی، یان هەر عیادەیەکی پزیشکی میللی ئێواران بۆ مەبەستی پشکنین دیاری دەکرێ، ئەویش دوای ئەوەی ئامێری پزیشکیی پێویست و کارمەندی مەشق پێکراوی بۆ دابین دەکرێ و پشکنینەکە لە ژێر چاودێری پزیشکی پسپۆر لە نەخۆشیەکانی خوێن بە مەبەستی دیاریکراو لە ماددەی یەکەمی ئەم یاسایەدا دەکرێ.

ماددەی سێیەم: بنکە تەندروستیەکە لە ئەنجامەکانی پشکنینە تاقیگەییەکان دەکۆڵێتەوەو لە کاتێکدا دەرکەوت داواکارانی گرێبەستی هاوسەرگیریی تووشی ئەو نەخۆشیە بوونە، راپۆرتێك رێك دەخرێ و توندیی نەخۆشیەکەو رێژەی (واتە ژمارەی منداڵەکانی) کەوا چاوەڕوان دەکرێت لە ئەنجامی ئەو هاوسەرگیرییە تووش دەبن ئەنجامی بۆماوەیی سەلبی ئەو هاوسەرگیرییە پێشکەش بە هەردووکیان و بەو لایەنە دەکرێت کە داوای پشکنینەکەی کردووەو ئەمەش بۆ مەبەستی هۆشیار کردنەوەو رێنمایی کردن دەبێت.

ماددەی چوارەم: پێویستە لەسەر دادگاکان هیچ گرێبەستێکی هاوسەرگیریی جێ بەجێ نەکەن تا راپۆرتی ناوبراو لە ماددەی سێیەم لەم یاسایەدا پێشکەش نەکەن و لە بارێکدا کە راپۆرتەکە نەخۆشیەکەی دەست نیشان کرد بوو، دەبێ ناوەڕۆك و ئەنجامەکانی لە داواکارانی هاوسەرگیرییەکە بگەیەندرێ.

**ماددەی پێنجەم: پێویستە وەزارەتی تەندروستی ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.**

**ماددەی شەشەم: پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.**

**ماددەی حەوتەم: ئەم یاسایە لە ڕۆژی بلاْو کردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستاندا جێ بەجێ دەکرێت.**

**هۆیە پێویستیەکانی**

**سەبارەت بەوەی کە نەخۆشی تەلاسیمیا زیانی ماددی و تەندروستی بە ئەندامانی کۆمەڵگا دەگەیەنێت و باری شارستانی دەوڵەت بەکار و خەرجی و دارایی گران دەکات و لە پێناو کۆنترۆل کردنی ئەم نەخۆشیە و بۆ دانانی ئیرادەیەك لەبەردەم بلاْو بوونەوەی بۆ نەوەکانی داهاتوو و لە پێناوی هۆشیار کردنەوەو ڕێنمایی داواکارانی هاوسەرگیریی بۆ ئەنجامە سلبیەکانی کە لەم جۆرە هاوسەرگیرییە دەکەونەوەو لە پێناوی خوڵقاندنی نەوەیەکی هۆشیار و ساغ لە نەخۆشیەکانی بۆماوەییەکان (الوراثي) ئەم یاسایە دەرچوێنرا.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس، ئەم پرۆژەیەش ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی تەندروستی دەکەین، وەکو پرۆژەکانی پێشوو داوا دەکەم کەوا دانیشتنی هاوبەش بکەن، بۆ ئەوەی راپۆرتێکی هاوبەش پێشکەش بە پەرلەمان بکەن، خاڵی چوارەم لە بەرنامەی کار/ گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای دەسەلاْتی دادوەری لە هەرێمی کوردستان، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم راپۆرتەکەیان بە زمانی کوردی بخوێننەوە، دواتر مادده بە مادده ئەسڵی ماددەکەو راپۆرتەکەو ئینجا گفتوگۆ کردن لەسەری، فەرموون.**

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بۆ/ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی - عێراق**

**ب/ راپۆرتی لیژنەی یاسایی**

**دوای ئەوەی خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسایی دەسەلاْتی دادوەری لە 2006/7/10 تەواو بوو، بۆ لیژنەی کاروباری یاسایی ڕەوانە کرا لیژنەش چەند چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ پسپۆڕانی ئەو بوارە سازداو، چەند کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ بەڕێزان دادوەرانی دادگای تێهەڵچوونەوەی هەرێمی کوردستان گرێدا، لە پێناو دەوڵەمەند کردنی بیروڕا لەگەڵیاندا ئالوگۆڕ کرا، لەگەڵ لەبەر چاوگرتنی ئەوەی ئەو یاسایە پەیوەستە بە یەکێك لە سێ دەسەلاْتەکەی هەرێم و پڕەنسیپی جودا کردنەوەی دەسەلاْتەکان لە نێوانیاندا، دوای گفتوگۆیەکی تێروتەسەل. لیژنەکە گەیشتە بۆچوون و پێشنیارەکانی سەبارەت بە هەندێ لە ماددەکانی و پێشنیاز دەکات لیژنە سەر پشك بکرێ بۆ سەرلە نوێ بە دەروازە کردنی پڕۆژەکەو گۆڕینی شوێنی هەندێ ماددەکانی، سەر لە نوێ داڕشتنەوەی هەندێ لە دەقەکانی، لێرەدا بۆچوون و پێشنیازەکانمان لەسەر هەر ماددەیەك بە تەنیا دێنینەوەو بەم شێوەی خوارەوە:**

**ماددەی یەکەم: لیژنە پێشنیار دەکات بەم شێوەی خوارەوە دابڕێژرێت:**

**گۆڕینی وشەی (دەستەواژە) کە لەسەرەتای ماددەکەدا هاتووە بۆ وشەی (زاراوە). وەکو هەموو یاساکانی تر کە تا ئێستا لەلایەن پەرلەمانی کوردستان دانراون.**

**ماددەی دووەم: (لیژنە هیچ تێبینیەکی لەسەر نیە)**

**ماددەی سێیەم: (لیژنە هیچ تێبینیەکی لەسەر نیە)**

**ماددەی چوارەم: لیژنە پێشنیاز دەکات دووبارە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە.**

**{دەسەلاًتی دادوەری بودجەیەکی تایبەتی دەبێ و لەلایەن ئەنجومەنی دادوەریەوە ئامادە دەکرێ و دەخرێتە بەر دەستی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، بۆ پەسند کردنی و دەبێتە پاشکۆی بودجەی گشتی هەرێم}، ئەوەش لە پێناو روونکردنەوەی ئەو رێکارانەی لە ئامادەکردنی بودجەدا دەیگرنە بەر.**

**ماددەی پێنجەم: (لیژنە هیچ تێبینیەکی لەسەر نیە)**

**ماددەی شەشەم: لیژنە پێشنیار دەکات دووبارە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:**

**{زمانی کوردی زمانی دادگاکان دەبێ و دەکرێ زمانی عەرەبی بۆ نووسینەوەی هەندێ لە حوکم و بڕیارەکان بەکاربێت}. (بەزۆرینەی دەنگەکان)، لەبەر نەبوونی زمانێکی یەکگرتووی کوردی یاسایی لەکاتی ئێستادا.**

**ماددەی حەوتەم: لیژنە پێشنیار دەکات دووبارە بەم شێوە دابڕێژرێتەوە:**

**{دانیشتنی دادگاکان بە ئاشکرا دەبێ. تەنیا ئەگەر دادگا بڕیاری بە نهێنی بوونی بدات، بۆ لەبەرچاو گرتنی پەیڕەوی گشتی، یان رەوشتەکان، یان پیرۆزی خێزان، بەمەرجێك دەبێ بڕیارەکە لە دانیشتنێکی ئاشکرادا رابگەینرێت}، لێرەدا پیرۆزی خێزانمان لەبەرچاوگرتووەو دەستەواژەی (تێگەیاندنی بڕیار) بگۆڕدرێت بۆ دەستەواژەی (راگەیاندنی بڕیار) کە لەلایەنی یاساییەوە لەبارترە.**

**ماددەی هەشتەم: لیژنە پێشنیار دەکات دووبارە داڕشتنەوەی بڕگەی یەکەم بەم شێوەیە بێت:**

**یەکەم: دادگاکان سەیری داواکانی ماف و باری کەسایەتی ناکەن لە ماوەی پشووی دادگاکاندا. کە لە رۆژی یەکەمی مانگی تەمووز دەست پێ دەکات و تا رۆژی یەکەمی مانگی ئەیلوول لە هەموو ساڵێکدا، جگە لە داواکانی بە پەلە کە بەهۆی بەیانێکەوە سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری دەری دەکات، دەست نیشان دەکرێت.**

**بە گۆڕینی دەستەواژەی (داواکانی شارستانی) بۆ دەستەواژەی (داواکانی ماف) بۆ تێکەلاًو نەبوون و گونجان لەگەڵ ماددەی نۆیەمی ئەم یاسایە. لە کاتێکدا (دادگاکانی شارستانی) بۆ هەموو دادگاکانی ناسەربازی لە هەرێمدا بە کارهاتووە.**

**ماددەی نۆیەم: لیژنە پێشنیار دەکات دووبارە داڕشتنەوەی، بە گۆڕینی زنجیرەی دادگاکانی تێیدا هاتوون و بەم شێوەی خوارەوە:**

**دادگا شارستانیەکان لە مانە پێك دێت:**

**1- دادگاکانی پێداچوونەوە.**

2- دادگاکانی تێهەڵچوونەوە.

3- دادگاکانی گەورە تاوان.

4- دادگاکانی بەرایی.

5- دادگاکانی نەوجەوانان.

6- دادگاکانی باری کەسایەتی.

7- دادگاکانی کەتن.

8- دادگاکانی کار.

9- دادگاکانی لێکۆڵینەوە.

10- دادگاکانی ماددەکانی کەسایەتی بۆ مەسیحی و یەزیدی و ئایینەکانی تر.

لەگەڵ لەبەر چاو گرتنی پێشخستنی ئەو دادگایانەی کە لە دادوەرێك پتر پێك دێت لەسەر ئەو دادگایانەی یەك دادوەری بە تەنیا هەیە و لا بردنی وشەی (ناموسڵمانەکان) لە بڕگەی (10)یدا.

ماددەی دەیەم: {دادگای پێداچوونەوە، دەستەی دادوەری باڵایە کە چاودێری دادوەری بەسەر هەموو دادگا شارستانیەکانی هەرێمدا هەیەو لە نۆ دادوەر کەمتر نەبێت بە سەرۆك و جێگرەکانیەوە پێك دێت، بارەگاکەشی لە هەولێری پایتەختی هەرێم دەبێت}، بە زیادکردنی دەستەواژەی (کە چاودێری دادوەری دەکات لەسەر)و دیاری کردنی بەلای کەمی ژمارەی ئەندامانی دادگا کە بە سەرۆك و جێگر و دادوەران بەشێوەیەکی ئاشکراتر.

ماددەی یازدەم: لیژنە پێشنیار دەکات:

زیادکردنی خاڵی چوارەم بۆ (دەستەی گشتی أ- ) و بەم شێوەی خوارەوە:-

4- ئەوەی لە دەقی یاساکانی دیکەدا هاتووە. بۆ ئاگاداربوون لەو تایبەتمەندیانەی بەپێی یاساکانی دیکە دێنە ئاراوە.

دووبارە داڕشتنەوەی خاڵی/2 لە (دەستەی فراوان ب- ) بەم شێوەی خوارەوە:-

2- ئەو ناکۆکیەی لەنێوان دوو دادگادا دەربارەی دەست نیشان کردنی تایبەتمەندی لە سەیر کردنی داوایەکدا پەیدا ەبێ.

زیادکردنی دەستەیەکی نوێ بۆ ماددەکە بەم شێوەیە: و- دەستەی کشتوکاڵی: تایبەتە بەسەیر کردنی ئەو حوکم و بڕیارانەی لە لیژنەکانی زەوی وزار و دەست بەسەرداگرتنندا دەرکراوە. لە کاتێکدا ئەو دەستەیە لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە 14ی ساڵی 1992دا هەبووە، وا چاوەڕوان دەکرێت داواکانی لیژنەی زەوی و دەست بەسەرداگرتن لە هەرێمدا زیاتر ببێت لەبەر ئەو گۆڕانکاریانەی دوای ئازاد کردنی عێراق بەسەریدا هات.

زیاد كردنی دەستەواژەی (دەستەی كشتوكاڵی) دوای (دەستەی سزاییش) لە  بڕگەی دووەمی هەمان ماددەدا بەپێی ئەو زیاد كردنەی وەكو دەستەیەكی دیكە بۆ دادگای پێداچوونەوە، بەو باوەڕەی كە ئەو لەسێ دادوەر كەمتر گرێ نادرێ.

دووبارە داڕشتنەوەی بڕگەی سێیەم لە هەمان ماددە دا بەم شێوەی خوارەوە:-

دەستەی شارستانی بە سەرۆكایەتی یەكێك لە جێگرەكانی سەرۆك و ئەندامیەتی بەلای كەمی چوار لە دادوەرانی دادگاكە، كاتێ كە سەیری ئەو حوكمانەی لە دادگاكانی تێهەڵچوونەوە بە سیفەتی ئەسڵی دەركراون دەكات، هەمان شتیش سەبارەت دەستەی سزایی كاتێ سەیری حوكم و بڕیارەكانی دادگاكانی گەورە تاوانەكان دەكات.

بەزیاد كردنی دەستەواژەی (لە دادگاكانی تێهەڵچوونەوە)

ماددەی دوازدەهەم: لیژنە پێشنیار دەكات دووبارە داڕشتنەوەی بە تێكەڵ كردنی هەردوو بڕگە لە بڕگەیەكدا بەم شێوەی خوارەوە:-

ماددەی دوازدەم: دەستەكانی دادگا پێك دەهێنرێن لەوانەش دەستەی فراوان و دیاری كردنی سەرۆك و ئەندامەكانی لە سەرەتای هەموو ساڵێكدا بە بڕیاری دەستەی سەرۆكایەتی و لە كاتی نادیاری یەكێك لە سەرۆكەكانی كۆنترین دادوەر شوێنی دەگرێتەوەو ئەندامەكانی ناگۆڕێن، تەنیا ئەگەر پێویست بكات وبەهەمان ڕێگا دەبێ.

ماددەی سێزدەم: لێژنە پێشنیار دەكات ئەم بڕگانەی لە خوارەوە هاتوون بەم شێوەیە هەموار بكرێن:-

یەكەم/ 6- گۆڕینی وشەی (فەرمانبەرانی) بە وشەی (كارمەندانی) بۆ ئەوەی كرێكار و كار گوزارەكانی دیكەی كاری تێدا دەكەن بگرێتەوە.

یەكەم/ 7- زیاد كردنی دەستەواژەی (بۆ ئەنجومەنی دادوەری) بۆ كۆتایی بڕگەكە.

دووەم/ 3- لا بردنی بڕگەكە لەبەر ئەوەی لە دەستهاتی ئەنجامەكانەوە هاتووە.

ماددەی چواردەم: لیژنە پێشنیار دەكات ئەم هەموار كردنانەی خوارەوەی بەسەر دابێت:

زنجیرەی(5) بكرێتە دوو بڕگەی سەربەخۆ بەم شێوەیە:

سێیەم: ئەنجومەنی دادوەری بۆی هەیە لە كاتی پێویستیدا دادگای تێهەڵچوونەوەی نوێ دابمەزرێنێ.

چوارەم: دەكرێ دادگایەك، یان زیاتر لە دادگای تێهەڵچوونەوە دابمەزرێ، یان دابڕینی دادگایەك، یان زیاتر لە دادگای تێهەڵچوونەوە و لكاندنی بە دادگایەكی تێهەڵچوونەوەی دیكە بە بڕیاری ئەنجومەنی دادوەریەوە.

ماددەی پازدەم:

یەكەم: لێژنە پێشنیار دەكات بە گۆڕینی دەستەواژەی (دادوەرانی دادگای تێهەڵچوونەوە) بۆ دەستەواژەی (دادوەرێك لە دادوەرانی دادگای تێهەڵچوونەوە) لەبەر ئەوەی مەبەستەكە پێكهێنانی دادگایە لە سەرۆك و جێگرەكەی و دادوەرێكی دیكە لە دادوەرانی دادگای تێهەڵچوونەوە نەوەك هەموو دادوەران.

ماددەی شازدەم: (لیژنە هیچ تێبینی لەسەر نیە).

ماددەی حەڤدەم: لیژنە پێشنیاری دووبارە داڕشتنەوەی بەم شێوەیە دەكات:

یەکەم: لە هەر ناوچەیەکی تێهەڵچوونەوە ئەنجومەنێك بە ناوی (ئەنجومەنی ناوچەی تێهەڵچوونەوە) دادەمەزرێ کە لە سەرۆکی دادگاو ئەندامەتی جێگرەکانی و دادوەرانی دادگای تێهەڵچوونەوە پێك دێت. چونکە پێکهێنان زاراوەیەکی تایبەتە بە دادگاکان و دامەزراندن بۆ ئەنجومەنەکان.

دووەم: کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن بەردەوامە، سەرۆکەکەشی بۆی هەیە لە کاتی پێویستدا بانگەشەیان بۆ کۆبوونەوە بکات. ئەو کۆبوونەوەیەش گرێنادرێ بە ئامادەبوونی بەلای کەمی سێ لەسەر چواری ژمارەی ئەندامەکانی نەبێت. بۆ مەبەستی بوار ڕەخساندن بۆ دەستنیشانکردنی دوا وادەی کۆبوونەوەکان لە ماوە بەردەوامەکان و بەپێی رای ئەنجومەن .

سێیەم: ئەنجومەن ئەم تایبەتمەندیانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:

1- لێوردبوونەوە لە پێداویستی دادگاکان و میلاکەکانیان لە ژێر رۆشنایی پێداویستیەکانیان ساڵانەو بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتەکانی ساڵانە بۆ ئەنجومەنی دادوەری. بە زیاد کردنی دەستەواژەی: (بەرزکردنەوەی ساڵانە دەربارەی، بۆ ئەنجومەنی دادوەری) تاکۆتایی خاڵەکە.

2-لێکۆڵینەوە لەکۆسپ و گیروگرفتەکانی ڕووبەڕووی دادگاکان دەبێتەوە دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆیان. بە زیاد کردنی دەستەواژەی (دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆیان)

ماددەی هەژدەم: لیژنە پێشنیار دەکات ئەو هەموار کردنانەی خوارەوەی لێ بکرێ:

زیادکردنی خاڵێکی نوێ بۆ بڕگەی یەکەم: وبەم شێوەی خوارەوە: ڕەوانەکردنی تانەکان بۆ دادگای تێهەڵچوونەوە، یان بەسیفەتی پێداچوونەوە و ڕەسم لێ وەرگرتنیان. چونکە لە ناو جەرگەی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەیە.

لا بردنی وشەی (فەرمانبەرەکانیش) لەبڕگەی (یەکەم:4) لە پڕۆژەکەدا.

لەو کاتەدا پێویست بە بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتەکان دەربارەی کارمەندانی فەرمانگەکەی بۆ ئەنجومەنی دادوەران ناکات، بەڵکو ڕاپۆرتەکانی دەربارەیان بۆ خۆی وەکو سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە بەرز دەکرێتەوە.

گۆڕینی وشەی (فەرمانبەرەکانیشی) لەبڕگەی:6 بە وشەی (کارمەندەکانیشی).

(ئەوەش بۆ ئاگاداربوون لەو پێشهاتە نوێیانە وەکو گەڕاندنەوەی کرێکاران بۆ کۆمەڵە کرێکاریەی خۆیان و پیادە کردنی یاسای کار بەسەریاندا).

گۆڕینی وشەی (فەرمانبەرەکان) لەبڕگەی (دووەم:4) بە وشەی (کارمەندەکانیش) (لەبەر هەمان هۆکاری سەرەوە).

ماددەی نۆزدەم: (لیژنە تێبینی لەسەر نییە).

ماددەی بیستەم: (لیژنە تێبینی لەسەر نییە).

ماددەی بیست ویەکەم : (لیژنە تێبینی لەسەر نییە).

ماددەی بیست ودووەم: (لیژنە تێبینی لەسەر نییە).

ماددەی بیست وسێیەم: (لیژنە تێبینی لەسەر نییە).

ماددەی بیست وچوارەم : (لیژنە تێبینی لەسەر نییە).

ماددەی بیست و پێنجەم: لیژنە پێشنیار دەکات دووبارە داڕشتنەوەی بڕگەی یەکەمی و بەم شێوەی خوارەوە:

یەکەم: لە سەنتەری هەر پارێزگایەکدا دادگای مەوادی کەسایەتی بۆ مەسیحی و ئێزیدی و ئایینەکانی دیکە دادەمەزرێ و بە دادوەرێك گرێدەدرێ و تایبەتمەند دەبێت بە دۆزەکانی مەوادی کەسایەتی بۆیان و دەکرێ لە سەنتەری قەزاو ناحیەکان دابمەزرێ، بەهۆی بەیانێك کە سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری لە کاتی پێویستیدا دەری دەکات. بە لا بردنی دەستەواژەی (ناموسڵمان).

ماددەی بیست و شەشەم: (لیژنە تێبینی لەسەر نییە).

ماددەی بیست و حەوتەم: لیژنە پێشنیار دەکات بە زیاد کردنی بڕگەیەکی نوێ بۆی و بەم شێوەی خوارەوە:﴿چوارەم: سەرۆکی دادگاکانی گەورە تاوانەکان لە دەرەوەی سەنتەری تێهەڵچوونەوە، سەرپەرشتی کردنی دادگاکانی پارێزگا دەگرێتە خۆ، راپۆرتەکانیش دەربارەیان بۆ سەرۆکی تێهەڵچوونەوە بەرز دەکاتەوە﴾.

ماددەی بیست و هەشتەم: (لیژنە تێبینی لەسەر نییە).

ماددەی بیست و نۆیەم: (لیژنە تێبینی لەسەر نییە).

ماددەی سییەم: لیژنە پێشنیار دەکات بڕگەی سێیەمی بەم شێوەی خوارەوە هەموار بکرێت:

سێیەم:﴿بەپێی حوکمەکانی یاسای چاودێری نەوجەوانان دادوەری نەوجەوانان خۆی بە تەنیا سەیری سەر پێچی و کەتنەکان دەکات و دەکرێ دادوەرێکی کەتن لە قەزاو ناحیەکاندا سەیری سەرپێچی و کەتنەکان بکات﴾.

بە زیاد کردنی تاوانەکانی کەتن بۆ دەسەڵاتی دادوەرانی کەتن لە قەزاو ناحیەکاندا، لە کاتێکدا ئەو تاوانانە ناوجەوانی بێ پەند ناگرێ و دادگا تەنیا بە سەپاندنی غەرامە رازی دەبێ.

ماددەی سی و یەکەم : { لیژنە تێبینی لەسەر نییە }.

ماددەی سی و دووەم : { لیژنە تێبینی لەسەر نییە }.

ماددەی سی و سێیەم : لیژنە پێشنیاز دەکات:

- گۆڕینی دەستەواژەی (یان ئەو کەسەی نوێنەرایەتیان دەکات ) لە (أ) بە وشەی یان (نوێنەرەکانیان).
- زیاد کردنی سەرۆکی داواکاری گشتی بۆ ئەندامەتی ئەنجومەنی دادوەری. (بە زۆرینەی دەنگ). بۆ ئەوەی رێگا خۆش نەکرێت بۆ کەم تەرخەمی جێگرەکانی سەرۆك لە ئامادە بوون بۆ نوێنەرایەتی سەرۆکی تێهەڵچوونەوەکان.

ماددەی سی و چوارەم: لیژنە پێشنیار دەکات ئەم دوو هەموارکردنانەی خوارەوەی بەسەردا بێت:

- لا بردنی بڕگەی (4) لێی، چونکە ئەم دەسەڵاتە ئەنجامەکانە.

- زیاد کردرنی بڕگەیەکی نوێ و بەم شێوەیەی خوارەوە:-

3- ئامادە کردنی بودجە بۆ دەسەڵاتی دادوەری و بەرز کردنەوەی بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی لەگەڵ بودجەی گشتی هەرێمدا بۆ ئەوەی دەستەبەر بکرێ بۆ پەسەند کردنی.

ماددەی سی و پێنجەم: لیژنە پێشنیاز دەکات:

- خاڵەکانی لەگەڵ بڕگەی یەکەمدا بێ و بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم : 1- ...2- ....3- ....تاد.

- دووبارە داڕشتنەوەی خاڵی (2) لە بڕگەی یەکەم و بەم شێوەیەی خوارەوە :

2- بە کردەنی کار کردن دوای تەواو کردنی کۆلیژی یاسا بۆ ماوەیەك لە (10) ساڵ کەمتر نەبێت لە فەرمانی لێکۆڵینەوەی داد، یان یاریدەدەری دادوەری، یان دادنووس، یان جێبەجێکاری داد، یان بەرێوەبەری چاودێری ناکامان، یان بەڕێوەبەری فەرمانگەی تۆمار کردنی خانووبەرە، یان کارکردنی راستەقینە لە پیشەی پارێزەرایەتی، یان فەرمانبەری مافپەروەر و کارمەندە (ئەکادیمی و یاساییەکان) لە بەشی ماف لە فەرمانگەو دەزگا فەرمیەکان، کە لە پێنج داوا لە ساڵێکدا کەمتر نەبێت.

لەبەر ئەوەی بە ناتەواوی و نادیاری هات وتووێژێکی زۆری لە یاساپەروەران لە ماوەی دامەزراندن بێ بەش کرد، بەتایبەتی لەبەر نەبوونی پەیمانگای دادوەری لە کاتی ئێستادا.

- داڕشتنی خاڵی (3) لە بڕگەی یەکەم بەم شێوەیەی خوارەوە :

3- تەمەنی لە (45) ساڵ زیاتر نەبێت.

مەسەلەی تەمەن بۆ چل و پێنج ساڵ بەرز بکرێتەوە بۆ رێگە خۆش کردن لەبەردەم شارەزایان بۆ دامەزراندن، کە تائەو کاتەش پازدە ساڵ لە خزمەت کردنی راستەقینە بەر لە خانەنشین کردنیان لەبەردەمیان ماوە.

- دارشتنی خاڵی (6) لە بڕگەی یەکەم بەم شێوەیەی خوارەوە :

6- لە تاقی کردنەوەی شەفەوی و بە نووسینەوە لەبەردەم ئەنجومەنی دادوەری دەربچێت.

سەبارەت تاقی کردنەوەی شەفەوی بە دیار خستنی تواناکانی پیشەیی.

- خاڵەکانی (7،8) لەیەك خاڵدا لێك بدرێ بەم شێوەیەی خوارەوە :

7- لەش ساغ بێ و کەم و کورتی جەستەیی نەبێ، ناو دەنگ و رەوشت باش بێت.

- زیاد کردنی خاڵی هەشتەم بۆ بڕگەی یەکەم و بەم شێوەیەی خوارەوە :

8- نابێ بە تاوانێکی ناسیاسی، یان بە ئەنقەست، یان بە کەتنێکی ئابڕوشکێن حوکمدرابێ.

9- بەڵێن بە کار نەکردن لە سیاسەت دوای دامەزراندنی بدات بە زیاد کردنی خاڵی نۆیەم بەزامنکردنی بێ لایەن بوونی لە دەرکردنی حوکم و بڕیارەکاندا.

زیاد کردنی بڕگەی دووەم بۆی بەم شێوەی خوارەوە:

دووەم/ ماوەی کار کردنی لە پارێزەرایەتی فەرمانبەرایەتیەکانی ئاماژە بۆکراو لە بڕگەی (أ) بۆ مەبەستەکانی بەرز کردنەوەی حیساب بکرێت، هەروەکو هاوشانی دەرچووانی پەیمانی دادوەری لە کاتێکدا بۆ ئەوان ماوەی خوێندنیان بۆ خزمەتی دادوەری حیساب بکرێ.

ماددەی سێ و شەشەم: (هیچ تێبینی لەسەر نییە).

ماددەی سی و حەوتەم: لیژنە پێشنیار دەکات بە زیاد کردنی خاڵێکی نوێ بۆ بڕگەی (3) بەم شێوەی خوارەوە:

هـ- ئەو پارێزەرەی کاری راستەقینەی لە پارێزەرایەتی بۆ ماوەی (20) ساڵ کەمتر نەبێت، هەبێ و لە هەر ساڵێکدا بریکاری پێنج داوا کەمتر نەبوو بێ، ناسینی خزمەتی پارێزەر بە خزمەتی دادوەری.

ماددەی سی و هەشتەم: (هیچ تێبینی لەسەردا نییە).

ماددەی سی و نۆیەم: لیژنە پێشنیار دەکات دووبارە داڕشتنەوەی بەم شێوەی خوارەوە:

پلەو مووچەو سەرمووچەو دەرماڵەی دادوەرانی دادگای پێداچوونەوەو دادوەرانی دیکە بە پەیڕەوێك دیاری دەکرێت، ئەنجومەن بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی و پلاندانان دەری دەکات.

وشەی (پلەکانیش) لا دەبرێ، چونکە لە پرۆژەکە دیاری کراوەو گۆڕینی دەستەواژەی (پەیڕەوێکی تایبەتی) بۆ دەستەواژەی (بە یاسا).

ماددەی چلەم: زیاد کردنی بڕگەیەکی نوێ بۆ سەرەتای ماددەکە بەم شێوەی خوارەوە:

(یەکەم/ پلەی دادوەران چوار پلە دەبێ (أ، ب، ج، د) لە پلەی (د) دەست پێدەکات) لە جیاتی ئەو خشتەیەی لە بڕگەی یەکەمی ماددەی چل و یەکەمدا هاتووە.

گۆڕینی دەستەواژەی (سەرپەرشتیارانی داد) لە بڕگەی (سێیەم) بۆ دەستەواژەی (سەرپەرشتیارانی دادوەری).

ماددەی چل و یەکەم: لیژنە ئەوانەی خوارەوە پێشنیار دەکات:

دووبارە داڕشتنەوەی بڕگەی یەکەمی بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم: پۆلێنکردنی دادوەران بۆ چوار پۆڵ (یەکەم، دووەم، سێیەم، چوارەم) لە پۆڵی چوارەمەوە دەست پێ دەکات.

دووبارە داڕشتنەوەی بڕگەی دووەم بەم شێوەیەی خوارەوە:

دووەم/ لە پۆلێکەوە بۆ پۆلێکی دیکە بە بڕیاری ئەنجومەنی دادوەری بەرز دەکرێتەوەو بەپێی داواکاریەك بۆ ئەنجومەنی دادوەری بەرز دەکرێتەوە، بەمەرجێك توێژینەوەیەکی یاسایی پێشکەش دەکات و دەبێ کەمترین مووچەی ئەو پۆلەی دەیەوێت بۆی بەرز بکرێتەوەو بەدەستی هێنا بێت و پێنج ساڵ لەسەر بەرز کردنەوەی بۆ هەر پۆلێك.

دووبارە داڕشتنەوەی بڕگەی پێنجەم بەم شێوەیەی خوارەوە:

پێنجەم/ ئەنجومەنی دادوەری لە هەڵسەنگاندیدا بۆ بەرز کردنەوەی دادوەر پشت بەو تێخۆێندنانە دەبەستێت کە لە هەردوو بەندی (سێیەم و چوارەمی) ئەم ماددەیەو راپۆرتەکانی ساڵانەی لە لایەن سەرۆکەکانی و سەرپەرشتیارانی دادوەری و ئەو حوکمانەی دادوەر هەوڵێکی زۆرو ماندوو بوونێکی بێ هاوتای بۆ دەرکردنیان داوە، یان هەندێ بیرو رای یاسایی تێخستووە کە پشتگیری لە بەدواداچوونی دەکەن بۆ چالاکیەکانی یاسایی و دادوەری، سەرباری ئەوەش راپۆرتی ئەو لیژنەیەی کە تاوتۆی ئەو توێژینەوە یاساییەی کرد، کە لە لایەن خۆیەوە پێشکەش کرا بوو، ئەو نموونانەی کە بەدەستی هێنابوون بە بڕیارێکی بنەبڕ بەرز کردنەوەکەی دەردەکرێن ئەگەر هاتوو ئەو لێوەشاوەییەی تێدا هەبوو و پێی رادەگەیەندرێ ، ئەنجومەنی دادوەریش بۆی هەیە بە بڕیارێك بەپێی بەرز کردنەوەی دادوەرەکە ماوەیەك لە شەش مانگ کەمتر نەبێت و لە ساڵێك پتر نەبێت دوای بخات و، دووبارە کردنەوەی ئەو دوا خستنە بۆ زیاتر لە جارێك دەبێ، ئەگەر بۆیان دەرکەوت ئەو لێوەشاوەییەی نییە.

دەکرێ ئەو بەرز کردنەوەی ئەو دادوەرەی لێهاتوو نییە پتر لە جارێك دوا بخرێ بە ئامانجی هاندانی بۆ بەدواداچوونی یاساناسی و دادوەری و خۆپێشخستنی.

ماددەی چل و شەشەم: لیژنە پێشنیار دەکات بڕگەی (1)ی بەم شێوەیە هەموار بکرێ:

(1- دادوەر دوای تەواو کردنی شەشت و پێنج ساڵی تەمەنی خانەنشین دەکرێ و ئەوەی خانەنشین دەکرێ مافی ئەوەی هەیە چی لە مووچەو دەرماڵە بەر لە خانەنشین کردنی پێی دەدرا پێی بدرێ) (بە زۆرینەی دەنگەکان).

دەستەواژەی (دەکرێ سەرۆکی هەرێم ئەوەی درێژ بکاتەوە بۆ ماوەیەك لە (5) ساڵ پتر نەبێت) لا ببرێت.

ماددەی پەنجاو هەشت: لیژنە پێشنیاری داڕشتنەوەی بڕگەی یەکەمی بەم شێوەیە دەکات:

یەکەم/ ئەنجومەنی دادوەری بۆی هەیە دوایی بە خزمەتی دادوەری پۆلی چوارەم بهێنێ بەپێی بڕیاری لێنەهاتوویی بۆ دادوەری).

ماددەی شەست و نۆیەم: لیژنە پێشنیار دەکات دووبارە داڕشتنەوەی لە دوو ماددەی جیاوازو بەم شێوەیەی خوارەوە: ماددەی ( ) پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنەکانی پەیوەندیدار حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

ماددەیەکی تر، کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.

ماددەی حەفتامین: لیژنە پێشنیار دەکات دووبارە داڕشتنەوەی بەم شێوەیەی خوارەوە:

(ئەم یاسایە لە رۆژی دەرکردنیەوە جێ بەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە. بەڵام سەبارەت بە هۆکارەکانی دەرکردنی لیژنە پێشنیار دەکات بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

### هۆی دەرکردنی یاساکە

لەبەر تێپەڕ بوونی ماوەیەکی درێژ بەسەر دەرکردنی دەسەڵاتی دادوەری هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە 14ی ساڵی 1992 کە لە سەرەتای دامەزراندنی دەزگا دیموکراتیەکانی هەرێمی کوردستان

دەرکراوەو، لەبەر ئەو پەرەسەندنە سوودمەندو گەورانەی لە هەموو مەیدانەکان هاتۆتە ئاراوە، بەتایبەتی لە مەیدانی دادوەری و فراوان بوونی دادگاکانی کوردستان لە لایەنی چەندایەتی و چۆنایەتیەوە، پێویستی بەوە کرد کە ناوچەی تێهەڵچوونەوەی نوێ بێتە ئاراوەو لە پێناوی سەربەخۆ بوونی دەسەڵاتی دادوەری جیاکردنەوەی لە وەزارەتی داد، بەو باوەڕەی کە وەزارەتی داد بەشێکە لە دەسەڵاتی راپەڕاندن و لە پێناوی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان ئەم یاسایە دانرا.

بۆ زانینی بەڕێزتان و بەرچاوخستنی ئەسڵی پرۆژەکەو رای لیژنەی یاسایی دەربارەیەوە، لەبەردەم ئەنجومەن بۆ گفتوگۆ کردن و دەربڕینی رای گونجاو سەبارەت بە پرۆژەکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ خوێندنەوەی راپۆرتی لیژنەی یاسایی، ئێستا دەست پێ دەکەین بە موناقەشە و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەکە مادده بە مادده، داوا دەکەم ئەسڵی یاسایەکە بە زمانی کوردی و عەرەبی بخوێندرێتەوە، کاک فاروق قسەت هەیە فەرموو.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

پێشەکی زۆر سوپاستان دەکەین، لەبەر ئەوە بانگتان کردین بۆ ئەو دانیشتنە، بەڕاستی مەوزوعی پەرلەمان ئەمڕۆکە مەوزوعێکی زۆر گرنگە، ئەویش مەوزوعی قانونی سوڵتەی قەزائی، کە هەموو لایەك پەرۆشین بۆ ئەوەی قەزا سەربەخۆ بێتن، من پێم وایە پێشکەوتنی هەموو میللەتێك و مەدەنیەت بەوە قیاس دەکرێتن، کە چەند قەزا تێدا سەربەخۆیە، چەندیش قانونی تێدا دەچەسپێت، ئێمە وەکو وەزارەتی داد تا سەر ئێسقان لەگەڵ ئەوەینە کە قەزا سەربەخۆ بێتن، ئەو وەزعانەی کە بووە لە دەست تێوەردانی قەزاو دادوەرو ئەوانە، کە پێشتر شێوەیەك لە شێوەکانی دەیانکرد سوڵتەیەکی سیاسی بەسەروە بوو، من پێم وایە بە داڕشتنی قانونی سوڵتەی قەزائی ئەو شتانە نامێنێتن، پاش ئەوەی کە وەزارەتی داد یەکی گرتەوە، بە هەموو توانایەکمان وەکو وەزارەتی داد، هەموو توانای خۆمان سەرف کردووە بۆ ئەوەی کە قەزا سەربەخۆ بێت و تەداخولاتی تێدا نەکرێت، من پێم وایە ئێستا برای بەڕێزم کاك نورالدین کە لێرە دانیشتووە ئاگای لەو مەسەلانە هەبێتن، یەعنی ئێمە نەوەك وەکو وەزارەتی داد تەداخولیمان لە ئیش و کاری قەزا نەکردووە، بەڵکو دیفاعێکی زۆرمان کردووە کە قەزا سەربەخۆ بێت، بەڕاستی من بەش بە حاڵی خۆم سوپاسی بەڕێز سەرۆکی حکومەتیش دەکەم، کە لە زۆر مەواقیفی حەریجە کە تووشمان هاتووە لەو ماوەیە، کە دیفاعێکی زۆر چاکی لێ کردووینەو پشتگیری وەزارەتی دادی کردووە، ئێمەش لە هەمان کاتدا پشتگیریمان لە دەسەڵاتی قەزائی کردووە، من تەنها دوو، سێ شت هەیە پێش ئەوەی ئێوە موناقەشەی قانونەکە بکەن دەمەوێت روونی بکەمەوە، یەکەم/ بەڕاستی مەفروز بوو لیژنەی قانونی ئیستیدیعای ئێمەی کردبوایە لە موناقەشە کردنی ئەو قانونە، کە چۆن ئیستیدیعای رەئیسی مەحکەمەی تەمیزو ئەعزایەکان و چەند حاکمێکی کرد، دەبوایەو مەفروز بوو ئێمەش بەشداریمان بکرد بوایە، بەڵام بەداخەوە وەزارەتی عەدلیان بانگ نەکرد لەم مەسەلەیە، من پێم وایە بۆچوونەکەیان کە گوایە قانونی سوڵتەی

قەزائی، کە ئەو قانونە بۆ ئەوەیە کە دەسەڵاتی سەربەخۆ بێت و عیلاقەی بە حاکمانەوە بێت و وەزارەتی عەدل نابێت تەداخول بکات، ئەو بۆچوونە پێم وانییە بۆچوونێکی زۆر تەواو بێت، لەبەر ئەوەی تائێستاشی لەگەڵدا بێت لەو لەحزەیەش دەسەڵاتی قەزائی بەشێکە لە وەزارەتی داد، من پێم وایە ئەگەر ئێمەش ئامادە بووینایە لەوانە بوو، مومکین بوو رەئیەکەی ئێمەش ئیستیفادەی لێ کرد بوایە، بە تەئکید ئێمە پشتیوانیمان دەکرد بۆ سەرکەوتنی ئەو قانونە، نوقتەیەکی تر هەیە، ئەویش بەڕاستی دەمەوێت ئیشارەتی پێ بدەم، ئەو پرۆژەیە ئەگەر مولاحەزە بکەن لە مانگی حەوتی پارەوە هاتۆتە پەرلەمان، یەعنی ساڵێك و قوسوری بەسەردا تێپەڕیووە، کاتێ ئەو پرۆژە هاتووە، وەزارەتی داد یەکی نەگرتبۆوە، بۆیە ئێمە دەبینین ئەو پرۆژەیەی کە موناقەشە کرا لە لیژنەی قانونی وەختی خۆشی دانراوە، تەناقوزاتێکی زۆری تێدایە، لەگەڵ قانونی وەزارەتی عەدل کە ماوەیەکی پێش ئێستا چارەسەر کرا، هەروەها قانونی ئیدیعای عام، هەروەها قانونی موحاکەماتی جەزائی لەگەڵ قانونی تەفتیشی عەدلی، مەفروز بوو لیژنەی قانونی ئەو مەسائیلانەی هەموو تاوتۆ کرد بوا، راستە ئەوان نەصێکیان داناوە (لا يعمل باي نص يتعارض مع احكام هذا القانون)، بەلاّم ئەوە چیە، مەشاکیلمان بۆ پەیدا دەکات لە موستەقبەل، نوقتەیەکی تریش هەیە، من دەمەوێت ئیشارەتی پێ بدەم ئەویش ئەوەیە نازانم یەعنی سەربەخۆیی قەزا هەندێك بە نەوعێکی تر تێ گەیشتوون، وا دەزانن سەربەخۆیی قەزا ئەوەیە دەبێت بە هەموو نەوعێك وەزارەتی عەدل و دەسەڵاتی قەزائی نابێت عیلاقیەکیان بەیەکەوە بمێنێت، راستە نابێت عیلاقەی ئەوەیان بەیەکەوە بمێنێت، کە وەزارەتی عەدل سەرپەرشتی قەزا بکاتن، بە تەئکید ئەوە وایە، بەلاّم مانای ئەوە نییە عیلاقەی نەمێنێت، باشە وەزارەتی عەدل یەعنی چی، کەواتە ناوەکەشی دەبێت بگۆڕێتن بۆچیە، ئێستا بەپێی ئەو قانونەی هەموو دەسەڵاتێك لە وەزارەت ستاندراوەتەوە، هەتا مەسائیلی فەرمانبەران و ئەوانەش عیلاقەی بە وەزارەتی عەدل نەماوە، باشە وەزارەتی عەدل یەعنی چی، خۆ هەر دائیرەی تاپۆ و قاصرین و ئەوانە، پێم وایە ئەوەش یەعنی برادەرانی لیژنەی قانونی دەبوایە مولاحەزەیان بکردایە، من پێم وایە ئەو پرۆژەی کە ئێستا لە لایەن حکومەت کە وەختی خۆی ساڵێك و نیو پێش ئێستا هاتووە، ئەو پێشنیارانەی کە لیژنەی قانونی ئیسارەیان کردووە لەگەڵ ئەو قانونەی وەزارەتی عەدل کە پەسند کراوە، من پێم وایە هەمووی ئەوانە جارێکی تر پێداچوونەوەی تێدا بکرێت و بچێتەوە ئەنجومەنی وەزیران ئەو پرۆژەیە، هەروەها ئەو قانونەی وەزارەتی عەدل کە تەوزیح کراوە، لە لایەن ئەنجومەنی وەزیران پێشنیاری هەندێك تەعدیلاتی لەسەر بکرێت، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو پرۆژەیەی کە ئێستا هەیە کە قانونی دەسەڵاتی قەزائیە، هەروەها قانونی مەجلیسی شورا کە هێشتا لە پەرلەمانە، پرۆژەکە تا ئێستا موناقەشە نەکراوە، من پێم وایە ئەو سێ قانونە هەموویان پێکەوە ئیزافەتەن بۆ قانونی ئیدیعای عامیش، کە ئەویش تەعدیلاتی لەسەر کراوەو سیفاتی دادوەری داوەتە ئیدیعای عام، ئەوانە هەمووی پێکەوەو بە یەکەوە تاوتۆ بکرێن و موناقەشە بکرێت بە یەکجار بێتە پەرلەمان، بۆ ئەوەی لە موستەقبەل تووشی هیچ ئیشکالێکمان نەکاتن، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من حەز دەكەم هەندێك تەوزیحات بدەم سەبارەت بە پرۆژەی یاسای دەسەڵاتی دادوەری، ئەم پرۆژەیە راستە هەروەكو جەنابی وەزیر فەرمووی لە ساڵی 2006 پێشكەش كراوە بە پەرلەمان پێشی یەك بوونی هەردوو مەحكەمەی تەمیز، پێشی یەك بوونی هەردوو وەزارەت، بەڵام راگرتنەكەی خۆیان داوایان كرد هەردوو وەزیری داد و دەسەڵاتی دادوەریش گوتیان ئەمە دوا بخرێت، تاوەكو مەحكەمەی تەمیز یەكتری دەگرێتەوە، تاوەكو وەزارەتی دادیش یەكتری دەگرێتەوە، دوای یەكگرتنەوەی مەحكەمەی تەمیز، دوای یەكگرتنەوەی هەردوو وەزارەت، ئێمە لەگەڵ پسپۆرانی بواری یاسا كۆبووینەوەو لەسەرووی هەموویانەوە سەرۆكی دادگای تەمیزو جێگری سەرۆكی دادگای تەمیز و هەموو ئەندامانی دادگای تەمیز، ئەوە لە لایەك، لە لایەكی تریشەوە هەموو روئەسای مەحاكمی ئیستیئنافمان بانگ كرد لەگەڵ نائیبەكانیان، لەگەڵ هەندێ لە دادوەرانیان كە لێرە هاتوون و لەو بوارە شارەزاییەكی زۆریان هەیە، دوای گفتوگۆیەكی تێروتەسەل، ئێمە گەیشتنیە ئەو راپۆرتەی كە پێشكەش بە ئێوەمان كردووە، واتا دوای ئەوەی كە هەردوو مەحكەمەی تەمیز یەكتریان گرتەوەو هەردوو وەزارەتی داد یەكتری گرتەوە، ئێمە لەگەڵ كۆی ئەندامانی مەحكەمەی تەمیز كۆبووینەوە، ئەو یاسایەش بەڕێزان حەز دەكەم بزانن یاساییەكی دەستوورییە، یاسایەك نییە زیمنی دەسەڵاتی تەنفیزی، ئەمە سێیەم یاسایە لە زیمنی ئەو دەسەڵاتانە پاشی یاسای پەرلەمان و یاسای حكومەت دەبێت و دەبوایە لە بیدایەتەوە یاسای دەسەڵاتی دادوەری بە پێش بخرێت، ئەو پرەنسیپانەی كە دەسەڵاتی دادوەری دەیەوێت بچەسپێت لە یاسایەكە، ئینجا یاسای وەزارەتی داد موناقەشە بكرێت، پاشانیش یاسایەكانی دیكە موعالەجە بكرێت، ئەوەی كرا بەم شێوەیە بوو، ئێستاش ئێمە كۆبووینەوە لەگەڵ ئەم بەڕێزانە بەڕاستی ئێمە لە راپۆرتەكە پشتگیری دەسەڵاتی دادوەریمان كردووە، بۆ پاراستی سەربەخۆیی ئەم دەسەڵاتە لە لایەكەوە، لە لایەكی تریشەوە جیابوونەوەی دەسەڵاتی تێدا بەدی دەكرێت لە رووی مالیەوە موحاوەلەمان كردووە دەسەڵاتی دادوەری ئیستیقلالیەتی خۆی هەبێت، لە رووی ئیداریەوە ویستوومانە دەسەڵاتی دادوەری ئیستیقلالیەتی خۆی هەبێت، بۆ ئەو هۆیانەو لەسەر رەئی بەڕێزان سەرۆك و ئەندامانی دادگای تەمیز لەسەر رۆشنایی و قسەی ئەوان ئەو راپۆرتە ئامادە كراوە، لە لایەكی تریشەوە حەز دەكەم ئەوە روون بكەمەوە، دوو رەئی جیا هەبوو، رەئیەك هەبوو دەیگوت با ئێمە هەموو یاسایەكە بگۆڕین، رەئیەك هەبوو گوتیان تەعدیلی بكەین، ئەوە بوو لابەلا سەرۆكی دادگای تەمیز تەعدیلاتەكەی بۆ ئێمە هێنا كە دەست نیشانی كرد بوو، كاك نورالدین هەموو تەفاسیلی دەزانێ، گوتی ئەگەر تەعدیلیشتان كرد بەم شێوەیە بیكەین، پاش ئەوەی كە ئێمە لە لیژنەی یاسایی كۆبووینەوە، تەماشامان كرد تەعدیلاتەكە زیاد لە 50٪ی یاسایەكەیە، كەواتە رەئیمان لەسەر ئەوە ئیستیقراری كرد، كە ئێمە لەگەڵ گۆڕانێكی بنەڕەتی ئەم یاسایە بین بەتایبەتیش كە زانیمان ئەوە چواردە ساڵ، پازدە ساڵ تێپەریوە بەسەر یاسای دەسەڵاتی دادوەری، بۆیە ئەگەر تەماشای راپۆرتەكەمان بكەن لە زۆر مادده دەڵێ مولاحەزاتمان نییە، بۆ مولاحەزاتمان نییە، چونكە لە یاسای پێشتر ئەو پرەنسیپانە هاتووەو پەرلەمانیش بڕیاری لەسەر داوەو دەسەڵاتی دادوەریش هیچ مولاحەزەیەكی لەسەر نییە، ئێمەش هیچ مولاحەزەمان لەسەر نییە، واتا ئەو

پرەنسیپانە پرەنسیپی گشتین، بۆیە ئێمەش نەمانتوانی بەڕاستی دەست لەو مولاحەزتانە بدەین، ئەمە بەکورتی چۆنیەتی ئامادە کردنی ئەو پرۆژەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە حەقیقەتدا قسەکانی جەنابی وەزیر سەبارەت بە ئامادە نەکردنی لە موناقەشەکەی زۆر واریدە، چونکە وەکو جەنابی ئیشارەتی پێدا دەبوایە لە کۆبوونەوەی لیژنەی قانونی کە موناقەشە کرا جەنابی وەزیری دادیش ئامادە بێت لەگەڵ لیژنەی یاسایی، چونکە بڵێی و نەڵێی هەتا ئەو لەحزەیەش مەحاکم مورتەبیتە بە وەزارەتی عەدل، هەتا پەسند کردنی یاساکە ئەوە لە لایەک، لە لایەکی دیکە ئێمە لە پەرلەمان کە ئەنجومەنی وەزیران قانونی وەزارەتی عەدلیان نارد، تەبیعی هەیکەلیەتی وەزارەتە، ئێمە پەسندمان کرد لە پەرلەمان بە کۆی دەنگ یاساکە پەسند کرا بە یاسای ژمارە (13) ساڵی 2007 ڕەوانەی سەرۆکایەتی هەرێم کرا، جەنابی سەرۆکی هەرێم ئیعتیرازی کرد لەسەر فەقەرەیەک لە فەقەرەکانی قانونەکە ئەویش ماددەی سێ فەقەرە دوو بوو، پەرلەمان دووبارە کۆبۆوە، پەرلەمان بۆی هەبوو ئیسرار بکات لەسەر ڕەئی خۆی، قانونەکەی پێشوو دەڕۆیشت، بەڵام وا ئیتیفاق کرا لە پەرلەمان کە قانونەکە بەگوێرەی جەنابی سەرۆکی هەرێم وەربگیرێت و تەعدیلەکە بۆ ئەو ماددەیە بکرێت و ڕەوانەمان کرد، دووبارە لەو ماوەیەی ئەخیری جەنابی سەرۆکی هەرێم ئیعتیرازی لەسەر هەندێ لە ماددەکانی تر کرد بوو، تەبعەن ناحیەی قانونی ئێمە لە لیژنەی قانونی موناقەشەی ئەوەمان کرد، گوتمان ئەو بۆچوونە نابێتن، چونکە جەنابی سەرۆکی هەرێم بەپێی قانونی ژمارە یەکی ساڵی2005 قانونی سەرۆکایەتی هەرێم بۆی هەیە بەس جارێک ئیعتیراز بکاتن، ئەوە ئێستا ڕەوانەی ئەوێ کراوە، هەتا ئێستا قانونەکە نەگەڕاوەتەوە، بەداخەوە دەبوایە ئیصدار بکرێت بەپێی قانون، چونکە ماوەی قانونی تێپەڕ بوو، جەنابی سەرۆکی هەرێمیش بۆی هەیە جارێک ئیعتیراز بکات، ئەوە لە لایەک، موهیمترین مەوزوع ئەوەیە ئەو بەینەی کە قانونەکە هات، فیعلەن ئێمە سەرقاڵی ئەوە بووین هەندێک برادەرانمان لێرە نەبوون، ئێمە سەفەرمان کردبوو، دیار بوو مولاحەزاتی برادەران کە گلەییان لەسەر هەندێک بەندەکانی قانونەکە هەبوو، خۆی لە حەقیقەت ئێمە وەکو کاک شێروان ئیشارەتی پێدا کۆبوونەوەمان کرد لەگەڵ سەرۆکەکانی دادگای تەمیزی هەردوو ئیدارە لەگەڵ جەنابی وەزیری عەدلیش و وەزیری هەرێمیش بۆ کاروباری داد، وا ئیتیفاق کرا گوتیان ڕاگرن، بەڵام کە قانونی وەزارەتی عەدل هات کە هەیکەلیەتی وەزارەتە، پەرلەمان مەجبور بوو تەصدیقی بکات، ئەویش تەصدیق کرا قانونەکە دەرچوو، لە قانونەکەی ئێمە بڵێین و نەڵێین لە کوردستان و زوروفی ئێمە ئێستا، ئێمە ڕاستە لەگەڵ ئەوەینە سوڵتەی قەزائی موستەقیل بێت، کەس تەداخول ئیشی مەحاکم نەکات، بەڵام دەبێت دوو نوقتەی جیاواز بکەینەوە، مەحاکم کە مەحاکم بڕیاری دەدات و دەسەڵاتی ئەوەی هەیە، مەبەستمان ئەوەیە تەدەخول لە ئیشی موحاکم نەکرێت، حاکم سەربەخۆیەو قەراری دەدات بەپێی قانون، قەرارەکان ڕێگای تەعنی هەیە بە ئیستینافە، بە تەمیزە بە هەر ڕێگایەکی تەعنی قانونییە، ئەوە چارەسەر

دەكرێت، بەلاّم فەرمانبەرەكانی مەحكەمە مەحقق عەدلی و مەعاون قەزائی ئێستا چ پەیوەندییـەكیان بـە وەزارەت نـەما، واتـا وەزارەت مـەوقیفی چـیە، لـە قانونەكـە ئێسـتا ئەگـەر بـەو حاڵـەی بـڕوات پەرلـەمان تەصدیقی بكات، مانای نەقصێكی تەشریعی قانونی كولیمان دێتە پێش، لەبـەر ئـەوەی ئێمـە وەخـتی خـۆی موناقەشەی قانونی وەزارەتی عـەدلمان كـرد، كـە هەیكەلیـەتی وەزارەتـە دوو مـاددە بـە ئیتیفـاقی پەرلـەمان پەسـند كـرا، مـاددەی حـەوت و مـاددەی هەشـت، مـاددەی حـەوت ئەگـەر ئیـزنم بـدەن دەیخوێنمـەوە، دەڵـێ (یرتبط رؤساء وقضاة محاكم الاستئناف في الاقلیم بالوزارة من الناحیة الاداریة والتنظیمیـة بهـدف تنسـیق وتنظیم امور ادارة المحاكم والاجهزة العدلیة بالاتفاق مع رئیس مجلس القضـاء)، واتـا وەزیـری عـەدل دیسـان دەسەلاّتی بالاّی نییە، دیسان هیچی پێ ناكرێت، ئەگەر رەئیسی مەجلیس قەزا موافەقەت نەكات لەسەر ئەو شتانەی كە لەو ماددەیەدا هاتووە، مانای دیسان ئیستقلالیەتی قەزا پـارێزراوەو قـەزا موسـتەقیلە، سـەبارەت بە ماددەی دی هەشتەم هەر بەو وەزعەیە دەڵێ (لوزیر العدل انتداب القاضي بمـا في ذلـك قاضـي في محكمـة التمییز الی رئاسة احدی اجهزة وزارة العدل بموافقة رئیس مجلس القضاء)، مانای ئەگەر رەئیسـی مەجلیسـی قەزا موافەقەتی نەكرد، ئەویشی پێ ناكرێت، كەواتە بۆ گلـەیی لەسـەر ئـەو دوو ماددەیـە هەیـە، بـۆ دەڵێن دەبوایە ئەو قانونە بمێنێتەوە، خۆ ئێستاش هەر چارەسەر دەكرێت، ئێستاش ئێمە دەتوانین لە موناقەشەی ئەو قانونەی جێگای بۆ ئەو دوو ماددەیە بكەینەوە، مانای هیچ ئیشكالاتێكی قانونیمان نابێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، منیش تـەعلیقێكم هەیـە بـە حەقیقـەت، ئەوەلـەن/ دەسـتووری هەمیشـەیی عێـراق كـە ئێمـە دەنگمان بۆداوەو پرۆژەی دەسـتووری كوردسـتانیش كـە لـەم نزیكانـە ئیشـنائەڵلاّ دەخرێتـە بـەردەمتان، لـە هەموو دنیایەكی پێشكەوتوو وولاّتێكی پێشكەوتوو، ولاّتێكی خاوەن كۆمەڵگای شارستانی، خاوەن كۆمەڵگای یاسـایی سـێ دەسـەلاّتی سـەرەكی هەیـە، دەسـەلاّتی پەرلـەمان، تەشـریعییە، دەسـەلاّتی جـێ بـەجێ كـردن حكومەتـە، دەسـەلاّتی قـەزا، لـە كوردسـتان كـەموكوڕی هـەبوو لـە عێراقیشـدا هـەروا، وەكـو پێویسـت ئـەو دەستوورە جێ بەجێ نەكراوە تا ئێستا لە عێراقدا، لە كوردستانیشدا هەروا هەنگاوێك نراوە لە وەختێك لە ساڵی 1992 ەوە، بۆ ئـەوەی دەسـەلاّتی قـەزا سـەربەخۆ بـێتن، بتوانێـت بـە دەوری خـۆی هەڵبسـتێتن وەكـو پەرلەمان، وەكو حكومەت، ئەمە لەڕاستیدا لە هەموو گۆڕانكاریەكان خیلافات دێتە پێش، وجهـاتی نـەزەری موختـەلیفی جیـا جیـا دێتـە پـێش، بەشـێكی بەنـدە بـەو رۆشـنبیریەی كـە هەمانـە، بەشـێكی بەنـدە بـەو مەوقیعەی كە تێیدا دانیشتووین، بەلاّم گۆڕانكاریەكان پێویستە بكرێن بە مقیاسێك، ئەو شتەی كە دەیكەن راستە، یان نا؟ دەستوورییە، یان نا؟ بەرەو پێشەوەمان دەبات، یان نـا؟ بـەو شـێوەیە دەبێـت تەماشـای هـەر پرۆژەیەك بكەین كە دێتە بەردەممان، سەبارەت بەوەی كە جەنابی وەزیری عەدل بانگ نەكراوە لە لیژنەی یاسایی، هەرچەند من نەچومەتە ناو تەفاسیلی ئەو موناقەشەیە، بەلاّم پـێم وابێـت دوو بۆچـوون هـەبووە، بۆیە بانگ نەكراوە، یەكێكیان زاڵ بوو بەسەر ئەوی تر، بۆچوونی یەكەم/ ئەوەیە كە دەڵێت ئەو دەسـەلاّتە دەسەلاّتی قەزایە، بۆ سەربەخۆیی قەزا، وەزارەتی عەدلیش بەشێكە لە دەسەلاّتی جێ بەجێ كردن، كەواتـە ناڵێم تەعاروز هەیە، بەلاّم هەر یەكە ئیشی تایبـەتی خـۆی هەیـە، بـەلاّم مـن خـۆم ئەگـەر رەئـیم وەربگیرا بوایـە دەمگـوت بـانگی بكـەن، چـونكە مـن پـێم وایـە وەزیـری داد، نـەك لەبـەر ئـەوەی كـاك فـاروق خـۆی

دانیشتووە، هەر کەسێکی تر بگاتە ئەو پلەیە، دادپەروەری لا گەورەترە ، نەك وەزیفەکە، لەبەر ئەوە ئەگەر بانگیشی بکەیت بە تەئکید مەیلی پرۆژەکە دەبێتن کە سەروەری قەزای جێ بەجێ دەکاتن، کە دەسەڵاتی قەزا بێ لایەن دەکاتن، نەك لەبەر ئەوەی وەزیرە، وەزیرە چەند ساڵە، پێنج ساڵە، یان شەش ساڵە، بەڵام ئەمە بۆ هەتاهەتاییە، دامەزراندنی دەسەڵاتی قەزا بۆ هەتا هەتاییە، لەبەر ئەوە بانگ کرا بوایە باشتر بوو، من دڵنیاشم لەوە کە ئیتحیازی بۆ یاسا دەکرد، بۆ دادپەروەری دەکرد، ئێستاش کە لێرەدا بانگ کراوە، هەر بەو مەبدەئەی کە من باسی دەکەم، دڵنیام لەوەی کە بۆچوونی دەسەڵاتی جێ بەجێ ناکات بە قەدەر ئەوەی تەمسیلی دادپەروەری دەکاتن بە بۆچوونێکی جیاواز، لەبەر ئەوەی مەوقیعێکی هەیە بە تەئکید دەبێت فەرقێکی هەبێت لەگەڵ مەوقیعی حاکم، حاکم نورالدین کە لەگەڵمان لێرە بەشدارە، بەهەر حاڵ ئێمە دەبێت بەو شێوەیە تەماشای هەر پرۆژەیەك بکەین، راستە ئەو پرۆژەیە دەگونجێت لەگەڵ دەستوور، بەرەو پێشەوەمان دەبات، یان نا؟ یاسامان دەرکردووە کە رەنگە تەعاروز بێت لەگەڵ ئەم یاسایە، ئەگەر ئەم یاسایە دەربچێتن هەندێ مەوادی بە تەئکید فەرقی دەبێتن لەگەڵ یاسای ئیدیعای عام، لەگەڵ یاسای وەزارەتی داد، بەڵام ئەوە راستە کە دەرمانکرد، ئەو خاڵانەی کە تەعاروزی هەیە لە پرۆژەیەکی هەموار کراو دێتە لامان، ئەو پرۆژانەی تر، ئەو یاسایانەی تر هەموار دەکرێت، ئەگەر هەر بۆچوونێکی تر هەبێتن کە خزمەت بکاتن لێرەدا گوێی لێ رادەگرین، ماددەکان لەبەردەمتانە، بۆ دەوڵەمەند کردن و پێشکەش کردنی رەئیەکی باش، من تکام وایە ئەو کەسانەی کە لە مەسەلەکە دەزانن، نەك مەسەلەن بە تەنیا یاسایی بێتن، قانونی بێتن، سیاسیش دەبێتن، هەر لەبەر بۆچوونێکی تایبەت نا، یاخود بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەو یاسایانە دەکەن، لە ئەخیردا کارێکی گرنگە کە دەنگی بۆ دەدەین، گۆڕانکارییەکە دەمانبات بۆ قۆناغێکی تر، بۆیە من سوپاستان دەکەم، ئێستاش داوا دەکەم ماددە بە ماددە دەست پێ بکەین، خوێندنەوەی ئەسڵی پرۆژەکە بە زمانی کوردی و عەرەبی، دوایێ رەئی لیژنەی قانونی لەسەر ماددەکە، ئینجا دەیخەینە بەردەمتان بۆ موناقەشە، فەرموون.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی یەکەم: مەبەست لەم دەستەواژانەی لەم یاسایەدا هاتوون ئەمانەن:

ئەنجومەن: ئەنجومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان.

ئەنجومەنی دادوەری هەرێم: باڵاترین دەسەڵاتی دادوەریە لە هەرێمدا.

سەرۆکی ئەنجومەن: سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان، سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە، دەبێتە سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الأولى: يقصد بالتعابير الواردة في هذا القانون مايلي:

المجلس: مجلس قضاء اقليم كوردستان.

مجلس قضاء الاقليم: اعلى سلطة قضائية في الاقليم.

رئيس المجلس: رئيس مجلس قضاء اقليم كوردستان، ويكون رئيس محكمة التمييز رئيساً لمجلس القضاء.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم پێشنیارەی لیژنەی یاسایی وەکو هەموو قانونەکان تەسەلسولەکەی، من ناوەکەی بە عەرەبی مەجلیسی قەزای ئیقلیمی دەپرسم لە کاك فاروق وەزیری دادو کاك حاکم نورالدین جێگری سەرۆکی دادگای تەمیز، ئایا راستتر نییە بڵێین (مجلس القضاء لاقليم كوردستان العراق) لەجیاتی مەجلیس قەزای ئیقلیمی کوردستان، (مجلس القضاء لاقليم كوردستان العراق) بە عەرەبیەکەی پێم وایە ئەوە راسترە.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەوێ ئیقتیراحمان کرد لە ماددەی یەك (المادة الأولى: يقصد بالتعابير الواردة في هذا القانون مايلي:

الأقليم: أقليم كوردستان ـ العراق.

المجلس: مجلس قضاء الأقليم.

رئيس المجلس: رئيس مجلس قضاء الأقليم)، ئەوەندە بێتن، ئەو جوملەی دی رەئیسی مەحکەمەی تەمیز، ئەوە لە هەندێ مەحکەمەی تەمیز هاتووە، کەوا ریئاسەتی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پرسیارەکەم ئەوە نەبوو، من دەڵێم لێرە نووسراوە بە عەرەبی مەجلیس قەزای ئیقلیمی کوردستان راستتر وایە بە عەرەبیەکەی (مجلس القضاء لاقليم كوردستان العراق) ئەگەر مانیعتان نەبێت، بۆ ئەوەی ئەوە بگۆڕین، تەنیا پرسیارەکەم ئەوە بوو، کەواتە ئەوەی بگۆڕن، وابزانم ئەو ماددەیە کە لیژنەی قانونی ئیقتیراحی کرد بوو، کاك عەونی خۆت لیژنەی قانونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم ماددەکە بەو صیغەیە دابڕێژرێتەوە:(المادة الأولى: يقصد بالمصطلحات الواردة في هذا القانون مايلي:

1- الأقليم: أقليم كوردستان ـ العراق.

2- المجلس: مجلس قضاء اقليم كوردستان.

3- رئيس المجلس: رئيس مجلس قضاء الأقليم)، لەبەر ئەوەی کە دەڵێی (المجلس: مجلس القضاء الاقليم) تەعریف کراوە لە ماددەکان دوایی کە دێتەوە، دەڵێ (اعلى سلطة قضائية في الاقليم)، پێی ناوێت لەو موقەدیمەیە بڵێین، وابزانم ئەوەش پێشنیاری برادەرانی مەحکەمەی تەمییزە بەو صیغەیە، ئەگەر موافەقەت بکرێت، صیاغەکە بگۆڕین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی قانونی رەئیتان چیە لەسەر ئەو قسەی کاك عەونی، ئەگەر کەس قسەی هەیە، باشە ناو دەنووسم، بەڵام تکایە هەر یەکە دەقیقەیەك، چونکە ماددەکە ئەوەندە هەڵناگرێت، کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تەئیدی ئەوەی كاك عەونی دەكەم، لەبەر ئەوەی باسی بالأترین دەسەلأتی دادوەری لە هەرێمدا، لێرە لە ئەنجومەنی دادوەری باس كراوە تەفاسیلەكانی، یەعنی ئەوە زیادە، ئەم دێڕەی ئەنجومەنی دادوەری ئەسڵەن هەر زیادە، هەر هەڵیبگرین و لایببەین، ئەویتریش سەرۆكی ئەنجومەن، سەرۆكی ئەنجومەنی دادوەری، هەرێمی كوردستان تا ئێرە بەسە، ئەویتر حوكمە، یەعنی دەچێتەوە بۆ ئەنجومەنی دادوەری، لەوێ باس دەكرێت و ئیشەكەی چیەو دەسەلأتەكەی چیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دكتۆر نوری فەرمووو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشنیاز دەكەم كەوا ئەو لیژنەیە لێرە هەڵبگیرێت، چونكە پێویست بەوە ناكات، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دكتۆر ئەگەر دەستوور دەرچوو، هەموو شتێك هەموار دەكرێت لەبەر رۆشنایی دەستوور، ئێستا لەسەر ئەساسی چمان هەیە ئەوەمان داناوە، ئەگەرنا من لەگەڵتم ئەگەر دەستوور ئیقرار كرا بەو شێوەیە موقتەرەحە، دەبێت قانونەكانیش تەعدیل بكرێت، لەبەر رۆشنایی دەستوور، ئەگەر تەعاروزیان هەبوو، خاتوو ڤیان دزەیی.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من رەخنەو تێبینیم لەسەر ناونیشانی یاساكە هەیە، چونكە كە لێرە بەو شێوەیە هاتووە پرۆژەی یاسای دەسەلأتی دادوەری وا پیشان دەدات كە ئەو یاسایە پێشتر لە كوردستان نەبووە، یان تەنزیم نەكراوە بە قانون، لەبەر ئەوە من دوو پێشنیازم هەیە یان عینوانەكەی بكرێتە یاسای رێكخستنی دەسەلأتی دادوەری، كە بەو شێوەیە لەناوەڕۆكی ماددەكانی ئەو قانونە دەردەبڕێ، یان ئەوەی كە زۆر پێم باشە بكرێتە یاسای سەربەخۆیی دەسەلأتی دادوەری، چونكە ئەو ناونیشانە زیاتر بەوردی و زیاتریش ناوەڕۆكی ئەو ماددانە دەردەبڕی، چونكە ئێمە هەموومان دەزانین سوڵتەی قەزائی، پرۆژەی یەعنی یاسای دەسەلأتی دادوەری لە ژێر سوڵتەی تەنفیزییە، ئەگەر بەو شێوەیە بێت زیاتر سەربەخۆتر دەبێت و زیاتر دەربڕاوی ماددەكانی ئەم یاسایە دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كە ئەم یاسایە دەرچوو یاسای تر لەغو دەبێتن، لەبەر ئەوەی زۆر وەزارەتیش هەبوو یاسای هەبوو، بەلأم یاسای بۆ دەركرد نەصێكی تێدا دەبێتن و یاسای كۆن ئیلغا دەبێتن، كاك كەریم فەرمووو.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ بۆچوونەکەی کاك عەونیم، پێم وایە صیاغەکە زیاتر قانونییە، بەو شێوەیەی کە کاك عەونی تەرحی کرد مەنتیقی قانونی لەگەڵدایەو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە ڕەئیەکەی دکتۆر نوری دەکەم، بەڕاستی پێم وایە ئێمە دەبێت لە ئێستاکەوە یاساکانی خۆمان بگونجێنین لەگەڵ یاساکانی کە دێتن، من پێشنیار دەکەم بگوترێت (رئیس المجلس: رئیس مجلس القضاء اقلیم کوردستان، ویکون رئیس المحکمة الدستوریة رئیساً لها — ویؤدي رئیس محکمة التمییز الی ان یتم تشکیل المحکمة الدستوریة)، ئەوە یەك.

دوو/ پشتگیری لە ڕەئیەکەی کاك عەونی دەکەم، بەڕاستی ئەوە دەبێت ئەرقامیشی بۆ دابنرێت، یەعنی ئەوەلەن بگوترێت (اولاً، وثانیاً، وثالثاً).

سێ/ پێم وایە مەجلیسی قەزا تەواو کرا، لەبەر ئەوە دەبێت (ال) تەعریفی لەگەڵ بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار بەنیسبەت پێشنیارەکەی کاك دکتۆر نوری و جەنابیشت، ناتوانیت تۆ لێرە دەست نیشانی وەزیفەیەك دەکەیت هێشتا نیتە، مەحکەمەی دەستووری هێشتا وجودی نییە، چۆن دەتوانیت بڵێی ڕەئیسی مەحکەمەی قەزا، ڕەئیسی مەحکەمەی دەستوورییە، کەی دانرا ئەو وەختی دەبێتن، ناکرێت تۆ پێشبینی بکەیت، بەڵکو ئەم دەستووره ئیقراری ئەوەی نەکرد ناوێکی تری دانا فەرزمان کرد، ئەگەرنا قسەکە ڕاستە، مەبدەئەکە ڕاستە، بەلام لەبەر ئەوەی هێشتا دەستوور ئیقرار نەکراوە لە هەرێمی کوردستان، هێشتا مەحکەمەکەش دروست نەکراوە، ناتوانین ئاماژەی پێ بکەین، کەی دروست کرا بە تەئکید هەموار دەکرێتن، ئێستا ئەگەر لیژنەی یاسایی ئیقتیراحی کاك عەونی قبول دەکاتن لەگەڵ موقتەرەحی لیژنەی یاسایی، ئەگەر ئیعتیرازتان نییە لەگەڵ موقتەرەحی ئەسڵی لیژنەی یاسایی ماددەکە دەخەمە دەنگدانەوە بە وەرگرتنی مولاحەزەکەی کاك عەونی، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ ماددەی یەکەم وەرگیرا، فەرموو بۆ ماددەی دووەم.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم: دەسەلاتی دادوەری سەربەخۆیە تەنیا یاسا نەبێ هیچ دەسەلاتێکی دیکە لەسەرویەوە نییە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانیة: القضاء مستقل لاسلطان علیه لغیر القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە مەبدەئێکی دەستوورییە، باوەڕ ناکەم کەس موناقەشەی لەسەر هەبێت، فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وا بەباش دەزانم ماددەی یەکەم لە قانونی سوڵتەی قەزائی رەقم (14)ی ساڵی 1992 ئەو صیغەیە بەباشی هاتووە، بەڵام مەحاکم لادەبەین، کە دەڵێ (المحاكم مستقل لاسلطان عليه لغير القانون ولايجوز لاية سلطة او شخص التدخل في استقلال القضاء او التدخل في شؤون العدالة)، ئەو زیاتر شاملترو مەعقول ترە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کە وتت موستەقیل، ئەوەش دەگرێتەوە، کاک جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیەکم هەیە بەس هیوادارم بتوانم ئەوەی لە دڵمەدایە بیگەیەنم لە شێوەی قسە کردنەکە، ئەم مادده هەموو شتێکی فەتح کردووە، ئەمشەو رەئیسی مەحکەمەی عێراقی دەڵێت پێشتر ئیعدامی سەدام بە ئیمزای رەئیسی وەزەرا بوو، بەڵام ئێستا صیغەکە گۆڕا بووە رەئیسی جمهور، دەبێت ئەو ئیمزا بکات بۆ ئیعدامی عەلی کیمیاوی و ئەوانی تر، یاخود دەبێت عەفوشیان بکات، ئەم ماددەیە هیچ ناهێڵێتەوە بۆ کەس، لێرە دەوری سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکی هەرێم چیە؟ ئەگەر کەسێك ویستتان عەفو بکرێت، یان تەخفیزی حکومەکەی بکرێت، ئەمە هەموو شتێکی فەتح کردووە، کێ دەستکاری ئەو شتانە دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە رەبتی بەوە نییە، سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتەکانی لە قانونی سەرۆکایەتی هەرێم دیاری کراوەو تێکەڵ نابێت بە قەزا، بەڵام کە قەزا قەرارێکیدا موصادەقەی لەسەر دەکات، لەوێ ئەوە هین نییە، تەنفیزییە، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ئەو مەبدەئە مەبدەئێکی دەستوورییە بە صیغەی جیا جیا هاتووە لە دەستوورەکان و لە قانونەکانیش، بەڵام ئەوەی ئێمە لەگەڵ ئەندامان و سەرۆکی دادگای تەمییز دانیشتین بەڕاستی ئەو مەبدەئەیان پەسند کرد، ئێمەش پشتگیریمان لێ کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگدانەوە نەصی ماددەکە، چونکە ئەوەی کاك عەونی گوتی تەحصیل حاصلە، تۆ کە وتت سەربەخۆیە ئەو ئیزافاتانە هەمووی تەفسیری سەربەخۆیەکە دەکاتن، ماددەی دووەم:

دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆیە تەنیا یاسا نەبێ هیچ دەسەڵاتێکی دیکە لەسەرویەوەنییە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، بڕۆ ماددەی سێ.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سێیەم: بەناوی گەلەوە حوکمەکان دەردەچن و جێبەجێ دەکرێن.

**بەڕێز عونی کمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة: تصدر الأحكام وتنفذ باسم الشعب.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەش ماددەیەکی دەستوورییە، باوەڕ ناکەم قابیل بێت بۆ موناقەشە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی چوارەم تکایە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چوارەم: دەسەڵاتی دادوەری بودجەیەکی سەربەخۆی لە بودجەی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و ڕاپەڕاندن هەیە.

**بەڕێز عونی کمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة: للسلطة القضائية ميزانية مستقلة عن السلطتين التشريعية والتنفيذية.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕەئی لیژنەی یاسایی بەم شێوەیە (للسلطة القضائية ميزانية خاصة يعد من قبل مجلس القضاء وتعرض على المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق للمصادقة عليها وتكون ملحقة بالميزانية العامة للاقليم).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەبیعی ئێمە کە باسی سوڵتەی قەزائی دەکەین لە پێش هەموویانەوە دەبێت مالیە موستەقیل بێت، وەکو پەرلەمان موقتەرەحی لیژنەی یاسایی زۆر بەجێیە ئیزافەتەکان لەوێ هاتووە کە دەڵێ موستەقیل بێت تەشریعی و ئەوانە، بەس ئەو صیغەیە ڕاسترە وەکو هی پەرلەمان وایە، ئەگەر کەس تێبینی نییە، فەرموو کاك حاکم نورالدین.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ئەنجومەنی داوەران ئێمە وامان ئیقتیراح کرد، کە ماددەی چوار ببێتە دوو بڕگە، بڕگەی یەکەم (للسلطة القضائية ميزانية مستقلة خاصة بها تعد من قبل المجلس وترفع الى المجلس الوطني للاقليم للمصادقة عليها ملحقة بميزانية الاقليم.

ثانياً/ يكون رئيس المجلس امرا بصرف  ميزانية المجلس ضمن الابواب والفصول المعدة لها).

چونكە ئامێری صرف لێرە دانەنراوە لە میزانیەی مەجلیس، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بڕگەی دووەم ناكرێت لێرە، لێرە جێی نییە قانونییەن، كاك كەریم فەرموو.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی رای لیژنە لە جێی خۆیەتی، بەلأم (وتكون ملحقة بالميزانية العامة) بگوترێت (وتكون ملحقة بالميزانية العامة للاقليم)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

(ضمناً) نابێت كاك كەریم، لەبەر ئەوەی وەكو پەرلەمانە، پەرلەمان میزانیەی مولەحەقە، قەزاش دەبێت مولحەق بێت، ئەگەر زیمنەن بێتن وەكو بەشێك لە حكومەت دەبێت، صیغەكەی لیژنەی قانونی دەخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، فەرموو بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی پێنجەم: دادگاكان دەسەلأتیان بەسەر هەموو كەسە سروشتی و مەعنەویەكانەوە هەیە، تا دەگاتە حوكمەتیش و تایبەتیمەندی لە یەكلا كردنەوەی كێشەو هەموو تاوانەكاندا هەیە.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة: تسري ولاية المحاكم على جميع الأشخاص الطبيعية والمعنوية بما في ذلك الحكومة وتختص بالفصل في المنازعات والجرائم كافة.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی لەگەڵ دەقی ماددەكەیە، هیچ مولاحەزەمان نییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەس مولاحەزەی هەیە، كاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من ئەوەی دواوە بە زیاد دەزانم (تا دەگاتە حوکمەتیش و تایبەتیمەندی لە یەکلا کردنەوەی کێشەو هەموو تاوانەکاندا هەیە)، لەبەر ئەوەی هەموو ئەشخاصی مەعنەوی، کە حکومەت خۆی شەخصی مەعنەوی عامە، ئیتر پێویست ناکات، ئینجا دادگاش ئیشی ئەوەیە تاوان یەکلا بکاتەوە، پێویست ناکات ئەمەی دوایی، یەعنی ئەوە زیادەیە، هەر ئەمە بەسە (دادگاکان دەسەڵاتیان بەسەر هەموو کەسە سروشتی و مەعنەویەکانەوە هەیە)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەسەر پەرلەمان نیەتی، ئەگەر نەنووسین (بما فیهم الحکومة) پەرلەمانیش دەگرێتەوە، ئەوە لێرەدا مولاحەزەکەت زەرەری خۆت بوو، ئەو صیغەیە وەکو لیژنەی قانونی باش هاتووە، کاک جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لێرە شتێك دەبینم خەلەلێك بەنیسبەت دادگای عەسکەری، ئەم قەزایە دەسەلاتی هەیە لەسەر دەزگای عەسکەریدا، بە رەئی من عەسکەری ئیستیسنا بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر ئەم قانونە عیلاقەی بە مەحاکمی عەسکەری نییە، لەبەر ئەوەی مەحاکمی عەسکەری لەکوردستان قانونی مەحاکمی عەسکەری تایبەتە، عیلاقەی بەوە نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مولاحەزەت هەیە فەرموو ڤیان خان.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لێرە بەو شێوەیە پێشنیاز دەکەم و دابڕێژێتەوە (دادگاکان دەسەلاتیان بەسەر هەموو کەسە سروشتی و مەعنەویەکان هەیە، تا دەگاتە حکومەتیش) ئەوە بسڕێتەوەو بکرێتە (گشت، تایبەتی)، چونکە لێرە مەعنەوی مەبەستی گشت و تایبەتمەندی هەیە، ئەوە پێشنیازەکەمە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو صیغەیە لە پرۆژەکە خۆی هاتووەو لیژنەی قانونی تەئیدی کردووە، دەنگونجێت لەگەڵ موستەلەحاتی قانونیش، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی شەشەم: زمانی كوردی زمانی دادگاكانە.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة السادسة: تكون اللغة الكوردية لغة المحاكم.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەو نوقتە زۆر بەوردی دیراسەتمان كرد لە لیژنەی قانونی، بۆیە ئیعادەی صیاغەمان كردۆتەوە بەم شێوەیە: تقترح اللجنة اعادة صياغتها كالآتي:

(تكون اللغة الكوردية لغة المحاكم، ويجوز استعمال اللغة العربية لتدوين بعض الأحكام والقرارات)، ئەو ڕەئیە بە ئەكسەریەتی ئەندامانی لیژنەی قانونی دەرچووە، لە حەقیقەتدا ئێمە حەزمان دەكرد بەڕاستی لێرەدا تەنها زمانی كوردی بێت، هەروەكو لە پرۆژەكەدا هاتووە، بەڵام ئەگەر ئەوەمان داخیل بكرد بوایە، ئەوە پێچەوانەی دەستووری عێراقیە، كە چۆنیەتی تەعامول كردن لەگەڵ زمانەكان بەشێوەیەكی تەفسیلی هاتووە، عەمەلیەن ئەوەش لە مەحاكمی ئێستاش بەو شكلەیە، لە هەندێ مەحاكم بە كوردی بەڕێوە دەچێت، لە هەندێ مەحاكمیش قەرارەكان بە عەرەبی بەڕێوە دەچێت، ئەوەی یاساناسە لە ئەندامانی پەرلەمان ئەو حەقیقەتە هەمووی دەزانن، بۆیە ئێمە ئەو شێوەیەمان بەشێوەیەكی گونجاو زانی لەگەڵ ڕێزمان بۆ زمانی خۆیان، لەبەر شیرینی زمانی خۆشمان بەحەقیقەت حەزمان دەكرد تەنها تەئیدی پرۆژەكە بكەین، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە دەنگمان بۆ ئەو دەستوورە داوە، دەنگمان بۆ بەندەكانی دەستوور داوە، پێمان وابوو ئەوە لەگەڵ دەستوورەكە گونجاوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو مولاحەزەی لیژنەی یاسایی ڕاستە، تۆ دەبێت لەگەڵ دەستوور بگونجێیت، بەس یەك مولاحەزەم هەیە (او لتدوين بعض الأحكام والقرارات) زیادە، چونكە لێرەدا ئیشكال دەبێتن، كام ئەو (بعض)ە چیە، یان دەبێت بڵێیت بەپێی دەستوور هەردوو زمان ڕەسمین، یانیش دەبێت لوغەی كوردی ڕەسمیە (يجوز استعمال اللغة العربية) شتێكی ئەوها، دەرگای موناقەشە دەكەینەوە، كاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەرەتا من پشتگیری لە داڕشتنەوەكەی لیژنەی یاسایی دەكەم، پێموایە پێویستە ئێمە ئاماژە بەوە بدەین كە زمانی عەرەبیش بەكار بێت، لەبەر ئەوەی ئێستا خەڵكێكی زۆر لە ناوچەكانی تری عێراق لە هەرێمی كوردستان دەژین و قابیل بەوەیە كە سبەینێ ئەمانە لە دادگاكان مەسەلەن تاوانبار بكرێن، یان تاوان

ئەنجام بدەن، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی تریش هەروەکو بەڕێزان ئاماژەیان پێدا لەگەڵ دەستووری عێراقی دەگونجێت کە ئێمە دەنگمان بۆداوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە رۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ دەقی ماددەکەمە کە پرۆژەکەدا هاتووە، لەبەر دوو هۆ، یەکەمیان/ ئەو زمانەیە کە لە دادگاکان بەکار دێت لە کاتی دەرکردنی بڕیار، یاخود قۆناغەکانی پێشتر، زمانی فەرمی وڵاتەکەیە، یاخود هەرێمەکەیە، ئەگەر ئێمە لێرە زمانی عەرەبی زیاد بکەین بە بڕیاری پەرلەمان بە زمانی عەرەبیمان کردە زمانێکی فەرمی و هێنامانە ریز زمانی کوردی، بۆیە پێم باشە تەنها زمانی کوردی بێت، زمانی کوردیش زمانێکی دەوڵەمەندە، یەعنی پێویست ناکات زمانی بێگانە بەکار بێنین، ئەگەر لە دادوەرە بەڕێزەکانمان ئەو زمانەی کە بەکاری دەهێنین و قسەی پێ دەکەین بە هەمان زمان با بڕیارەکان دەربکەن باشترە لەوەی زمانێکی بێگانە بەکار بێنن، ئەگەر لە جێگایەك تووشی کێشەك بوون دەتوانن وشەیەکی عەرەبی بەکار بێنن، بەس با نەیکەینە بڕیار لە دەقی یاسایەکە ئەو شتە زیاد نەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم ئەگەر صیغەکە وای لێ بێت (تکون اللغة الكوردية لغة المحاكم، ويجوز استعمال اللغة العربية لتدوين بعض الأحكام والقرارات عند الضرورة)، لەبەر ئەوەی لە ناحیەی عەمەلی زۆر کێشەمان بۆ پەیدا بوو لە مەحاکم، کە قەرارات بە عەرەبی نەدەنووسرا، هەر یەکە تەفسیرێکی دەکرد بە حاڵەتی خۆی، لەبەر ئەوەی زمانێکی کوردی موەحەدمان نییە لە کوردستان، ئەو بۆچوونەی لیژنەی قانونی موتابیقە لەگەڵ ئەحکامی دەستووری ئیتیحادی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پرسیارەکەم ئەوەیە ئەو (بعض)ە چیە، تۆ کە وتت زمانی کوردی زمانێکی رەسمییە، دەکرێت زمانێکی عەرەبی بەکار بێنی لە کاتی پێویستدا، ئیتر (بعض)ی ناوێتن، کە گوتت (عند الضرورة) یەعنی شت دەکاتن، خاتوو پەخشان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رایەکەی منیش هەروایە وەکو جەنابتان فەرمووتان، هەر لە دەستووری هەمیشەیی عێراقیشەوە سەرچاوە دەگرێ، کە باسی تەدوین دەکات، تەدوینی قەرارات، ئەوە باشە لە ئەسنای سەیری مەحکەمە، ئەوەی کە کاك ئارام باسی کرد، لە هەندێك حالاّت لەوانەیە تووشی ئەوە بین، یەعنی کە لە مەحکەمە پێویستە شیفاهی قسە بکات، نەك هەر تەدوین بێت، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەو صیغەیەم کە ئێستا جەنابتان گوتتان، لوغەی کوردی لوغەی مەحاکم بێت لە کاتی پێویستیدا، ئیتر بۆ تەدوین بێت، بۆ شەفەهی بێت لوغەی عەرەبی بەکار بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك باپیر فەرموو.

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتیوانی لە رەئیەکەی بەڕێزتان دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاك تارق فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاسای لوغاتی رەسمی هەرێمەکان هەیانە دوەلی فیدراڵی، من نموونە دەهێنمەوە لە کیۆبیك ساڵی 1993 قانونی لاکیتات دەرچووە، هەر شتێك دەنووسرێتەوە ئەگەرچی نیسبەتی، تەبعەن فەرەنسیەکان بۆ کەنەدایی لە 17٪ یە هەموو قتعەیەك دەنووسرێتەوە، دەبێت ئەوەی بە فەرەنیسیە دوو بە قەد ئینگلیزیەکە بێت، پۆلیسشیان هەیە، پۆلیسی لوغە فوتەی پێیە دەچێت دەپیوێت، تەبعەن ئەوە سوڵتەی قەزائی ئەو ئیشەی دەکات.

خاڵی دووەم/ من پێم خۆشە ئەوەی کە دەکرێت لە (82 و 84) لە کیۆبیك سوڵتەی قەزائی (706) دەعوای تەسجیل کردووە لەسەر ئەوانەی زمانی فەرەنسیان بەکار نەهێناوە، ئێمە بەداخەوە ئەو شتانەمان نییە، چونکە نە قانونی لوغاتی رەسمیمان هەیە، نە میزانیەکەمان هەیە بۆ زمان، لە جێیان ئەو شتانە هەیە، من پرسیارێك دەکەم، ئایا لە حکومەتی ئیتیحادی هیچ قانونێك هەیە ناوی زمانی کوردی هێنا بێت، نەخێر، ئێستا مەحکەمەی ئەوانەی کە دەکرێت ئەنفال دەڵێ لوغەی رەسمی عەرەبیە، من لەگەڵ رەئیەکەی دکتۆرە رۆژانم تەنیا زمانی کوردی بێت و دەبێت ئێمە خوصوصیاتی خۆمان جیاوازە، لە مەحکەمەی دەستووری ئەوەی کە باسم کرد (93) لە کیۆبیك دەرچوو شکایەتیان کرد گوتیان نابێت تەنیا یەك زمان بەکار بێت لە کیۆبیك، من وەك محامیەك بۆ زمانی کوردی ئەو قسەیە دەکەم، پێم خۆشە هەر هەمووتان لێرەوە بزانن لەویٚ مەحکەمەی ئیتیحادی ئیعتیرازی کرد، گوتی چۆن دەبێت زمانی فەرەنسی لە کیۆبیك یەك لە ئیقلیمەکانی کەنەدەیە، مەحکەمەی ئیتیحادی گوتی لەبەر ئەوەی ژمارەی فەرەنسیەکان کەمە، لەبەر ئەوەی زمانەکەیان لەناو دەچێت، لەبەر ئەوەی زۆربەی زۆری بە زمانی ئینگلیزی قسەی دەکات، وتی

مافێکی ڕەوایە دەتوانێت بە تـەنیا زمـانی خـۆی بـەکار بێـنن و پێویسـتە بـەس تـەنیا زمـانی کـوردی بێـت، ئەگەر یەکێك ئیعتیرازی کرد، ئەوە مەحکەمەی ئیتیحادی هەیەو دەتوانێت یەکلای بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پرسیارێکت لێ دەکەم کاك تارق، دەتوانین دەسـتووری کەنـەدی تـەتبیق بکـەین لێـرە، ئێمـە دەسـتووری عێراقیمان هەیە دەنگمان بۆ داوە، مولتەزمین پێی، پرۆژەی دەسـتووری خۆشمـان هەیـە، زمـانی عـەرەبی و کوردی هەردووکیان زمانی ڕەسمین، بەتایبەتیش لە مەحکەمە تا ئێستاش ئیشکالیان هەیە بە زمانی کوردی هەموو موفرەداتێکیان نییە، ئەوە یەك.

دووەم/ مولاحەزەکەت ئێمە قسەکەمان کرد، جار بە جار بە خیلاڤ ئەوەی کە هەنـدێ جـار قسـە دەکـەن و من قسەتان پێ دەبـڕم، پێویسـتمان بـە ڕاوێـژکردن هەیـە لەسـەر مەسـەلەکان، بـۆ ئـەوەی تەوحیـدی ڕەئـی بکەین لە سەرۆکایەتی، بەڵام جەنابت و هەر ئەندامێکی پەرلەمان بۆ مـن قسـە ناکـەن، بـۆ پەرلـەمان قسـە دەکات، بۆ هەمووان، لەبەر ئەوە نابێت قسەکانی ڕابگریت ئەگەر من لەحەزەیـەك خـەریکی نووسـین بـووم، یان ڕەئیەکی کاك دکتۆر کەمالم وەرگرت، یان هی کاك فرسەتم وەرگرت، تۆ قسە بۆ هـەمووان دەکـەیت، بـۆ من ناکەیت بە تەنیا، زۆر سوپاست دەکەم، من یـەك پرسـیار دەکـەم خـەڵك واقیعـی بێـت، ئەگـەر بـە تـەنیا زمـانی کـوردی بـێتن دەتوانیـت جـێ بـەجێی بکـەیت لـە مـەحاکم، مـن لـە حـاکم نورالـدین و کـاك فـاروق دەرپرسم، وەڵامی ئەندامان بدەنەوە، دەکرێت ئێستا لە مەحاکم تەنیا بە زمـانی کـوردی ئـەو ڕەئیانـە جـێ بەجێ بکرێت.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە تەئکید ناکرێتن، دوایێش موخالەفەی دەستووریشە بەڕاستی ئەوە موناقەشەی تێدا نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاست دەکەم، کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە ڕەئیەکی دکتۆرە ڕۆژان دەکەم، تەئکیدیش پێم وایە ئێمە ڕەبتی نەکـەین بـە دەسـتوورەوە، ڕاستە موخالەفەی دەسـتوور نـاتوانین، چونکە دەسـتوور زمـانی عـەرەبی و کـوردی بـە ڕەسمـی کـردووە لـە هەموو مەجالێك، ئەم دەڵێت زمانی مەحاکم، ئەگەر لە حاڵەتێکدا ئەمەی ئێمە تەسبیتی بکـەن، مـن بـەش بەحاڵی خۆم لە حیاتی مەحاکم نابێت بە کوردی، پاشان ئێمە بەپێی قانون مەجالێکی ترمان هەیە لە ڕێی قانونەوە ڕێگا دەدرێت بە تاوانبار، بە شاهێد، بە هەموو موداوەلاتێك بەس بـە زمـانی تێگەیشـتن، هـەتا بـە ئیشارەتیش بکرێـت، ئەمـە ڕێـی نـەگرتووە لـەوەی کـەوا تـۆ بـە زمـانی عـەرەبیش قسـە بکـەیت، یـان بـە تورکمـانیش قسـەی بکـەیت لـە مـەحاکم ئەگەر پێویسـت دەکات، یـان حـاکم کەسـی بەرامبـەر بـە زمانێـك لەزمانەکان تێ بگەیەنێت، بەڵام ئێمە بە قانون تەسبیت کردنی، من بە قەناعەتی خۆم کوردی دەسڕینەوە، جارێکی تر لە مەحاکم ئەمە نابێتە کوردی بە حیاتی بە قەناعەتم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوقتەی نیزام کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆچوونی کاك دلێر وا نییە، لێرە ئێمە نالێین موحادەسات و قسەکان بە زمانێکی تر بێت، بەس دەلێین تەدوینی قەرارات، یەعنی ئیشەکە عایدی مەحکەمەیە بەس حاکم بە تەنیا، حاکم قەرارەکە چۆن دەنووسی، کە زەرورەت ئیجاب دەکات بە زمانی عەرەبی بینووسێتن دەنووسێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عەونی ئەوە نوقتەی نیزام نەبوو خەرقی نیزامت کرد، رەئیتدا رەئیەکەت بەجێیە، بەلام نوقتەی نیزام نەبوو, کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە هەموومان ئاواتمان ئەوەیە زمانی کوردی بچەسپێت، بەلام ئەو مەوانیعەی کە ئیشارەتی پێدرا، بەڕاستی ناکرێت بەو شکلەی کە هەیە، ئێمە بە شێوەیەکی عاتیفی بۆی بچین، یان بەشێوەیەکی تر بۆی بچین، ئەوە هەیە هەروەکو جەنابت ئیشارەتت پێدا، ئێمە دەستوورەکە خۆمان دەنگمان پێداوەو گوتمان بەو شکلە بێت، ئێستا خۆمان لە قانونەکە بلێین بەو شکلە نەبێت، یەعنی ئەوە لێمان قەبول ناکرێت بە هیچ شێوەیەك، بەلام من نوقتەی نیزامەکەی کاك عەونی راست دەکەمەوە، کاك دلێر خۆی تەوقیعی کردووە لەسەر صیغەی قانونی، ئێستا رەئیەکەی موخالیفە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ئەوەی ئەگەر موتابەعەی کرد بێت، مەسەلەی زمان زۆر لە بەغدا هەوڵ درا وا بنووسرێت کە لە هەرێمی کوردستان زمانی کوردی بەکار بێت، ئێمە خۆمان رەفزمان کرد، گوتمان دەبێت لە هەموو عێراقدا کوردی و عەرەبی پێکەوە بەکار بێتن، یەعنی ئەو رەئیەی ئێوە لەگەڵ رەئی ئەو کەسە دەگونجێتن کە لە بەغدا دەیانویست زمانی کوردی نەبێتە زمانێکی رەسمی لە عێراقدا، دەیانگوت بەس لە کوردستان بەکار بێت، ئێمە کە شتێك دەلێین لەسەر عێراقمان فەرز کردووە، خۆشمان لێرە ئیلتیزامی پێ نەکەین نابێتن، کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەو صیغەیەی لیژنەی قانونی نیمە، سێ صیغە هەیە ئەگەر بیکەین، یەکەم/ وەکو خۆی هاتووە، من لەگەڵ ئەوەم (تكون اللغة الكوردية لغة المحاكم)، ئەگەرنا حالەتی دووەم/ (تكون اللغة الكوردية والعربية لغات المحاكم)، یانیش بگوترێت ئەگەر مەجالم بدەن (تكون اللغة الكوردية لغة المحاكم ويجوز استعمال اللغة العربية)، ئەوە یەك.

دوو/ بەڕاستی لەگەڵ ئەو بۆچوونەی نیمە کە دەڵێن زمانی کوردی ناتوانێت ئیستیعابی زمانی مەحاکم بکات، ئێمە لە ساڵی 2000 بوو کە قەرار دەرچوو لە وەزارەتی عەدل زمانی مەحاکم بکرێتە کوردی، لەبیرمە زەجەکی زۆر دروست بوو لەناو پارێزەران، ئەو ناڕەزاییە هەبوو، دەیانگوت زمانی کوردی موستەڵەحاتی نییە، لەو کاتەی حەفت، هەشت، نۆ مەحامی دادەنیشتن پێکەوە تەنها یەك عەریزەیان دەنووسی، بیست رۆژ، بیست و پێنج رۆژی پێ نەچوو هەر مەحامی بە تەنیا عەریزەیان دەنووسیەوە، ئەوە بووە تەشجیع، کە زمانی کوردی بەڕاستی تەتویریشی پێ کرا، ئەگەر بەو صیغەیەی هاتووەو ئێمە وای لێ بکەین هەر زمانی عەرەبی بەکار دێت، لە ساڵی 2000یش لەگەڵ دەرچوونی ئەو قەرارەش، ئینجا لە دهۆك و نازانم لە سلێمانی پێم وابی زمانی عەرەبیان بەکار دەهێنا، لە مەحکەمەی ئیستیئناف و تەمیزیش هەر زمانی عەرەبیان بەکار دەهێنا، ئەگەر ئەو صیغەیە بمێنێت بەڕاستی زمانی عەرەبی بەکار دەهێنرێت، زمانی کوردی بەکار ناهێنرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەك تەعلیقی بەسیت لەسەر هینەکانت عەریزە نووسین چ نییە، یەعنی ئەوە دەکرێتن سەد غەڵەتیشی تێدا بکرێت، بەلأم کە گەیشتە قەرار، قەرارەکە نابێت یەك غەڵەتیشی تێدا بێت، نیو غەڵەتیش قەبول ناکات، بۆیە تەفسیریش قەبول ناکات، کاك مەلا سەعدەدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدين عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە گوتمان (تكون اللغة الكوردية لغة المحاكم) دەبێت ئیلزام بێت، یەعنی نابێت هیچ شتی تری لەگەڵدا بێت، بەلأم من لێرە ئەو ماددەیە برێك بە کزچ وکاڵی دەیبینم، یەعنی بە نەقص دەیبینم، ئەوەی بۆ زیاد بکرێت (وللمحكمة ان تسمع اقوال الخصوم او الشهود الذين يزهلونها بواسطة مترجم بعد حلفه باليمين)، دەبێت ئەوەی بۆ زیاد بکرێت.

نوقتەی دووەم/ ئەوە عەجزە ئەگەر ئێمە بڵێین لوغەی مەحاکم ناکرێتن کوردی بێتن، دەتوانی یەعنی ئەوە نەقصە بۆ خۆمان و بۆ لوغەکەش، دەکرێتن قەرارێك دەربچێت موفرەداتەکەی لەنێوان قەوسێك دابنێت ئەگەر موقابیلەکەشی نەبێت موورادیفەکەی دابنرێت، لە پاشان بە کوردی تەفسیر بکرێتەوە، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی لە مەحکەمە هەموو زمانێك بەکار دێت، یەکێك بێتن نەکوردی بزانێت، نە عەرەبی، ئاشووری بێتن دەبێت موتەرجمی بۆ بگیرێت، تورکمانی بێتن دەبێت بە هین بێتن، قسە کردن حورە دەتوانێت بە چ زمانێك قسە بکاتن، ئێمە لە ئەوروپا ئەگەر کەسێك تووشی مەحکەمە بێت تەرجومەیان بۆ هێناوە، بۆ هەر زمانێك بێتن، کاك فەتاح نەقشبەندی فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەڵێم شەرت نییە نە حاکم، نە مەحکوم ئیلا کورد بن، بۆیە پێم وایە وەکو خۆی بمێنێتەوە شتێکی زۆر چاکە، (تكون اللغة الكوردية لغة المحاكم) لەگەڵ ئەوان، بەڵام زیاد بکرێت بنووسرێت نەك (يجوز) وەکو لیژنەی قانونی فەرمووی (ومن حق المحاكم استعمال اللغات الاخرى عند الضرورة)، چونکە بۆی هەیە بەیانی فارس و عەرەب و تورك و هەموویان لەو مەحکەمەیە مەحکەمەیان بۆ بکرێت، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کە بوو بە قەرار، ئەوە قەرارێکی رەسمییە، لە عێراقدا دوو زمانی رەسمی هەیە، کاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعيد مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە هەموو لا دەزانین کە زمان یەکێکە لە تایبەتمەندیە نەتەوەییەکان، دەسەڵات دەتوانێت زمان بەرەو پێش بباتن بایەخ بە زمان بداتن و گرنگی بە زمان بدات، ئەوەش لە رێگەی نووسراوە رەسمیەکانی ئەو دەسەڵاتە زیاتر بایەخی خۆی دەبێتن ئەو زمانانە بە چ زمانێك نووسراوەکان بنووسرێنەوە، ئەوەندە زمانەکە پێشکەوتووتر دەبێت، دەبێتە هۆی پاراستن و پێشکەوتنی بە حوکمی ئەوەی کە ئێمە تا ئێستا لە کوردستان لە بواری رەسمی کەمتر ئیشمان بە زمانی کوردی کردووە، بۆیە تەماشا دەکەین زۆر دەستەواژە هەیە نیمانە، پەنا دەبەینەوە بەر عەرەبیەکە، بەڵام ئەگەر بێتو ئێمە زمانی کوردی بەکار بێنین لە مەحاکم و هەموو بوارەکانی تری دامەزراوەکانی کوردستان، لە نووسراوەکاندا وردە وردە ئەو دەستەواژانەی لاشمان خۆیان بەدەردەکەون، بۆیە من بەڕاستی لەگەڵ ئەوە دام بۆ پێشخستنی زمانی کوردی وەك خۆی بمێنێتەوە، بەڵام دەبێت لە هەمان کاتیشدا لە کاتی داکۆکی کردن لە خۆدا لە هەر بوارێکی تردا رێ بە زمانەکانی تری کوردستان بدرێت، زمانی ئاشووریە، زمانی کلدانییە، ئەوانەش مافی رەوای خۆیانە، کە بە زمانی خۆیان بەرگری لە خۆیان بکەن لە دادگاکاندا قسەی خۆیان بکەن، مەسەلەی تەدوین کردن، کە ئەوەی من لێی تێ دەگەم زیاتر نووسینەوەو تەدوین کردنی دانیشتنەکانی دادگاکانە کە بە زمانی کوردی بێتن، تەئیدی دکتۆرە رۆژان دەکەم تا ئێستاکەش ئەگەر بێتو ئەو دەستەواژە هەبێت بە عەرەبیش لە پاڵی بنووسرێت باوەڕ دەکەم هەروا دەمێنێتەوە، زیاتر زمانی کوردی پشتگوێ دەخرێتن، چ دنیاش خراپ نابێت ئەگەر ئێمە نەصەکە وا بهێڵینەوە، ئەوەی کە پێویستی کرد، کاك سەعدەدین باسی کرد لە ناو قەوسێك دەستەواژە عەرەبیەکە بنووسرێت، زۆر ئاساییە ئێمە دەستەواژە عەرەبیەکە لەنێوان دوو قەوس بنووسین لە رۆخ کوردیەکە بنووسین، بەو شێوەیە ئێمە لە رووی مێژووییشەوە ئەرکی سەرشانی خۆمان بەجێ گەیاند، کە کار کردنە بۆ دەوڵەمەند کردن و پێشخستنی زمانی کوردی لە بواری قانونی و لە بواری دامەزراوەیدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عەمەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ڕێزم بۆ ئەو هەموو برادەرانە کە باسیان لەسەر لوغەی کوردی و عەرەبی کرد، بە تەئکید من خۆم لە پێش هەموو کەسێکەوە لوغات یەکێکە لە بنەماکانی قەومیەت، کەسمان ناتوانین ئینکاری لێ بکەین، ئەمە راستە.

دوو/ ئەگەر بێینە سەر ئەو یاسایەی کە ئێمە دەبات بەڕێوە، ئێمەی وەکو هەرێم، هەر کاتێك دەستوور دابنرێت، هەر کاتێك یاسایەك دابنرێت نابێت لە چوارچێوەی دەستووری عێراقی بچێتە دەرێ، ئەوە شتێکی قانونیەو تەحصیل حاصلە دەستوور دایکی هەموو یاساکانە، بەهەر حاڵ من لەگەڵ پێشنیارەکەی لیژنەی یاساییم بەوەی کە با ببێتە (تكون اللغة الكوردية لغة المحاكم ويجوز استعمال اللغة العربية)، لێرە ببڕێتەوە، بۆ؟ ئێمە مەحکەمەکانمان تەنیا کورد رووی تێ ناکات، قەراراتەکان کە لە مەحکەمەی کوردستان دەردەچێت تەنیا خاص نییە بەخۆمان دەچێتە دەرەوەی هەرێمی کوردستان، دەچێتە شارەکانی دەرەوە، لەوانەیە دەچێتە دەرەوەی عێراقیش، مەحاکمان تەنیا قەرارات دەرناکات حوجەش دەردەکات، وەسائیقیش دەردەکات، قەسامات دەردەکات، بێ لەوە تەبلیغات دەردەکات، جائیزە لە سلێمانی شکایەت لە پیاوێك دەکرێت لە بەسرە دانیشتووە، پێویستە ئەو دەعوتە بەو لوغەیە بچێت بۆ ئەو شوێنەی کەوا تێ بگات، ئێمە لە ماددەی حەوت باس لەوە دەکەین دەڵێین تەفهیمی ئەحکام دەکرێت بە عەلەنی، کەواتە دەبێت هەردوو تەرەفی دەعواکە ئەوانەی کە رەبتیان بە خصومەکەو کێشەکەوە هەیە، ئەوەندە بتوانن مەحکەمە تێبگەیەنن بەو لوغەتەی خۆی، بۆ ئەوەی مەحکەمە بگاتە حەق، تەحقیقی عەدالەت و حەقی خۆی بکات، لەبەر ئەوە من پێم باشە (تكون اللغة الكوردية لغة المحاكم ويجوز استعمال اللغة العربية)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا لە پێکهاتنی زۆر بە وردی تەماشای ئەو ماددەیە کرا، بۆیە گەیشتینە ئەو صیغەیەی کەوا خراوەتە بەردەم پەرلەمانی بەڕێز، زمانی کوردی زمانی رەسمیە لە هەرێمی کوردستاندا، من لێرەدا پرسیارێك دەکەم، ئێمە دەڵێین بەپێی دەستووری عێراقی، ئەگەر بڵێین ئایا لە دادگاکانی تری عێراق زمانی کوردی بەکار دەهێنن وەکو ئێمە خۆمان پابەند دەکەین بەوەی کە زمانی عەرەبیش وەکو زمانی کوردی بەکار بێنین، ئەمە تەنیا وەڵامدانەوەیە بۆ ئەوانەی کەوا تەخصیصێکی تێدایە، ئەگەر ئێمە بڵێین (ويجوز استعمال اللغة العربية)، ئەوە بە شمولی باسمان کردووە، بەڵام ئێمە لێرە تەنیا مەبەستمان ئەوەیە بەکار هێنانی زمانی عەرەبی دەڵێ (لتدوين بعض الأحكام و القرارات)، ئەگەر پێویستی کرد مەحکەمە، ئەو برادەرانەی دەڵێن کەوا ئەگەر یەکێك عەرەب بوو، یان تورکمانە زمانی کوردی نازانێت، هیندیەك لێرە کار دەکات، ئەو کاتە مەحکەمە دەبێت وەرگێرێك بێنێت یارمەتی بدات هەتاکو تێی بگەیەنن، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی هەندێك قسەی بکەم، تەئیدی رەئی لیژنەی قانونی دەکەم بەو صیغەیەی کە جەنابت راستت کردەوە، بەڵام من حەز دەکەم بە واقیع بین قسە بکەین، عاتیفە جیایە، دافع جیایە، ئێمە هەتا ئێستا لە ساڵی 1992ەوە پەرلەمانمان هەیە نەمانتوانیوە بە هەموو پەرلەمان و حکومەتەوە یەك قانون بەبێ نوقصانی بە کوردی بنووسینەوە، نەمانتوانیوە، هەتا بەو زمانەی لەهجەی سۆرانیش کە دەنووسینەوە، نەمانتوانیووە بە رێك و پێکی بینووسینەوە، ئینجا داوای مەحکەمە دەکەین کە زۆربەی هەرە زۆری حاکمەکانمان مومکینە کوردی کەم بزانن، موستەڵەحاتی مەحاکم کە من لە قانون نازانم ئەسڵەن هێشتا بەدیلی نییە لە 10٪ی بۆ نەدۆزراوەتەوە لە زمانی کوردی، پاشان زمانی کوردی و عەرەبی لە دەستووری عێراقدا هاتووە، هەردووکیان لوغەی رەسمین، هەندێك برادەر دەڵێن باشە لە مەحاکمی عێراقی لوغەی کوردی بەکار دێت؟ لوغەی کوردی وەتی کورد هەبووە بەکار نەهاتووە، چونکە دەوڵەت نەبووینە، چونکە هەر لە ژێر دەست بووینە، ئەوەی تورکیا بەزمانی تورکە، ئەوەی فارسی تەئسیری زمانی فارسە، جەنابیشمان لە ژێر تەئسیری زمانی عەرەبیینە، خوێندنمان بە عەرەبی بووە، تازە بە تەماینە، مەجمەعی کوردی چەند ساڵە دانراوە لە زەمانی یازدەی ئازاریش ساڵی 1970 تا ئێستا نەیانتوانیوە، موتەفیق نینە لەسەر لوغەکەی خۆمان، مەجمەعی لوغەی کوردی موتەفیق نینە، وەڵڵا دەبێت ئێمە هەموو کورد بین، خوشك و برایان تۆزێك بە عاتیفانەو واقیعانە قسە نەکەین، ئەوەی لیژنەی قانونی تەرحی کردووەو ئەوەی جەنابی سەرۆکی پەرلەمانیش گوتی شتێکی مەعقولە، برادەرێك باسی کەنەدەی کرد، کەنەدا دوو سەد ساڵە حکومەتە، گوناه نییە خۆمان بێنینە ریزی، ئەوە چ عیلاقەی هەیە ئێمە خۆمان بێنینە رێز کەنەدەی، وەڵڵا کەندا وا دەکات، باشە پاشی سەد و پەنجا ساڵی تر وەرە ئەگەر ئێمە لەوی لە پێشتر نەبووین سەرمان ببڕە، لەبەر ئەوەی من تەئیدی ئەو رەئیە دەکەم، چونکە ناتوانرێت ئەوە بەکار بێت، کە ناتوانرێت بۆ خۆمان پێی خەریك بکەین، پاشان شتێکی تریش هەیە، شەرت نییە ئەو لوغەتە کوردی پاش بکەینەوە، ئەو ئەفغانستانە لە پێشمانە کۆمەڵێك قەوقاسینە زمانی رەسمیان فارسیە، زۆر دەولەی ئەفریقی هەنە زمانی رەسمیان ئینگلیزییە کە خۆیان ئینگلیز نینە، زۆر زمان هەیە فەرەنسیە کە فەرەنسی نینە، ئەوە چ عەیبی هەیە، زمانی فارسی من برێك شارەزامە تێدا لە 75٪ی هەر فارسی تێدا نییە، یان کوردیە، یان عەرەبیە، یان لوغاتی دیکەیە، لەگەڵ رێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك بارزان.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە قەزیەی زمانی کوردی، ئێمە هەموو جار لێرە تووشی ئەو موناقەشەی دەبین، ئەوە ئیشی ئێمە نییە بیکەینە قەرارێك، ئەوە ئیشی مەختەس و وەزارەت و ئەوەیە.

دوو/ حاکمێك کە دیراسەکەی عەرەبی بێت، چۆن ئێمە ئیلزامی دەکەین بە کوردی بەوە بکات، قەزیەی موخاتەبە جیایە، حاکم لەگەڵ تاوانباردا، بەڵام کابرای حاکم کە دیراسەکەی عەرەبییە، یان محامی دیراسەی عەرەبیە، نابێت ئیجباری بکەیت دەبێت بە کوردی قسە بکات و موستەڵەحات بگۆڕێت، چونکە ئەوە ئیشی ئەو نییە، چونکە ئەوە لە قانونیش دەردەچێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بارزان نوقتەی نیزام نەبوو، کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوور لە عاتیفەو دوور لە تەعەصوبی قەومی، من لەگەڵ ئەسڵی پرۆژەکەدام، لەبەر ئەوەی ئەو (یجوز)ی لیژنەی یاسایی دایناوە، بەڕاستی ئەو (یجوز)ە وەکو ئیستیسنا دایناوە، بەڵام پێم وایە دەبێتە قاعیدە، قاعیدەکە دەبێتە ئیستیسنا، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدامە تەنها ئەوەی لە ئەسڵی پرۆژەکەدا هاتووە بەکار بێت، چونکە ئێمە تەجروبەمان هەیە لەوەی، قانونی سوڵتەی قەزای پێشوو تەنها باسی زمانی کوردی کردووە، کەچی ئێستاش مەحاکم و قەرارات و شت بە عەرەبی دەنووسینەوە، وای لێهاتووە کراوەتە قاعیدە، ئەسڵەن تاکو ئێستا قەراراتمان نەدیتووە بە زمانی کوردی لە مەحاکم، موستەڵەحاتیش هەیتمان، ئێستاکە زمانی کوردی لە رووی یاساییەوە خەریکە وا پێش دەکەوێتن، بۆیە پێویستە وەکو خۆی بمێنێتەوە لە ئەسڵی پرۆژەکەو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محەمەد حەکیم فەرموو.

**بەڕێز محمد حكيم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئیدی رەئیی لیژنەی یاسایی و ئەو تەعدیلەی جەنابت دەکەم، بەڵام لەبواری زمانی کوردیەوە موناقەشەی بەردەوام ئیشارە دەکرێت لە پەرلەمان دوو قسە دەکەم:

یەکەم/ ئێمە کە دەچینە بەغدا پشت بەست بە ماددەکانی دەستوور دەڵێین دەبێت لە پێش هەموو شتێکدا زمانی کوردی لە پاڵ زمانی عەرەبی بێت، بەڵام کە خۆمان دێینەوە کوردستان دەڵێین با موخالەفەی دەستوور بکەین و هەر بەزمانی کوردی شتەکانمان داڕێژینەوە، ئەوە یەك.

دووەم/ ئێمە دەڵێین ئەگەر دەوڵەتیش بین، لەبەر ئەوەی میللەتێکی موسڵمانین، حەق وایە لە پاڵی زمانی دایك کە کوردیە گرنگی بە زمانی عەرەبی بدەین، چونکە زمانی قورئانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێستا قسه كردن تەواو، فەرمووو.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو باسی كرد دوو سەد ساڵە، من باسی ئەوە دەكەم پاشی راپەرین (1993) قانونی رەسمی لە كیوبیك دەرچووە، مانای پاشی راپەرین دەرچووە، نەك پێش دوو سەد ساڵ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێستا تەبعەن سێ بۆچوون هەیە، بۆچوونێك لیژنەی یاسایی پێشنیارەكەی كردووە، بۆچوونێك من باسم كردو كاك فرسەت لەڕاستیدا پێشی من ئاماژەی كرد گوتی ئەو كەلیمەیە (بعض)ە زیادەو وەزیری دادو حاكم نورالدینیش پشتگیریان لێ كرد، بۆچوونێكیش دەڵێ بە تەنیا كوردی بێتن، نەك لەبەر ئەوەی من پێشنیارم كردووە، بەلاَم لەبەر ئەوەی ئەو بۆچوونەی ئێمە كە ژمارەیەك لە ئەندامانی پەرلەمان پشتگیریان لێ كرد نزیكە لە بۆچوونەكەی لیژنەی قانونی، خاوەن پەیوەندیدار كە حاكم نورالدینەو جەنابی وەزیرە پشتگیریان لێ كرد، ئەوە دەخەمە دەنگدانەوە، ئەویش ئەوەیە كە زمانی كوردی زمانی مەحاكمەو دەكرێت زمانی عەرەبیش بەكار بێت لە كاتی پێویستدا، بە عەرەبیەكەی (تكون اللغة الكوردية لغة المحاكم ويجوز استعمال اللغة العربية عند الضرورة)، كێ لەگەڵ ئەو موفتەرەحە تازەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تكایە ماددەكەی تر.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی حەوتەم: دانیشتنی دادگاكان ئاشكرایە تەنیا ئەگەر دادگا بڕیاری بەنهێنی بوونی بدات لەبەر رەچاو كردنی رەوشت و پاراستنی سیستەمی گشتی و لە هەموو بارودۆخەكان بەئاشكرا لە حوكمەكان دەگەیەندرێن.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة السابعة: تكون جلسات المحاكم علنية الا اذا قررت المحكمة جعلها سرية مراعاة للأداب او محافظة على النظام العام ويكون تفهيم الحكم في جميع الاحوال علنية.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە تەنها ئیعادەی صیاغەمان كردۆتەوە بەو شێوەیە:

(تكون جلسات المحاكم علنية الا اذا قررت المحكمة جعلها سرية مراعاة للنظام العام أو الأداب أو لحرمة الأسرة على أن يتم النطق بالحكم في جلسة علنية). (النطق بالحكم)يش ئيستيعمال دەكرێت تەفهيم قەراريش ئيستيعمال دەكرێت بەڕاستى ئەوانە بۆ ئێوەى بەڕێزو ئەندامانى پەرلەمان مەتروكە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

وابزانم ئەوەى ليژنەى قانونى هەر ئيعادەى صياغەيە لەگەڵ نەصى ماددەكە جياوازيەكى نييە، ئەگەر مولاحەزەتان نەبێت دەيخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدايە دەستى بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نييە دەستى بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆى دەنگ وەرگيرا، تكايە ماددەكەى تر.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

**ماددەى هەشتەم:**

**1- لە ميانەى پشووى دادگاكاندا، دادگاكان داواكانى مەدەنى و بارى كەسى نابينن ئەگەر لە داوا بە پەلەكان نەبوون و لە رۆژى يەكەمى مانگى تەمموز تاكو رۆژى يەكەمى مانگى ئەيلول لە هەموو ساڵێك دادبينى دەوەستێندرێ و داواكانى بە پەلە بۆ ئەم مەبەستە دەست نيشان دەكات ئەويش بە بەيانێك دەبێ كە سەرۆكى ئەنجومەنى دادوەرى دەرى دەكات.**

**2-لەكاتى پێويستى سەرۆكى ئەنجومەنى دادوەرى بۆى هەيە ئەم ماوەيە كورت بكاتەوە بۆ ماوەيەك لە (30) رۆژ پتر نەبێ.**

**بەڕێز عونى كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

**المادة الثامنة:**

**1- لا تنظر المحاكم في الدعاوى المدنية والأحوال الشخصية خلال عطلة المحاكم مالم تكن مستعجلة وتعطل المرافعات فيها من اليوم الأول من شهر تموز الى اليوم الأول من شهر أيلول من كل سنة وتعين الدعاوى المستعجلة لهذا الغرض ببيان يصدره رئيس مجلس القضاء.**

**2- لرئيس مجلس القضاء تقليص مدة العطلة لمدة لا تزيد على ثلاثين يوماً عند الضرورة.**

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ئێمە وەكو ليژنەى ياسا لەگەڵ دەقى ماددەكەينە، بەلأم ئيعادەى صياغەكەمان بە رەزامەندى دەسەلأتى دادوەرى كردووەو صياغەكەش بەم شێوەيە:

أولاً : لا تنظر المحاكم في الدعاوى الحقوقية والأحوال الشخصية خلال عطلة المحاكم التي تبدأ من اليوم الأول من شهر تموز الى اليوم الأول من شهر أيلول من كل سنة ماعدا الدعاوى المستعجلة التي يحددها بيان يصدره

رئيس مجلس القضاء). تەنها دەعاوى مەدەنى بۆتە دەعاوى حقوقى، لەبەر ئەوەى ئیلتیباس نەبێت لەنێوان مەحاكمى مەدەنى و مەحاكمى عەسكەرى كە لە ماددەى نۆدا هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

ئەوە موقتەرەحى لیژنەى یاسایى بەجێیە، لێى جیا كردۆتەوە بۆ ئەوەى مەحاكمى مەدەنى لەگەڵ مەحاكمى عەسكەرى، كەس قسەى هەیە، كاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ئەم سیستەمە، سیستەمى ئەمڕۆ نییە، مەحاكم بە هیچ شێوەیە نابێت بوەستێت، مەدەنى، ئەگەر جەریمە بێت، هەموو كەسێك، هەموو حاكمێك، هەموو ئەوانەى لە دامودەزگاكان ئیش دەكەن حەقى ئەوەیان هەیە سالانە ئیجازەیان هەبێت، ئیتر مانگێك بێت، دوو مانگ بێت وەریدەگرن لە كاتى موختەلیفدا، بەس مەحكەمە رابوەستێت، ئەوە مەسرەفێكى گەورەیە لەسەر حكومەت، چونكە زۆر قەزایە هەیە پێویستە، یەعنى ئێمە سبەینێ موشكیلەیەكى تیجارى شتى مەدەنیە مەسەلەن كە ببێت، كارەكە كە دوابخرێت یەك مانگ بەهۆى عوتلەى هینەوە، ئەوە زەرەرێكى زۆرە، چ لە مواتین، چ لە حكومەت، بە قەناعەتى من ئەم خاڵە لە شوێنى خۆیدا نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

هەرچەندە ئەوە لیژنەى قانونى وەڵام دەداتەوە، بەڵام لە هەموو دنیادا وایە كاك جەمال، مەحكەمە ماناى ئەوە نییە كەوا دایدەخات یەعنى كلیل دەدات، حاكم دەوام دەكات، ستافەكەى دەوام دەكات، بەڵام تەماشاى دەعاوى موستەعجەل نەبێت نایكات، لە ئەورووپاش وایە وەكو پەرلەمانە، كاك دیلمان فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامێدى):**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

من تەقریبەن هەمان رەئیم هەیە، دوو مانگ تەعتیلى دەعاوى، بەتایبەتى مەدەنى و ئەحوال شەخصى، زەواجە، تەڵاقە، میراسە، ئەوانەنە بە تەسەورى من زیادە، هەتا كە دەڵێت (المستعجلة) چ لەو قەزایانە موستەعجەل دەبن، ئیستیسنائى دەكاتن دەبێت بەیان بە رەئیسى سوڵتەى قەزائى بێتن، ئەو رۆتینەى لەلاى ئێمە هەیە، پێم وایە ئەگەر تەواو دەبێتن بەیانەكە لەسەر قەزائى رەئیسەكە دەرناچێتن، ئەگەر ماددەكە هەر بمێنێتن، دووەم (عند الضرورة) داعى ناكات تێدا هەبێتن، تەنها (یجوز لرئیس القضاء تعطیل تقلیص الدعوى)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

كاكە دووبارەى دەكەمەوە (تعطیل النظر في الدعوى)، نەك تەعتیلى مەحاكم، یەعنى مەحكەمە دەوام دەكاتن، یەعنى ئەمە هى ئەمڕۆ نییە، هى دەیان ساڵ وایە لە عێراقدا، لە وڵاتانى عەرەبى وایە، لە ئەورووپا وایە، یەعنى عورفێكە، دكتۆرە رۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو نوسخەم لە لایە، یەکێکیان بیست ڕۆژە تەقلیصەکەی، یەکێکیان سی ڕۆژە، سییەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك حاتەم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم ئەو ڕەئیەی کاك دیلمان و کاك جەمال باسیان کرد، منیش هەمان ڕەئیم هەیە، لە حەقیقەت دوو مانگ زۆرە بۆ ئەوەی مەحکەمە ڕابوەستێت، هەرچەندە وەکو پەرلەمان حەقی خۆیانە، بەڵام ئەگەر بکرێتە مانگێك لە کاتێکدا حاکم پێویستی بە ئیجازەیەك بوو بۆ مۆڵەتێك مەجالی بدرێتێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تۆ موئەیدی بۆ پەرلەمان دوو مانگەکە کەم بکرێتەوە، من موئەیدم، عوتلەی پەرلەمان دوو مانگەکە زۆرە، موافیقن ئەگەر بۆ قەزا کەم دەکەنەوە، ببێتە عەینی موقتەرەح بۆ پەرلەمانیش، عورفێکە لە دنیادا وایەن بەڵێ کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باسی دەعاوی موستەعجەلە دەکرێت، دەعاوی موستەعجەلە یەك لەو دەعوانەیە مەسەلەن دەعوای ئەحوال شەخصیە عەدای تەفریق، ئەو موشاهەدەیە، ئەوە موشاهەدەی تفلە، ئەو حەزانەیە، ئەوە نەفەقەیە، مەسەلەن ئەوانە هەمووی دەعاوی موستەعجەلەیە، لەکاتی عوتلەی مەحاکمیش دەبینرێت، ئەو دەعوایانەی جوزاتیان لەسەرە، ئەوانە دەبینرێت، یان دەعاوی جەزائی زۆربەی دەعاوی جەزائی ئەوانەی گرنگە دەبینرێت بە حەقیقەت، یەعنی وەنەبێت عوتلە بێت دەرگا قەپات کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەرچی دوو، سێ برادەر ئاماژەیان پێ کرد کە عوتلەکە زۆرە، بەڵام وانییە تەعبیر دەکاتن لە ئەندامانی پەرلەمان، بۆیە ئەسڵی مەشروعەکە دەخەمە دەنگدانەوە، ئەگەر سەری نەگرت، ئەو وەختی، کاك بەکر فەرموو.

**بەڕێز بکر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نیوەی وەڵامەکەم لە کاك شێروان وەرگرتەوە، بەڵام پرسیارێکم هەبوو، کێ قەرار دەدات کە ئەو دەعوانە موستەعجەلە؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە پرۆژەکە بەس تەعدیلەکەی لە عەرەبیەکە (عن) بیکەنە (علی ثلاثین یوماً) ئەوە بیست رۆژ نییە سی رۆژە، دەیخەمە دەنگدانەوە کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**دەروازەی دووەم**

**دەزگا دادوەریەکان**

**بەشی یەکەم**

**ماددەی نۆیەم: دادگاکانی مەدەنی ئەمانەن:**

1 - دادگای پێداچوونەوە.

2 - دادگاکانی تێهەڵچوونەوە.

3 - دادگاکانی بەرایی.

4 - دادگاکانی باری کەسایەتی.

5 - دادگای گەورە تاوانەکان.

6 - دادگاکانی کەتن.

7 - دادگاکانی نەوجەوانان.

8 - دادگاکانی کار.

9 - دادگاکانی لێکۆڵینەوە.

10- دادگای ماددەکانی کەسایەتی بۆ غەیری موسوڵمانەکان وەکو ( مەسیحی و یەزیدی و ئایینەکانی دیکە).

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**الباب الثاني**

**التشكيلات القضائية**

**الفصل الأول**

**أنواع المحاكم**

**المادة التاسعة: تتكون المحاكم المدنية من:**

1- محكمة التمييز.

2- محاكم الاستئناف.

3- محاكم البداءة.

4- محاكم الأحوال الشخصية.

5- محاكم الجنايات.

6- محاكم الجنح.

7- محاكم الأحداث.

8- محاكم العمل.

9- محاكم التحقيق.

10- محاكم المواد الشخصية لغير المسلمين (المسيحين واليزديين والديانات الأخرى).

بەڕێز شێروان ناصح حيدری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لە حەقیقەتدا ئێمە ئیعادەی صیاغەمان کردۆتەوە بەم شێوەیە:

تقترح اللجنة اعادة صياغتها بتغيير تسلسل المحاكم الواردة فيها كالآتي :

المادة التاسعة: تتكون المحاكم المدنية من:

1- محكمة التمييز

2- محاكم الاستئناف

3- محاكم الجنايات

4- محاكم البداءة

5- محاكم الأحداث

6- محاكم الأحوال الشخصية

7- محاكم الجنح

8- محاكم العمل

9- محاكم التحقيق

10- محاكم المواد الشخصية للمسيحين والازديين والديانات الأخرى.

واتا ئێمە دوو گۆڕانکاریمان کردووە گۆڕانکاری یەکەم/ تەسەلسولی مەحاکمەکانمان گۆڕیە، لەبەر ئەهمیەتی مەحکەمەکە، لەبەر ئەوەی ئەو مەحکەمانە هەندێکیان هەیئەتن بە حاکمی مونفەرید بەڕێوە ناچێت، ئەوانەمان پێشخستووە، ئەویترمان تەسەلسولی خۆی وەرگرتووە.

دووەمیش/ (حذف كلمة غير المسلمين) لە فەقەرە دە کردوومانە بەو صیاغەی کە خوێندمەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

برا ئیزیدیەکان لێرە نینە، چونکە ناوەکەیان بە یەزیدی هاتووە، دەبێت ئێزیدی بێت، بەڵێ کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ موناقەشە کردنی ئەو بڕگەیە بە حەقیقەت، ئێمە لەگەڵ ئەسڵی پرۆژەکە بڕۆین، پاشان تەسەلسولەکە بەپێی ئەوەی پێشنیارمان کردووە، ئێمە صیاغەی دەکەینەوەو پاش و پێشی دەکەین، بۆ ئەوەی لە ئەندامانی پەرلەمان تێك نەچێت، ئێمە لەگەڵ دەقی پرۆژەکە دەڕۆین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

موقتەرەحی لیژنەی یاسایی تەنیا تەسەلسولی مەحاکمەکانە یەك.
دووەمیش/ یەزیدیەکان دەبێت ببێتە ئێزیدی، ئەو کەلیمەی غەیری موسلیمین حەزف دەکرێتن، ئەگەر کەس قسەی نەبێتن، پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەس پرسیارێکم هەیە لەو مەحاکمی کە ناویان داناوە ئەخیر شت مەحاکم مەوادی شەخصیە بۆ غەیری موسلیم، ئەسڵەن خۆی وەسیقەکە ناوی وەسیقەی (المواد الشخصية لغير المسلمين)ە، یەعنی بۆ ناوی دیانەتەکان هاتووەو غەیری موسلیمینەکان ڕۆیشتووە، یەعنی لا دەبرێت، من تەسەور دەکەم هەر (محاكم المواد الشخصية لغير المسلمين)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی مەنتقی قسەکانت ڕاستە، بەڵام ڕەنگە خۆشتر بێت ناویان بێت باشترە، خصوصیەتێکیان دەداتێ، خاتوو شیرین فەرموو.

**بەڕێز شیرین عبدالرحمن دینۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەس پرسیارا، مەحکەمە گومرگیە نابێت مەحاکم مەدەنیە، مەحکەمەی گومرگیمان هەیە لە هەرێمێ نابێت مەحکەمەی مەدەنیا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە هالە فەرموو.

**بەڕێز د.هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی شارەکانی هەرێمی کوردستان بەرەو فراوان بوون دەچن، ڕۆژانە ئیستیملاکی هاووڵاتی دەکرێت و دەعواکانی ئیستیملاك تێکەڵن لەگەڵ دەعوای تر لە مەحکەمەی بەدائە، پرۆسەکە زۆر دەخایەنێت، قەرەبوو کردنی هاووڵاتیان زۆر درێژەی پێ دەدرێت، بۆ نموونە ئێستا زەوی هەیە حکومەت ئیستیملاکی کردووە، تا ئێستا خەڵکەکە قەرەبوو نەکراینەوە، پرۆژەکە جێ بەجێ کراوەو قەرەبووەکە نەکراوە، کێشە هەیە شەش ساڵی بردووە، هەیە چوار ساڵە، هەیە زیاترە، خەڵك زۆر گلەیی لەوە هەیە، کە قەرەبوو کردنەوەکە زۆر دوورو درێژە، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم مەحکەمەیەکی بەدائە تایبەت بە ئیستیملاك بکرێتن و حاکمی بۆ هەبێت، بۆ ئەوەی ئاسانکاری هەبێت، لەو حاڵەتە تەنیا هاووڵاتی سوودمەند نابێت، حکومەتیش سوودمەند دەبێت، لەبەر ئەوە مەسەلەکە درێژ دەخایەنێت، حکومەت ناچار دەبێت کرێیان بۆ حیساب بکات، ئەوەش تەئسیر لە میزانیەی هەرێم دەکات، لەبەر ئەوەی پێشنیار دەکەم ئەو مەحکەمەیە دابنرێت، بۆ ئەوەی هەم حکومەت سوودمەند بێت، هەم هاووڵاتیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

كاك عادل فەرمووو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لەسەر بڕگەی پێنج هەیە دادگای گەورە تاوانەکان، ئەگەر مەبەستی جەرائیمی کوبرا بێت، یەعنی بەڕاستی نیمانە، شتێکی لەو بابەتەمان نییە، ئەگەر مەبەست دادگای جینایات بێت باشترە بیکەینە دادگای تاوانەکان، چونکە جینایات هەیەو جونحەش هەیە، ئەوە گەورە تاوان کۆنەکەیە دەڵێ جەرائیم کوبرایە، کە جاران مەحاکمی جەرائیمی کوبرا هەبوو، یەعنی دیارە مەبەستی تەرجومەکەی ئەوەیە، پێشنیاری ئەوەش دەکەم دادگای ئیداریمان هەبێت، یەعنی لەم تەشکیلەدا دادگای ئیداری زیاد بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاتوو سۆزان فەرمووو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری هەردوو بۆچوونەکەی دکتۆرە هالە دەکەم لەگەڵ کاک عادل بۆ فەرەبوو کردنەوەکان و بۆ ئیداریش، بەڵام خاڵێکی تر هەیە، ئەمە پرسیارێکە دەیکەم، یەعنی من لەوە تێ نەگەیشتم، مەوادی شەخصی چیە، ئەوە یەکەم، بۆ بەناوی مەوادی شەخصی هاتووە، بۆ بە ئەحوالی شەخصی نەهاتووە، ئەگەر مەبەست لە ئەحوالی شەخصی بێت.

دووەم/ ئێمە ئەگەر هەمووومان هاووڵاتی بین لەبەردەمی یاسا یەکسان بین، بۆ ئەوان جیا بکرێنەوە، هەموو حاکمێك دەتوانێت قەزیەی هەموو هاووڵاتیەك ببینێت، لەمە بۆ جیا کراوەتەوە ئەو برادەرانەی مەسیحی و ئێزدین و دیاناتی تر، مەبەستم ئەوە نییە، یەعنی لابرێت، بەڵام من تێ ناگەم، حەز دەکەم بزانم بۆ ئەمە هەیەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵامت دەدەینەوە، بەڵام ئەوەی دکتۆرە هالە گوتی جێی نییە، رەبتی بەو قانونەوە نییە، لەڕاستیدا، شتێکی تایبەتە، دوایێ وەڵامی دەدەنەوە من داوا لە لیژنەی قانونی دەکەم وەڵامی بدەنەوە، کاك دیلمان فەرمووو.

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەی من کاك عادل ئیسارەی پێ کرد، هیچ باسێك لەسەر قەزایەی ئیداری لەم قانونە نەهاتووە، مەحاکمی ئیداریش باسی لەسەر نییە، بەتایبەتی زۆر مەشاکیل هەنە بە ئەوامری ئیداری موعالەجە دەکەن، نازانم بۆ ئیشارەتی پێ نەداوە، ئایا مەحاکم تەحقیق جێگای قەزائی دەگرێتن، یان نا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم وەڵامیان بدەنەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە وەڵامی پەخشان خان جەنابت وەڵامت داوە، پێی ناوێت وەڵامی بدەمەوە، بەنیسبەت شیرین خان مەحکەمەی گومرکیمان هەیە، تەبعەن قانونی گەمارکمان هەیە لە کوردستان بەرقەرارە هی حکومەتی ئیتیحادی عێراقیە، ئەوە قانونێکی خاصە، مەحکەمەیەکی خاصە، ئێستا هەر ئیش لەسەر ئەوە دەکرێت. بەنیسبەت پێشنیاری دکتۆرە هالە، قسەکانی راستە فیعلەن مەشاکیلمان هەیە لە مەحاکم دەعاوی ئیتیفا، ئیستیملاك، ئەوانە زۆرە لە مەحاکم تاخیر دەبێت، کە دەعوا تەقدیم دەکرێت ماوەیەکی زۆری پێ دەڕوات هەتا حەسم دەبێت، بەڵام لێرە پێشنیارەکە پێی ناوێت جێ بەجێی بکەین، مەحاکمی بیدائە دەتوانێت ئەو دەعوایانە ببینێت بە قەرارێکی ئێستا، بە قەراری وەزیری عەدلە (لوزیر العدل بناء علی اقتراح رئیس محكمة الاستئناف تشكيل محاكم مختصة للنظر في نوع معين من الدعاوى)، لێرە ئێستا سەڵاحیەت لە وەزارەتی عەدل وەردەگیرێت رەئیسی مەجلیسی قەزا بۆی هەیە ئەو نەوعە مەحاکمەی تەشکیل بکات بە دیتنەوەی نەوعێکی موعیەن لە دەعوا، واتا مەحکەمەیەکی بەدائەی خاص تەشکیل دەکرێت بۆ دیتنەوەی دەعاوی ئیستیملاك ئەوە واریدە لەو جائیزە دەبێتن.

بەنیسبەت پێشنیاری کاك عادل، مەحاکمی جەزائی کوبرا تەسمیەکەیە، ئەوە پێشتر لە قانونی ئوصول موحاکەمات جەزائی بەو شێوەیەی هاتبوو لە قانونی تەنزیمی قەزایەی عێراقی (محكمة الجزاء الكبرى)، واتا ئێستا جێیەکەی ئەوەیە مەحکەمەی جینایات، کە ئەو کێشانە دەگرێتەوە، کە حوکمەکانیان لە پێنج ساڵ زیاترە، کە پێی دەڵێین دەعاوی جینایات، مەحکەمەی ئیداریش راستە لە پرۆژەی سوڵتەی قەزائی، بەڵام لە پرۆژەکی تر هاتووە، لە قانونێکی تر جارێ خوێندنەوەی یەکەممان بۆ کردووە (قانون الاستشاري المجلس الاعلى) پرۆژەیە تەقدیمی پەرلەمان کراوە، ئەوە لەبەر دەستی لیژنەی قانونیە دیراسەتی دەکەین و موناقەشەی لەسەر دەکرێت. سۆزان خانیش عەینی شتە، بەنیسبەت تەعویزەکە وەکو وەڵامی دکتۆرە هالەمان داوە، ئەوە وازیحە، مەحکەمەی ئیداریش عەینی شمولە، مەحاکمی مەوادی شەخصی تەسمیەکەیە، تەبیعی دوو نەوعە مەحاکممان هەیە، مەحاکمی ئەحوالی شەخصی ئەوە کێشەکانی موسڵمان دەبینێتەوە، تەفریقە، تەلاقە، نەفەقەیە، موشاهدەیە، خاص بە موسڵمانانە، بەڵام مەوادی شەخصی مەحکەمەیەکی تایبەتە ئێستا حاکمەکانی بیدائە دەیبینن، کە خاص دەعوای مەسیحیەکانە، ئێزیدیەکانە، یان هەر دیانەتێك بێت، قانونێکی خاص موعالەجەی دەکات پێی دەڵێن (محاكم المواد الشخصية) ناوەکەشی بەو شێوەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، منیش ئیستیفادەم کرد لەو مەواد شەخصیە، پرسیارەکەی بۆ زۆرمان قابیلی ئەوە بوو باشتر تێ بگەین مەوادی شەخصیە لەگەڵ ئەحوالی شەخصیە ئەوەیە، ئێستا ماددەکە بە موقتەرەحی لیژنەی یاسایی دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، فەرموو بۆ ماددەی دەیەم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشی دووەم

تایبەتمەندی دادگاکان

لقی یەکەم: دادگای پێداچوونەوە

ماددەی دەیەم:

دادگای پێداچوونەوە: دەستەی دادوەری باڵایە بۆ هەموو دادگا شارستانیەکان لە هەرێمدا، لە سەرۆك و جێگرو دادوەران پێك دێت، کە ژمارەی هەموویان لە نۆ کەمتر نییە، بارەگاکەشیان لە هەولێرە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الفصل الثاني

اختصاصات المحاكم

الفرع الأول

((محكمة التمييز))

المادة العاشرة: محكمة التمييز هي الهيئة القضائية العليا لجميع المحاكم المدنية في الاقليم وتتألف من الرئيس ونوابه وقضاة لا يقل عددهم جميعاً عن تسعة ويكون مقرها في أربيل.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی لەگەڵ دەقی پرۆژەکەین، بەڵام ئیعادەی صیاغەکەمان کردووە، بە ڕەزامەندی دەسەڵاتی دادوەری بەم شێوەیەی کە بۆتان دەخوێنمەوە:

تقترح اللجنة اعادة صياغتها كالآتي:

محكمة التمييز هي الهيئة القضائية العليا التي تمارس الرقابة القضائية على جميع المحاكم المدنية في الاقليم وتتألف مما لا يقل عن تسعة قضاة بما فيهم الرئيس ونوابه ويكون مقرها في أربيل عاصمة الاقليم.

تەنها ئەوەمان ئیزافە کردووە (العليا التي تمارس الرقابة القضائية)و تەحدیدی عەدەدیشمان کردووە لە نۆ کەمتر نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیەش موقتەرەحی لیژنەی یاسایی زیاتر وزوحی داوەتێ، ئەگەر کەس قسەی نەبێت دەیخەمە دەنگدانەوە، فەرموو کاك تەلعەت.

**بەڕێز طلعت خضر سیف الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ئەسڵی مەشروعەکەی (ویکون مقرها في اربیل) لیژنەی یاسایی دیسان هەولێرەکەیان نووسیووە، ئەگەر بەس ببێتە (ویکون مقرها في عاصمة الاقلیم)، ئیحتیمالی هەیە عاصیمەی ئیقلیم بگۆڕێت بچێتە شوێنی تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بەکر فەرموو.

**بەڕێز بکر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە دەقە کوردیەکە دەڵێ سەرۆك و جێگر، لە دەقە عەرەبیەکە دەڵێ رەئیس و نواب، نازانم یەك نائیبی هەیە، یان دوو نائیب، حەزم کرد تەوزیحی بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

عەرەبیەکەی راسترە سەرۆك و جێگرەکانی، ئەوە بنووسرێت عاصمەی ئیقلیم کرایە موقتەرەحی لیژنەی یاسای نووسیانە عاصیمەی ئیقلیم، کوردیەکەی چاك بکەن جێگرەکانی، موقتەرەحی لیژنەی یاسایی دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی یازدە تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی یازدەم: یەکەم: دەستەکانی دادگای پێداچوونەوە بەم شێوەیە:

أ- دەستەی گشتی: بە سەرۆکایەتی سەرۆکی دادگای پێدچوونەوە، یان یەکێك لە جێگرەکانی، یان کۆنترین دادوەر لە کاتێ ئەوانی دیکە ئامادە نەبن، یان بوونی بەربەستێکی یاسایی لە هاوکاری کردنیان تیایداو بە ئەندامێتی جێگرەکانی و هەموو دادوەرە کاراکاندا تێیدا گرێ دەدرێ و تایبەتمەندە بە بینینی ئەمانەی خوارەوە.

1- ئەو داوایانەی حوکمی لە سێدارەدانی تێدا دەرکراوە.

2- یەکلا کردنەوەی ئەو کێشەیەی دەکەوێتە نێوان هاو دژیی حوکم و بڕیارەکانی دادگای پێداچوونەوە دەری کردوون.

3- ئەوەی لە یەکێك لە دەستەکانی دیکەوە بۆی دەنێردرێت، ئەگەر پاشگەز بوونەوەی لە پرەنسیپێك بینی کە لە حوکمەکانی پێشتر بڕیاری لەسەر دابوو.

**ب- دەستەی فراوان:** بە سەرۆكایەتی سەرۆكی دادگای پێداچوونەوە، یان كۆنترین جێگرەكانی، یان كۆنترین دادوەرتیایدا لە كاتی ئامادە نەبوونی ئەوانی دیكە، یان بوونی بەربەرستێكی یاسایی لە هاوكاری كردنیان تێیداو بەئەندامێتی كەمتر نەبێت لە شەش لە دادوەرانی گرێ دەدرێ و تایبەتمەندە بە بینینی ئەمانەی خوارەوە:

1- بوونی ناكۆكی لەسەر جێبەجێ كردنی دوو بڕیاری كە پلەی بنەبڕیان وەرگرتبێ دژبەیەك بن و سەبارەت بە یەك بابەت دەركرابن، ئەگەر لە نێوان ناكۆكیەكان خۆیان بن، یان یەكێكیان لایەن بێت لە دوو بڕیارەكەدا و پەسەند كردنی یەكێك لە بڕیارەكان و بڕیاردان بە جێبەجێ كردنی نەوەك بڕیارەكەی دیكەیان بۆ سەرۆكی دادگای پێداچوونەوە هەیە جێبەجێ كردنی هەردوو بڕیارە ناكۆكەكان بوەستێنێ تا بڕیارەكەی پێداچوونەوە دەردەچێ.

2- ئەو ناكۆكیانەی دەكەوێتە نێوان دوو دادگا سەبارەت بە دەستنیشان كردنی تایبەتمەندی لە بینینی داوایەكدا.

3- ئەو حوكم و بڕیارانەی سەرۆك ڕەوانەی دەكات، بەپێی یاسا دەكەوێتە بەر تایبەتمەندی دادگاكەوە، كە بەهۆیەوە ئەو حوكم و بڕیارانە دەركراون، بۆ ئەوەی دەست بەكار بێت تیایدا.

**ج- دەستەی مەدەنی:** تایبەتمەندە بەو حوكم و بڕیارانەی لە داوا مەدەنیەكان دەركراون و مادده جۆراو جۆرەكانی دیكەی لە دادگا و لیژنەكان بەپێی حوكمەكانی یاسا دەركراون.

**د- دەستەی باری كەسایەتی:** تایبەتمەندە بە بینینی حوكم و بڕیارەكانی لە دادگای باری كەسایەتی و ماددەكانی كەسایەتی بەپێی حوكمەكانی یاسا دەركراوە.

**هـ- دەستەی سزایی:** تایبەتمەندە بە بینینی حوكم و بڕیارەكانی لە داوا سزاییەكان، بەپێی حوكمەكانی یاسا دەركراون.

**دووەم:** هەریەك لە دەستەی مەدەنی و دەستەی باری كەسایەتی و دەستەی سزایی بە سەرۆكایەتی یەكێك لە جێگرەكانی سەرۆك، یان ئەوەی هەڵیدەبژێرێ لە دەستەی سەرۆكایەتی و ئەندامێتی بەلای كەمی دوو لە دادوەرانی دادگا گرێ دەدرێ.

**سێیەم:** دەستەی مەدەنی بە سەرۆكایەتی یەكێك لە جێگرەكانی سەرۆك و ئەندامێتی بەلای كەمی چوار لە دادوەرانی دادگا گرێ دەدرێ، كاتێ تەماشای ئەو حوكمانە دەكات، كە لەدادگای تێهەڵچوونەوە دەردەچن، هەروەها بەهەمان شێوە سەبارەت بە دەستەی سزایی كاتێ تەماشای حوكم و بڕیارەكانی لە دادگای گەورە تاوانەكان بە سیفەتی ئەسڵی دەكات.

**چوارەم:**

أ- دەكرێ دەستەی دیكە بە بڕیاری دەستەی سەرۆكایەتی دابمەزرێ.

ب- دەستەی سەرۆكایەتی لە سەرۆكی دادگای پێداچوونەوەو هەردوو جێگرەكەی پێك دێت، لە حاڵەتی ئامادە نەبوونی یەكێكیان كۆنترین دادوەری دادگا شوێنی دەگرێتەوە.

**بەڕێز عونى كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الحادية عشرة: أولاً/ تكون هيئات محكمة التمييز كمايلي:

أ- الهيئة العامة: وتنعقد برئاسة رئيس محكمة التمييز أو احد نوابه أو أقدم قاض فيها عند غيابهم أو وجود مانع قانوني في اشتراكهم فيها وعضوية نوابه والقضاة العاملين فيها كافة وتختص بالنظر فيما يأتي:

1- الدعاوى التي صدر فيها حكم بالإعدام.

2- الفصل في النزاع الذي يقع حول تعارض الأحكام والقرارات الصادرة من محكمة التمييز.

3- ما يحال عليها من احدى الهيئات اذا رأت العدول عن مبدأ قررته أحكام سابقة.

ب- الهيئة الموسعة: وتنعقد برئاسة رئيس محكمة التمييز أو أقدم نوابه أو أقدم قاض فيها عند غيابهم أو وجود مانع قانوني من اشتراكهم فيها وعضوية مالا يقل عن ستة من قضاتها وتختص بالنظر فيما يأتي:

1- النزاع الحاصل حول تنفيذ حكمين مكتسبين الدرجة القطعية متناقضين صادرين في موضوع واحد اذا كان بين الخصوم أنفسهم أو كان أحدهم طرفاً في هذين الحكمين وترجيح أحد الحكمين وتقرير تنفيذه دون الحكم الاخر ولرئيس محكمة التمييز وقف تنفيذ الحكمين المتناقضين لحين صدور القرار التمييزى.

2- النزاع الحاصل حول تعيين الاختصاص في نظر الدعوى الذي يقع بين المحكمتين.

3- ما يحيله عليها الرئيس للبت فيه من احكام وقرارات تقع ضمن اختصاص المحكمة وفقاً للقانون الذي صدرت بموجبه تلك الأحكام والقرارات.

ج- الهيئة المدنية: وتختص بالنظر في الأحكام والقرارات الصادرة في الدعاوى المدنية والمواد المتفرقة الأخرى الصادرة من المحاكم واللجان وفقاً لأحكام القانون.

د- هيئة الأحوال الشخصية: وتختص بالنظر في الأحكام والقرارات الصادرة من محاكم الأحوال الشخصية والمواد الشخصية طبقاً لأحكام القانون.

هـ- الهيئة الجزائية: وتختص بالنظر في الأحكام والقرارات الصادرة في الدعاوي الجزائية وفقاً لأحكام القانون.

ثانياً/ تنعقد كل من الهيئة المدنية وهيئة الأحوال الشخصية والهيئة الجزائية برئاسة أحد نواب الرئيس أو من تختاره هيئة الرئاسة وعضوية اثنين من قضاة المحكمة على الأقل.

ثالثاً/ تنعقد الهيئة المدنية برئاسة أحد نواب الرئيس وعضوية أربعة من قضاة المحكمة على الأقل عندما تنظر في الأحكام الصادرة من محاكم الاستئناف وكذلك الحال بالنسبة للهيئة الجزائية عندما تنظر في أحكام وقرارات محاكم الجنايات بصفته الاصلية.

رابعاً/ أ- يجوز تشكيل هيئات أخرى بقرار من هيئة الرئاسة.

ب- تألف هيئة الرئاسة من رئيس محكمة التمييز ونوابه وفي حالة غياب أحدهم يحل محله أقدم قاض في المحكمة.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الحادية عشرة: تقترح اللجنة:

- اضافة نقطة رابعة الى (الهيئة العامة أ- )كالآتي:

4- ماينص عليه القوانين الاخرى)، ئەوە مومكینە لە موستەقبەل قەوانینی تر دەربچێت ئیمكان هەیە ئیحالەی ئیختیصاصاتی ئەم هەیئەیە بكرێت، فەقەرەیەكی تر:

- اعادة صياغة النقطة /2 من (الهيئة الموسعة ب-) كالآتي:

2- النزاع الحاصل بين محكمتين حول تعيين الاختصاص في نظر الدعوى)، ئەمەش بە حەقیقەت صیاغەی فەقەرەیە فەقەت.

- اضافة هيئة جديدة الى المادة كالآتي:

الهيئة الزراعية وتختص بالنظر في الاحكام والقرارات الصادرة عن لجان الاراضي والاستيلاء.

حيث ان هذه الهيئة كانت موجودة في قانون السلطة القضائية رقم 14 لسنة 1992، و يتوقع تزايد دعاوى لجان الأراضي و الإستيلاء في الاقليم للتغيرات التي طرأت عليه بعد تحرير العراق.

- اضافة عبارة (والهيئة الزراعية) بعد (والهيئة الجزائية) في الفقرة ثانياً في نفس المادة تبعاً لما قد تتم اضافتها كهيئة أخرى لمحكمة التمييز باعتبارها تنعقد هي الأخرى مما لا يقل عن ثلاثة قضاة.

اعادة صياغة الفقرة ثالثاً في نفس المادة كالآتي:

تنعقد الهيئة المدنية برئاسة احد نواب الرئيس وعضوية اربعة من قضاة المحكمة على الاقل عندما تنظر في الاحكام الصادرة من محاكم الاستئناف بصفتها الاصلية وكذلك الحال بالنسبة للهيئة الجزائية عندما تنظر في احكام وقرارات محاكم الجنايات.

ئەمەش تەنها ئەوەندە ئیزافە كراوە مەحاكمی ئیستیئناف بە سیفەتی ئەسڵی كە تەماشای دەكات، چونكە ئەگەر بە سیفەتی تەمییزی تەماشای بكات فەرقی هەیە.

ئەوە بەڕاستی كورتەی ئەو ئیزافات و ئەو ئیعادەی صیاغەیە كە لە لایەن لیژنەی یاساییەوە كراوە.

دووەمین/ رەئیش رەئی ئێوەو رەئی ئەندامانی پەرلەمانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو موقتەرەحاتی لیژنەی یاسایی هەمووی بەجێنە، (تنص علیە القوانین)، نەك (ینص) عەرەبیەكەی چاك بكەنەوە، كەس قسەی هەیە لەسەر هینەكان، كاك حاكم نورالدین فەرموو.

**بەڕێز حاكم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆكی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وابزانم ئەو ماددانە ئەگەر پەسند كرا بە لوغەی عەرەبی و كوردیەكەی پەسند دەكرێت بەو تەرجەمەیە، لە زمانی كوردی هات سەرۆكی دادگاو جێگرەكانی و كۆنترین دادوەر وشەی لە قیدەمەوە هاتووە، قیدەم بە كۆنترین ناگوترێت، پێی دەگوترێت پێشترین، ئەگەر بڵێین پێشترین دادوەر، یان بەرزترین پلە دادوەر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیختیلاف هەبوو لەنێوان زمانی کوردی و عەرەبی، عەرەبیەکە ئەساسە، کوردیەکەی چاك دەکەینەوە، کاك غەفور فەرمووە نوقتەی نیزامیت چیە.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە زۆربەی یاساکان کە گفتوگۆ دەکرا وەزیری تایبەتمەند کە ئامادە دەبوو، بەڕێوەبەری گشتی، یان راوێژکار، یان هەر بەشێك کە رەئیەکەی خۆی بۆ وەزیری تایبەتمەند دەگوت، وەزیر رەئیەکەی عەرزی سەر پەرلەمان دەکرد، بەلاّم ئەوەی کە من لێرە تێبینی دەکەم بەڕێز کاك حاکم نورالدین ئەو رەئیەکان پێشکەش بە پەرلەمان دەکات، ئوصولیەن وابزانم دەبێت بیدات بە وەزیری داد، وەزیری داد دەبێت رەئیەکان بداتەوە پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عەونی وەلاّمتان چیە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت مولاحەزاتی کاك غەفور، بەڕێز حاکم نورالدین ئێستا جێگری سەرۆکی دادگای تەمییزە لە کوردستان و جێگری سەرۆکی مەجلیسی قەزایە، واتا ئەو بۆی هەیە موناقەشە بکات، خاصەتەن قانونەکە تایبەتە بە ئەو، ئەوە یەك.

پێشنیارێکم هەیە ئەگەر لێم قەبول بکرێت، لە سێیەم لە ماددەی دە کەلیمەی (بصفه اصلیه) لابچێتن، چونکە مەحکەمەی تەمیز بۆی هەیە تەدەخولی هەموو قەراراتێك بکات، ئەگەر هاتوو قەرارێك خەرقی قانون کرا بەپێی ماددەی (264) لە قانونی ئوصول موحاکەمات جەزائی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عەونی ئێمە دەنگمان بۆ ئەو ماددەیە دا، کاك شێروان فەرمووە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەی تەدەخولی تەمییزی مەسەلەیەکە، مەسەلەی بینینی دەعوا لە لایەنی ئیستیئنافەوە بە سیفەتێکی ئەسڵی و بە سیفەتێکی تەمییزی مەسەلەیەکی ترە، ئێمە ئەوەی مەبەستمانە ئەو دەعوایانەی کە لە ئیستیئنافەوە دەبینرێت بە سیفەتێکی ئەسڵی، نەك بە سیفەتێکی تەمییزی، چونکە سیفەتی تەمییزی کە وەرگرت لەویَ دەرەجەی قەتعی وەردەگرێت بەڕاستی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك نورالدین و کاك فاروق رەئیان لەسەر ئەو دوو ئیختیلافەی ناو لیژنەی قانونی چیە فەرمووە.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بـه سـیفەی ئەسڵی مەحكەمـەی ئیستیئناف، بـە سـیفەی ئەسـڵی دەعـاوی حقـوقی دەمێنێـت، بـە سـیفەی تەمییزی دوو هەیئەی هەیـە، هەیئـەی تـەمیزی مـەدەنی و هەیئـەی جـەزائی، ئـەوە سـیفەتی مەحكەمـەی تەمیز وەردەگرێت لەوێ قەرارەكانیش باتتە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەواتە لەگەڵ ئەسڵی پرۆژەكەیە، كاك سەعدەدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوە لە (الهیئة العامة: وتنعقد برئاسة رئیس محكمة التمییز أو احد نوابه أو أقدم قاض فیها عند غیابهما) نەك (عند غیابهم) غەڵەتە، من یەك پرسیارم لە لیژنەی قانونی هەیە ئەگەر فەرقێكمان بۆ بكەن لە بەینی ئیشەكانی هەیئەی عامەو ئیشەكانی هەیئەی موەسەعە، چونكە ئەگەر تەماشا بكەین لە هەیئەی عامە (صدر فیها حكم بالإعدام) یان (القرارات الصادرة من محكمة التمییز او ما یحال علیها) لە كوێ (من احدی الهیئات) لە هەیئەی موەسعە دیسان دوو (احكامي متعارض محكمتین) یەعنی هەردووكی لە دەرەجەی قەتعیدا هەبوو، یەعنی هەردوو مەحكەمە لە دەرەجەی قەتعیدا هەبوو، یان (او یحال علیها رئیس) یەعنی هەموو ئیشەكان (البت في القرارات)ە، نازانم یەعنی بۆ وا تەخصیص كراوە لەنێوان هەیئەی عامەو هەیئەی موەسعە، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لەناحیەی زمانیەوانیەكە، تەبعەن ئەگەر نەصی ناحیە قانونیەكە وەربگرین، نەصی نحوی بۆ ئەحەدەكە دەگەڕێتەوە دەبێت بڵێی (عند غیابهما)، بەڵام چونكە نوابە دوو نائیبە، بەس لێرە ئەوها بڵێی بۆ ئەوەی هەردوو نائیبەكەی بگرێتەوە باشترە، ئەگەر وەڵامێكی كاك سەعدەدین بدەن بۆ ئەو ئیستیفساراتەی كە كردی، كاك عەونی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مەشروعەكە زۆر وازیحە، سەلاحیاتی هەیئەی عامە بە وازیحی دیار كراوە، دەڵێ (وتختص بالنظر فیما یأتي:

1- الدعاوی التي صدر فیها حكم بالإعدام.

2- الفصل في النزاع الذي یقع حول تعارض الأحكام والقرارات الصادرة من محكمة التمییز.

3- ما یحال علیها من احدی الهیئات اذا رأت العدول عن مبدأ قررته أحكام سابقة)، مەحكەمەی تەمییز ئێستا تەشكیلاتی لە كوردستان پازدە كەسن سەرۆك و چواردە ئەندام، ئەوە هەیئەی عامە تەشكیل دەكرێت بەوانە بەكۆی ئەوانە، هەیئەی موسعە كە لە فەقەرەی (ب) دیار كراوەو سەلاحیاتی چیە لە شەش كەس كەمتر نابێت ببێت (الهیئة الموسعة: وتنعقد برئاسة رئیس محكمة التمییز أو أقدم نوابه أو أقدم قاض فیها

عند غيابهم أو وجود مانع قانوني من اشتراكهم فيها وعضوية مالا يقل عن ستة من قضاتها)، واتا عەدەديان كەمترە، هەيئەی عامە شاملە هەموو هەيئەی مەحكەمەكەيە، هەيئەی موەسەعە ئەو هەيئەيە كە لێرە بەديار كراوە، سەلاحيەتەكانيش بەنيسبەت حوكمی ئيعدام ئەوە سەلاحيات ئيعدام عايدی هەيئەی عامەيە، يەك لە هەيئەكانی مەحكەمەی تەمييز مەبدەئێكی تەسبيت كردووە، دوايیّ لە مەبدەئی خۆيان گەڕانەوە، ئەوە ئيحالەی هەيئە عامە دەكرێت تا تەسبيتی مەبدەئەكان بكرێت، تاكو تەعاروز نەبێت قەرارەتەكان كە لە مەحكەمەی تەمييز دەردێت هەمووی بەشێوەيەكی موعەين دەربێت نەسەقێكی هەبێت، چونكە نابێت قەرارات لە مەحاكمی تەمييز بەتايبەتی كە بالآترين دەستەری دادوەرييە لە كوردستان زوو زوو گۆڕانكاری لەسەر بكرێت، مەبدەئەكان زوو زووە بگۆڕێت، بلّیّ تەناقوز دەبێتن، ئێستا بلّێين سالّی 2007ە قەرارێكيان داوە تەقريبەن دەبێت قەرارەكان موتەناسيب بێت و موتەجانيس بێت لەگەلّ قەرارەتەكانی پێشوو كە دراوە دوو، سیّ سالّ پێش ئێستا، بەلاّم بلّێی دە سالّ پێش ئێستا قەرارێك دراوە، بۆيان هەيە ئێستا بگەڕێنەوە لە رەئی خۆيان، ئەگەر موخالەفەی نەصێكی قانونی سەريح نەكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەو ماددەيە لەبەر رۆشنايی موقتەرەحی ليژنەی قانونی دەيخەمە دەنگدانەوە، كیّ لەگەلّدايە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كیّ لەگەلّدا نييە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەرگيرا، بڕۆ بۆ ماددەی دوازدە تكايە.

**بەڕێز كريم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی دوازدەهەم:

يەكەم: هەلّبژاردنی سەرۆكی دەستەكان لە سەرەتای هەموو سالّێك بە بڕياری دەستەی سەرۆكايەتی دەبێت, لە حالّەتی ناديارى هەريەكێكيان پێشترين دادوەری دادگا شوێنی دەگرێتەوە.

دووەم: هەموو دەستەكان بە دەستەی فراوانيشەوە لە سەرەتای هەموو سالّێك بە بڕياری دەستەی سەرۆكايەتی پێك دێت و ئەندامی دەستەكە ناگۆڕێت تەنيا ئەگەر پێويست بێت و بەهەمان رێگاوە دەبێت.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثانية عشرة:

اولاً: يجري اختيار رؤساء الهيئات في بداية كل سنة بقرار من هيئة الرئاسة وفي حالة غياب احدهم يحل محله اقدم قاضي في المحكمة.

ثانياً: يتم تشكيل الهيئات بما في ذلك الهيئة الموسعة في بداية كل سنة بقرار من هيئة الرئاسة ولا يستبدل عضو الهيئة الا اذا اقتضت الضرورة بذلك و بالطريقة ذاتها.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی هەردوو بڕگەكەین، بەڵام هەردوو بڕگەمان دەمج كردووە بۆ یەك بڕگە ئەویش ماددەی دوازدەیە بەو شێوەیەی كە بۆتان دەخوێنمەوە:

یتم تشكیل هیئات المحكمة بما فیها الهیئة الموسعة وتسمیة رؤسائها واعضاءها في بدایة كل سنة بقرار من هیئة الرئاسة وعند غیاب احدهم یحل محله اقدم قاضي ولا یغیر الأعضاء الا اذا اقتضت الضرورة ذلك وبالطریقة ذاتها)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك ئارام قسەی هەیە فەرموو.

**بەڕێز ارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لە ماددەی پێشەم چەند دەستەیەكمان دامەزراند، لە ماددەی دوازدەهەمیش ئاماژە بە هەڵبژاردنی سەرۆكی دەستەكان دەكات، جائیزە لەو دەستانە كە هەڵدەبژێردرێن دادوەرێك لە چەند دەستەیەك بەشدار بێت، من بەباشی دەزانم ئێمە لێرە بڕگەیەك ئیزافە بكەین بۆ دەست نیشان كردنی ماوەی كۆبوونەوەی ئەو دەستانە، بۆ ئەوەی بەهۆی پڕكاری دادوەرەكان لە چەند دەستەیەكدا، ئیمكانە دەستەیەك مەجالی كۆبوونەوەكەی بۆ چوار هەفتە، یان بۆ مودەیەك دوابكەوێت، بۆیە من بەباشی دەزانم لێرە بڕگەیەك ئیزافە بكەین، كە هەموو دەستەكان بە دەستەی فراوانیشەوە ماوەی كۆبوونەوەكانیان لە دوو هەفتە كەمتر نەبێت، یان مەجالێك كە خۆیان بەباشی بزانن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە ئیختیصاصی رەئیسی مەحكەمەیە، دەتوانێت ئەو هینی بكاتن بە قانون بیكەیت تەقیدی دەكەیت، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستا من تێگەیشتم بەوەی كە سەرۆكی دەستەكان هەموو سەرەتای ساڵێك بە بڕیارێك دەستەی سەرۆكایەتی دەبێت، بەڵام دەستەی سەرۆكایەتی پێوەرەكانی و چۆن هەڵدەبژێردرێن، ئەمانە تیا دیار نییە، یەعنی ئەوە لە كوێ هەڵدەبژێردرێت؟ لەلای كوێ هەڵدەبژێردرێت و بڕیاری لێ دەدات، چۆن چۆنیە ئەوە دیار نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆیان تەقدیری دەكەن، لێرەش هەیە شەرحی كردووە، دەڵێ دەبێت ئیختیصاص هەبێت، ئەوەندە خزمەتی هەبێت، فەرموو كاك حاكم نورالدین وەڵامی بدەوە.

**بەڕێز حاكم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆكی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی پێشی کە فەقەرەی چوار (يجوز تشكيل هيئات اخرى بقرار هيئة الرئاسة: ب- تؤلف هيئة الرئاسة من رئيس محكمة التمييز ونوابه وفي حالة غياب احدهم يحل محله اقدم قاضي في المحكمة)، ئەوە هەیئەتی ریئاسە قانون تەشکیلی کردووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارەکەی سۆزان خان ئەوە نەبوو، سۆزان خان دەڵێ لەسەر چ ئەساسێك، چ تەقیمێك ئەوانە دادەنرێت، کێ تەقیمیان دەکات.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەندامانی تەمییز تەبعەن هەر کەسێك دابەش ئەکرێت بەسەر دەستەکاندا، ئەوەش دەستەکان هەیئەتی ریئاسەتێك تەشکیلیان دەکات و هەموو ئەندامێك تەبیعی کارێکی پێ دەسپێرێت تەقیمەکە لەوەیە دابەش دەکرێتە سەر دەستەکان، هەئیەتی ریئاسە قانون تەشکیلی کردووە، لە رەئیسی مەحکەمەو نائیبەکانی و ئەمە هەیئەتی ریئاسەیە، لە مەنصەب تەبعەن هەموو حاکمێك مەنصەب بە قیدەمە دابەش کردنەکەی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەقصەدی سۆزان خان ئەوەیە کێ تەقیمیان دەکات، پێوەری تەقیم، لەسەر چ ئەساسێك، چ مقیاسێك تەقیم دەکرێن، هەیە نووسراوە لە شوێنێکی تر.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن من کە ئەم قسەیە دەکەم هەڵبەتە مەبەستێکم هەیە، ئێستا زۆربەی گلەییەکان ئەوەیە لە هەموو شوێنێکدا دامەزراندن لەسەر ئەساسی حزبایەتیە، قوربەسەریەکە لەوە دایە، ئەگەر لە مەحکەمەی تەمییزدا دانانی دەستەی سەرۆکایەتی لەسەر ئەو ئەساسە بێت، من بەس مەبەستم ئەوەیە، ئەگینا هیچ مەبەستێکی ترم نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێ پێش هەموو شتێك ئەو قانونە دێینە سەری، دەڵێ ئەوەی ببێتە حاکمیش نەك هەر ئەوە، نابێت لە سیاسەت ئیش بکات، ئەوە یەك.

دووش/ ئەگەر تەماشا بکەن لە دامەزراندنی مەحکەمەی تەمییزی ئەمجارە حزبەکان حەریس بوون لەسەر ئەوەی خەڵکی وا هەڵبژێرن حزبی نەبن، ئەوەندەی بکرێت بێ لایەن بن، لەبەر ئەوە زۆر بە ئاسانی ئیتیفاقی لەسەر کرا، کێ بوون ئەوانە سەرۆك، جێگر، کێ بوون، ئەندامەکان کێ بوون، پێوەرەکە ئەوە بوو ئایا لە حاکمیدا سجلی حاکمی چۆن بووە، تەقیمی خەڵك بۆی چۆنە، نەزاهەتی چۆن بووە، عیلمەکەی لە قانوندا چۆن بووە، لەبەر ئەوە کۆسپێك نەهاتە پێش، پێم وایە هەر لەسەر ئەو ئەساسە دەبێت کە خەڵکی

بێ لایەن بێت، بێ لایەن مەقصەدم لەوە دایە لە قەراردان، لەو لەحەزەیەی کە دەبێتە حاکم نابێت حزبایەتیش بکاتن، نابێت سیاسەتیش بکات، فەرمووو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەوزیحێکم هەیە بەڕاستی ئەوەی من بۆی دەچم بەو شکلەیە، هەیئەی ریئاسە دەڵێ لە رەئیس مەحکەمەی تەمییز و نائیبەکەی (في حالة غياب احدهم يحل محله اقدم قاضي) رەئیسی مەحکەمەی تەمییز پێوەرەکانی دیاری کراوە لەناو قانونەکە، نائیبەکان پێوەرەکانیان دیاری کراوە، ئەقدەم قازیش مەعلومە پاشی ئەو دووەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەرۆکی مەجلیسی قەزا بەرنامەیەك لەگەڵ جێگرەکانی، لەگەڵ ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی قەزا ئەوان هینیان دەکەن، دادەنیشن تەقیمی کەسێك دەکەن و ئیتیفاقی لەسەر دەکەن و دایدەنێن، کاك سەعدەدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدين عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی سی و پێنج باسی تەعینی قوزات دەکات دەتوانێت بگەڕێتەوەو پێوەرەکانی هەمووی دیاری کراوەو کاك شێروانیش باسی کرد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ژمارەی ماددەکەم لە بیر نەبوو، بەڵام گوتم تێیدایە، بەس نەمدەزانی سی وپێنجە سوپاست دەکەم، موقتەرەحی لیژنەی یاسایی کە هەردوو بڕگەکەی کردە یەك بە هەموو ماناکانەوە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، کە من دەڵێم موقتەرەحی لیژنەی یاسایی بە مانای ئەوەیە کە دەسەڵاتی قەزاش کە ئێستا مەحکەمەی تەمییزە بە رەئی ئەوان گەیشتینە ئەو ئیتیفاقە، یەعنی ئیعتیرازیان نییە، ماددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سێزدەهەم: یەکەم: دەسەڵاتی سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە ئەمانەن:

1- بەڕێوەبردنی دادگا.

2- سەرۆکایەتی دەستەی سەرۆکایەتی.

3- سەرۆکایەتی دەستەی گشتی و دەستەی فراوان و هەر دەستەیەك لە دەستەکانی دادگای پێداچوونەوە.

4- پشکنینی کارەکانی دادگای پێداچوونەوە.

5- ڕەوانە کردنی ئەو تانووتانەی پێشکەش بە دادگا دەکرێت، بۆ وەرگرتنی ڕەسم و سپاردەکان و (امانات)و تۆمار کردنیان.

6- مۆڵەتدان بە دادوەرانی دادگا و فەرمانبەرەکانی.

7- بەرز کردنەوەی ڕاپۆرتی ساڵانە دەربارەی فەرمانبەران.

8- ئیمزا کردنی نووسراوە فەرمیەکانی بۆ وەزارەتەکان دەنێردرێن.

دووەم: دەسەڵاتەکانی پێشترین جێگری سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە ئەمانەن:

1- ئەنجامدانی کارەکانی سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە لە کاتی نادیاریدا.

2- سەرۆکایەتی کردنی دەستەیەك، یان زیاتر لە دەستەکانی دادگای پێداچوونەوە.

3- بەشداری کردن لە دەستەی سەرۆکایەتی.

4- ئیمزا کردنی نووسراوەکانی گەڕاندنەوەی دۆسیەی داوا یەکلاکراوەکان هاوپێچ بە بڕیارەکانی دادگای پێداچوونەوە.

5- ئەو دەسەڵاتانەی دیکەی کە سەرۆك ڕێی پێدەدات.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة عشرة: أولاً: تكون صلاحيات رئيس محكمة التمييز كما تأتي:

1- ادارة المحكمة

2- رئاسة هيئة الرئاسة.

3- رئاسة الهيئة العامة والهيئة الموسعة او أية هيئة من هيئات محكمة التمييز.

4- تفتيش أعمال محكمة التمييز.

5- احالة الطعون التي تقدم الى المحكمة لاستيفاء الرسوم والأمانات وتسجيلها.

6- منح الاجازات لقضاة المحكمة ومنتسبيها.

7- رفع التقارير السنوية عن الموظفين.

8- توقيع المخابرات الرسمية الى الوزارات.

ثانياً : تكون صلاحيات النائب الأقدم لرئيس محكمة التمييز كمايلي:

1- القيام بأعمال رئيس محكمة التمييز عند غيابه.

2- رئاسة هيئة أو أكثر من هيئات محكمة التمييز.

3- الاشتراك في هيئة الرئاسة.

4- توقيع كتب اعادة أضابير الدعاوى المحسومة مرفقة بقرارات محكمة التمييز.

5- ما يخوله الرئيس من صلاحيات أخرى.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، بەڵام چەند مولاحەزەیەکی بەسیتمان هەیە، هەندێك گۆڕانکارمان کردووە بەم شێوەیەی کە بۆتان دەخوێندرێتەوە:

المادة الثالثة عشرة : تقترح اللجنة اجراء التعديلات التالية على الفقرات المبينة أدناه:

اولا:6- تبديل كلمة (موظفيها) بكلمة (منتسبيها) لكي يشمل العمال والمستخدمين العاملين فيها.

اولا:7- اضافة عبارة (الى مجلس القضاء) الى نهاية الفقرة.

ثانيا:3- حذف الفقرة لكونها من تحصيل الحاصل.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم لیژنەی قانونی موقتەرەحەکەی ئەوەیە سەلاحیەتی نائیبی ئەقدەم پێویست ناکاتن، لەبەر ئەوەی لە ماددەی پێشوودا زۆر ئاماژەی پێ کراوەو شەرح کراوە.

دووەمینش/ لە شەشەم مونتەسیب بێت نەك موەزەفین، ئەی باشە حەوتەم، حەوتەمیش دەبێت مونتەسیبین بێت، کەواتە شەشەم و حەوتەم لە جیاتی (موظفيها) بکرێتە (منتسبيها) بکرێت، پێشتر کاك فاروق وەزیری داد قسەی هەیە فەرموو.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەر لەسەر فەقەرەی هەشت دەڵێ (توقيع المخابرات الرسمية الى الوزارات) تەبیعی ئەنجومەنی قەزائی کە سەربەخۆ بێت، مانای وایە حەقی هەیە بۆ ریئاسەتی ئەنجومەنی وەزیرانیش ئەوەی بنێرێتن، بە رەئی من کەلیمەی وەزارەت حەزف بکرێت (توقيع المخابرات الرسمية)، چونکە خۆی سەر بە وەزارەتی عەدل نامێنێت، تاکو بۆ وەزارەتی عەدل بنووسین، ئینجا بۆ ئەوەی بنووسین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر کەلیمەی وەزارەتەکە لابدرێت، وایە راستە مولاحەزەیەکی بەجێیە (توقيع المخابرات الرسمية) کافییە، کاك عەبدولڕەحمان فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت بڕگەی چوارەوە دەڵێ (پشکنینی کارەکانی دادگای پێداچوونەوە) ئەوەشی بۆ زیاد بکرێت (هەروەها دادگاکانی تریش)، لەبەر ئەوەی سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەریشە، با دادگاکانی تریش هەست بە لێپرسینەوە بکەن، ئەوە شتێکی باشە بۆی ئیزافە بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە تەعاروز ناکات لەگەڵ مەسئوولیەتی رەئیسی مەحکەمەی ئیستیئناف و موفەتیشی عام و هەیئەی ئیشرافی عەدلیە، زۆر شتی هەیە، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا ئێمە هەیئەی ئیشرافی قەزائیشمان دروست کردووە لێرە لەو قانونە بەڕاستی، هەیئەی ئیشرافی قەزائی، ئیشراف کردنە لەسەر هەموو مەحاکمەکان، ئەو دەسەلاتەش بەڕاستی مەحکەمەی تەمییز وەرگرێت، بەس مەحکەمەی تەمییز لە نیتاقی خۆی زۆر تەبیعییە ئەو کارە بکات، تەفتیشیش دائیرەی ئیشرافی قەزائی ئەوە دەیکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک زانا فەرمووە.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە روونکردنەوەکەی جەنابت وابزانم بە هەڵە لە راپۆرتی لیژنەی یاسایی حاڵی بووی، فەرمووت ئەوان کە دەڵێین سەلاحیەتی نائیبی ئەقدەم باس نەکرێت، نەخێر، ئێمە لە راپۆرتەکە دەڵێین فەقەرەی سێیەمی کە دەڵێت (الاشتراك في هيئة الرئاسة)، ئەوە باس نەکرێت، چونکە تەحصیل حاصلە، نەمانگوتووە دووەم هەمووی باس نەکرێت، لەناو دووەم رەقەم سێ (3- الاشتراك في هيئة الرئاسة) راپۆرتی لیژنەی یاسایی دەڵێ ئەوە زیادە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مولاحەزەکەت زۆر بە جێیە، بەس دیارە من رەئی خۆم بووە، بۆیە تێکەڵم کردووە، چونکە نائیبی رەئیس هەمووی هاتووە لە ماددەی پێشتر، راست دەکەیت لیژنەی یاسایی تەنیا فەقەرەی سێی حەزف کردووە (3- الاشتراك في هيئة الرئاسة)، بەلام مەسەلەکانی تریش یان تەحصیل حاصلە، یان لە ماددەی پێشوودا هاتووە، سۆزان خان فەرمووە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن من زۆر دڵم خۆشە کە دەڵێین ئەوە قەزا جیا بێتەوەو ئەم شتانە، بەلام شتێکی زۆر سەیر دەبینم لێرەدا، مەعقولە سەرۆکی مەحکەمەی تەمییز هیچ ئیش و کاری نەبێت مەنحی ئیجازەکە بدات بە موەزەفەکانی، ئەوە هیچ مەعقول نییە، ئێمە خوا خوامانە ئیشەکانی خۆی بکات، ئەمە یەك.

دوو/ (رفع التقارير السنوية عن الموظفين) خۆی دەبێت هەڵسەنگاندن هەبێت، ئەو بۆ رەفعی تەقریر بکات، بۆ کوێشی بکات، ئەوەش روون نییە لەلای من.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**هەرێمی کوردستان - عێراق**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان - عێراق**

# پرۆتۆکۆلەکان

# 43

سالی/ 2007 – بەرگی چل و سێ

---

چاپی یەکەم/ سالی 2008

# پێڕیست

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (2) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/9/11 ل5

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (3) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/9/12 ل75

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (4) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/9/17 ل129

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (5) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/9/18 ل189

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (6) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/9/19 ل225

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (7) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/9/25 ل293

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (8) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/9/26 ل343

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (9) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/10/2 ل371

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (10) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/10/3 ل429

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (11) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/10/9 ل483

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (12) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/10/17 ل531

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (13) خولی دووەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2007/10/18 ل579

دەكەم هەموومان بەشدار بين لەو نيو مليۆنە، بەڵام ئەوەی زياتر ئيمكانی هەيە بە تەئكيد سوپاسيشی دەكەين و دەستخۆشيشی لێ دەكەين، داوا دەكەين نموونەی زياد بێتن، نەك وەكو سەرۆكی حزب و شتی وا نموونەی زياد بێت لە تەبەروعات، ئێوە فەرموون بۆ جێگای خۆتان.

بەخێر هاتنی كاك فاروق وەزيری داد و كاك سەعد وەزير هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان دەكەين بەخێر بێن سەرچاوان، خاڵی دووەم لە بەرنامەی كار/ بەردەوامبوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی ياسای دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی كوردستان، داوا لە ليژنەی ياسايی دەكەم بێن لە شوێنی خۆيان دابنيشن، ئێمە وابزانم دوێنێ سێزدە ماددەمان تەواو كرد، ماددەی چواردە تكايە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**لقی دووەم**

**دادگاكانی تێهەڵچوونەوە**

**ماددەی چواردەهەم:**

**يەكەم: دادگای تێهەڵچوونەوە: دەستەی دادوەری باڵای دادگاكانی پارێزگايەك، يان زياترە, لە سەرۆك و چەند جێگرێكی سەرۆك و دادوەران پێك دێت, كە دەسەڵاتەكانی كە بۆی دياری كراوە، بەپێی ياسا ئەنجام دەدات.**

**دووەم: دادگاكانی تێهەڵچوونەوە بەم شێوەيە پێك دێت:**

**1- دادگاكانی تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر, لە دادگاكانی پارێزگای هەولێر پێك دێت و سەنتەرەكەی لە شاری هەولێرە.**

**2- دادگاكانی تێهەڵچوونەوەی ناوچەی دهۆك, لە دادگاكانی پارێزگای دهۆك پێك دێت و سەنتەرەكەی لە شاری دهۆكە.**

**3- دادگاكانی تێهەڵچوونەوەی ناوچەی كەركوك, لە دادگاكانی پارێزگای كەركووك پێك دێت و سەنتەرەكەی لە شاری كەركووكە.**

**4- دادگاكانی تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی, لە دادگاكانی پارێزگای سلێمانی پێك دێت و سەنتەرەكەی لە شاری سلێمانييە.**

**5- دەكرێ دادگايەكی نوێ، يان دادگاكانی تێهەڵچوونەوە دابمەزرێنێ، يان دابڕانی دادگايەك، يان زياتر لە دادگای تێهەڵچوونەوە, يان لكاندنی بە دادگايەكی تێهەڵچوونەوەی ديكە و بە بڕياری ئەنجومەنی دادوەری دەبێ.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**الفرع الثاني**

**((محاكم الإستئناف))**

**المادة الرابعة عشرة:**

**أولاً: محكمة الإستئناف: هي الهيئة القضائية العليا لمحاكم محافظة واحدة أو أكثر وتتألف من رئيس وعدد من نواب الرئيس والقضاة وتمارس الاختصاصات المعينة لها بموجب القانون.**

**ثانياً: تشكل محاكم الإستئناف على الوجه الآتي:**

1- **محكمة إستئناف منطقة أربيل وتشمل محاكم محافظة أربيل ومركزها مدينة أربيل.**

2- **محكمة إستئناف منطقة دهوك وتشمل محاكم محافظة دهوك ومركزها مدينة دهوك.**

3- **محكمة إستئناف منطقة كركوك وتشمل محاكم محافظة كركوك ومركزها مدينة كركوك.**

4- **محكمة إستئناف منطقة السليمانية وتشمل محاكم محافظة السليمانية ومركزها مدينة السلسمانية.**

5- **يجوز احداث محكمة أو أكثر في محكمة استئناف أو فك ارتباط محكمة أو أكثر من محكمة استئناف والحاقها بمحكمة استئناف اخرى بقرار من مجلس القضاء.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، بەڵام چەند تێبینیەکمان هەیە:**

**یەکەمیان/ ئەوەیە فەقەرە پێنج لە دووەم پێشنیار دەکەین ببێتە دوو برگە، بڕگەی (سێ و چوار) لە هەمان ماددە، بەم شێوەیەی کە بۆتان دەخوێنینەوە:**

**(ثالثأ: لمجلس القضاء احداث محاكم استئناف اخرى عند الحاجة.**

**رابعاً: يجوز احداث محكمة أو أكثر في محكمة استئناف أو فك ارتباط محكمة أو أكثر من محكمة استئناف و الحاقها بمحكمة استئناف اخرى بقرار من مجلس القضاء)، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی تریشەوە، ئێمە موناقەشەی محاکمی ئیستئناف دەکەین، پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە مەحاکمی ئیستئناف مورتەبیتە بە مەجلیسی قەزاوە، چ لە رووی ئیداریەوە، چ لە رووی میهەنیەوە، چ لە رووی تەنزیمیەوە، لێرەش بەڕاستی کاتی خۆی قانونی وەزارەتی داد هاتە گۆڕێ و لە ماددەکان ئیشارەت بەوە درا، کە روئەسای مەحاکمی ئیستئناف و قوزاتی مەحاکمی ئیستئناف هەمووی مەربوتە بە وەزارەتی داد، ئەمە بە حەقیقەت پاشی ئەوەی ئێمە لەگەڵ بەڕێزان سەرۆك و ئەندامانی دادگای تەمییز کۆبووینەوە، ئەوان هەموویان رەئیان بەو شێوەیە بوو، کە پێویستە ئەو رەبتە بەینی روئەسای ئیستئناف و قوزاتی مەحکەمەی ئیستئناف لەگەڵ وەزارەتی داد نەمێنێت، بەڵکو بگەڕێتەوە سەر مەجلیسی قەزا، چونکە ئێمە لە لایەك دەڵێین دەبێت دەسەڵاتەکان جیا بێت، لە لایەك مەحاکم و روئەسای مەحاکمی ئیستئناف رەبتی جیهەتێکی تەنفیزی**

دەکەین، ئەو داواکارییە لە لایەن هەموو سەرۆك و ئەندامانی دادگای تەمییز پێشکەش کرا، ئێمەش پشتگیریمان لێ کرد، هەندێ جار پێویستە ئێمە لێرە ئەو نەصە موعالەجە بکەین، ئێمە نەصێکیشمان داناوە، دوایێ بۆ ئێوەی بەڕێزی دەخوێنینەوە، دوا ڕەئیش ڕەئی ئێوەو ئەندامانی پەرلەمانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من کاك شێروان مولاحەزەیەکم هەیە، ئەویش لەسەر دووەم نووسراوە (محكمة إستئناف منطقة كركوك وتشمل محاكم محافظة كركوك ومركزها مدينة كركوك)، پێم وایە ئێستا بەو دەقەیە بنووسین تەعاروز دەکات لەگەڵ دەستووری عێراقی، پێم باشە وەکو قەوانینەکانی تر ئەوە موعالەجە بکرێتن، بڵێ (تشكل محاكم الإستئناف في مناطق المحافظات وان تكون مركزها في المحافظة)، شامل دەبێتن، ئەوە باشترە، کاك عەونی فەرمو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قانونی سوڵتەی قەزائی ڕەقەم (14) ساڵی 1992 بەو نەصەی هاتووە، ئەوەش هەر نەقلە لەوێ، هیچ گۆڕانکاری لێ نەکراوە، تەبیعی دەستووری ئیتیحادی ئیقراری بە قەوانینی کوردستان کردووە، کەواتە لەو قەوانینە ئەو قانونەش کە ئێستا لەبەر دەستمان دایە ئیقراری پێ کراوە، بەڵام پێشنیارێك تەقدیم کراوە، دەتوانین وای لێ بکەین هی جەنابی کاك حاکم نورالدینە دەڵێ (محكمة إستئناف منطقة كركوك وتشتمل محاكم محافظة كركوك ويكون مقرها بصورة مؤقتة في مدينة السليمانية لحين عودة محافظة كركوك الى ادارة الاقليم)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە مەعقولە، ئیشکالمان هین دەکاتن، کێ دەیەوێت قسە بکاتن لەسەر ماددەکەو موقتەرەحی لیژنەی یاسایی، کاك فاروق وەزیری داد فەرموو.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر موقتەرەحەکەی لیژنەی قانونی کە ئێستا کاك شێروان ئیشارەتی پێدا، پێم وایە لەگەڵ قانونی وەزارەتی عەدل کە تەصدیق کراوە، ئەوە تەناقوزات پەیدا دەکات، تەبیعی دوێنێ باسمان کرد، کە سەربەخۆیی قەزا، تەبیعی هەموو لایەکمان تەئیدی دەکەین بە تەئکید، بەڵام سەربەخۆیی قەزا ئەوها نییە، وەکو ئەو برادەرانە تەفسیریان کردووە، پێم وایە لە رووی فەرمانبەران و ئەوانە ڕەبتێك هەبێتن باشە لەنێوان وەزارەتی عەدل و ئەنجومەنی قەزائی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئاریێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە زووتر پارێزگایەکمان هەبوو بەناوی پارێزگاری کەرکووك، لە ساڵی 1992 تا 2003 هەبووە، دوای ساڵی 2003 کە کەرکووك رزگار کراوە، ئەو پارێزگایە وەکو پارێزگا نەماوە، ئێستا ئیدارەیەکی هەیە، ئیدارەی گەرمیان، یەعنی بۆ هەموو ئەو قەزایانەی کاتی خۆی لە کەرکووك دابڕاون، ناوەندەکەشی لە کەلارە، نەك لە سلێمانی، لەبەر ئەوە ئێمە دەزانین ئێستا ناوی کەرکووك بێت ئیشکالێکمان بۆ دروست دەبێتن، یەعنی رەنگە لەوێش دادگای تێهەڵچوونەوە هەیە لە کەرکووك، لێرەش بە هەمان شکل دادگایەکی تێهەڵچوونەوە لە کوردستان دروست بکەین، ئەوە یەك، ئەشکالەو ئەو ئیشکالە دروست دەبێت، ئەوە لەلایەك، لە لایەکی تریش، ئێمە هێشتا وەکو پارێزگای کەرکووك ئێستا هەمووی کێشەی لەسەرە، ماددەی 140 جێ بەجێ نەکراوە، نازانم ئێمە چۆن دەتوانین تەعامول لەگەڵ پارێزگای کەرکووك بکەین، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم هەروەکو کاك عەونیش ئیشارەتی بە ماددە قانونیەکی کۆنتردا، ئێمە کاتێك دەنووسین پارێزگای کەرکووك، یان بنووسین گەرمیان، یان بنووسین کەرکووك لەناو دوو کەوانە بنووسین (گەرمیان)، واتا مەبەستمان پارێزگای کەرکووك نییە، بەڵکو مەبەستمان ئەو قەزاو ئەو ناحیانەیە، کە لە کەرکووك دابڕاون و پێشتر پارێزگایەکی هەبووە، دواتر بۆ دروست نەبوونی ئەشکال پارێزگا نەما، بەڵام ئێستا ئیدارەیەکی ماوە، پێویستە ناوەندی دادگای تێهەڵچوونەوەکەش لە گەرمیان بێت، نەك لە سلێمانی، ئەوە یەك، چونکە مەرکەزی ئیدارەکەی ئەوێیە، سەبارەت بەوەی تریش چ پێویست دەکات ئێمە ناوی هەموو پارێزگاکان بێنین، هەولێر دەبێت بێتەوە، هەر پێشنیارەکەی جەنابت، هەر پارێزگایەك دادگایەکی تێهەڵچوونەوەی دەبێت، ئەوەی نوقتەی ئەخیریش دەسەڵاتی دادوەری دەتوانێت لە شوێنێکی تر جێی بکاتەوە، ئەو ئیشکالانەمان لە کۆڵ دەکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوانەی کە داوای قسە کردنیان کردووە بۆ ئەوەی لە لایان وازیحتر بێت، موفقتەرەحی کاك نورالدین زۆر باشە، بەڵام یەك ئیشکالی هەیە، پاش چەند مانگێکی تر کە ماددەی 140 جێ بەجێ دەکرێت، دەبێت بێین هەمواری ئەو قانونە بکەینەوە، بۆیە ئەو صیغەیەی کە من عەرزم کردوون، کاك ئاریێزیش تەئکیدی کردەوە، ئەگەر بنووسین (تشکل في کل محافظة من محافظات الاقلیم محکمة الإستئناف ویکون مقرها في مرکز المحافظة)، لە قەوانینی وەزارەتەکانی تر هەر وامان نووسیووە، مودیریات و هین و ئەوانە، ئەگەر ئەوا بێتن، سبەینێ پێویست ناکات هین بکرێتن، جەنابت رەئیت چیە کاك نورالدین فەرموو.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێك پارێزگا لەوانەیە تەشکیل بکرێت تازە، لەوانەیە پێویستی بە مەحکەمەی ئیستئناف نەکات، لەوانەیە سبەینێ سۆران ببێت بە محافەزە، پێویست ناکات لەوێ مەحکەمەی ئیستئناف بکرێتەوە، لەبەر ئەوە دەبێت لێرە بە قانون تەسمیەی مەرکەزەکە بکرێت لە کوێ دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە ئەو (1و 2و 3و 4) ئەو صیغەیەی من دەڵێم دەبێتە یەك صیغە، پێنجەم دەبێتە دووەم (یجوز احداث محكمة أو أكثر في محكمة استئناف أو فك ارتباط محكمة أو أكثر من محكمة استئناف والحاقها بمحكمة استئناف اخرى بقرار من مجلس القضاء) تۆ مەراکیزت تەسبیت کرد، ئەو وەختی مەجلیس قەزا بۆی هەیە بەپێی ئەو قانونە هین بکاتن، یەعنی موقتەرەحەکە ئەوەیە ئەو چوار خاڵە (1 و 2 و 3 و 4) ببێتە یەك، پێنجەمەکەش ببێتە دوو، کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە بۆچوونەکەی جەنابتان دەکەم، چونکە لە 100٪ حەلی کێشەکان دەکاتن، بۆ ئێستاو ئایندەش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەمان ئەو رەئیەی جەنابتم هەبوو بەم شێوەیە نووسیوومە، ماددەی چواردە لە بڕگەی دوو دەتوانین وەکو ئەوەی جەنابت فەرمووت (1و 2و 3و 4) لاببرێت بکرێت بە یەك خاڵ بنووسرێت (دادگاکانی تێهەڵچوونەوەی هەر پارێزگایەکی کوردستان) موشکیلەی کەرکووکیش حەل دەکات، یان دادگاکانی سنووری پارێزگاکان پێك بێت سەنتەرەکان لە شارەکان بێت، عەینی رەئی جەنابتم هەبوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك سەعدەدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە (وتتألف من رئيس وعدد من نواب الرئيس)، من ئیقتیراح دەکەم کە لێرە کە دەڵێت (وتتألف من رئيس وعدد من نواب الرئيس لايزيد عددهم عن ثلاثة)، یەعنی چەند عەددەدی نوابی رەئیس دیاری نەکراوە، پاشان من صیاغەیەکم هەیە بۆ ئەو کێشەی ئێستاکە، ئەوەی کاك شێروان خوێندیەوە باسی ئەوەی دەکاتن کە بۆ رەئیسی مەجلیسی قوزاتی مەنتیقە، ئەوە هیچ ئیشکالێکی ناهێڵێتن (لرئيس مجلس القضاة احداث منطقة إستئناف جديدة او توحيد منطقتين بمنطقة واحدة)، ئەو عیبارەتەش دروستەو جائیزە لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك حاکم نورالدین وەڵامی بدەنەوە، رەئیسی مەحکەمەی ئیستئناف چەند نائیبی دەبێت، هەر یەك نییە؟.

**بەڕێز حاكم نورالدين ملا علی/ جێگری سەرۆكی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

نائیب رەئیسی ئیستئناف دادەنرێت بەگوێرەی پێویستی، مەنتیقە هەیە دوو نائیبی هەبێت كافیە، مەنتیقە هەیە چوار، پێنج نائیبی پێویستە، چونكە هەر دەستەیەك دەبێت بە ریئاسەتی نائیبێك بێت، هەیئەی تەمییزی جەزا هەیە، هەیئەی تەمییزی مەدەنی هەیە، جینایاتی هەیە، لەوانەیە جینایات دوو جینایەت تەشكیل بێت، ئێستا لە سلێمانی دوو جینایاتیان هەیە، لەبەر ئەوە نواب رەئیس دەبێت مەفتوح بێت، بەگوێرەی حاجەت، مەجلیسی قەزا تەقدیر دەكات چەند نائیبی دەوێت.

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:

ئەگەر وابێت صیغەكە راستە، كاك تەلعەت فەرموو.

**بەڕێز طلعت خضر السيف الدين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش هەر پشتیوانی لە رەئیەكەی جەنابت دەكەم، لەبەر ئەوەی لە رووی سیاسی و لە رووی دەستوورییەوە تووشی كێشەیەك نابین لە هەلومەرجی ئێستای عێراق و كوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، كاك عادل فەرمووو.

**بەڕێز عادل محمد امين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من سەرەتا تێبینیم لەسەر كوردیەكە هەیە، دادگاكانی تێهەڵچوونەوە، خۆی یەك دادگای تێهەڵچوونەوە هەیە، یەعنی ئەوە لە رووی زمانەوانیەوە زۆر هەڵەیە، یەعنی زەق و ئاشكرایە، جا سەبارەت بە دادگای تێهەڵچوونەوەی كەركووك، ئێمە لە تەعریبدا گەورەترین زوڵم لە گەرمیان كراوە، لە جێ بەجێ نەكردنی ماددەی 140دا دیسان گەورەترین زوڵم لە گەرمیان دەكرێت، یەعنی لە ساڵی 2003ەوە پارێزگای كەركووك دەربەندیخان هەڵوەشاوەتەوە، نەك لە دادگا، ئێمە لە هەموو بەڕێوەبەرایەتیەكاندا لەوێ سەر لێشێواوی‌و نائارامیەكی ئیداری هەیە، یەعنی وەزعێك دروست بووە خەڵك بێ بەشە لە خەدەمات، لە هەموو مودیریەتەكاندا وایە، ئەگەر بێت‌و ئێستا بڵێی هەموو پارێزگاكان دادگای تێهەڵچوونەوەی هەبێت، دیسان ئێمە بێ بەش دەبین لەوەی دادگایەكی تێهەڵچوونەوەمان هەبێت، من تەئیدی ئەوەی كاك ئارێز دەكەم، كە ئەگەر دادگای تێهەڵچوونەوە بۆ گەرمیانیش پێكهێنرێ، با لە كەلار بێت، لەبەر ئەوەی بە بڕیارێكی ئەنجومەنی وەزیران پارێزگای دەربەندیخان كە لەبەر ئیعتیباراتی سیاسی كاتی خۆی دانەنرا بوو، ناونراوە ئیدارەی گەرمیان، ئەو ئیدارەیە نە موحافەزەیەو، نە موحافەزەش نییە، یەعنی من زۆر جار لێرە موناقەشە كراوە برادەران یەكسەر ناوی هەندێ شوێنیان هێناوە، با فلان شوێنیش وەكو ئەوە بێت، ئەوێ خصوصیەتی خۆی هەیە (450) هەزار كەس لەو سنوورەیە، پێنج قەزا ئیشی لەوێیە، یەعنی حەق وایە

نەك لەم قانونە، لە هەموو قانونەكانی تر ئەو كێشەیە چارەسەر بكرێت و ببڕێتەوە، بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەكەم بگوترێت تا جێ بەجێ كردنی ماددەی 140 دادگایەكی تێهەڵچوونەوە هەبێت سەبارەت بە گەرمیان، راستە ئەو بڕگەیە هاتووە دەڵێ مەجلیسی قەزا بۆی هەیە دادگای تێهەڵچوونەوە ئەوە بكات، بەلآم ئەگەر بە محافەزە بێت، بەڕاستی ناكرێتەوەو ناتوانرێت، چونكە پارێزگا نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەقەرەی پێنج بخوێنەوە وەلآمی پرسیارەكەت دەداتەوە، كاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعيد مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت مەسەلەی كەركووك كە لە فەقەرەی سێ لە بڕگەی دووەمی ماددەی چواردە باس دەكرێت، بە رەئی من ئێمە دەبێت لە هەموو یاسایەكان هەوڵ بدەین ئەو بەڕێوەبەرایەتیە گشتیانەی كە لەسەر ئاستی پارێزگاكان دادەمەزرێتن ناوی كەركووك بێنین بیكەینە دیفاكتۆیەك، ئەگەر ئێمە هەر بڵێین ماددەی 140 جێ بەجێ نەبووەو، یاخود تەعاروز لەگەڵ دەستووری عێراقی دەكات، ئێمە داوا دەكەین كە كەركووك بێتەوە سەر هەرێمی كوردستان، ئێمە بەپێی هەموو بەڵگەنامەو مێژووی جوگرافیەكان، بۆ ئێوەو بۆ خەڵكانی تریش سەڵمێنراوە كەركووك تاریخییەن بەشێكە لە كوردستان، ئێمە بۆ تەرەدود لەوە بكەین كە دادگاكانی تێهەڵچوونەوەی ناوچەی كەركووك لێرە نەمێنێت، یان بە صیاغەیەكی تر بینووسین، بۆیە بەڕاستی وەكو مەسەلەیەكی تاریخی دواتر ئەو یاسایە بۆ ئەمڕۆ دانانرێت، ئەو یاسایە بۆ داهاتوو دادەنرێت و ئیشی پێ دەكرێت، زۆر لە جێگەی خۆی هاتووە ئەو خاڵی سێیەم و داواكارم وەكو خۆی بمێنێتەوە، سیاسیەنیش ئێمە ئیسرار دەكەین كە زەرەری تێدا ناكەین، نەك دەست بەردانی بین، هەندێك شت هەیە لەسەر خۆمان دەوەستێتن، ئێمە دەبێت خۆمان بیچەسپێنین، نابێت بەڕاستی لێی را بكەین، یاخود بەدوای مەسائیلی تردا بگەڕێین، تەسەوریش ناكەم لەگەڵ مەسائیلی دەستوور هیچ تەعاروزێك بكاتن، چونكە دەستوور داوای یەكلایی كردنەوەی ئەو كێشەیە دەكات بەپێی ماددەی 140، یەكلایی كردنەوەی ئەو كێشەیەش گەڕانەوەی ئەو دەڤەرەیە بۆ سەر هەرێمی كوردستان، ئەو كاتە تۆ پێویستیت بەوە دەبێت ئەو یاسایە هەموار بكەیت، جا لە ئێستا را دەكرێت ئێمە ئەو خاڵی سێیەمە وەكو خۆی بهێڵێتەوە، لێرەش ئیشی پێ بكرێت و لە یاسایەكە بچەسپێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دكتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جميل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لێرەدا لەبەردەم مەسەلەیەكی قانونی داین‌و بەو شێوەیەش دەبێ بیر بكەینەوە، ئێمە ئێستا بڵێین دادگایەكی تێهەڵچوونەوە (ئیستئناف) بەناوی كەركووكەوە دروست دەبێت، ئێستا حالیەن لە كەركووكدا

مەحكەمەیەك هەیە بەو ناوەوە، ناكرێت لە هەمان كاتدا دوو مەحكەمە هەبێت، یەكێكیان لە هەرێمی كوردستان و یەكێكیش لە كەركوك، ئەو مەسەلەیەش كەوا كاك عادل ئاماژەی بۆ كرد، دەكرێت بەو شێوەیە چارەسەر بكرێت بەپێی بڕگەی سێیەم، كە ئەنجومەنی دادوەری باڵا دەتوانێت دادگایەكی تێهەڵچوونەوە لەناوچەی گەرمیان دروست بكات بۆ ماوەیەك تاكو پارێزگای كەركوك دەگەڕێتەوە سەر هەرێمی كوردستان، بۆیە من پشتگیری لە بۆچوونەكەی جەنابت دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، كاك حاتەم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری لە رەئیەكەی جەنابت دەكەم، بەڵام دەتوانرێت بگوترێت، بەم شێوەیە (پێویستە لە مەركەزی هەر پارێزگایەكی كوردستاندا مەحكەمەیەكی ئیستئناف هەبێت)، بەڵام ئەگەر بۆ شێوەیەكی كاتی ئەمڕۆ بە حوكمی ئەوەی ناوەندی گەرمیان و ئەو مەنتیقەیەی كە زیاتر وابەستەیە بە كەركووكەوە لە كەلار مەحكەمەكە دابنرێت بەشێوەیەكی كاتی تا گەڕانەوەی ئەو شوێنە دابڕاوانەی كەركووك بۆ سەر هەرێمی كوردستان شتێكی باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، كاك كەمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من ئەمە دەهێڵمەوە بۆ بەڕێز كاك حاكم نورالدین، ئەگەر عەدەدی كافی لە حوكامی تەمییزی قەدیممان هەیە، دوای ئەوەی چەند موحافەزەیەك دروست بێتن، لە هەر موحافەزەیەك بتوانین ئەوە دابنێین لەو مەرحەلەیە، ئەوە پێشنیارەكەی جەنابتان لە جێی خۆیەتی، ئەگەرنا من دەگەڕێمەوە سەر پێشنیاری كاك حاكم نورالدین بەو شێوەیە دابنرێت، ئێستا لە سلێمانی بێتن، چونكە دروست نییە ئێمە كەركووك بهێڵینەوە بۆ قەزاو قەدەر، ئێمە پا داگرین لەسەری هێشتا سێ مانگ و بیست رۆژ ماوە، هەر لە ئێستاشەوە حازری بۆ دەكەین، بۆ ئەوەی ئامادە بێت، ئەو رۆژە دەگەڕێتەوە بچنەوە جێگەی خۆیانو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمەش هاتینە ئەو قەناعەتە كە پشتگیری لە رەئیەكەی كاك حاكم نورالدین بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك حاكم فەرموو ئێستا پێشتر پێشنیارەكەت وا بوو، ئێستاش ئێمە قسەمان كردو ڕەئیت چیە.

**بەڕێز حاكم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆكی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەكو گوتمان ئەگەر لە هەموو پارێزگایەك دابنرێت كەركووكیش، ئێمە ئومێدەوارین ئەمڕۆ پێش سبەینێ كەركوك بگەڕێتەوە بۆ ئیدارەی هەرێم، بەلام لەسەر ئەوە ماوە تەنفیزی ماددەی 140، تەشكیلی مەحكەمەی ئیستئناف بكرێت بە كاتی لە سلێمانی دابنرێت، جەنابی دكتۆر كەمال فەرمووی ئەعزای مەحكەمەی تەمییز جودایە، ئەو ئیستئنافە، ئەو ئیستئنافەش هەر تابعی تەمییزی هەرێم دەبێت مەقەرەكەی لە سلێمانی بێت، تا گەڕانەوەی كەركوك بۆ سەر هەرێم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك فاروق جەنابت ڕەئیت چیە.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش هەر تەئیدی هەمان ڕەئی دەكەم، شتێكی باشە ئێستاش هەیە فیعلەن، بەلام ئێستا مەحكەمەی ئیستئنافی سلێمانیمان نییە، ئێستا مەحكەمەی ئیستئنافی سلێمانی بەپێی ئەو قانونە تەشكیل دەبێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەواتە ئەو پێشنیارەی تازە هاتە پێش، موقتەرەحی لیژنەی قانونی بەنیسبەت فەقەرەی یەكەمەوە چ خیلافێكیان نییە وەكو خۆی دەمێنێت ئەوەلەن ماددەكە، دووەم ئەویش وەكو خۆی دەمێنێت، بەلام لە سێیەمەكە (محكمة إستئناف منطقة كركوك وتشمل محافظة كركوك ومركزها في السليمانية بصورة مؤقتة)، ئەوە موقتەرەحی تازەیە، لیژنەی قانونیش فەقەرەی پێنجی ئیقتیراح كردووە ببێتە دوو فەقەرە یەكێكیان ئەوە بێت/ بۆ ئەنجومەنی قەزا هەیە دانانی مەحكەمەی پێداچوونەوە هەر وەختێكی پێویست بێتن.

دووەم/ وەكو خۆی بۆ دەكرێت مەحكەمەیەك، یان زیاتر لە مەحكەمەیەكی بەدواداچوونەوە، یان جیاكردنەوەی لە مەحكەمەی تر، ئەو دەسەلاتەی داوەتە مەجلیسی قەزا، هەموو موقتەرەحاتەكان دەخەمە دەنگدانەوە، كە زۆر فەرقی نییە، كاك شێروان قسەت هەیە فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من ئیشارەتم بەوەدا كە لەگەڵ ئەندامان و سەرۆكی دادگای تەمییز دانیشتین ئەو موقتەرەحەیان عەرزی ئێمە كردو ئێمەش پشتگیریمان لێ كرد، سەرەڕای ئەوەی لە ڕاپۆرتەكە نەهاتووە حاكم نورالدینیش دانیشتووە، بەنیسبەت ئەو قانونەی لە وەزارەتی عەدل هاتووە، ماددە حەفتە كە دەڵێت (یرتبط رؤساء وقضاة محاكم الاستئناف في الاقليم بالوزارة من الناحية الإدارية والتنظيمية..........)، دووەمیش/ ماددەی

هەشتە (لوزير العدل انتداب القاضي بما في ذلك القاضي المحكمة الى رئاسة احدى................)، ئەوانە بە حەقیقەت بە ئیجماع سەرۆك و ئەندامانی دادگای تەمییز لەگەڵ ئەوە نینە دەڵێن ئێمە ئەگەر ئەوە چەسپا، ئێمە مانای وایە ئەو قانونەی کە دەرچووە ئەسڵەن ئیستیقلالیەتی تێدا نییە، جیابوونەوەی دەسەلأتی تێدا نییە، کاك نورالدینیش دانیشتووە ئەوە رەئی ئەوانە بە ئیجماع، ئێمەش پشتگیریمان کردووە، ئێستا لێرە جێگای خۆیەتی ئێمە ماددەیەك ئیقتیراح بکەین، ماددە موقتەرەحەکەش لەلای کاك عەونیە، بۆ ئەوەی بتوانین ئەو مەسەلەیەش عیلاج بکەین، ئێستا دەیخەینە بەردەمی بەڕێزتان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێ ئەو ماددەیەی کەباسم کرد هێشتا بکەن، ئێوە ماددەیەکی تازەیە موقتەرەح دەکەن رەبتی بەوەوە نییە، ئێستا ئێمە باسی ئەو ماددەیەمان کرد با تەواوی بکەین، بەڵێ کاك فاروق.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاك شێروان بۆچوونەکەی بە سەهو تێگەیشتووە، ئەوان داوای ئەوەیان کردووە حاکم مەحکەمەی مورتەبت بێت، نەوەك لە رووی ئیدارەو موەزەفەکانەوە، تەبیعی جەنابی کاك نورالدینیش دانیشتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك حاکم نورالدین.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن ئەگەر ئەو نەصەی قانونی وەزارەتی عەدل، مانای ئیدارەی وەزارەتی عەدل لەسەر رولەسای محاکمی ئیستئناف و موەزەفین و هەمووی دەبێت، مانای ئەوەیە ئیستیقلالیەتی قەزا نییە، لە ژێر دەستی مەجلیسی قەزا دەرچوو، ئەو دوو ماددەیە تەعاروز دەکات لەگەڵ سوڵتەی قەزائی، پێویستە ئەو دوو ماددەیە حەزف بکرێتن و ئیلغا بکرێت، ئینجا بزانن لیژنەی قانونی چیان ئیقتیراح کردووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە موقتەرەحی ماددەیەکی تازەیە، ئێمە ئەو ماددەیەی کە موناقەشەمان کرد دەیخەینە دەنگدانەوە، دواتر ئەو ماددە تازەیەی کاك شێروان باسی کرد کاك عەونی بیخوێنێتەوەو موناقەشەی لەسەر دەکەین، ماددەی چواردە بەو تەعدیلاتەی لەسەری کرا بەو شێوەیەی خوارەوە دەبێت (المادة الرابعة عشرة:

أولاً: محكمة الإستئناف هي الهيئة القضائية العليا لمحاكم محافظة واحدة أو أكثر وتتألف من رئيس وعدد من نواب الرئيس والقضاة وتمارس الاختصاصات المعينة لها بموجب القانون.

ثانياً: تشكل في الاقليم المحاكم الإستئنافية الآتية:

1- محكمة إستئناف منطقة أربيل وتشمل محاكم محافظة أربيل ومركزها مدينة أربيل.

2- محكمة إستئناف منطقة دهوك وتشمل محاكم محافظة دهوك ومركزها مدينة دهوك.

3- محكمة إستئناف منطقة كركوك وتشمل محافظة كركوك ومركزها في السليمانية مؤقتة.

4- محكمة إستئناف منطقة السليمانية وتشمل محاكم محافظة السليمانية ومركزها مدينة السلسمانية.

5- أ- لمجلس القضاء احداث محاكم استئناف اخرى عند الحاجة.

ب- يجوز احداث محكمة أو أكثر في محكمة استئناف أو فك ارتباط محكمة أو أكثر من محكمة استئناف والحاقها بمحكمة استئناف اخرى بقرار من مجلس القضاء)، ئێوە باستان کرد ماددەیەکی موقتەرەحێکی تازەتان هەیە، نەتانگوت فەقەرە، ئێستا فەرموو ئەگەر دەڵێن فەقەرە، ئەو ماددەی چواردە بەو شێوەیەی خوێندمەوە موقتەرەحی لیژنەی یاساییە بەو گۆڕانکاریەی کە کرا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەی چواردەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، فەرموو موقتەرەحی تازەتان چیە بیخوێنەوە، موقتەرەحی تازەی لیژنەی یاسایی بەرێککەوتن لەگەڵ مەحکەمەی تەمییز هاتووە دەڵێت دەبێت ئەو ماددەیە ئیزافە بکرێتن (تكون نواحي ادارية وتنظيمية للمحاكم بما فيها شؤون الخدمة لموظفيها ومنتسبيها وانضباط حصرا من اختصاص القضاء) فەرموو کاک عەونی .

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیتیفاقی لەسەر نەکراوە کە جەنابت گوتت، بەلام گوتمان تەرحی دەکەین لە قاعە بڕیاری لەسەر بدەن، ئەندامانی پەرلەمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەد ئیتیفاقیش بکرێت قەرار هەر بۆ قاعەیە، بەڵێ کاک حاکم نورالدین فەرموو.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لێرە لەو ماددەیە باسی تەشکیلاتی مەحکەمە دەکەین، ناحیەی ئیداری کە هاتینە ماددەکانی تر مەجلیسی قەزاو واجیباتی مەجلیسی قەزاو موهیمەی چیە (الاشراف الاداري على جميع المحاكم والرقابة القضائية) ئەوە لەوێ باس کراوە، لێرە باس باسی تەشکیلاتە، پێویست بە ئیزافەی ئەو ماددەیە ناکات، بەس لە مەجلیسی قەزا، بەلام لە مەجلیسی قەزا کە باسمان کرد ئیدارەی مەحاکمیش لە ژێر دەستی بێت لەگەڵ ئەو دوو ماددەی قانونی وەزارەتی عەدل تەعاروز دەکات، ئەوە حەلێکی بۆ دابنێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی دەبێت ئەو تەعاروزە نەمێنێت حاکم، لێرە دەبێت تەعاروزەکە نەمێنێتن، جا جەنابت دەڵێی ئەو ماددەیە زیادە، بەڵێ کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئێستا لەسەر تەشکیلات دەڕۆین، راستە، بەلاّم دەبێت رەبتی تەشکیلاتەکەش لێرە دیاری بکەین، ئێستا ئێمە مەسەلەی محاکمی ئیستئناف موناقەشە دەکەین، مەحاکمی ئیستئناف مەربوتە بە مەجلیسی قەزا لە قانونی وەزارەتی عەدل دەڵێ روئەسای مەحاکمی ئیستئناف و قوزات لە ناحیەی ئیداری و تەنزیمی مەربوتی وەزارەتی عەدلە، دەبێت ئەو ماددەیە بەو شکلەی کە هەیە بێنینە تەشکیلات، ئەگەر بێتە تەشکیلاتیش چ ئیشکالێك دروست ناکات، ئەگەر پێشتان باشە دەیخەینە ئیختیصاصاتی مەجلیسی قەزا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە ئیختیصاصاتی مەجلیسی قەزا بێت باشترە، چونکە ماددەیەکیش دەبێتن (لا یعمل باي نص قانوني او قرار يتعارض مع احكام هذا القانون) باشە ئەو موفتەرەحەیان سەحب کردەوە، بڕۆ بۆ ماددەی پازدە تکایە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی پازدەهەم:

یەکـەم: دادگـای تێهەڵچـوونەوەو دەسـتەکانی بەسـەرۆکایەتی سـەرۆکی، یـان یـەکێك لـە جێگرەکـانی و بەئەندامێتی دووان لە جێگرەکانی، یان یەکێکیان و دادوەرانی دادگای تێهەڵچوونەوە، یان بە ئەندامێتی دوو دادوەر لە دادوەرانی گرێ دەدرێ.

دووەم: سەرۆك و ئەندامانی دادگای تێهەڵچوونەوەو دەستەکانی بە بڕیارێك کـە ئەنجومـەنی دادوەری دەری دەکات ناویان لێ دەندرێ.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة عشرة:

أولاً: تنعقد محكمة الإستئناف وهيئاتها برئاسة رئيسها أو احد نوابه وعضوية نائبين من نوابه أو أحدهم وقضاة محكمة الإستئناف أو عضوية قاضيين من قضاتها.

ثانياً: تتم تسمية رئيس وأعضاء محكمة الإستئناف وهيئاتها بقرار يصدره مجلس القضاء.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، تەنها ئەو مولاحەزەیەمان هەیە کە قوزاتی مەحکەمەی ئیستئناف بە سیفەتی جەمع هاتووە ببێتە (قاض من قضاة محكمة الاستئناف)، چونکە تەشکیل مەحکەمە لە رەئیس و نائیب و قازیەکی تر دەبێت بەنیسبەت مەحاکمی ئیستئناف، نەك لە هەموو قازیەکانی مەحاکمی ئیستئناف، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێم وایە ئەو ماددەیە ماددەیەکی قانونی سرفەو مولاحەزەی لیژنەی قانونیش بەجێیە، ئەگەر موناقەشەی لەسەر نەبێتن دەیخەمە دەنگدانەوە، کاك سەعدەدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەڵێت (تنعقد محكمة الإستئناف وهيئاتها) یان بە رەئیسەکەی، یان بە نوابەکە، بەلاّم کێشە لێرەیە (وعضوية نائبين من نوابه أو أحدهم) باشە ئەگەر دوو نائیبینە ئەو (احدهم) پاشان چیە، یەعنی ئەگەر بە یەکێکی تەواو بێت دووی بۆ چیە، چونکە ئێمە جێگرمان دیاری نەکردووە، لە ماددەی پێشتر کە گوتمان (ان لایزید علی ثلاثة) نائیبی یەکەم، نائیبی دووەم، نائیبی سێیەم، لێرە کام نائیب قەصدە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆ نائیبیش عوزوە، رەئیسیش عوزوە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە لەگەڵ موفقتەرەحەکەی دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، بڕۆ بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی شازدەهەم:

سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە لە ناوچەکەی خۆی سەرپەرشتی دادگاکان و کارەکانیان دەکات، کارەکان بەسەر دادوەرانی دابەش دەکات و بۆی هەیە ئەو دەسەلاّتانەی بە رەوای دەبینێ بە یەکێك لە جێگرەکانی بسپێرێ.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة عشرة:

يتولى رئيس محكمة الإستئناف الإشراف على المحاكم وأعمالها في منطقته وتوزيع العمل بين قضاتها وله أن يخول أحد نوابه ما يراه من صلاحيات.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ مولاحەزەمان نییە، چونکە ئەو ماددەیە لە یاسای پێشووش هاتووە، ئێستاش دووبارە بۆتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر هیچ مولاحەزەیە نییە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، بڕۆ بۆ ماددەی حەڤدە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی حەڤدەهەم:

یەكەم: لە هەر ناوچەیەكی تێهەڵچوونەوە ئەنجومەنێك بە ناوی ( ئەنجومەنی ناوچەی تێهەڵچوونەوە) پێك دێت لە سەرۆكی دادگاو ئەندامێتی جێگرەكانی و دادوەرانی دادگای تیهەڵچوونەوە دەبێ.

دووەم: ئەنجومەنەكە كۆبوونەوەی وەرزی ئەنجام دەدات، بۆ سەرۆكەكەی هەیە لە كاتی پێویستی بۆ كۆبوونەوە بانگەشەیان بكات، ئەو كۆبوونەوەیەش بەبێ ئامادە بوونی ئەوەی بەلای كەمییەوە سێ لە چواری ئەندامەكانی گرێ نادرێ.

سێیەم: ئەنجومەن ئەم تایبەتمەندییانە لەخۆ دەگرێت:

1- -لە پێداویستیەكانی دادگاكان ومیلاكەكانیان لە ژێر رۆشنایی پێداویستیەكانی ساڵانە، دەكۆڵێتەوە.

2- لێكۆڵینەوە لەو گرفت و كێشانەی رووبەڕوووی دادگاكان دەبێتەوە.

3- پێشكەش كردنی پێشنیارەكان سەبارەت بە دامەزراندنی زۆر لە دادگاكان.

4- چاك كردنی شێوازی كار كردن و بەرز كردنەوەی رادەی ئەنجامدانی لە دادگاكاندا.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة السابعة عشرة:

أولاً: يؤلف في كل منطقة استئنافية مجلس يسمى (مجلس منطقة الإستئناف) من رئيس المحكمة وعضوية نوابه وقضاة محكمة الإستئناف.

ثانياً: يعقد المجلس اجتماعات فصلية ولرئيسه دعوته الى الاجتماع عند الحاجة ولا ينعقد الا بحضور ما لا يقل عن ثلاثة أرباع عدد أعضائه.

ثالثاً: يتولى المجلس ممارسة الاختصاصات الآتية:

1- بحث احتياجات المحاكم وملاكاتها على ضوء الاحتياجات السنوية.

2- دراسة الصعوبات والمشاكل التي تواجه المحاكم.

3- تقديم المقترحات بشأن استحداث مختلف المحاكم.

4- تحسين أساليب العمل ورفع مستوى الأداء في المحاكم.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەین، بەڵام ئیعادەی صیاغەمان بەم شێوەیە كردووە:

أولاً: يؤلف في كل منطقة استئنافية مجلس يسمى (مجلس منطقة الإستئناف) من رئيس المحكمة وعضوية نوابه وقضاة محكمة الإستئناف). واتا تەنها تەئلیفەكەمان كردووە بە تەشكیل، عەفو بە عەكسەوە.

ثانياً: يعقد المجلس اجتماعات دورية ولرئيسه دعوته الى الاجتماع عند الإقتضاء ولا ينعقد الا بحضور ما لا يقل عن ثلاثة أرباع عدد أعضائه). ئیجتیماعاتی فەسلیمان کردۆتە ئیجتیماعاتی دەوری، بەشکلێکی تر تەفسیر دەکرێت.

ثالثاً: يتولى المجلس ممارسة الاختصاصات الآتية:

1- بحث احتياجات المحاكم وملاكاتهاعلى ضوء الاحتياجات السنوية ورفع التقارير عنها سنوياً الى مجلس القضاء. ئەوەش (ورفع التقارير عنها سنوياً الى مجلس القضاء) ئەوەمان ئیزافە کردووە.

2- دراسة الصعوبات والمشاكل التي تواجه المحاكم وايجاد الحلول المناسبة لها. ئەوەش (وايجاد الحلول المناسبة لها) ئیزافەمان کردووە، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو موقتەرەحی لیژنەی یاسایی هینە بەس ئەوەندەیە ئەوەی (یشکل)ی دووەم شەتب دەکرێت و دێتە پێشەوە (یجتمع)کەش دەبێتە (یعقد) لە دووەم ئەوەلەن (ورفع التقارير عنها سنوياً الى مجلس القضاء) ئیزافە دەکرێت، دووەمەکەش (وايجاد الحلول المناسبة لها) ئیزافە دەکرێت، ئەوەش شتێکی قانونییە، ئەگەر مولاحەزەتان لەسەر نەبێتن، ئەو موقتەرەحی لیژنەی یاسایی دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، بڕۆ بۆ ماددەی هەژدە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی هەژدەهەم:

یەکەم: دەسەڵاتەکانی سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێ:

1- سەرپەرشتی کردنی کاروبارە کارگێڕییەکان و دابەش کردنی کارەکان لەنێو ناوچەکەیدا.

2- سەرۆکایەتی کردنی ئەنجومەنی تێهەڵچوونەوەی ناوچەکە.

3- سەرۆکایەتی کردنی ئەنجومەنی تێهەڵچوونەوە بە سیفەتی پێداچوونەوەو بۆی هەیە سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوە بە سیفەتی تێهەڵچوونەوە بە سیفەتە تێهەڵچوونەوەییەکەی و دادگای گەورە تاوانەکان بکات.

4- بەرز کردنەوەی راپۆرتی ساڵانە دەربارەی دادوەران و فەرمانبەران بۆ ئەنجومەنی دادوەری.

5- ئیمزا کردنی نووسراوەکانی فەرمی.

6- مۆڵەت دان بە دادوەرانی دادگاو فەرمانبەرانی.

دووەم: دەسەڵاتەکانی جێگری سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێ:

1- لە ئەستۆ گرتنی کاری سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە لە کاتی دیارنەبوونی.

2- سەرۆکایەتی کردنی یەکێك لە دەستەکانی دادگای تێهەڵچوونەوە، یان دادگای گەورە تاوانەکان.

3- ئیمزا کردنی نووسراوی گەڕاندنەوەی دۆسیەی داوا یەکلاکراوەکان, هاوپێچ بە بڕیارەکانی دادگای تێهەڵچوونەوە بۆ دادگا تایبەتمەندەکان.

4- چاودێری کردنی بەردەوام بوونی دادوەر و فەرمانبەران.

5- ئەوەی سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە لە دەسەڵاتەکانی دیکەوە پێی دەسپێرێ.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة عشرة:

أولاً: تكون صلاحيات رئيس محكمة الإستئناف كمايلي:

1- الإشراف على الأمور الإدارية وتوزيع العمل ضمن منطقته.

2- رئاسة مجلس منطقة الإستئناف.

3- رئاسة محكمة الإستئناف بصفتها التمييزية وله أن يرأس محكمة الإستئناف بصفتها الإستئنافية أو محكمة الجنايات.

4- رفع التقارير السنوية عن القضاة والموظفين الى مجلس القضاء.

5- توقيع المخابرات الرسمية.

6- منح الاجازات لقضاة المحكمة وموظفيها.

ثانياً: تكون صلاحيات نائب رئيس محكمة الإستئناف كمايلي:

1- القيام بأعمال رئيس محكمة الإستئناف عند غيابه.

2- رئاسة احدى هيئات محكمة الإستئناف أو محكمة الجنايات.

3- توقيع كتب اعادة أضابير الدعاوى المحسومة مرفقة بقرارات محكمة الإستئناف الى محكمتها المختصة.

4- مراقبة دوام القضاة والموظفين.

5- ما يخوله رئيس محكمة الإستئناف من صلاحيات اخرى.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، تەنها دوو مولاحەزەمان هەیە، مولاحەزەی یەکەم ئیزافە کردنی فەقەرەیەك کە بەم شێوەیە دەبێت (احالة الطعون التي تقدم الى محكمة الإستئناف بصفتها الإستئنافية أو التمييزية لإستيفاء الرسوم)، دوو/ حەزفی کەلیمەی مەوزەفین کە لە ئەوەڵەن لە فەقەرە چوار هاتووە، تەنها بەنیسبەت قوزاتەکان رەفعی مەجلیسی قەزا دەکرێت، بەڵام بەنیسبەت بەقیەی مەوزەفینی دەوائیر مەفروزە بۆ رەئیسی خۆیان تەقاریر بنووسرێت کە رەئیسی ئیستئنافە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ کاك حاکم نورالدین فەرموو.

**بەڕێز حاكم نورالدين ملا علی/ جێگری سەرۆكی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لێرە ئیشكالێك لە نەصەكە هەیە، بڕگەی سێ كە سەلاحیەتی (رئاسة محكمة الإستئناف بصفتها التمييزية ولـه أن يـرأس محكمـة الإسـتئناف بصـفتها الإسـتئنافية) نییـە (بصـفتها الاصـلية)، وا بێـت ئـەو كەلیمـەی ئیسـتئنافیە ببێتـە ئەسـڵیە، چـونكە مەحكەمـەی ئیسـتئناف دوو سـیفەتی هەیـە سـیفەتی ئەسـڵی و كـە موڕافەعەی تێدا دەكرێت، سیفەتی تەمییزی كە تەدقیقی ئەحكامی مەحكەمەی بیدائە دەكات، ئـەوە لێـرە سیفەتی ئەسڵی پێ دەگوترێت، نەك ئیستئنافی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیە بە موفتەرەحی لیژنەی یاساییەوە دەیخەمـە دەنگدانـەوە، ئـەو كەلیمـەی كـە كـاك حـاكم داوای كرد بە سیفەتی ئیستئنافی دەگۆڕین بۆ سیفەتی ئەسڵی، كێ لەگەڵدایە دەسـتی بـەرز بكاتـەوە؟ زۆر سـوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، بڕۆ بۆ ماددەی نۆزدە تكایە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لقی سێیەم

دادگاكانی بەرایی

ماددەی نۆزدەهەم:

لـە سـەنتەری هـەموو پارێزگـا، یـان قەزایـەك دادگایـەكی بـەرایی، یـان زیـاتر دادەمـەزرێ و دەكـرێ لـە ناحیـەكانیش پێـك بهێنـدرێ بـە هـۆی بـەیانێك سـەرۆكی ئەنجومـەنی دادوەری دەری دەكـات و بـۆی هەیـە سنووری دەسەلاتی دادگایەك بۆ پتر لە قەزا و ناحیەیەك فراوان بكات.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

الفرع الثالث

محكمة البداءة

المادة التاسعة عشرة:

تشكل محكمة البداءة او اكثر في مركز كل محافظة او قضاء ويجوز تشكيلها في النواحي ببيان يصدره رئيس مجلس القضاء وله توسيع الاختصاص المكاني للمحكمة الى اكثر من قضاء او ناحية.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ مولاحەزەمان نییە، دەقی ماددەكە تەئید دەكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرمووو کاك حاكم نورالدین.

**بەڕێز حاكم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە تەشکیلاتی مەحاکمی مەدەنی، ئەوە بوو مەحکەمەی جینایاتمان پێش خست گوتمان هەیئەیە، لێرەش لە بەحسی ئیختیصاصەکانیش پێش بیدائە بکەوێت، جینایەت بێتە پێش، چونکە ئێستا ئێوە باسی بیدائەتان کرد، لەبەر ئەوەی ببێتە جینایات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرمووو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ویستمان بە عەینی تەسەلسولی مەشروعەکە بڕۆین هەتا لە ئەندامانی پەرلەمان تێك نەچێت، بەڵام لە حەقیقەتدا ئێمە تەسەلسولەکەمان گۆڕیە لە موقتەرەحی خۆمانی، پاشان کە تەواو دەبێت عەینی تەسەلسولی خۆمانی دەدەینێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی بیستەم:

بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری هەیە بە پشت بەستن بە پێشنیاری سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە, دادگایەکی بەرایی پێك بهێنێت بۆ تەماشا کردنی جۆرێك، یان زیاتر لە داواکان.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة العشرون:

لرئيس مجلس القضاء بناءاً على مقترح رئيس محكمة الاستئناف تشكيل محكمة بداءة للنظر في نوع واحد او اكثر من الدعاوى.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ مولاحەزەمان لەسەر نییە دەقی ماددەکە تەئید دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەش ماددەیەكی یاسایە، لیژنەی یاسایی پشتگیری كردووە، دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی بیست و یەك تكایە.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی بیست و یەك: دادگای بەرایی لە دادوەرێك گرێ دەدرێ و بەپێی حوكمەكانی یاسا تایبەتمەندە بە تەماشا كردنی ئەو داوا و كاروبارانەی دەكەوێتە ژێر تایبەتمەندیەكانیەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الحادية والعشرون: تنعقد محكمة البداءة من قاض واحد وتختص بالنظر في الدعاوى والأمور الداخلة ضمن اختصاصها وفقاً لأحكام القانون.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ مولاحەزەمان لەسەر نییە دەقی ماددەكە تەئید دەكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی بیست ودوو تكایە.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لقی چوارەم

دادگای باری كەسایەتی

ماددەی بیست و دووەم:

دادگایەكی باری كەسایەتی، یان زیاتر لە هەر جێگایەك دادگای بەرایی لێ بێ پێكدەهێندرێ.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

الفرع الرابع

((محكمة الأحوال الشخصية))

المادة الثانية والعشرون:

تشكل محكمة الاحوال الشخصية أو أكثر في كل مكان فيه محكمة بداءة.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ مولاحەزەمان لەسەر نییە دەقی ماددەکە تەئید دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی بیست و سێ تکایە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی بیست و سێیەم:

سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری بەپێی پێشنیاری سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە، بۆی هەیە دادگای کەسایەتی دابمەزرێنێ، بۆ تەماشا کردنی جۆرێك یان زیاتر لە داواکان.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة والعشرون:

لرئيس مجلس القضاء بناء على اقتراح رئيس محكمة الإستئناف تشكيل محكمة الأحوال الشخصية للنظر في نوع واحد أو أكثر من الدعاوى.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ مولاحەزەمان لەسەر نییە دەقی ماددەکە تەئید دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی بیست و چوار تکایە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی بیست و چوارەم:

یەکەم: دادگای باری کەسایەتی لە دادوەرێك گرێ دەدرێ, بەپێی حوکمەکانی یاسا تایبەتمەندە بەبینینی دۆزەکانی باری کەسایەتی.

دووەم: دادوەری دادگای بەرایی (موسڵمان بێ دەبێتە دادوەری دادگای باری کەسایەتی, ئەگەر دادوەری تایبەتی لێ نەبێ).

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة والعشرون:

أولاً: تنعقد محكمة الأحوال الشخصية من قاض واحد وتختص بالنظر في مسائل الأحوال الشخصية وفقاً لأحكام القانون.

ثانياً: يعتبر قاضي محكمة البداءة المسلم قاضياً لمحكمة الأحوال الشخصية أن لم يكن لها قاض خاص.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ مولاحەزەمان لەسەر نییە دەقی ماددەكە تەئید دەكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مولاحەزەتان هەیە، باشە كاك سەردار فەرمووو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە بڕگەی دوو لەم ماددەیە جۆرێك لە تەناقوز پەیدا دەكات لەگەڵ ماددەی بیست و دوو، لەبەر ئەوەی ماددەی بیست و دوو بە وجوبی دەڵێ هەر شوێنێك مەحكەمەی بیدائەی لێ بێت، دەبێت مەحكەمەی ئەحوالی شەخصی لێ بێت، كەواتە قازی مەحكەمەی بیدائە دەبێتە قازی مەحكەمەی ئەحوالی شەخصی، كە تۆ فەرزت كردووە بە ماددەیەك دەبێت مەحكەمەی ئەحوالی شەخصی هەبێت و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك تەڵعەت فەرمووو.

**بەڕێز طلعت خضر سیف الدین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پرسیارەكەم لە لیژنە یاساییە، (تنعقد محكمة الأحوال الشخصية من قاض واحد) یەعنی چی؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك سەعدەدین فەرمووو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

نازانم من عیبارەتەكەی زۆر بە ڕەكیكی دەبینم، ئەگەر جەنابیشت بەخۆت بیخوێنیەوە (یعتبر قاضي محكمة البداءة (المسلم) قاضياً لمحكمة الأحوال الشخصية) ئەوە چۆن دەبێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرمووو لیژنەی یاسایی وەلآمیان بدەنەوە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

عادەتەن لە دادوەری بەرایی لە قەزایەکان، دەبێتە هەموو دادوەرێك، دادوەری کەسایەتی دەبێت، دادوەری جونەح دەبێت، بەلآم ئەگەر موسڵمان نەبوو، ناتوانێت دادوەری باری کەسایەتی بێت، بۆیە ئەوەمان وا نووسیووە (المسلم).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تەناقوز نابینین لەنێوان ماددەی بیست و دوو و ئەو ماددەیە، لەوێ تەشکیلی مەحکەمەی ئەحوالی شەخصی دەکرێت لە ماددە بیست و دوو، کێ دەیکات حاکمی بیدائە دەیکات، ئەمە بەنیسبەت وان، بەنیسبەت ئەوانی دیکەش ئینعیقادی مەحکەمەیە، یەك قازی ئینعیقاد دەکات هەیئە نییە، بەگوێرەی قانون تەعامول دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك حاکم نورالدین فەرموو.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەك روون کردنەوەیەك، ئێمە لە باسی مەناصبی قەزائی کە هاتووە، یەعنی تەشکیلاتی مەحاکم، ئەدنا تەشکیلەی مەحاکم بیدائەیە، بەناو بیدائە ئەوە دەگوترێت، بەلآم ئەوانی تر ئیختیصاصاتی وەزیفی فروعیەتی، کە دەڵێت ئەحوالی شەخصیە، جونەح، تەحقیق، ئەوانە فروعی مەحکەمەکەیە، لەبەر ئەوە هەر دادوەرێکی بەرایی لە قەزایەك بێت فەرعەکانی دیکەش دەبینێت، بەلآم لێرە ئەو شەرتە بووە، لەبارەی کەسایەتی، چونکە باری کەسایەتی ئەحوالی شەخصیە ناحیەی شەرعی زۆر جار لێك دەدرێتەوە، پێی دەڵێن دەعاوی حەسبە، وەکو تەلآقە، لەبەر ئەوە قازیەکەی دەبێت موسلیم بێت کەباری کەسایەتی موسلیم بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی بیست و پێنجەم:

یەكەم: لە سەنتەری هەر پارێزگایەك دادگایەكی ماددەكانی كەسایەتی بۆ ئەوانەی موسڵمان نین دادەمەزرێ و لە دادوەرێك گرێ دەدرێ و تایبەتمەندە بە دۆزەكانی ماددەكانی كەسایەتی بۆ ئەوانەی موسڵمان نین, دەكرێ لە سەنتەری قەزا و ناحیەكان دابمەزرێ بەهۆی بەیانێك كە سەرۆكی ئەنجومەنی دادوەری لە كاتی پێویستی دەری دەكات.

دووەم: دادوەری دادگای بەرایی, دەبێتە دادوەری دادگای ماددەكانی كەسایەتی, ئەگەر دادوەری تایبەتمەندی لێ نەبێ.

**بەڕێز عونى كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

الفرع الخامس

((محاكم المواد الشخصية))

المادة الخامسة والعشرون:

أولاً: تشكل في مركز كل محافظة محكمة للمواد الشخصية لغير المسلمين وتنعقد من قاض واحد وتختص في قضايا المواد الشخصية لغير المسلمين ويجوز تشكيلها في مركز الأقضية والنواحي ببيان يصدره رئيس مجلس القضاء عند الاقتضاء.

ثانياً: يعتبر قاضي محكمة البداءة قاضياً لمحكمة المواد الشخصية ان لم يكن لها قاض خاص.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە ئیقتیراح دەكەین صیاغەی فەقەرە یەك بەم شێوەیە بێت:

(أولاً: تشكل في مركز كل محافظة محكمة للمواد الشخصية للمسحيين والأزيدين والديانات الأخرى وتنعقد من قاض واحد وتختص بقضايا المواد الشخصية لهم ويجوز تشكيلها في مركز الأقضية والنواحي ببيان يصدره رئيس مجلس القضاء عند الاقتضاء)، واتا تەنها (غير المسلمين) حەزف كراوە، هەروەكو پێشتریش ئەو مەسەلەیەمان عیلاج كرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

موقتەرەحی لیژنەی یاسایی دەگونجێت لەگەڵ ماددەكانی تریش، كاك عەونی قسەت هەیە فەرموو.

**بەڕێز عونى كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئیزافە لەسەر قسەی كاك شێروان لە ماددەی نۆ لە پرۆژەكە (لغير المسلمين)مان لابرد تاكو نەسەقێكی قانونی هەبێت بەشێوەی صیاغەی مەوادەكان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

منیش ئاماژەم هەر بەوە دەکرد، کاك جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ویستم لە ماددەی نۆزدە ئەو قسەیە بکەم، بەس فریا نەکەوتم و مەجالتان نەدا، لەم ماددەیە دەبێت، ئێمە مادام قەزاو ناحیەکان حیساب دەکەین، بەڕاستی دەبێت موجەمەعەکان حیساب بکەین، موجەمەعی زۆر گەورەمان هەیە بە قەد شارێکە، قەزاو ناحیەو هیچی تیا نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

موقتەرەحی لیژنەی یاسایی دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی بیست و شەش تکایە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لقی پێنجەم

ماددەی بیست و شەشەم:

یەکەم: لە سەنتەری هەر پارێزگایەکدا دادگای گەورە تاوانەکان دادەمەزرێ بەپێی حوکمەکانی یاسا تەماشای داوا سزاییەکانی بۆی دەست نیشان کراوە دەکات.

دووەم: دەکرێ پتر لە دادگایەکی گەورەتاوان لە پارێزگایەکدا بە بڕیاری ئەنجومەنی دادوەری دابمەزرێ، دەسەڵاتەکانی و چۆنایەتی شوێنی و جێگای گرێدانی دیاری دەکرێن.

سێیەم: دەکرێ دادگای گەورەتاوانەکان لە دەرەوەی سەنتەری پارێزگا گرێ بدرێ، بەهۆی بەیانێك سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە بەپێی پێشنیاری سەرۆکی دادگای گەورەتاوانەکان، دەری دەکات.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الفرع السادس

((محاكم الجنايات ))

المادة السادسة والعشرون:

أولاً: تشكل في مركز كل محافظة محكمة جنايات تنظر في الدعاوى الجزائية المعينة لها وفقاً لأحكام القانون.

ثانياً: يجوز تشكيل أكثر من محكمة جنايات في المحافظة بقرار من مجلس القضاء يحدد اختصاصها النوعي والمكاني ومركز انعقادها.

ثالثاً: يجوز أن تنعقد محكمة الجنايات خارج مركز المحافظة ببيان يصدره رئيس محكمة الإستئناف بناءً على اقتراح من رئيس محكمة الجنايات.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقى ماددەكەين، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

كاك سەردار مولاحەزەى هەيە فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەركى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

من پێشنيار دەكەم لە بڕگەى دوو (يجوز تشكيل اكثر من محكمة جنايات في المحافظة بقرار من مجلس القضاء) ئيزافەى ئەوەى بكەين (بناءاً على اقتراح رئيس محكمة الاستئناف)، چونكە رەئيسى مەحكەمەى ئيستئناف تەحديدى ئەوەى دەكات چەند مەحكەمەى جينايات پێويستە، يان نا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

كاك عەونى وەڵامى بدەوە.

**بەڕێز عونى كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

لە ماددەكانى پێشوو كە دوێنێ تەصويتى لەسەر كرا، ئەو وەزعە موعالەجە كراوە، رەئيسى مەحكەمەى جينايات ئيقتيراح دەكاتن ئەگەر تەشكيلى مەحكەمەى ئيستئناف دەكات دەسەڵاتى دادوەرى تەصديقى ئەو شێوەيە دەكاتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

خۆشى هەر لەوێ ئەندامە، كاك فەتاح فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

من مولاحەزەيەكى بچووكم هەيە، كەليمەى (كل) لە زۆر شوێن هاتووە (تشكل في مركز كل محافظات) من پێم وايە بكرێت (تشكل في مركز محافظات)، چونكە پێم وايە ئەو (كل)ە زيادە لە هەر هەموويان، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

هەر محافەزەيەك، يەك محافەزە نييە، ئەگەر بڵێى (تشكل في مركز محافظات) وەكو بڵێى يەك محافەزەت هەيە، ماددەى بيست و شەش كە پشتگيرى كراوە لەلايەن ليژنەى ياسايى دەيخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدايە دەستى بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نييە دەستى بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆى دەنگ وەرگيرا، تكايە ماددەى بيست و حەوت.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی بیست و حەوتەم:

یەكەم: دادگای گەورەتاوانەكان لەسەنتەری دادگای تێهەڵچوونەوە لەسێ دادوەرو بەسەرۆكایەتی سەرۆكی دادگای تێهەڵچوونەوە، یان یەكێك لە جێگرەكانی و بەئەندامێتی دوو لە جێگرانی دیكە، یان یەكێكیان و دادوەرێك، یان بە ئەندامێتی دوو دادوەر كە هەریەكێكیان لە پۆلی دووەم كەمتر نەبێ، گرێ دەدرێ.

دووەم: دادگای گەورەتاوانەكان لە پارێزگاكانی دیكەدا بەسەرۆكایەتی جێگری سەۆرك بەئەندامێتی دوو دادوەر كە هەریەكێكیان نابێ لە پۆلی دووەم كەمتر بێ، گرێدەدرێ.

سێیەم: سەرۆك و ئەندامانی رەسەن ویەدەگی دادگای گەورەتاوانەكان بە بڕیاری ئەنجومەنی دادوەری و بەپێی پێشنیاری سەرۆكی دادگای تێهەڵچوونەوە دادەندرێت.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة السابعة والعشرون:

أولاً: تنعقد محكمة الجنايات في مركز محكمة الإستئناف من ثلاثة قضاة برئاسة رئيس محكمة الإستئناف أو أحد نوابه وعضوية نائبين اخرين أو احدهما وقاض أو عضوية قاضيين لا يقل صنف أي منهما عن الصنف الثاني.

ثانياً: تنعقد محكمة الجنايات في المحافظات الأخرى برئاسة نائب الرئيس في مركز المحافظة وعضوية قاضيين لا يقل صنف أي منهما عن الصنف الثاني.

ثالثاً: تتم تسمية رئيس وأعضاء محكمة الجنايات الأصليين منهم والاحتياط بقرار من مجلس القضاء بناء على اقتراح رئيس محكمة الإستئناف.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەین، بەڵام پێشنیار دەكەین فەقەرەیەكی تر ئیزافە بكرێت بەم شێوەیەی كە بۆتان دەخوێنمەوە:

(رابعاً: يتولى رئيس محكمة الجنايات خارج محكمة الاستئناف الاشراف على محاكم المحافظة ورفع التقارير عنها الى رئيس محكمة الاستئناف).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە خەلەلێكی تێدایە كاك شێروان، وات نیشان داوە كە مەحكەمەی ئیستئناف یەك مەحكەمە هەیە، بەڵام ئێستا ئێمە قەرارماندا لە هەر موحافەزەیەك مەحكەمەیەك بكرێتن، یەعنی چی دەڵێ (تنعقد محكمة الجنايات في المحافظات الاخرى) یەعنی ئەو نەصە لەگەڵ دەقی نەصەكەی پێشوو ناگونجێت، كە

دەڵێت لە هەر مەرکەزێك، موعالەجەی ئەوە بکرێتن، (أولاً: تنعقد محكمة الجنايات في مركز محكمة الإستئناف) یەعنی مەحاکمی تر نییە، کاك حاکم نورالدين فەرمو.

**بەڕێز حاکم نورالدين ملا علي/ جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە مەرکەزی ئیستئناف، ئەو مەرکەزەی ئیستئناف دائیرەی ئیستئنافی لێیە، مەحکەمەی جینایاتی لێ دەبێت، تەشکیلاتی بەو سیفەتەیە، چونکە ئیشی زیاترە لەمەحافەزەیەکەوە مەرکەزی ئیستئنافی نەبێت، پاشان لەوانەیە موحافەزەیەك تەشکیل کرا جینایەتی تیا نەبێت، سبەینێ سۆرانمان کردە موحافەزە جینایاتی تیا تەشکیل ناکرێت لەوێ، چونکە ئیمکانیەتی ئەوەی نییە، لەبەر ئەوە ئەو نەصە دانراوە، دەڵێ لە موحافەزاتی تر تەشکیلەکە بەو جۆرە دەبێت، کە رەئیسەکەی نائیب رەئیس بێت، یان هەردوو عوزوەکەی دادوەر بێت لە صنفی دوو کەمتر نەبن، بۆ زیاتر شارەزایی لە کێشەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك فاروق فەرموو.

**بەڕێز فاروق جميل صادق/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەزانن تەوزیحەکە چۆنە، پێشان رێئاسەتی مەحکەمەی ئیستئناف شەرت نەبوو لە شارێك یەك هەبێت، یەعنی دەبێت لە هەموو شارەکان هەبێت، رێئاسەتی مەحکەمەی ئیستئناف کە هەبوو، مومکینە بۆ دوو شاران هەبوو، کە بۆ دوو شاران دەبوو مەحکەمەی جینایات تەنها بەپێی قانونەکە لە مەحکەمەی ئەو شارە دەبێت کە مەقەری ئیستئنافە، لە حاڵەتی وا ئەگەر هاتوو مەحکەمەی ئیستئناف شمولی دوو شاری کرد، دەتوانیت لە شارەکەی تریش مەحکەمەی جینایات بکرێتەوە، مەقصدەکەی ئەوەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تۆ دەڵێی (في المحافظات الاخرى) لە یەکەمدا نەتگوتووە مەسەلەن بڵێی لە عاسیمەی هەرێم، قەیدی ناکات لە یەکەم (تنعقد محكمة الجنايات في مركز محكمة الإستئناف وفي المحافظات الاخرى) ئاخر ئەو موحافەزەی پێشتر کێیە؟ دەتوانیت بڵێی (تنعقد محكمة الجنايات في المحافظات) بەبێ (الاخرى).

**بەڕێز فاروق جميل صادق/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی مەفروزە مەحکەمەی جینایات لە مەقەری مەحکەمەی ئیستئناف بێت، بەڵام ئەگەر هاتوو مەحکەمەی ئیستئناف زیاتر لە شارێکی گرتەوە، دوو شاری گرتەوە، جائیزە مەحکەمەی ئیستئناف لە شارەکەی تریش هەبێت، یەعنی دوو مەحکەمە مەسەلەن، ئەوەیە مەوزوعەکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی لێرە هاتووە وازیحە، ئەو نەصە راستترە، ئەوە فەرقی هەیە، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر تەئیدەن بۆ قسەی کاک فاروق مەسەلەن پێشان مەحکەمەی ئیستئنافی هەولێر هەبوو بابڵێین، دهۆك مەحکەمەی جینایاتی هەبوو، مەحکەمەی ئیستئناف نەبوو، دوایێ ئێستا مەحکەمەی ئیستئنافی دەبێتن، لێرە وەزعەکە فەرق دەکاتن، بەڵام سبەینێ ئەگەر سۆران بووە موحافەزە، ئیمکان هەیە مەسەلەن لێرە مەحکەمەی ئیستئنافی هەولێر با بڵێین سۆران بکاتە جینایاتێك، لەوێ بکاتەوەو ئیشرافی لەسەر بکات، مەوزوعەکە بەو شکلەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەسەلەن ئێستا لێرە وەکو خۆی کە هەیە، حەز دەکەیت کاك فرسەت خۆت شەرحی بکە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن موحافەزاتی ئێستا، لەسەر ئەساسی ئەوەی هەر یەك مەحکەمەی ئیستئنافی هەبێت، بەس دوور نییە سبەی موحافەزەیەك ئیستیحداس بکرێت و مەحکەمەی ئیستئنافی نەبێت، جا لەبەر ئەوە من ئیقتیراح دەکەم لە فەقەرەی دوو (تنعقد محكمة الجنايات في المحافظات الاخرى التي لا توجد فيها محكمة استئناف)، داکو نەصەکە وازیح بێتن، ئیشکالی تێدا نییە، بەس داکو زیاتر روون بێت (المحافظات الاخرى التي لا توجد فيها محكمة استئناف).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من لەگەڵ ئەوەی دامە، ئەوە شتێکی زیادە، قانون بۆ موستەقبەلی دانانرێت، موحافەزە تەشکیل دەبێت، یان تەشکیل نابێت، ئێستاکە بەپێی ئەو یاسایە لە هەر موحافەزەیەك ئیستئنافێك هەیە، کەواتە پێویست بەو نەصە ناکات، ئێستا زیادەو تەناقوز دەکات و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پێم وایە ئەو پێشنیارەی کاك فرسەت ئیشکالەکەمان تا حەددێکی زۆر حەل دەکات، کاکە ناحیەی لوغەوی چ دەڵێتن ئەوەلەن دەڵێ (تنعقد محكمة الجنايات في مركز محكمة الإستئناف) باسی موحافەزەیەکت نەکردووە، دوایی بڵێی (في المحافظات الاخرى) تۆ بڵێی (فى اربيل)، ئینجا بڵێی موحافەزاتی تر دەکرێتن، تۆ دەڵێی (تنعقد محكمة الجنايات في مركز محكمة الإستئناف) دوایێ دەڵێی (في المحافظات الاخرى) وەکو بڵێی باسی موحافەزاتت کردووە، ئەوجا دەچیە سەر موحافەزاتی تر، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە گوتومانە مەحاکمی ئیستئناف لە موحافەزات دەبێتن، خۆمان لە ماددەی پێشتر تەصویتشمان بۆ کردووە، ئەو نەصەی دێت ئێمە ئێستا پێویستیمان پێ دەبێت لە ئایندەشدا پێویستیمان پێ دەبێت، لە ئایندە پێویست بە تەعدیلاتی قانون ناکاتن، چونکە نەصمان هەیە موعالەجەی موستەقبەلیشمان کردووە، موعالەجەی ئێستاشمان کردووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قانون بە فەرەزیە دانانرێت، قانون بۆ واقیعە، واقیعی ئێستاکە ئێمە چوار موحافەزەمان هەیە، ئێمە موحافەزەی ترمان نییە، لە هەر موحافەزەیەکیش ئیستئنافێك هەیە، ئەوە شتێکی زیادە موعالەجەی ناوێت و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە ئەگەر ئەو (الاخری)یە لاببەین، ئەو موقتەرەحەی دەخەمە بەر دەمتان (تنعقد محكمة الجنايات في المحافظات التي لا توجد فيها محكمة استئناف برئاسة نائب الرئيس في مركز المحافظة وعضوية قاضيين لا يقل صنف أي منهما عن الصنف الثاني)، ئەو (الاخری)یە لاببەن، ئەو کەلیمەی کاك فرسەتیش گوتی (التی لا توجد فيها محكمە الاستئناف) ئیزافە بکەین، ئەو ماددەیە بە موقتەرەحی لیژنەی یاسایی کە بەو تەعدیلەی ئیزافەمان پێ کرد دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی بیست و هەشت تکایە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لقی شەشەم

دادگای کەتن

ماددەی بیست و هەشتەم:

یەکەم: لە هەر جێگایەك دادگای بەرایی لێ بێ، دادگایەکی کەتن، یان زیاتری لێ دادەمەزرێ و تایبەتمەند دەبێ بە تەماشا کردنی داواکانی بۆی دیاری کراوەو، بەپێی حوکمەکانی یاسا.

دووەم: دادگای کەتن لە دادوەرێك گرێ دەدرێ.

سێیەم: دادوەری دادگای بەرایی دەبێتە دادوەری دادگای کەتن، ئەگەر دادوەری تایبەتمەندی لێ نەبێ.

**بەڕێز عونى كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**الفرع السابع**

**((محاكم الجنح))**

**المادة السابعة والعشرون:**

**أولاً: تشكل محكمة جنح أو أكثر في كل مكان فيه محكمة بداءة وتختص بالنظر في الدعاوى المعينة لها وفقاً لأحكام القانون.**

**ثانياً: تنعقد محكمة الجنح من قاضٍ واحد.**

**ثالثاً: يعتبر قاضي محكمة البداءة قاضياً لمحكمة الجنح إن لم يكن لها قاضٍ خاص.**

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەین زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**ئەو ماددەیەش بە موفقتەرەحی لیژنەی قانونی دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی بیست و نۆ تكایە.**

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ماددەی بیست و نۆیەم: بۆ سەرۆكی ئەنجومەنی دادوەری هەیە بەپێی پێشنیاری سەرۆكی دادگای تێهەڵچوونەوە، دادگایەكی كەتن دابمەزرێنێ بۆ بینینی جۆرێك، یان زیاتر لە داواكان.**

**بەڕێز عونى كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**المادة التاسعة والعشرون: لرئيس مجلس القضاء بناءً على أقتراح من رئيس محكمة الأستئناف تشكيل محكمة جنح للنظر في نوع أو أكثر من الدعاوى.**

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**تەئیدی ماددەكە دەكەین زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**ئەگەر مولاحەزەیەك نییە، ماددەی بیست و نۆ كە لە لایەن لیژنەی یاسایی پشتگیری لێ كراوە دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی سی تكایە.**

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لقی حەوتەم

دادگای نەوجەوانان

ماددەی سییەم:

یەكەم: دادگای نەوجەوانان لە دەستەیەك بەسەرۆكایەتی دادوەری دادگای نەوجەوانان و ئەندامێتی دوو كەسی شارەزا لە پرسەكانی نەوجەوانان گرێ دەدری و تەماشای گەورەتاوانەكان دەكات و حوكمەكانیشی بەپێی یاسای چاودێری نەوجەوانان دەردەكات.

دووەم: سەرۆكی دەستەو هەردوو پسپۆڕە ئەسڵیەكان و یەدەگ بەپێی پێشنیاری سەرۆكی دادگای تێهەڵچوونەوە بەهۆی بەیانێك كە سەرۆكی ئەنجومەنی دادوەری دەری دەكات دادەندرێت.

سێیەم: بەپێی حوكمەكانی یاسای چاودێری نەوجەوانان دادوەری نەوجەوانان بە تەنیا تەماشای داواكانی سەرپێچی و كەتن دەكات، دەكرێ دادوەری كەتن لە قەزاو ناحیەكان تەماشای سەرپێچیەكان بكات.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

الفرع الثامن

((محاكم الاحداث))

المادة الثلاثون:

أولاً: تنعقد محكمة الاحداث من هيئة برئاسة قاضي محكمة الاحداث وعضوية أثنين من المحكمين الملمين بقضايا الاحداث وتنظر في الجنايات وتصدر أحكامها فيها وفق قانون رعاية الاحداث.

ثانياً: تتم تسمية رئيس الهيئة والمحكمين الأصليين والاحتياط ببيان يصدره رئيس مجلس القضاء بناءً على أقتراح من رئيس محكمة الأستئناف.

ثالثاً: تنظر المخالفات والجنح من قبل قاضي الاحداث وحده وفقاً لأحكام قانون رعاية الاحداث ويجوز أن تنظر المخالفات من قبل قضاة الجنح في الأقضية والنواحي.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ فەقەرە یەك و دووی ماددەكەین، بەلأم بەنیسبەت فەقەرە سێ ئێمە تەعدیلمان كردووە بەم شێوەیەی كە ئێستا دەخوێنمەوە (ثالثاً: تنظر المخالفات والجنح من قبل قاضي الاحداث وحده وفقاً لأحكام قانون رعاية الاحداث ويجوز أن تنظر المخالفات والجنح من قبل قضاة الجنح في الأقضية والنواحي)، واتە جەرائیمی جونح بۆ سەلأحیاتی قازی جونح دەكەین لە ئەقزیەو نەواحی (حيث انها جرائم لا يعاقب عليها الاحداث في الحبس تكتفي المحكمة فيها بفرض الغرامة) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك حاكم نورالدین فەرموو.

**بەڕێز حاكم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆكی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دادگای كەتن بۆ بەنیسبەی ئەحداس حوكمێكی وای تێدا نییە، یان (تسلیم الوالدین)، یان (مراقبە السلوك)، یان (غرامە)یە، لەبەر ئەوە لێرە جەواز نەدەینە مەحكەمەكە لە ئەقزەیەو نەواحی موتەڵەق بێت، نەك جەواز، چونكە حاكم هەیە لە كۆڵی خۆی دەكاتەوە دەینرێت بۆ مەحاكم، فەرز بێت لەسەر ئەقزیەو نەواحی جونەح و موخالفە خۆیان ببینن، بەس جینایات ئیحالە بكرێت بۆ مەحكەمەی ئەحداس، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كەریم قسەی هەیە فەرموو.

**بەڕێز كریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەو دوو شارەزایەی كە لەگەڵ سەرۆكی دادگای نەوجەوانان لەگەڵ هەیئەكە دانرا، پێم باشە لێرەدا بە قانون دیاری بكرێت، پێوەرو ئەو زەوابتانەی كە ئەو دوو شارەزایە چین؟، مەسەلەن دەڵێ دوو شارەزا حەسب مەزاجی كێ دەبێتن، چۆنیش دادەمەزرێن لە لایەك بە یاسا دیاری بكرێت باشترەو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عەونی وەڵامی بدەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە قانونی ریعایەی ئەحداس ئەوە موعالەجە كراوە، ئەوە قانونێكی خاصە، ئەو قانونێكی عامە بەگوێرەی وی، پێویست ناكات لێرە ئیشارەتی پێ بدەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ماددەی سی دوو گۆڕانكاری بەسەردا هات، یەكێكیان لەلایەن لیژنەی یاسایی، موقتەرەحی لیژنەی یاسایی بوو كە جونەح ئیزافە بكرێتن لەسەر موخالەفات، دووەمین/ كاك حاكم نورالدین دەڵێ دەبێت (یجوز) نەبێتن، دەبێت ئەمر بێت، (یجوز)ەكە شەتب دەكرێت، ماددەكە بەو گۆڕانكاری و موقتەرەحانە دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی سی و یەك تكایە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لقی هەشتەم

دادگای كار

ماددەی سی و یەكەم: لە سەنتەری هەر پارێزگایەكدا دادگای كار لە دادوەرێك پێك دێت و بەپێی حوكمەكانی یاسا سەیری داوا و ئەو كاروبارانە دەكات كە دەكەوێتە ژێر تایبەتمەندیەكانی.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

الفرع التاسع

((محكمة العمل))

المادة الحادية والثلاثون: تشكل محكمة العمل في مركز كل محافظة من قاض واحد وتختص بالنظر في الدعاوى والأمور الداخلة ضمن أختصاصها وفقاً لأحكام القانون.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەین هیچ مولاحەزەمان نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگدانەوە بە پشتگیری لیژنەی یاسایی، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی سی و دوو تكایە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لقی دەیەم

دادگای لێكۆڵینەوە

ماددەی سی و دووەم:

یەكەم: دادگایەكی لێكۆڵینەوە، یان زیاتر لە هەر شوێنێك دادگای بەرایی لێبێ دەبێ, دادوەری بەرایی دەبێتە دادوەری لێكۆڵینەوە, ئەگەر دادوەرێكی تایبەتمەندی بۆ دانەندرا بێ.

دووەم: بۆ سەرۆكی ئەنجومەنی دادوەری هەیە. بەپێی پێشنیاری سەرۆكی دادگای تێهەڵچوونەوە، دادگایەكی لێكۆڵینەوە تایبەت بكات، بۆ جۆرێكی دیای كراو لە تاوانەكان.

سێیەم: بۆ سەرۆكی ئەنجومەنی دادوەری هەیەو بەپێی پێشنیاری سەرۆكی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەكە، دەستەیەك پێك بهێنێ بەسەرۆكایەتی یەكێك لە دادوەران بۆ لێكۆڵینەوە لە تاوان، یان هەندێ تاوانی دیاری كراو دەسەلاتی دادوەری لێكۆڵینەوەی دەبێ.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**الفرع العاشر**

**((محكمة التحقيق))**

**المادة الثانية والثلاثون:**

**أولاً: تشكل محكمة تحقيق أو أكثر في كل مكان فيه محكمة بداءة ويكون قاضي محكمة البداءة قاضياً للتحقيق مالم يعين قاضٍ خاص لها.**

**ثانياً: لرئيس مجلس القضاء بناءً على أقتراح من رئيس محكمة الإستئناف ان يخصص محكمة تحقيق لنوع أو أنواع معينة من الجرائم.**

**ثالثاً: لرئيس مجلس القضاء وبناءً على أقتراح رئيس محكمة أستئناف المنطقة ان يؤلف هيئة برئاسة أحد القضاة للتحقيق في جريمة أو جرائم معينة وتكون لها سلطة قاضي تحقيق.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین هیچ مولاحەزەمان نییە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەگەر کەس مولاحەزەی نییە، فەرموو شێخ فەتاح.**

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**مولاحەزەیەکی بچووك، ئەویش (لرئيس مجلس القضاء وبناءً على أقتراح رئيس محكمة أستئناف المنطقة ان يؤلف هيئة)، من پێم وایە (ان يشكل) بێت باشترە، لەگەڵ ڕێزمدا.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ڕاست دەکات (يشكل)ەکە باشترە، ئەو مولاحەزەی کاك شێخ فەتاح وەرگیرا (يؤلف) دەبێتە (يشكل)، ماددەی سی و دوو دەیخەمە دەنگدانەوە کە پشتگیری کراوە لەلایەن لیژنەی یاسایی، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی سی و سێ تکایە، کاك کەریم نوقتەی نیزامی هەیە.**

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لێرە ماددەی سی و یەکەم بە سی و دووەم نەنووسراوە، نازانم نەنووسراوە سی و دووەم.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**سی و دووەم خوێندرایەوەو دەنگیشی بۆ درا، ئەوە سی و سێیە، کاك کەریم سی و سێیەکە بە وازیحی نووسراوە، بەڵام دەبوایە ئەو کاتی ئیعتیرازی بکەیت، لە عەرەبیەکە هەیە، بەڵام لە کوردیەکە چاکی بکەن و بینووسن، فەرموو مامۆستا کاکە بخوێنەوە.**

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**دەروازەی سێیەم**

**خزمەتی دادوەری**

**بەشی یەکەم**

**ئەنجومەنی دادوەری**

**ماددەی سی و سێیەم:**

**یەکەم:**

**أ- ئەنجومەنی دادوەری باڵاترین دەسەڵاتی دادوەریە لە هەرێمداو بەسەرۆکایەتی سەرۆکی دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان – عێراق و ئەندامێتی کۆنترین جێگرەکانی سەرۆك وکاتێ کە دەست نەکەوێ، کۆنترین دادوەری دادگای پێداچوونەوە وسەرۆکی دەستەی سەرپەرشتی دادوەری وسەرۆکەکانی دادگای تێهەڵچوونەوە لەهەرێمدا، یان ئەوانەی جێگرایەتی دەکەن، پێك دێت.**

**ب- ئەگەر سەرۆك ئامادە نەبێ کۆنترین لە جێگرەکانی شوێنی دەگرێتەوە، ئەگەر ئەویش ئامادە نەبێت، کۆنترین ئەندام لە دادوەرانی پێداچوونەوە سەرۆکایەتی دەکات.**

**دووەم: ئەنجومەن بەلای کەمی لە مانگێکدا جارێك کۆدەبێتەوە، سەرۆك بۆی هەیە لەکاتی پێویستی بانگێشەیان بۆ کۆبوونەوە بکات، کۆبوونەوەکەش بە ئامادە بوونی سەرۆك نەبێ گرێ نادرێ، یان لەکاتی ئامادەنەبوونی جێگرێکی و کەمترنەبێ لەسێ لەسەر چواری ئەندامەکانی، بڕیارەکانیش بەزۆرینەی ژمارەی ئەندامەکانی ئەنجومەن دەردەچن.**

**سێیەم: ئەنجومەن نووسینگەیەکی دەبێ و فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی و بڕوانامەی بکالۆریۆسی لە یاسا هەبێت سەرۆکایەتی دەکات ودەبێ خزمەتی لە (15)ساڵ کەمتر نەبێت، بەپێی پاڵاوتنی لەلایەن ئەنجومەنی دادوەریەوە، بەمەرسوومێکی هەرێمایەتیەوە دادەمەزرێ، چەند فەرمانبەرێك هاوکاری دەکەن و رێکخستنی کارەکانی ئەنجومەن دەگرێتە ئەستۆ و پرۆگرامەکانی ئامادە دەکات، پوختەی مەسەلەکانی لەبەردەمی داندراون ئامادە دەکات و بڕیارەکان و گرنگییە کارگێڕیەکانی دیکە رادەگەیەنێ.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**الباب الثالث**

**((الخدمة القضائية))**

**الفصل الأول**

**مجلس القضاء**

**المادة الثالثة والثلاثون:**

**أولاً:**

**أ- مجلس القضاء هو أعلى سلطة قضائية في الاقليم ويشكل برئاسة رئيس محكمة تمييز أقليم كوردستان - العراق وعضوية اقدم نائبين من نواب الرئيس وعند عدم وجودهما أقدم قاضيين من محكمة التمييز ورئيس هيئة الاشراف العدلي ورؤساء محاكم الأستئناف في الاقليم أو من ينوب عنهم.**

**ب- اذا غاب الرئيس يقوم مقامه اقدم نوابه وعند غيابهم يترأس المجلس اقدم الاعضاء من قضاة التمييز.**

**ثانياً: يجتمع المجلس مرة واحدة في الشهر على الأقل وللرئيس دعوته للأجتماع عند الحاجة ولا ينعقد إلا بحضور رئيسه أو من ينوب عنه عند غيابه وما لايقل عن ثلاثة أرباع أعضاءه وتتخذ القرارات بأكثرية عدد أعضاء المجلس.**

**ثالثاً: يكون للمجلس مكتب يرأسه موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة بكالوريوس في القانون وله خدمة لا تقل عن خمسة عشر سنة ويتم تعيينه بمرسوم اقليمي بناءً على ترشيح من مجلس القضاء ويعاونه عدد من الموظفين يتولى تنظيم أعمال المجلس وتحضير مناهجه وتلخيص القضايا المعروضة وتبليغ قراراته والمهام الادارية الأخرى.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، بەڵام تەنها یەك، دوو مولاحەزەی بەسیتمان هەیە، یەکەمیان/ تبدیل عبارة (او من ینوب عنهم) في (أ) بكلمة(او نوابهم).**

**دوو/ بەنیسبەت ئیدیعای عام بەڕاستی حەز دەکەم تۆزێك تەفسیلی بدەمێ، ئێمە کە لەگەڵ سەرۆك و ئەندامانی دادگای تەمییز دانیشتین هەندێك لە دادوەرە بەڕێزەکانیش ئامادە بوون، لەگەڵ ئەوە بوون کە ئیدیعای عام نەبێتە ئەندام لە مەجلیسی قەزا، چونکە جۆرە تەناقوزێك پەیدا دەکات لە ئیش و کارەکان، بۆیە لە لیژنەی قانونیش دوو رەئی هەبوو، رەئیەك لەگەڵ ئەوەیە کە زۆرینەیە دەڵێ ئیدیعای عام ببێتە عوزو لە مەجلیسی قەزا، رەئیەکیش هەیە دەڵێ نەبێتە عوزو لە مەجلیسی قەزا، تەبریراتەکەش ئەوەیە بە حەقیقەت، یەکەمیان/ هەیئەی ئیدیعای عامما‌ن لەوەزارەتی داد جێ بۆ کردۆتەوە، کە دەسەلاَتێکی تەنفیزییە.**

دوو/ تەبریراتەکە ئەوەیە ئیدیعای عام دیفاع لە عام دەکات، واتا خەصمە لە دەعوا چ عیلاقەی بە مەجلیسی قەزا هەیە.

سێ/ زۆر لە دەوڵەتان ئیدیعای عام لە وەزارەتی داد جێگای بۆتەوە.

چوارەمیان/ ئەوەیە ئەگەر تەماشای ئیختیصاصاتی قەزا بکەین، ئیدیعای عام بەشدار دەبێت لە تەصویت، باشە قازییەك کە نەقل دەکرێت، یاخود تەقییم دەکرێت، یاخود صنفی دەگۆڕێت، یاخود ئینتیداب دەکرێت............، مەسائیلی خدمە، ئیدیعای عام چ عیلاقەی هەیە بە مەسەلەی مەسیری قازی لەناحیەی خدمەو لە ناحیەی تەقاعود و لە ناحیەی نەقل و لە ناحیەی ئینتیداب، بۆیە من ئەوەم نووسیووە، بۆ ئەوەی بۆتان تەوزیح بکەم، بۆ ئەوەی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئاگاداری ئەو مەسەلەیە بن، دوا ڕەئیش ڕەئی ئێوەی بەڕێزو ئەندامانی پەرلەمانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك فاروق فەرموو.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی مەسەلەکە هەر لە ئەساسەوە نەوعە حەساسیەك پەیدا بووە لەنێوان ئیدیعای عام و لەنێوان حاکمەکان، حاکمەکان تەبیعی هەموویان نا، بەڵام بەداخەوە هەندێکیان خۆیان پێ لە ئیدیعای عام گەورەترە، بەڵام بە حەقیقەتیش وا نییە، چونکە شروتی دامەزراندنی حاکم و شروتی دامەزراندنی نائیب مودەعی عام هەمووی یەك شەرت و یەك شروتە، یەعنی هیچ جیاوازییەك نییە، تەبیعی ئەو سەبەبێکە کەوا دەکات برادەرانی حاکم پێیان ناخۆش بێت مەجلیسی قەزا نوێنەری ئەوانی تێدا بێت، بەڵام لە حەقیقەتدا ئەوە بۆچوونێکی ڕاست نییە بە تەسەوری من، جارێ پێش هەموو شتێك وەکو گوتم ئیدیعای عام عەینی سیفاتی تێدا هەیە ئەوەی لە حاکمدا هەیە بە عەینی شروتیش تەعین دەبن.

دوو/ ئێستا نائیب مودەعی عام بەپێی تەعریفی قانونی ئیدیعای عام سیفەتی حاکمی دەداتێ، ئێستا یەعنی نائیبی مودەعی عام حاکمە.

سێ/ باشە مەجلیسی قەزا، ئەوان ئەگەر موبەریریان ئەوەیە بێن بۆ نائیب مودەعی عام تەداخول بکات، چونکە مەجلیسی قەزا ئیشی حاکمان دەبێتن، باشە مەجلیسی قەزا ئیشی نائیب مودەعی عامەکانیش دەبێتن، ئێستا تەرقیەی نائیب مەدەعی عام، تەبدیل سینف هەموو لە مەجلیسی قەزا دەکرێتن، باشە مەجلیسێك بێتن ئیشی مەجموعەیەك ببینێت، مەعقولە ئەو مەجموعەیە نەنێرێت، یان لەو مەجلیسەیە نەبێتن، بۆیە مەفروزە دەبێت تێدا بێتن، وەختی خۆشی پێشان تێدا بووە، یەعنی بەڕاستی زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك حاکم نورالدین قسەت هەیە فەرموو.

**بەڕێز حاكم نورالدين ملا على/ جێگری سەرۆكی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە یاسا ئەمە هاتووە، یاسای دەسەڵاتی دادوەری باسی مەحكەمەكان و دادوەرەكان بكات، باسی ئیدیعای عامی تیا نییە، لە خدمەو لە تەعین و لە ئیجرائات، بەس من ئیقتیراح دەكەم وەكو حەلێكی وەسەت، ئەگەر بێتو باسی ئیدیعای عام لە ناحیەی تەرقیەو تەرفیع و نەقل درایە مەجلیسی قەزا، رەئیسی ئیدیعای عام لەو جەلسەیە بەشدار بێت، كە باسی ئیدیعای عام بكات، لە باسی دادوەران نەخێر بەشدار نەكات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پشتگیری قسەكانی جەنابی وەزیری داد دەكەم، هەروەها قسەی جەنابی جێگری سەرۆكی دادگای تەمییز، لەڕاستیدا ئەگەر ئێمە مولاحەزە بكەین، سوڵتەی قەزائی، یان مەجلیسی قەزا دوو ئیشی هەیە، ئیشێكی ئیدارییە، مەوزوعەكە لێرەیە، كە ئێمە دەڵێین رەئیسی ئیدیعای عام ببێتە ئەندام لە مەجلیسی قەزا مەبەستمان ناحیەی ئیدارییەكەیە، نەك زیاتر كە باسی سوڵتەی قەزائی دەكەین، مەجلیسی قەزا ئیختیصاصی تەماشا كردنی دەعوا، یان تەدقیقە، یان هەر شتێكی تر موتەعەلیق بێت بە محاكم، كە ناحیەی ئیداری باس دەكرێت، وابزانم زۆر شتێكی باشە رەئیسی ئیدیعای عام ببێتە عوزو لە مەجلیسی قەزا لە كوردستان، چونكە پەیوەندییەكی زۆر توند هەیە، بەتایبەتی پەرلەمانی كوردستان ئەندامەكانی ئیدیعای عامی كردە قازی، صنفی قازیان وەرگرت، یەعنی رەبتەكەی ئێستا حەتمەن بووە سوڵتەی قەزائی بۆ مەجلیسی قەزا، واتا رەئیسی ئیدیعای عام ئەگەر نەبێتە ئەندام، هەر قەرارێك دەردێت لە مەجلیسی قەزا، باشە موتەعەلیق نییە بەوان، نابێت ئەوانیش رەئییەكیان هەبێت، دوایێ لەگەڵ ئەوەشدا ئەو دەبێتە ئەندامێك یەك ئەندامە لە كۆی دەنگەكان چەند كەسن لە مەجلیسی قەزا، ئەگەر قەراراتیش دەربچێتن، وابزانم قەرارەكەی ئەو، رەئی ئەو تەئسیر لە مەجلیسی قەزا ناكات و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پشتیوانی لە قسەكانی برای بەڕێز كاك عەونی دەكەم، بێگومان دەزگای ئیدیعای عام دەزگایەكی گرنگە، هەمووومان بە تەمای ئەوەین كە تەفعیل بكرێت، بۆ ئەوەی دەوری باڵای خۆیان ببینن لە بەرەو پێش بردنی نیزامی قەزائی لە هەرێمی كوردستان، بەخۆشیان پرۆژەیان هەیەو، لەوانەیە پرۆژەش پێشكەشی

حکومەت کرا بێت، کە دەیانەوێت هەنگاو بۆ ئەوە بهاوێن ببێتە دەزگایەکی نیمچە سەربەخۆ، هەنگاوی یەکەمیان بۆ سەربەخۆ بوون ئەوەیە کە لە دەزگای تەنفیزی دوور بکەونەوەو بێنە ناو مەجلیسی قەزا، مەجلیسی قەزا کە سەرپەرشتیاری هەموو کاروباری قەزا دەکات و خوتە دادەنێت وەکو لە ماددەی پێشتر باس دەکرێت، تەختیت دادەنێت بۆ سوڵتەی قەزائی، میزانیە دادەنێت، باسی تەرفیع و تەرقیە دەکات، هەروەکو لە تەعدیلەکەی ئێمەش ناوی قازیمان لەوانیش نا وەکو سیفەتێك، ئەگەر وەکو ئیسمیش نەبێت، بۆیە جێی خۆیەتی سەرۆکی دەزگای ئیدیعای عام ئەندام بێت لە مەجلیسی قەزا، نەك هەر ئەوە بەڕاستی پێشنیارێکی تریش هەبوو، ئەگەر بکرێت ئیزافە بکرێت نەقیبی موحامین کە ئەویش بەشێکە لە ناو سوڵتەی قەزائی، بەڕاستی ئەگەر ئەویش ئیزافە بکرێت، هیچ زیانی نییە، جگە لە سوود گەیاندن نەبێت بەرەو پێش بردنی ئەزموونی قەزائی لە کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی پێشەکی پشتیوانی لە رەئی کاك عەونی و کاك زانا دەکەم، ئەوانەی بەڕاستی کە برای بەڕێزم کاك شێروان باسی کرد، بەڕاستی ئەوە رەئی کەمینە بوو لەناو لیژنەی یاساییدا، کە پشیتوانیان لە بەشێك لە بۆچوونی دادوەرانی بەڕێز دەکرد، ئێمە پێمان وایە قەزا لەسەر سێ کۆڵەکە هەڵدەستێت، یەکێکیان/ دادوەرە، ئەویتریان/ ئیدیعای عامە، ئەوتیریان/ پارێزەرە، ناکرێت لە ئەنجومەنێك پێك بهێنرێت بۆ ئەو دوو کۆڵەکە بەشدار نەبن لەو ئەنجومەندا، کە بڕیاری زۆر سەرەکی دەدرێتن، بۆ ئەوەی قەزا بەرەو پێش بباتن، قەزا رووی راستەقینەی خۆی وەربگرێتن، بەتایبەتی کاتێك ئێستا ئەنجومەنی قەزار، قەزا بە یەکجاری دەسەڵاتی دادوەری کە جیا کراوەتەوە لە هەردوو دسەلأتەکان، پێویستە ئەو دوو کۆڵەکەیە لەناو ئەو ئەنجومەنەدا کاریگەری خۆیان هەبێتن و بوونیان هەبێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عوسمان بانی مارانی.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری ئەو رەئیە دەکەم، کە ئیدیعای عام عوزو بێت لەو هەیئەتە، لەبەر ئەوەی بەڕاستی لە رووی مەعنەویەوەش کراوە بە قازی، بۆیە هەم لە رووی ئیداریەکەیەوە، هەم گرنگی ئیدیعای عام لە مەحکەمەی سەددام هەمووومان بۆمان دەرکەوت ئیدیعای عام چەند دەوری هەبوو لەسەر محامیەکان، بەڕاستی زۆر پێویستەو من پشتگیری ئەو رەئیە دەکەم عوزو بێت لەو مەجلیسە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک تارق جامباز فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نازانم بۆ لە کوردستان تەهمیشی دەوری دائیرەی ئیدیعای عام دەکرێت، بەڕاستی تەهمیش کراوەو دەبێت تەفعیلی بکەین، پێویستیشە لەو مەجلیسە رەئیسی ئیدیعای عام ئەندام بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەنیا من ناڵێم قسەکەت راست نییە، بەڵام تەهمیش نەکراوە، ئێمە پێشی چەند هەفتەیەك قانونێکمان دەرهێنا بۆ مەسڵحەتی ئەوان، بەڵام لێرەدا مەوزوعەکە باس دەکەین لە مەجلیسی قەزا هەبێت، یان نا، بۆچوونەکان بەڕێزن هەمووی، کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە باس لە دەسەلاتێکی زۆر گرنگ دەکەین لە کوردستان، کە دەسەلاتی قەزائییە، یەکێك لە کۆڵەکە ئەساسیەکانی قەزا بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان و، بۆ حەسم کردنی کێشەکان ئیدیعای عامە، یەعنی زۆر زۆر زەرورە سەرۆکی داواکاری گشتی ئەندام بێت لەو مەجلیسە، من تەئیدی ئەوەی کاك عەونی دەکەم، یەك مولاحەزەی بچووکم هەیە باسی رەئیسی هەیئەی ئیشراف عەدلی کرا، باش وایە بڵێین رەئیسی هەیئەی ئیشرافی قەزائی، لەبەر ئەوەی ئیشرافی عەدلی راستەوخۆ لە ژێر سەرپەرشتی وەزیری داد دایە، کە ئیشەکانی دائیرەی عەدلەو تەنفیزە، دەوائیری تاپۆیە، باشتر وایە ئەو هەیئەتەی ئیشرافی عەدلیە بکرێتە هەیئەتی ئیشرافی قەزائی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش تەبیعی پشتیوانی لەوە دەکەم، کە مودەعی عام عوزو بێت لەو لیژنەیە، هەر بۆ ئاگاداری و زیاتر مەعلوماتی بەڕێزتان لە کۆمەڵگای مەدەنی کۆڵەکەی لیژنەی قەزا لەسەر سێ پایە دروست دەبێت، یەکەم/ حاکمەکانە، دووەم/ مەدەعی عام، سێیەم/ محامی مونتەدیب، بۆ ئەوەی لە ژێر تەئسیری حاکمدا نەبێت و دامودەزگایەکی تایبەتیان هەبێت، بتوانن دەورەکە بە رێك و پێکی ببینن و لە ژێر نفوزی حاکمەکان نەبن، ئەوانیش شەخصیەتێکی تایبەتی خۆیان هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەپێچەوانەی بۆچوونەکانی برادەرانم، من پێم وایە نابێت داواکاری گشتی لەگەڵ دەستەی سوڵتەی قەزائی بێت، لەبەر ئەوەی پێویستە ئەو ڕەبتەی کە دەمێنێتەوە، بەتایبەتی لە یاسایەکانی پێشوو، ئێمە سیفەتی دادوەرماندا بە داواکاری گشتی دا و ڕەبتیشمان کردەوە بە وەزارەت، ئەگەر بێتو لەو دەستەیە بەشدار بێت، مانای وایە ئەوە ئەو ڕەبتەیە لەنێوان وەزارەتی داد و سوڵتەی قەزائی، لەسەرەتاش باسمان لەوە کرد، کە ئێمە دەمانەوێت سوڵتەی قەزائی سیفەتێکی سەربەخۆی تەواوی خۆی وەربگرێت، بۆیە من بەباشی نازانم داواکاری گشتی لەو دەستەیە دابێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گوڵناز خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەپێی هەر ناوەکەی خۆشی داواکاری گشتی ئەوەیە کە دەتوانێت بچێتە فەرمانگەکانی تر، ئێمە هەر لەم دانیشتینەی پێشوودا دەسەڵاتی ئەوەمان پێدا بتوانێت بچێتە فەرمانگەکانی تریش، بۆیە داواکاری گشتی سەلاحیەتی ئەوەی هەیە، بۆ ئەوەی بچێت بەپێی قانون ئەوە بۆ وەلامەکەی کاک ئارام، منیش رام لەگەڵ ڕەئی برادەرانە، پێویستە لەو ئەنجومەندا بێت، بۆ نموونە ئێستا لە دەوڵەتە دیموکراتیەکان، ئێمە لەو سەفەرەی سویدا ئەوە کرا خەڵکی گەڕەکیش بەشدارە لە بڕیارەکانی لیژنەی قەزاو، بۆیە جێگری داواکاری گشتی، یان داواکاری گشتی لەوێ بێت زەرورەتێکە، بۆیە پشتگیری لەو ڕەئیانە دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک دکتۆر کەمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ئێمە باس لە سەربەخۆیی قەزا دەکەین، سوڵتەی تەنفیزی و قەزا دوو شتی جیاوازن لە یەکتر، بۆیە دەبێت هەموو جهود سەرف بکەین، بۆ ئەوەی قەزا لە هەموو ڕوویەکەوە سەربەخۆ بێتن، هیچ تەرەفێکی تر تەئسیری لەسەر نەبێت، ئەمە بۆ ئەوە نییە کە بەڕێز ئیدیعای عام یەعنی لە مەرکەزەکەی کەم بکەیتەوە، نەخێر بە پێچەوانەوە، ئینجا ئەویش لە شوێنی خۆی، لەناو وەزارەتەکەی خۆی بە هەموو توانای خۆی کاری خۆی دەکات، ئێمە بەرەو دیموکراتیەت دەڕۆین، بەرەو جیا کردنی دەسەڵاتەکان لە یەکتر دەچین، بۆیە من پێم وایە وەکو بەڕێز کاک حاکم نورالدین فەرمووی، بۆ ئەو ئیشانەی کە مەربوت بێت حەقی ئامادە کردنی پێ بدرێت، وەك وتت مەجلیسی قەزا ئیشی مەحاکمە، ئیشی تایبەتی خۆیانە، دەبێت

ئیستیقلالیەتێکی کاملیان هەبێت، من پێم وایە نابێتن لەوێ نەبێت، ئیلا بۆ ئەو ئیشانەی کە خۆی پێویستیان بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەعدەدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدين عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە رەئیەکەی کاك شێروان دەکەم، چونکە لەبەر ئەوەی ئیدیعای عامە، ئێمە باسمان کرد گوتمان نەقازیەو، نە قازی نییە، کەوتە بەر رەحمەتی پەرلەمان تەصویتی لەسەر کراو بووە قازی و بووە حاکم، بەڵام بەو دەرەجەیەش وا نابێتن بیبەیتە مەجلیسی قەزاو لەوێ دایبنێیت، ئەوە تەمسیلی ئیدیعای عام دەکات و داواکاری گشتی دەکات، ئەوەندەی کە جارێ دراویەتی بەسە، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕاستی بۆچوونەکان زۆر بەجێنە، بەڵام هەندێ بۆچوون حرس و قانونی بوو، هەندێك بۆچوونیش سیاسی بوو، من رەئیەکەم دەڵێم ئومێدیش دەکەم سیاسی نەبێتن، مەنتیقی بێتن، هەوڵ دەدەم مەنتیقی بێت، جارێ ئەو ناکۆکیەی لەنێوان حاکم و مودەعی عام هەیە هیچ مانایەکی نییە، هیچ موبەریرێکی نییە، چونکە هەردووکیان واجیبیان ئەوەیە خزمەتی قەزا بکەن، عەدالەت و قانون جێ بەجێ بکەن، ئەگەر هەشبێتن دەبێت ئێمە لە پەرلەمانەدا هەوڵ بدەین ئەوە نەمێنێتن، تەناقوز هەبێت لەنێوان حاکم و مودەعی عام ئەوە خراپە، چونکە مودەعی عامەکە خەصم نییە، ئەگەرچی لەناو مەحکەمەدا خەصم دێتە پێش چاو، ئەویش هەدەفەکەی وەکو حاکمەکە عەدالەتە، ئەمە یەك.

دووەمین/ ئێمە رەحممان نەکردووە، خێرمان نەکردووە بە مودەعی عام، پاش موناقەشەیەکی دوورو درێژ، پاشی ئەوەی کە تەجروبەی وڵاتانی زۆری دنیا بە هەمان شێوە هەڵمان سەنگاندووەو دەنگمان بۆ داون، ئەو دەرەجەی قازیمان داوەتێ.

سێیەم/ مەجلیسی قەزا، مەجلیسێکی تەنفیزی نییە، وەکو پەرلەمان، حوکامەکان وایە، چ زەرەرێکی هەیە ئەگەر هاتوو مودەعی عامی لێ بێتن، من هەر ئەوەش ناڵێم، لێرە دەڵێ دوو نائیب، بۆ هەموو نائیبەکان تێدا بێت، شەش نائیبیشی هەبێت، هەشت نائیبیشی هەبێت، شەش نائیب ئەندام بن لە مەجلیسی قەزا، بۆ ئیلا دوو نائیبەکە، لەبەر ئەوە من پشتگیری لەو رەئیە دەکەم کە دەبێت مودەعی عامی تێدا بێت، ئیزافەش دەکەم هەردوو نائیبەکە نا، هەموو نائیبەکانی تێدا بێتن.

مولاحەزەیەکی ترم هەیە لێرەدا لە هینەکە هاتووە دەڵێ رەئیسی مەکتەبەکە دەبێت بە مەرسومی ئیقلیمی تەعین بێتن، مەرسومی ئیقلیمی بۆچیە، وەزیر نییە، مەرسومی ناوێتن، مودیری مەکتەبێکە خەریجی هینە، پێویست بەمەرسوم ناکاتن ئەوەی شەتب بکەن بەڕاستی، جا من ئێستا ئەو موقتەرەحە کە زۆر لە

براده‌ران گوتیان، كاك نورالدین ره‌ئی خۆی گوت، كاك فاروقیش ره‌ئی خۆی گوت، كاك شێروانیش ره‌ئی خۆی گوت، به‌ڵی فه‌رموو.

**به‌ڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**به‌ڕێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن.**

هه‌ندێ حه‌قائیق هه‌یه من به مه‌كشوفی بۆتان ده‌ڵێم، ئه‌ندامانی دادگای ته‌مییز به هه‌موویانه‌وه به ره‌ئیسه‌وه‌ش، ئه‌وه كاك نورالدین دانیشتووه پرۆژه‌كه هی خۆیانه، خۆیان نائیب ئیدیعای عامیان لاداوه‌و خۆشیان ئیجتماعیان له‌گه‌ڵ ئێمه كردووه، ئێمه له‌گه‌ڵ ئه‌وه نه‌بووینه، ئێمه‌ش كه له‌گه‌ڵ نه‌بووین هه‌ر كه‌س ته‌بریراتی خۆی هه‌یه، ئیدیعای عام كه بووه قازی، به‌ڕێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن، هه‌ندێ حه‌قائیق هه‌یه پێت بڵێم بزانه چۆن بۆته قازی، ئیدیعای عام ئه‌وه‌ته له‌و موئته‌مه‌ره‌ی كه ئێمه حازر بووین له‌گه‌ڵ لیژنه‌ی قانونی جه‌ماعه‌تی به‌غدا، من گوتم چۆن ئه‌و كاره‌تان كرد، سێ وه‌ڵامیان دا به من، یه‌كه‌میان/ گوتیان بۆیه كردوومانه به قازی، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ئێمه قازیمان زۆر كه‌م بوو، گوتمان نائیب موده‌عی عامه‌كان با ببنه قازی هه‌تا ئه‌و فه‌راغه‌مان بۆ پڕ بكاته‌وه، له یه‌كێكی ترم پرسی بۆ ئه‌وانه‌تان كرده قازی، به منی گوت (هاي فوضى) ئه‌وه هه‌موو به حه‌قائیق له ئه‌ندامانی لیژنه‌ی یاسایی به‌غدا بۆتان ده‌ڵێم، سێیه‌میان/ گوتی ئێمه بۆ حقوق و ئیمتیازات ئه‌وه‌مان كردووه، بۆ زیاترمان نه‌كردووه، ئێستا ده‌بینین ئه‌وان له‌قه‌بی قازی هه‌ڵده‌گرن له قه‌تعه‌كان له‌سه‌ر ژووره‌كان، بۆیه به حه‌قیقه‌ت هه‌ندێك جیاوازی هه‌یه له‌نێوان ئیش و كاری ئیدیعای عام و نێوان ئیش و كاری قازیه‌كان، به‌و شكله نییه كه ئێمه ته‌سه‌وری ده‌كه‌ین، راسته هه‌موویان خزمه‌تی عه‌دالەت ده‌كات، مه‌حامیش خزمه‌تی عه‌دالەت ده‌كات موسته‌مسه‌كات ده‌بێت ته‌هیئه بكات، بۆ ئه‌وه‌ی بتوانێت بگاته قه‌رارێكی گونجاو هاوكاری به حاكم بكاتن، به‌هه‌مان شێوه‌ش، به‌ڵام ئه‌وه یه‌كه‌م جار خه‌صمه له ده‌عوا بته‌وێت، نه‌ته‌وێت دیفاع له حه‌قی عام ده‌كات، دیفاع له مه‌شروعیه‌ت ده‌كات، كه خه‌صم بێت له ده‌عواو له مه‌جلیسی قه‌زاش عوزو بێت، ئه‌وه ته‌ناقوزێكی زۆر په‌یدا ده‌كات، ئه‌مه له لایه‌ك، له لایه‌كی تریشه‌وه پرۆژه‌ی حكومه‌ت كه هاتووه، خۆی له خۆیاندا لایان داوه وه‌نه‌بێت ئێمه گوتومان بێت لابدرێت، خۆیان ته‌ڵه‌بیان ئه‌وه بووه كه ئیدیعای عام له‌گه‌ڵیان نه‌بێته عوزو، زۆر سوپاس.

**به‌ڕێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن:**

من دوو مولاحه‌زه‌م هه‌یه له‌سه‌ر قسه‌ی  كاك شێروان، پرۆژه‌كه له حكومه‌تیش بێتن، مانای وا نییه فه‌رزه له‌سه‌ر ئێمه، موناقه‌شه‌ی ده‌كه‌ین ره‌ئی ئه‌خیر په‌رله‌مانه، ئه‌وه یه‌ك.

ئێوه له لیژنه‌ی یاساییشدا موخته‌لفن له‌سه‌ری، ئیختیلافتان هه‌یه‌و ئه‌ندامانی په‌رله‌مانیش موخته‌لفن له‌سه‌ری، له نه‌تیجه‌ی ته‌صویت ده‌نگی ده‌داتن، كامه‌ی هێن كرا ئه‌وه قبول ده‌كرێتن به ته‌ئكید، ئه‌ندام بوون له مه‌جلیسی قه‌زا، مانای ئه‌وه نییه ئه‌ندامه له مه‌حكه‌مه‌كه‌ی و ره‌ئی ده‌دات له مه‌حكه‌مه، به‌ڵام له سیاسه‌تی عامه‌ی مه‌جلیسی قه‌زا ئاگادار ده‌بێتن، به‌رده‌وام ده‌بێتن له گۆڕانكاریه‌كان له ئیشی قه‌زا به گشتی، به‌ڵام خه‌صم نییه له‌وێ، به ته‌نیا حازر ده‌بێتن له هینه‌كه، زۆر موناقه‌شه كرا، دوو ره‌ئی جیاواز

هەیە، موقتەرەحی تازە لە زۆر ئەندامانەوە هاتووە دەڵێ رەئیسی ئیدیعای عام ئەندام بێت لە مەجلیسی قەزا، ئەندام بوون مانای وا نییە قەرار دەداتن دژی مەحکەمە، خۆ ئەگەر قەراریش بداتن یەکێکە موقابیل بە دە، پازدەکی تر، رەئیس مەحکەمەی تەمییزە، نوابەکانە، قوزاتی ئەقدەمە، ئەوە ئەندامێکە بە تەصویت بێتن هیچ دەورێکی نییە، تەنیا تەواصولێکەو زەرەریشی نییە، تەبعەن دوو رەئی جیاواز هەیە، رەئیەك هەیە کە ببێتە ئەندام، من ئەوەش ئیقتیراح دەکەم، ئەگەر حاکم نورالدین موافیق بێت دوو نوابەکە نا، هەموو نائیبەکانی، فەرموو جەنابت رەئی خۆت بدە، رەئیەکی خۆت بڵێ، بۆ ئەوەی لە دەنگداندا هین بێت.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەعنی لە تەشکیلەکە دەڵێین (وعضویة نواب الرئیس) نەك نائیبی (وعند عدم وجود احدهم یحل محله اقدم قاضي من محکمة تمییز ورئیس الاشراف القضائي) نەك عەدلی، چونکە ئەمە هەیئەتێکی قەزائی عەدلی دەکەین، فەقەرەیەکی تر ئیقتیراحم هەیە ئیزافە بکرێت (6-للمجلس شخصیة معنویة وله حق امتلاك اموال منقولة وغیر منقولة وممثل مجلس امام المحاکم ورئیس المجلس او من ینوب عنه قانوناً)، لێرە چونکە شەخصیەت نەدراوەتە مەجلیسی قەزا، ئەو شەخصیە مەعنەویەی بدرێتێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا موقتەرەح کە دەڵێت رەئیسی ئیدیعای عام ئەندام بێت لە مەجلیسی قەزا لەلایەن زۆربەی زۆری ئەندامانی پەرلەمانەوە باسی لەسەر کرا، ئەو موقتەرەحە موحەدەدە بە تەنیا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە رەئیسی ئیدیعای عام ئەندام بێت لە مەجلیسی قەزا دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ ئەوە نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ رەئیسی ئیدیعای عام دەبێتە ئەندام لە مەجلیسی قەزا، ئێستا موقتەرەحی کاك حاکم نورالدین کە بووە فەقەرەی شەش، ئەگەر لیژنەی یاسایی پێیان باشە منیش بیکەمە موقتەرەح، کاك شێروان کاك حاکم نورالدین رەئیەکی دا ئەگەر دەیکەینە موقتەرەحێك، چونکە ئەو بۆی نییە موقتەرەح تەقدیم بکات، کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من پێم وایە مەجلیسی قەزا هەندی فراوان بکرێت باشترە، من لەگەڵ ئەو رەئیە دامە کە کاك حاکم نورالدین پێشنیاری کرد، هەروەها پێشنیاریش دەکەم نەقیبی موحامین ئیزافە بکرێتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە پێشنیاری من بوو، ئەگەر مەسەلەی نوابەکان بێتن، من خۆم گوتم، دەبێت ببێتە نواب و زیاد بکرێتن، کەواتە ئەو ماددەیە بەو گۆڕانکاریەی هەم لیژنەی یاسایی و هەم ئێوەش، فەرموو کاك سەعدەدین.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە فەقەرەی (ب- اذا غاب الرئیس یقوم مقامە اقدم نوابە) ئەقدەم نوابی لوغەوییەن غەڵەتە، (اقدم تائبیە)، چونکە ئێمە باسی دوو نائیبمان کرد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گوتمان زیاتر لە نوابی هەیە، پێشتر باسمان کرد دوو نائیبی نییە، مەجلیسی قەزایەکەش نوابەکە، گوتمان موقتەرەحەکەی تازە لە یەکەمەکە (وعضویة اقدم نائیبین) (وعضویة نوابە)، ئەقدەم نائیبی نییە، لێرە فراوانی دەکەین (وعضویة نواب الرئیس) لە فەقەرەی یەکەم موقتەرەحی منە، کە کاک حاکمیش پشتگیری لێ کرد (اقدم نائیبین) دەبێتە (وعضویة نوابە) چەند بێت هینە، فراوان دەبێتن، دەیخەمە دەنگدانەوە بەو ئیقتیراحەی کە دەنگتان بۆ دا کە رەئیسی مودەعی عام دەبێتە ئەندام لە مەجلیسی قەزا، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، فەرموو کاک بەکر.

**بەڕێز بکر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابت باسی ئەوەت کرد مەرسومی هەرێمایەتی ئەوە خستانە دەنگەوە، جا ئەوە رۆیشت، ئایا بەپێی مەرسومی سەرۆکی هەرێمە بە دامەزراندنی بەڕێوەبەر، یان نا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەڕۆیشت ئیعتیرازمان کرد، من ئیعتیرازم کرد لیژنەی یاساییش گوتیان راستە، یەعنی کەواتە شەتب کرا، گوتم بەناوی مەرسوم ئەوە وەزیر نییە، گوتیان راستە منیش کە موقتەرەحەکەم دا گوتم بەو تەعدیلاتەی کە کرا بە زیمنی ئەوە کەسیش نەیوت، کەواتە ئەو دەنگدانە مەرسومی تێدا نییە، یەعنی رەئیسی مەکتەبەکە بە مەرسومی هەرێم دانانرێت دەنگمان بۆ ئەوەیدا، پێشتر گوتم لیژنەی یاسایی گوتیان راستە، کە خستمە دەنگدانەوە گوتم بەو تەعدیلاتەی کە کرا، تەنیا بۆ یەك شت فەقەرە دەنگمان دا ئەویش ئیزافە کردنی رەئیسی ئیدیعای عام، فەقەرەکانی تر کە تەعدیل کراوە، مەسەلەن ئەو (اقدم نائیبین) بووە (نواب) مەرسوم اقلیمی ناوێتن، یەعنی خۆی ئیختیلافێك لەنێوانماندا پەیدا بوو، بۆ ئەو ماددەی کە دەنگمان بۆدا، بۆ ئەوەی وازیح بێتن، ئەو فەقەرەی کە دەنگمان بۆدا بە تەنیا، لەبەر ئەوە موقتەرەحێکی تازە بوو لە پرۆژەکە نەهاتبوو، لە لیژنەی قانونیشدا نەهاتبوو بە قسە کرا، بۆیە خستمانە دەنگدان، ئەوانی تر کە گۆڕانکاری لەسەر کرا هەر یەکە، یان لە پرۆژەکە هاتبوو، یان لە لیژنەی قانونی هاتبوو، تەعدیلات کرا لە خیلالی قسە، دواتر کە من ماددەکەم خستە دەنگدانەوە گوتم بە گۆڕانکاریەکانەوە کە موافەقەتتان لەسەر کردووە، یەعنی لەوانەشە مەرسومەکەیە، قەزایەکەیە، نوابەکەیە، دوو نائیبەکەی کە بۆتە نواب، ئەوانە هەمووی پێکەوە لەگەڵ ئەو رەئیسی ئیدیعای عام هەمووم خستە دەنگدانەوەو دەنگتان

بۆدا، مەقصەد لەوە دایە تەنیا بۆ ئەو فەقەرەیە دەنگمان بۆدا تەنیا، چونکە موقتەرەحێکی تازە بوو لە نەتیجەی موناقەشە، بڕۆ ماددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سی وچوارەم: ئەنجومەن ئەم تایبەتمەندیانەیانە دەگرێتە ئەستۆ:

1- پلانەکانی دەزگای دادوەری ئامادە دەکات، گفتۆگۆی لەمەڕ دەکات، تێبینیەکانی خۆی دەربارەی دەردەبڕێ.

2- تێڕوانین لە دەمەزراندن و بەرزکردنەوەو پلە گۆڕین و گواستنەوەو گەڕاندنەوەی دادوەران ولێکۆڵینەوە لە رەوشت و تواناکانیان و چاودێری کردنی سەربەخۆیی دادوەری.

3- دەکرێ بەپێی یاسا ئەرکی دیکە بە ئەنجومەن بسپێردرێ.

4- ناونان و پاڵاوتنی دادوەرو فەرمانبەران ئەوانەی ئەم یاسایە لەسەریان پیادە دەکرێ، بۆ هاوبەشیکردنیان لەخولی راهێنان و ئامادەکردنیان.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة والثلاثون: يتولى المجلس الاختصاصات الآتية:

1- اعداد الخطط لجهاز القضاء ومناقشتها وابداء ملاحظاته عليها.

2- النظر في تعيين وترفيع وترقية ونقل واعادة القضاة والتحقيق عن سلوكهم وكفائتهم والإشراف على استقلال القضاء.

3- يجوز منح المجلس مهام اخرى وفقاً للقانون.

4- تسمية وترشيح الحكام والموظفين الذين يسرى عليهم هذا القانون للمشاركة في الدورات التدريبية والتأهيلية.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، بەڵام پێشنیار دەکەین ئەو دوو تەعدیلە بێتە گۆڕێ، یەکەمیان/ حەزفی فەقەرە سێ، چونکە ئەوە تەحصیل حاصلە، ئیزافەی فەقەرەیەکیش (اعداد الميزانية للسلطة القضائية ورفعها الى المجلس الوطني ضمن الميزانية العامة للأقليم للمصادقة عليها)، ئەمە یەك.

لە لایەکی ترەوە، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە، ئەو مەوزوعەی کە لە سەرەتای جەلسە موناقەشەمان کرد، ئێستا ئەو ماددەیەی کە حازرمان کرد بوو لێرە لە زیمنی ئیختیصاصاتی مەجلیس هەروەکو کاك نورالدین ئیشارەتی پێدا، ئێستا دەبێت ئەو ماددانەش جێگای بۆ بکەینەوە لێرەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

صیغەیەك لەسەر ئەو فەقەرەیەتان هەیە، تكایە بیخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

...........خدمة لموظفيها ومنتسبيها وانضباطهم) ئەوە یەك.

دووەمین/ (تختص مجلس القضاء بالنواحي الادارية والتنظيمية للمحاكم بما فيها شؤون الخدمة لموظفيها ومنتسبيها وانضباطهم حصراً).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ماددەی سی و چوار لە پرۆژەی یاساكە، دوو موقتەرەح هەیە لەلایەن لیژنەی یاساییەوە، موقتەرەحێكیان ئەوەیە فەقەرەی سێیەم شەتب بكرێت، لەبەر ئەوەی تەحصیل حاصلە، چوارەم دەبێتە سێیەم، دوو فەقەرەی تازەیان ئیزافە كردووە، یەكێكیان ئەوەیە تەحصیل حاصلە بەس دەبێت تێدا بێتن ئیعدادی میزانیەو بەرز كردنی بۆ پەرلەمان، ئەویتریشیان كە لەوێ موقتەرەح وا بوو، كە ماددەیەكی تایبەت بێتن، گوتیان نەخێر فەقەرەكە لێرە جێی دەبێتەوە، موقتەرەحەكە وایە، ئەوەش تەبیعییە، لەبەر ئەوەی دەمانەوێت دەسەلاتی قەزا سەربەخۆ بێت (تكون النواحي الادارية والتنظيمية للمحاكم بما فيها شؤون الخدمة لمنتسبيها وانضابطهم حصراً من اختصاص مجلس القضاء) موزەفەكەی ناوێت هەر تەنیا (لمنتسبيها)، ئەو فەقەرەیەش ئیزافە بكرێتن، فەرموو كوێستان خان.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەسەر خاڵی دووەم دەبێت خزمەتی دادوەری بە كردەنی بۆ ماوەی كەمتر نەبێت لە دە ساڵ.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە ماددەی دواترە، كاك سەعدەدەین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدين عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

یەكێكی تر لەو مەجلیسە ئیشی ئەو مەجلیسە، سەلاحیەتی كێیە ئەو مەجلیسە (النظر في الإجراءات الانضباطية) ئەو ئیجرائاتی ئینزیباتی لە كوێ هاتووە، لە فەسلی هەشتەم هاتووە، هەر لەو بابە، جا پێویستە لێرە زیاد بكرێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كەریم فەرموو.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئیزافە کردنی ئەو پێشنیارەی دوایی نیم، کە بەناوی لیژنـەی یاسـاییەوە پێشـنیار کـراوە، لەبـەر ئەوەی من بەڕاستی بە شتێکی زیادی دەزانم تەحصیل حاصلیشە لە ئەخیری ئێمە هەر لـەو یاسـایە دەڵێین (لا يعمل باي نص يتعارض مع احكام هذا القانون) کەواتـە لێـرەدا ئـەوە زیادەیـە، چـونکە ئێمـە لـە یاسـای وەزارەتـی عـەدل کـە هێناومانـە، لێـرەش هـەمان شـێوە، لێـرەدا نـا ئیسـتقراریەت لـە پەرلـەمانی کوردسـتان دەگەیەنێت بە زەقی، لەوێ گوتومانە بە تەنسیق لەگـەڵ وەزارەتـی عـەدل، لێـرە بڵێین حەسـرەن لـە لایـەن مەجلیسەوە، ئەگەر زیکریشی نەکەین هەمان شتە، بۆیە ئەگەر ئێمە زیکری نەکەین باشترە، بۆ ئەوەی ئـەو شێوەیە نەگەیەنێت و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زیکر کردنی بۆ نەهێشتنی شکە، لەبەر ئەوە زەرەریشی نییە، ژیانیش وایـە هـەموو شـتێك دەکـەیت، تـازەی دەکەیتەوەو ئیعادەی نەزەری لێ دەکەیت و هەمواری دەکەیت، کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لەسـەر بڕگـەی دوو هەیـە دەڵێ (النظر في تعيين وترفيـع وترقيـة ونقـل واعـادة) ئـەوە لێـرە وشـەیەك نییـە (واعـادة تعـين القضـاة) حەقـە ئـەوە زیـاد بکرێـت (وتحقيـق) یـەعنی تـەحقیق وشـەیەکی نەگونجاوە بۆ ئەوە کە تۆ بتـەوێت لـە قازیەکـەوە، باشـتر وایـە (تحقـق) وشـەیەکی گونجـاوترە، واتـا تەئکیـد کردنەوە لە سلوك و کەفائـەی قـازی، تـەحقیق وەکـو ئەوەیـە کـە کەسـێك تـاوانێکی کـرد بێـت، باشـتر وایـە بنووسرێت (تحقق)، ئینجا سەبارەت بە نەزەر، یەعنی شتێکی جەوازییە، باشـتر وایـە ئێمـە وجـوبی بکـەین، بەڕاستی من ئەو پێشنیارەم هەیە، ئەم بڕگەیـە وای لـێ بێـت بڵێین (تعـين قضـاة وفقـاً للشـروط القانونيـة والنظـر في تـرفيعهم وتـرقيتهم ونقلهم واعـادة تعـين القضـاة) ئـەو بڕگەیـە وای لـێ بێـت قـانونی تـرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك فاروق فەرموو.

**بەڕێز فاروق جميل صادق/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەو ئیقتیراحە شتێکی زیادە، چونکە هەر خۆی ئیشی ئەنجومەنی قـەزائی وەکـو لـە فەقـەرەی دوو هـاتووە، ئـەوە پـێم وایـە سـەمیمی ئیشـی ئەنجومـەنی قەزائییـە، شـمولی هـەموو شـتەکان دەکـات، هـەر شـتێکی تـر کـە هـات زیـاد لـەوەی، پـێم وایـە ناکەوێتـە ژێـر ئـیش و کـاری ئەنجومـەنی قـەزائی، چـونکە ئەنجومەنی قـەزائی ئیشـی قەزائیـە، ئـەوەش مەسـەلەی تـەرفیع و تەرقیـەو نـەقل و نـازانم چ هـەمووی لـە فەقەرە دوو هاتووە، بۆیە پێم وایە ئەو فەقەرەیە زیادە لەگەڵ قانونی وەزارەتی عەدلیش ناگونجێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

كاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مـن پشتگیری لـەو پێشنیارە نوێیـە دەكـەم، كـە تـەوەجهوی عـام بـەو شـێوەیە كـە سـوڵتەی قـەزائی بـەرەو سەربەخۆیی بڕوات، هـیچ مانایـەكی نییـە، ئەگـەر لـە رووی ئیدارییـەوە مـوەزەف و مونتەسیبەكانی خـۆی سەرپەرشتی نەكات، چونكە سبەی رۆژێ ئەگەر هـەر كێشـەیەكی دروسـت بێـت، وەزارەتـی عـەدل دەتوانێـت كێشە بۆ مەحكەمەكان دروست بكات لە رێی موزەفەكان و مونتەسیبەكان، بۆیە حەصرەن دەبێت لە دەستی مەجلیسی قەزا بێت، تێبینیەكانی ئەخیری سەرۆكایەتی هەرێمیش هەمووی بەو ئیتیجاهەی دەڕۆیشتن، كە لەگەڵ ئیتیجاهی عـامی پەرلـەمان وایـە ئیسـتیقلالی قـەزا هـیچ مانـای نابێـت، ئەگـەر لـە رووی ئیـداری و تەنزیمیەوە مونتەسیبەكان و موزەفـەكان لـەلای خۆیـان نـەبێت، بۆیـە مـن پشـتگیری ئـەو پێشـنیارە نوێیـە دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لەبەر ئەوەی سێ موقتـەرەحی تازەن قسەی لەسەر كرا، تەبعەن موقتـەرەحێكیش تەحسیل حاصلە، ئەویش تەحدیـدی میلاكـاتی محـاكم و (تعـين شـاغلها مـن الـموظفين وغيرهـم ضـمن تخصيصـات ميزانيـة المجلس) ئەوانەش تەحصیل حاصلە، بەڵام لەبەر ئەوەی هەرسێ موقتەرەح تازەن، نە لـە راپۆرتەكـە هـاتووە، نـە لـە لیژنەی یاسایی هاتووە، بۆیە پێویست دەكاتن وەكو موقتەرەحی تازە بیخەمـە دەنگدانـەوە، ئـەوەی لیژنـەی یاسایی دوایی دەخەمە دەنگدانـەوە، كـە دەڵـێ شـەتبی بكـەین، موقتـەرەحێك فەقەرەیـەك ئیزافـە بكـرێتن (اعداد الميزانية للسلطة القضائية ورفعها الى المجلس الوطني ضمن الميزانية العامـة للأقليم للمصادقة عليها) كێ لەگەڵ ئەو موقتەرەحەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییـە دەسـتی بـەرز بكاتـەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، فەرموو كاك رەشاد.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تازە دەنگی لەسەر درا، میزانیە لە ماددەی چوار هاتووە بە زەقی دیارە، میزانیە موستەقیلە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لەوێ وا هاتووە، بەس لێرە ئیختیصاصاتی مەجلیسە، فەقەرەی تری تازە كە هاتـە پێشـەوە قسـەتان لەسـەر كرد بەو شێوەیەیە، لایەنی ئیداری و تەنزیمی مەحاكم لەناو ئەوانیشەوە كاروباری خدمـەی مونتەسـیبینی مەجلیسی قەزا مەحاكمەكان، دەسەڵاتی مەجلیسی قـەزا دەبـێتن بەتایبـەتی یـەعنی حەصـر قسـەی لەسـەر كرا، بە عەرەبی دەیخوێنمەوە (تكون النواحي الادارية والتنظيمية للمحاكم بما فيها شؤون الخدمة لمنتسبيها وانضابطهم حصراً مـن اختصـاص مجلـس القضـاء) كـێ لەگەڵدایـە دەسـتی بـەرز بكاتـەوە؟ زۆر سـوپاس، كـێ

لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، فەقەرەی تر کە هاتۆتە پێشەوە دەڵێت (تحديد ملاكات المحاكم وتعين شاغلها من الموظفين وغيرهم ضمن تخصيصات ميزانية المجلس) ئەوەش تەبیعییە، تەعین کردنی میلاکات، یەعنی واتا موزەفینی خۆی تەعین دەکات، وەکو پەرلەمان، کێ لەگەڵ ئەو فەقەرەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ئەو فەقەرەیەش کە لیژنەی یاسایی داوای کردووە شەتبی بکەین (تسمية وترشيح الحكام والموظفين الذين يسرى عليهم هذا القانون للمشاركة في الدورات التدريبية والتأهيلية) ئەوە تەحصیل حاصلە ئیختیصاصی ئەوانە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو فەقەرەیە شەتب بکرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، بەڵێ کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوو، سێ موقتەرەح هەیە دەیخەمە بەردەستتان، ئەگەر بە پەسندی دەزانن، یەکێکیان/ ئەوەیە ئێمە دەزانین مەشاریعی قەوانین لە دوو ڕێگە پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان دەکرێت، یان دە ئەندامی پەرلەمان، یان حکومەت، باشە مەعقولە سوڵتەی قەزائی نەتوانێت مەشاریعی قەوانین موتەعەلیقە بەخۆی تەقدیمی بکات، ئەمە یەك لە پێشنیارەکانە ئەگەر پێتان باش بێت.

دوو/ دانانی ئەنزیمەی داخیلی بۆ مەجلیس و ئەجهیزەی سوڵتەی قەزائی، ئەوەش حەق وایە ئەو دەسەڵاتەش زیکر بکرێت، کە بدرێتە مەجلیسی قەزائی، کە لە زیمنی مەجلیسی قەزائی دابنرێت ئیختیصاصاتی.

سێ/ (وضع الخطط للسلطة القضائية وتنفيذها بما يضمن تطويرها في الاقليم)، ئەوەش یەکێکە لە موقتەرەحەکان، ئەگەر بە پەسندی دەزانن، ئەوە مەوزوعی تەرشیحی موزەفین و تەرشیحی حوکام و ئەوانە هەموو ئیشارەتتان پێدا، ئەو سێ پێشنیارەمان هەیە، ئەگەر بە پەسندی دەزانن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك حاکم نورالدین فەرموو.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی کاك شێروان پێشکەشی کرد، یەعنی پرۆسەی قانون لەلایەن مەجلیسی قەزاوە، ئێمە ئەو پرۆسەیەی ئێستا کە موناقەشە دەکرێت لە پەرلەمان، ئەو پرۆسەیە لە لایەن مەجلیسی وزەراوە هاتووە بۆ لیژنەی قانونی پەرلەمان، بەواستەی لیژنەی قانونییەوە تەوزیع کرا لەسەر ئێمە، ئێمە ئەندامانی مەحکەمەی تەمییزو مەجلیسی قەزا دانیشتین پرۆسەیەکی نوێ دامان پێیان کامیلەن لە ئەلفەوە بۆ یا، کەوا ئەوە موناقەشە بکەن، بەلام لیژنەی قانونی حەسریان کرد لە بەینی، هەندێکیان موقتەرەحاتیان

وەرگرت و حەسریان کرد موناقەشەو تەقدیریان لەسەر پرۆسەکەی حکومەت، ئێستا ئەوە صیاغەی کاملم هەیە، کە مەجلیسی قەزائی کەوا ئێمە ئیقتیراحمان کردووە، ئەو ببێتە قانونی سوڵتەی قەزائی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەو پرۆژەیەمان کردۆتە ئەساس کە لە حکومەتەوە بۆمان هاتووە، لە لایەن مەجلیسی قەزاوە حازر کراوە، کە دانیشتین لە موناقەشە لەگەڵیان پرۆژەیەکی لابەلایان هێنا، لەسەر ئەساسی ئەوەی گوتیان ئێمە ئەو پرۆژەیەمان تەنزیم کردووە، ئەوەی باش بوو لەو پرۆژەیە وەرمانگرت و ئیستیفادەمان لێ کردو داخیلی راپۆرتەکەی خۆمانمان کردو لەگەڵ پرۆژەی ئەسڵی گونجاندمان و موناقەشەی لەسەر کراو درا تەصویت، ئەو پرۆژەی جەنابی باسی دەکات بۆ خۆیان ئیعدادیان کردووەو، لە خارجی حکومەت و لە لایەن خۆیانەوە ئیعداد کراوە، بۆیە رەنگە زۆر فەقەراتمان ئێمە بەنەزەری ئیعتیبار وەرنەگرت و داخیلی راپۆرتیش نەکرا، داخیلی موناقەشەش نەکرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە هەر حاڵ کاك شێروان، یەعنی خۆی ئەو موفتەرەحانەت هەندێکیان مەسەلەن ئیقتیراحی یەکەم/ بەو پەلە پەلەیە قەرار لەسەردانی زەحمەتە، یەعنی ئێستا ئێمە دەسەلاتێك بدەینە مەجلیسی قەزا، بۆ ئەوەی بتوانێتن، یەعنی بە حەقیقەتدا ئەوە شتێکی تازەیە نەدیراست کراوە، نە رەئی حکومەت وەرگیراوە، نە رەئی سەرۆکایەتی هەرێم وەرگیراوە، نە پەرلەمانیش دیراسەتی کردووە، من ئێستا خۆم ناتوانم تەقیمێکم هەبێتن بتوانم لەسەر ئەوە، ئەوەی تەئجیل بکەین بۆ وەختێکی تر دیراسەت بکرێتن، بزانین مونتەلەقات چیەو چ سوودی هەیە، بزانین تەجاروبی دنیا چۆنە لە فەترەیەکی تردا دەتوانین قەراری لەسەر بدەین، ئێمە نووسیمان (وضع النظام الداخلي للمجلس) ئەوە تەبیعییە، ئەوە ئەو فەقەرەیە ئیزافە دەکەین، ئەوە تەحصیل حاصلە، (تعين وترفيع) تەعین نابێت، قازی چۆن تەعین دەبێت، نابێت مەجلیسی قەزا تەعینی بکات، تەرشیح مەعقولە (ترشيح القضاة والقيام بترفيع وترقية ونقل القضاة) و ئەوانە، ئەوە تەبیعیە، بەلآم تەرشیحی قوزاتەکە نابێت تەعین بێتن، (تعين موظفين ومنتسبيهم) لە هینەکە تێدایە، چونکە لە ماددەیەکی تردا هەیە دەڵێ بە مەرسوم تەعین دەبن، ئەوە نابێت لەگەڵ ئەوانە، بەس من پێم وایە یەك لە فەقەرەکانی کاك شێروان دابنێین هەمووی دەگرێتەوە (وضع النظام الداخلي للمجلس) کە دەسەلآتی هین بێتن، ئەو فەقەرەیەش ئەگەر قسەتان نییە لەسەری، فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من كه ئەو پێشنیارانەم وەرگرتووە، بەڕاستی لە مەجلیسی قەزای عێراقیم وەرگرتووە، حەقی تەقدیمی مەشروعاتیان هەیە، بۆیەش من گوتم ئەوە ئەگەر ببێتە بەشێك لەم دەسەلاتانە، شتێكی باشە، دیارە لەوێش دیراسەت كراوە لە پەرلەمانی عێراقیش، هەرچەندە مولزەم نییە بەنیسبەت ئێمە، بەلام بە شتێكی باشمان زانی، بۆیە داخیلمان كرد، بەنیسبەت نیزامی داخیلیش نەوەك لە موستەقبەل تووشی ئەنزیمەی تر بین، یەعنی نیزامێك نەبێت، یەعنی مومكینە نیزامێك بۆ ئیش وكار دەردێنی، نیزامێك بۆدەزگایەكی تر دەردەهێنیت، بۆیە بە جەمعم هێناوە، بە موفرەدم نەهێناوە، دەتوانن لە كاك حاكم نورالدین بپرسن ئەو مەسەلەیە، ئەنزیمە یەعنی یەك نیزام، ئەوە خۆیان دەزانن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان من خۆم نالێم تا ئێستاكە خۆی تەحصیل حاصلە مەجلیسی قەزا حەقی هەبێتن، بەتایبەت لە مەوزوعی مەشاریعێك كە موتەعەلیقی مەحاكمە پرۆژەی تەقدیم بكاتن، بەلام ئێستاكە خۆی یەعنی پێم وایە ئەندامانی پەرلەمانیشە، شتەكە بەو پەلە پەلیە موناقەشە زەحمەتە بكرێتن، ماوەیەكی تر خۆمان دە ئەندامی پەرلەمان ئەو پرۆژەیە تەقدیم بكەن و دیراسەتی دەكەین و قەراری لێ وەردەگرین، بەلام ئێستاكە، ئەو ئیقتیراحە پێم وایە وەختی نییە موناقەشە كردنی لەو جەلسەیەدا، دەكرێتن دوو هەفتەی تر، سێ هەفتەی تر دە ئەندام هینی بكەن و زیاتر تەجاروبی دنیا وەربگرین و چۆنە، شتێكی میهەنیشەو، بەپێچەوانەوە ئەو پرۆژەیە لەوانەیە پرۆژەیەكی قانونی دەبێتن و دیراسەت كراوە، دەزانن پێداویستی هەیە بۆ كۆمەڵگای خۆمان، لەگەڵ دەستووری عێراقیشدا هین دەبێتن، من لەو موفتەرەحانەی كە كاك شێروان هینی كرد (وضع النظام الداخلي للمجلس) دانانی پەیڕەوی ناوخۆ دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەگیرا، كەواتە ئەو ئیزافاتانەی كە دەنگتان بۆدا لەگەڵ ئەسڵی ماددەكەو ئەو فەقەرەیەش كە دەنگتان بۆدا لایبەین، هەمووی دەخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ وەگیرا.

كۆتایی بەدانیشتنەكەمان دەهێنین، سبەینێ دانیشتنەكە تایبەتە بۆ دیراسەت كردنی وەزیری پەروەردە لەگەڵمان ئامادە دەبێتن، بۆ گفتوگۆ كردن، ئەو پرۆژەیە هەفتەی داهاتوو تەواوی دەكەین، ڕۆژەكەش دیاری دەكەین، ئاگادارتان دەكەینەوە، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)** | **عدنان رشاد مفتی** |

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (6)

## چوار شەممە رێكەوتی 2007/9/19

كاتژمێر (11)ی سەر لە بەیانی رۆژی چوار شەممە رێكەوتی 2007/9/19 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز

محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (6)ی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (6)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق, بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەروو و گفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەكەینەوە, بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (6)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات(11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێكەوتی 2007/9/19دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەروو و گفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی كوردستان.

داوا لە لیژنەی یاسای دەكەم بێن لەشوێنی خۆیان دابنیشن، بەخێرهاتنی جەنابی وەزیری داد بەڕێز كاك فاروق و كاك سعد وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان وحاكم نورالدین جێگری سەرۆكی دادگای تەمییزی هەرێمی كوردستان دەكەین، كەلەگەڵمان بەشدارن سەرەتا كاك حاكم نورالدین داوا دەكات چەند دەقیقەیەك قسەتان بۆبكات فەرموو.

**بەڕێز حاكم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆكی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

فەرموودەی خوای گەورە لەقورئانی پیرۆز( بسم الله الرحمن الرحيم)( وإذا قلتم فأعدلوا ولوا كان ذا قربى)(صدق الله العظيم) بەڕێزان سەرۆكی ئەنجومەن، جێگری سەرۆك، ئەندامانی پەرلەمان نوێنەرانی

میللەتی کوردستان، بەناوی ئەنجومەنی دادوەری ودادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان، سوپاسی ئێوەی بەڕێز دەکەم کە ئەم هەلەتان گونجاند بۆ بەشداری ئەم کۆڕە لە دانیشتنی پەرلەمان ببین بۆ تاوتوێکردنی یاسای دەسەلاتی دادوەری لەهەرێمی کوردستان، بەڕێزان ئەوەی روون وئاشکرایە لەهەموو جیهان دادوەری پیشەیەکی گرنگ وبارگرانیە بۆ کەسێك کەبیەوێت داد نووسەری واتە عەدالەت پەخشی ناو کۆمەڵ بێت، چونکە هەر کۆمەڵێك دادنووسەری تێدا نەبوو ئەوە ستەمکاری تێدا سەرهەڵدەدات، ئەو دیاردەیەش مایەی فەوتانی ئەو کۆمەڵەیە، بنەمای دادنووسەریش بەرچاوکردنی یاسا ئەبێت، دوور لەهەموو گوشارو دەسەلاتێکی تر، بۆیە پێویستە دەسەلاتی دادوەری دەسەلاتێکی بێلایەن بێت بۆ ئەوەی بتوانێت بە ئازادی وسەربەخۆیی لەکێشەی هاولاتیان بکۆڵێتەوە، لەئەنجامدا بەئازادی و بێلایەنی بڕیاری تێدا دەربکات، تاوەکو ماف بگەڕێتەوە بۆ خاوەنی خۆی. ئەگەر هەر هەڵەیەك روو بدات لەدادوەریدا ئایا بەهۆی چاوپۆشی کردن یان بەبێ زانستی یاخود گوێ نەدان بە سکالای سکالاکار ببێتە هۆی ستەمکردن لە مرۆڤی خاوەن ماف، ئەو ستەمکارییەش ببێتەمایەی رووخانی بارودۆخی کۆمەلایەتی، بۆیە لەمبارەوە پێغەمبەری ئیسلام محمد(د.خ) ئەفەرمووێت،(لەسێ دادوەر دوانیان بۆ ناو دۆزەخ ئەچن) واتە ئەو دووانەن کە بەعەمدی پێشێلی مافی ستەملێکراو دەکەن یاخود بەبێ زانستی لێکۆڵینەوەی ڕاستی بڕیار دەردەکەن، بۆیە دادوەری ماف پەروەری راستەقینە ئەوەیە کە بەئەو پەڕی زیرەك مەندی و چالاکییەوە پیشەکەی خۆی بەسەر بەرێت، لەژێر دروشمی سەروەری یاساو گوێنەدان بەهیچ گوشار و سپاردەیەك ئایا بۆخاتر دەستکەوتێکی شەخصی خۆی یان رازی بوونی کەسێك یان لایەنێك، بەڕێزان لەبەر ئەو هۆیانەی کەباسمان کرد، دەسەلاتی دادوەری هەرگیز لەهەموو کۆمەڵێکدا جێگای ڕێز لێگرتن بووە، لە ئاستی دەسەلاتی فەرمی ولەناو کۆمەڵی میللەت، لە وولاتێك کە رەچاوی دیموکراسی تێدا هەبێت، وبنەمای رەچاوی دیموکراتی لەناو کۆمەلگای شارستانیدا بە دامەزراندنی سێ دەسەلاتی سەربەخۆ دەبێت، لەژێر دروشمی سەروەری یاساو هەر دەسەلاتێك لێپرسراوی جۆرە چالاکیەك وخزمەتگوزارییەکی ناو میللەت دەبن، بۆ ئەوەی ژیانی بەختەوەری وئەمن وئاسایش بۆ میللەت دابین بکەن، سەرۆکی وولاتیش سەرۆکی هەرسێ دەسەلاتەکە دەبێت لەسایەی یاساو دەستووردا، ئێمەی میللەتی کورد لەهەرێمی کوردستان کە بەرەو بنیادنانەوەی کۆمەلگای شارستانی ئەرۆین پێویستمان هەیە، کە ئەو سێ دەسەلاتەی تێدا سەقامگیر بکرێ، دەسەلاتی یاسا دانان کەبریتیە لە ئێوەی بەڕێز وە دەسەلاتی جێبەجێکردن، ئەنجومەنی وەزیران پێی هەڵدەستێت، وەدەسەلاتی دادوەری کە بریتیە لەدادگاکانی هەرێم بەسەرپەرشتی ئەنجومەنی دادوەری، بۆیە پێویستمان هەیە، بەدەسەلاتێکی دادوەری سەربەخۆ وبێلایەن هەتا بتوانێ ئەرکی دادپەروەری بگرێتە ئەستۆی خۆی لەژێر دروشمی سەروەری دەستوور ویاسا ولەوە زیاتر گوێبیستی هیچ وتەیەك یان رێنماییەکی تر نەبێت، بۆ ئەوەی بەسەربەخۆیی وبەبێلایەنی بڕیاری خۆی دەربکات، لە هەرکێشەیەك لەناو کۆمەڵ کە دەخرێتە پێش دادگا، بەم هۆیەوە بەناوی هەموو دادوەرانی هەرێمی کوردستان، تکامان وایە لەپەرلەمانی کوردستان ئەو پرۆسەی دەسەلاتی دادوەری کە لەلایەن ئەنجومەنی دادوەری هەرێمەوە پێشنیار کراوە، جێگای

ڕەزامەندی ئێوەی بەڕێز بێت، چونکە ئەو پرۆسەیە تاوتوێ کراوە لەلایەن دادوەران وئەنجومەنی دادوەرییەوە، بەو جۆرەی کەخۆیان خاوەنی ئەم کێشەیەن هەروەکو پێشینان وتوویانە ( خاوەنی ماڵ ئەزانێ ماڵەکەی چی تێدایە). دووبارە سوپاسی ئێوەی بەڕێز دەکەم بەناوی ئەنجومەنی دادوەرییەوە هیوای سەرکەوتنتان بۆدەخوازم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ حاکم نورالدین ئێمە نەمان ووتووە، ئەو ڕۆژەش کەباسمانکرد نەمان ووت، ئەو مافەیان نیە ئەنجومەنی قەزا یاخود دەسەڵاتی قەزا تەبیعیە کەمافی ئەوەی هەبێت، پرۆژە تەقدیم بکات بۆ پەرلەمانی کوردستان، بەتایبەتی کەدەسەڵاتێکی سەربەخۆیە ودەسەڵاتێکی گرنگە وەکو حکومەت وەکو پەرلەمان، لە پەرلەمان دە ئەندام دەتوانێ پرۆژەیەك تەقدیم بکات، دەسەڵاتی قەزاش دەتوانێ ئەوە بکات، ئێمە وامان نەووتووە بەڵام کەلێرەدا ووتمان هین ناکات با قانونەکە دەربچێت دەتوانن دواتر دیسان پرۆژەیەك هەم بەڕێگای ئەندامانی پەرلەمان دەتوانێ ئەو پرۆژەیە بیخەنە بەردەم پەرلەمان جارێکی تر کە موناقەشەی بکەینەوە هەم دەتوانن لەرێگای حکومەتەوە ئەو پرۆژەیە بنێرن بۆ پەرلەمان، تا ئەو دەسەڵاتەتان پێبدرێت، وەکو مبدء بەشتێکی تەبیعی دەزانین بەڵام لێرەدا ووتمان پەلەپەلی لێ نەکەین لەبەر ئەوەی راستەوخۆ موقتەرەحێك هاتە پێش پێویست دەکات، دیراسەت بکرێت وپێویست دەکات ئەندامانی پەرلەمان لە خەلفیەتەکەی تێبگەن، لە موبەرپراتەکەی تێبگەن بۆ ئەوەی دەنگی بۆ دەدەن دەنگەکەیان بەقەناعەتەوە بێت، رەنگە ئێستا لێرە هەموویان نەزانن پێداویستی ئەو دەسەلات دانە بە دەسەڵاتی دادوەری چییە؟ وەکو مەبدەئێك من شەخسیەن پێم وایە شتێکی تەبیعیە بەڵام بۆ پاشتر بەجێی دێڵین لە زووترین کاتدا دیاری دەکەین من بە حەقێکی تەبیعی دەزانم، داوا لەلیژنەی یاسای دەکەم لەو شوێنەی کەوا کۆتاییمان پێهێنا وابزانم(35)مان دەنگ بۆداوە، یان نا بەڵێ (34)دەنگمان بۆ داوە، لە سی وپێنجەوە دەست پێبکەن تکایە فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشی دووەم

دامەزراندنی دادوەران

ماددەی سی وپێنجەم: دادوەر بەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوە دادەمەزرێ:

1-دەبێ خاوەنی بڕوانامەی بکالۆریۆس بێ لە یاسادا یان هاوچەشنی بێت.

2- دەبێ خزمەتی دادوەری بەکردەنی بۆ ماوەی کەمتر نەبێ لە (10)ساڵ هەبێت.

3- تەمەنی لە(40)ساڵ پتر نەبێت.

4- دەبێ عێراقی بێت.

5- زمانی کوردی بەخوێندنەوەو نووسینەوە بزانی.

6- له تاقیکردنەوەیەك بەنووسینەوە لەلایەن ئەنجومەنی دادوەری دەربچێ.

7- لەش ساغ وبێ کەم وکورتی بێت.

8- دەبێ ناوبانگ وڕەوشتی باش بێت.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**الفصل الثاني**

**((تعيين القضاة))**

**المادة الخامسة و الثلاثون: يعين القاضي وفق الشروط التالية:**

1- أن يكون حاصلاً على شهادة بكالوريوس في القانون أو مايعادلها.

2- ان يكون له خدمة قضائية لايقل عن (10)سنوات.

3- أن لا يزيد عمره عن (40) سنة.

4- أن يكون عراقياً.

5- أن يجيد اللغة الكوردية قراءةً و كتابةً.

6- أن يجتاز اختباراً تحريرياً من قبل مجلس القضاء.

7- يجب أن يكون سالماً من العاهات البدنية.

8- أن يتمتع بالسمعة و السيرة الحسنة.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الخامسة والثلاثون: تقترح اللجنة:**

★جعل نقاطها ضمن الفقرة أولاً كالآتي:

أولاً : 1-.....2-......3-........الخ.

★ اعادة صياغة النقطة (2) من الفقرة/اولا كالاتي:

2- الممارسة الفعلية بعد التخرج من كلية القانون مدة لا تقل عن عشر سنوات لوظيفة المحقق العدلي أو المعاون القضائي أو الكاتب العدل أو المنفذ العدل أو مدير رعاية القاصرين أو مدير دائرة التسجيل العقاري أو الممارسة الفعلية للمدة المذكورة لمهنة المحاماة أو الموظف الحقوقي العامل (الأكاديميون القانونيون) في قسم الحقوق في الدوائر و المؤسسات الرسمية بما لا يقل عن خمسة دعاوى في السنة.

لأنها جاءت مبتسرة وغامضة وحرمت الكثير من شرائح القانونيين من فرصة التعيين ولا سيما في غياب المعهد القضائي في الوقت الحاضر.

★ صياغة النقطة (3) من الفقرة/اولا كالاتي:

3- أن لا يزيد عمره عن (45) سنة.

برفع مؤشر العمر الى خمس وأربعين سنة وافساح المجال امام اصحاب الخبرات للتعيين حيث لاتزال امامهم خمسة عشر سنة من الخدمة الفعلية قبل احالتهم على التقاعد.

* صياغة النقطة (6) من الفقرة/اولا كالاتي:

6- أن يجتاز اختباراً شفوياً و تحريرياً أمام مجلس القضاء.

باضافة الاختبار الشفوي لإظهار كفائته المهنية.

يدمج النقطتين (8،7) في نقطة واحدة.

7- أن يكون سالماً من العاهات البدنية و يتمتع بالسمعة والسيرة الحسنة.

* باضافة نقطة ثامنة الى الفقرة/اولا كالاتي:

8- أن لا يكون محكوماً عليه بجناية غير سياسية أو عمدية أو جنحة مخلة بالشرف.

9- أن يتعهد بعدم ممارسة العمل السياسي بعد تعيينه.

باضافة نقطة تاسعة لضمان تمسكه بالحياد في اصدار الاحكام والقرارات.

* اضافة فقرة ثانية اليها كالآتي :-

ثانياً: تحسب مدة الممارسة في المحاماة و الوظائف المذكورة في الفقرة (أ) لأغراض الترفيع و الترقية.

وذلك أسوة بخريجي المعهد القضائي حيث تحسب لهم مدة دراستهم خدمة قضائية. جەنابی سەرۆك، ئێمە ئەو مولاحەزاتانەمان هەبوو، لەسەر دەقی ماددەکە بەڵام تەنها یەك خاڵ رەنگە مولاحەزەمان لەسەر هەبێت، پاش ئەوەی کەگفتوگۆمان لەسەریکرد، لەگەڵ بەڕێزان ئەندامانی لیژنەی یاسایی، ئەویش بەنیسبەت موەزەفینی حقوقی کە لەدەوائیرەکان دەوام دەکەن بەحەقیقەت ئەمە موشکیلەیە موەزەفی وا هەیە، ئەصڵەن بەدوو ساڵ بەسێ ساڵ دەعوا نابینێ ئەمەش مەعقول نیە ئیعتیبار بکرێت بەخدمەی قەزائی بۆ ئەوەی مەجالی ئەوەی پێبدرێت ببێتە حاکم وزۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی کاك فاروق وەزیری داد فەرمووو.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس بەنیسبەت ئەو تەعدیلاتانەی کەلیژنەی قانونی کردی بەنیسبەت خدمەی قەزائی ئێمە پێمان باشە کەوا دە ساڵ خدمەی قەزائی هەبێت بەڵام خدمەی قەزائی مەسەلە چیە لەو خدمەیە، ئەوەیە کە فیعلەن ممارسەی قەزای کردبێ ئایا من لەئێوە دەپرسم ئایا موەزەفێکی حقوقی لە دائیرەیەك داخۆ چوار پێنج ساڵ جارێك دەعوایەکی بینیبێ و دەچێتە مەحکەمەی ئەوە خدمەی قەزائیە بە خدمە حساب دەکرێ، حەتا لەبەعزێ موەزەفینی وەزارەتی عەدلیش هی تاپۆش هی تاپۆ ئیشوکاری تاپۆ دەکات چی دەزانێت لە مەسائیلی مەحاکم و ئەوانە من پێم وایە مەسەلەی خدمەی قەزائی حسب بێت لەسەر ئەوەلەن موەزەفینی محاکم بەسورەتێکی فیعلی کە معاون قەزائیەو محقق عدلیە و دوایش محامی بەس ئەو سێیە ممارسەی فعلی قەزا دەکەن ئەگینا ئەوی دیکە هیچی ممارسەی فعلی قەزا ناکەن بۆیە من پێم باشە

بەو شێوەیە بێت، بەنیسبەت عومر من تەئیدی لیژنەی قانونی دەکەم، عومر (45)ساڵ بێت، شتێکی زۆرچاکە بەراستی ئیختیاری شەفەوی وتەحریری من پێم وایە تەحریریەکە کیفایەتە، چونکە شەفەوی لەوانەیە بەعزە بۆچونی دیکەی تێدا بێت، بەڵام تەحریریەکە تەسبیتی شتەکان دەکات، تەحریری خوانەخواستە گەمەی تێدا ناکرێت، ئیزافەیەکی تریش کە کاك شێروان فەرمووی مەسەلەی ممارسەی حزبی و سیاسی ئەوە هەر زۆر پێویستە ئەو شەرتە هەبێت، بیکەنە شەرتێکی ئیزافی کەنەهاتووە، نۆیەم بڵێن( ان لایمارس العمل السیاسی والحزبی) ئەوە زۆر شتێکی باشە، دەیەم تەبیعی بەپێی قانونی وەزارەتی عەدل کە ئێستا نافز ومەفعولە معهدی قەزائی کراوەتەوە، ئەمن پێم وایە یەك لەشەرتەکانی لەمەودوا خەریجی مەعهدی قەزائی بێت، ئەوانەی کەوا تەعین دەکرێن بەحاکم یان نائب مدیر عام، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی جەنابت لەموجمەلی رەئی لیژنەی قانونی موافقی کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خوشك وبرایانی ئەندامانی پەرلەمان، من پێم باشە موەزەفی قانونی لەپەرلەمان ئەو شەرتەی تێدابێت، کە ئەویش حەقی هەبێت ببێت بەدادوەر یان نائب مدعی عام، بەتایبەتی مەعلومە لەلای جەنابتان پەرلەمان دەسەڵاتی تەشریعیە لە کوردستاندا وە باڵاترین دەسەڵاتە، باشە ئەو موەزەفانەی قانونی کە لێرە ئیش دەکەن بۆ ئەو مافەیان نەبێت، وەکو موەزەفەکانی دیکە، لیژنەی یاسای پێشنیاری کردووە ئەوانیش بەو شێوەیە بن، پێشنیار دەکەم ئەوە ئەگەر برادەران رەئیان لەسەری هەبێت بدرێتە تەصویت ئەو خاڵەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەمەوێت ئیشارەت بەوە بدەم ئەوەلەن خدمەی قەزائی پێشتر لەلایەن مجلسی قەزاوە تەحدید دەکرا، عەجەبا بزانن کام خدمە، خدمەی قەزائیە وەکام خدمە خدمەی قەزائی نیە، کە پرۆژەکە هات بەم شێوەیە هاتووە، ئێمە لەلیژنەی قانونی ووتمان باوردی بکەینەوە ولەقانونەکە تەسبیتی بکەین کامیان خدمەی قەزائیەو کامیان خدمەی قەزائی نیە، بەڵام ناشکرێت هەروەکو برای بەڕێزم کاك فاروق ئیشارەتی پێدا ئێمە تەوەسوع لەو مەسەلەیە بکەین، موەزەفی قانونی هەیە هەموو رێزمان لەبۆیان هەیە مومکینە بەدوو ساڵ جارێك دەعوایەك نابینن، ئەوە ئیمکان نابێت، بەخدمەی قەزائی بۆی ئیعتیبار بکرێت، یان حیساب بکرێت وداخلی ئەم مەسەلەیە بکرێت، بەنیسبەت ئەو موەزەفانەی لێرە ئیش دەکەن کەلە سوڵتەیەکی تەشریعین ئەندامانی پەرلەمان کە لێرە ئیشیان دەکرد بە جرە جرِ ئیعتیبار کرا لەلیژنەی

یاسای ئیشی دەکرد ئینجا بەچ حاڵ بڕیاری پەرلەمانی بۆ دەرچوو کە بەخدمەی قەزائی بۆی ئیعتیبار دەکرێت، بۆیە مەسەلەی سوڵتەی تەشریعی شتێکەو مەسەلەی سوڵتەی قەزائیش شتێکی ترە، دوو ئیشی لێك جیاوازن بۆیە بەحەقیقەت ئێمەش زۆربەی ئەندامان لەگەڵ ئەو بۆچوونەی جەنابی وەزیرین، کە بەنیسبەت موەزەفینی حقوقی نابێ زۆر تەوەسوعی تێدا بکرێت، لەگەڵ رێزمدا بۆ ئەو رەئیانەی کەوا دراو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵڵا من هەر بەنیسبەت مولاحەزەکانی وەزیری داد بەڕێز کاك فاروق فەقەت لەسەر مەسەلەی ئیمتیحانی تەحریری وشەفەوییەکە پێکەوە بێت باشترە، لەبەر ئەوەی لەشەفەویدا دەتوانی شەخصیەتی ئەو کەسەی کەدەبێتە حاکم روون ببێتەوە، تەحریری کردووە ناحیەی عیلمەکەی بەڵام عیلمەکە بەتەنها کافی نیە حاکم دەبێ شەخصیەتیشی هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانێت ئیدارەی و زەبتی مەحکەمەکەی بکات، وە عومرەکەش زۆر بەجێیە (45)ساڵ زۆر جێگای خۆیەتی بەڵام مەسەلەی حزبی وسیاسەت دەبێ تەعەهود بدات کەدەبێتە قازی چونکە تا ئەو وەختە شەرت نیە، کە داوا دەکات ئەو وەختە بڵێت نابێ حزبی بێت، بەڵام دەبێ پاش ئەوەی کە دەبێتە حاکم جوملەکە تەئید دەکەم بەڵام پاش ئەوەی کەدەبێتە حاکم نابێ ممارەسەی حزبی وسیاسی بکات، ئەگەر نا تۆ زۆر کەس هەیە حزبیە حەقی خۆیەتی ئەو حەقە پێش ئەوەی ببێتە حاکم ناتوانی لێی بسەنی، بیکەیتە شەرتێك فەقەت ئەو کەسانە بگرێتەوە کە حزبی نین بەڵام کەدەبێتە حاکم، دەبێ ئینتیمای حزبی وسیاسی نەمێنێت بۆ ئەوەی بمێنێت و واجبی خۆی بەجێ بێنێ ئیتر هەمووی بەجێنەو لەبەینی کاك عونی وکاك شێروانیشدا ئیختلافێکی گەورە نیە بەڵام با موناقەشە بکەینەوە بۆ ئەوەی بەڵێ جەنابی وەزیری داد فەرموو.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا پێویستە ئەوەی کاك شێروان جیاوازی زۆرە لەمابەینی سوڵتەی تەشریعی وسوڵتەی قەزائی، جیاوازی هەیە لەمابەینی ممارەسەی تەشریع وممارەسەی قەزا، یەعنی من پێم وایە ئەوەی دەبێتە حاکم یان نائب مدعی عام دەبێ فعلەن ممارەسەی ئیشی قەزای کردبێ، مەسەلەی قانون دانان یان ئوستازێك لەجامیعە کە دەردەچێت قانون دەڵێتەوە ئەمن پێم وابێ ئەوە زۆر زۆر دوورە لە مەسەلەی قەزا زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مولاحەزەیەکی بەجێیە کاك حاکم نورالدین فەرموو.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی قبوڵکردنی موەزەفین حەقەتەن موەزەفینی قانونی وەکو فەرموویان هی وا هەیە بەچەند ساڵ دەعوایەك نابینێت بەڵام ئەگەر قانونی معهدی قەزائی هاتە کایەوە معهدی قەزائی خۆی دوو ساڵە خوێندن

نیە هەموویان قانونیان تەخروج کردووە، وەکو دەورەیەکی تەئهیلیە بۆ ئەوەی شەکلیاتی محاکم فێربن محاکم تەتبیق بکەن ئەو کاتە لەقانونی معهدی قەزائی ئەتوانین نص بڵێین کە موەزەفینی حقوقیش وەربگیرێن، بۆ معهد ئەوە رەوایە، لەم ماددەیەشدا من وا بەجوان ئەزانم فەقەرەیەکی تر ئیزافە بکرێت، ثانیاً: لرئیس مجلس القضاء إصدار التعلیمات حول آلیة وشروط تعیین القضاة. ئەوە ئەبێ بەپێی رۆژان بەعزێ شروتی ئیزافی یان شتێ ئەبێت، ئەوە سەرۆکی مجلسی قەزا ئەو تەعلیماتە دەردەکات وزۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەرگای موناقەشە ئەکەینەوە ئێستا ناوتان دەنووسم، کاک ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو خاڵانەی کەوا لیژنەی یاسای دیاریان کردووە، من پشتیوانیان لێ دەکەم، خاڵی چوارەم دەبێ عێراقی بێت بەڕای خۆم لەوە بێدەنگ بین باشە یەعنی ئەو مەرجەی تێدا نەبێت، خاڵی حەوتەم کەباسی لەش ساغی وبێکەم وکورتی دەکات، بەڕاستی ئەوە بەڕای من ئەوە گونجاو نیە لێرەدا حاکم هەیە جسمی دەموچاوی زۆر جوانە زۆر رێك وپێکە، هیچی نوقستان نیە بەڵام لەرووی دەروونیەوە نەخۆشە، ئەوە یەك خەڵکێکی واش هەیە قاچێکی نیە بەڵام حاکمێکی باشە، کەسێکی باشە رەنگە دەستێکی نەبێت بەڵام ئەتوانێ ئیشوکارەکانی خۆی بکات، لەبەر ئەوە ئەو مەسەلەیە پێویستی بەروونکردنەوە هەیە، ناکرێ بەو شێوەیە لەش ساغ بێت، حەفتەم ئەڵێ ئەبێ لەش ساغ بێت وکەموکورتی نەبێت، لەش ساغی مەعلومە یەعنی ئەکرێ حاکم دەستێکی نەبێت ئەکرێ حاکم پەنجەیەکی نەبێت، ئەکرێ حاکم چاوێکیشی نەبێت، موهیم ئەوەیە ئەتوانێ ئیشوکارەکانی بەباشی بەڕێوە ببات، بەڵام رەنگە حاکمێك هەموو شتەکانی تەواو بێت بەڵام لەرووی دەروونیەوە نەخۆش بێت، هەشتەم، دەبێ ناوبانگ ورەوشتی باش بێت، یەعنی شەرت نیە هەرکەسێك بوو بەحاکم ناوبانگی باش بێت، لەبەر ئەوە تۆ نازانیت ئێستا ئێمە هەرکەسێك بوو بەحاکم ئەو صیفەتەی درایە، ئەتۆ شهادەیەکیشت دایە رەوشتی باشە رەنگە ئەو کەسە خوانەخواستە رەوشتی باش نەبێت، بەڵام لەدادگا تۆمار نەکرابێت تۆ نەتزانیبێت، رەنگە رەوشتی باش نەبێت بەڵام ئێمە نەمانزانیبێت کە کارێکی بەدرەوشتی کردووە، لەبەر ئەوە واباشە بەکارێکی بەدرەوشتی سزا نەدرابێت، یەعنی بەهۆی کارێکی بەدرەوشتی سزا نەدرابێت، ئەو کەسەی کەسزا دەدرێت یەعنی تەنها ئەوە مەسئولە بەدەردەکەوێت بەڵام ئەوی تر ناکرێت تۆ شهادەیەکی بدەیتێ یان هەموو کەس شهادەی ئەوەی بدەیتێ یان بوو بەحاکم شهادەی ئەوەی بدەیتێ کەرەوشت بەرزە، چونکە تۆمار نەکراوە لە تۆماری ژیاننامەی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتیوانی زۆرینەی رەئیەکانی لیژنەی یاسای دەکەم، تەبیعی موتەمەسیکم بەرەئی خۆشم سەبارەت بە دامەزراندنی فەرمانبەری قانونی لە پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەم جێگایە، جگە لەوەش داوا دەکەم لەراپۆرتی لیژنەی یاسای کە هاتووە، ( اضافة فقرة ثانیاً کالآتي: ثانیاً: تحتسب مدة الممارسة في المحاماة والوظائیف المذکورة في الفقرة(أ) لأغراض الترفیع والعلاوەش ئیزافە بکرێت، نووسرایە لأغراض الترفیع والترقیة، والعلاوة ئەوەش ئیزافە بکرێت، **ثانیاً** : تحتسب مدة الممارسة في المحاماة و الوظائف المذکورة في الفقرة (أ) لأغراض الترفیع و الترقیة. لەپێشنیاری لیژنەی یاسایی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بکر فەرموو.

**بەڕێز بکر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو خاڵم هەیە یەکێکیان ئەوەیە کە وەکو ئەو برایانە باسیان کرد، خزمەتی دادوەری بەڕای من ئەوەیە یەعنی مجلسی قەزائی ئەنجومەنی دادوەران تەحدیدی بکات ئەو خزمەتی دادوەرییە، کە بڵێن ئایا ممارەسەی قەزائیە یان نا، چونکە فیعلەن بەعزێ کەس هەیە کە ئەنجومەنی دادوەران باشتر ئەتوانن تەحدیدی بکەن، کە ئایا ئەوە ممارەسەی قەزائی کردووە یان نا، کەلەمەحاکم بووە یان لەمحاکم محقق بووە، دووەم نوقتە بەڕاستی پێم وایە حاکم ئەبێ لەزمانی کوردی زمانێکی زیاتریش بزانێت یەعنی زمانی کوردی بەتەنها نا بەڵکو پێم باشە زمانی تریش بزانێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە راپۆرتەکەی لیژنەی یاساییەوە دەست پێدەکەم سەبارەت بەوانەی کەوا تا چ ڕادەیەك ممارەسەی فعلیان کردووە لەبواری قەزادا منیش هەمان رەئیم هەیە، کە زۆر فراوان نەکرێت، بەجێ بهێڵرێت بۆ ئەنجومەنی دادوەری، سەبارەت بەسەرخستنی عومرەکە من لەگەڵیدام سەبارەت بەخاڵی حەوتەمییان کاك ئارێز پێشم کەوت یتمتع بالسمعة و السیرة الحسنة. ئەوە چون تەقیم ئەکرێت، یەعنی کێ قەراری ئەوە ئەیات کە سومعەو سیرەی باشە، سەبارەت بەخاڵی نۆیەم یتعهد بعدم ممارسة العمل السیاسي من پێم باشە بکرێت العمل الحزبی چونکە عملی سیاسی یەعنی شتێکی زۆر فراوانترە لە عەمەلی حزبی، لێرە پرسیارێکم هەبوو لە فەقەرەی دوو کە ئیزافەی لیژنەی قانونیە، بۆ ئەغرازی تەرفیع وتەرقیە ئەڵێت ئەو خزمەتە حیساب بکرێت، مەبەستیان ئەوەیە وەکو ئەغرازی علاوەو یەعنی تەرفیع وتەرقیە وەکو دادوەر چونکە ئەوە خۆی هەروەکو خزمەتی ئیداری مەحسوبە، سەبارەت بەخدمەی فعلی بەڕاستی مەوزوعێك هەیە ئینجا من حەزەکەم لێرەدا ئەگەر ئیجازەم بەن ئێمە بە ئیمزای پەنجا محقق عدلی ژن پێشی فەترەیەك

هاتن بۆلای لیژنەی داکۆکی کردن لەماڧ ئافرەتان وژنان، من یاداشتنامەکەم هێناوەتە خزمەت جەنابت و خزمەتی جەنابی جێگرو نازانم جەنابی کاك فرست لێرە نەبووی دوایی من لێرە نەبووم، گەشتۆتە دەستت یان نا، ژنانی محقق عدلی کێشەیەکیان هەیە، ئەوەیە کەلە خزمەتی دایکایەتی یان مۆڵەتی دایکایەتی، ناچێتە خزمەتی فیعلیەوە تەبعەن من لەگەڵ ئەوەدام، لەگەڵ ئەوە نیم ژن بوون ببێتە یەعنی جێگەی پسپۆڕی بگرێت، زۆر راستە زۆر زەروریە کە پسپۆڕی هەبێت و خزمەتی قەزائی هەبێت، ئەمەی کەباسی ئەکەم رەنگە لەیاساکەدا جێگای نەبێتەوە، بەڵام هیوادارم یەعنی فرسەت لەوەدایە کەوا جەنابی وەزیر لێرەدایە و برادەرانی محکەمەی تەمییزیش باشە ئالیەتێك بدۆزرێتەوە چۆن ئەو ژنانە دوا نەکەون بەتایبەتی عومرەکە یەعنی (40)ساڵە لەقانونەکەدا یەعنی ژنێك لەفەترەی ئیشکردنیدا وەکو محقق عدلی یان کەئیش ئەکات چوار پێنج منالی ببێت یەعنی چوار پێنج ساڵ دوا ئەکەوێت، لەبەر ئەوە پێم باشە بیر بکرێتەوە لە دۆزینەوەی میکانیزمێك چۆن ئەو ژنانە مەحروم نەبن بۆ نموونە یارمەتیان بدرێت لەدەورات یان حەزانەی تایبەتیان بۆ بکرێتەوە، ئەمە ئەکرێت بەهاوکاری لەگەڵ مونەزەماتی ژنان یان ئەو محقق عەدلیانە خۆیان یان لەگەڵ وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی یەعنی ئەمە بەنەزەری ئیعتیبار وەربگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی من پشتیوانی لە رەئیەکەی لیژنەی یاسای ئەکەم جگە لەمەسەلەی معوەق یەعنی عادەتەن بەنەزەری ئیعتیبار وەربگیرێت، معوەق پێویستە رێگە بدرێت لەهەموو بەشەکانی دەزگای عەدالەتدا کاربکات ورێگەی پێبدرێت، ئەوە یاسایەکی دوەلیشە ئینجا لێرەدا دوو نوقتەی زۆر موهیم هەیە حەزەکەم بیخەمە بەردەم پەرلەمان، یەکەم لەسەر بنەمای ئەو کارانەی کە تائێستا کردوومانە، وەزیرمان رووتکردۆتەوە لەهەموو ئەو دەسەڵاتانەی کە هەیە، من زۆرجار لەم مەوزوعەوە قسەم کردووە، وە قسەش ئەکەم باسی ئەوە ئەکرێت کە تۆ باسی نیزامی ئەمریکی ئەکەیت، ئیمرۆ باسی عەدالەتی فەرەنسی ئەکەم، کە زۆربەی برادەران وقانونیەکان ئەڵێن قانونی عێراقی لە فەرەنسیەوە وەرگیراوە، تەبیعی لەم قانونەدا دەست نیشانی ئەوە دەکات کە وەزیری عەدل شەخصەیەتی یەکەمە لە لیژنەی قەزا، ئیشەکانی تەبیعی کەلەقانونەکەدا دیاری کراوە، هەموو ئیشوکارێکی ئەو سیستەمە یان ئەو مونەزەمەیە ئەبات بەڕێوە، مەعاش دەدات بینا بۆ مەحکەمە دروست ئەکات بینا بۆ سجن دروست ئەکات، ئینجا لەسەرووی ئەمانە هەمووی تەنها شەخصە کەراپۆرت ئەدات بەسەرۆکی هەرێم ئەویش شەخصی یەکەمە کە ئەم کارە ئەکات، لەهەمان کاتدا تەنها شەخصە کە ڕاپۆرتی لیژنەی قەزائی ئەدات بە پەرلەمان، یەعنی وەزیری عەدل لەم لاشەوە جێگای کردۆتەوە کە پشتیوانی لەو قەرارەی پێشوومان ئەکات ئەوەی حەفتەی پێشوو، وەزیری

عەدل بەپێی قانون سەرۆکی دادگای مدعی عامی گشتیە، ئەمە لەقانونی فەرەنسیدا هەروەها ئیشەکانیش دیاریکراوە، جا بەپێی ئەم بنەماو ئەم مەسروفاتانەی کە هەیە، یەعنی لیژنەی قەزائی پێویست ناکات وەکو پەرلەمان بودجەی تایبەتی خۆی هەبێ، چونکە بودجەکە هەمووی لەبەردەستی وەزیردایە، وەزیریش بەشێکە لە حکومەت، لەلایەکی ترەوە ئیشەکانی لیژنەی قەزائی پێ ئەچێت قسەکانم وەکو پێویست بەدڵیان نەبێت بەڵام من لەسەر بنەمای قانون و قانونەکەش ئەخەمە بەردەمی سەرۆکایەتی پەرلەمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من خۆم نوقتەی نیزامیم هەیە چونکە لەمەوزوعەکە دەرئەچیت بۆیە ئەیانەوێت تەواوی بکەیت مەوزوعەکە چیە من خۆم بەکاك کەمالیشم ووت لەتەنیشتمەوە لەبەر ئەوەی لەبیدایەت وتم کەناوتم نووسی وتم قسەکانی خۆت بکە بۆیە مەجالم دای بەڵام لەحەقیقەتدا لەبەر ئەوەی وەختەکەمان تەرخانکردووە بۆ موناقەشەی ئەوە جەنابت معلوماتەکەت بۆ زۆرمان تازەیە بۆ منیش تازەیە، سودیشی هەیە سوپاست دەکەم، بەڵام بۆ ئەوەی لەمەوزوع دەرنەچین ئەرگەر بێت وبێیتە سەر مولاحەزەیەکی تایبەتی خۆت هەبێت لەسەر ئەو موقتەرەحەی لیژنەی یاسای یان لەسەر ئەصڵی ماددەکە، ئەوە تەرکیز بکەیت مەمنوون ئەبم.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەی دەسەڵاتەکانی وەزیر وبەشداربوونی لەلیژنەی قەزا لە سیستەمی ئەمریکیشدا هەروایە بۆ ئاگاداریتان سەرۆکی لیژنەی قەزائیە لەبەر ئەوە شتەکان هەمووی بەستراوە بەیەکەوە، من بۆیە ئەم مەوزوعەم باسکرد، بۆ ئەوەی وەکو ماددەیەکی قانونی فەرەنسیشم لەبەردەستدایە، قانونی ئەمریکیشم لەبەردەستدایە، هەردووکی ئەخەمە بەردەمی بەڕێزتان ئەگەر ئیستیفادەی لێبکرێت لەم مەوزوعەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاست دەکەین بەڵام بەحەقیقەت هەر وڵاتێك تەجروبەی خۆی هەیە، نموونەی دەسەڵاتی قەزا لەووڵاتێك بۆ ووڵاتێکی تر فەرق وجیاوازی هەیە، لە ئەمریکا لەفەرەنسا لە ئەڵمانیا، ئێمەش لەکوردستاندا تەبعەن ئیستمرارین بۆ تەجروبەی هەموو عێراق و هەموو وولاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ناتوانین قەفزەیەك بکەین ئەو نموونەی کەباسی ئەکەیت نموونەیەکی پێشکەوتووتر بێت کەوەختێ کۆمەڵگای مەدەنی دادەمەزرێت، قەزا لەژێر دەسەڵاتی هیچ کەسێکدا نییە، هەموو فشارێك لەرێگای خۆی لادەدات، بەڵام ئێمە ئەمە هەنگاوی یەکەمە بۆ ئەوەی قەزا ببێتە دەسەڵاتێکی سەربەخۆو بتوانێت دوور لەدەسەڵاتی جێبەجێکردن، دوور لەدەسەڵاتی حزبی دەوری خۆی ببینێت، بۆیە لەم مەرحەلەیەدا ئەوەی ئێمە ئەیکەین راستە بەڕەئی من تەبعەن، نەك موتڵەقی بکەم، لەمەرحەلەیەکی تر رەنگە ئەوەی جەنابت دەیڵێیت راست بێت بگەڕێینەوە ئەو قانونەی کەدەرمانکردووە، هەمواری بکەین فەرموو کاك حاتم.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا تەقریبەن ئەوەی من وەکو پرسیارێکە لە بەڕێزان لەلیژنەی یاسایی ئەڵێت لەکاتێکدا لە بڕگەی دووی ماددەکە دەڵێت خزمەتی قەزائی (10)ساڵ هەبێت، ئەوە ئەبێتە ئەوەی کەتەجروبەیەکی زۆری هەبێت لەقەزادا، لە بڕگەی شەشدا ئەڵێت، ئەبێ ئیختیبار بکرێت لەبەرامبەر مجلسی قەزا، باشە لەکاتێکدا کە (10)ساڵ خزمەتی هەیە خاوەنی تەجروبەیەکی زۆرە ئەو ئیختیبارە کەی ئەکرێت ولەکوێ ئەکرێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆر دلێر فەموو.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لەبیروبۆچوونەکانی لیژنەی یاسایی ئەکەم لەگەڵ چەند تێبینیەکدا لەراستیدا، یەکەم سەبارەت بەخزمەتی ئەو کەسەی کەئەبیت بە دادوەر پێویستە بەڕاستی ئیمە ئاگاداری ئەوە بین خزمەت لەهەندێك کارو فەرمانی ئیداریدا نابێتە هۆی ئەوەی کەوا خەڵکی مەعلوماتێك یاخود خبرەیەك کۆبکاتەوە یان پسپۆڕییەك کۆبکاتەوە تاکو ئامادەی بکات بۆ دادوەری ئەبێ لەوەدا بەڕاستی هوشیار بین، من بیروبۆچوونەکانی جەنابی وەزیر پەسەند دەکەم لەو مەسەلەدا، سەبارەت بەکەموکورتی لە دادوەردا مەرجی لەش ساغی هەندێك کەموکورتی هەیە کارناکاتە سەر ئەوەی کەمرۆڤ ببێتە دادوەر، ئەبێ هۆشیار بین لەمەسەلەی کەم ئەندامیەتیدا یان ئەو کەموکورتیانە بەمەرجێك کەنەبێتە هۆی کۆسپ دانان لەبەردەم دادوەرێتیدا، جگە لەوە بەڕاستی تێبینیەکی تریش هەیە، سەبارەت بەمەسەلەی تەمەن دیسانەوە من بیروبۆچوونەکانی لیژنەی یاسایی دووبارە ئەکەمەوە زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم فەقەرەی دوو تەحدیدی ئەو کەسانە بکرێت کە مەشمولە بەخدمەی قەزا، بەتەعلیماتێك لەلایەن مجلسی قەزا تەحدید بکرێن خۆی کەهاتووە، محقق عدلی معاونی قەزائی محامی ئەو سێیە بەموتڵەقی هاتووە، بەس ئەوانەی تر کەموەزەفینن لەدەوائیری دەوڵەت موەزەفی حقوقینە یان مودیر تاپۆیە، وا چاکە ئەو فەقەرەیەی لێ بگەڕێین بۆ مجلسی قەزا بەتەعلیماتێك دەریبکات کێ مەشمولە

بەخدمەی قەزائی و چ چینێك دەگرێتەوە، ئەوە سەلامەت ترە، بەنیسبەت (40 بۆ45) ساڵی ئەوە 45 زۆر جێگای خۆیەتی وزۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك حمه رەشید فەرموو.

**بەڕێز رشيد كريم رشيد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەربارەی رەئیەکەی کاك عونی قسەیەکم هەیە، وە تەئیدی رەئیەکەی ئەکەم، موەزەفی قانونی ناو پەرلەمان لەبەر ئەوەی کەوا پرۆژە یاسای زۆری هەموو دەزگاکانی ئەو هەرێمەی یەتە بەردەم، جگە لەوە هەموارکردنی گەلێ یاسای تری یەتە بەردەم، خبرەیەکی قانونی وشارەزاییەکی باش پەیدادەکات، بەعەکسی ئەو موەزەفە قانونیانەوەیە کە لەدەزگا تایبەتمەندەکانە، مەسەلەن موەزەفی تەربیە تەنها ئەتوانێت لە شتی قانونی ناو تەربیە حاڵی ببێت، بەڵام موەزەفی قانونی ناو پەرلەمان شارەزای لە هەموو بوارەکان هەیە وەخیبرەیەکی باش پەیدادەکات، من رەئیم وایە ئیزافەی مودەیەك لەخزمەتی بۆ بکرێت کە لەهەشت ساڵ کەمتر نەبێت، ئەویش ئەو مافەی هەبێت وەکو موەزەفی قانونی کە ئیش ئەکات لە دادوەریدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە رۆژان فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەمەرجی یەکەم باس لەبڕوانامەی بەکالۆریۆس کراوە لەمەرجی دووەمیش باس لە 10 ساڵ خزمەت دەکرێت، باشە ئەگەر بڕوانامەکەی لەبەکالۆریۆس زیاتر بوو، ماستەر یان دکتۆرا بوو، لەو حاڵەتەدا خزمەتەکەی لە 10 ساڵەکە کەمتر بۆی حیساب ناکرێت، یەعنی بەراورد بکەن لەنێوان بڕوانامەکەو نێوان ساڵەکانی خزمەتدا کەباس لەتەمەن دەکرێت، تەمەن لەوەندە زیاتر نەبێت، 40 لە 45 تا50 باشترە بەشێوەیەکی تر تەمەنەکەی دیاری بکەین، بڵێین لە سی ساڵ کەمتر نەبێت، یەعنی نەك زیادەکەی دیاری بکەین، کەمەکەی دیاری بکەین باشترە کێشەی 40و 45 و50 ساڵیمان بۆ چارەسەر دەکات، باس لە لەش ساغی و کەموکورتی دەکرێت، مەرجەکە بەشێوەیەکی تر دابڕێژرێتەوە بڵێین مەرجە تەندروستیەکانی تێدا بێت، هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە، هەندێك لەبرادەران کێشەیان هەبوو ئایا لەش ساغ بێت کەموکورتی تێدا بێت، مەرجە تەندروستیەکانی تێدا بێت ئەوەندە بەسە، پشتگیری لەو پێشنیارە دەکەم کە بەڕێز حاکم نورالدین کردی داوای لێبکەین کە ئیستیقالە بکات یان انهاء العضوية في التنظيم الحزبي او السياسي، راستە ماددەی پەنجاو دوو بڕگەی دوو باس لەو شتە کراوە، بەس بیکەینە مەرجێك بۆ دامەزراندنی دادوەر، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیری دادو کاك حاکم نورالدین، نازانم لێرە تەماشای ماددەی (33) دەکەین لەگەڵ کاك فرسەتدا چ موشکیلەیەکی هەیە، نازانم خۆی زۆر رێك و پێك هاتووە شتەکان، فەرموو کاك فاروق.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من روون کردنەوەیەکم هەیە، هەندێك برادەر وای بۆ دەچین کە ئەو تەحدید کردنی خدمەی قەزائی، ئەنجومەنی قەزائی بەخۆی بیکاتن، هەندێکیش دەڵێن نەخێر بە قانون بکرێت، خۆی لە حەقیقەتدا لە ئەنجومەنی قەزائی هەتا ئەگەر بە قانونیش بێت، ئەنجومەنی قەزائی جیهەتی موختەسە، یەعنی دەبێت ئیلا مەجالێك دەربچێت لە ئەنجومەنی قەزائی بڵێن، ئەوە خدمەی قەزائییە، بەڵام دەبێت ئەنجومەنی قەزائیش ئیستیناد بکاتە سەر نەصی قانون، خۆ لەو گۆڕەی ئیجتیهادی بدەیێ، چۆن دەبێت بە کەیفی خۆی ئەوەی هەوەسی هێنا بڵێ ئەو ئەنجومەنی قەزائییە نەیویست چونکە خدمەی قەزائی نییە، بۆیە حالەتەکان دەبێت لە قانون تەحدید بکرێت، بەڵام لە هەمان کاتیشدا لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی قەزائی بڕیار دەدرێت، ئایا ئەو حالەتە شمول دەکات، یان شمول ناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پرسیارەکەم ئەوە نەبوو کاك فاروق، لە قانونی پێشوودا هاتووە، ئێستاکە کاری پێ دەکەن شروتی قازی چیە، شروتی ئەو کەسەی کە تەعین دەکرێت زۆر بە رێك و پێکی هاتووە، نازانم لێرە لە پێشمانە، کاك شێروان قسەت هەبوو فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر تەماشای پرۆژەکەی بکەین خدمەی قەزائی هاتووە، بەڵام ئێمە وردمان کردەوە، ورد کردنەوەکەش موتابقە لەگەڵ قانونی ئەسڵی کە جەنابت ئیشارەتت پێداو هیچ خیلافمان لەسەر نییە، ئەوە نوقتەی یەکەم.

نوقتەی دووەم/ کە دەمەوێت تەوزیحی بکەم، بەنیسبەت تەعینی قوزات، ئەم شەرتانە دەتوانم بڵێم شەرتەکان مەرحەلییەو وەقتیە، ئێمە مەعهەدی قەزائیمان داناوە، سبەی دوو سبەی قانونی مەعهەدی قەزائی دێت، قانونی مەعهەد قەزائی قانونێکی خاصە، رەنگە شەرت و شروتی قەبول لەگەڵ ئەوە تەناقوز بکات، شروتی مەعهەد قەزائی، نەك ئەو شەرتانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری له وتەکانی جەنابی وەزیرو کاك شێروان دەکەم، بەڕاستی مەنصەبی قەزا مەنصەبێکی زۆر حەساسە، من پێم وایە لە ئیش و کاری ئەندام پەرلەمانیش حەساسترە، بۆیە تەنها دەبێت ئێمە حرسی ئەوەمان هەبێت، ئەوانە ببنە دادوەر، ئەوانەی خیبراتی تەواویان هەیە، کە تەئسیر لەسەر مەسەلەی عەدالەت بکات بە چاکی، یاسادانەر کە دەبینین برایەك یاسا دانەرە، یاخود موشەریعە، یاسادانەرێکی باش بێت، ئەوە مانای ئەوە نییە دەتوانێت ببێتە قازیەکی باش ئیش وکارەکان زۆر لە یەکتر جیاوازەو فەرقی هەیە، بەلاّم محامی باش دەتوانێت ببێتە قازیەکی باش، موحقیق دەتوانێت ببێتە قازیەکی باش، چونکە رۆژانە تەماسی هەیە لەگەڵ دادوەران، لەگەڵ موحاکەمات، بۆیە لەگەڵ ئەو پێشنیارە نوێیە نیمە، ئەوەی لیژنەی یاسایی پێشنیاریان کرد،.

دوو/ لە بڕگەی شەش (أن يجتاز اختباراً شفوياً و تحريرياً) من پێم وایە ئەوە هەر لابدرێت، هەم تەحریری، هەم شەفەهی، تەنها اختیبار هەبێت کیفایەتە، خاڵی ئەخیریم پشتگیری لەو رەئیەی لیژنەی قانونی دەکەم، ئەوەی تەمەنەکە ببێتە (45) ساڵ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاتوو شیرین فەرموو.

**بەڕێز شیرین عبدالرحمن دینۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر فەقەرە دوو پێشنیارم هەیە (ان يكون لة خدمة قضائية فعلية لاتقل عن عشر سنوات) ئەگەر ئەم ئیزافە بکەن (او ممارسة محاماة بصورة فعلية مدة لاتقل عن عشر سنوات)، چونکە محامی باش هەنە ئەمرۆ ئیستیفادەی بکاتن، تەبعەن هەمان شروت دیار کرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك زانا فەرمووو.

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت بڕگەی دووەم، منیش لەگەڵ ئەو رەئیە دامە زۆر فراوان نەکرێت خدمەی قەزائی جیا بکرێتەوە لە خدمەی قانونی، ئەوانەی کە راستەوخۆ پەیوەستن بە قەزاوە، ئەوان زیاتر بیانگرێتەوە، بەلاّم لە مەرجەکانی وەرگرتن لە مەعهەدی قەزائی هەموو ئەو کەسانەی کە موەزەفی قانونین لە دوائیر بۆیان هەبێت وەربگیرین، مەجالیان بۆ هەبێت، ئەگەر تەمەنیشیان هەبێت موناسیبە بچێتە ناو مەعهەد قەزائی، دوای مەعهەد قەزائی بۆیان هەبێت ببنە قازی.

سەبارەت بە بڕگەی حەوتەم (أن يكون سالماً من العاهات البدنية) من دەڵێم (والعقلية) ئەوەش ئیزافە بکرێت زۆر باشە، بڕگەیەکی نوێشم هەیە پێشنیارە، ئیزافەیە هیوادارم کەس لێی عاجز نەبێت، ئەویش ئەوەیە (ان لايكون مدمناً على الخمر)، چونکە بەڕاستی کاتێك قازی لەنادی ببینرێت و بە سەرخۆشی

ببینرێت، ئەوە بەیانی بەشێك لە كەسایەتیەكەی دێتە خوارێ، مەسەلەی خەمریش ئوموری خەبائیسە، یەعنی كەسایەتی قازی زۆر دەبێت لەوە بەرزترو پیرۆزتر بێت، كە مودمین بێت لەسەر خەمر، ئەوە زۆر كەس تووشی بووە، بەلاّم ئیدمانبوون لەسەری پێم وایە خاڵێكی گەورەیە بۆ قازی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو رەئیەی لیژنەی یاسایی داویەتی، من دەقاو دەق تەئیدی رەئیەكەی لیژنەی یاساییم، بەتایبەت رەئیەكەی جەنابی وەزیر لەسەر تەعین بوونی حاكم بەنیسبەت موەزەفی حقوقیەوە، من لە شانی موەزەفی حقوقییەوە دانابەزێنم، بەلاّم هەروەكو ئاشكرایە، ئەو كەسانەی كە تەماسیان زیاتر بە دامودەزگاكانی قەزاوە هەیە، ئەوان زیاتر مومارەسە فیعلیەكە دەكەن، ئەم ئیشەی قەزای حاكم، ئیشێكی عەمەلییە، ئیشی ئەكادیمی نییە، لەبەر ئەوە حاكم ئیشەكەی گرنگیەكی تایبەتی خۆی هەیە، هەر حاكمە دەتوانێت حەقی ژیان لە ئەو تاوانبارەی كە دەچێتە بەردەمی لێ بسەنێ، هەر حاكمە دەتوانێت حەقی ئینتیزاعی مولكیەت و ماڵ و ئەمانەی خەڵك بە قەرارێكی قەزائی دەربكات، لەبەر ئەوەی پێویستە حاكم خیبرەیەكی زۆر چاكی هەبێت، حاكم هەموو جۆرە دەعواكانی دیتە پێش، ئەمەش لە كێ حەسر دەبێت زیاتر، بە تەئكید لە موحامی مومارس زیاتر حەسر دەبێت، لەگەڵ ئەو موەزەفانەی بەتایبەتی لەناو جیهازی قەزاو وەكو معاونی قەزائی و كاتبی زەبتەكان، وەكو كاتبی عەدل، وەكو دائیرەی تەنفیز، وەكو موەزەفی دائیرەی قاسرین، ئەمانە زیاتر تەماسێكی فیعلی و عەمەلیان هەیە رۆژانە بە جیهازی قەزاوە، بەنیسبەت موەزەفی حقوقییەوە باشە جەنابی كاك نورالدین باسێكی لەسەر كرد، ئەوان بتوانرێت لە مەعهەدی قەزائی وەربگیرێن، لە مەعهەدی قەزائی دوو ساڵی پڕ دەوامی تیا دەكرێت، هەم تەتبیقی محاكمی پیشان دەدەن، هەم نەزەریش دەرسەكانیان بۆ ئیعادە دەبێتەوەو تیا دەخوێندرێت، بەلاّم بۆ ئێستای حاڵ من پێم وایە ئەو رەئیەی لیژنەی یاسایی لەگەڵ رەئی جەنابی وەزیر رێك و پێكترین رەئیە.

بەنیسبەت عومرەكەشەوە، فیعلەن مەفروزە قازی خیبرەیەكی كافی هەبێت بەڕاستی، یەعنی (45) ساڵ عومرێكی زۆر موناسیبە، بۆ ئەوەی ئەو كەسەی دەبێتە قازی بتوانێت جۆرەكانی دەعواو، جۆرەكانی مەحاكم و ئیجرائاتی قەزائی هەمووی تەقریبەن مومارەسە كرد بێت، بەنیسبەت ئیمتیحانەكەی كە دەكات و ئیختیار دەكرێت شەفهی بێت، یان تەحریری، من پێم وایە ئیختیاری ئەو كەسەی كە دەبێت بە قازی بەس تەحریری نەبێت، با شەفەهیشی تیا بێت، چونكە قازی تەنیا ئەو كەسەیە، كە ئیدارەی زەبتی جەلسەكەی بەوەوە رەبتە، یەعنی قازی دەبێت ئەوەندە كەفائەی هەبێت، بتوانێت بەرامبەر بە موقابیلەكەی لە باقەتێكی كافی هەبێت و شەخصیەتێكی بەقوەتی هەبێت، بتوانێت قسەی تیا بكات، لەبەر ئەوە من پێم وایە ئیختیبارەكە شەفەهی و تەحریری بێت، باقی تری موقتەرەحەكانی لیژنەی قانونی

موقتەرەحی چاکن، بەڵام فەرق لەنێوان ئەو حقوقییەی لە هەیئاتی تەشریعی ئیش دەکات و ئەو موزەفی حقوقی کە لە دەوائیر ئیش دەکات، کاک سەردار من پێم وایە تەوزیحێکی باشیدا، تەبیعی ئیشی تەشریع لەگەڵ ئیشی قەزائی جیاوازە، فەرقیان زۆر زۆرە، ئیشی تەشریع نووسینەوەی قانونە، ئیشی قەزائی ممارەسەی فیعلییە، بە تەئکید تەئیدی رەئیەکەی لیژنەی یاسایی و جەنابی وەزیر دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک دکتۆر فوئاد بابان.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارێکم هەیە، کەوا بڕگەی پێنج کە دەڵێ زمانی کوردی بۆ خوێندنەوەو نووسینەوە بزانرێت، لەبەر ئەوەی دانیشتوانی کوردستان تێکەڵن لە زمانەکانی ترو نەتەوەکانی تر، لەبەر ئەوە مەرج نییە تەنها بیکەین بە تەنها مەرج، بۆ ئەوەی کەوا حاکم دەبێت بە زمانی کوردی بزانن، من پێم باشە کەوا زمانی کوردی، یان زمانەکانی تری فەرمی لە کوردستان بە خوێندنەوەو بە نووسینەوە بزانێت، تێکەڵ بکرێت لەبەر ئەوە بەڕاستی مەرجی بوون بە دادوەر حەسر دەکەیت لەو کەسانە تەنها کوردی دەزانن، ئەمەش بەڕاستی زوڵمێکە، پێم وایە لە نەتەوەکانی تری دەکەین لە کوردستاندا، لەبەر ئەوە پێویستە زمانەکانی تریش داخیل بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک دکتۆر نوری فەرمووو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشەکی دەست خۆشی و پشتگیری لە سەرجەم بۆچوونەکانی لیژنەی قانونی دەکەم، سەبارەت بە کار کردن لەبواری حقوقیدا باس لەوە نەکراوە، کە ئەو مامۆستایانەی کەوا لە زانکۆکانی کوردستاندا دەرس دەڵێنەوە، ئاماژەیان بۆ نەکراوە، من وابزانم ئەوان لەو موەزەفانەی کەوا لە بەشێك لە دائیرەکان وەکو دائیرەی تاپۆ، ئەوان نزیکترن، پێویستە ناوی ئەوانیش بخرێتە ئەو لیستەوە، هەروەها پشتگیری لە بۆچوونەکەی رۆژان خان دەکەم، پێویستە ئێمە لایەنی کەم دیاری بکەین، نەك لایەنی سەرەوە، تەمەنی لە سی، یان سی و پێنج ساڵ کەمتر نەبێت، دووبارە پشتگیری لە بۆچوونی لیژنەی قانونی دەکەم کە ئەو شەرتانەی دایناوە هەمووی دەگونجێن لەگەڵ قانوندا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک دکتۆر ناصح فەرمووو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش ئەو پێشنیارانەی کەوا لیژنەی یاسایی کردوویەتی، شتی زۆر باش و گرنگن، بەڵام هەندێك تێبینیشم هەیە لەسەریان، یەکیان ئەوەیە وەکو کاك دکتۆر نوری گوتی مامۆستای زانکۆ لە بواری یاسای ئەویش ئیزافە بکرێت، من پێم وایە ئەوەش زەروورییە، ئەو دە ساڵەی کە دانراوە، من پێم وایە بۆ ئەوانەیە کە شەهادەی بەکالۆریۆسیان هەیە، رۆژان خان باشی وت، ئاماژەی بەوەدا کە دەبێت فەرقێك هەبێت لەبەینی ئەوانەی کەوا ماجستێریان هەیەو دکتۆرایان هەیە لەگەڵ بەکالۆریۆس، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم دە ساڵەکە بۆ بەکالۆریۆس بێت، هەشت ساڵ بۆ ماجستیر بێت، پێنج ساڵ بۆ دکتۆرا بێت، چونکە لەبیرتان نەچێت ئەوەی ماجستیر دەکات، هەر عەینەن لەبواری یاسایە دەیکات، مەسەلەن دوو ساڵ دەبێت بەلایەنی کەمەوە دوو ساڵ خۆی ئامادە بکات تا دەبێتە ماجستیر، یان ئەوەی دکتۆرا دەکات سێ ساڵ دەبێت ئەوە بکات، یەعنی ئەمە با ئەو هێنەی بۆ حیساب بکرێت، خاصەتەن لەسەر ئیختیصاصەکەی خۆی بکات، لەبەر ئەوە پێم وایە زەرورییە ئیشارەتی پێ بدرێت، منیش لەگەڵ ئەوەم ئەو تەمەنە کەم بکرێتەوە، یەعنی نەك زیادەکەی بڵێن، کەمەکەی بڵێن، ئاگاداری لە مەحکەمەی عەدلی دوەلی عادەتەن حەفتا ساڵ و هەشتا ساڵ لەوێ دادەنێن، یەعنی خەڵکی وا نییە کەوا تەمەنی هین بێت، بۆیە زیاد کردنی تەمەنەکە هین نەکەین، بە عەکسەوە کەمترین دیاری بکەین، کێ نابێت لەوەندە کەمتر بێت، ئینجا سی ساڵ بێت، یان سی و پێنج ساڵ بێت، ئەوە من پێم وایە شتێکی باشە، عاهەی جسمیش ئاماژەی پێ کرا، عاهەی جسمی یەکێك قۆڵی نەبێت، یان قاچێکی نەبێت، ئەوە نابێتە رێگر، بۆ ئەوەی نەبێتە حاکم، لەبەر ئەوە من پێم وایە ئەو شەرتە دەبێت تەرح بکرێت، یەعنی عاهەی جسمی، کام عاهەی جسمی؟ فەرقی هەیە ئەگەر خوانەخواستە لاڵ بێت نەتوانێت، یان سەر زمان بگرێت، یان هەندێك مەسائیل هەیە فیعلەن ناکرێت بکرێت بە حاکم، بەڵام ئەگەر قاچێکی، تەنانەت ئەگەر هەردوو قاچی لەدەست دابێت، بەڵام دەتوانێت دەور ببینێت وەکو حاکم، بۆ نا، لەگەڵ رێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محەمەد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لە خاڵی سێیەمدا پشتگیری لە لیژنەی یاسایی دەکەم بۆ ئەو تەمەنە ببێت بە (45) ساڵ، بەڵام لە خاڵی چوارەم ئەم یاسایە نووسراوە (قانون السلطة القضائية لاقليم كوردستان العراق)، لەبەر ئەوە پێم باشە ئەوە بێت (ان يكون من اقليم كوردستان العراق)، یەعنی هیچ رەبتێکی بە ئێرە نەماوە، کە وەختێك سەیری دەکەین، ئەوە شتێکی لەنگ دەردەچێت، لەبەر ئەوە پێشنیاری ئەوە دەکەم، ئەوە وای لێ بێت (ان يكون من اقليم كوردستان العراق)، ئەو حاکمە، (ان يجيد اللغه الكرديه) یەعنی یەکێك سەیری ئەمە دەکات وا دەزانێت ئێمە عەرەبین و کوردمان تیایە، ئەگەر هەر قەرارە ئەوە ببێتن با ئاوای لێ بێت، پێشنیاری ئەوەش دەکەم (ان يجيد اللغة الكردية والعربية قراءة وكتابة)، نەك لوغەی کوردی بە تەنها.

حەوتەم/ عاهات، عاهات لە زمانی عەرەبیدا بە جسمییە، یەعنی ئەو شتانەی کە زاهیر دەردەکەوێت، بەڵام ئەگەر باسی نەخۆشی بکەیت سالیم بێت، هەموو کەسێك لەناوەوە زەختێتی و شەکرەیەتی نازانم چیەتی،

سەرەتانیەتی، ئەوانە دەرناکەون، مەبەستم لەوەیە عاهات ئەو شتانەیە کە دیار دەکەوێت کوێرە مەسەلەن، یان نوقصانە، نوقصانیەکانی تر، کە دەکرێت لە مەجالێکی تردا پڕ بکرێتەوە، لەبەر ئەوە هەر دەبێت ئەو عاهەیە ببێت، ئەگینا ئەو هەیبەتەی لە دەست دەدات، حاکم ئەگەر ئەو عاهانەی تیا بێت هەیبەتەکەی لە دەست دەدات ناتوانێت، ئەوەی کە لیژنەی یاسایی بۆیان زیاد کردووە (عدم ممارسة العمل السياسي بعد تعيينهم) منیش پشتگیری دەکەم، بەڵام شتێکی بۆ زیاد بکرێت، یەعنی راستە بە زاهیر نایکات، ئەندامی شتێکە، حزبێکە، مەلبەندێکە شتێکە، ئەوە ناکات، بەڵام (ان يتعهد بالاستقلالية والحياد)، یەعنی دەبێت ئەمەی بۆ زیاد بکرێت، ئەوە نەکات، ئەگینا حزبیەکە هەر دەمێنێت لە ژێرەوە عیلاقەیەکی هەر دەمێنێت، بەڵام تەعەهودی ئەوە بدات کە (استقلالية والحياد) لە ئیشەکە جێ بەجێ بکات، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دیلمان فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری پێشنیارەکانی لیژنەی یاسایی دەکەم، بەڵام دەمەوێ لەسەر ئەو خاڵە (أن يتعهد بعدم ممارسة العمل السياسي) قسە بکەم، حەقیقەتەن پێش فەترەیەك یاسایەك لێرە دەرچوو (اتحاد قضاة كوردستان)، یان (جمعيات قضاة كوردستان)، لەو جەمیعیەو ئیتیحاداتانە ئەهدافە ئەساسیەکانی سیاسی بوون ئیزافەتەن لەگەڵ ئەهدافی میهەنی، بەمانای ئەم قازیە، ئەم حاکمە لە زیمنی ئەو هەیکەلە تەنزیمیە ممارەسەی سیاسات دەکات.

دووەم/ سبەینێ قازی بەشداری موزاهەرەیەکی سیاسی دەکاتن، یان تەصویت دەبێتن، ئینتیخابات دەبێتن دەنگ دەداتن ممارەسەی سیاسەتە، یان سبەینێ تەهدیدێك دێتە ئیقلیم خۆی بەشداری خەڵك دەبێتن بۆ موزاهەرەك دژی ئەو تەهدیدە، ئیتر لەبەر ئەوە هەتاکو زۆر موفەید نەبێتن، ئەمڕۆ سیاسەت فراوانتر هاتووە لە عەمەلی حزبی، زۆر رێکخراوی تر هەنە ممارەسەی هەمان سیاسەت دەکات، رەئیسی سیاسەت دەکەن، کە حزبی نین، کە ئەو تەنزیمە نین، خۆی قەزاش بەشێکە لە دەسەڵات، ممارەسەی دەسەڵات دەکات بەشێوەیەکی قانونی، یان ممارەسەی سیاسەت دەکاتن، باشتر ئەوەیە تەرکیز بکەینە سەر ئەوەی کە تەعەهود بکاتن عەمەلی حزبی نەکاتن.

دوو/ ئەوەی محەمەد فەرەج ئیشارەتی پێدا بوو، من تەئیدی دەکەم کە ئیزافە بێتن (الالتزام بالنزاهة الحيادية) حیادی و نەزاهەت ئەگەر ئیلتیزامی پێ بکەیت، ئیتر هەر سیاسەتێکی بکاتن هیچ تەئسیری لەسەر نابێت.

سێ/ من هەرچەندە ئەوە بوو فەترەیەکی کەم نییە، مەعهەد قەزا مادام دروست دەبێتن با یەك لە شروتەکان ئەوە بێتن کە خەریجی مەعهەدی قەزا بێت، ئەمەش رەنگە لە هەندێ ئیشکالاتی دیکە رزگار بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

گوڵناز خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە ڕەئیەكانی لیژنەی یاسایی دەكەم ئیزافەتەن بۆ بۆچوونەكەی دكتۆرە ڕۆژان لەگەڵ كاك دكتۆر نوری كە ڕێژەی كەمتر دیاری بكرێت بۆ تەمەن، نەك زیاتر، لە بواری ئەوەی ژنان لە لێكۆڵینەوەی دادی مەسەلەی دایكایەتیان بۆ بە خزمەت ئەژمار بكرێت، چونكە مەسەلەی دایكایەتی ئەركێكە لەسەر شانی ئەوان، ناگاتە ئەوەی زانستیان كەم بكات، مەعهەدی قەزاش بكرێتە مەرجێك، بۆ ئەوەی فەرمانبەرانی یاسایش لە وەزارەتەكان، یان لە دەزگاكانی تر بتوانن لەو دەرفەتە سوودمەند بن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پشتگیری ئەو ڕەئیەی پەخشان خان و گوڵناز خان دەكەم، سەبارەت بە مۆڵەتی دایكایەتی كە بە خزمەتی فیعلی حیساب بكرێت بۆ دادوەری و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نەسرین خان فەرموو.

**بەڕێز نسرین محمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من دوو خاڵم هەبوو هەردووكیان باس كران، یەكێكیان تەمەنەكە (40) ساڵ نەبێت بكرێتە (45) ساڵ، دووەمیش/ پشتگیری لە ڕەئیەكەی دكتۆرە ڕۆژان دەكەم، كە منیش هەمان ڕەئیم هەیە كە باسی بەكالۆریۆس و ماستەری نەكردووە، ئەگەر باسی ئەوەی كرد بوایە هەندەرێك بوو، بۆ ئەو كەسانەی كە ئەو بەشانە تەواو بكەن لەو بوارە ئیش بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كەریم فەرموو.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من پێم باش بوو كە باسی خدمەی قەزائی دەكرێت لە یاسایەكەدا تەعریفێك بۆ خدمەی قەزائی كرا بوایە، بۆ ئەوەی لەو ئیشكالیەتەی ئێستا ڕزگار بوانە.

بەڕاستی چەند خاڵێکم هەیە، هەرچەندە خاڵەکان باسیان لێوە کراوە، بەڵام پێم باشە بۆ تەئکید ئەوە بکەم تەئیدی ڕەئیەکەی دکتۆرە ڕۆژان و دکتۆر نوری تاڵەبانی دەکەم، سەبارەت بەوە کە تەمەن لە سی و پێنج ساڵ کەمتر نەبێتن ئیتر بۆ سەرەوە، قازی هەر وەختێك ماوەی پێ بدرێتن دەوری خۆی ببینێت لە قەزا لە هەموو مەراحیلەکاندا، پێم وایە شتێکی ئاساییە، بەڕاستی لەگەڵ ئەو ڕاو بۆچوونەش دام کە ماوەی مۆڵەتی دایکایەتی بە خزمەتی قەزائی حیساب بکرێت، ئەو بۆچوونەی کە دەڵێت کاری سیاسی نەبێت، کاری حزبی، بەڵێن بدات کاری حزبی نەکات و سەر بەهیچ حزبێك نەبێتن، ئەو بۆچوونە بەڕاستی بۆچوونێکی ڕاستە، من لەگەڵ ئەو بۆچوونەدام کە کاری حزبی نەکات و سەر بە هیچ حزبێك نەبێتن.

مەرجێکی تر، مەرجی دەرچوون، ئێمە دەرچوون لە پەیمانگای دادوەری، بەڕاستی ئێمە لە یاسای وەزارەتی دادا پەیمانگای دادوەریمان چەسپاندووە، بۆ لێرە نەبێتە مەرجێك بۆ دواڕۆژ کە لەو نزیکانە دەکرێتەوەو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر کەمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت خاڵی حەوت کە دەڵێت (یجب ان یکون سالماً من العاهات البدنیة)، ئەمە پێویستە جوانتر ڕوون بکرێتەوەو تەوزیح بکرێت، چونکە عاهاتی بەدەنی زۆر شت دەگرێتەوە، مەسەلەن حاکمێك سالیمە هەموو تاقەتی هەیە قازیە بەیانی تووشی حادیسەیەکی سەیارە دەبێت، چاوێکی لە دەست دەدات عیلاج دەکات چاك دەبێتەوە، ئەوە نابێت دەری بکەیت لەبەر ئەوە، بۆیە من دەڵێم لێرە (یجب ان یکون سالماً من الامراض العقلیة والنفسیة العاهات البدنیة التي تعرقل سیر اداء عملها).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس. زۆر کەس قسەی کرد، ڕەئیی لیژنەی قانونی چییە؟ ئەگەر بۆمان ڕوون بکەنەوە تکایە؟ فەرموون.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بۆچوونی کاك ئارێز، دەڵێ عیراقی نەبێتن، بڵێ و نەڵێ ئێمە ئێستا عیراقین، جارێك دەوڵەتی کوردیمان نییە، هەتا بووینە کوردستانی، ئەمە یەك.

بەنسبەت عاهاتی جسمی سیستەمێکی عالەمیە، مەفروزە ئەو کەسەی کە تەعیین دەبێت بەقازی هیچ عاهەیەکی جسمی نەبێتن، ئەندام و شکلێکی جوانی هەبێتن، چونکە بەڕاستی تەقییمی شەخصیەتی

شەخص، یەکەم جار بەئەندام دەکرێتن، بەڵام ئەگەر کەسێك تووشی نەخۆشی دەروونی بێتن، چۆن دەکرێ، ئەوە پێش ئەوەی تەعیین بکرێ، ئیحالەی لوجنەی تـوبی دەکـرێ، لیجنـەی تـوبی تەحدیـدی ئـەوە دەکـاتن، ئەوە موئەهەلە بۆ ئەو مەنصەبە یان نا.

سـەبارەت بـە قسـەکانی بـرای بـەڕێز کـاك بکـر، داوا دەکـاتن مـەجلس قـەزا تەحدیـدی شـڕوتی تـەعینی حاکمەکان بکاتن، ئێمەش پێمان باشە، ئەوە شتێکی باشە، بەڵام ئەمە لەبەر ئەوەی لە لیژنـەی یاسـایی ئـەو پێشـنیارەمان دا، تەحدیـدمان کـرد و، ئیشـەکانمان ورد کـردەوە، مەبەسـتمان لـەوە بـوو زیـاتر تەوەسـوع نەکرێـتن لەصلاحیات، یان بەشێوەیەکی وازیح مەجلسی قەزا ئەو صلاحیەتی نەبێتن، لێرە تەحدید بکـرێ کێ حـەقی هەیـە ببێـتە حاکم، یـان نـەبێت بـە حـاکم، کـە ئێسـتا بـووە حـاکم حیسـاب دەکـرێ بـە حـاکم، بەنسبەت پرسیارەکانی بەڕێز پەخشان خان، ئەوەیش هەر ئەو بۆچوونەیە کە تەوەسوع نـەکرێ لەتـەعیین کردنـی حـاکم و، چ معیارێـك تەحدیـدی دەکـات (یتمتـع بسـمعة و سـیرة حسـنة)، تـەبیعی موحـامی یـان مۆزەفێك لەهەر شوێنێك کار دەکات، ئـەو جێگایـە تـەقییمی دەکـات، ئـەوە ئینسـانێکی خاوێنـە، بەتوانایـە، موئەهەلە بۆ ئەو مەنصەبەی، چونکە بەڕاستی وەزیفەی قەزائی وەزیفە نییە، مەنصـەبە، بۆیـە دەبـێ ئـەو کەسەی کە ئەو مەنصەبە وەردەگرێ، ئەو شروتانەی کە سیرە و سومعەی حەسەنەی هەیە تێـدا بـاش بێـت، بەنیسبەت ئیحتیساب کردنـی خدمـەی دایکانـە (الامومـة)، ئێمـەش پێمـان باشـە، ئـەوە ئیزافـە بکـرێ، ئـەو فەترەی کە ئیجازەی وەردەگرێ، ئیجازەی ئمومە ئیعتیبـار بکـرێ بـە خدمـەی قـەزائی، جـەنابت ئیشـارەتت بەوەی دا کە پەنجا موحەقق عەدلی ژن، دەڵێ موشکیلەمان هەیە، هەر بۆ ئەوە بوو، دەڵێ ئالیـەتێکی دابنـێ بۆ ئەوەی مەحروم نەکرێن بەنسـبەت ئمومـە، پـەنجا موحـەققی ژن داوایـان کردیـە، دەڵـێن مەغـدورین لـە ئیجازەی ئمومە، من شەخصیەن تەئیدی ئەو رەئیە دەکەم کە حیساب بکرێ، بەڵام ئالیەتەکە چۆن دەبێتن، ئەوا مەجلیسی قەزا بەپێی تەعلیمات دەتوانێ، ئەوەی چاك بکاتەوە، بۆچوونەکانی بەڕێز کاك جمال قاسم، بەڕاسـتی کـاك جمـال ئـەفکاری باشـی هێنایـە، دیـارە مانـدووش بـووە، موتاڵەعـەی قـەوانینی ئـەمریکی و فەڕەنسـی کـردووە، زۆر سوپاسـی دەکـەین، بـەڵام ئـەو شـتانەی کـەلێرە تـەڕحی کـرد جێگـایی ئێـرە نـەبوو، دەبوایە کەی موناقەشەی ئەوەمان کرد، ئەو ماددەیە ئیقڕاری لەسەر کرا بەنسـبەت رەئیسـی ئیـدیعائی عـام کە ببێـتە ئەندام لە ئەنجومەنی دەسەڵاتی دادوەری، ئەوکات دەبوایە قسەی لەسەر کردبا، کاك حاتم پرسیار لە لیژنەی قانونی دەکات، دەڵێ ئەو 10 ساڵە مەبەست چییە، لەلایەکی تریش دەڵـێن ئیختیبـار بکـرێ، 10 ساڵەکە ئـەوە مەعلومـە بـۆ ئیحتیسـابی خدمەکەیـە، ئـەو فترەیـەی کـە خدمـەی 10 سـاڵی هـەبێ، یـەعنی شارەزایەکی باشی هەیە، بەڵام ئەگەر شارەزایەکی باشی هەبێ، مانای ئەوە نییە کە لـە ئیمتیحانەکە نـاجح دەبێتن، ئیحتیمالە کە ئیمتیحـان دەکـرێ کـە تەڵـەبی تەقـدیم دەکـاتن، مەجلسی قـەزا ئیمتیحـانی دەکـاتن، ناجح نابێتن لە ئیمتیحانەکە، یەعنی دوو فەرقی جیاواز هەیـە لـەنێوان مودەکە و ئیمتیحانەکە کـە چـۆن تەقییم دەکرێ، کاك دلێـر بـاس لـە خیـبرە دەکـاتن، تەئییـدی ئـەو پێشـنیارانە دەکـاتن کـە لیژنـەی قـانونی تەقدیمی کرد و، تەئییدی بۆچوونی وەزیـری داد، بـەڵام بەنسـبەت عاهـات، دەڵـێ هەنـدێك عاهـاتی جسـمی

هەیە تەئسیر لە شەخصیەتی حاکم ناکات, فعلەن ئەگەر عاهاتەکان دیار نەبێتن, بەڕەئیی منیش موهیم نییە, بەلاَم وەکو وتمان لیجنەی قانونی تەقییمی ئەوە دەکات, تەماشای دەکات لە دوو حالەت نەفسی و جەسەدی, ئەگەر موئەهەل بوو, لە تەقریرەکەی وتیان ئەو شەخصە موئەهەلە بۆ ئەو مەنصەبەی تەئید دەکرێ زۆر تەبیعیە, برای بەڕێز کاك رشاد, داوا دەکات کە تەعلیمات دەربچێت لە ئەنجومەنی قەزائی, تەحدید بکاتن کێ موئەهەلە بۆ خدمەی قەزائی, کێ موئەهەلە بۆ بوونەوە بەحاکم, ئەوەش رەئی و بۆچوونە, کاك محمد رەشید تەئیدی ئەوە دەکات کە مۆزەفی قانونی لەپەرلەمان بۆیان هەبێ, لەبەر ئەوەی لەنزیکەوە زیاتر پەیوەندیان بە قەوانینەکانی پەرلەمان هەیە, یان هەر قوانینێك کە دەردەچێت و هەموار دەکرێ و, داوا دەکاتن ماوەی 8 ساڵیان هەبێ, منیش لەگەڵ ئەو رەئییەی دام, دکتۆرە رۆژان شتی باشی تەرح کرد بەڕاستی, دەڵێ ماددەکانی قانونی لەو ماددەیە ئیشارەتی نەداوە ئەو کەسەی کە شەهادەی ماجستێر و دکتۆرای هەیە, فعلەن ئێمە لەبیرمان چووە, ئیستا تەلافی ئەوەی دەکەین ماددەی 33 ی قانونەکەی کەون ئەوە باشە, ماددەی 45 پڕۆژەکەی ئێستا باس لەوەی دەکاتن بۆ تەرفیع, دیارە ئێمە ئیلتیباسێك لە راپۆرتی لیژنەی قانونی, وا ئیعتیباریان کردیە کە ئەوە حیسابی ئەوە دەکات ئەو کەسانەی کە رسالەی ماجستێر یان دکتۆرای وەردەگرن هەر مەبەستی تەعیینەکەیە, بەلاَم وا نییە, کاك سردار تەئییدی ئەوەی دەکات, ئەو کەسەی حاکم دەبێت, زۆر بەوردی بۆی بڕۆین, تەئییدی پێشنیاری جەنابی بەڕێز وەزیری داد دەکات, کەزۆر تەوەسوع نەکرێ و, دەڵێ سوڵتەی تەشریعی جیاوازێکی زۆری هەیە لەگەڵ سوڵتەی قەزائیی, راستە ئەوە جیاوازێکی زۆری هەیە, بەلاَم ئەو کەسەی کە لەسوڵتەی تەشریعی ئیش دەکات, بە ڕەئیی من مەعلوماتێکی قانونی زۆر بەتەواوی وەردەگرێ, ئەو فەترەی من لێرە کە دوو ساڵە ئیش دەکەم, ئەو برادەرانەی کە لەگەڵمان ئیش دەکەن, فعلەن دەوریان هەیە, یەعنی دیتمان مەعلوماتێکی قانونی زۆر زۆر چاکیان هەیە,کە تەلەفۆنیش بۆیان دەکەین, دەڵێن فلان قانون چ تەعدیلاتێکی لەسەر کرایە بەدەم و دەست لەماڵێ بە پێنج دەقە بۆمان دەهێنن, لەبەرئەوەی ئەو پێشنیارەم کرد, ئەوانیش مافی ئەوەیان هەبێ کە ببنە حاکم, شیرن خان تەئییدی موقتەرەحەکانی لیژنەی قانونی دەکات, کاك زانا دەڵێ زۆر تەوەسوع نەکرێ لە موزەفینی قانونی, بەلاَم مافی ئەوەیان هەبێ بەڕێگای مەعهەدی قەزائیی تەعیین بن, ئەوەش رەئێکی چاکە, خراپ نییە, سەبارەت بە خواردنی مەشروب کە کاك زانا ئیشارەتی پێدا, ئێمە کە دەڵێن (ان یکون لە السمعة و السیرة الحسنة), وابزانم ئەوە نیتاقی ئەوەش دەگرێتەوە, پێویست ناکات ئێمە نەصێکی قانونی دابنێین کە نابێت حاکم عارەق خۆر بێت, شتێکی شەخصیە ئەگەر حاکم لەماڵی عارەق دەخوات, یان لەجێگایەك کەس نەیبینێ, ئەوە وابزانم کەس ناتوانێ ئیحتیمالە حاکم زۆر شتی خراپیش بکات, بەلاَم کەس پێی نازانێ, کەسیش ناتوانێ سەیتەڕە لەسەر ئەو وەزعە بکات, بەڕێز کاك عومر عبدالرحمن, دەڵێ من لەگەڵ ئەو رەئیەمە, ئەو مۆزەفانە موباشەڕەتەن کە تەماسیان بە حاکم هەیە, ئەوان ببنە حاکم, نە هەر مۆزەفێکی هەر دائیرەیەك, چونکە دەڵێ مەوزوع لێرە مەوزوعێکی عەمەلیە, ئەکادمی نییە, خیبرەی قەزائیی لەوەی بەدیار دەکرێ, ئەو کەسەی کە لەمەحکەمە ئیش دەکات

و, تەئکیدی ئەوە دەکات کە موحەققی عەدلی, یان مەعاونی قەزائیی, یان قاصرین, واتە لەگەڵ ئەو رەئیە نییە کە مودیری تاپۆ ببێتە حاکم و, دەڵێ مەعاهدی قەزائیی موعالەجەی ئەو شتە دەکات و, لیژنەی قەزائیش هەمان بۆچوونی هەیە, دکتۆر فوئاد بابان, دەڵێ شەرتی زمانی کوردی, پێم باشە مامۆستا کاکە جوابی ئەو پرسیارە بدات, چونکە ئەو زیاتر ئینتیباهی لەپرسیارەکە کرد, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت زمانی کوردی, ئەوە مەرجێکی ئەساسیە, چونکە ئێمە بەخۆمان لە دەستوورمان هەیە, کەوا هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لوغەی رەسمینە, مەفرووزە کوردی هەر بڵێین, لەبەر ئەوەی عەرەبیەکە خۆی دراسەکەمان عەرەبیە, ئەگەر هاتوو لە عەرەبی تەخرجی کرد و کوردی نەزانی, مانای وایە حەقی نییە تەعیین بکرێ, لەبەر ئەوەی ئەوەمان داناوە کە باسی کوردیمان کردووە, سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک دکتۆر ناصح, ئیشارەتی بە دکتۆراو ماجستێردا, هەروەها دکتۆرە رۆژانیش, لەماددەی 33 قانونی کەون لە فەقەرە (ب), ئەوە عیلاج کراوە, رەنگە ئێمە لەبیرمان چووبێت, ئەوەی خدمەی قەزائیی هەبێت 5 ساڵ و ماجستێریشی هەبێت, ئەوە بۆی حیساب دەکرێ, ئەوەی دکتۆراشی هەبێ 3 ساڵ خدمەی قەزائیی بۆ حیساب دەکرێ, ئەوە لە ماددە 33 هاتووە, بۆیە ئێمە دەقی ئەو ماددەیەی کە لەفەقەرەی (ب) هاتووە لە قانونی کۆن, ئەگەر پێتان باش بێت دەکەینە بەشێك لەو شروتانە, بەهەمان صیغە داخلی ئەم ماددەیەی دەکەین, ئەمە لایەك, بەنسبەت ئومەمە, من حەز دەکەم ئەوە بڵێم ئیجازەی ئومومە بۆ تەرفیع حیساب دەکرێ, بۆ عەلاوە حیساب دەکرێ, بۆ هەموو شتێك حیساب دەکرێ, بەس تەنها بۆ خدمەی قەزائیی حیساب ناکرێ, نەوەك بۆ شتەکانی تر هەمووی حیساب دەکرێ, ئەوەش ئەگەر دەوامی نەبێ, موماەرسەی خدمەی قەزائیی نەبێ, شتێکی تەبیعیە کە بۆی حیساب نەکرێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی من داوام لێکردبوون, ئەو نوقتانەی کە خیلافن باس کران بیڵێن, نەك وەڵام هەر موداخەلەیەك بدەنەوە کە کرا, موڵاحەزە جدیەکان, کە زیاتر لە ئەندامێك ئاماژەیان پێکرد, ئەوە بوو کە دکتۆرە رۆژان دەستی پێکرد, پاشان دواتر دکتۆر نوری تەئییدی کرد و, زۆر لەئەندامانی تر تەئییدیان کرد, مەسەلەی ماستر و دکتۆرا و بەکەلۆریۆسە, لەماددەی 33 هاتووە و, لیژنەی قانونیش موافەقەتیان کرد, کە ئیزافەی بکەن, ئەوا ئەو ئیعتیرازە حەل بوو, پێویست ناکات موناقەشەی بکەین, مەسەلەی تەمەن کە لێرە هاتووە لە 45 ساڵ زیاتر نەبێت, زۆر لەبرادەران باسیان کرد, یەك وتی 30 بێت, هەندێك وتیان 35 ساڵ بێت, بەڵام 30 ساڵ تەمەنێکی مەعقولە, چونکە ئەندام پەرلەمانیش حەدی ئەدنایەکەی 30 ساڵە, کەمترین تەمەنە, ئێمە باسمان کرد, وتمان حەدی ئەدنایەکەی 30 ساڵ بێت, خۆ شەرت نییە ئیلا بووە 30 ساڵ

حەقی ئەوەی هەیە ببێتە حاکم, بەڵام شرِوتەکانی تری هەیە, مەسەلەن 10 ساڵ خدمەی هەیە, فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز فاروق جميل صادق/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

30 ساڵەکە تەحصیل حاصڵە, چونکە ئەوەی کە کولیەی تەواو دەکات بەلای کەمی عومری 22 ساڵە, 10 ساڵیش خدمەی دەکاتن, دەکاتە 32 ساڵ, یەعنی حاکم بەبێ ئەوەی نەصیش هەبێ بەهیچ نەوعێك لە 32 ساڵ کەمتر تەعیین نابێ, یەعنی پێویست ناکاتن, سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمان بۆچوونی کاك فاروقمان هەبوو لە لیژنەی قانونی و, موناقەشەمان کرد, ئەو مودەیەمان حیساب کرد, ئەو 30 ساڵ وەکو حەدێکی ئەدنا دامانایە, بەڵام 45 ساڵەکە حەدی ئەعلایە, یەعنی کە 46 ساڵ بێت ئیتر مەجالی ئەوەی نابێ ببێتە حاکم و, تعیین بێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوو بۆچوون هەیە لەسەر ئەمە, ئەوە بۆچوونی وەزارەتی عەدل, وەزیری عەدل و لیژنەی قانونییە, کاك کریم ئیختیلافت هەیە, فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە حەدی ئەدنا وتمان 35 ساڵ, ئەو مودەیەشمان حیساب کرد دەکاتە حەدی ئەدنا, حاکم هەیە دوای 50 ساڵ دامەزراوە, حاکمی زۆر لێهاتووە و, دەتوانێ ئەرکەکانی جێبەجێ بکات بەباشترین شێوە, بۆ رِێی لێبگرن لە 45 ساڵ زیاتر نابێت ببێتە حاکم, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی ئێستا دوو رەئیی هەیە, رەئیك دەڵێ حەدی ئەدنایەکە 35 ساڵ بێت, 30 ساڵەکەیان پێ کەم بوو, رەئیەکەی تریش کە رای لیژنەی قانونییە دەڵێن لە 45 ساڵ کەمتر نەبێت, موقتەرەحە تازەکە, زۆر موئەیدە, حەدی ئەدنایەکە 35 ساڵە, موقتەرِەحی سێیەمت هەیە, فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بیکەینە 35 ساڵەکە, دەبێ 10 ساڵەکەی زیاد بکەین, بیکەینە 13 ساڵ, چونکە رێك ناکەوی لەگەڵی, لە برِگەی یەکەم زیاد بکەین, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر ڕێك دەكەوێ, حیسێب بكە 32 ساڵ زۆر ڕێك دەكەوی, لەتەمەنی 32 ساڵ هەموو مەڕحەلەكانی بڕیوە, دكتۆراشی تەواو كردووە, پێنج ساڵیش خزمەتی كردووە, ئەگەر دوو ساڵیش ساقیت ببووبی, هەر دەبێتە 32 ساڵ, موقتەرەحە تازەكە لەبەرامبەر موقتەرەحی لیژنەی قانونییە, لیژنەی قانونی دەڵێ تەمەنی لە 45 ساڵ زیاتر نەبێت, موقتەرحی چەند ئەندامێكی پەرلەمان, دەڵێن نەخێر حەدی ئەدنایەكەی دابین بكرێ, زۆرینەیان گوتیان 35 ساڵ بێت, یەعنی زۆرینەی ئەوانەی قسەیان كرد, نەك زۆرینەی ئەندام, كێ لەگەڵ ئەوەیە حەدی ئەدنایەكە دابین بكرێ كە 35 ساڵ, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, زۆرینە بوو, پێویست ناكات هینی بكەین, كێ لەگەڵ موقتەڕەحی لیژنەی قانونیی, كە دەڵێ 45 ساڵ زیاتر نەبێت, دەستی بەرزبكاتەوە؟ لیژنەی یاسایی لەموقتەرەحەكەیان دەڵێ, نابێ لە 45 ساڵ تێپەڕێ, ئەوكات كە تەعیین دەبێ, ئەو شڕوتەی هەیە نابێ لە 45 ساڵ تەمەنی زیاتر بێت, ئەندامانی پەرلەمان هەندێكیان, چوار كەس, یەكێكیان وتیان حەدی ئەدنا دابنرێ, ئەو كەسەی كە دادەمەزرێ, وەردەگیرێ بۆ حاكم تەمەنی لە 35 ساڵ كەمتر نەبێ, فەرموو كاك شیروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە دوو حەدمان داناوە, حەدی ئەدنامان داناوە لەگەڵ حەدی ئەعلا, عەفو پێشنیارمان كردووە, حەدی ئەعلایەكە نابێ عومری لە 45 ساڵ زیاتر بێت كە دەبێتە حاكم, ئەوە حەدی ئەعلایەكەیە, یەعنی یەكێك 46 ساڵ یان 47 ساڵ بێت, ئەوە نابێ, بەنسبەت حەدی ئەدنایەكە پێشنیارێكی تازەیە, كە داماننا 30 ساڵ بەپێی ئەو پێوەرانەی كە جەنابی وەزیر ئیشارەتی پێدا, كە مودەكەمان حیساب كرد و, خدمەكەمان حیساب كرد, حەدی ئەدنایەكە پێشنیار كراوە, دوایین رەئیش, رەئیی ئێوەی پەرلەمانە, بەنسبەت حەدی ئەدنا و, بەنسبەت حەدی ئەعلاش, سوپاس.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەی یاسایی بۆیە ئەو حەدی ئەعلامان كە 45 ساڵە, ئەقسامان دانایە, لەبەر ئەوەی كەوا دادوەر موكافەئات و ئیمتیازات و تەقاعودیەكی زۆر تایبەتی هەیە وەكو هیچ مۆزەفێكی تر نییە, ئەگەر هاتوو ئەمە لە 45 ساڵی تێپەڕین, ئەو كابرایەی كەتەعیین دەبێ, یان ئەو ئافرەتەی كە تەعیین دەبێ, ئەوەندە خزمەتی ناكات, كە ئیستحقاقی ئەو هەموو موكافەئاتەی بدرێتێ, ئەوە لەسەر خەزینە زۆر گران رادەوستێ, یەكێك تەمەنی 60 ساڵ بێت, بێتن تەعیین بێت, پاش 3 ساڵی تەقاعود بێت, ئەوە شتێكی زۆر غەڵەتە, لەبەر ئەوەی ئێمە وامان كردیە, سوپاس.

**بەڕێز حاكم نورالدین ملا علی/جێگیری سەرۆكی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستا كە مەعهەدی قەزائیی لەڕوا نییە، ئەمە تلقائیە لە 30 ساڵ كەمتر وەرناگیرێ، چونكە لە 22 ساڵی كولیە تەواو دەكات، 10 ساڵیشی هەبێ، ئەوە كردیە 32 ساڵ، فەقەت بۆ مەعهەدی قەزائیی وەكو لەمەركەز وایە، ئەڵێ پاش خزمەتی 3 ساڵی دوای تەخەروج، ئەوە كردیە عومری لە 22 و، 25 ساڵ، 2 ساڵیش مەعهەدی قەزائیی، ئەكاتە 27 ساڵ، لەبەر ئەوەی شەرتی داناوە ئەڵێ لە 30 ساڵ كەمتر نەبێ، ئەگەر نا لێرە ئەم مەرحەلەیەی ئێستا پێش مەعهەدی قەزائیی حەدی ئەدنایەكە پێویست ناكات دانرێ، تلقائیەن خۆی لە 30 ساڵ نابێ شەرتەكە متەوەفیر دەبێ، بەڵام حەدی سەرەوە 45 ساڵ، یەعنی شتێكی مەعقولە بەڕەئیی منیش ئەڵێم تا 50 ساڵیش مەجال هەبێ هەر جائیزە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی جەنابی حاكم، بەڕەئیی من ئەصڵەن ئەوانی كە ووتیان 35 ساڵ كەمتر نەبێت، مەبەستیان ئەوەبوو، بۆ تەحدید بكرێ بە 45 ساڵ، ئینسان هەیە عومری 50 ساڵە حەقی ئەوەی هەیە ببێتە حاكم لەبەر رۆشنایی ئەو خدمەتەی لە مەحامات كردوویەتی، لەناو هین كردوویەتی، لەبەرئەوەی تەحدیدەكەی بە 45 ساڵ، مومكینە لەكاتێكدا پێویستیت بە چەند كەسێك هەبێ، زۆر لێهاتوون تەمەنیان 46 ساڵە، یان 47 ساڵە، بۆخۆت ببەستی بەوە، ئەوە مەجلسی قەزا دەتوانێ تەحدیدی بكاتن، ئەهلیەتی، كەفائەتی، لێهاتوویی، لەسەر ئەوە بوو، فەرموو.

**بەڕێز حاكم نورالدین ملا علی/ جێگیری سەرۆكی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەو هۆیانەی بەحسی كرد، بۆ ئەوەی موئەهەلات بێت بۆ ئەو ئمتیازاتانە، هیچ نەبێ 15 ساڵ ئەبێ خزمەتی هەبێ، تابگاتە ئەو موئەهەلاتە، ئەو ئیستحقاقی راتبە، لەبەر ئەوە حەدەكە 50 ساڵیش بێت، هەتا 65 ساڵی، چونكە قانونەكە دانراوە كە 65 ساڵی تەقاعود بێت، لەبەر ئەوە یەعنی تا 50 ساڵیش مەجال هەیە، جا ئەوە رەئیی پەرلەمانە، لە 45 ساڵ حەدی ئەعلایەكە یان 50 ساڵ، ئەوە رەئیی ئەندامانی پەرلەمانە. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دكتۆر نوری، نوقتەی نیزامت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

نوقتەی نیزامە، چونكە ئەو خاڵە دەنگی بۆدرا، لێبووینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كۆتایی پێنەهات، راستە دەنگمان بۆدا، بەڵام كۆتایی پێنەهات و حەسم نەكرا دەنگدانەكە، زۆرینە دەستیان هەڵگرت، كەمینەمان حیسێب كرد، لیژنەی قانونی ئیعتیڕازی گرت، حەسم نەكرا، ئەگەر نا نوقتەی نیزامەكەت فعلەن لە جێی خۆیەتی، تەمەنا دەكەم هەموو نوقتەی نیزامەكان وابێتن، فەرموو كاك عونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا دوو حالەتمان لەپێشە, رەئیەك دەڵێ 35 ساڵ حەدی ئەدنایەکە بێت, رەئیەك دەڵێ حەدی ئەعلای نەبێتن, لەپڕۆژەکەش دەڵێ أن لایزید عمره عن 40 سنة), بەڕەئیی من ئیختیاری ئەو دوو رەئییە جیاوازانە بکرێ, بدرێتە تەصویت, یان حەدی ئەدنایەکە, یان حەدی ئەعلایەکە و, لیژنەی قانونی پێشنیاری کردیە کە 45 ساڵەکە بێت, یەعنی دەبێتە سێ رەئیی لەگەڵ رەئیی لیژنەی یاسایی, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە ئێمە دەبێ ئێستا جیایی بکەینەوە, ئەوەل جار بزانین حەدی ئەدنا بۆ دابنێین, یان حەدی ئەعلایەکە, یەعنی کەمترین تەمەن, یان زیاترین تەمەن, من ئەوەل جار ئەوە دەخەمە دەنگەوە, کەمترین تەمەن بێت, یان زیاترین تەمەن بێت, پاشان تەمەنەکە هین دەکەین, ئەگەر جەنابی وەزیر و ئەوانی تر رەئییان نەبێت, فەرموو.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەزانی چییە, دەتوانین حەدی ئەعلایەکە و حەدی ئەدنایەکەی دابنێین, بەلاّم حەدی ئەعلایەکە موهیمە, یەعنی کە نابێ لە 45 ساڵ زیاتر بێت, فعلەن لە 45 ساڵ زیاتر بێت, بەکەڵکی قەزا نایەت, سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ رەئیی جەنابی وەزیرم, با حەدی ئەعلایەکە دابنرێ, حەدی ئەدنایەکە با ئەوکاتە مەفتوح بێت, زۆر تەبیعییە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ئیختیلاف هەیە, ئەندامانی پەرلەمان قسەیان کرد و ئیختیلافیان هەیە, نوقتەی نیزام, فەرموو کاك ئارام.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەنێوان ئەوەی کە حەدی ئەدنا و ئەعلا دابنرێ, ئێمە ئەوەمان لەبیر کردووە, کە خودی پڕۆژەکە خۆی حەدێکی دیاری کردووە, لیژنەی قانونی بۆ لەسەر ئەو حەدە زیادیان کردووە, بۆیە من پێشنیار دەکەم ڕەچاوی بڕگەی سێیەمی پڕۆژەکە بکەین, یەعنی ئەوە لەیاد نەکەین, چونکە لەسەر ئەوە لیژنەی یاسایی پێشنیاریان کردووە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی بڵێین لە 50 ساڵ زیاتر نەبێت, کۆتایی بە 35 ساڵەکەش دەهێنێ, چونکە گوتمان لە 50 ساڵ زیاتر نەبێت, کەواتە هەتا 35 ساڵ و 30 و 40 ساڵیش دەتوانێ, لەبەر ئەوە کە وتمان لە 50 ساڵی زیاتر نەبێت, کۆتایی پێبێت, سوپاس.

**بەڕێز خەمان زرار اسعد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تا ئێستا کێشەکە لەسەر ئەوەیە کەمترین ریژە, یان زۆرترین رێژە دابنرێ, تائێستا ئەوانەی کە دیفاع لەوە دەکەن کە زۆرترین رێژە بێت, یەك تەبریر هەبوو, ئەوەیش ئەوەیە کە کۆمەڵێك ئمتیازات ئەدرێ بەخەڵکێك, ئەگەر 50 ساڵ زۆرتر بوو بۆ نمونە, کۆمەڵێك ئیمتیازاتی پێئەبەخشرێ, باشە ئاخیر لەناو هۆڵی پەرلەمان, ئێمە ئەندامی پەرلەمان, ئەندام پەرلەمان هەیە بۆ 4 ساڵ دەبێتە ئەندام پەرلەمان کۆمەڵێك ئیمتیازاتیش وەرئەگرێت, مەعقولە ئێمە بڵێین کەسێك ئیمتیازاتی پێنەدرێ, بابڵێین لە پۆستێك یان لەمەنصەبێك مەحروم بێت, ئاخر پێم وا نییە لەمەنتقێکی قانونی بێت, ئەگەر بکرێ وەزیری داد, یان ئەو بەڕێزانەی ئەوانەی کە دیفاع لەوە دەکەن کە حەدی ئەعلا بێت, تەبریریان چییە, بۆ ئەوەی حەدی ئەعلا بێت, من لەگەڵ ئەوەم کەکەمترین ریژە بێت, پێم وایە دەنگیشمان لەسەری دا و, مەسەلەیەکە یەکلا بۆوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رەئیەکەت مەعقولە, نابێ لەسەر ئەساسی ئیمتیازات قەڕار بدەین, ئیمتیازاتە وەکو باسی کرد خەمان خان, ڤیان خان فەرمووو.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەمان رەئیی کاك زرارم هەبوو, حەدی ئەعلایەکە دەست نیشان بکەین, حەدی ئەعلایەکە بڵێین لە 50 ساڵ تێنەپەڕێ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیری داد, کاك حاکم نورالدین, برادەرانی لیژنەی قانونی, یەعنی ئیعتیڕازەکە لەسەر 45 ساڵەکەیە, ئەندامانی پەرلەمان ئەوانەی کە قسەیان کرد, پێیان وایە 45 ساڵ کەمە, خەڵك هەیە لەوەش زیاترە تەمەنی, موستەحەقە ببێتە حاکم, خەمان خانیش ئەو موڵاحەزەی دا, نابێ لەبەر ئەوەی ئیمتیازاتی زۆر دەبێ و 50 ساڵە عومری نەیدەینێ, دەلیلی ئەوەش ئەندام پەرلەمان هەیە, وەکو ئێمە عومرمان کەم نییە, سێ ساڵیش ئیمتیزاتمان هەیە, لەبەر ئەوە ئەگەر موافقن با بکرێتە 50 ساڵ, حەل دەبێت, فەرموو کاك شیروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبریری دووەممان ئەوەیە, حاکم کە تەعیین دەبێ ئەبێ حەدی ئەعلای تەقاعودەکەشی بزانین, بەلای کەمی ئەبێ 20 ساڵ خزمەت بکات, لەحیاتی ئەوەی 15 ساڵ خزمەت بکات, هێشتا ساغ نەبووە ئەوە, لەبەرئەوەی یەك لەئەسبابەکانیش ئەوەیە, دەبێ حاکم بەلای کەمەوە 20 ساڵ خزمەت بکات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من جواب دەدەمەوە, ئەوەی کەدەبێتە حاکم لەبەر ڕۆشنایی کۆمەڵێك شرووت کەبۆی دانراوە,خزمەتی کردووە, ئێمە نەمان وت بۆی حسێب دەکرێ, بەڵێ لەبەر ڕۆشنایی ئەو خزمەتی کە لەمحامات کردوویەتی, ئەو خزمەتەی کە قەزا کردوویەتی, لەتاپۆ کردوویەتی, لەقاصرین کردوویەتی, بۆت حسێب کردووە, بۆیە ئەو مەرتەبەت داوەتێ, ئەگەر موافەقەت بکەن, زۆرینە وتیان 50 ساڵەکە ئەو ئیشکالە حەل دەکات, کاك کریم, فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حاکمان هەیە بۆتە عزوی مەحکمەی تەمییز, نزیکەی 60 ساڵ بووە عومری, باشترین حاکمی لێدەرچووە, ئێمە بۆ ڕێگر بین, ئەو هەموو توانایە, ئەو هەموو بەهرەیە, ڕێ لەو حاکمە بگرین, سوپاس.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا, من لەلوغزی ئەوە حاڵی نابم, لیژنە حەدی ئەعلایان دیاری کردووە, چونکە مافی کۆمەڵێك خەڵك بەوە ئەفەوتێ, لەبەرئەوە ئەوەی کە تەصویتی بۆکرا حەدی ئەدنا دیاری بکەین, زۆر خۆمان مەشغول نەکەین بەوەی, حەدی ئەعلایەکەی چەندە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یان دەبێ حەدی ئەدنایەکە دیاری بکەین, یان 50 ساڵەکە, کاك شیروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر تەماشای قانونەکە بکەی, زمنەن حەدی ئەدنایەکە دیاری کراوە, 10 ساڵی داناوە, ماستەری داناوە, دکتۆراشی داناوە, بۆیە ئەوانە هەمووی حەل کراوە, ئەگەر زمنەن تەماشای بکەی, ڕاستە بەزەقی نەهاتووە, بەلاّم موشکیلەکە حەدی ئەعلایە, بۆچوونی جیاجیای هەیە و, ڕەئیش ڕەئیی ئێوەیە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی زۆر وازیحە, منیش تێدەگەم کە دەڵێن حەدی ئەدنا, بۆ ئەوەیە کەحەدی ئەعلایەکە نەمێنێ, بۆ ئەوەی حاکمێك ئەگەر بزانین 2 ساڵیش دەتوانێ خزمەت بکات, ئیستیفادەی لێبکەین مەعلومە, هەموومان دەزانین ئەو شرووتەی کەداتان ناوە 35 ساڵ, ئەگەر بگاتە ئەو شروتە زۆر باشە, 32, 33,34 ساڵ ئەگەر

زۆر زیرەك بێت یەڵڵا بتوانێ, مەبەست لەحەدی ئەعلایەكەیە, كەباسی حەدی ئەدنا دەكەین, بۆ ئەوەی حەدی ئەعلایەكە كرابێتەوە, بۆیە زۆر لەئەندامانی پەرلەمان قسەیان كرد, هەرچەندە حەسم نەبوو, بەڵام جارێكی تر دەیخەمە دەنگەوە, كێ لەگەڵ ئەوەیە حەدی ئەدنا هەبێت, بۆ دامەزراندنی حاكم, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, كێ لەگەڵ ئەوەیە تەمەنی تەحدید بكرێ بەحەدی ئەعلایەكە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, كەمینەیە كەواتە حەدی ئەدنا دادەنرێ, ئێستا حەدی ئەدنایەكە زیاتر رەئیان وابوو كە 35 ساڵ بێت, رەئیی لیژنەی قانونیتان ووتووە و, رای لیژنە قانونیش موتەمەسكن بەوەی كە حەدی ئەعلایەكە هەبێتن, باشە ئێستا كەحەدی ئەدنا لیژنەی قانونی رەئیی چییە, فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

موقتەرەح, موقتەرەحی لیژنەی قانونییە, مەفروزە موقتەرەحی لیژنەی قانونی بدرێتن, كێ لەگەڵ 45 ساڵەكەیە ئەوەلن, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نەخێر, ئەوەی من تێگەیشتم هەر لەخۆتانەوە موقتەرەحی تازە بێتە پێشەوە, موقتەرەحی تازە ئەوەل جار دەنگی بۆ دەدرێ, من زۆرجار رای كاك فرست دەپرسم, موقتەرەحی تازە ئەگەر بێتە پێشەوە, ژمارەیەك لەئەندامانی پەرلەمان ئیصرار بكەن لەسەر ئەو موقتەرەحە, لیژنەی قانونی موصرٍ بن لەسەر رەئیی خۆیان, موقتەرەحی تازە دەخرێتە دەنگدان ئەوەل جار, فەرموو كاك فرست.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو قسەیە لەهەندێ حاڵەت, ئیحتیمال هەیە جێگای خۆی بگرێت و راست بێت, بەڵام كەمەجموعەیەك موقتەرەحات بێت بەتەسەلسول, تەسەلسولەكەش چۆن بێت, موقتەرەحێكمان هەبێ بە ئیلغا, یەكێكمان هەبێ بە تەعدیل, ئیلغائەكە لازمە پێش تەعدیلەكە بێتن, چونكە ئیلغا ئیحتوائی تەعدیلەكە دەكاتن, یەعنی مەفروزە مەوزوعەكە بەنەزەری ئیعتیبار وەربگریتن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا دەنگتان دا بۆ حەدی ئەدنایەكە, رەئیی ئەكسەریەت دەڵێ 35 ساڵ بێت, لیژنەی قانونیش هیچ رەئیەكی هەیە بەنسبەت حەدی ئەدنا, فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە بەنیسبەت حەدی ئەدنا هیچ مولاحەزەیەکمان نییە, حەدی ئەدنا مەحلولە زمنەن و, ئەصلەن پێویست ناکات 35 ساڵ بنووسرێ, چونکە حەدی ئەدنایەکە مەحلولە لەزمنی قانونەکە, ئێمە موشکیلەکەمان حەدی ئەعلایەکەیە, حەدی ئەعلایەکە رەئیی جیاجیا هەیە, سوپاس.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی پێویستە تەمەنی حاکم دیاری بکرێ بەحەدی ئەدنا, بەقانون دیاری بکرێ, ناکرێ هەر تەخرج بکاتن و دابمەزرێ, سوپاس.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادام لیژنەی یاسایی بەتایبەتی کاك شیروان, تەئکیید لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەحەدی ئەدنا هەیە, من پێشنیار دەکەم کە حەدی ئەعلایەکە نەمێنێ, ئەوەی کەوا پێشنیاریان کردووە, ئەو بێ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حەدی ئەعلایەکە نەما, دەنگمان بۆدا, حەدی ئەدنا دەبێ تەحدید بکرێ, کاك د. نوری رەئیت هەیە, فەرموو.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنیا پرسیارێك لە کاك عونی دەکەم, وەلامی پێشنیارەکەی منی نەداوە, کەوا دەرس وتنەوە لەزانکۆکان, بۆ لەزمنی ئەو شەرتانە نەهاتووە؟, سوپاس.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروا بۆ مەعلوماتێك, ئێستا ئیحتیمالە پێم بڵێن دیسان ئەوە هێنایەوە سەر ئەمریکا, لەم رۆژانە سەرۆك بۆش حاکمێکی موتەقاعیدی تەرشیح کرد بۆ مودەعی عامی گشتی, یەعنی نابێ رێگە بگیرێ لەخەڵکی باش و بەتوانا, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حەدی ئەدنایەکە کە تەحدید دەکەین, بۆ ئەوەی حەدی ئەعلایەکە نەمێنێ, واتە حاکمیش وەکو ئەندامی پەرلەمان, تەمەنی کە دوای دیاری دەکەین لەوەندەی زیاتر نەبێت, دوای تەمەنی تەقاعودیەکەی خۆتان قەڕاری لێدەدەن, حەدی ئەدنایەکەی دەبێت دوو ساڵ, سێ ساڵیش ئیستیفادەی لێبکرێ, پێم وایە ئاماژە بە 35 ساڵ کرا, کاك حاکم نوردین, فەرموو.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/جێگیری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وا تێدەگەم 35 ساڵ زۆرە, چونکە لە 22 ساڵ جامعە تەواو دەکات, 10 ساڵیش خزمەت, ئەوە دەکاتە 32 ساڵ, ئیتر ئەوە زۆر دەکات, یەعنی بڵێین لە 30 ساڵ کەمتر نەبێت, باشە شتێکی چاکە, سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاك نورالدین ئیشارەتی پێدا زۆر راستە, ئێمە بۆ 3 ساڵ لە حەقی ئەو گەنجە بسوتێنین, کە 10 ساڵی تەواو کردووە نەبێتە قازی, سوپاس.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە حسێبێکی تر هەیە نەمان کردووە, یەعنی لەبەر وەزعی عێراق هەیە لەبیرمان چووە, یەعنی خدمەی سەربازی یان پێشمەرگایەتی, ئێستا وەزارت وەزارەتی پێشمەرگەیە, نەخێر وایە ئێستا هەموو قوتابی دەبێ خدمەتی سەربازی بکات, یەعنی هەمیشە دوو ساڵی لەوە ئەڕوا, ولاّتی ئەگەر لە جێگایی خۆی بێت, پێم وایە یەکێ لە پرنسیپە ئەساسیەکانی ئەوەیە, لەبەر ئەوە 35 ساڵ زۆر جێگای خۆیەتی, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە خدمەی قەزائیی نە پێشمەرگایەتی نە سەربازی حیساب ناکرێ و, رەئیی حاکم نورالدینش بە جێیە, هەندێك ئەندامی پەرلەمانیش وتیان 30 ساڵ, 30 ساڵ ئەگەر بێتوو شروتەکانی تەواو کردبێ زۆر جێی خۆیەتی, فرصەتێکە بۆ ئەو کەسانەی کە لێهاتوون, سەرکەوتوون لە خوێندنیان لەکاتی وەختی خۆیدا دکتۆراشیان تەواو کردووە و پێنج, شەش ساڵیش خزمەتیان هەیە ئیستیفادەی لێبکرێ, من پێشتر ئەو موقتەرەحە دەخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ ئەوەیە 30 ساڵ بێت حەدی ئەدنایەکە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ یەعنی کەمتر نەبێت لە 30 ساڵ, کاك غفور فەرمووو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنسبەت ئەو بڕگەیە دوو, سێ جار خرایە دەنگدان, پێشنیاری نوێش دێتە پێشەوە بۆ دەنگدانەکەی, بەڕاستی ئەو نەصەی کە لێرە هاتووە لە لیجنەی قانونی زۆر لە جێی خۆیەتی, پێویست ناکات ئێستا زۆربەی ئەندامانی پەرلەمانیش کە دەنگیان بۆ داوە, یەك لەوانە کاك عوسمان گوتی هەر تێش نەگەیشتووین, زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان تێنەگەیشتوون, لەوانەیە تێگەیشتووم, ئێستا ئێمە بەخۆمان سەرمان لەخۆمان شێواندووە لەو مەسەلەیە, دواتر دەنگدانەکانیش ناژمێردرێ, هەر دەڵێ ئەوە ئەکسەریەت بوو, یان ئەقەلیەت بوو, حەقە بژمێردرێ دەنگەکان, چەند دەنگ دەهێنێ یان چەندی ناهێنێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوقتەی نیزامەکەت نیو نوقتەی نیزام بوو, تەنیا بۆ ژماردنەکە, ئەوەلەن کاك عوسمان قسەی نەکردووە, ئەگەر لەتەنیشت تۆ قسەی کردبێ, ئەوە حیساب نییە, یان بۆ تۆ رەئیێکی دابێت, ئەوە حیساب نییە, ئەوە

یەك, دوو/ ژماردنیش كەی شكت هەبوو دەیژمێری, كەی دیار نەبوو زۆرینە لە كەمینە ئەوكات دەیژمێری, یەعنی ئێمە لێرەینە و دەبینین, برادەرانی لیژنەی قانونیش ئەگەر ئیختیلافێكی هەبوو دەیبینێ, ئەگەر شكمان هەبوو ژمارەی دەنگدەرەكان بە ئیجابی یان سلبی, ئەوكات دەیژمێرین, جەنابیشت ئیعتیراز لەسەر شتێك دەگری كە دەنگمان بۆ دا, دەگەڕێیەوە بۆ سەر موفتەڕەحی لیژنەی قانونی كە دەنگتان بۆدا كە نەمێنێ, ئێمە دەنگمان دا بۆ حەدی ئەدناكە, ساڵەكەمان تەحدید نەكرد, ئێستا دێینە سەر ئەوەی ساڵەكە تەحدید بكەین, ئێستا لیژنەی قانونی و حاكم نورالدین دەڵێن ئەو حەدی ئەدنایە 35 ساڵ نەبێ, 30 ساڵ بێت و, هەندێك ئەندام پەرلەمانیش, فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە ناڵێین 30 ساڵ بێت بزەبت, بەڵكو دەڵێین لە 30 ساڵ كەمتر نەبێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

منیش هەر وام ووت, دەڵێم لیژنەی قانونی و حاكم نورالدین دەڵێن لە 30 ساڵ كەمتر نەبێت, كاك رشاد فەرموو نوقتەی نیزامت هەیە.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

22 ساڵ ئەگەر هەموو ساڵ ناجح بێت, ئەوا تەخروج دەكات, 10 ساڵ خدمە ئەوە 32 ساڵ, ئەگەر بیكەینە 30 ساڵ ئەوا تەعاڕوز دەكات لەگەڵ ئەو ماددەیەی, زۆر سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هیچ تەعاڕوزێكی تێدا نییە, چونكە بەنسبەت ماجستێر و دكتۆرا فەرقە, بە پێنج ساڵیش دەبێت, بە 7 ساڵیش دەبێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دكتۆرا هەیە بە سێ ساڵی تەواو دەكرێ, دكتۆرای تەواو كرد, 5 ساڵیش خزمەتی هەبوو, ئەوە دەبێتە 30 ساڵ, فەرموو كاك عوسمان.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

35 ساڵ هیچ ئەشكالێكی تێدا نییە, موناقشەكە زیادە, بە 32 ساڵ تەواو دەبێ ئەگەر هیچ دوانەكەوێ, با 3 ساڵیش بۆی ببێتە تەجروبە بۆ ئەو كارە, دەزانی حاكماتی كارێكی گرنگە, با ئەو 3 ساڵە تەجروبە بكات, با شارەزا بێت, با شت ببینێ, یەعنی چی تێدایە, 35 ساڵ زۆر باشە, پاشان دەنگمان بۆدایە بەچ حەقێك هەلدەوەشێتەوە, ئەگەر هەڵدەوەشێتەوە, ئێمەش دەچینە دەرێ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە نوقتەیەکی خیلافیە و, باس کرا و, زۆریش موناقەشەی لەسەر کرا, ئەندامانی لیژنەی قانونی لە راپۆرتەکەیان رەئیی خۆیان دیاری کردبوو, کە تەمەنی حەدی ئەعلایەکەی دیاری بکرێ بە 45 ساڵ, ئیعتیراز کرا نامەوێ بچمە ناو تەفاصیلاتەکە, لەبەر رۆشنیایی موناقەشەکان خستمانە دەنگدان حەدی ئەدنا بێت, کە حەدی ئەدنا بێت دەنگتان دا بۆی, ئێستا ماوە بۆ دیاری کردنی تەمەنەکە, لەتەمەنەکەش دوو رەئیی هەیە, رەئێکی لیژنەی قانونی و, حاکم نورالدینش تەئیدی کرد, دەڵێن 30 ساڵ بێت, رەئێکی ئێوەشە, ژمارەیەك لە ئێوە وتیان 35 ساڵ بێت, تەبعەن ئەگەر 30 ساڵ بێت, یان 35 ساڵیش بێت شروتەکانی دەبێ تێدا بێ, یەعنی 10 ساڵەکەی نەبێ نابێتن, دکتۆرایەکە و پێنج ساڵەکەی نەبێ نابێت, یان ماجستێر و 8 ساڵەکەی نەبێ نابێت, بێجگە لە بەکەلۆریاسەکەی, یەکەم جار موقتەرەحی لیژنەی قانونی دەخەمە دەنگەوە, حەدی ئەدنایەکەی نابێ لە 30 ساڵ کەمتر بێت کە دەبێتە حاکم, کێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵ حەدی ئەدنایەکە نییە کە 30 ساڵ بێت, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵ ئەوەیە 35 ساڵ بێت حەدی ئەدنایەکە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵ نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, زۆرینە 30 ساڵە, حەدی ئەدنایەکە 30 ساڵ دەبێت, فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە یەك سەعات و نیوە موناقەشەی یەك ماددە دەکرێ بەڕاستی, ئەگەر کات وا بڕوا 68, 70 ماددەیە بە 10 جەلسەش تەواو نابێ, من پێشنیارم ئەوەیە کە یاساناسەکان یان حقوقیەکان زۆر بەشداری بکەن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەندێ ماددە هەیە رەنگە دوو, سێ جەلسەی بوێ, تەبیعیە زۆر, بەنسبەت تەمەن تەواو بوو, بەنسبەت حیساب کردنی خدمەی دکتۆرا و ماستەر ئەوەش موافەقەتیان کرد لیژنەی قانونی هەمواری دەکەنەوە, خدمەی داکانە بۆ تەرفیع و عەلاوە, کاك شیروان وتی ئیزافە دەکەین, بۆ خدمەی قەزائی نا, چونکە ئێمە وتمان خدمەی قەزائییە, موقتەرەحێکی پەخشان خان هەبوو دەی ووت بۆ هەمووی حیساب بکرێ, فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وتم لێرە جێی نابێتەوە, یەعنی منیش لەگەڵ ئەوەم ئەبێ پسپۆڕی لە هەموو بوارێك رەچاو بکرێ, بەڵام باشە میکانیزمێك بدۆزرێتەوە, کە ئەو ژنانە ئەو ساڵانە خزمەتی دایکایەتیان نەڕوا, بۆ نمونە هاوکاری بکرێن لەدەورات, ئێمە لە نامەکەشمان وا نووسیوە, دەوراتیان بۆ بکرێ، چونکە ئێستا تەعدیل کرا بەنسبەت دکتۆرا, راستە ئەوەی دکتۆرای دەخوێنی لەهەمان بوارە، بەڵام بۆی کرا بە 3 ساڵ, یەعنی دوای 3

ساڵ خزمەتی قەزائیی بۆ حیسابە، باشە ئەوە ژنێك 3 منالّی ئەبێ، 3 ساڵ دوا دەکەوێ، یەعنی بەلایەنی کەمەوە شتێکی بۆ بکرێ, ئەو سێ ساڵەی نەڕوا بەلاش, یەعنی قەینا ئەزانم کاك کریم، دکتۆرایەکە ئەو پسپۆڕیە دەخوێنێ، بەلاّم ئەویش شتێکی بۆ بکەن کە لەم سالاّنە مەحروم نەبێ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە بیری لێبکەنەوە و شتێك بکەن, لێرە نییە تەواو, من وام زانی لێرە ئیقتیراحی کردووە, لەسەر مەوزوعی کە ئیمتیحانی تەحریری و شەفەوی هەبێ, هەندێ برادەر گوتیان شەفەوی ناوێ وابزانم, لە لیژنەی قانونی وایان ووتووە, بەلاّم هەندێ برادەریش دەڵێن شەفەوی زەڕوریە, کاك حاکم فاروق وتی تەحریری بەسە, لیژنەی قانونی نووسیویانە تەحریری و شەفەوی و, زۆریشتان ئاماژەتان پێکرد, پێم وایە شەفەوی و تەحریری هەردووکی بمێنێ باشترە, کەس پشتگیری لە بۆچوونەکەی کاك حاکم فاروق نەکرد تەنیا یەك برادەر نەبێ, لەبەر ئەوەی شەفەویەکە و تەحریریەکە ئیعتیادیە کە موقتەرەحی لیژنەی قانونیە موافقەت کرا, کەلیمەی عاهات, تێیدابێ یان تێیدا نەبێ, خۆی لەئەصڵی قانونی هەیە, بەلاّم لەڕاستیدا زۆر برادەر وتیان تێیدا نەبێ, ئەگەر تێیدا نەبێ رەنگە باشتر بێت, ئەگەر شتێکی حەقیقیش هەبێت مەجلیسی قەزائیی خۆی ئەوە دادەنێت, خۆی دەتوانێ ئەوە تەقدیر بکات, ئێستا مومکینە هین بێت, لیژنەی قانونی ئەگەر پێتان باش بێت چەند موداخەلەیەکی ئەندام پەرلەمان دەڵێن ئەو کەلیمەیە عاهات لابېردرێ, ئەگەر چی لەقانونەکەش هاتووە, کاك فرست موقتەرەحێك دەکات کاك شیروان, دەڵێ (یجب أن یکون سالماً من الامراض الساریة) ئەوە باشترە, ئێستا لیژنەی قانونی موافەقەتی کرد کە کەلیمەی عاهات لابېردرێ, ئێوەش زۆرتان و ژمارەیەکتان داواتان لەوە کرد, فەرموو کاك محمد فرج.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمڕازی ساری هەلاّمەتیش دەگرێتەوە, عەفو عاهات تۆ ئەبێ بڵێی شتێك کە تەئسیر لە قەرار دەکات, یەعنی کابرا کوێرە, مەسەلەن نوقصێکی وای هەیە کە هەیبەتی نامینێ, لەبەر ئەوە عاهات شتێکی زۆر زەرورە بۆ ئەمە, ئەمە گەورەترین سوڵتەیە, هەمیشە فەصڵ لەنێوان مەشاکیلی خەڵك ئەکات, ئەگەر هەر لەئەوەلیەوە هەیبەتی نەبێ, یەعنی خۆی ئەوە نییە ئەوە عاهات ناکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەبەر رۆشنایی موداخەلەی کاك محمد فرج, کاك دکتۆر کەمال ئیزافەیەکی باشی کرد, دەڵێ ( العاهات التي تعيق سير العمل), یەعنی (العاهات التي تعيق قيامه باداء بواجبه) باشە, ئەوە ئیزافە بکرێ, ئەوکات قەڕارەکە دەمینێتە سەر مەجلسی قەزا, باشە ئەوەش هین بوو, دەمینێ لەسەر زمان, لە موقتەرەحی لیژنەی قانونی هاتووە, دەبێ کوردی بزانێت, تەحصیل حاصل عەرەبی بزانێ, لەبەر دوو شت, یەك/ دەستووری عێراق دەڵێ زمانی کوردی و عەرەبی فەرمییە لەعێراقدا, دوو/ تا ئێستا قەوانینی عێراقی زۆربەی زۆری قەوانینی عێراقی, هەر بەعەرەبی نووسراوە, ئەوەی عەرەبی نەزانێ, مەصادرە شتە, لەبەر

رۆشنایی داواکاری لیژنەکان, داوا لە لیژنەی قانونی دەکەم ئەگەر موافەقەت دەکەن, بنووسرێ (أن یجید اللغتین الکوردیة والعربیة), لەگەڵ دەستووریش موتابیقە, کەواتە ئەوەش هین دەکرێ, یەك نوقتە دەمێنێ, ئایا فەرمانبەری پەرلەمان شمول دەکات, کاك عونی ئەوەی داوا کرد, بەڵام کاك فاروقیش وتی نابێ جیاوازی بکرێ لە نێوان فەرمانبەر, موقتەرەحی کاك عونی فەقەت یەك کەس تەئیدی کرد, من حەز دەکەم کاك حاکم نورالدین و کاك حاکم فاروق رەئیی خۆیان لەسەر ئەوە بدەن, رەئیی کاك عونی ئەوەیە دەڵێ فەرمانبەری قانونی پەرلەمان لە زمنی ئەوە بێتن, فەرمووو.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نازانم بۆچی ئیلا مۆزەفی پەرلەمان ئەو ئیمتیازەی بدرێتێ, سەبەب چییە؟ یەعنی بەنسبەت ئەندامانی پەرلەمان بۆ ئێوە ئیمتیازێکی تایبەت دەدەنە مۆزەفەکانی خۆتان, بەڕاستی بۆخۆشتان خۆش نییە, من پێم وایە ئەو مەسەلەیە زۆر وازیحە, (أن یمارس العمل القضائي), من پێم وایە ئێستا حالیەن قانونی سوڵتەی قەزائیش, ئێستا قانونی نوێ هاتە گۆڕێ, پێم وایە لە پەرلەمان تەوزیع دەکرێ, کەوا لەوەزارەتی عەدل جیا دەکرێتەوە, من پێم وایە تەنیا بۆ ئەنجومەن قەزائیی هەبێتن, کە دەکاتە موحەققی عەدلی و مەعاون قەزائیی و ئەوانە, تەنیا ئەوانە حەقیان هەبێتن, کە ببنە حاکم, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عەونی ئەو ئیقتیراحەی کرد, لە ئەندامانی پەرلەمان فەقەت یەکێك تەئیدی کرد, لەبەر ئەوە لەسەر پەرلەمان حیسابی مەکە, ئێمە دیفاع لە یەکسانی دەکەین, ئەویش بۆچوونی هەیە, نەك لەبەر ئەوەی فەرمانبەرە لێرە, تێگەیشتنی هەیە, ئەگەر کاك عونی دوا رەئیی سەحب دەکات, دەیخەمە دەنگدان, فەرمووو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من موصرم لەسەر قسەی خۆم, سەحبی ناکەم, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەو موقتەڕەحەی کاك عونی و, ئەندامێکی پەرلەمان پشتگیری لێکرد, ئەویش کاك حەمە رەشید بوو, دەیخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵ ئەوەیە, فەرمانبەری پەرلەمان حەقی هەبێ وەکو محامی و ئەو شروتانەی هەبێت, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرمووون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرمووون, کاك عونی موقتەڕەحەکەت قبوڵ نەکرا, موقتەرەحی لیژنەی قانونی بۆ ماددەکە, لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانە لەبەر رۆشنایی ئێوە ئاماژەم پێکرد, یەکە یەکە گۆڕیمان, ماددەکە هەمووی دەخەمە دەنگەوە, فەرموو.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە شتێکی ترمان ئیزافە کرد, کەئیشارەتت پێنەدا, کە ئیزافەی شەرتێك بوو, مەعهدی قەزائی بێت, ئەوە موهیمە, دووەمیش, مومارەسەی عەملی سیاسی, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وایە سوپاس بۆ هەردوو مولاحەزەکەت, من پێم وایە مەعهەدی قەزائیی نووسراوە, بەلاَم ئەوەی تر فعلەن عەملی حزبی و سیاسی تبعەن دەبێ پاش تەعیین بێت, دەبێ بنووسرێ (أن يتعهد), بەلاَم ئیختیلافێك هەیە, ئایا (أن يتعهد بعدم ممارسة العمل الحزبي والسياسي), یان (أن يتعهد بعدم العمل الحزبي) فەقەت, زۆر لەئەندامانی پەرلەمان دەڵێن (بالعمل الحزبى فقط), لیژنەی قانونی لەسەر ئەو صیغەیەی موافیقن, فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر تەبیعیە و, زۆر ئعتیادیە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە دەبێ ئەو دوو شتەش, یەك/ دەبێ خەریجی مەعهەدی قەزائیی بێت, دوو/ دەبێ تەعەهود بدات, پاش ئەوەی کە دەبێتە هین, مومارەسەی عەمەلی حزبی نەکات, نەك سیاسی و حزبی, کاك محمد فرج کاتێك دێت سوێند دەخوات ئەو شەرتەی تێدایە, جەنابت سوێندت خوارد کە لەخزمەتی گەل دابیت, ئەو سوێندەت لەبیر دەچێت, باشە لەقانونی مورەشەحی پەرلەمان, جوملەیەکی تێدایە, بڵێ (أن يتعهد بخدمة الشعب), لەسوێندەکە هەیە, ئەوە ناتوانرێ دابنرێ لە شروت, چونکە ئەوە موستەقبەلیە, سوێندەکە موهیم ترە, سوێند دەخوات کە لەموستەقبل پاك بێت لە ئیش و کارەکەی, ئەوە بۆ موستەقبلە ناکرێ بکرێتە شروت, شروت موحاسەبەی مازی دەکەیت, فایلەکەت لەپێشە کە خەریجی مەعهەدی قەزائییە, ئەوەندە خزمەتی کردیە, تەقییمی باشە, سومعەی باشە, لە فلاَن و فلاَن شت باشە, بەلاَم تۆ پێی بڵێی تەعەهود دەکاتن بۆ ئەوەی حزبی نەبێتن, ئەوە تەعەهودی لێوەردەگیرێ, چونکە شتێکی مەلموسە, ئێستا حزبییە, تەبعەن جوملەیەك ئیزافە کرا, لە (ثانیاً/ تحسب المدة الممارسة في المحاماة و الوظائف المذكورة لأغراض الترفيع و العلاوة), ئەوە تەحصیل حاصڵە تەرفیع و عەلاوە, لەهەموو شوێنەکان کەس ئیعتیرازی لەسەر نەگرت, لەماددەی تر جەوابی کاك محمد فرج دەدرێتەوە, کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەك روونکردنەوەیەك بۆ مامۆستا محمد فرج, ماددەی 51 (اولاً/ يلتزم القاضي بما يأتي:1- المحافظة على كرامة القضاء بالالتزام الحياد و النزاهة), یەعنی مەوجودە دوای دێینە سەری, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمـەش هـەمان مانـا دەگرێتـەوە کـە کـاك محمـد فـرج دەڵـێ, جگـە لەسـوێندەکەش, کەواتـە مـاددەی 35 بەهەموو ئەو گۆڕانکاریانەی کە هەندێکتان دەنگتان بۆدا, هەندێکیان لیژنەی یاسایی قبوڵی کـرد, دەخەمـە دەنگەوە, کێ لەگەڵیەتی دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵ نییـە, دەسـتی بـەرزبکاتـەوە؟ فـەرموون, یەك کەس لەگەڵ نییە, ئەوەیش چونکە قسەم نەدایێ ئاخیر جار, بڕۆ سەر ماددەی 36 تکایە, فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سی و شەش:

1- دوای دەرچوونی مەرسوومی هەرێمایەتی بۆ دامەزراندنی، ئەنجومەنی دادوەری ئەو دادگایە دیاری دەکات کە دادوەر تێیدا دەست بەکار دەبێت.

2- دادوەر لە کارەکانیدا دەست بەکار نابێت تاوەکو لەبەردەمی سەرۆکی هەرێم ئەم سوێندە نەخوات (بە خودا سوێند دەخۆم کە دادپەروەرانە لەنێوان خەڵکدا دادوەری بکەم و یاساکان بە ئەمانەت و دەستپاکی و بێلایەنیەوە جێبەجێ بکەم).

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة والثلاثون:

1- يحدد مجلس القضاء المحكمة التي يباشر القاضي عمله فيها بعد صدور المرسوم الأقليمي بتعيينه.

2- لا يمارس القاضي أعماله الا بعد أدائه اليمين التالية أمام رئيس الاقليم {اقسم بـالله أن أقضي بـين النـاس بالعدل وأن أطبق القوانين بأمانة ونزاهة وحياد}.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسا لەگەڵ دەقی ماددەکەینە هیچ مولاحەزەمان نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیری داد فەرموو.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەك لەو شتانەی کە چەسپا لە ماددەی پێشوو، ئەوەیە کە حاکم عەمەلی حزبی نەکاتن، تۆ چۆن دەگەیتە ئەو قەناعەتەی کە حاکم عەمەلی حزبی نەکات، خۆ هەر ئەوە نییە تەعەهودێك بنووسێت و ئەوە، من پێم باشە لە سوێندەکە ئیزافە بکرێتن، بۆ ئەوەی تەئکید بکرێت لەسەر مەسەلەکە (وان لا امارس العمل الحزبی) لە نەصی صیغەی یەمین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

كاك حاكم نورالدين فەرمووو.

**بەڕێز حاكم نورالدين ملا علی/ جێگری سەرۆكی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشنیارم ئەوەیە سوێند خواردنەكە لە پێش مەجلیسی قەزا، ئەنجومەنی دادوەران بێت، نەك سەرۆكی هەرێم، چونكە سەرۆكی هەرێم مەشغولە بە سیاسەتی هەرێم بەڕاستی، ئێمە بۆمان دەركەوت لە پێشەوە چەند حاكمێك تەعین كرا بوون و ئەمریان دەرچوو بوو، بەس سوێندیان نەخوارد بوو مەحروم بوون لەوەی كە بەشداری ئینتیخاباتی ئیتیحادی حاكمان، لەبەر ئەوە یەعنی وەختێك كافی نییە بۆ سەرۆكی هەرێم، كە دابنێت بۆ سوێند خواردن و ئەوانە، لەوانەیە زۆر تاخیر بێت، لەوانەیە وەكو پێشوو تاخیر بوو ساڵی بەسەر چوو، ئەگەر لە پێشی مەجلیسی قەزا بێت، بەس مەرسوم لە لایەنی سەرۆكی هەرێمەوە دەرچێت بۆ تەعین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك هیوا فەرمووو.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من هەر لە ماددەكەی پێشوودا ئەو ملاحەزەیەم هەبوو، ئێمە لە واقیعێكدا دەژین، هەر كەسەو كوڕی بیئەكەی خۆیەتی، ئێستا ئێمە بمانەوێت لە عێراق و لە كوردستاندا، هەموو تاكەكان، بەتایبەتی ئەوانەی ئاستە باڵاكانیان لە كارێكی حزبیدان، تێبینیەكم هەیە ئێستا زۆربەی زۆری حاكم و محامی ئەوانەی بە حیساب كە مومارەسەی كاری حزبی نەكەن كادیری حزبێكن، بۆیە هەر جەماوەر بەرامبەرەكە دەچێت بۆ لای، دەڵێت ئەمە مستداقیەتی لە دەست داوە، چونكە سەر بە پارتییە، یان یەكێتیە، یان بە یەكگرتووە، بۆیە من ویستم ئەوە بڵێم بۆ جەنابتان، ئێمە با حاكمەكان و بەرپرسەكانمان لەو بێ مستداقیەتە رزگار بكەین بڵێین مومارەسەی كارەكە بكات بەشێوەیەكی نەزاهەت، ئێستا تۆ سوێندی دەدەیت سەر بە كادیرێكی حزبی نەبێت، بەڵام ئەو لەو لاوە دێتەوە كاری خۆی دەكات، لێرە ئیزدیواجیە بۆ ئەو كەسە دروست دەبێت، بۆیە داوا دەكەم لەم ئەنجومەنە مەخرەجێك بۆ كادیرە حزبیەكان و كادیرە سیاسیەكان بدۆزنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك هیوا خۆی مەخرەج چیە، كە بووە حاكم خۆی تەرشیح كرد بۆ ئەو مەنصەبە، دەبێت بزانێتن، دەبێت واز لە حزبایەتی بێنێت، حزبەكەش دەبێت ئەوەی تەقدیر بكات، بەڵام من وەڵامی كاك فاروق وەزیری داد بەو شكلە دەدەمەوە، ئەویش ئەوەیە دەڵێ (اقسم بالله أن أقضي بين الناس بالعدل وأن أطبق القوانين بأمانة ونزاهة وحياد) زیمنی قەوانینەكە، قانونەن دەڵێت نابێت حزبی بێت، یەعنی كەواتە پێویست ناكات بڵێین حزبی و ئەوانە، یەعنی نووسراوە، كە وتت (تطبق القوانين) یەعنی لە زیمنی قانونەكە تۆ نابێت حزبی بی، ئەگەر تەتبیقی نەكرد قانون موحاسەبەی دەكات، جوملەی حزبی تۆزێك قورسە بیخەیتە

سوێندەکەوە، لێرە دەیگرێتەوە، دەمێنێتە سەر موقتەرەحی کاک حاکم نورالدین، بەڕاستی یەعنی ئەوە بە رەئی من پێویستە لەبەردەم رەئیسی ئیقلیم، یان رەئیسی پەرلەمان، ئەگەر رەئیسی ئیقلیم نەبێتن، جێگایەك هەبێتن، یان لەبەردەم پەرلەمان، یان رەئیسی ئیقلیم، کە رەئیسی ئیقلیمان هەبێتن ئەوە رەئیسی ئیقلیم، چونکە دەبێت ئەو شوێنەی کە دایدەمەزرێنێت سوێندەکە لەوێ مەرسوومیش دەبێت پێ دەربچێت، خۆ تەعینەکە ئەمە نییە، مەرسوومەکە چۆن دەردەچێت، کێ مەرسوومەکە دەردەکات ئوسولی دنیاش وایە، دەبێت لەبەردەمی ئەو سوێندەکە بخوات، دکتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستاندا، ئەوەمان یەکلایی کردۆتەوە، بەنیسبەت دادوەرانەوە لەبەردەم سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەران سوێند دەخوات، بەڵام بەنیسبەت ئەندامانی دادگای تەمییزەوە، ئەوە لەبەردەم سەرۆکی پەرلەمان، یان ئەندامانی مەحکەمەی دەستووری لەبەردەم سەرۆکی هەرێم سوێند دەخۆن، لەوێ یەکلایی کراوەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر نوری ئەوە پرۆژەیە، نەبۆتە قانون، ئەو موقتەرەحە، کاك فاروق وەزیری داد فەرموو.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئیدی قسەکانی بەڕێز دکتۆر نوری دەکەم، لەگەڵ کاك حاکم نورالدین، خۆ ئێستا وەزیفەی ئیدیعای عامیش ئەویش بە مەرسوم ئیقلیمی دەردەچێت، بەڵام بەپێی قانونی ئیدیعای عام دەبێت لە ئەنجومەنی قەزائی سوێند دەخۆن ئێستا، فیعلەن پێم وایە ئەوە عەمەلی ترە لە ناحیەی عەمەلی باشە لە پێش ئەنجومەنی قەزائی سوێند بخوات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چۆن پێش دەمێك لەبەردەم جێگری سەرۆکی هەرێم سوێندیان خوارد، ئاخر قانونی بۆ دەرنەچووە، چۆن؟ قانونی بۆ دەرنەچووە لەبەردەمی کێ سوێند بخوات، عورفیش وایە کە لەبەردەم سەرۆکی کۆماری سوێند دەخواتن لە عێراق، ئێستا لە هەرێمان هەبێتن، نازانم ئێستا کامەی هین باشە، کاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتیوانی لە بۆچوونەکەی دکتۆرو حاکم و ئەو برادەرەی تر دەکەم، عادەتەن مەرسوومی جمهوری دەردەچێت، حاکمی ئیعتیادی لەبەردەمی مەجلیسی قەزائی سوێند دەخوات، بەڵام ئەندامانی لیژنەی قەزائی، وەکو مودەعی عامی گشتی، وەکو سەرۆکی مەحکەمەی تەمییز، ئەمانە لەبەردەمی سەرۆکی هەرێمدا سوێند دەخۆن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

عەفوم دەکەن، دیارە من سەهوو تێگەیشتیمە، من وامزانی دەڵێن ئەندامی مەجلیسی قەزا، ئەوە مادام ژمارەیەکیش تەئیدیان کرد لە موقتەرەحەکەی حاکم، بەڕاستی من وامزانی ئەندامی مەجلیسی قەزا باس دەکەن، قازی راستە تەبیعییە لەبەردەمی مەجلیسی قەزا، موقتەرەحی ئەندامانی پەرلەمان لەسەر قسەی کاک حاکم نوالدین قسەیان کرد، کاک دکتۆر نوری و کاک جەمال و کاک حاکم فاروقیش قسەی کرد، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ئەو تەبریراتەی کاک حاکم نورالدین رەنگە لە جێگای خۆی بێت، ئەگەر بکرێت لە رووی قانونییەوە، با ئەو صیغەیە دایبڕێژین و بچەسپێنین، سەرۆك و ئەندامانی دادگای تەمییز لەبەردەم سەرۆکی هەرێم سوێند بخۆن، دادوەرەکان و ئەندامانی داواکاری گشتیش لە پێش ئەنجومەنی قەزا سوێندەکە بخۆن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واقیعیش دەبێت وابێتن، ئەوە صیغەیەکی باشە، کەواتە ئەو موقتەرەحەی لیژنەی یاسایی کە وەزیری دادیش پشتگیری لێ کرد لە هەمان کاتیشدا مولاحەزاتی ئێوەش بە هەند وەرگیرا کە قازی لەبەردەم مەجلیسی قەزا سوێند دەخواتن، ئەو موقتەرەحەی کاک شێروان گوتی ئیزافە دەکرێتە سەر ماددەکە، ماددەکە دەخەمە دەنگدانەوە بەو ئیزافەیەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا، فەرموو بۆ ماددەی تر.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سی و حەوت:

1- سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە ئەگەر ماوەی کارکردنی دادوەری لە (25)ساڵ کەمتر نەبێت و لەنێوان جێگرەکانی سەرۆك، یان لەکۆنترین دادوەرانی دیاریدەکرێت و دادەمەزرێ.

2-جێگری سەرۆك لەنێوان دادوەرانی دادگای پێداچوونەوە دادەمەزرێ، ئەگەر ماوەی کار کردنی لە خزمەتی دادوەریدا لە بیست ودوو ساڵ کەمتر نەبێت.

3- دادوەر لە دادگای پێداچوونەوە لە نێوان دادوەرانی پۆلی دووەم و ئەوانەی لە(20) ساڵ کەمتر خزمەتی دادوەریان نەبێ دادەمەزرێ، دەبێ لە دوو ساڵ کەمتر نەبێ لەم پۆستە دادوەریانەی خوارەوە کاری کردبێ:

أ- سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە.

ب- جێگری سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە.

ج- دادوەری دادگای تێهەڵچوونەوە.

د- سەرۆكی دەستەی سەرپەرشتی داد.

4- سەرۆكی دادگای پێداچوونەوەو جێگرەكانی و دادوەری دادگای پێداچوونەوە، دوای ئەوەی لەلایەن ئەنجومەنی دادوەری دەپاڵێورێ بە مەرسوومێكی هەرێمایەتی دادەمەزرێ.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة السابعة والثلاثون:

1- يعين رئيس محكمة التمييز من بين نواب الرئيس أو من أقدم قضاتها اذا كانت مدة ممارسة خدمته القضائية لا تقل عن خمس وعشرين سنة.

2- يعين نائب الرئيس من بين قضاة محكمة التمييز اذا كانت مدة ممارسة خدمته القضائية لا تقل عن اثنتين وعشرين سنة.

3- يعين القاضي في محكمة التمييز من بين قضاة الصنف الأول والذين لهم خدمة قضائية لا تقل عن عشرين سنة وأمضوا مدة لا تقل عن سنتين في المناصب القضائية التالية:

أ- رئيس محكمة الإستئناف.

ب- نائب رئيس محكمة الإستئناف.

ج- قاضي محكمة الإستئناف.

د- رئيس هيئة الإشراف العدلي.

4- يعين رئيس محكمة التمييز و نوابه و قاضي محكمة التمييز بمرسوم اقليمي بناء على ترشيح من مجلس القضاء.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەین، یەك ئیزافەمان هەیە بۆ سێیەم، كە دەبێتە فەقەرە (هـ) بەم شێوەیەی كە بۆتان دەخوێنمەوە:

تقترح اللجنة إضافة نقطة جديدة الى الفقرة (3)منها كالآتي:

هـ- المحامي الذي لديه ممارسة فعلية في المحاماة مدة لا تقل عن (20) سنة وتوكل عما لا يقل عن خمسة دعاوى كل سنة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك فاروق فەرموو.

**بەڕێز فاروق جميل صادق/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە پێمان باشە ئەوەی لە پرۆژەکەدا هاتووە، ئەوە تەسجیل بکرێت، ئەو پێشنیارەی لیژنەی قانونی بەنیسبەت محامی بۆ مەحکەمەی تەمییز، ئەوە بە شتێکی باش نازانین، چونکە لەبەر ئەوەی عوزوی مەحکەمەی تەمییز، مەفروزە بە تەدەروجی قەزائی خۆی پێدا بێت لە ئیستئنافەوە، ئەوجا بێتە مەحکەمەی تەمییز، نەوەك محامیەك ئەگەر چوار، پێنج دەعوای هەبێت ببێتە عوزوی مەحکەمەی تەمییز، ئێمە وەکو وەزارەتی داد پەسندی ناکەین، کە محامی بەبێ ئەوەی مومارەسەی ئیشی حاکمی کرد بێت لە محاکمی ئیستئناف و ئەوانە دەست بەجێ ببێتە حاکم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك حاکم نورالدین فەرموو.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وەکو شتێکی تەنزیمی، لێرە ئێمە هاتووین کە باسی مەناصبی قەزائی رەئیس تەمییزو نائیب رەئیس تەمییزو ئەوە، لە پاش چەند ماددەیەك دێینە سەر باسی رەئیسی ئیستیئناف و ئەوانە، ئەوە تەعین دەبن لەکوێ، ئێمە دەڵێین ئەوە تەوحید بکرێت، ئەو مەنصبە قەزائیەی ئێستا تەئجیل بکرێت بۆ پاش ماددەی چل، کە باسی مەناصیبی قەزائی تیا دەکرێت، لە پاش ئەوەش شروتی تەعینەکان، لە بابەت شروتی تەعینیش، ئێمە لەگەڵ پرۆژەکەین، ئەوەی لیژنەی قانونی بەجێ نییە، محامی بیست ساڵ، چونکە شەرتەکەی تیایە دەڵێت ئەم وەزیفانەی بینی بێت لە قوزاتی صنفی یەك، محامی بیست ساڵ ئەو شەرتەی تیایدا موتەوەفیر نییە لە ناحیەی قانونی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا هەم جەنابی وەزیری عەدل، هەم حاکم نورالدینیش ئیعتیرازیان لەسەر پێشنیاری لیژنەی قانونی هەیە، کە فەقەرە (هـ) ئیزافە بکرێت، حەز دەکەم رەئی لیژنەی یاسایی بزانین، تاوەکو ئەو وەختی موناقەشەی بکەین، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جارێ ئەو مەبدەئە پیادە کراوە لە سوڵتەی قەزائی ئێمەو ئەو محامیانەی کە تەرشیح کراون بۆ مەحکەمەی تەمییز باشترین حاکمی تەمییزیان لێ دەرچووە، ئەمە یەك.

دوو/ محامی بەڕاستی دەعاوی جۆراوجۆر دەبینێت لە هەموو فروعەکان، چ دەعاوی مەدەنی بێت، چ دەعاوی جەزائی بێت و بەشداری دەکات لە هەموو مەجرایەکانی دەعوا لە ئەلفەوە بۆ یا، بۆیە ئێمە تەنها تەنها حەصرمان بەوە کردووە، محامیش ئەو توانایەی هەیە کە بتوانێت ببێتە عوزوی تەمییزو بیست ساڵیش خزمەتی هەیە، هەموو نەوعە دەعاویشی دیتووە، ئەو مەبدەئەش پیادە کراوە لە سوڵتەی قەزائی پێشتر، ئێستاش ئێمە وامان بە باش زانی مەبدەئەکە بمێنێتەوە، من ئیشارەتم پێدا مەسەلەی ئیشراقی

عەدلی هاتووە لێرە، لێرە ئێمە دەزگای ئیشراف قەزائیمان دروست کردووە، دەبێت ئیستیحداس دەکەین، لێرە ئیشرافی عەدلیەکە دەبێتە ئیشرافی قەزائی، کە مافی ئەوەی هەیە ببێتە ئەندامی تەمییز، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك سەردار.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە ڕەئیەکەی جەنابی وەزیرو کاك حاکم نورالدین دەکەم، بە حەقیقەت مەسەلەی محامی کە ڕاستەوخۆ ببێتە ئەندامی مەحکەمەی تەمییز، من بە شتێکی ڕاستی نابینم، بەڵکو دەبێت بە تەدەروج بڕوات لە صنفەکان و لە دەرەجەکان، ئەگەر حاڵەتێك هەبێتن، ئەعزای مەحکەمەی تەمییزمان هەیە لە محاماتەوە ببنە ئەعزای مەحکەمەی تەمییز سەرکەوتوو بوونە، بەڕاستی ئەوە حاڵەتێکی ئیستیسنائە، ئەوە ئەسڵەکە نییە، ئێمە ناتوانین بڵێین دائیمەن ئەوە ئەوها دەبێتن.

خاڵی تر، دەڵێ (یکون رئیس محکمة التمییز بدرجة وزیر ویتقاضی راتب ومخصصات الوزیر)، لێرە لە ماددەیەکی تر دەڵێت ڕەئیس مەحکەمەی تەمییز خۆی ڕەئیسی مەجلیسی قەزائییە، ئەوە دەسەلاتێکی جیایە، پێم وایە کە ڕەئیسی مەجلیسی قەزائی، یان ڕەئیسی مەحکەمەی تەمییز، یەعنی بیکەیە لە رووی موخەصەصات و راتب لە دەرەجەی وەزیفی، پێم وایە لەو دەزگایەی بڕێك دەیهێنیە خوارێ، دەبێت زیاتر بێت لە وەزیرو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هێشتا نەگەیشتینە ئەو ماددەیە، ئەوە ماددەیەکی ترە، کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئیدی ئەو ڕەئیەی لیژنەی یاسایی دەکەم، بە تەئکید ئەو محامیەی کە بیست ساڵ مومارەسەی ئیشی قەزائی بکات، هەموو جۆرەکانی دەعواو، هەموو جۆرەکانی محاکمی بینیوەو مومارەسەیەکی باشی پەیدا کردووەو خیبرەیەکی چاکیشی هەیە، سابیقەشمان هەیە لەسەر ئەو محامیانەی کە بووینە عوزوی مەحکەمەی تەمییز، ئەمە لەلایەك.

لە لایەکی دیکەوە ماددەی سی و پێنج، حەق دراوە بە محامی کە دە ساڵ خدمەی هەبێت، دەتوانێت ببێت بە حاکم، بۆچی لەوێ دەتوانێت ببێت بە حاکم، بۆچی لێرە بیست ساڵیش خدمەی هەبێت نەتوانێت ببێتە عوزوی مەحکەمەی تەمییز، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تەنها هەندێك تێبینیم هەیە، لەسەر بنەمای تەجاروبی زۆربەی دەوڵەتان، بۆ دیاری كردنی سەرۆكی دادگاو ئەندامانی دادگا، عادەتەن سەرۆكی هەرێم كە تەرشیحی دەكات، دەچێتە پەرلەمان، پەرلەمان دەبێت تەبەنی ئەو شەخصە بكات، شەخصیەتی ئەو شەخصە بكات، كە تەبەنی كرد، ئەوە سەرۆكی هەرێم تەعینی دەكات، یەعنی دەبێت تەرفێك هەبێت كە پیاچوونەوەی بكات بە فایل و بەزمو رەزمە، ئەویش پەرلەمانە، پەرلەمان زۆر جار شەخصەكەش بانگ دەكات، ئەگەر شتی هەبێت لەسەر هەندێ مەوزوع، لێپرسینەوە لەگەڵ ئەو شەخصە دەكات، كە تەرشیح كراوە لە لایەن سەرۆكی هەرێمەوە، كە قەناعەتی تەواوی هێنا، ئەم شەخصە مولائیمەو شیاوی ئەوەیە ببێت بە سەرۆكی دادگای تەمییز لە لایەن پەرلەمانەوە تەبەنی دەكرێت، ئەوسا لە لایەن سەرۆكی هەرێم تەعین دەكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی كاك عومەر ئیشارەتی پێدا من تەئیدی دەكەم، بەس زیاد كردنی ماوەكە، چونكە محامی كە یەكەم جار دەبێتە قازی دە ساڵ خدمەی قەزائی هەیە، بۆیە بۆتە قازی، بەلام لێرە ماددەكە بۆ خۆی تەعینی ئەو عوزووە سێیەم دەڵێ لە بیست ساڵ كەمتر خدمەی نەبێت، لەوێ محامی بووە بە دە ساڵ بۆتە حاكم، چۆن بە بیست ساڵ راستەوخۆ بێتە ئێرە، با پێنج ساڵی بۆ زیاد بكرێت، ببێتە عوزوی مەحكەمەی تەمییز، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان لەسەر ئەو قسەی كاك رەشاد، قسەتان هەیە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خۆی بیست ساڵی داناوە بۆ ئەندامی مەحكەمەی تەمییز، ئێمەش بۆیە بەڕاستی خزمەتەكەی محامیمان كردووە بە بیست ساڵ، دەڵێین لە بیست ساڵ كەمتر نەبێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك فاروق فەرموو.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

جەنابی كاك شێروان ئیشارەتی پێدا، دەڵێ لە لای خۆمان بۆتە عورفێك، یەعنی محامیان تەعین كردووە، بەڕاستی ئەوە لەسەر ئەساسێكی غەڵەت بووە، پێم وایە ئەو زورفە سیاسیەی لە كوردستان هەبووە، ئەوە وای كرد، كە هەندێك كەس محامی بوو كردیانە مەحكەمەی تەمییز، لەبەر هەندێ ئیعتیباراتی سیاسی، بە تەئكید ئەوە گومانی تیا نییە.

دووەم/ مەسەلەكە لێرە دەبێت بیست ساڵ حاكمی كرد بێت، بۆیە خزمەی قەزائی، یەعنی ئەوەش دەبێتە عوزوی مەحكەمەی تەمییز، یەعنی مەفروزە بیست ساڵ مومارەسەی قازیاتی كرد بێت، ئینجا ببێتە عوزوی مەحكەمەی تەمییز، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كەریم فەرموو.

**بەڕێز كريم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

حاكم بیست ساڵ دادوەری دەكات بە دانیشتنەوە، محامی بیست ساڵ دادوەری دەكات بە پێوە، قەزای واقیفە، بۆیە فەرقی نییە لەگەڵ دادوەر، بۆ ئەو مەسەلەیە دەبێت رەچاو بكرێت و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

حاكم نورالدین فەرموو.

**بەڕێز حاكم نورالدین ملا علی/جێگری سەرۆكی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە كە وتمان حاكم بیست ساڵ خزمەتی هەبێت جائیزە ببێت بە ئەندامی مەحكەمەی تەمییز، بەڵام ئەو بیست ساڵەی چۆن تەواو كردووە، دە ساڵ خزمەت جارێك پێشتر هەیەتی ئەوجا تەعین بووە بە حاكم، ئینجا بە پازدە ساڵی تر ئینجا دەگاتە صنفی یەك كە موئەهل دەبێت دوو ساڵە خزمەتی لەم وەزائیفانە كە باسی كردووە، ئەوە حەڤدە ساڵی تر بەس حاكم ببێت ئیزافە لەسەر خزمەتی دە ساڵیەكە، ئەوە دەكاتە سی و چەند ساڵ، لەبەر ئەوە بیست ساڵی محامی ئەوە پێشی دەخات لە خزمەت، هەر لایەنی قانونی وایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دكتۆر كەمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ئەدای حاكم لەگەڵ محامی فەرقی هەیە، حاكم زۆر بە عەدالەت مومارەسەیەكی حەكیمانە دەكات، محامی جاری وا هەیە دیفاع لە موجریمێك دەكات، بۆ ئەوەی دەربازی بكات بەرامبەر هەندێك شت، لێرە من تەئیدی بیرو بۆچوونی وەزیرو حاكم نوری دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە وەڵامێکی کاک دکتۆر کەمال بدەمەوە، محامی کە دیفاع دەکاتن، حەقی دیفاع بۆ هەموو کەسێك حەقێکی موقەدەسەو محامی ڕێگەی بەردەم مەحکەمە ڕووناك دەکاتەوە، دیفاع لە حەق بکات، یان لە ناحەق بکات، قەراری ئەخیر بە دەستی مەحکەمەیە، شەرت نییە محامی لەسەر ناحەق قسەی بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك فاروق فەرموو.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر ئەو برادەرانەی کە دیفاع لەو مەسەلەیە دەکەن خۆیان محامین، کاك شێروان لە سەرەتاوە گوتی ئەو قانونەی سوڵتەی قەزائی ئێمە کۆمەڵێك موناقەشەمان کرد لەگەڵ حاکمەکان، چ حاکمێك ڕەئی ئەوە بوو کە ئەوەی لیژنەی قانونی ئەوەی دەکەن، ئەوانەی کە لە مەحکەمەی تەمییزی ئێستا لە ئەنجومەنی قەزائیینە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەر یەك تەعلیقم هەیە، ئەو حاکمانەی کە حەساسیەتیان هەبووە بەرامبەر ئیدیعای عام هەمان حەساسیەت بەنیسبەت محامیش هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من لەگەڵ ئەوە دام کە حەساسیەت هەیە، بەڵام ئێمە کە قەرار دەدەین دەبێت مەنتیق بەکار بێنین، ئێستا دوو مەنتیق لێرە هەیە، مەنتیقێك موقتەرەحی لیژنەی یاساییە، کە دەڵێت ئەو محامیانەش حەقیان هەیە لەوێ ڕەئیمان داوەتێ ببنە حاکم، لێرەشدا حەقیان هەیە، مەنتیقێکش کە جەنابی فاروق و کاك حاکم نورالدین ئاماژەیان پێ کرد، دەڵێن ناکرێتن هەمان حەقی هەبێت محامی، چونکە ئەوانە ئیشارەت کراوە بیست ساڵ خزمەتیان هەیە، چەند ئەندام پەرلەمانیش پشتگیریان لە لیژنەی یاسایی کرد، یەکێکیشیان پشتگیری لە حاکم نورالدین کرد، موقتەرەحی لیژنەی یاسایی دەخەمە دەنگدانەوە، چونکە هیچ موقتەرەحێکی تازە نییە، چونکە موخالیفی ئەو موقتەرەحە نەهاتووە، موقتەرەحی لیژنەی یاسایی دەڵێت فەقەرە (هـ) ئیزافە بکرێت، کە محامی حەقی هەبێت ببێتە قازی لە مەحکەمەی تەمییز، وەکو ئەوانی تر، وەکو ڕەئیسی مەحکەمەی ئیستیئناف و نائیب ڕەئیسی مەحکەمەی ئیستیئناف و قازی مەحکەمەی

ئیستیئناف و رەئیسی ئیشراف قەزائی محامیش دەبێتن، کێ لەگەڵ، کاك دکتۆر نوقتەی نیزامیت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حاکم نورالدین و جەنابی وەزیر شەرحیان کرد، ئەگەر ماوەکە زیاد بکرێت، لەوانەیە وەجاهەتێکی تێدا بێت، ئەگەر بیست ساڵ بێت، بیست ساڵەکە زۆر زۆر کەمە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە سوپاست دەکەین، کاك رەشاد ئاماژەی پێ کرد، جەنابیشت ئاماژەت پێ کردووە، قسەیەکە کراوە دەبێت ئیقتیراح بکەین، لیژنەی یاسایی ئەگەر مانعیان نییە بکرێتە بیست و پێنج ساڵ، ئەگەر ببێتە بیست و پێنج ساڵ، ئەوە لیژنەی قانونی مانعیان نییە ببێتە بیست و پێنج ساڵ، ئێستا لەبەر رۆشنایی ئیقتیراحی دوو ئەندام پەرلەمان، کاك رەشادو کاك ناصح لیژنەی یاسایی موافەقەتی کرد موقتەرەحیان تەعدیل بکرێتن بۆ بیست و پێنج ساڵ، گوتیان لەبەر ئەوەی محامی دەبێت زیاتری هەبێتن بەو ئیعتیبارەی لەوێ دە ساڵی بۆ دانراوە، لێرە بیستەکە بکرێتە بیست و پێنج ساڵ، بۆ ئەوەی فەرقی هەبێتن لەگەڵ ئەو کەسەی لە مەجالی قەزادا ئیشی کردووە، شەرتمان بۆ داناوە بیست ساڵ، لیژنە یاساییش موقتەرەحی خۆیان تەعدیل کرد، دەڵێت محامی بیست و پێنج ساڵ خزمەتی هەبێت، حەقی هەبێتن ببێتە ئەندام لە مەجلیسی مەحکەمەی تەمییز، کێ لەگەڵ ئەو موقتەرەحەی لیژنەی یاساییە کە لە لایەن وەزیری عەدل و حاکم نورالدین کە ئیعتیرازیان هەبوو، کێ لەگەڵ موقتەرەحی لیژنەی یاساییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینە لەگەڵ موقتەرەحی لیژنەی یاساییە، کەواتە بیست و پێنجەکە تەسبیت بکەن، ئێستا ماددەی سی و حەوت بە قبول کردنی لیژنەی یاسایی، هەمووی دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی سی و هەشت تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سی وهەشتەم:

سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە بەپلەی وەزیر دەبێ ومووچە ودەرماڵەی وەزیر وەردەگرێ.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة والثلاثون: یکون رئیس محکمة التمییز بدرجة وزیر ویتقاضی راتب ومخصصات الوزیر.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین و هیچ مولاحەزەیەکمان نیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك حاکم نورالدین فەرموو.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس جەنابی سەرۆك ئێمە ئەڵێین سەرۆکی دادگای تەمییز سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەرانە، واتە رئیس مجلس القضاء لە کۆمەڵگەی مەدەنی سێ دەسەڵاتمان هەیە وەکو ووتمان تەنفیزی وتەشریعی وقەزائی هەریەکە سەرۆك وکادیرانی خۆی هەیە، تەبعەن ئیمتیازاتیان هەیە، بۆچی سەرۆکی مجلسی قەزا عەینی دەرەجەو مەنصەبی سەرۆکی سوڵتەکانی تری نەبێت وەکو سەرۆکی سوڵتەی قەزائیە ئەمیش ببێتە وەکو سەرۆکی سوڵتەی تەنفیزی وسوڵتەی تەشریعی ئەمیش سەرۆکی سوڵتەیەکەو عەینەن ئیمتیازاتی بودجەی هەبێ وسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محمد فرج و کاك سەردار وکاك جمال قسەیان هەیە پێش ئەوان جەنابی وەزیر کاك فاروق قسەی هەیە فەرموو.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو وەزارەتی داد ئەگەر موقتەرەحی لیژنەی قانونی ئەو مەشروعەی کەهاتووە یەعنی پێم وایە سەرۆکی محکەمەی تەمییز کە سەرۆکی ئەنجومەنی قەزائیە، مەفروزە دەرەجەی وەزیری هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محمد فرج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە راستە کەئەمە سوڵتەیەکی جیاوازە، وەکو سوڵتەی تەنفیزی و سوڵتەی تەشریعی وقەزائی بەڵام بۆچی، مەسەلەن بۆ سوڵتەی تەنفیزی ئەوە بۆ نیە، ئینجا مخصصات ئەعنی وا نازانم زکر بکرێت، لە لایەحەی ئەنجومەنی وەزیرانیشدا، مخصصات و مخصصی وەزیر دیاری نەکراوە، بەمیقدار ئێستا ئەم بۆچی دیاری بکرێت دیارە شتێکی لێ ئەزانێت، عادەتەن راتب باس ئەکرێت نەك مخصصات، مخصصات ئەگۆڕێت لە شتێکەوە بۆ شتێکی تر، یەعنی وەزیر خەڵکێك ئەچێتەلای بەردەوام خەڵك موراجەعەی ئەکات ئەم موراجەعاتی نیە، یەعنی بەو جۆرە نیە موراجەعاتی یەعنی وەکو بڵێین تەماسی مباشری لەگەل خەڵکدا نیە، لەگەڵ موجتەمەعدا بەڵام وەزیر وانیە، لەبەر ئەوە پێم وایە خەلەلە یەعنی سوڵتەی تەشریعی ئەگەر ئەویش خۆی ئەشوبهێنێ بە وەزیر سوڵتەی تەشریعی ئەوەی نیە ئەو ئیمتیازەی وەزیری نیە، ئەو

مخصصاتەی نیە دوو ئەم مخصصاتە بۆ وەزیر ئەوەیە کەتەماسێکی مباشری هەیە لەگەڵ خەڵکدا جگە لەوە کە وەحداتی ئیداری زیاتری هەیە لە خوارەوە سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سەردار قسەت هەبوو فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لەڕای حاکم نورالدین دەکەم، لەرووی ڕەواتب ومخصصاتی سەرۆکی دادگای تەمییز دەبێ وەکو سەرۆك ودەسەڵاتی سێیەم معامەلەی لەگەڵ بکرێت، نەوەك وەکو وەزیرێك چونکە وەزیر ئەندامێکە لەدەسەڵاتێکی کە، پێم وابێ ئێمە معامەلەی لەگەڵ ئەکەین لە ئاستی ئەوی دێنینە خوارێ بۆیە پشتگیری لەڕای حاکم نورالدین دەکەم دەشکرێت بەنیزام، نیزامێك دەربچێت تەحدیدی ئەو راتبانە بکرێت وسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە نیزامەکە نووسرایە لەفەقەرەی تر کاك رشاد.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار ئەکەم ئەو دوو ماددەیە یەك بخرێت (38-39) بکرێتە یەك ماددە بە تەعلیمات تەحدیدی ڕەواتب ومخصصات و دەرەجاتیان بکرێت هەردووك بکرێتە یەك ماددە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی سی وهەشت کەلیژنەی یاسایی پشتگیری لێ کردووە، تەنها کاك سردار تەئیدی حاکم نورالدینی کرد، لەبەر ئەوە نابێتە موقتەرەح ئەگەر دووسێ کەس قسەی لەسەر نەکات، کاك جمال تۆ داوای قسەت کردبوو، فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لێرە وەڵلا تەئیدی ئەوە دەکەم کە سەرۆکی دادگا بەپلەی وەزیر بێت وموچەی وەزیری هەبێت، بەنیسبەت دەرماڵەوە وەکو سەرۆکی دادگا دەرماڵەی تایبەتی خۆی هەیە ئیتر بۆچی موچەیەکی تر ئیزافە بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەکە کەلەلایەن لیژنەی یاساییەوە پشتگیری لێ کراوە، دەیخەمە دەنگەوە ماددەی سی وهەشت، کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە تەنها کاك سەردارو کاك محمد فرج وکاك رشاد وپەخشانیش نەبێ بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەی سی ونۆ.

**بەڕێز کریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سی ونۆیەم: پلە وMووچە ودەرماڵەی دادوەرانی دادگای پێداچوونەوە ودادوەرانی دیکە بەسیستەمێکی تایبەتی دەست نیشان دەکرێت.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة والثلاثون: تحدد درجات ورواتب وعلاوات ومخصصات قضاة محكمة التمييـز والقضـاة الآخـرين بنظام خاص.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین دوو مولاحەزەمان هەیە، مولاحەزەیەکمان ئەوەیە دەرەجات هەڵبستێت چونکە لەمەشروعەکەدا هاتووە، مولاحەزەی دووەممان ئەوەیە کە نابێ بەنیزامی خاص رەواتب دابنرێت بەڵکو دەبێ بەقانون دابنرێت، هەروەکو دەزگایەکانی تری دەستووری ئەو دوو مولاحەزەیەمان هەیە و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك حاكم نورالدين فەرموو.

**بەڕێز حاكم نورالدين ملا علی/جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دادگای تەمییز وئەندامانی دادگای تەمییز لەهەرێم، ئیشوکاریان هیچ فەرقی نیە لەگەڵ دادگای تەمییزی مەرکەز لەبەغدا ئەگەر زۆر تر نەبێت لێیان. لەدادگای تەمییز لەبەغدا بڕیار دراوە ئەندامانی تەمییزیش دەرەجەیان دەرەجەی وەزیرەو راتبی وەزیریش وەر ئەگرن، ئەوجا ئەگەر لێرەش ئیقتراح بکەین بۆچی وەکو ئەوان نەبێت، کاری ئێمە لەوان کەمتر نیە ئەگەر زیاتر نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە بەنیسبەت نوابی محکەمەی تەمییز راتب ومخصصاتی وەزیر وەر ئەگرن، بەنیسبەت ئەندامانی تەمییز راتب ومخصصاتی منهم بدرجه الوزير وەر ئەگرن، لەبەغدا ئەوە راستە بەڵام ئەو بنەمایانەی لەبەغدا پیادە کراوە، چ بەنیسبەت پەرلەمان چ بەنیسبەت حکومەت چ بەنیسبەت دەسەڵاتی دادوەری، ئەو بنەمایانە لێرە بەسیستەمێکی تر تەعامولیان لەگەڵدا دەکرێت، ئەوە واقیعێکە بما فيها ئەندامی پەرلەمانیش ئەمە یەك، ئێمە لەگەڵ هەموو رێزماندا بۆ دادوەرەکان ئێمە پشتگیریمان کردووە، کەباری گوزەرانی دادوەران ئەبێ بارێکی باش بێت، لەهەموو لایەکیشەوە پشتیگریان لێ بکرێت بەڵام مەسەلەکە

ئەبێ مەسەلەیەکی قانونی بێت، ئێمە محاوەلەمان کرد بەحەقیقەت، ئەو مەسەلانە شی بکەینەوە، لەناو قانونەکەدا بەڵام دوای ئەوەی ئیتیصاڵمان کرد بەسوڵتەی مالی دوای ئەوەی کە ئیتیصاڵمان کرد، بەلایەنی پەیوەندیدار ئەوانیش هەر هەمان رەئیان هەبوو، ئیمکان نیە ئێمە نیزامێك دابنێین سوڵتەی قەزائی ئەو نیزامە تەبەنی بکات ورەواتب بۆ خۆی دابنێت، لە حاڵەتێکدا وەزارەتی تری پەیوەندیدار هەیە، وەکو وەزارەتی مالیە وەکو وەزارەتی پیلاندانان، ئەمە یەك هی دوو، سولەمی تەدەروجی وەزائیفی مەدەنی لە قانونی خدمەی مەدەنی فەرقە لەگەڵ سولەمی تەدەروجی وەزیفی لەخدمەی وەزاری هی خدمەی مەدەنی سولەمی تەدەروجی داناوە بۆ قازی مەسەلەی دەرەجە خاصەو یان مەسەلەی دەرەجەی وەزیر، ئەمانە زۆر نابێت لەقانونی سوڵتەی قەزائی بەکار بێت، ئەوەی کەهاتووە بەنیسبەت سەرۆکی محکەمەی تەمییز لەجێگای خۆیەتی کە بەدەرەجەی وەزیر بێت بەڵام ئەوی تر ناتوانین ئێمە لێرە عیلاجی بکەین بەدەرەجە خاصەش ناویان هاتووە، لە زمنی ئەو جەدوەلەی کەلەلایەن بەغداوە پیادە کراوە، لێرە لەلای ئێمە نوسخەی هەیە لەزمنی میلاکاتی دەرەجاتی وەزیفی کە لەفەقەرە أی دیاری کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك فاروق فەرموو.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبیعی ئێستا کە سەرۆکی محکەمەی تەمییز وسەرۆکی ئەنجومەنی قەزائی چەسپا بەدەرەجەی وەزیر بێت ناکرێ ئەندامانی مەحکەمەی تەمییز بەدەرەجەی وەزیر بێن، بەڵام لەرووی واقیعیەوە حەزەکەم شتێك بەیان بکەم، ئێستا محکەمەی تەمییز و ئەندامانی محکەمەی تەمییز، هیچ یەکێکیان مەعاشیان لەوەزیر کەمتر نیە، بەپێی ئەو قانونەی کەئێستا دانراوە بۆ مەعاشەکانیان، من پێم وایە تەحدید کردنی بەقانون وەکو لەپرۆژەکەدا هاتووە، زۆر شتێکی چاکە لە هەموو حاڵەتێکدا ئەندامانی مەحکەمەی تەمییز ئێستا مەعاشی وەزیر وەر ئەگرن بەتەواوەتی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی مولاحەزەکەی کاك حاکم نورالدین راستە لەرووی قانونیەوە، لەبەغدا وایە بەڵام لەبەغدا فەرقە وەکو ئاماژەیان پێکرد، مەجلسی نەوابی عێراقیش قانونی بۆ خۆی دەرهێناوە ئینجا لەموستەقبەل مەسەلەن چەند مانگێکی تر، ئەوە دەبێ بزانین کەئەمە تەسبیت ئەکرێت ئەوەی ئێمە کردوومانە یان ئەوان کردوویانە خۆی ئەو نەوعە قەوانیانە دەبێ تەوحید بکرێت، بەراستی بۆ مەسڵەحەتی خۆشمانە بەڵام ئێمە لەبەرچاو گرتنی وەزعی عام، ناکرێت هەموو شتێك بەغدا نموونە بێت، نموونە نیە بەحەقیقەت، عەدالەتی تێدانیە بەقانونی ئەو گۆڕانکارییەی کەلەناو کۆمەڵگادا کراوە پاش رووخانی رژێمی سەدام، ئینتیقال کردن بۆ بازاڕی ئازاد تەبیعیە ئەو فەرق وجیاوازییە هەبێت، بەڵام لێرەدا هەوڵدەدەین ئەو فەرق وجیاوازییە کەمتر بێت، تاوەکو ئەو وەختەی بتوانین ئاستی ئەوانەی کەم دەرامەتن

و کەم مووچەنە یەك بخەین ئەوسا دەتوانین سەیری موچەی بەغدا بکەین، بەڵام ئێستاکە بەغدا نموونەیەکی باش نیە، لەو رووەوە بەڕاستی کەس قسەی نیە لەسەر ئەو مەوزوعە، کاك جمال وکاك بکر قسەیان هەیە، فەرموو کاك بکر.

**بەڕێز بکر فتاح حسین.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئیدی ئەو قسەیەی کاك فاروق ئەکەم، کە بەڕاستی بەپێی قانون تەعلیمات لەوێ تەحدید بکرێت مووچەکە بەڵام یەك شتی تر هەیە، مەسەلەیەکی گرنگە چونکە من لەکۆمەڵێك حاکمم بیستووە، کە ئەڵێن تەعامول لەگەڵ حاکمدا لە عێراقدا ئەبێ وەکو یەك بێت، چ لەسلێمانی بێت یان لەبصرە بێت، یان لەبەغدا بێت وەکو یەك بێت، جا بەنیسبەت موچەکانەوە من ئێستامەبەستم سوودەکە نیە وەکو ماددی وەکو سوودی مەعنەوییە، یەعنی ئەوان کەوا تەعامولیان لەگەڵدا دەکەن، بەوەی کەوا ئەمان نیوەی مووچەکەی ئەوان وەرئەگرن واتەسەور ئەکەن مەسەلەن وەزیر لە ئیقلیم کەمترە لەوەزیر لە عێراقدا مەسەلەن ئەندامی پەرلەمانی ئیقلیم کەمترە لەهی بەغدا مەبەستم مووچەکە نیە، مەبەستم سوودی مەعنەوییەکەیە کەوەکو یەك نیە بەتایبەتی ئەگەر بۆ وەزیر وبۆ ئەندام پەرلەمان ئەوە شتێکی تر بێت ئێمە خۆمان ئەوە هین ئەکەین بەڵام بۆ حاکم ئەوە حاکمە، لە هەرشوێنێك بێت هەر حاکمە، لەبەر ئەوە حەقە وەکو یەك معامەلەیان لەگەڵدا بکرێت، من پێم وایە ئەوەی کەئەڵێن بەقانون دوایی تەحدید بکرێت ئەوان بیر لەوە بکەنەوە کە عەینی معامەلە بکرێت عەینی تەعامول بکرێت، وەکو حاکمێك لەسلێمانی و حاکمێك لەبصرە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبیعی مەسەلەی مەعاش ودیاری کردنی بەقانون ئەوە تەبیعی لەشوێنی خۆیا بێت، لەهەمانکاتدا لەسەر بنەمای ئەوەی کەوا مەعاش ئەبێ لە ڕێی وەزیری عەدلەوە بێت، چونکە وەزیری عەدل بەئاگایە لە وەزعی حکومەت وەزعی دەرامەت وبودجە جیاوازیشی هەیە لەگەڵ پەرلەمان، چونکە پەرلەمان سەیری بودجە ئەکات ولەسەر بنەمایی بودجە، بودجەی پەرلەمان دائەنێت، بەڵام لیژنەی قەزائی یان حاکم تەمییز سەیری بودجە ناکات، لەبەر ئەوە ئەبیت لەسەر بنەمایی وەزعی دەوڵەت ومیزانییەی دەوڵەت وئەو تێبینیانەی وەزیری دارایی ئەو مەعاشانە دابنریت، ئەویش لەرێی وەزیری عەدلەوە لەبەر ئەوە ئەبێت بەقانون بێت و لەسەر ئەو بنەمایە بێت ئەگینا ئێمە لە شەرعیەتی خۆمان دەرئەچین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا جوابەکەم بۆ کاك جمال هەر ئەوەیە ئێمە لە دانیشتنەکانی پێشووتر، دەنگمان بۆ ئەوەدا کە پێویستە قەزا میزانیەیەکی موستەقیلی هەبێت، لە رووی مالی وئیدارییەوە مەفصول بێت، خۆشی دەنگی بۆداوە لەگەڵ ئێمەدا ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە حاکم بەنیهائیەن موحتاجی سوڵتەی تەنفیزی نەبێت، موچەکەشی لەسوڵتەی تەنفیزی نەبێ بەڵکو موچەکەی لەخودی میزانییەی خۆی بدرێت، ئەمە یەك هی دوو ئێمە کە ووتمان قانون تەبیعی سوڵتەی قەزائی بەتاقی تەنها ناتوانێ ئەو قانونە دەربکات بڵێت وەڵڵا مەعاشم ئەوەندە بوو ومخصصاتم ئەوەندەیە، ئەبێ لەخلالی ئەنجومەنی وەزیران بێت، لەئەنجومەنی وەزیران وەزارەتی مالیە حازرە، میلاکات حازرە دەرەجات حازرە لەهەمووی موهیم تر ئەو مەسەلەیە مەسەلەیەکی مالی تێدایە، ئەبێ وەزارەتی مالیە ئاگاداری ئەو گۆڕانکاریە بێت کە دێتە سەر مەسەلەی مووچەو مخصصات وئەو شتانە، هەر بۆیەش ئێمە ئیحالەی قانونمان کرد، وەکو ئەنجومەنی وەزیران وتمان بەقانون تەنزیم دەکرێت، بۆ ئەوەی قانونێك بۆخۆیان رێك بخەن، ئەو قانونە بێتە ئەنجومەنی وەزیران لە ئەنجومەنی وەزیران گفتوگۆی لەسەر بکرێت وبێتە پەرلەمانیش بۆ ئەوەی رەئی نیهائی لەسەر بدرێ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئەو نوقتەی کە لیژنەی یاسای زیادی کردووە، لەجیاتی نیزام (بقانون)، پشتگیری لەوەش کردووە صیاغەی هینە بکرێت، بالتنسیق مع الوزارتین المالیة والتخطیط، کەواتە تحدد درجات و رواتب و مخصصات قضاة محکمة التمییز و القضاة الآخرین بقانون، ئەوە کیفایەتە ئەو موفقتەرەحاتە دەخەمە دەنگەوە کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە بەکۆی دەنگ وەرگیرا فەرموون بۆ ماددەی چل.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشی سێیەم

بەرزکردنەوەو پۆلێنی دادوەران

ماددەی چل:

یەکەم: بەرزکردنەوەی دادوەر لە پلە یەکەوە بۆ پلەیەکی بەرزتر بە بڕیاری ئەنجومەنی دادوەری و دوای تەواوکردنی ماوەی یاسایی دەبێت.

دووەم: ئەنجومەنی دادوەری لەبەرزکردنەوەی دادوەر، راپۆرتی سەرۆکی ناوچەکانی تێهەڵچوونەوەو سەرپەرشتیارانی داد لەبەرچاو دەگرێ سەبارەت بە توانایی و دەست بەرێوەبردنی و ئەوەی پەیوەستە بەرەوشتەکەی.

سێیەم: ئەنجومەنی دادوەری ئەگەر بۆ ئەو بەرزکردنەوەیە لێهاتووی پەسەند کرد، بڕیارەکەی سەبارەت بە بەرزکردنەوەکە دەردەکات.

چوارەم: ئەنجومەنی دادوەری ئەگەر بۆی دەرکەوت ئەو دادوەرە لێهاتووە بۆ بەرزکردنەوەی، بۆی هەیە بە بڕیارێك هۆیەکەی دیاری بکات، بەرزکردنەوەی دادوەرەکە دوا بخات، بۆ کەمتر نەبێت لە (3)مانگ و پتر نەبێت لە ساڵێك، بۆ پتریش لە جارێك دەبێ.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**الفصل الثالث**

**((ترفيع القضاة وترقيتهم))**

**المادة الأربعون:**

**أولاً: يكون ترفيع القاضي من درجة الى درجة أعلى بقرار من مجلس القضاء بعد قضائه المدة القانونية البالغة خمس سنوات.**

**ثانياً: يراعي مجلس القضاء عند النظر في ترفيع القاضي تقارير رؤساء المناطق الإستئنافية و المشرفين العدليين فيما يتعلق بكفائته وحسن ادارته وفيما يتعلق بسلوكه.**

**ثالثاً: يصدر مجلس القضاء قراره بترفيع القاضي اذا تأيدت أهليته للترفيع.**

**رابعاً: لمجلس القضاء أن يؤجل بقرار مسبب ترفيع القاضي مدة لاتقل عن ثلاثة أشهر ولا تزيد على سنة ولأكثر من مرة واحدة إذا وجد أنه غير أهل لذلك.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین یەك فەقەرەی ئیزافیمان هەیە دەرەجاتەکە بە چوار دەرەجەمان داناوە (أ، ب، ج، د) بە دەرەجە دەست پێ دەکات، نەك بە جەدوەل.

دوو/ موشریفی عەدلی کردوومانە بە موشریفی قەزائی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان ئەگەر ئەوەمان بۆ روون بکەنەوە، فەرقی ئەصناف و دەرەجات چیە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە قەناعەتی من دەرەجات پەیوەندی بە راتبی هەیە، صنفیش پەیوەندی بە مەنصەب هەیە، ئەوە کاك حاکم نورالدینیش ئەگەر تەوزیحمان بداتێ باشتر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەبەر ئەوەی پرسیار دێتە پێشەوە، لەوێ باسی دەرەجات دەكرێت عەینەن (أ، ب، ج، د)ە، ئەصنافیش یەكەم و دووەم و سێیەم و چوارەمە، شتێكی تەبیعییە، ئەصناف لە ماددەی تر هاتووە، بۆیە ئەو پرسیارەم كرد، كاك حاكم فەرمو.

**بەڕێز حاكم نورالدین ملا علی/جێگری سەرۆكی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە تەرفیعەكە دەڵێت (من درجة الی درجة بعد قضائه المدة القانونیة) مودە قانونیەكە لێرە دانەنراوە چەندە؟ وابزانم تەحدید بكرێت، خۆی هەر پێنج ساڵە لە قانون، ئەوەش ئیزافە بكرێت بڵێ (البالغه خمس سنوات) ئەوەندە ئیزافە بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر لە شوێنێكی تر مودەكە نەهاتبێت، دەبێت لێرە بێت، ئەگەر هاتبێت پێمان بڵێ، ئەگەر نەهاتبێت شوێنی بكەنەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە ماددەی چل و یەك هاتووە، لە تەرقیە لە صنفێكەوە بۆ صنفێكی تر، ئینجا دەتوانرێت دەرەجەكە لێرە ئیزافە بكرێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر لێرەش ئیزافە بكرێت وەكو دەرەجەش، دەتوانین، باشە كەواتە لیژنەی یاسایی لەسەر ئەو رەئیەی كاك حاكم نورالدین، كە لێرەشدا مودەكە تەحدید بكرێت لە تەرفیعی قازی، موقتەرەحی لیژنەی یاسایی كە تەئیدی ماددەكەی كردووە بەپێشنیار كردنی ئەو فەقەرەیەی بۆیان خوێندینەوە، لەگەڵ ئەوەش مودەكە پێنج ساڵە دیاری بكرێت دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە تێكڕای دەنگ وەرگیرا، بڕۆ بۆ ماددەی چل و یەك تكایە.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی چل ویەكەم: یەكەم:

پۆلێنی دادوەران بەم شێوەیە دەبێ:

| پلە | پۆل |
|---|---|
| أ | یەكەم |
| ب | دووەم |
| ج | سێیەم |
| د | چوارەم |

دووەم: دادوەر لە پۆلێکەوە بۆ پۆلێکی دیکەوە بەرز دەکرێتەوە بەبڕیارێك لەلایەن ئەنجومەنی دادوەریەوە دەردەکرێ، بەپێی داواکاریەك بۆ ئەنجومەنی دادوەری بەرزدەکرێتەوە بەمەرجێك باسێکی یاسایی پێشکەش بکات ودەبێ کەمترین رادەی مووچەی بۆ ئەو پۆلەی دەیەوێ بۆی بەرزبکرێتەوە وەرگرتبێ.

سێیەم: لەسەر ئەنجومەنی دادوەری پێویستە لەکاتی پێشکەش کردنی داواکاری بۆ بەرزکردنەوە لەرای پێداچوونەوەو سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوە وسەرۆکی دەستەی سەرپەرشتیاری داد ئاگادار بێ سەبارەت بە توانای دادوەرەکە ولێهاتوویی بۆ ئەو بەرزکردنەوەیە.

چوارەم: سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری ئەو داواکاریە لەگەڵ لێهاتوویی ئەو دادوەرە بەنووسراوێك وەکو بەندی سێیەمی ئەم ماددەیە ئاماژەی بۆ کراوە، بەرزدەکاتەوە لەگەڵ دیاریکردنی رای خۆی بۆ ئەنجومەنی دادوەری.

پێنجەم: ئەنجومەنی دادوەری لەهەڵسەنگاندنیدا بۆلێهاتوویی دادوەر بۆ بەرزکردنەوە پشت بەو نووسراوانەی لە هەردوو بەندی (3و4)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە ولەگەڵ راپۆرتەکانی ساڵانەی لەلایەن سەرۆکایەتی بەرزکراوەتەوە، وراپۆرتی سەرپەرشتیارانی دادو ئەو حوکمانەی کە دادوەر بەماندوو بوونێکی لە رادەبەدەر دەریکردوون، کە لە ناوەرۆکیاندا بیروڕای یاسایی وای تێدایە ئەوە پیشان دەدات کە بەدوای جموجوڵی یاسازانان و دادوەراندا چووە، ئەگەر دەرکەوت کە لێهاتووە بۆ ئەو بەرزکردنەوەیە، بڕیاری بەرزکردنەوەی دەردەکەن، بەپێچەوانەی ئەمەوە، بەرزکردنەوەکەی بە بڕیارێکی بنبڕە دوا دەخرێت بۆ ماوەیەك لەشەش مانگ کەمتر نەبێت ودەبێ پێی رابگەیەندرێ وهۆکارەکەشی دیاری کرابێت.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الحادية والأربعون:**

**أولاً: تكون أصناف القضاة كمايلي**

| الدرجة | الصنف |
|---|---|
| أ | الأول |
| ب | الثاني |
| ج | الثالث |
| د | الرابع |

ثانياً: يرقى القاضي من صنف الى أخر بقرار من مجلس القضاء على طلب يتقدم به الى مجلس القضاء بشرط أن يقدم بحثاً قانونياً وأن يكون قد نال راتبه الحد الأدنى للصنف المراد الترقية اليه

ثالثاً: على مجلس القضاء عند تقديم الطلب بالترقية استطلاع رأي محكمة التمييز ورئاسة محكمة الاستئناف ورئاسة هيئة الإشراف العدلي عن كفاءة القاضي وأهليته للترقية.

رابعاً: يرفع مجلس القضاء الطلب مع اهلية القاضي للترقية بالمطالعة المذكورة في البند ثالثاً من هذه المادة مشفوعاً برأيه الى مجلس القضاء.

خامساً: يستعين مجلس القضاء في تقدير أهلية القاضي للترقية بالمطالعات المبينة في البندين (ثالثاً ورابعاً) من هذه المادة والتقارير السنوية المرفوعة من رؤسائه وتقارير المشرفين العدليين والأحكام التي بذل القاضي في اصدارها جهداً متميزاً أو ضمنها أراء قانونية تؤيد متابعة للنشاط الفقهي والقضائي ، ويصدر قراراً بترقيته اذا كان أهلاً لها وبخلافه تؤجل ترقيته لمدة لا تقل عن ستة أشهر بقرارمثبت وبات يبلغ اليه

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئیعادەی صیاغەی ماددەکەمان کردۆتەوە بەم شێوەیە:

المادة الحادية والأربعون: تقترح اللجنة مايلي:-

*إعادة صياغة الفقرة أولاً منها كالآتي:

أولاً: تكون أصناف القضاة أربعة أصناف ( الأول، الثاني، الثالث، الرابع ) تبدأ بالصنف الرابع.

- إعادة صياغة الفقرة ثانياً كمايلي:

ثانياً: يرقى القاضي من صنف الى أخر بقرار من مجلس القضاء بناءً على طلب يتقدم به الى مجلس القضاء بشرط أن يقدم بحثاً قانونياً وأن يكون قد نال راتب الحد الأدنى للصنف المراد الترقية اليه و أمضى خمس سنوات في صنفه.

- إعادة صياغة الفقرة خامساً كالآتي:

خامساً: يستعين مجلس القضاء في تقدير أهلية القاضي للترقية بالمطالعات المبينة في البندين (ثالثاً و رابعاً) من هذه المادة و التقارير السنوية المرفوعة من رؤسائه و المشرفين القضائيين و الأحكام التي بذل القاضي في اصدارها جهداً متميزاً أو ضمنها أراء قانونية تؤيد متابعتة للنشاط الفقهي و القضائي اضافة الى تقرير اللجنة التي قامت بمناقشة البحث القانوني المقدم من قبله و الدرجة التي نالها، و يصدر قراراً باتاً بترقيته اذا كان أهلاً لها و يبلغ اليه. و لمجلس القضاء أن يؤجل بقرار ترقية القاضي مدة لا تقل عن ستة أشهر و لا تزيدعلى سنة وتكرار التاجيل لأكثر من مرة اذا وجد أنه غير أهل لذلك. ئەوە مولاحەزەکانی ئێمە بوو دوای صیاغە کردنی، تەبیعی لێرە بۆ ئەوەی صورەتێکی وازحتان بدەینێ ئەصنافەکان لە جیاتی جەدوەل بووە بەفەقەرەیەکی کیتابی دووەمین شت ئەو پێنج ساڵەی کەوا برای بەڕێزم کاك نورالدین ئیشارەتی پێدا ئیزافەمان کردووە لێرەدا، سێیەمینیش شەنصێکی ترمان داوە بەو قازییەی کەوا ناتوانێ لە جاری یەکەم دەرباز بێت، جاری دووەمیش ئیمکان هەیە بتوانێ خۆی ئامادە بکات بۆ تەرقیە، ئەم خاڵانە بوو کەوا ئیزافەمان داوە زائیدەن ئیشرافی عەدلی بووە بەئیشرافی قەزائی و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەش ئەو ماددەیە لیژنەی قانونی موفتەرەحەکەی ئەوەیە دەرەجاتەکان لە (أ،ب) بکرێتە ( اولاً وثانياً) دووەمینیش لە ثانیاً پێنج ساڵەکە ئیزافە بکرێت و تەحدید بکرێت لە خامیساً تەعدیلێکی کردووە تەعدیلەکەی زیادە ناحیەی لوغەوی مشریفی عەدلی دەبێتە مشرفی قەزائی لەقەرارەکە نووسرایە قرار

بترقيه ئيقتراح دەكات قراراً بات فى الترقيه ويبلغ اليه لێرەدا ئيزافەيەكى داوا كردووە كە دەڵێت مجلسى قەزا بۆى هەيە تەئجيل بكات بۆ تەرقيەى قازى بۆ شەش مانگ وە زياتر نەبێت لەساڵێكيش دەتوانێت دووبارە قەرارى تەئجيل بدات، لەجارێك زياتر ئەگەر بەپێويستى زانى كە ئەو قازيە موستەحەقى تەرفيع نيە، بۆيە پێم وايە شتێكى ميهەنيە دكتۆرە رۆژان وكاك جمال قسەيان هەيە فەرموو دكتۆرە.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەيى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

دوو تێبينيم هەيە يەكەميان باس لەبەرزكردنەوەى پلەو خزمەتى دادوەر دەكرێت، بەبێ ئەوەى هيچ ئاماژە بكرێت كە ئايا دادوەر سەرەتا كە دادەمەزرێت، ماوەى ساڵێك يان دوو ساڵ يان زياتر لەژێر ئەزموون بێت، تەجروبە بێت دووەمينيشيان ووشەيەك بەكارهاتووە لەو ماددەو ماددەى پێشوو باس لەئەهليەى تەرقيەو پلەى تەرفيع ئەكرێت باشتر وايە بگۆڕدرێت ئەو ووشە نەگونجاوە كە مەرجەكانى بەرزكردنەوەى پلەى تێدا بێت چونكە دادوەر خۆى كەدامەزرا ئەهليەتى هەيە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

كاك كريم مەشغوڵى كردم قسەكانت نيوەى تێنەگەشتم، بەڕاستى.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەيى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

تێبينى يەكەمم ئەوە بوو دادوەر كەدادەمەزرێت تەحتە تەجروبە نابێت تا ماوەى ساڵێك، هەر باس لەخزمەت وبەرزكردنەوەى پلە ئەكرێت، تێبينى دووەميشم لەسەر ووشەى ئەهليەى تەرفيع بوو، يان ئەهليەى تەرقيە بگۆڕدرێت بەوەى مەرجەكانى بەرز كردنەوەى پلەى تێدا بێت، چونكە ئەهليە وشەيەكە لێرەدا نەگونجاوە، دادوەر كە دادەمەزرێت سەرەتا ئەهليەتى هەيە، كە دەبێتە دادوەر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

كاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

لەڕاستيدا من كەسەيرى قانونەكە ئەكەم، شتێكى تيا نابينم كەلەسەر چ بنەمايەك تەرقيە ئەكرێت عادەتەن لەكۆمەڵگاى مەدەنى لەماوەى ئەو پێنج ساڵەدا چەند قەزييەى ديوە، چەند ئەو قەرارانەى كەداوييەتى چەنديان تەعنيان لێ دراوە لەلايەن مەحكەمەى تەمييزەوە چەنديان رەفز كراوە، ئيحتيماله بەعزێك قازى هەيە چ قەرارى هەيە لەلايەن محكەمەى تەمييزەوە رەفز ئەكرێت، مەعناى وايە حاكمێكى سەركەوتوو نيە، لەبەر ئەوە ئەبێ بنەمايەك هەبێت كەلەسەرى دابڕێژرێن نەك هەر تەنها پێنج ساڵ ئەمە نوقسانە رجائەكەم ئەگەر بتوانرێ ئيزافە بكرێت، ئەو نوقتەيە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان رەئیتان لەسەر ئەو دوو مولاحەزەیە کاک حاکم فاروق تۆ، کاک حاکم نورالدین فەرموو.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا باسی تەرفیع و تەرقیە ئەکرێت، تەرفیع دەرەجەیە هی وا هەیە خزمەتی مەدەنیەکەی بۆ حیساب ئەکرێت و تەرفیعەکەی ئەدرێتێ، ئەما صنف بۆ مەناسبی قەزائی بەکاردێت، لەبەر ئەوە صنف ئەبێ خزمەتی قەزائیەکەی تەواو بێت، هەیە تەرفیعی کردووە گەیشتۆتە دەرەجەی (أ) ئەخێر دەرەجە بەینەما لەصنفی موتەئەخیردایە، لەچوارە یان لە سێیە، لەوانەی بۆ صنفیش ئەبێ موئەهەلاتی وەکو باسمان کرد، ئەم تەقاریرانە بەحسی قانونی ئەوانەی هەبێت، لەبەر ئەوە فەرق لەبەینی تەرفیع وتەرقیە ئەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری داد کاک فاروق فەرموو.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من زیاتر تەوزیح ئەدەمە قسەکەی کاک حاکم نورالدین، دەربارەی ئەوەی کە کاک جمال فەرمووی تەبیعی حاکم کە صنفی دەگۆڕدرێت، دەبێت مەجموعەیەك تەقاریر هەبێت ئەنجومەنی قەزا ئیسنادی دەکاتە سەر یەکەم دەبێ سەرۆکی مەحکەمەی ئیستیئناف تەئید بکات، دوایی مشریفی قەزائی دەبێ تەئید بکات ئەوانە هەموو تەقاریرەکانیان ئیسناد ئەکاتە سەر ئەوە کە کەفائەتی ئەو حاکمەی چەندەو چەند نیە، دوایی ئیسنادە دەکرێ حاکم چەند دەعوای دەبێ چەند تەوزیع ئەکرێت ئەوە هەمووی لەئەنجومەنی قەزائی بەراورد ئەکرێت، ئەوجا دیاری دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر کاک جمال فەقەرەی پێنج بخوێنێتەوە لە ئەصڵی مەشروعەکە زۆر بەڕێك وپێکی هاتووە، ئێمەش لەلیژنەی قانونی دەوڵەمەندمان کردووە، ئەو پێوەرانەی کاک فاروقیش ئیشارەتی پێدا، فیعلەن لە تەغیری صنف بەنەزەری ئیعتیبار وەردەگیرێت، ئینجا صنفەکەی بەسەر دەکەوێت، بۆ سەرەوە وە ئیلا ئەو پیوەرانە زۆر بەوازحی لەقانونەکەدا هاتووەو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک کریم فەرموو.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی دكتۆرە رۆژان ئاماژەی پێدا لێرە مەبەست لەئەهلیەی قانونی نیە، لێرەدا قەسدی كەفائەتە وئەهلیەی صنفە، مەسەلە بۆ صنفەكەیە نەك بۆ ئەهلیەی قانونی، ئەوەی جەنابت ئاماژەت پێكرد زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دكتۆر دلێر فەرموو.

**بەڕێز د. دلێر اسماعيل حقى شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەمەرجی دووەمدا باس لەبەرزكردنەوەی پلەی دادوەران ئەكات، باسی توێژینەوەی یاسایی ئەكات دیارە لێرەدا جگە لە كاری پراكتیكی جگە لەكاری رۆژانەی دادوەر باس لەوە ئەكات، دادوەر ئەبێ لەماوەی كاركردنیدا ئیزافەیەكی عیلمی وئیزافەیەكی هەبێت بۆ سەر مەسەلە یاساییەكە بۆیە بەچاكی ئەزانم لەو توێژینەوە یاساییە باسی ئەوە بكرێت ئەم توێژینەوەیە نەبێت بەراپۆرتێكی ساردو سڕو كاڵ وكرچ، لەبەر ئەوە مەسەلەی هەڵسەنگاندن ولایەنە ئەكادیمیەكەی رەچاو بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڵێ كاك شێروان قسەت هەیە لەسەر بۆچوونەكانی دكتۆر دلێر.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

نەخێر لەگەڵ بۆچوونەكەی كاك دكتۆر دلێرم، ئەبێ ئەوانە بەنەزەری ئیعتیبار وەربگیرێن، تەقریرەكەش تەقریرێكی سادە نەبێ بەڵكو بابەتێك هەڵبژێرێت بەڕاستی بابەتێكی ئەكادیمی بێت وكاریگەری خۆی هەبێت بۆ صنف.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كريم خۆتان ئیقتراحتان كردووە كە صنفەكە ببێت بە ( الأول، الثاني، الثالث، الرابع ) تكون أصناف القضاة أربعة نووسیوتانە ( الأول، الثاني، الثالث، الرابع )تۆ دەڵێیت ( أ،ب، ج،د)كەواتە ماددەی 41بەموقتەرەحی لیژنەی یاسایی دەخەمە دەنگەوە كێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بكات تكایە، فەرموون كێی لەگەڵدا نیە بەكۆی دەنگ وەرگیرا، فەرموون بۆ ماددەی 42.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەشی چوارەم

پۆستەكانی دادوەری

ماددەی چل ودووەم:

یەكەم: سەرۆكی دادگای تێهەڵچوونەوە لە دادوەرانی پۆلی یەكەمەو لە نێوان سەرۆكەكانی دادگای تێهەڵچوونەوە بە بڕیاری ئەنجومەنی دادوەری دادەمەزرێ.

دووەم: جێگری سەرۆكی دادگای تێهەڵچوونەوە ودادوەرانی لە نێوان دادوەرانی پۆلی یەكەم ودووەم وبەپێی پاڵاوتنیان لەلایەن سەرۆكی دادگای تێهەڵچوونەوە وبەبڕیاری ئەنجومەنی دادوەری هەڵدەبژێردرێن.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

الفصل الرابع

((المناصب القضائية))

المادة الثانية والأربعون:

أولاً: يعين رئيس محكمة الإستئناف من قضاة الصنف الأول من بين نواب رؤساء محاكم الإستئناف بقرار من مجلس القضاء.

ثانياً: يتم اختيار نائب رئيس محكمة الإئستئناف و قضاتها من بين قضاة الصنف الأول أو الثاني بقرار من مجلس القضاء بناء على ترشيح رئيس محكمة الإستئناف.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوە ماددەیەكی ئاساییە ئێمە دەقی ماددەكە تەئید دەكەین و هیچ مولاحەزەیەكمان نیە سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك حاكم نورالدين فەرموو.

**بەڕێز حاكم نورالدين ملا على/جێگری سەرۆكی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لێرەدا هاتینە باسی مەناصبی قەزائی لەسەرۆكی مەحكەمەی ئیستیئنافەوە دەست پێئەكات بەینەما لەپێشتر ئیشارەم پێكرد، باسی مەحكەمەی تەمییز وسەرۆكی مەحكەمەی تەمییز ئەویش مەناصبی قەزائیە، من وا بەچاكی ئەزانم ئەگەر ماددەیەك تەرخان بكەین مەناصبی قەزائی چیە، لەقانونەكەدا

بەیان نەکراوە لەکوێوە دەست پێئەکات لەکوێ تەواو ئەبێت، ماددەکە بەم جۆرە بێت، يكون تسلسل المناصب القضائية من الاعلى الى الادنى كالاتي: رئيس محكمة التمييز، نائب رئيس محكمة التمييز، قاضي محكمة التمييز، رئيس محكمة الاستئناف، نائب رئيس محكمة الاستئناف، قاضي الاستئناف، قاضي البدائة.

حەوت پلەیە حەوت مەنصەبە حەوت دەرەجەیە لەقاضي بیدائە دەست پێئەکات لە سەرۆکی تەمییز تەواو ئەبێت، ئەمە دەست نیشان بکرێت لەقانونەکەدا شتێکی جوانە ئەوجا بێینە باسی تەعینەکانیان و شروتی تەعینەکانیان سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە شتێکی مەبدەئیە بەس ئەبوایە کاک حاکم لەگەڵ لیژنەی یاسایی باسی بکەن وئێستا لەبەر ئەوەی ناکرێت ئەگەر بەو پەلەیە ئەتوانن تەبەنای بکەن لیژنەی یاسایی باشە ئەگەر نا لە دانیشتنێکی تردا ئەگەر حازرە فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کەداخلمان نەکرد با موبەڕیرەکەتان پێ بڵێم ئەوجا چ قەرارتاندا ئەوە قەرار قەراری پەرلەمانە، ئێمە صنف ومەنصەبەکەمان لێك جیانەکردۆتەوە، وا تەعامولمان لەگەڵ قازی کردووە بەگوێرەی صنفەکەی نەك بەگوێرەی ئەو وەزیفەی کەوەری دەگرێت، ئەوە رەئیسی ئیستیئنافە یاخود ئەوە سەرۆکی جینایاتە یاخود ئەوە سەرۆکی مەحکەمەیە یەك تەعامولمان کردووە، یەعنی بەگوێرەی صنف تەعامولیمان کردووە، نەك بەگوێرەی مەناصبی قەزائی دوا رەئیش رەئی ئێوەی بەڕێز وئەندامانی پەرلەمانە، ئەگەر موافق بن ئێمە مانعمان نیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

عەلاکوللین من پێم وایە ئەوە ماددەیەکی بەتەنهایە لەبەر ئەوە با لەدانیشتنی داهاتوودا بێت، موقتەرەحەکەمان بۆ بێنن، ئەگەر ئیتیفاقتان لەسەر کردووە، یان دەبێ لیژنەی یاسای تەبەنای بکات یان دەبێ وەزیری عەدل بەو ئیعتیبارەی مومەسیلی حکومەتە لێرەدا، بەڵام بۆ ماوەی داهاتوو، لەدانیشتنی داهاتوو لەسەر ماددەکە رێك بکەون لیژنەی قانونی ووەزیری داد وشوێنەکەشی دیاری بکەن، لەکام فەصڵدا بێت، ئێستا ئەو ماددەیەی کەخوێنرایەوە 42 کە لیژنەی یاسایی پشتگیری لێکرد، دەیخەمە دەنگەوە کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات؟ تکایە، فەرموون کێی لەگەڵدا؟ نیە بەکۆی دەنگ وەرگیرا تکایە بۆ ماددەی 43.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چل وسێیەم:

قیدەمی دادوەران بەپێی پۆست وبەرواری دامەزراندنیانە، کاتێ لەوانەدا یەکسان بن ئەوکاتە بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی دادوەری دەبێ.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة والأربعون

يكون قد م القضاة حسب مناصبهم و تأريخ تعيينهم فيها و عند التساوي في ذلك يكون القدم وفقاً لما يقرره مجلس القضاء.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ مولاحەزەیەکمان نیە لەسەر دەقی ماددەکە بۆیە لەگەڵ ماددەکەین نازانم ئەگەر جەنابی کاك نورالدین مولاحەزەی هەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك حاکم نورالدین.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس جەنابی سەرۆك يكون قد م القضاة حسب مناصبهم اصنافی نەووتووە جاری وا هەیە لەمەنصەبێکدا دوو کەس هەیە یەکێك صنفێکی متقدیمە ئەوی تر تەئخیرە، ئەبێ صنفیش بەرچاو بخرێت، لەبەر ئەوە ئەو کەلیمەیە ئیزافە بکرێت، يكون قد م القضاة حسب مناصبهم و اصنافهم وتأريخ تعيينهم سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە لیژنەی یاسایی پێم وابێ دەوڵەمەندی مەشروعەکە ئەکات، ئەگەر پێتان باشە ئیزافەی بکەن قسە بکەن فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ئەو ئیزافاتەین کە کاك حاکم نوالدین کردی زۆر سوپاس.

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (9)**

**سێ شەممە رێكەوتی 2\10\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (9)
## سێ شەممە ڕێكەوتی 2007/10/2

كاتژمێر (11)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2007/10/2 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێزمحمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (9)ی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

**بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (9)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق, بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:**

**1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی كوردستان.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەكەینەوە, بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی كاری

دانیشتنی ژماره (9)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات(11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی 2007/10/2دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی کوردستان.

بەخێرهاتنی بەڕێز کاک فاروق وەزیری داد، بەڕێز کاک سەعد وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، بەڕێز کاک حاکم نورالدین یاریدەدەری سەرۆکی دادگای تەمییز دەکەین, بەخێر بێن سەرچاو، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن، دیارە لە دانیشتنی پێشوو سەبارەت بەو پرۆژەیە لە ماددەی (43) کە موناقەشەش کرا تۆزێك وابزانم دەنگمان بۆ داوە، ماددەی (44) تکایە بیخوێننەوە لیژنەی قانونی.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشی پێنجەم

مۆڵەت ومافی خانەنشینی

ماددەی چل و چوار:

یەکەم: دادوەر مافی مۆڵەتی ئاسایی و بە مووچەی تەواوی هەیە لە ماوەی خزمەت کردنی هەر لە هەشت رۆژ مافی رۆژێکی هەیە.

دووەم: پێویستە لەسەر دادوەر لە هەموو ساڵێك مۆڵەتی ساڵانەی خۆی کە لە مانگێك کەمتر نەبێت وەربگرێت لە حاڵەتێکدا ئەگەر ئەو مۆڵەتەی وەرنەگرێت، بۆی کۆ ناکرێتەوە، تەنها ئەو بەشە نەبێت کە لە سێ رۆژەکە پتر بێت.

سێیەم: دەکرێ ئەو مۆڵەتە ئاساییانەی کە بەپێی بەندی دووەم لەم ماددەیەدا بۆی ماوەتەوە بۆی کۆبکرێتەوە، بەڵام نابێ لە ساڵێك پتر بێت.

چوارەم: مۆڵەتەکانی دادوەر کە لە خزمەتەکانی پێشتری دا هەیبووە بۆی دەگەڕێتەوە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الفصل الخامس

الإجازات والحقوق التقاعدية

المادة الرابعة والأربعون:

أولاً: يستحق القاضي اجازة اعتيادية براتب تام بمعدل يوم واحد من كل ثمانية أيام من مدة خدمته.

ثانياً: على القاضي أن يتمتع في كل سنة بما لا يقل عن ثلاثين يوماً من اجازته السنوية المستحقة له وفي حالة عدم تمتعه بها فلا يدور له منها الا الجزء الذي يزيد على ثلاثين يوماً.

ثالثاً: يجوز تراكم الإجازات الإعتيادية التي تدور وفق البند ثانياً من هذه المادة بما لا يزيد على سنة واحدة.

رابعاً: تدور للقاضي الإجازات التي استحقها عن خدماته السابقة.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە وەكو لیژنەی یاسا لەگەڵ دەقی ماددەكەین و هیچ تێبینیمان نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی چل و چوار بڕگەی یەكەم من پێم باشە هەشت رۆژ بكرێت بە دە رۆژ، بۆشی هەبێت هەر سێ رۆژەكە پێكەوە وەربگرێت، بۆ ئەوەی بتوانێت لە مانگێكدا سێ رۆژ وەربگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك جەعفەر ئەوە حكومەت داوای كردووە، لیژنەی یاساییش رەئی وایە كە پێشنیارێكت هەبێت، یەعنی دەبێت حوجەتێك هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانین موناقەشەی بكەین، هەشت رۆژەكە بۆ دە رۆژ، كاك حاكم نورالدين فەرموو.

**بەڕێز حاكم نورالدين ملا على/ جێگری سەرۆكی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەمە لە حقوقی تەقاعود دەڵێ پرۆژەكە دەڵێ بۆ ماوەیساڵێك ئیجازەكانی راتبی بۆ سەرف دەكرێت، ئەمە حەقمان دایە دادوەر ئەگەر لە پازدە ساڵ خزمەتی هەبوو بڵێین دەرچێت، پازدە ساڵەكە ئەگەر هەر لە پازدە رۆژەكە بێتەوە ساڵەكە قەپات ناكات، لێرە ئەگەر لە نەصەكە بڵێین (ما زاد عن سنة) بۆ ئەوەی دەور نەبێتەوە، بۆ ئەوەی ئەو ساڵە ئیستیحقاقەی موكافەئەكەی ببێت، هەتا ساڵێك مانگەكەشی بۆ دەور بێتەوە، لە ساڵێك پتر، ئیتر بۆ ئەوەی پرۆژەكە زیاتر دەور نەبێتەوە، چونكە هەر ساڵێك ئەگەر مانگێك وەرنەگرێت دەسووتێ، ساڵی (45) رۆژی بۆ هەیە بە حیساب ئەمڕۆ هەشت رۆژو رۆژەك، لە بڕگەی دووەم دەڵێ (ثانياً: على القاضي أن يتمتع في كل سنة بما لا يقل عن ثلاثين يوماً من اجازته السنوية المستحقة له وفي حالة عدم تمتعه بها فلا يدور له منها الا الجزء الذي يزيد على ثلاثين يوماً) یەعنی لە (45) رۆژەكە پازدە رۆژی بۆ دەور دەبێت، ئەگەر پازدە رۆژ دەور ببێت لە پازدە ساڵدا پازدە رۆژەكە, ئەوە ساڵەكە قەپات دەكات لە بڕگەی چوارەمدا، ئەگەر لەوێ ئیزافە بكەین (لا تدور له ما زاد عن سنة واحدة)، بۆ ئەوەی موكافەئەی ساڵەكەی ئیستحقاق بێت، چونكە بە پازدە ساڵ موكافەئەكەی ئیستحقاق نابێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی لە لایەك ساڵێك زۆر نییە، كاك حاكم نووسراوە (لا يزيد عن سنة).

**بەڕێز حاكم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆكی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بۆ ئەوەی موكافەئەی موستەحەق بێت لە حاڵەتی تەقاعود راتبی ساڵێكی دەدەنێ ئیزافاتی تەراكوم، بەڵام لە بڕگەی دوو ئەگەر بڵێ ئەو مانگە ئەگەر هەموو ساڵەكە تەمەتوع نەكات لە پازدە ڕۆژەكە زیاتر بۆی دەور نابێتەوە، واتا ئەگەر پازدە ساڵ خزمەتی بۆ دەرچوو ساڵەكە قەپات ناكات، بەو پازدە ڕۆژانە ساڵەكە قەپات ناكات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جا ئەگەر قەپاتی نەكات چیە، با قەپات نەكات، وەكو وەزیر، وەكو ئەوانی تر، وەكو ئەندام، كەسێك قسەی تری نییە، هینەكەی حاكم زۆر ئەوە نییە با قەپات نەكاتن، یەعنی ئەوە شەرت نییە، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە موكافەئەی تەقاعود بوون، من هاوڕام لەگەڵ ئەوە، چونكە ئەو كەسە موكافەئەكە وەرناگرێت هەتاكو یەك ساڵ ئیجازاتی موتەراكیمەی نەبێت، تەصادوفی كرد، چونكە من ئاگادارم خەڵك هەبووە پڕی نەكردۆتەوە، ساڵەكە بە حاڵەتی ئیستیسنائی بۆیان كردووەو موكافەئەكەیان بۆ سەرف كردووە، یەعنی گوناحە كەسێك ئەوەندە ساڵە خزمەتی هەبێت، لەبەر ئەوەی زورفێكی هەبووە، یان شتێك هەبووە، دووەم/ ئیجازە حەقێكی تەبیعی هەموو ئینسانێكە، ئەگەر ئیجازە وەربگرێت، بۆ ئێمە رەبتی بكەین بە ئوموری تەقاعودییەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مامۆستا كاكە فەرموو.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بڕگەی سێیەم مەبەستی ئەوە نییە، ئایا ئەگەر ساڵی تەواو نەكرد نایدرێتێ، دەڵێ ئەگەر لە ساڵێك تێپەڕی زیاتر لە حددی ساڵێك نابێت بیدرێتێ، بەڵام ئەگەر ساڵێك، نۆ مانگ بێت، هەشت مانگ بێت، حەوت مانگ بێت، هەتا دوازدە مانگ دەیدرێتێ، نەك بڵێی نایدرێتێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مولاحەزەكان شتێكی ئەوتۆ نین بە حەقیقەت یەعنی بتوانین هین بكەین، لێرە باش هاتووە، باسی ئەوەش ناكاتن موستەحقاتەكەی شەش مانگ، ئەوە عیلاقەی باوەڕ ناكەم بەو بڕگەیەوە هەبێت، ئەوەی كاك جەعفەریش گوتی كەس تەئیدی نەكردەوە، لەبەر ئەوە ماددەكەی هەموو دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، تكایە ماددەكەی تر.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی چل و پێنج:

یەكەم: بۆ ئەنجومەنی دادوەری هەیە مۆڵەتی خوێندن چ لە دەرەوەی عێراق و چ لە ناوەوە بە دادوەر بدات، ئەگەر سێ ساڵی خزمەتی دادوەری تەواو كردبێ و بە مووچەی تەواو و بۆ ماوەی دوو ساڵ، بۆ ئەو بابەتانەی كە پەیوەندی بە تایبەتمەندیەكانی دادوەری و داد هەیە بۆ بە دەست خستنی بڕوانامەی ماجستێرو دكتۆرا، بۆی هەیە ئەو ماوەیە بۆ ساڵێكی دیكەش درێژ بكاتەوە.

دووەم: دەكرێ مۆڵەتی خوێندن بۆ جاری دووەم بدرێ بەو كەسەی مۆڵەتی خوێندنی یەكەمی تەواو كردبێ و بڕوانامەی ماجستێری بە دەست هێنابێ، ئەو مۆڵەتە بۆ دووساڵە بۆ بەدەست هێنانی بڕوانامەی دكتۆرا لە هەمان بابەتەكانی لە بەندی ( یەكەم) لەم ماددەیەدا ئەویش دوای بەسەرچوونی ساڵێك لەسەر دەست بەكاربوونەوەی بە فەرمانبەرایەتیەكەی و بۆ ئەنجومەنی دادوەریش هەیە ئەو مۆڵەتە بۆ ساڵێكی دیكەش درێژ بكاتەوە.

سێیەم: مۆڵەتی خوێندن بە خزمەتی دادوەری دەژمێردرێ و قیدەمیشی بۆ ماوەی دووساڵ پێ دەدرێ بۆ ئەو كەسەی بڕوانامەی دكتۆرای بەدەست هێنابێ و بۆ ماوەی ساڵێكیش بۆ ئەو كەسەی بڕوانامەی ماجستێر بەدەست دەهێنێ.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة والأربعون:

أولاً: لمجلس القضاء أن يمنح القاضي الذي أمضى ثلاث سنوات في القضاء اجازة دراسية خارج العراق أو داخله لمدة سنتين براتب تام للتخصص في موضوع له علاقة بالإختصاصات القضائية والعدلية والحصول على شهادة الماجستير أو الدكتوراه وله تمديد هذه الإجازة لمدة سنة أخرى.

ثانياً: يجوز منح اجازة دراسية ثانية لمن انهى اجازة دراسته الأولى وحصل على شهادة الماجستير لمدة سنتين لغرض الحصول على شهادة دكتوراه في نفس المواضيع المذكورة في البند (أولاً ) من هذه المادة وذلك بعد مضي سنة من مباشرته بوظيفته ولمجلس القضاء تمديد هذه الإجازة لسنة أخرى.

ثالثاً: تعتبر الإجازة الدراسية خدمة قضائية ويمنح قدماً لغرض الترفيع والعلاوة لمدة سنتين لمن يحصل على شهادة دكتوراه وسنة واحدة لمن يحصل على شهادة الماجستير.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە وەكو لیژنەی یاسا لەگەڵ دەقی ماددەكەین و هیچ تێبینیمان نییە، بەڵام یەك كەلیمە هەیە نازانم لە تەبع پەڕیە، یان نا، ئەوە جەنابی سەرۆكی دادگای تەمییز لێرەیە، هەندێك موراجەعەتیش كرا لەو بەینە

دەڵێن ئەوەی کە ئیجازەی دیراسی وەردەگرێت لە ئەسنای خدمە بێت، ئەوە بۆ تەرقیەش حیسابە، نەك تەنها بۆ تەرفیع، بۆ تەقاعود، بەڵکو بۆ تەرقیەش حیسابە، ئەوەش ئەگەر تەوزیحێکمان بداتێ بەڕێز جەنابی جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز، ئێمە مەمنون دەبین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو حاکم.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ئیجازەی دیراسی دەدرێتێ، بۆ تەشجیع بۆ خوێندن، بۆ شەهادەی بەرز وەرگرتن، کەواتە لێرە نووسیوویەتی عەلاوە و تەرفیع، ئەگەر کەلیمەی تەرقیەش ئیزافە بکەین مانیع نییە، بەس تێبینیەك ئەگەر ئەو قازیە فەشلی هێنا شەهادەکەی وەرنەگرت، ئەوەندە ساڵە راتب وەردەگرێت، من دەڵێم فەقەرەیەکی بۆ ئیزافە بکەین (تسترد منه رواتب الذي صرف عن تلك الفترة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە قەراری خراپ بە ئەسەری رەجعی، ئەوە ناکرێتن، بەلاّم ئەوە نابێت پارەکەی سەرف کردووەو عائیلەی هەیەو فەشلی هێنا, دەتوانیت تۆ ئیجرائاتێکی ئیداری لێ وەربگریت تەرفیعی نەکەیت، صنفی رابگریت، ئەوانە دەکرێتن، بەڵێ کاك محەمەد فەرەج.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من مولاحەزەم لەسەر فەقەرەی سێیەم هەیە، یەعنی ئێمە تەبعەن هەر لە مەجالی قەزا نییە، لە مەجالەکانی تریشدا، لە مەجالی پەروەردە، لە مەجالی تەندروستی لە مانەشدا خەڵك وەزارەتەکە، یان ئەو هینە پێویست بەوە دەکات لە ئیختیصاصاتی تایبەتی تردا دکتۆرا، یان ماجستێر بێنێت، لەوانی تردا هەر بەپێی قەواعیدی تەقاعودییە، یەعنی ئیزافە نابێت، مەسەلەن ئەمە بکرێت بە دوو ساڵ بۆی، بۆ دکتۆرا، بۆ ماجستێر بکرێت بە ساڵێك زیاتر، یەعنی ئەمە وا دەزانم جیاوازییە لە نێوان ئەوانیش دروست دەکات، یان دەبێت ئەمە بکرێتە قانونێکی عام شمولی پەروەردەش بکات، شمولی صحە، یان هەر بوارێکی تر بکات کە دکتۆراو ماجستێر دەهێنێت, ئەوەی بۆ بە دوو ساڵ حیساب بکرێت، یان ئەمە لێرە بڵێین جیاوازییەك دروست دەکات، بۆچی ئەمە هەر لە قەزا هەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محەمەد فەرەج جیاوازی هەیە، بمانەوێت و نەمانەوێت، جیاوازی مەسەلەن خوێندنی بالاّ, خوێندنی دکتۆری فەرقی هەیە لەگەڵ خوێندنی بالاّی تاریخ، خوێندنی محامیاتی، یان قازیاتی، یەعنی فەرقی هەیە لەگەڵ پەروەردە، هەر یەکە بوارێکی تایبەتی خۆی هەیە، ئەهمیەتی هەموویان گەورەنە، بەلاّم بۆ خوێندن هەر یەکە مومکینە وەختی موحەدەدی هەبێت، ناوەکان دەنووسین، کاك شێخ ئەدهەم فەرموو.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من مولاحەزەكا بچووكی هەی لەسەر خاله ئێكێ لەڤێ ماددەی چل و پێنج، لە دەستپێكیدا كە دبێژێت (اجازة دراسية خارج العراق او داخله)، من مولاحەزەیەك لەسەر ناڤێ عێراقێ هەی، ئایا ناتوانین بگۆڕین به (خارج الوطن او داخله)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مولاحەزەیەكی هینه، ئەگەر بڵێی خارجی ئیقلیم باشتر نییه، دەرەوەی هەرێم، بكەینە هەرێم، ئەو وەختی بەغداش دەگرێتەوە، ئەو وەختی دەرەوەش دەگرێتەوە، كاك بەكر فەرموو.

**بەڕێز بكر فتاح عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پشتیوانی لەو ڕەئیەی حاكم نورالدین دەكەم، پێویستە زەوابت و تەعلیمات دابنرێت بۆ ئەو كەسانەی كە لە خارجی ئیقلیم دەخوێنن، چونكە هی ئەوها هەیە دوو ساڵ دەڕوات و ناشخوێنێت، جا ئەوە مونافەسەشی تیا نییه، هەندێك كەس هەیە مەسەلەن بەهۆی مونەزەمەیەكەوە لە خۆیەوە دەچێت دەڵێ زەمالەیەكم وەرگرتووە، دێت داوا لێرە دەكات دەڵێ هەموو ئەو مەعاش و موخەسەساتانەم بۆ سەرف بكەن، لەبەر ئەوە مەفروزە ئەوە ڕەبت بكرێت بە زەوابت و تەعلیمات، كە كێ دەتوانێت ئەوە بخوێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس كاك بەكر، بەڵام ئەوە بە نیزامی داخیلی خۆیان دەتوانن تەعلیمات دابنێن، كە دەچن بۆ خوێندن زەوابتی خۆیان تایبەتیان دەبێت، چرۆ خان فەرموو.

**بەڕێز چرۆ علی حمه امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ساڵەكانی ئیجازەوە قسە دەكەم، سێ قانونی بۆ تەواو كردنی ماستەر دوو ساڵە، بۆ تەواو كردنی دكتۆرا سێ ساڵە، بۆ لێرە هەردووكیان وەك یەك دانراوە، بۆ جیاوازییەك دانەنراوە لە بەینی عەددی ساڵەكانی ماستەرو دكتۆرا، چونكە وەك دیراساتی عولیا دوو ساڵ خۆی بە قانونی بۆ ماستەرو سێ ساڵە بۆ تەواو كردنی دكتۆرا، لێرە هەردووكی وەكو یەك دانراوە، دوو ساڵ و تەمدیدێكی زیادە بۆ ماستەرو بۆ دكتۆراش، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك حاكم نورالدین جوابێكت هەیە بۆ ئەو پرسیارەی چرۆ خان.

**بەڕێز حاكم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆكی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بـۆ ئیختیصاصـاتی قـەزائی، ئەگـەر ئیجازەکـە دوو سـاڵ بێـت، یـان سـێ سـاڵ، جـائیزە دوو سـاڵی بـدرێتێ، ئەگەریش تەواوی نەکرد ساڵێك تەمدیـد بکرێـت، ئـەوجا ئەگـەر لـە مەرحەلـەی ماسـتەر بێـت، ئەمـە لێـرە شتێکی تیا نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشی یەکەمی من پرسیارەکە چرۆ خان باسی کرد، بەڕاستی منیش پشتگیری بۆچوونەکانی کاك محەمـەد فەرەج دەکەم، ئەوەش لەسەر ئەوەیە ماوەی یاسایی بۆ خوێندنی ماستەر دوو ساڵە، شـەش مـانگیش حـەقی تەمدیـدی هەیـە، سـێ مـانگ، سـێ مـانگ، مـاوەی یاسـایی خوێنـدنی دکتـۆرا سـێ سـاڵە ,حـەقی تەمدیـدی ساڵێکیشی هەیە، شەش مانگ، شەش مانگ، ئەوە لە قانونی خوێندنی دیراساتی خوێنـدنی بـالاّ وایـە، جگـە لەوەش لێرە لە بڕگەی دووەمدا لەم ماددەیەدا ئەویش دەڵێ دوا بەسەر چوونی ساڵێك لەسەر دەسـت بـەکار بوونەکەی، یاساکەی ئێمە وایـە ئەگـەر ماسـتەرت وەرگـرت دوو سـاڵ خزمـەت دەکـەیت، ئـەوجا بـۆت هەیـە بچیت تەقدیمی دکتۆرا بکەیت، بۆ لێرە ئەو جیاوازیە بۆ ئەم توێژەی کۆمەڵە هەبێت، دوای ساڵێك بتوانێت بەردەوامی لە خوێندنی دکتۆرا بدات، با بۆ هەموویان وەکو یەك بێت، ئەو فورسەیە وابزانم لێرە پێویست ناکات ئێمە ئەو جیاوازییە بخەینە ناو توێژەکانی کۆمەڵگای خۆمان لەو بارەیەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەعدەدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قەزیەی خوێندنی دیراساتی عولیا، لە دیراساتی عولیا ئەو قەزیەیە حەسـم کـراوە، لێـرە (ولـە تمدیـد هـذە الاجازة لمدة سنة اخرى) ئەوە زیادە، چونکە دەبێت ماسـتەرەکەی بـە دوو سـاڵ تـەواو بکـات، شـەش مـانگی کۆرساتە، ساڵێکی نووسـینە، شـەش مـانگی تـری بـۆ تەمدیـد دەکـەن دەکاتـە دوو سـاڵ، ئـەو دوو سـاڵە لێـرە زیادەیە، یەعنی کەواتە لە پاشانیش لە بڕگەی دووەم باسی چی کـردووە، باسـی مـەنحی ئیجازەی دیراسـەی کرد بۆ دکتۆرا، لەوێ قەیدی ناکات ئەگەر تەمدیدی ساڵێکی تیا بێت، هیچ ئیشکالێك دروسـت نابێـت، ئـەوە لە پاش موباشەرەتەکەی.

نوقتەی دووەم/ یەعنی بڕگەی دووەم (وذلك بعد مضي سنة من مباشرته بوظيفته بعد اجازته الاولى) لێرە پێویستە ئەوەندەی بۆ زیاد بکرێت (بعد اجازته الاولى) ئەگەرنا رێك ناکەوێت، لە بڕگەی سێیەمیش (تعتبر الاجازة) نا، (تعتبر مدة الاجازة)، یەعنی مودەشی لێرە بۆی زیـاد بکرێـت، باسـی دبلـۆم نـەکراوە بـۆ تـەرفیع (لمدة ستة اشهر اذا حصل على دبلوم) لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دكتۆرە شوكریە فەرموو.

**بەڕێز د.شوكریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من ساڵی 2002 بەڕێوەبەری خوێندنی باڵا بووم لە زانكۆی سەلاحەددین، ئەو بابەتەی كە چرۆ خان و ڤیان خان و كاك سەعدەدین ئاماژەیان پێ كرد بۆ تەحدیدی ساڵ، لە قانوندا ئەو ساڵانە دوو ساڵە بۆ ماستەرو سێ ساڵە بۆ دكتۆرا، بەس بۆی هەیە ئەگەر تەواوی نەكرد، چونكە ساڵێك تۆ دیراسەی تیۆری دەخوێنی، دوو ساڵیش بۆت هەیە بۆ ئەتروحەكەو سەرچاوە كۆبكەیتەوەو بۆ نووسینەكانت، ئینجا دوایی بۆت هەیە سێ مانگ تا شەش مانگ، شەش مانگ تا ساڵێك تۆ درێژە بە خوێندن بدەیت، ئەم دوو ساڵەش بۆ قیدەم, بەڕاستی ئەمە شتێكی تازەیە لە دەسەڵاتی دادوەری، پێویست ناكات لێرەدا هەبێت، چونكە قانون یەك قانونە بۆ دەبێت جیاواز بێت لە بەینی خوێندنی باڵاو لە بەینی دادوەریدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو پرسیارانەی كە دران لیژنەی یاسایی وەڵامتان هەیە، یان كاك فاروق، كاك نورالدین هیچ مولاحەزەتان هەیە، فەرموو مامۆستا كاكە.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كاك سەعدەدین باسی ئەوە دەكات كە گوایە بۆی تەمدید دەكرێتەوە، بەڵێ تەمدید دەكرێتەوە لە زانكۆ، هەرچی ئەوەی دەیەوێت ئیجازەكەی بۆ تەمدید بكرێتەوە بە راتب، نەك بەو شتەی، لەبەر ئەوەیە ئەوەیان داناوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەو زەوابتەی لە قانونەكە هاتووە بۆ ئیجازەی دیراسی تایبەتە بە دەسەڵاتی دادوەری، حەق نییە ئێمە لێرە ئەو زەوابتەی لێرە هاتووە تێكەڵی بكەین لەگەڵ ئەو زەوابتانەی كە لە جامیعە هاتووە، بۆیە من پێم وایە ئەوەی داڕشتراوە لێرە لە جێگای خۆیەتی، ئەگەر هەندێك ئیمتیازاتیشی دایەتی، ئەوە سوڵتەی قەزائی خۆی دەزانی بۆ ئەو ئیمتیازەی داوە؟ زۆر سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەی كاك سەعدەدین گوتی كە ئیزافە بكرێتن، ئەوە مەفهومە بێ ئەوەی ئیزافە بكرێتن، كە دەڵێ دەگەڕێتەوە (بعد مباشرة وظیفتە) یەعنی پاش ئەوەی كە خوێندنەكەی تەواو دەكات مەقصەدی ئەو موباشەرەیە، نەك موباشەرەی پێشتر، یەعنی شتێكی مەفهومە زۆر تەبیعییە، ئەوەی چرۆ خان لە دووەم

وەڵامی دراوەتەوە شەرحی کردووە لە هینەکاندا، ڤیان خان پشتگیری لەوەی کرد وەڵامی درایەوە, پشتگیری لە محەمەد حەکیم کرد ئێمە وەڵاممان داوە، دکتۆرە شوکریە ئەویش وەڵام درایەوە، لەسەر دبلۆمەکە ماوە باس نەکراوە لێرە، ئەگەر حاکم نورالدین فەرموو.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەی ئیجازە دەڵێ لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا بێت، خوێندنی باڵا شتێکی ئەکادیمییە ئیجازەکە دەدات، بەڵام ئێرە بۆ تەتبیقاتی قەزائییە، تەتبیقاتی قەزائی جوهدی دەوێت بگەڕێت بەدوای قەراراتی قەزائی و ئەوانە، تەتبیقی عەمەلیە، ئەوەی ئەوان ئەکادیمییە، ئەکادیمی ئیستیمراریەتی تەدریسە، لەبەر ئەوە ئەو فەرق و جیاوازیەی هەیە، فەقەرەکانیش شتێکی باشە هیچ عەیبێکی تیا نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە شوکریە نوقتەی نیزامیت هەیە فەرموو.

**بەڕێز د.شوکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی هەر خوێندنێکی ماستەر، یان دکتۆرا کە دێنە زانکۆیەکانی کوردستان لەوێ تەواوی دەکەن، لەبەر ئەوە مادام مودەکە هەیە لە زانکۆدا، مودەکەش پێویستە، ئێستا دوو رەئی هەیە، دوو ساڵ بۆ ماستەرو سێ ساڵیش بۆ دکتۆرا بەڕێزت دەتوانیت بیخەیتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە پێشنیاری خۆتە، کەسی تر ئیقتیراحی نەکرد، کاك دیلمان فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من فیعلەن قسەکەم لەسەر شەهادەکەیە, ماجستێرەکەیە، قازی دە ساڵ لە خدمەی فیعلی لە قەزا, دوو ساڵ خەریجی مەعهد، سێ ساڵیش بۆ قازی ئیش دەکات، ئەوجا حەقی هەیە ئیجازەی ماجستێر وەربگرێت، لە ماددەی پێنج حەقی داوەتێ تەدریس بکاتن لە زانکۆیەکان، لە زانکۆیەکان دائیمەن دەبێت مودەریس، یان ماجستیر بێتن، یان دکتۆرا بێتن، ئیتر پرسیارەکە مەعهدی قەزا چ شهادە بە حاکم دەداتن، شەهادەی تەئهیل و ئیعدادە، یان ماستەرە، یان دبلۆمە کە موئەهلی بکاتن لە زانکۆ دەرس بڵێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خەمان خان فەرموو.

**بەڕێز خەمان زرار اسعد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە ئەوەی باسی ساڵەکان دەکاتن دوو ساڵ و سێ ساڵ من نموونەیەکی بەسیت دەهێنمەوە ئەمڕۆ وەکو کاك جەمال کە دائیمەن باسی ئەمریکا دەکات، من باسی فەرەنسا دەکەم، لە فەرەنسا ماجستێر بە یەك ساڵە، من خۆم بە دوو ساڵ تەواوم کردووە، لەبەر ئەوەی کێشەی زمانم هەبوو,خەڵکی دەرەوە بووم، لەبەر ئەوەی دوو ساڵ ئەگەرنا بە یەك ساڵ تەواوم دەکرد، ئەمە یەك.

خاڵەکەی تر، رەنگە زانکۆی ئێمەش گۆڕانی بەسەردا بێت، هەندێك جاریش بەتایبەتی ئەوانەی دیراسەی ئیوارانیان هەیە، رەنگە بتوانێت بە ساڵی یەکەم بچێت تەواوی بکات تەنیا یەك ساڵ بیەوێت ئیجازە وەربگرێت بۆ نموونە بۆ ماجستێر ئەگەر هی کوردستانیش باس بکەین، لەبەر ئەوە هیچ پێویست ناکات بڵێین وەڵلا مادام بۆ زانکۆیەکانی تر دوو ساڵە بیکەین بە سێ ساڵ، رەنگە کەسێك هەبێتن هەر لە بواری ئیشەکەی خۆی دیراسەت وەردەگرێت پێویستی بە سێ ساڵ نەبێت بۆ دکتۆرا یەك ساڵ ئیجازەی بوێت، دوو ساڵ بۆ خۆی ئیش دەکات، ئەمە لە لایەك لە لایەکی تر ماجستێرو دکتۆرا بۆ خەڵکی ئەکادیمییە، کە بیەوێت لە زانکۆ دەرس بڵێتەوە، لەبەر ئەوە بۆ ئێمە لێرە باسی قازی دەکەین، باسی سوڵتەی قەزائی دەکەین، بۆ بڵێین ماجستێرو دکتۆرا، رەنگە خەڵکێك بێت بۆخۆی دەچێت لە دیراسەیە، لە سەنتەرێك، لە شوێنێکدا بەتایبەتی ئەگەر لە دەرەوەی وڵات بوو لەسەر ماددەیەکدا شەهادەیەك وەردەگرێت، ستاژێك دەکات, بەڵام شەهادەکەی بە ماجستێرو دکتۆرا حیساب ناکرێت، هەر دەڵێن لە فلان زانکۆ ساڵێکی خوێندووە، یان دوو ساڵی خوێندووە، لەبەر ئەوە با ناوی ماجستێرو دکتۆرای لێ نەنێین.

دوو/ بەڕاستی ماجستێرو دکتۆرا بۆ ببێت بە خدمە، یەعنی ببێت بە خزمەتی قەزائی، لێرە تەنیا با ماددەکە وا بڕوات مەجلیسی قەزا بۆی هەیە لە حاڵەتی پێویست ئەگەر یەکێك بیەوێت دیراسەتی بکات و ئیجازەی بداتێ بۆ دوو ساڵ، بۆ سێ ساڵ، ئەوە دەمێنێتەوە سەر یەعنی سوڵتەکە بۆ مەجلیسی قەزا بمێنێتەوە ئەم وەختە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عادل فەرمووو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەسڵی مەشروعەکەمان ئیجازەی دیراسییە، ئیجازەی دیراسی لە قانونی خدمەی مەدەنی دیاری کراوە چۆن چۆن دەدرێت، یەعنی ئێمە ئەگەر ئەم ماددەیە لێرەش نەنووسین لە ماددەی (49) دەڵێین هەر شتێك نەهاتووە، لە قانونی خدمەی مەدەنی و لە قانونی تەقاعودی مەدەنی ئوموورەکانی موعالەجە دەکات، یەعنی ئەوە مەوزوعەکە ئەسڵی مەسەلەکەی ئێمە ئیجازاتی دیراسییە، ئەوە نییە شەهادەی دکتۆرا چەندی دەوێت و چەندی ناوێت، یان ئەگەر دەمانەوێت دەسەڵاتی دادوەری جیا بکەینەوە دەقێکی بۆ بنووسین بزانین شتەکان چۆنە، بەڵام ئەسڵی قانونەکە ئەوە موعالەجەی هەموو قانونەکان دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە خۆمان لێرە قانونێك دەردەهێنین، بۆ ئەوەی دەسەلاتی قەزا موستەقیل بێت، بۆیە ئەو مولاحەزاتانەی ئاماژەتان پێ کرد لەوێ نووسراوە لەوێ دەسەلاتی جێ بەجێ کردنە نایگرێتەوە، شتێکی تایبەت ئەوە یەك.

دووش/ مەوزوعی سەنەواتی دیراسی لە ولاتێکەوە بۆ ولاتێکی دیکە فەرق دەکات، خەمان خان ئاماژەی بەوە کرد کە لە فەرەنسا ماجستێر سالێکە، ئەوەندەی من بزانم ئەوێش سالێك نییە، سالێکیش موقەدیمەی هەیە, ماتریزی پێ دەلێن دەبێت پاش ئەوە، بۆ ئەوەی موعادەلەی بەکەلۆریۆسمان بکات، راست دەکات بۆ خۆیانە، یان دەبێتن ئیسپات بکاتن، ئەوەندەی من بزانم لێرە خوێندکارانمان دەچن سالێك زمان دەخوێنن، سالێکیش دەخوێنن بۆ شەهادەکەیان وەکو بەکەلۆریۆس وا بێت, ماتریز وا بێت پێی دەلێن، ئینجا دەچێت دبلۆم عالی وەردەگرێت، لەوێشدا جامیعە بۆ جامیعە فەرق دەکات، جامیعەی سۆربۆن وەکو خەمان خان باسی کرد، جامیعاتی تر فەرەنسی ئەو سالە نەخوێنێتن ناچێتن بۆ ماستەرو ئەوانە لە ئینگلترا نەوعێکی ترە, لە میسر نەوعێکی ترە، ئەوەی لێرەدا هاتووە دەلێی بۆی هەیە سالێك تەمدید بکاتن زۆربەی زۆری لەبەر ئەو هۆیەیە، ئەو وەزعەیە کە لەو جامیعەیە دەخوێنێتن، ئایا ئەو جامیعەیە سیستەمی چۆنە بە دوو سال دەیدات، بە سێ سال دەیدات قورسە، تەبعەن جامیعەکە نامەی بۆ دەنووسێت، بۆ ئەو جێگایەی کە هاتووە، یەعنی بۆ دەسەلات بۆ هەرێمی کوردستان، دەلێ ئەو خوێندکارەی کە دەخوێنێت لێرە ناتوانێتن بەو مودەی بۆتان داناوە، لەبەر ئەوەی ئێمە سیستەممان وایە، داواتان لێ دەکەین کە سالێکی بۆ تەمدید بکەن، ئینجا بۆی تەمدید دەکەن، من پێم وایە ئەوەی لێرەدا هاتووە باشە، ئەو مولاحەزتانەی کە داوتان بۆچوونەکان دەولەمەند دەکات، بەلام لەڕاستیدا بە دیقەت وەرگیراوەو دەبێت ئەوەش بزانین کە ئێمە ئەوەی لێرە دەریدەکەین، ئەوەی وەزارەتی تەعلیمی عالی لاوازە، ئەم دەسەلاتە بۆ خۆی دەبێت سیستەمێکی تایبەتی خۆی هەبێت، بۆیە غەیری ئەو مولاحەزەیەی کاك شێخ ئەدهەم کە عێراقەکە کرا ئیقلیم و لیژنەی یاسایی پشتگیری لە پرۆژەکەی کردووە، حاکم نورالدینیش قسەکانی هەر دیفاعی لە خۆی کردو دەیخەمە دەنگدانەوە, ئەو ماددەیە بەو گۆڕانکاریە، کێ لەگەلدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەلدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تەنیا دەمێنێت ئاماژە بۆ ئەو ماددەیە بکەم کە دەنگمان بۆدا ماددەی (44) لە کوردیەکەی غەلەتێك هەیە چاکی بکەنەوە، نەوەك وەکو خۆی بڕوات سییەکە نووسراوە سێ، تەبعەن عەرەبیەکە ئەسلە، بەلام تاکو لە چاپ کردن دووبارە نەبێتەوە حەوتەکەی لەسەر لاببەن و تەواو دەبێتن، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چل وشەش:

1- دوای تەواو كردنی تەمەنی (65) ساڵ دادوەر خانەنشین دەكرێ، ئەوەی خانەنشین دەكرێ مافی ئەوەی هەیە، ئەوەی وەری دەگرت لە مووچەو دەرماڵە بەر لەخانەنشین بوونی وەری بگرێت، سەرۆكی هەرێم بۆی هەیە ئەو ماوەیە درێژ بكاتەوە بەڵام لە (5) ساڵ پتر نەبێت.

2- كاتێ دادوەر كۆچی دوایی بكات مووچەی خانەنشین بوونی هەمان مووچە ودەرماڵی جاران دەبێت.

3- دەكرێ دادوەر بەر لە تەواو كردنی ساڵی دیاری كراو لە بڕگە (1)ی ئەم ماددەیە خانەنشین بكرێ، ئەویش، یان لەسەر داواكاری خۆی و بەپێی یاسای مەدەنی یان لەبەر هۆكاری تەندروستی، لەو حاڵەتەش حوكمەكانی بڕگە(2)ی سەرەوەی بەسەردا پیادە دەكرێ.

4- دادوەری خانەنشین كراو، دەبێ مووچەی مۆڵەتە ئاساییەكانی پێ بدرێت، كە (دەیكەوێ) لەسەر بنەڕەتی كۆی مووچەی مانگانەی بەر لە خانەنشین بوونی و دەبێ لە ساڵێك پتر نەبێت.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة السادسة والأربعون:

1- يحال القاضي على التقاعد بعد اكماله الخامسة والستين من العمر ويستحق المحال على التقاعد ماكان يتقاضاه من راتب ومخصصات قبل احالته على التقاعد ويجوز لرئيس الأقليم تمديد ذلك لمدة لا تتجاوز (5) سنوات.

2- عند وفاة القاضي أثناء الخدمة يكون راتبه التقاعدي المصروف للمعال ماكان يتقاضاه من راتب ومخصصات وتصرف للمستحقين.

3- يجوز احالة القاضي على التقاعد قبل اكماله السن المحددة في الفقرة (1) من هذه المادة بناءً على طلبه أو لأسباب صحية وتطبق بحقه أحكام الفقرة (2) أعلاه.

4- يمنح القاضي المحال على التقاعد رواتب الإجازة الإعتيادية التي يستحقها كاملة على أساس مجموع ماكان يتقاضاه شهرياً قبل احالته على التقاعد على أن لا تزيد على سنة واحدة.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە بە تەفسیل ئەو ماددەیەمان لە لیژنەی قانونی موناقەشە كرد، لەناو لیژنەی قانونی دوو رەئی هەبوو، ئەكسەریەتی لیژنەی قانونی لەگەڵ ئەوە بوون، كە حەددی ئەعلای سنی تەقاعودی بۆ قازی (65) ساڵ بێت، ئەو تەمدیدەی كە پێنج ساڵە بۆ حەفتا ساڵ، كە دەسەڵات دراوە بە سەرۆكی هەرێم، ئەوە نەمێنێت تەنها (65) ساڵەكە بێت، رەئی ئەقلیەتیش هەبوو، پاش ئەوەی ئێمە كۆبوونەوەمان لەگەڵ سەرۆك و ئەندامانی دادگای تەمییز كرد، لەوێش بە حەقیقەت رەئی جیا جیا هەبوو، هەندێك لەگەڵ (65) ساڵەكە بوون، هەندێكیش لەگەڵ تەمدیدەكە بوون، هەندێكیش بە حەقیقەت لەگەڵ ئەوە بوون نەك (65) ساڵەكەو تەمدیدی لەگەڵ بێت، بەڵكو لەگەڵ (63) ساڵ بوون، بە ئیعتیباری ئەوەی لە بەغدا سنی تەقاعودی قازی (63)یە، موەزەفینیش (63)یە، بۆ ئەو جیاوازیە هەبێت، من ناچمە ناو تەفاسیلەوە،

رەنگە هەر رەئیەیەك تەبریراتی خۆی هەبێت، لەكاتی موناقەشە كردندا هەر كەسە تەبریراتی خۆی بدات، دوا رەئیش، رەئی ئێوەی بەڕێزو ئەندامانی پەرلەمانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێش ئەوەی قسە بدەم بە ئێوە لە گوێ لە رەئی كاك فاروق وەزیری داد و حاكم نورالدین بگرین، فەرموو كاك فاروق.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كاتی خۆی لە ساڵی 2004 بە قەراری پەرلەمان عومری حاكم كرایە حەفتا ساڵ، تەبیعی دیارە ئەسباب هەبووە كە كراوە بەحەقیقەت، من نازانم ئێستا سەبەب چیە كە كەم دەكرێتەوە، دەكرێتە (65) ساڵ، بە بۆچوونی ئێمە تەبیعی حاكم چەندی زیاتر مومارەسە بكات ئەوەندە زیاتر خیبرەی دەبێتن، بەتایبەتی مەحكەمە بەرزەكانمان وەكو مەحكەمەی تەمییزو مەحكەمەی ئیستیئناف، بەڕاستی پێویستیان بە حاكمی وا هەیە كە خیبرەی گەلێك زۆریان هەبێت، من پێم وایە ئەو خیبرەیەش لە پاش (60) ساڵی تەكوین دەبێت، یەعنی زیاتر دەبێت، ئێمە پێمان باشە خۆی سنی تەقاعودی لە هەموو وەزیفەكان (63) ساڵە، بۆ حاكمیش وەكو شتێكی ئیختیاری (63)ەكە شتێكی بەجێیە، یەعنی ئەگەر حاكم گەیشتە (63) ساڵ حەقی هەبێت بۆ خۆی خۆی تەقاعود بكات، ئەگەرنا یەعنی بەلای كەمی (70) ساڵ ئێمە پێمان باشە، چونكە لە زۆر دەوڵەتانی دەرەوەش، یەعنی حاكم لە هەندێك شوێندا ئەگەر واز نەهێنێت یەعنی هەر تەقاعود نابێت، تا دەگاتە حەفتاو پێنج، یان هەشتا ساڵ، یەعنی بەڕاستی ئێستا لە كەمترین شوێن لە ئەوروپا، پێم وایە لە ئەڵمانیا كە حەددی ئەدنایەكەی (68) ساڵە، بۆیە ئێمە پێمان باشە، هەر بە یەك ئەوە بكرێتە حەفتا ساڵ، بەتایبەتی ئێوە لە جەلسەی پێشووش موناقەشەی ئەوەتان كرد مەسەلەی تەعین بوونی حاكم حەددی ئەدنایەكەتان داناوە، بەڵام حەددی ئەعلایەكە هەر ماوە، یەعنی ئێستا حاكمێك دەتوانێت تەمەنی (64) ساڵ بێت ببێتە حاكم، كە تەمەنی (64) ساڵ بێت بووە حاكم، مانای وایە هەر لە (65)یش دەتوانێت خۆی تەقاعود بكات بە یەك ساڵیش، یەعنی ئەوە هەمووی پێم وایە ئەوە لە جێی خۆی نییە، حەفتا ساڵەكە باشە، بەڵام پێویست ناكاتن موافەقەتی هیچ جیهەتێكی تری تێدا بێت، یەعنی تەمەنی (63) ساڵ بە دڵی خۆی بێت، كە گەیشتە حەفتا ساڵیش ئیجباری بێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك حاكم نورالدین فەرموو.

**بەڕێز حاكم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆكی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تەئیدی جەنابی كاك فاروق دەكەم، بۆ نموونە ئێمە بەدرێژایی تاریخ تەماشا دەكەین لە بیدایەتی دەوڵەتی ئیسلامییەوە زەمانی پێغەمبەر (د.خ) لێ بێت و خولەفای راشدین (بنی امیە وبنی عباس) خەلیفە دادوەریان تەعین كردووە، تەبعەن هیچ تەمەنێكیان تەحدید نەكردووە بۆ تەقاعودی، ئیلا خۆی

دادوەر دەرچوو بێت، یان هەندێ حاڵەتی نادر بووە خیلاف کەوتۆتە بەینیان عەزل کراوە، بۆ ئەو مەسەلەیە دەوترێت لە زەمانی بەنی عەباس هەتا قازی نووسیەتی (سەجع) دەڵێ (ایها القاضي قم عزلناك فقم) ئەوە وەختی خۆی بۆ تاریخ گوتراوە، جا ئێستاش لە ساڵی 2004 تەعدیل بووە، یەعنی تا ئێستا هیچ گۆڕانکارییەك نەبووە، پێویستێك نەبووە کەوا تەمەنەکەی بۆ دابنرێت، ئەگەر مەبەست ئەوەیە قیادەی بڵێین گەنجەکان بێنە ناو ئەوە مەجال هەیە، خۆ مەحکەمەی تەمییز ئێستا پازدە ئەندامن، با ببنە بیست و بیست و پێنج ئەندام، پێویستیش هەیە کەوا بێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەواوت نەکرد، دەڵێ (ایها القاضي قم قد عزلناك فقم) گوتی (والله ما عذرتني الا هذه القافية)، من هەر رەئیەك نادەم، یەکەم/ ئێمە لێرە ئەو قەرارەی ئێمە دەیدەین، ئەوە پێمان راسترە، هەر ولاتێك، هەر هەرێمێك پەرلەمانی خۆی هەیە، کە قەرار دەداتن، بۆ ئەوەی بزانێتن کێ باشترە، لەبەر رۆشنایی تێگەیشتنی خۆشی، یەعنی من دەڵێم بەغدا ئەگەر باش بێت وەریدەگرێت، ئەگەر باش نەبێتن خۆمان هینی دەکەین، نموونەی ئەوروپا ئەگەر باش بێتن وەریدەگرین، باس کردنی دەرەوە لە فلان ولات ئەوەندەیە، لە فلان مێژوودا وابووە، بۆ دەوڵەمەند کردنیەتی، یەك لە مەسەلەکان کە ئێمە باسی لێ دەکەین تەندروستی ئینسان باشترە لە جاران، جاران تەمەن ئەگەر چی ئەو هەمووو کوشتارەش هەبوو، ئیرهاب نەبوو ناوەندی تەمەن (60) بوو، ئێستا ناوەندی تەمەن حەفتایە، یەعنی مەعەدەلی مردن، مەعەدەلی ژیان حەفتایە، بۆ ئەو کەسانەی کە تەندروستیان باشە، کە وەعیان باشە، رەنگە پتریشە، تەبعەن لێرە ئەگەر ئیحصائیات وەربگرین زۆر کەمە، رەنگە لە عێراقدا ئێستا پەنجا بێت، بۆچی پەنجایە؟ لەبەر ئەوە نییە، ئەگەر تەبیعی بژیت پەنجا ساڵ دەژیت، لەبەر ئەوەیە خەڵك بە گەنجایەتی لە شەڕەکاندا دەکوژرێتن، شەهید دەبێتن، ئەوانە وەردەگیرێت، جا تەقسیمی دەکەن تەمەنەکە پەنجا دەبێتن، ئەگەر شەڕو ئیرهاب و پێکدادان نەبێتن، مردنی تەبیعی حدودی حەفتایە، ئەمە یەك.

دووش/ قازی چەند بە تەمەن بێت خیبرە وەردەگرێت، بە رەئی من تەمەن نابێت مقیاس بێتن، وەعی ئینسانەکە موهیمە، قودرەتی ذهنی موهیمە، ئەوە ناچێت کرێکاری بکاتن مێشکی بەکار دەهێنێت، دەستی بەکار دەهێنێت، بۆ ئەوەی بتوانێت عەدالەت بکاتن، ئەوە مقیاسی زیاترە لەوەی، ئەوەش کێ قەرار دەداتن مەجلیسی قیادە قەرار دەدات، ئەوە کەفائەتی هەیە، یان نییە، لەبەر ئەوەی لە تەمەندا رەچاوی ئەوە بکرێت، راستە هەمووتان حەقتان هەیە، بەڵام من حەق دەدەمە خۆمان شەش، حەوت کەس قسەی بکاتن، دواتر ئەگەر رەئیەکان تەرخان کرا، مەسەلەن تەوەجوهەکان چۆن بوو، ئەو وەختی دەتوانین تەشخیصی بکەین، کاك فرسەت مولاحەزەیەکی هەیە، دەڵێت پرۆژەکە ئیقتیراحی کردووە (65) ساڵ، لیژنەی یاسایی ئیختیلافیان هەیە لە بەینی خۆیان لەنێوان (63 و 65) زیاتر، کاك حاکم فاروق وەزیری داد، کاك حاکم نورالدین پێیان وایە حەفتا بێت، لە لیژنەی یاسایی گوتم ئیختیلافتان هەیە، هەندێك هەیە دەڵێ (65)، هەندێك هەیە دەڵێ (68)، لەبەر ئەوە یەعنی پێم باشە کە قسە دەکەن بە موحەدەدی رەئیەکان بڵێن، ئەو تەمەنە باشە، یەعنی کورتی بکەین، فەرموو کاك ئیحسان.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیت خاندنا من بەلکو لێرە دیماهیێ کۆمەلأیەتی دەست نیشان کرن مەعدەلا کوردستانێ بۆ پیاوان (59) سالە، بۆ ئافرەتان (65) سالە، جا تا مەعدەلا عومر بێت، دەبێت بزانین خەلکێ کوردستانێ راستە وەکو ئەوروپا نینە، یان خۆش بوویە، یان گەلەك خۆش نەبووینە، یەعنی خەلەك ژی شەست سالێ دادکەویت، بەرەو پیر بوونەو ئیدی حەفتا سالێ نەشێت خوار بکەتەن، بەر هەندێ دیتنا من (65) سالێ پتنێ، ئەگەر گەیشتە شەست و پێنج سالێ خانەنیشین بکرێت، پێش ئەویش موافەقە بکرێت خانەنشین بکاتن، ئەوەی دیکەش ئەو پێنج سالەی زیادە دبێژم نەمێنێتن باشترە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا بەخێرهاتنەوەی جەنابت دەکەین و هیواداریین سەفەرەکەتان سەرکەوتوو بوو بێت، یەکەم/ شت من لەگەڵ ئەوە دام تەمەنی خانەنشینی دادوەر نەك (65) بگرە کەمتریش، بەلأم کە (65) پێشنیار کراوە، ئەوە بە باشتر دەزانم لەبەر چەند هۆکارێك، کە حەز دەکەم عەرزی جەنابتان و بەڕێزانی بکەم، ئەوەلەن/ ئەگەر بێتو تەمەنی خانەنشینی هەبێت دەرفەتێك دەدات بە دادوەرەکانی تر لە قۆناغەکانی تری دادگا کە بتوانن بەرەو پێش بچن و سەرکەون بۆ قۆناغەکانی تری دادگا، بۆ نموونە لە دادگای لێکۆڵینەوە بۆ دادگای کار، یاخود لە دادگای تاوانەکان بۆ دادگای تێهەڵچوونەوە، لە دادگای تێهەڵچوونەوەش بۆ دادگای پێداچوونەوە بەو شێوەیە یەعنی بەردەوام نەفەسێکی نوێ لەناو سوڵتەی قەزادا دەبێت، ئەمە لە لایەك.

لە لایەکی تر، ئێمە دەبێت هەوڵ بدەین و دەرفەتیش بدەین بە گەنجەکان، کە داخیلی سوڵتەی قەزاو مەجلیسی قەزا ببن، گەنجی ئێمە کە داوای دەرفەت دەکات، کە بەشداری بکات لە سوڵتە، هەمووی نایەوێت ببێتە ئەندامی پەرلەمان و وەزیر، دەیەوێت لە بوارەکانی تردا دەرفەتی هەبێت، یەك لەو بوارانە سوڵتەی قەزائیە، کاتێك موقارەنە لەگەڵ ئەوروپا دەکرێت، یاخود لەگەڵ وڵاتی تر، یاخود لەگەڵ شوێنی تر، بەڕاستی رێژەی ژیان لەو وڵاتانە جیاوازی هەیە لەگەڵ هەرێمی کوردستان، دەکرێت لە پاش پازدە ساڵی تر، پاش مودەیەکی تر، ئەگەر زورفی عێراق و کوردستان باشتر بوو، ئێمە ئەو یاسایە تەمدید بکەینەوە جارێکی تر، من لەگەڵ ئەوەش دام کە ئێمە هەرچی زووترە مەعهدی قەزائی دابمەزرێنین، بۆ ئەوەی کە دادوەرەکانمان بەشێوەی بێ لایەنانە لە مەعهد دەربچن، بتوانن سوڵتەیەکی قەزائی سەربەخۆ هەبێت، بۆیە من جارێکی تر پێم وایە واجیبی ئێمەیە لە پەرلەمان، کە بەڕاستی ئێمە ئەمڕۆ بڕیارێك دەدەین لەسەر تەمەنی خانەنشینی، دەبێت رەچاوی داخوازی جیلێکی کۆمەڵگاکەمان بکەین، کە ئەویش چینی گەنجانە، کە پێیان خۆشە بەشدار بن لە دەسەلأت و دەرفەتی ئەوەیان پێ بدەین، کە بە دەست نیشان کردنی

خانەنیشینی دەرگایەکی ببێت بۆ ئەوان، بۆ ئەوەی من دووبارە تەئکید دەکەمەوە لەگەڵ (65) ساڵەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فرسەت ڕەئیەکی هەیە فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەموو ڕەئیەکان لە چوار میحوەر پێك دێن، هەندێك تەئیدی (63) دەکەن، هەندێك تەئیدی (65) دەکەن، هەندێك تەئیدی (68) دەکەن، هەندێکیش تەئیدی (70) دەکەن، بە ڕەئی من لە جیاتی ئەوەی سی کەس قسان بکەن، هەر عومرێك لەو چوارانە دوو کەس موئەیەدی لەسەر قسان بکەن، دوایێ بیخە تەصویت ئیبتیدائەن لە عومری بچووك، هەتا دەگاتە عومری گەورە، داعی نییە، ئێمە دوو سەعات دوو کەس قسە دەکات لەو چوار میحوەرە دەرناچن، یەعنی چ ئیزافەیەك لەسەر دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئیحسان و کاك ئارام (65) تەئید دەکەن وا نییە، ئەوە پێشنیارێکی باشە، یەعنی ئەوەی لەگەڵیەتی پێویست ناکات دووبارە بکرێتەوە، ئەوەی داوا دەکات، یان قسەی هەیە بکرێتە (63)، کەسێك هەیە داوا بکاتن بکرێتە (63)، ئەوە وجهەی نەزەریدا شەرحی کرد لەسەر ئەوەی لەبەرچی دەیەوێت (65) بێتن و تێ نەپەڕێت، کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەو پێشنیارەی کاك فرسەت نیم، لەبەر ئەوەی ئیحتیمالە هەر ئەندامێك موبەریری خۆی هەبێت، بۆ ئەوەی باس لە تەمەنەکە دەکات، یەعنی حەقی خۆتە ڕەئی ئەندامان وەربگریت لێرە بەگشتی، نەك بە تەنها لەسەر (65) و هین بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەڕای ئەو ڕەئیانە، ڕەئیەکی ئەسڵی پرۆژەکە هەیە، کە مەجالی تەمدیدی تیایە، ئەوەش یەعنی موناقەشە دەکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

منیش ڕەئی خۆم هەیە بەڕاستی، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەعلیقم لەسەر قسەکەی پەخشان خان بە حەقیقەت، حەق وایە ئەوەلەن موقتەرەحی لیژنەی قانونی ئەگەر هاتە مەرحەلەی تەصویت ئەوەی کاك فرسەت ئیشارەتی پێدا دوو کەس قسە بکات، مەرحەلەی یەکەم دەبێت تەصویت لەسەر ئیقتیراحی لیژنەی قانونی بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر موقتەرەحات هاتە پێش، موقتەرەحی لیژنەی قانونی ئەسڵە، بەڵام ئەگەر موقتەرەحات هاتە پێش، دووش/ خۆتان گوتتان رەئی موختەلیف هەیە، باشە هەر یەکە یەك دەقیقەی هەیە بۆ موناقەشە کردن، کاك باپیر فەرموو.

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی خاڵی یەکەم لە ماددەی چل و شەش، کە باس لەوەی دەکات و لیژنەی یاساییش تەئکیدیان کردەوە تەمەن (65) ساڵ بێت، من لەگەڵ ئەوە دام تەمەن (63) ساڵ بێت، وەکو باقی تری چین و توێژەکانی کۆمەڵایەتی، بۆ ئەوەی جیاکارییەك نەکرێت و لە (63) ساڵی خانەنشین بکرێت، لەبەر ئەوەی لە (60) ساڵی ئێمە دەزانین هەم تێکڕایی تەمەن ڕێگا بەوە نادات، هەم دووەمیش/ بەتایبەتی ئەو کەسانەی لە (60) ساڵی بەرەو سەرەوە دەچن هەستەکانیان، کە قازی هەستەکانی کە بینینە، کە بیستنە بەرەو لاوازی دەچێت و لە دادگایی کردنیشدا یەك وشە، یەك پیت بپەڕێنرێت شێوەی دادگایی کردنەکەیان، یان شێوەی قەرارەکەی دەگۆڕێت، من پێم وایە لە (60) بەرەو سەر هەستەکانی ئینسان بەرەو لاوازی دەچێت، بەتایبەتی هەم بیستن، هەم دیتن، لە وڵاتی ئێمەش کە وڵاتێکە، تەندروستی وەکو پێویست نییە، خزمەتگوزاریەکانی وەکو باست لێ کرد، ئەوەی کە دەڵێت تەمەنی ئەوە بووە وەکو پێشتر ئەوە نییە، بە پێچەوانەوە ئێستا ژینگە پیسی وای کردووە تەمەن کورتی بڕوات، نەك بەرەو ئەوەتر بڕوات، ئەوە لە لایەك. لە لایەکی ترەوە، دان بە خەڵکی تریش، بۆ ئەوەی ئەوە بکات، ئاڵوگۆڕی دەسەڵات و دەستاو دەستی ئەو دەسەڵاتە بکرێت و خەڵکی تریش بێت، دەکرێت ئەگەر ئەو قازیانەی ئەوە بێت، ئێمە لێرە فەقەرەیەك زیاد بکەین، کە لە دوای خانەنشین کردنیەوە بکرێ بە راوێژکار، وەکو ئەوەیەك سوودی لێ ببینێت لە تواناکەی، ئەگەر بەخۆی بێت لەوانەیە شوێنەکەی ـ ,مەوقیعەکەی، بەتایبەتی خەڵکی شەرقی ئێمەی کوردستان زۆرمان حەز لە دەسەڵاتە، کەمتر کورسی بەردەدەین بەپێی یاسا بەر نەدەین، بۆیە من تەئکید لەوە دەکەمەوە کە (63) ساڵ وەکو چین و توێژەکانی تر بێت، بۆ خۆشمان لە یاسا وا نەکەین کە ئەو چین و توێژانە بە یەکجاری، ئێستا کۆمەڵێك یاساو رێ و شوێنمان گرتۆتە بەر، کە قازی و حاکممان سوڵتەی قەزائیمان بە تەواوی تایبەتمەندیەکمان پێدا، هەم لە خانەنشین کردنی، هەم فرسەت پێدانی بۆ خوێندنی، هەم لە ئەوەی کە تەواو جیاکاری دەکات، ئەوەش چین و توێژەکان لێك نزیك ناکاتەوە، تەبەقەیەکی جیاواز دروست دەکات لە ئامانجی کۆمەڵایەتیەکان وەکو پێویست نابێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبیعی من پڕاو پڕ تەئیدی نەصی پرۆژەکە دەکەم، کە (65)و جەنابی سەرۆکی هەرێمیش بۆی هەبێت زیادی بکات، ئەمە لە لایەك. لە لایەکی تریش، ستاندەردی تەقاعودی (65) ساڵە، لە هەموو عالەمدا، خۆ ئێمە هیچ شتێك بکەین کە لەگەڵ هیچ شوێنێکدا نەبێت، ئەوە یەك.

دووەم/ بەنیسبەت قازیەکانەوە، من دوێنێ موداخەلەیەکمان هەبوو لەگەڵ یەکێك لە برادەرە قازیەکان لە رادیۆی نەوا، ئەو وجهە نەزەری وابوو گوتی من (65) ساڵ و یەك رۆژ ناکەم، تەبیعی ئەمە غەدرێکی گەورەیە، وەکو چۆن مافپەروەرو دادوەرو ئەم سیستەمە مافی هەیە، ئێمە مەفروزە مافەکانیان بۆ تەئمین بکەین، خەڵکیش حەقی هەیە لەسەر دادوەرەوە، حەقی هەیە بەسەر ئەو کەسەی کە توانای خزمەتی هەیە، دەبێت خزمەتی جەماوەر بکات، لەبەر ئەوە من بۆیە پشتیوانی لەوە دەکەم (65) ساڵ زۆر ستاندەرە، ئەگەر خەڵکێك ناحیەی تەندروستی تەواو بێت (65) ئەگەر تواناشی تەواوی هەبێت و ئیستیفادەی لێ بکرێت لە لایەن سەرۆکی هەرێمەوە، ئەوە شتێکی زۆر زۆر پیرۆزە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك حاتەم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەر لەگەڵ ئەوەم کە لە دەقی یاساکەو لیژنەی یاسایش پێیان باش بووە، لەبەر دوو هۆ، یەك/ ئێمە ئیقرارمان کردووە لە پەرلەمان، کە جگە لەو فەرمانبەرانە تەقاعود بکرێن، با بەینی حاکم و ئەوانی تر دوو ساڵ بێت (65) ساڵەکە زۆر باشە.

دوو/ حەقیش نییە کە سەرۆکی هەرێم مولزەم بکەین، کە پێنج ساڵ تەمدید وەختەکە بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، خەمان خان فەرموو.

**بەڕێز خەمان زرار اسعد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وا نییە بەڕاستی ئەم (65) ساڵە ستاندەردێکی عالەمی بێت، چونکە ئەمە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دی دەگۆڕێت، ئەمە لە لایەك. لە لایەکی دیکەوە، ئێمە مەسەلەیەك هەیە دەبێت بە بیری خۆمان بهێنینەوە، ئەویش بەپێی یاسای ژمارە (37)ی ساڵی 2004 تەمەنی خانەنشینی دادوەر کراوە بە (63) ساڵ بە رەزامەندی (اختیاری) ئەوەکەی تریش لە حەفتا ساڵی وجوبییە، من پێم وایە لەم حاڵەتە ئێمە

پابەند بین بەم بڕیارەی پەرلەمان ئەمە لە لایەك، بڕیارێك یەعنی ڕێز گرتنە لە بڕیارێکی پەرلەمان، لە ساڵی 2004 ئەم بڕیارەی داوە لە لایەکی تر، من پێم وایە بەڕاستی هەتا تەمەنی حەفتا ساڵیش بە کراوەیی بهێڵدرێتەوە بۆ مەجلیسی قەزا، بەلاّم بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەوە نیم، هیچ دەسەلاّتێکی تر، یان سەرۆکی هەرێم بێت دەست لە کاروباری وەربدات، چونکە ئێمە باسی دەسەلاّتی قەزائی دەکەین، باسی سەربەخۆیی قەزا دەکەین، لەبەر ئەوە من پێم وایە ئێمە ڕێز لەو بڕیارەی پەرلەمانی ساڵی 2004 بگرین، ئەوەکەی تریش بە کراوەیی بهێڵدرێتەوە بۆ مەجلیسی قەزا، ئەوان خۆیان بڕیار بدەن ئەگەر زەروور بوو قازییەك بەردەوام بێت لە کارەکەی خۆی, مەجلیسی قەزا سەلاّحیەتی هەبێت تەمدیدی کارەکانی ئەو قازیە بکاتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە ئێمە لەگەڵ ئەو قسەیەی پێشی کاك عەدنان، بەڕاستی زەرورەت وایە ئێمە پێش هەموو شتێك سەیری ئیمکانیەتی واقیعی خۆمان بکەن لە هی ئێمە چ پێویستە، لە پاشان سوود لە دەروبەری خۆشمان وەربگرین، ئێمە قانونێك دادەنێین کە بگونجێت لەگەڵ کۆمەڵگای ئێمەدا، لە هەمان کاتیشدا دەبێت سوودی لێ وەربگرین و ئیستیمرایەتی هەبێت، بۆیە من پێم وایە ئەو چوار پێشنیارەی کراون لەناو ئەوانە پێشنیارێکی تر هەیە، پێم وایە گونجاو ترە (65) ساڵ مەعدەلێکی گونجاوە بۆ حاکم، کە زەرورەت وایە حاکم لەو تەمەنەیە تەجروبەیەکی باش و ئیستیمراریەتی هەبێت، بەلاّم دەکرێت لە پاڵ ئەوە پێنج ساڵی بواری پێ بدرێت، کە بە ئیجباری نەبێت، ئیختیاری بێت لە لای خۆی، بەلاّم نەك لە لایەن سەرۆکی هەرێمەوە، دەبێت مەجلیسی قەزا ئەو قەرارە بدات، پاش ئەوەی کە کەفائەو ئەهلیەی قانونی ئیمکان هەیە بێ، کە لە رووی جەستەیی و عەقڵییەوە توانای ئەوەی هەبێت ئیستیمراریەت بکات، ئەو کاتە بۆ خۆی لە (65) بکاتە ئیختیاری، حەفتا بکرێتە ئیجباری، پێم وایە باشترین و گونجاوترینە، بۆ ئەو حاکمەی کە خۆی دەیەوێت بەردەوام بێت، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ڕۆمیۆ فەرموو.

**بەڕێز ڕۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە خیلالی ئەو موناقەشەیەی کە دەکرێت، فیعلەن ئەو نوکتەیەم دێتەوە بیر دەڵێ سەرۆکەکان و مەلیك و پاشاکانی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست کە بوون بە حاکم دەبێت جەنازەکەیان لەسەر کورسیەکە بێتە خوارەوە،

بە رەئی من هەر شتێك كە زۆر ورد بێت، یان حەساس بوو، بەڕاستی دەبێت ماوەی كار كردنەكەشی دەبێت مەسەلەكە زۆر تەحدید بكرێتەوە.

دووەم/ مەسەلەی تەمەنی ئینسان، منیش پشتیوانی لە قسەكەی كاك ئیحسان دەكەم، بەڕاستی منیش ئەو مەسەلەیەم بیست، چونكە جەنابتان باسی ئەوەتان كرد، باسی ژیانتان كرد كە گۆڕانكاری تیا كراوە، ژیان باشتر بووەو خۆشتر بووە، بەڵام گیروگرفتەكان بەڕاستی ئەگەر وەكو خۆشیان نەماون لە هەندێ رووەوە زیاتریش بووینە بۆ خەڵكی ئەم وڵاتە.

خاڵێكی تر/ ئایا چ جیاوازی هەیە لەنێوان خزمەت كردنی مامۆستایەكی سەرەتایی لەگەڵ فەرمانبەرێكی ئاسایی لەگەڵ دادوەرێكدا، مەسەلەكە، مەسەلەی عومرە، مەسەلەیەكی فسیۆلۆجیە، مەسەلەیەكی توانای مێشكە، بەڕاستی ئینسان ئەگەر گەیشتە حەددێكی ئیش كردن، ئیتر بەرەو دواوە بیرو بۆچوونەكانی دەگەڕێتەوە.

سێ/ مەسەلەیەكی تر, مەسەلەی ئیمتیازاتیش، بەڕاستی مەسەلەی ئیمتیازاتیش بۆ دادوەران، من لەگەڵ ئەوەم  بۆ هەموو خەڵكی كوردستان ئیمتیازات هەبێت، بەڵام لە كاتی تەقاعود بووندا، هەر بە جارێك دەروازەكە كراوەتەوە، بەڵام خەڵكانی تر، ئایا ئێمە دەمانەوێت ئەم خەڵكانە تەشجیعێكیان بۆ بكەین، یان خەڵكانی تریش پێویستیان بەوە هەیە، كە تەشجیع بكرێن، بۆ ئەوەی دوا رۆژێكی باشیان هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە رەئیەكەی لیژنەی قانونی دەكەم بەو بڕگەیەی سەبارەت بە سەرۆكی هەرێم لابدرێت، بەڕاستی ئەوە تەدەخولە لەنێوان سوڵتەی تەنفیزی و سوڵتەی قەزائی، مەسەلەی فەسلی سوڵتات، ئێمە هیچ نابێت موساوەمەكمان تێدا هەبێت، تەمدیدێك هەبێت, حەقە موساوەمات بكات، لێرە باسی كرد بێت و بیدەینە ئەنجومەنی دادوەری، ئەمە یەك.

دوو/ بەڕاستی پشتگیری لە رەئیەكەی كاك فاروق وەزیری دادو كاك نورالدین نوێنەری دادگای تەمییز دەكەم، كە تەمەنی تەقاعودی یان كراوە بێت، یان حەفتا ساڵ بێت، لەبەر ئەم هۆیانە، یەعنی پێم وایە لەو بابەتەو لە هەموو بابەتەكان دوو خاڵ هەیە، دەبێت ئێمە رەچاوی بكەین، خاڵی یەكەم/ رەغبەت، خاڵی دووەم/ بەرژەوەندی گشتی.

لە رەغبەت، ئێمە لێرە دەست نیشانمان كردووە (63) ساڵ لەو قانونەی حەقیان هەیە ئیختیاری تەقاعود بكرێن، لەگەڵ ئەو (63) ساڵەی كامل حقوق و ئیمتیازات و تەقاعودیەكەیان 100٪ە، وەكو ئەندام پەرلەمانیش نییە، كە پشتگیریش دەكەین بەڕاستی، باشە لەگەڵ ئەو تەقاعودیەی كە حەقیان هەیە،

تەقاعود بكرێن لە (63) ساڵی، بەلام خۆی دەیەوێت بەردەوام بێت، ئەمە مانای چیە، مانای وایە دەیەوێت خزمەتی هەرێمەكەی بكات، بۆ رێگای لێ بگرین.
دوو/ دەیەوێت خزمەتی رێڕەوی عەدالەت بكات، ئێمە بۆ رێگای لێ بگرین، ئەو دادوەرەی كە كاك جەمال باسی كرد دەڵێ (65) ساڵ یەك رۆژ ئامادە نیمە بەردەوام بم، ئەو لە (63) ساڵیش دەتوانێت تەقاعود بێت، چونكە قانونەكە رێگای پێ دەدات، لە خاڵی دووەم/ بەرژەوەندی، وەكو هەرێمی كوردستان، وەكو هەرێم زۆر تەكالیف تەحەمول دەكات، تاكو ئەو خیبراتە، ئەو دادوەرانە پەیدای دەكات، دروستی دەكات، هەر لەو قانونەی مەسەلەن ماددەی (45) باسی مەنعی ئیجازاتی دیراسی دەكات، باسی خزمەتی قەزائی و تەرفیع و عەلاوە هەمووی كراوە، دەوڵەت تەحەمولی زۆر دەكات، تاكو ئەو خیبراتە لە لای ئەو دادوەرە دروست بێت، ئەوە یەك.
دوو/ دادوەران خۆیان زۆر ماندوو دەبن و هیلاك دەبن، هەتاكو ئەو خیبرەیە دروست دەبێت، بۆیە ئێمە بۆ پاراستنی ئەو خیبراتانە، بەڕاستی دەبێت تەقاعودیەكەی زیاد بكەین، بۆ ئەوەی كە ئەو خیبراتانە بە فیڕۆ نەدەین، دەبێت تەقاعودیەكەی زیاد بكەین، بۆ ئەوەی جەستەی دادوەری ئیستنزاف نەبێت, دیسان دەبێت ئێمە تەمەنی تەقاعودی بەرز بكەینەوە، ستاندەردی عالەمی نییە (65) ساڵ، یەعنی دەتوانم چەند نموونە بێنمەوە، مصر (70) ساڵە، سوریا (70) ساڵە، كوێت (75) ساڵە، كەنەدا (75) ساڵە، بەریتانیاو ئوستورالیاو ئیرلەندەو...وابزانم زۆربەیان (72) ساڵن، خودی ئەمریكا كە كاك جەمال باسی كرد لە هەندێك ویلایەت سنی ئیختیاری (68) ساڵە، ئیجباری (70) ساڵە وەكو ویلایەتی میسۆری.
خاڵێكی دیكە، یەعنی ناحیەی كەفائەو عەتائە، ئێمە با لە پەرلەمانی خۆمان باسی بكەین، یەعنی زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان، ئەوانەی یاساناسن كە زۆر ئەكتیڤن، ناتوانین ناویان بڵێین، لەبەر ئەوەی تەمەن شتێكی شەخصیە، بەلام تەمەنیان لە سەرەوەی (65) ساڵ دەبینین باشترین ئەندام پەرلەمانەو باشترین یاساناسیشە، مەسەلەی گەنجان، ئەو سنە تەقاعودیەی كە بكرێتە حەفتا ساڵ بەهیچ شێوەیەك رێگا ناگرێتن لەوەی كە گەنج بكرێتە دادوەر، ئێستا زۆر لە گەنجان ئاگادارن دەبێتە دادوەر، بەلام لە ئەصنافی محاكم، ئەوەی ئستیئنافە، تەمییزە، بەڕاستی گەنجەو لەوێ نامێنێت، خیبرات لەوێ وەردەگرێت، خیبراتیش دائیمەن پاش ئەوانە دەست پێ دەكات، لەگەڵ رێزم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك مەلا سەعدەدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مانای ئەوە نییە كابرایەك حەزی لێ بێت زیاتر خزمەت بە ئیشەكەی بكات، لەبەر قودرەت و تاقەتی زهنییەتی، ئیحتیمالە حەزی لە كورسیەكەیەتی بمێنێتەوە، ئیشی قازی ئیشێكی شاقە، یەعنی مومكینە رۆژێ سی دەعوا دەبینێتن، ئەوە زەحمەتە، یەعنی پێغەمبەر (ص) دەفەرموویت عومری ئۆمەتی من لە

بەینی (60 تا 70) ساڵیە، لە پاشان ئەو حاكمە كە لە عومری (68) ساڵی بچێتە مەحكەمە، قودرەی زهنی و قودرەی چاوی و قودرەی مێشكی زەعیف دەبێت، راستە صاحێب تەجروبەیەكی زۆرە، بەس ئیحتیمالی هەیە، یەعنی ماندوو بوونی زیاتر پێوە دیار بێت لە كابرایەكی كە عومری (60) ساڵە، یان عومری شەست و قصور ساڵە، لەگەڵ فەقەرەی یەكەم (يحال الحاكم او القاضي على التقاعد قبل اكماله الخامسة والستين من عمره الا بناءاً على طلبه، او لاسباب صحية )، ئەگەر ئەوهای لێ بكەین باشە، چونكە (بعد) لێرە ئەو (بعد) ئەو مانایە ناگەیەنێت، یەعنی ئیحتیمالی هەیە ئەگەر (بعد)ەكەی لا بدەین، (عند)ەكەش دابنێین باشترە، بەس (بعد)ە ئەو مانایەی ناگەیەنێت و لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شەعبان فەرموو.

**بەڕێز شعبان محمد طاهر صادق:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەزیت پشتگیریا لیژنەی یاسایی دكەم بۆ تەمەنێ (65) ساڵی, بەس مـن تێبینیـەكم هـەی لەسـەر دەرماڵـە هەی، وەختێ قازی خانەنشین دەبێت دەرماڵەی بۆچیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دكتۆرە شوكریە فەرموو.

**بەڕێز د.شوكریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی كە رەشنووسی پرۆژەی یاساییم خوێندەوە هەمووی بە وردی، تەماشا دەكەم هەمووی لە جێی خۆیەتی، جا بەڕێزتان خستۆتانە موناقەشە كردنەوە، رای لیژنەی قانونی (65)ە، لێرەدا (65)ە پێنج ساڵیشی داناوە بۆ موافەقەی ئەگەر لە حاڵەتێكدا درێژ بكاتەوە، موافەقەی سەرۆكی هەرێم، دوای ئەوە دیم هەرچی ماڤ تاكە كەسیە لەم چوار خاڵەدا كۆ بۆتەوە، لە دەرماڵە بڵێی، لە مەسەلەی راتب و مووچەی تام بڵێی، ئیتر پێویست دەكات من بیكەم بە حەفتا ساڵ؟ بە قانون دانراوە لێرەدا، پێنج ساڵی بچێتەوە سەری هەر دەكاتە حەفتا، كەواتە (65) ساڵەكە حەددێكی گونجاوە، باوەڕم پێ بكە هەر قازییەك سەردانیمان كردووە، باشترین نموونەش دادوەر كاك عبدالرحمن رۆژێك چیرۆكێكی بۆ خوێندمەوە وتی هێندە هیلاك دەبین، جاری وا هەیە نانت پێ ناخورێت لە جەژندا، چووە چەند مناڵێكی داوەتەوە دایكی لە باوكم سەندۆتەوە، چەند مندالێكی داوەتەوە بە دایكی یەك دڵی ئەو دایكە خۆش بووە لەگەڵ ئەو باوكە قاسییە، ئەمە لە لای من بوو بە چیرۆكێك، كە شتێكی چاكی كردووە، كەواتە ئەم هەموو دادوەرانە رۆژ بە رۆژ لەگەڵ كێشە كۆمەڵایەتیە ناخۆشەكانە، چ لە جیا بوونەوەیە، چ لە دزییە، لە هەموو شتەكانی كێشە كۆمەڵایەتیەكان دەژین، من بێم ئەوەندە ماندوویان بكەم حەفتا ساڵیان بۆ دانێم وەڵڵاهی گوناحە، ئینسان

تەمەنی چەندە؟ بەرەو چەند دەڕوات؟ خۆشی دەڵێت هەر کاتێ ویستی تەقاعود بێت دەتوانێت تەقاعود بێت، کەواتە ئازادییەکی تامماں داوەتێ، جا لەبەر ئەوە من بەڕاستی لەگەڵ (65)ەکەم و پێنج ساڵیشیان ماوەتەوە، ئیتر ئەوەی دەیەوێت ببێتە (68) دەتوانێت داوا بکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شەوقی فەرمووو.

**بەڕێز شوقی حسين ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە کاری زهنی زۆر قورسترە لە کاری عەزەلی، بۆیە پێم وایە لە فەترەی خزمەت کردنی قازی زۆر هیلاك دەبێتن، تا دەگاتە ئەو عومرەو ئەو تاقەتەو ئەو تەرکیزە بەو شێوەیە وەکو خۆی نامێنێت بەرەو کەم بوونەوە دەڕواتن، من پێم وایە ئەوەی لەو تەمەنەش لە فەترەیەکی زەمەنی خزمەت دەکاتن بای خۆی خیبرەت هەر وەردەگرێت، با ڕێگا خۆش بکرێتن بۆ خەڵکی دیکەش, هەروا مەحصور نەکرێت، کە بەداخەوە، یەعنی عەقڵیەتێك هەیە لە لای شەرقیەکان بەشێوەیەکی گشتی، ئێستا من بەیانی بڕۆم لەو پەرلەمانە، پێم وایە ئەوەی دوای من دێت ئەدائی وەکو من نابێت، ئەدائی من باشترە با بەو قەناعەتەوە بۆ مەسەلەکان نەچین، یاخود با بڵێین بە عاتیفەوە بۆ مەسەلەکان نەچین، پێویستە ئەو عومرە لە (65) ساڵ زیاتر نەبێت، پێم وایە زیاتر بوونی، چونکە ئەوە حەقی خەڵکی تێدایە، دەبێت زۆر بە دیقەتەوە ئەو بڕیارانە بدرێت، بۆیە من پێم وایە لەو عومرە زیاتری نەدەینێ, بۆ ئەوەی ئەو حەق و حقوقە بە دیقەتەوە تەرکیزی بکرێتە سەری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێردڵ فەرمووو.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی (34 و 35 و 37 و 41) کۆمەڵێك مەرجی داناوە، بۆ دامەزراندنی حاکم، بۆ پلە بەرز کردنەوەی، ئەو مەرجانە هەمووی باسی لە ڕەوشت باشی و لە صحەت باشی و لە شەهادەو بەحس تەقدیم و ڕاپۆرتی لەسەر بنووسرێت و تەقیم بکرێت، یەعنی ئەوە کاری ئینسانێکی ئیعتیادی نییە، ئینسانێکی تایبەتە بۆ کارێکی حەساس، ئەو شروتە لە هەموو موەزەفێك دایە، موەزەفەکانی دی ئەو شروتانەتان بۆ دانەناوە، لەبەر ئەوە بە ڕەئی من ئەگەر ئەوە عەقڵی باش بێت و صحەتی باش بێت و حاکمێکی سەرکەوتوو بێت، بە لایەنی کەمەوە عومری لە حەفتا ساڵ کەمتر نەبێت بۆ تەقاعود کردنەکەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك تەڵعەت فەرمووو.

**بەڕێز طلعت محمد صالح توفيق:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێش ماوەیەك یاسای خانەنشینی مامۆستایانمان دەركرد بە (63) ساڵ بەڕێیان بكەین، پێم خۆش نییە ئەمڕۆ جیاوازی بكرێت لەنێوان چینێك لەگەڵ چینێكی میللەتمان، ئێمە پێویستە یەك ڕێزی میللەتمان بپارێزین و یەكسان بن لە ماف و لە كارو لە یاسا، بەڵێ یاسا سەروەرە، دادوەران یاسای دەپارێزن، بەڵام مامۆستایان بەردی بناغەی زانست و ئەدەب و فەنن، وەلامێكم هەیە بۆ حاكم نورالدین ئەگەر ڕێگا هەبێت، ئاستی قازی گەیاندنە سەر سوڵتان و خەلیفان، منیش میسالێكم هەیە بۆ مامۆستایان، یەعنی دەگاتە ئاستی پێغەمبەرەكان (قم للمعلم وفه تجيبلا - كاد المعلم ان يكون رسولا)، بەنیسبەت تەقاعودیش ئیمتیازات و حەوافیز زۆر دەدرێتە دادوەران لەگەڵ ڕێزمدا بۆیان، ئەوەش دژ بە یاسای تەقاعودە لە 80٪یە، حەز ناكەم ئەو جیاوازییەش هەبێت، حەزیشم نەدەكرد لیژنەی یاسا ئەو حەقەی بدەنە خۆیان، (65) ساڵی بۆ سەرەوە دادوەران تەقاعود بن، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كاك عادل فەرمووو.**

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێویستە ئێمە لە بیرمان نەچێت بەڕاستی كاری دادوەر، كارێكە مومارەسەیە، یەعنی دەتوانین تەشبیهی بكەین وەكو ئیشی دكتۆر، چەند عەمەلیات بكات، ئەوەندە شارەزایی زیاتر پەیدا دەكات، دادوەریش هەر بە هەمان شێوە، ئەگەر موقارەنە بكەین لەنێوان مامۆستایەكی جامیعەو ئەگەر دكتۆرای هەبێت لە قانون لەگەڵ دادوەرێكدا كێشەیەك، نیزاعێك بێتە پێشی حەتمەن ئەوەی زانكۆ وەكو دادوەرەكە نازانێت، لەبەر ئەوەی مومارەسەی كردووە، بەڕاستی من لەگەڵ بڕگە یەكی ئەو ماددەیە نیم، كە دەڵێت دەبێت لە تەمەنی (65) ساڵی تەقاعود بكرێت، لەبەر ئەوەی وەكو وتم بەدرێژایی تەمەن دادوەر مومارەسەو خیبرەو مەعلوماتی پتر دەبێت، من پێشنیاری ئەوەم هەیە ئەگەر بڕیارێكی پێشوو هەیە وەكو خەمان خان باسی كرد، ئەوە تۆزێك تەعدیلە، من نەصێكم نووسیووە، ئەگەر پێتان باش بێت، دەڵێم (للقاضي طلب احالته على التقاعد عند اكمال الخامسة والستون من عمره)، یەعنی لەسەر ئارەزووی خۆی لە (65) دەوام بكات، (ويحال على التقاعد في كل الاحوال عند اكماله السبعين سنة من العمر) یەعنی لە حەفتا ساڵ تەقاعودی بكەن، ڕەنگە ئینسانی شەرقی تۆزێك لە ڕووی صحی و ئەوانە ئەوە بێت.

سەبارەت بە درێژ كردنەوەی پێنج ساڵەكەی سەرۆكی هەرێم، دەبێت ئێمە بزانین ئێمە وەكو كاك سەردارو برادەرانی لیژنەی قانونی ئاماژەیان پێ كرد روكنی ئەساسی دیموكراتیەت فەسل بەینی سوڵتاتە، سەرۆكی هەرێم هەر كێ بێت، ڕەئیسی سوڵتەی تەنفیزییە، ئەمە سوڵتەی قەزائیە، كە ئێمە هەنگاوی زۆر پیرۆزمان

ناوه، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی قەزا جیا بکەینەوە، منیش لەگەڵ ڕەئی برادەرانی لیژنەی یاساییم، کە ئەو دەسەڵاتە بە سەرۆکی هەرێم نەدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عوسمان فەرمووە.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی مەسەلەی تەمەن منیش لەگەڵ ئەوەمە خۆ مەبدەئیيەن بۆ حاکم کراوە بێت، یەعنی هەتا توانای هەبێت، چونکە مادام هەموو ئیمتیازاتێك لە کاتی خانەنشین کردنی دەیدرێتێ، کە خۆی ئارەزووی هەیە خزمەت بکاتن، مەسەلەن تۆ لە (63) ساڵ ئازادە، ئەگەر خۆی خانەنشین بکات، بەلام کە خۆی خانەنشین ناکات، دیارە توانای هەیە، بۆیە حەق نییە موقارەنەی حاکم لەگەڵ موەزەفێك بکرێت، ئەگەر هەر تەمەنیش دیاری دەکەن، لە ولاتی ئێمە سێ دەسەلات هەیە، دەسەلاتی سەرۆکایەتی هەرێم، دەسەلاتی پەرلەمان، دەسەلاتی مەجلیسی قەزا، حەقە بۆ هەرسێکیان دیاری بکرێت، حەق نییە هەر کەسە بە ئارەزووی خۆمان بێین هەندێك ئەوە بکەین، سێ دەسەلات هەیە خۆمان ئەوە بکەین، مادام دەبێت تەمەنی هەرسێکیان دیاری بکرێت، ئەگەرنا دەبێت کراوە بێت بۆ هەندێك، ناکرێت ئێمە بە کەیفی خۆمان بە هەندێك شت بڵێین باشە، بە هەندێك شت بڵێین خراپە، یان مەسەلەی ئەوەی سەرۆکی هەرێم، ئێمە ئێستا دەڵێین فەسلی سوڵتات دەکەین، ئەگەر سەرۆکی هەرێم هەر کەسێك بێت، لەگەڵ ڕێزم بۆ سەرۆکی هەرێم مەسەلە ئەوە نییە وا تەسەور بکەن، سەرۆکی هەرێم هەتا دنیا ماوە مەقصەدم ئەوە نییە کاك مەسعود، ئێستا وا تەسەور بکەن بڵێن مەقصەدم ئەوە، هەر کەسێك ببێتە سەرۆکی هەرێم حەقی ئەوەی نییە تەداخولی دەسەلاتی سوڵتەی قەزائی بکات، ئەگەر ساڵی بۆ درێژ کردەوە، مانای ئێمە چیمان کردووە، بۆیە من لەگەڵ ئەوەمە، حەقە هەمووشمان لەگەڵ ئەوە بین (63) ساڵ ئیختیاری بێت حاکم خانەنشین بکرێت، ئەگەر هەر پێتان خۆشە تەمەن دیاری بکەن (70) ئیجباری بێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عومەر فەرموو، کاک محەمەد حەکیم نوقتەی نیزامی هەیە.

**بەڕێز محمد حكيم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر جار لێرە دەڵێن نوقتەی نیزامی هیچیش دەرناچێت، بەلام من تێبینیەکم هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

قسەمان بە کاك عومەر بڕی گوتمان نوقتەی نیزامی هەیە، ئەگەر تێبینیت هەیە دوایێ ناوت دەنووسم، تەعلیق نابێت، دەبێت نوقتەی نیزامی بێت، فەرموو ناوت دەنووسم دوایێ قسە بکە، کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علي:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

برادەرەكانم زۆربەیان باسی میهنەی حاكمیان كرد، بە تەئكید جەنابی كاك نورالدین و كاك فاروقی وەزیر باشترو شارەزاترن لە میهنەی حاكم، میهنەی حاكم حەقیقەت میهنەیەكی عەمەلییە، نەك ئەكادیمی، یەعنی بە واتا ئەو حاكمەی كە زۆرتر مومارەسەی ئیشی قەزا بكات، خیبرەی زیاتر پەیدا دەكات، ئێمە با لەبیرمان نەچێت لە ماددەكانی پێشوودا باسمان لە تەحدید كردنی عومری حاكم نەكرد، باسمان لە حەددی ئەدنا كرد، حەددی ئەعلامان تەحدید نەكردووە، بە واتا حاكم لە هەموو عومرێكدا دەتوانێت تەعین بێت ببێت بە حاكم، كە بوو بە حاكم مەفروزە خدمەیەك تەقدیم بكات، مەفروزە بە قەدەر ئەو ئیمتیازات و حقوقەی دەدرێتێ تەقاعودییە، چەند ساڵێكیش بتوانێت خدمەی خۆی تەقدیم بكات، لەبەر ئەوە من پێم وایە عومری حاكم بۆ تەقاعودییەكەی بە دوو مەرحەلە تەحدید بكرێت، مەرحەلەی یەكەمی ئەگەر (65) ساڵ نەبێت (63) ساڵیش بێت، بەلاّم بچێتە ئیختیاری هەروەكو جەنابی وەزیر باسی لەسەر كرد، من پێم وایە ئەوە رەئیەكی زۆر باشە (63) ساڵی بێت، بەلاّم بە ئیختیاری بێت، لەبەر ئەوەی عومری تەعینمان تەحدید نەكردووە، كەواتە با عومری تەقاعودیەكەش نابێت تەحدید بكەین، بۆ ئەوەی هەتاكو حاكم رەغبەتی خۆی هەبێت لە ئیشەكەی خۆیدا، بتوانێت بەردەوام بێت لە ئیشەكەی خۆیدا، بۆ نموونە ئێمە حاكمان زۆر هەبووە لە مەحكەمەی تەمییزی هەردوو ئیدارەی ئەوساكەو ئێستاش، بڵێین ئەمسالی خوا لێخۆش بوو كاك رەشید، كاك حەمە صالح، كاك عەزیز كە نە ماون، ئەوانە هەمووی سەرووی حەفتاو پێنج ساڵیش بوون ئەدایەكی زۆر باشیشیان هەبوو، خاوەن خیبرەیەكی زۆر زۆر باشیش بوون، سوودیشیان زۆر بە قەزای كوردستان گەیاندووە، شەرت نییە حاكم بچێتە سەرووی شەست پەكی بكەوێت، بە پێچەوانەوە بە رەئی من حاكم چەند بمێنێتەوە خیبرە پەیدا دەكات و, ئیشی حاكم بەڕاستی فەسلە لە بەینی حەق و ناحەق، عەدالەت و ناعەدالەت، لەبەر ئەوە دەبێ پیاوێك بێت زۆر قاڵ بوو بێت، زۆر شارەزا بێت، ئەم شارەزا بوون و قاڵ بوونەش بەچی دێتە دی؟ بە مومارەسەی عەمەلی دێتە دی، لەبەر ئەوەی من پێم وایە (63) ساڵەكە بە ئیختیاری بێت، لەبەر ئەوەی عومری تەعینمان تەحدید نەكردووە، عومری تەقاعودیەكەش تەحدید نەكەین بە رەغبەتی خۆی بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

شێخ فەتاح فەرمووە.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشەكی بەخێرهاتنی جەنابت دەكەمەوە، من پرسیار دەكەم فەرق چیە لە بەینی موەزەف بەگشتی و حاكم، كە موەزەفێكی فەقیری بەستەزمان لە تەمەنی (63) ساڵیدا تەقاعود دەبێت، جا بۆیە هەموو ئینسانێك بە قەناعەتی خۆم وایە، كە عومر گەیشتە (60) تووشی كەم نەشاتی و تووشی كەسل و مەلەلێك دەبێت، بۆیە وا باشە ئێمە لە (63) ساڵیدا وەكو هەندێ برادەر باسیان كرد، من خۆم رەئیم لەگەڵ ئەوەیە

له (63) ساڵی ڕێگه بکرێتەوە بۆ تەقاعودی، بەڵام له (65) بەو لاوە ڕێگە نەدرێت زیاتر، بۆ ئەوەی ڕێگەی خەڵکانی گەنجیش بدەین وەکو هەندێ لە برادەران باسیان کرد، بێن لەو ساحەیە, لەو مەکانە پیرۆزە دانیشن دەوری خۆیان ببینن، جا من ڕەئی خۆم وایە (63)، بەڵام ئەگەر هەر ناکرێت (65) ساڵەکە، بۆ ئەوەی ڕێگای خەڵکانێك نەگرین بێن بتوانن ئەو دەورە ببینن و, لەگەڵ ڕێزو سوپاسم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یا شێخ نوقتەی نیزامیت هەیە فەرموو.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

له دەستپێکا ڤە ماددەدا جەنابێتە ئیشارە پێ کر، کە چەند موقتەرەح هەی لەسەر عەمرێ (63) و (65) و (70) زیاتر، یان کەمتر، جەنابێتە گوهەر دوو نەفەر پێ باخڤن سەر هەر سالا هەر یەکە یە دەقیقە، ئەڤە بۆ هەر سالەك، چارا، پێنجا پێ ئاخاڤا، ئەز دبێژم عیلاجێك بکە، پێویستی هەموو شتێك دەوری یەك شت خرڤە ببیت، ڤا موقتەرەحا بێخە دەنگدانێ و لێی خەلاس بین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس یا شێخ بۆ نوقتەکەت، بەڵام ئەو پێشنیارەی من قەبول نەکرا، داوایان کرد هەموویان قسە بکەن، پێشنیاری کاك فرسەتیش بوو، ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی بە ڕەئی منەوە، من دەڵێم ئەو موقتەرەحەی لیژنەی قانونی هەر لەم ماددەیە زۆر باش چارەسەر کراوە، لە (65) ساڵیەکە من لەگەڵیمە کە ئەعلا حەد بێت، پێش ئەویش لە بڕگەی سێ دەڵێت دەتوانێت بەر لە تەواو کردنی عومری (65) ساڵیەکە داوای خانەنشین کردن بکات بە هەمان مووچەو دەرماڵەی جارانی خۆی، من لەگەڵ ئەوەمە وەکو زۆربەی برادەران، کە ئەو دەسەڵاتە نەدرێتەوە سەرۆکی هەرێم، هەر دەسەڵات لە بارەی خانەنشین کردن نەدرێتە هیچ لایەنێك، نە مەجلیسی قەزاو، نە سەرۆکی هەرێم، بەپێی یاسا چارەسەری بۆ بکرێت، بەڕاستیش هەندێك لە برادەران کە باسی خیبرە دەکەن، هەموو سلکێك ئەگەر سەیری بکەیت، تا زیاتر تێدا شارەزا بیت بەپێی مومارەسەی ساڵانەی خۆی زیاتر مومارەسەی لێ پەیدا دەکەیت، بەڵام ئەوە نییە بەڕاستی ئەو قسەیەش لێرە دەکەمەوە، خەڵکی ئێمە زۆر حەزی لە کورسییە، زۆر زۆر حەزی لە کورسییە، نەك لەبەر ئەوەی توانای خزمەتی هەیە لەسەر کورسیەکە دادەنیشێت، نەخێر هەر لەبەر ئەوەی کە حەزی لە کورسییە، زۆر جار لەسەر کورسیەکە دادەنیشێت ڕێگە لە خەڵکی دیکە دەگرێت، کە نێتە سەر ئەو کورسیە، ئەو کورسیە ئیشغال نەکات، ئەمە بەڕاستیش بەو تەمەنەیە، کە ئێمە حەفتا ساڵیەکە بۆی بەجێ بهێڵین، بەڕاستی ڕوحی مونافەسە لەناو سلکی دادوەریش دەکوژین, ناهێڵین ڕوحی مونافەسەکەش لەناوی دروست بێت، بتوانێت گەنجەکان بەرەو ئەو لایانە بڕۆن، جگە لەوەش بەڕاستی من خۆم لە بیست و شەش ساڵی تەعین بووم وەکو مامۆستای جامیعە ماستەرم وەرگرت

تەعین بووم، لەبەر نەبوونی مامۆستا هەندێك جار (36) وانەم لە هەفتەیەكدا دەگوتەوە، دائیمەن حیسابی ئەوەم دەكرد، دەمگوت وای (37) ساڵی تر من دەبێت لەو حاڵەتە بم، بەپێی ئەو ئامارەی كە كاك ئیحسان بەیانی كرد (59) ناوەند تەمەن لە لای ئێمە، ئەوە ئەو حاكمە، یان هەر لایەنێك بێت هیچ خۆشیەكی لە ژیانی نەبینی، نەیتوانی دوو ساڵ ئیسراحەتی خۆی بكات لە ماڵەوە پێش ئەوەی بمرێت، بەپێی قسەی جەنابیشت كە حەفتا ساڵ دیاریت كرد كە ناوەندی تەمەن بێت، با ئەو پێنج ساڵە بۆ ئەو بمێنێتەوە، لەو پێنج ساڵە ئەو هەموو خیبرەو شارەزاییەی كە وەرگرتووە با بتوانێت لە رێگەی نووسینی كتێب، ئەی كتێب نووسین بۆ كەی دەمێنێتەوە، هەموو شارەزایان، هەموو ئەو مامۆستایانەی كە لە دەرەوەنە لە دوای تەمەنیان، كە كاتی مومارەسە كردنیان نامێنێت لە ماڵ دادەنیشن، ئەو هەموو خیبرەو شارەزاییەیان وەرگرتووە لە رێگەی كتێب دادەرێژن، بۆ ئەوەی لەبەر دەستی گەنجان حازر بێت، بۆ ئەوەی بتوانن سوود لە مومارەسەكەیان وەربگرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مقیاسەكان جیاوازە، هەر یەكە لە تەجروبەی خۆی قسە دەكات، لە دیدو رۆشنبیری خۆیەوە قسە دەكاتن و زۆر جاریش یەعنی بەڕاستی هەندێ جار ئەگەر دەنگیش ناكەیت ناكرێتن، ناكرێتن ئێمە هەموو پلەیەك وەكو خۆی تەماشا بكەین، جارێ ئەگەر شایستەی ئەو پلەیە بێتن یا رەبی سەد جار موبارەكی بێت، پێویست ناكات باسیشی بكەین، ئەگەر شایستەی نەبێتن، ئەوە ئسلوبی خۆی هەیە بۆ لابردنی، ئیسلوبی دیموكراتی هەیە، قەزا هەیە تەقیمی دەكات، سنفەكەی رادەگرێت پێشی نەخاتن، ئێمە ناكرێتن مەسەلەن دكتۆرێك ژیانی ئینسانی بێتە بەر دەست و ئەگەر دكتۆرێكی باش بێت ژیانەكەی رزگار دەكات، ناكرێتن حیسابی بكرێتن لەگەڵ فەرمانبەرێكی تر، یەعنی دنیا وا خوڵقاوە، ئێستا دەبێت لە هەموو كاتێكدا بیر بكەینەوە، ئەی فلان سنف ئەو جیاوازییە بە رۆژێك و دوو رۆژ جیا نەكراوەتەوە، تەبیعەتی ئینسان ئەوەی دەوێت، موجتەمەع جیایە، تەبەقاتە، وەزارەتی جیاوازی هەیە، قازییە، دكتۆرە، موهەندیسە، هەر یەكە ئیشی خۆی دەكات، هەموو پێكەوە هین دەكەن، ئەو جیاوازییەی كە هەیە لەبەر رۆشنایی پلەكەیەتی، كە پێویست دەكاتن هەندێك شت وەكو دكتۆر و لێرەدا كە باسی قازی دەكەین لەوێ ژیانی ئینسانی بە دەستە، لێرەش هەمان شت عەدالەتی دەدەیتە دەستی، بۆیە دەبێت تۆزێك تایبەتمەندی بدەیتێ، دوایێ مەسەلەن ئاماژە كرا مامۆستا یەكسەر كولیەی تەواو دەكات, یەكسەر دەبێتە مامۆستا، قازی رەنگە پازدە ساڵی بوێت، دوازدە ساڵی بوێت، ئینجا دەبێتە قازی، شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شیرین عبدالرحمن دینۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئیش ڤێرێ نوكە ئەز رێزم هەیە بۆ كاك عوسمانی گوت، هەر كەسك نابێت ئەڤ قسە بكات و ئەڤە بكات، ئەز بێژم ئەگەر ئازادی جیهانا مەفروزە پەرلەمانی ئەندام ئازاد بێت، هەر قسەك هەبێتن بێژیتن، هەر یەكە رەئیا خۆ دیاری بكاتن، دی بزانین و دیڤ بۆچوونێت وی هەر بابەتێك هەبیت، راستە بەلكەم هەمی

ئیختیصاصێ هەر قانونێك، بەس هەر ئێكێ ئازادە، برادەرا گەلەك شیروكە مەوزوع دیار كرو تەوزیح كر دانێ گەل هەندێ گەل ئەز تەئیدی لیژنا قانونی دكەم بۆ (65) سالی عەمر بێتە تەحدید كرنێ، مادام هەر سلكەك هەبێتن ئێ عەمری هاتیتە كرنێ تەربیەو هەر جیهەتێك هەبێت، مەفروزە دادوەری ژێ ئەو سەقف نەڤە كری بێتن (65) سالێ باشە، ئەم نەدەینە مقابیلی، ئەم بێژین ئەم سەح كردنی ئەڤ دەوڵەتا پێشكەڤیت سەح كرنا ئەوروپا، ئەم تەقلید بكەن، ئەم سەح كرنا شەخصێ خۆ زێدە زێدە وەستاینە، ئەم سەح كرنێ مەشێت سالی مەقابیلی وان وەكی سالی دیاری كرن، یەعنی جیاوازی هەیە، ئەز تەئیدەت دكەم بۆ (65) سالێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئێمە لە زۆربەی مەیدانەكان پێویستمان بە گەنج هەبێت، بەلام پێم وایە لە مەیدانی قەزا پێویستمان بە خیبرەی پیرەكان هەیە، زۆر جار خەبیرە پیرەكان چالاكترن لە گەنجەكان، ئێمەی گەنج خەوی بەیانیانمان گرانە، باوەڕ بكە ئەوان خەویان زۆر سوكتریشە، هەندێك جار پێشی ئێمە را دەكەن بۆ ئیشوكاریان، ئیختیارەكان ناخۆشترین شت ئەوەیە كە بێ ئیش بن، كە تەقاعود كرا زۆر لە لای ناخۆش دەبێت، بەلام بۆ مەسەلەی پیرو گەنجی من تەماشای تەقاعود دەكەم لە دوو ڕووەوە، لە ڕوویەكەوە كە تەقاعود ئەگەر مافێك بێت بۆ فەرمانبەر مافی خۆیەتی حەقە ئەو مافەی زوو بەكار بێنێت، بۆ خۆی داوا دەكات مافی خۆی زوو داوا دەكات، لەوانەیە (63) باش بێت، بەلام ڕووەكەی تری ئەگەر وەربگرین، حەقی موجتەمەع و دەوڵەت لەسەر ئەو فەرمانبەرە، لەسەر ئەو دادوەرە، كە زۆر پێوە ماندوو بووە، كە پێی گەیاندووە كە موخەصەصاتی باشی بۆ داناوە، حەقە ئیشی زیاتر بكاتن، مادام لە توانایدا هەیە، بۆیە تەمەنی زیاتری بۆ دادەنێین، تەمەنی (65) بۆ دادەنێین لەگەڵ ئەوەشدا ئمتیازاتی باش دانراوە بۆ ئەو قازیەی كە تەقاعود دەبێت، من پێم وا نییە قازیەكان سوور بن لەسەر كورسیەكانیان ئەگەر توانای تێدا نەمێنێت، ئیمتیازاتی باشی هەیەو، كە گەیشتە (63) سالی حەقی خۆی هەیەو داوای تەقاعودی دەكات، پێویست ناكات بترسێی لە دیاری كردنی عومرێكی سەرەوەتر، بەلام لەبەر ئەوەی پێغەمبەر دەفەرموێت (د.خ) (لا يقضي القاضي حين يقضي وهو غضبان)، یەعنی حاڵەتی صحی و نەفسی قازی ئەوانە هەمووی زەرورە، جێی خۆیەتی مەجلیسی قەزا ساڵانە داوای فەحسێكی توبی بكات، مەسەلەن فەحسێكی ئیلزامی بۆ ئەو قازیانەی تەمەنێكی موعەیەنیان هەیە، ئەگەر دیتی لەو فەحصە توبیانە ناتوانێت ئەدائی واجبی خۆی بكات، ئەسبابی صحی تەواو نییە، دەتوانێت ئەو كات مەجلیسی قەزا بە بڕیارێك، ئەوجا لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا، حەفتاو دوو ساڵیە، هەر كاتێك بە تەقریری توبی، یان بە تەقدیری لیژنەی مەجلیسی قەزا گەیشتە قەناعەت تەقاعودی پێ بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گوڵناز خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە ڕەئی کاك عوسمان و کاك عومەر دەکەم، بەڕاستی قازیەکانیش دێنە سلکی قیادەوە، ئێمە نە بۆ وەزیرو، نە بۆ سەرکردەکان و، نە بۆ ئەندامی پەرلەمان تەمەنی بەرزمان دیاری نەکردووە، بۆیە ئەوانیش سەرمایەی میللەتن، یان سەرمایەکن کە بۆ بەرژەوەندی گشتی ئیش دەکەن، ناکرێت تەمەنیان بۆ دیاری بکەین، لە ڕوویەکی ترەوە بۆ سەیری سوودی گشتی بکەین، ئێمە هەموو ئیمتیازە ماددیەکانیان دەدەینێ، پاش خانەنشینیش، بۆیە ئەو سوودی لەوە نییە، ئەگەر دەوام بکات، یان نەکات، مووچەو دەرماڵەکەی بەردەوام دەدات بە ئیختیاری بێت، ئەگەریش هەر ئیلزام بێت لە دوای حەفتا ساڵیەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محەمەد صالح فەرموو.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی سەرەتا دەبێت بڵێین ئەوە مەزندە دەکرێت، کە قازی لە کاری خۆیدا، بڵێ لە سی ساڵیەوە دەبێت بە قازی، بەحەقیقەت دەبێت زۆر خۆی ماندوو کرد بێت، بۆ ئەوەی کارەکانی وەکو پێویست، بۆ تەسبیتی عەدالەت، بۆ جێگیر کردنی عەدالەت کارەکانی ئەنجام دابێت، لەو بارەشەوە تەبعەن کاری قازی، یان ئەوەتە دەبێت بیر لەوە بکرێتەوە، بۆ ئەوەی کە تەجریمی ئینسانێکی بەریئ نەکرێت، یان تەبریئەی ئینسانێکی موجریم نەکرێت (39) ساڵ پێم وا بێت ساڵانێکی زۆرە، ئینسان بە حەقیقەت چاك تیایدا ماندوو دەبێت، بۆیە من پشتگیری لە ڕەئی لیژنەی قانونی دەکەم لە (63) ساڵەوە ئیختیاری خۆیەتی، لە (65)یش حەدی نیهائی بێت بۆ تەقاعود کردنی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محەمەد حەکیم فەرموو.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە حەقیقەت منیش قسەم بکردایە هەر دەبووە نیزامی، یەعنی بەردەوام قسەم بکردایە، بەس ئیحتیرامەن بۆ جەنابت، چونکە قەناعەتم نەبوو نوقتەی نیزامی بێت، من ڕەئی خۆم دەڵێم پێش ئەوەی دوو تەعلیق بدەم، یەکەم/ ئەوەیە ئێمە لە ماددەکانی پێشتر هەم لە ستاندەر لاماندا بەراورد بە وەزارەتەکانی تر لەسەر

ڕەئی کاك حاکم نورالدین، هەم لە زۆر شتی دیکەدا، مەسەلەن ڕەئی ئێوەمان بە پەسند وەرگرت، ئەو ماددەیە لەوانە ئەوەتر بوو، کە ڕەئی ئەو وەرگرین و یەکسەر تەصویتی لەسەر بدەین، لەگەڵ ڕەئیەکەی لیژنەی قانونی، من لەم دواییە لێم تێکچوو، یەعنی پێم وا بوو باسی تەمەنی ڕەئیس حزبەکان کرا، یەعنی زۆری لێ دروست بوو، خۆ هەر تەمەنی دادوەرەکانە، نازانم بۆ وا هینی لێ دەرچوو، ئەگەر نازانم برایانی لیستی سەوزو زەرد بە ئامۆژگاری، بە برایانە لێم وەربگرن، بە حەقیقەت هەندێك شت کە دەبرێتە بابی هینی حزبییەوە، من دیقەتمداو حەزم کرد برایەك، یان خوشکێکی لیستی زەرد بڵێ حەفتا، برایەك، یان خوشکێکی لیستی سەوز بڵێ (65) نەبوو، یەعنی وەکو شتێکی حزبی لێ دێت، ئینسان نەختێك دڵی دەگیرێت، ئەگەر شتێکی بەسیت بکرێتە شتێکی حزبی و ڕەئیشم ئەوەیە، ئەو دوو ڕەئیە بخرێتە دەنگدانەوە، بگەڕێنەوە بزانن ڕەئی کاك حاکم نورالدین ڕەئیەکەی خۆی وت، لە زۆر شتی تریشدا ئێمە گەڕاینەوە سەر ڕەئی ئەوان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاك محەمەد، خۆی من یەك شتت بۆ تەئکید دەکەمەوە، ئەوەندەی من بزانم هیچ تەوجیهێکی حزبی نییە، بۆ ئەوەی تەمەن هین بێت، ڕەنگە مەسەلەن من ڕەئیەیەك بڵێم، یەعنی مەکتەبی سیاسی بۆ دابنیشێت بڵێ دەبێت تەمەن ئەوەندە بێت، بەڵام ڕەئیەك بڵێم بەو ئیعتیبارەی کادیرێکی حزبیم، ڕەنگە وا تەسەور بکەن ئەوە ڕەئیەکی حزبییە، لەبەر ئەوە برادەرێکی تر قسە دەکاتن لە لیستی زەرد دایە وا تەسەور دەکاتن، ئەوەندەی من بزانم هیچ تەوجیهێکی حزبی نییە بۆ تەمەنەکە، بەڵام تەبعەن ئەندامانی فراکسیۆنەکان مونسەجیمن لەگەڵ یەکتری، ڕەنگە قسەیان لە بەینی خۆیان کرد بێت، ڕەئیەکیان تەوحید کرد بێت، ئەوە مەوزوعێکی ترە، بەڵام هینی حزبی نییە، بە هەر حاڵ کاك دکتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وا دەزانم کەوا ئێمە بەشێکین لە وڵاتانی جیهاندا، ئەو وڵاتانەی کەوا بەرەو پێشکەوتن دەچن لە بواری دادوەری و ئەکادیمیدا، هیچ تەمەنێکیان دانەناوە بۆ ئەو کەسانەی کەوا دەیانەوێت بە خواستی خۆیان درێژە بە خزمەت بدەن، بەتایبەتی لە بواری کار کردن لە دادوەری و لە ئەکادیمی لە زانکۆیەکاندا، پێویستە ڕێگا بەو کەسانە بدرێت، کەوا ئەزموونێکی زۆریان هەیە، کەوا توانایەکی زۆریان هەیە لە بواری ئەکادیمیدا درێژە بە خزمەتیان بدەن، لە زانکۆی سۆربۆن، پرۆفیسۆر مازۆرن باب و کوڕ پێکەوە مامۆستا بوون لە عەینی زانکۆدا بە بەردەوامیش دیراسات و لێکۆڵینەوەیان بڵاو دەکردەوە، کاك عومەر ئاماژەی بۆ ناوی چەند دادوەرێك کرد، کەوا جێگای شانازین بۆ وڵاتەکەمان، بەتایبەتی خوالێخۆش بوو کاك ڕەشید و کاك صالح و ئەوان خوا دەست بە تەمەنیانەوە بگرێت، کە تا ئەو ڕۆژەی لەسەر کاردا مابوون، لە زۆر گەنجان باشتر بوون، من لەگەڵ ئەوە دام کەوا تەمەنی (65) ساڵ بکرێت بە تەمەنی خانەنیشین کردن بۆدادوەران ئەوەی ئارەزووی هەیە، بەڵام با دەسەڵاتیش بدەین بە ئەنجومەنی دادوەری، بۆ ئەو دادوەرانەی

کەوا ژمارەشیان زۆر زۆر کەمە، گەیشتۆنەتە پلەی سەرەوە، بتوانن درێژە بە خزمەتیان بدەن، تاکو ئەو ماوەی کەوا دەتوانن خزمەت بکەن، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە تەئکید خانەنشین کردن شتێکی خۆش نییە، پێم وایە زۆرینەی هەرە زۆری خەڵك حەزی لێ نییە خانەنشین بکرێت لە کاتی خۆیدا، لەبەر ئەوە بۆیە راو بۆچوونی جیاواز هەیە لەبارەی ئەم بابەتە، بۆ ئەوەی دیسانەوە نەڵێن دوو کوتلە رەئی زۆربەی خەڵك کە ئەندامانی پەرلەمان رەئی دوو کوتلەیان گوت، من پشتگیری لە رەئیەکەی کاك تەڵعەت دەکەم، ئێستا رەئیەکەی خۆشم بە بەڵگە باس دەکەم، جارێ رۆژانە حاکم، دادوەر چەندین کێشە دێتە بەر دەستی کە چارەنووسسازن، دەبێت بڕیاری لەسەر بدات، بێگومان ئەم جۆرە کێشەو بڕیار دانەش کاریگەریەکی زۆری دەبێت لەسەر ئەو دادوەرە، تەنانەت کاریگەری دەبێت لەسەر، یەعنی ماندوو بوونێکی زۆری بۆ پەیدا دەبێت، چ ماندوو بوونی فیکری بێت، چ ماندوو بوونی جەستەیی بێت، بۆیە من پێم وایە بە پێچەوانەوە پێویستە زووتر ئێمە فریای کەوین و هاوکاری بین، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو تەمەنەی کە دیاری کراوە، ئەگەر خوا عومری درێژ کرد چەندساڵێکیش بحەسێتەوە، بۆیە من لەگەڵ (63) ساڵەکەم، دوو، سێ برادەری تریش باسی (63)یان کرد، بەڵام باسی ئەوەیان کرد کە ماندوو دەبن، ڤیان خان بوو، مامۆستا مەلا سەعدەدین بوو، کاك شەوقی بوو، خەمان خان دەڵێت ئێمە دەبێت رێز لە بڕیاری پەرلەمان بگرین ساڵی 2004 بڕیارماندواە کە تەمەنی خانەنشینی دادوەر حەفتا ساڵ بێت لەگەڵ رێزمدا بۆ ئەو بۆچوونەی، باشە ئێمە لە هەمان ساڵدا بڕیارماندا تەمەنی مامۆستاش (68) ساڵ بێت، بۆ کردمان بە (63) ئەگەر رێزلێنان بێت لە یاسا، من پێم وایە ئەمە هیچ عیلاقەیەکی نییە بە رێزلێنان لە پەرلەمان، ژیان زەحمەت بووە، ئێمە نابێت بەراوردی ئەوە بکەین خەڵك لە ئەمریکاو لە کەنداو لە ولأتانی ئەوروپا چۆن دەژین و هێن دەکەن، بۆچی بۆ ئیمتیازاتەکان ئێمە خۆمان بەراورد ناکەین لەگەڵ ئەوروپاو لەگەڵ ولأتانی پێشکەوتوو، بەڵام بۆ تەمەنەکە خەریکین بەراوردی دەکەین لەگەڵ ئەوان، دادوەری دادگای نێودەوڵەتی نۆ ساڵ دادوەرە، ئینجا کە تەقاعود دەبێت نیوەی مەعاشەکەی وەردەگرێت بۆ ئاگاداری، ئەگەر زۆر زۆر بەتواناو لێهاتوو بوو پێویست بوو جارێکی تر بۆ نۆ ساڵ تەمدیدی دەکەن، ئینجا 75٪ ئیمتیازاتی دەدەنێ، ئێمە لێرە نەك پەنجا لە سەدا، ئێمە 100٪ ئیمتیازاتی دەدەینێ لە رووی ئیمتیازاتەکەوە، من لەوانەیە زۆر گلەییم نەبێت ژمارەکەیان کەمە، هیچ موشکیلەیەك نییە، با ئەو ئیمتیازاتانەیان بدرێتێ، بەڵام لە رووی تەقاعودییەوە، من پێم وا نییە ئەوە دروست بێت (63) ساڵ زۆر زۆر لە جێی خۆیەتی، کە جێ بەجێ ببێت، بەڵام من مەرجیشم هەیە لەگەڵ ئەوەدا، نەك تەنها (63) ساڵ بێت، دەبێت بە مەرجێك پازدە ساڵ خزمەتی دادوەری هەبێت، ئێمە راستە سێ دوو ساڵ، سێ ساڵمان لێرە

دانا، بەڵام دیاریمان نەکردووە، لێرە دەتوانین دیاری بکەین، بە لایەنی کەمەوە دەبێت پازدە ساڵ خزمەتی دادوەری هەبێت، ئینجا خانەنشین بکرێت، مانای وایە دەتوانێت لە (48) ساڵیش ببێت بە دادوەر، ئینجا لە (63) ساڵیدا تەقاعود بێت، باسی ئەوە کرا ئێمە بۆ سەرۆکەکان و ئەوانە تەمەنمان دیاری نەکردووە، دادوەر فەرقی هەیە، هەتا ئەندام پەرلەمانتارێك دەتوانێت راوێژکاری هەبێت، دادوەر ناتوانێت راوێژکاری هەبێت، دادوەر خۆی قەرار دەدات، کە قەراریدا دادوەر دەبێت لە هەموو روویەکەوە ئامادە باش بێت بۆ ئەوە، ئەگەر ئەو دادوەرە پێویستی کرد لە (63) ساڵی تەقاعود بوو، فیعلەن دادوەرێکی باشەو لێهاتووەو پێویستیمان پێ هەیە، دەتوانین عەقد بکات، با گرێبەست بکات، بۆیە من لەگەڵ (63)یەکەم نە زیادو، نە کەم، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر کەمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ئەم یاسایە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە بە (65) ساڵ، بەڕێز جەنابی وەزیر کە رێزم بۆی هەیە، کە ئەندامە لەو ئەنجومەنە کەچی لێرە لە جیاتی دیفاعی لێ بکات، بە پێچەوانەوە پێشنیارێکی تری خستە روو، بەنیسبەت لیژنەی یاسایی زۆر بۆچوونەکەیان لەجێی خۆیەتی زۆر دروستە کە بە زۆرینەی دەنگ وەریانگرتووە، بەپێی ئوصولی لیژنەکان و دەنگدان و پرۆسەی دیموکراتی هەموو ئەو بەڕێزانە پێی پابەندن و پشتیوانیان لە (65) ساڵەکە کردووە، بەنیسبەت تەمەن لەڕاستیدا لەگەڵ رێزم بۆ بیرو بۆچوونەکانی ئەو بەڕێزانەی کە بیرو بۆچوونی جیاوازیان هەیە، جێگەی رێزە، بەڵام تەمەن تەئسیری گەورەی هەیە لە دادوەر، تەئسیرێکی زۆر بەقوەتی هەیە لەوەی ئەو ئینسانە تا چ تاقەتێك دەتوانێت قەرارێکی دروست بدات، عومر شەرم لە کەس ناکات، بەدەنی ئینسان چەند ساڵە بچێتن تاقەتی فیکری و بەدەنی کەمتر دەبێتن، وردتر نابێتن، لەوانەیە چەند کەسێك ئیستیسنا دەربچن، هەتا نۆەت ساڵیش تاقەتیان هەبێتن، بەڵام بە عام بە زۆرینەی لەو ستاندەردە دەردەچن، توانای بیر کردنەوە، توانای بەسەرداچوون، ئەمە هەمووی قابیلیەتێکی باشی دەوێت، کە باسی جاران کرا حاکم کەم بوو، خەڵکی پسپۆرو زانا کەم بوو، بۆیە مەجبور بووین بهێڵن و هەوڵ بدەن و بمێنن، تاکو ئیستیفادە لە خیبرەیان بکەن، بەنیسبەت ئەوروپاو کوردستانیش بەراورد نەکرێت لەگەڵ یەکتری، ئەوانە لەبن چاودێری پزیشکی باش و پەروەردەی بەدەنی باشن لە زۆر رووەوە، گەلێك گەلێك فەرقیان هەیە لەگەڵ ئێمە، ئێمە لەو وەزعەی کە تیاین بەڕێزتان هەمووتان لەبەر چاوتانە، لە چ وەزعێکی ژیان دەژین، هەتا خواردنەکان، لەم پەرلەمانە پێش چەند رۆژ باسمان کرد، کە نیوەی دەرمانەکان ئێکسپایەرە، نیوەی خواردنەکان ئێکسپایەرە، ئینجا لەناو ئەم گێژاوەو لەناو ئەم موحیتە ئاڵۆزە، ئینجا سەیر بکە ئەو پەروەردەیەی بەدەنی ئەو ئینسانە روحی و نەفسی و توانای فیکری چەند دەمێنێت کە عومری بگاتە حەفتا ساڵ، بەنیسبەت گەنج، ئێمە

نابێت گەنجی لە بیر بکەین، خەڵکێکی زۆرمان ئەمڕۆ خوێندنی یاسا تەواو دەکەن، وەکو بەڕێزتان بڕیارتاندا لە سی ساڵی حەقیان هەیە بچنە ئەو مەجالە، بەلاّم لە عەینەن کات لەو سەرەیانەوە دەگرین ناهێڵین و فلتەرەکە لە ئاخیریەوە بۆیان دادەنێین، بۆیە ئەوانیش حەقیان هەیە جێگای باشیان هەبێتن و مەجالی باشیان هەبێت، خزمەتێکی زۆر گەورەشە بە دادوەران کە بەو عومرە گەورەیە بە ئیمتیازاتیانەوە بڕۆن تەقاعود بن و دابنیشن، هیچ لە ئیمتیازاتی کەم نەکراوەتەوەو ئیحتیرامەن بۆ شەخصیات و بۆ خەبات و بۆ خزمەتی لە مەجالی قەزا، ئەو مەجالەی پێدراوەو پیرۆزی بێت، بەلاّم ماڵەکەشی و خێزانەکەشی ئیحتیاجی پێیە، لە جیاتی ئەوەی بەیانی تا ئێوارە لە دەوام بێت و شەویش تا بەیانی کاغەز بخوێنێتەوەو شەتب بکات و مولاحەزە وەربگرێت، لەگەڵ خێزانەکەی ژیانێکی بەختەوەر بباتە سەر، بۆیە من پێشنیار دەکەم لە شەرقیش نوقتەیەکی تر ماوە بە حەقیقەت هەندێك برادەر ئاماژەیان پێ کرد، هەندێك من ڕێزم هەیە ناڵێم ئەو حاکمە بەڕێزانەی ئێمەی ئەمڕۆی کوردستان، بەلاّم باوەڕ بکەن هەیە یاسینیشی بخوێنرێت، ئەگەر نەختێك تاقەتی بێتەوە، دەیەوێت بڕواتەوە سەر کورسیەکەی، بۆیە ئێمە دەبێت هاوکاری ئەو بەڕێزانە بین بە ئیحتیرامەوە ژیانی تەبیعی خۆیان ببەنە سەر، بۆیە من پێم وایە عومر تەحدید بکرێت بە یاسا، نەیخەینە بەر ڕەحمەتی ڕەغبەتی خۆی، یاخود ڕەغبەتی مەجلیسێکی تر، کە ئیحتیمالە یەکێك ,کەسێکی تری هەبێت بمێنێت، یەکێك کەسێکی هەبێت نەتوانێت بمێنێت، بۆیە بە قانون لە پێش ئەو حاکمە بەڕێزەش مەعلوم بێت لەم حەددە ئیتر بۆ خۆی دەڕوات بۆ ژیانی تەبیعی خۆی بە ڕێزو ئیحتیرامەوە، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم لە (65) ساڵ زیاتر نەبێتن و هیچ مەجالی هیچ تەرفێك نەبێت، بۆ ئەوەی تەمدید بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەی کە قسەیان کرد، بەڕاستی یەعنی ڕەئی جۆراوجۆر هەیە بە حەقیقەت موختەلیفن، ئەو ئیختیلافەش هیچ شتێك حەسمی ناکات غەیری دەنگدان نەبێتن, زۆرینەو کەمینە، ژمارەیەك لە ئەندامانی بەڕێز ئاماژەیان بە (63) ساڵدا، ژمارەیەکیش (65) ساڵیاندا، ژمارەیەکیش (70) ساڵیدا، بە تەفسیلاتەوە، کە دەڵێت (63) کۆمەڵێك قسەی بەدواوەی دەکرا، کە دەڵێت (65) ساڵ هەروا، کە باسی حەفتاش دەکرێت بەو شێوەیە، تەبعەن ڕەئی لیژنەی قانونی پێشنیارەکەی وا کردووە لە (65) بێتن و دەسەلاّتی سەرۆکی هەرێمیش، یەعنی کەس بۆی نەبێتن زیادی بکات، زۆر لە برادەران کە قسەیان کرد، هەتا کە هەندێکیان گوتیان (63) ساڵ, هەندێك گوتیان دەسەلاّتی سەرۆکی هەرێمی تیا بێت بۆ زیاد کردنی، هەندێکیش گوتیان دەسەلاّتی ئەنجومەنی قەزا هەبێتن بۆ زیاد کردنی تا حەفتا ساڵی، لە (65)یش ژمارەیەك ئاماژەیان پێ کرد، کە دەسەلاّتی ئەنجومەنی قەزا هەبێتن بۆ زیاد کردنی، هەندێکیشیان وتیان حەفتا ساڵ بێتن، لەبەر ئەوە دەبێت ئێمە بە دەنگدان حەسمی بکەین، یەکێکیان تەمەنەکەی، دووەمیش/ کێ دەسەلاّتی زیاد بوونەکەی هەیە، یەعنی زیادی بکەین، ئەوەل جار تەمەنەکەی تەسبیت دەکەین پێم باشە، کاك حاکم فاروق قسەت هەیە فەرموو.

**بەڕێز فاروق جميل صادق/وەزيری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنها تەعلیقێکم لەسەر قسەی برای بەڕێزم کاك دکتۆر کەمال هەیە، دەڵێ بۆ وەزیر ئەو مەشروعە لە ئەنجومەنی قەزائی هاتووە، ئەو وەختە بەخۆی لەوێ بووە سەرپەرشتی بە ئیعتیبار من رەئیسی لیژنەی قانونی ئەنجومەنی وەزیران، چۆن من ئەوەم کردووەو ئێستاش دیفاعی لێ دەکەم، دیارە جەنابی ئاگای لێ نییە ساڵێك زیاترە هاتۆتە پەرلەمان لە مانگی حەوتی ساڵی 2006ەوە هاتووە، ئەو لیژنەی قانونیەی لە ئەنجومەنی وەزیران دانراوە کە من سەرۆکایەتی دەکەم، پاش یەکگرتنەوەی وەزارەتی داد بووە، واتا پاشی مانگی دوو, ئەو مەشروعە ساڵێك و قصور پێشی ئێستا لە لایەن سێ، چوار دادوەر دانراوە دایانە بەڕێز رەئیسی وزەراو جێگری لەو کاتەوە کتابێکی رەسمی هاتووە بۆ پەرلەمانی کوردستان، بەڵام دیارە ئەو وەختی پێیان پێویست نەبووە بیگۆڕن، بەڵام ئێستا لەبەر هەندێ مەسائیلی دیکە، پێویست ناکات من لەبەردەم پەرلەمان لەبەر چ غایەیەك ئەو قانونە هاتە گۆڕێ ,کە پاش ئەوەی ساڵێك لە پەرلەمان کەوتووەو باس نەکراوە، بەڵام حەز دەکەم جەنابی بزانێت من تەئیدی ئەو مەشروعەم نەکردووەو ئاگاشم لێی نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پرۆژەیەی کە هاتووە لە لایەن دەسەلاتی دادوەرییەوە هاتووەو دەسەلاتی دادوەری خۆیان ئەو پرۆژەیان ئامادە کردووە بە رێگای ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆ ئێمە هاتووەو جەلسەی پێشتریش تەفاسیلمدا بۆ تاخیر بووە، ئەسبابی تاخیر بوونەکەی مەعلومە، ئەوە یەك.

من حەزم دەکرد و تەماناشم دەکرد، ئەوەند دیفاع لە درێژ بوونەوەی تەمەنی حاکممان دەکرد، ئەوەندە دیفاعمان لەو مەعهد قەزائیە کرد بوایە، ئێمە سوڵتەی قەزائی خۆمان تێکماندایە، ئێمە لە قانونی وەزارەتی داد مەعهد قەزائیمان دانا، حەق وایە ئێمە فشار بخەینە سەر حکومەت بە زووترین کات قانونی مەعهدی قەزائی پەسند بکاتن، بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین نەوەیەکی قەزائی تازە دروست بکەین دوور لە سیاسەت و حزبایەتی، ئەمەیە ئایندەی قەزائی و ئەمەیە چەسپاندنی سەربەخۆی قەزا، ئەوەی کە روویداوە بەڕاستی هەمووی بە خۆمان تێکمان داوە، مەسەلەکەی عومرەکە دێتن، راستە عومرەکە ساڵی 2004 گۆڕانکاری بەسەر عومرەکەی داهات، ئێمە ئەمڕۆ بەرەو ساڵی 2008 دەڕۆین زۆر تەبیعیە ئەمڕۆ رەئیەکی تر هەبێت، قانونی سوڵتەیەکی قەزائی تر هەبێت بە روانگەیەکی تر تەماشای قانونی سوڵتەی قەزائی بکەین، ئێمە لە لیژنەی قانونی ئەو مەوزوعەمان زۆر موناقەشە کرد، لە ناحیەی عومرەوە فیعلەن ستاندەرد، ستاندەردێکی عالەمی نییە، بەڵام دەبێت ئێمە تایبەتمەندی خۆشمان بزانین، لە عێراق قانونی خدمەی قەزائی نییە، ئەوەی کە ئیعتیمادی لەسەر دەکەین قانون خدمەی مەدەنییە، قانون خدمەی

مەدەنیش لەسەر ئەساسی (63) ساڵ دانراوەو ئێستاش لە بەغدا عومری قازی لە (63) ساڵ یەك رۆژیش تەجاوز ناكات، بەگوێرەی قانونی ئەو قانونەی كە ئێستا دانراوە، ئێمە گوتمان مام ناوەندیەكە وەربگرین (63)یەكەی بەغدا وەرنەگرین، ئێمە (65)ەكەی وەردەگرین، رەنگە (65)ەكە عومرێكی موعتەدیل بێت، ئەمە لە لایەك، لە لایەكی تریشەوە بەڕێزان من لەناو حاكمەكان بوویمە لەناو ئیجتیماعەكەش قسەیەك گوترا، كە ئێستا بۆ ئێوەی بەڕێزی دەگێڕمەوە، بە ئێمەیان گوت عومری حاكم وای لێ نەكەن، وای لێ بێت لە مەحكەمەوە بۆ مەقبەرە، ئەوە قسەی حاكمەكان خۆیانە، ئەوەیان بە ئێمە گوتووە، بۆیە دوای گەلاڵە كردنی ئەو مەعلوماتە، ئێمە هاتینە سەر ئەو قەناعەتە ئەو عومرەی وا لێ بكەین، مەسەلەی ئیستیئناف و تەمییز، خۆمان لە حاكمەكان گوێمان لێ بووە، دەڵێن ماوە بە ئێمە نادرێت بەرەو پێش بڕۆین، بەڵێ ئەمڕۆ من لە محاكمی دنیامە، لە بیدائەمە، سبەی تومۆحاتم هەیە وەكو هەر فەرمانبەرێكی تر بچمە ئیستیئناف، لە ئیستیئنافم ماوەیەك مامەوە لەوێ، تومۆحاتم هەیە بچمە تەمییز، ئەگەر ئێمە عومرەكە زیاد بكەینەوە، ئەو مەجالە بەس دەبێت بۆ ئەوەی نەتوانرێت ئەوانە بە پلەی گەورەتر بڕۆن هەر ئینسانێكیش تومۆحاتی هەیە، بەنیسبەت حەددی ئەعلا، حەددی ئەعلا لە پرۆژەكەدا هاتبوو، لێرە لە پەرلەمانی كوردستان كە لە (40) ساڵ زیاتر نەبێت، لیژنەی قانونی گوتی حەددی ئەعلاكەی (45) ساڵ بێت، بەڵام دەنگی نەهێنا، ئێمە زەرەرمان نییە، ئەوەش مانای ئەوە نییە لە قانونەكەدا نەهاتووە، مەجلیسی قەزا نەتوانێت حەددی ئەعلایەكە دانێت لە قانونی پێشتر ئەو حەددە نەبووە، بەڵام بە قەرارێكی مەجلیسی قەزا ئەو قەرارە تەسبیت كرا, بوو بە پەنجا ساڵ، دیارە كراوە، من بە حەقیقەت ئەوەندە دەڵێم، دەڵێم دەسەڵات خۆشەو هەر كەسیش حەزی لە دەسەڵاتە، بەس خوای تەبارەك و تەعالە لە قەوانینی سەماوی حەددی بۆ ژیان داناوە، بە هەمان شتیش قەوانینی وەزعی زۆر تەبیعییە حەددێك بۆ تەقاعودی دابنێت، حەق وایە حاكمیش ماوەیەكی زۆر باشی هەبێت، بۆ ئەوەی ئینصراف بكات، بۆ ئەوەی لەو تەمەنە درێژەی كە لە قەزا رایبواردووە، بچێت تەمەنێكی تر رابوورێت لەناو ماڵ و منداڵی خۆی بە گوزەرانێكی خۆش ، زۆر سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، رێگا دەدەم بە كاك كەریم وەكو لیژنەی قانونی، چونكە گوتیانە ئەكسەریەتە، بۆ ئەوەی ئەقلیەتەكەی لیژنەی قانونی رەئی بدات.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەمەوێت ئەو بۆچوونە راست بكەمەوە، كە لە تەقریرەكەش هاتووە، زۆرینەی ئەندامانی لیژنە لەگەڵ ئەوە دابوون لە (65) ساڵ زیاتر بێت، یان كراوە بێتن، یان حەفتا ساڵی بێتن، هەر لێرەدا ئەو ئەندامانە زۆرینەیان لێرەدا ئەو رایەیان دا، زۆرینەی ئەندامان كاك زانا، كاك دلێر، من، كاك تارق، دكتۆر نوری هەر

پێنجمان، نۆ ئەندام کۆبووینـەوە لـەو نـۆ ئەندامـە پێنجی لەگـەڵ ئەوەدانـە زیـاد بکرێـت، چواریان لەگەڵ ئەوەدانە (65) بێت و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە هەر حاڵ زۆرینەو کەمینەی لیژنەی یاسایی لێرەدا کۆتایی پێ هـاتووە، موناقەشـە تـەواو بـووە، یەکـەم/ تەحدیدی تەمەنی تەقاعودییە، یەعنی تەصویتی بۆ دەکەین.

دووەم/ تەصویت بـۆ ئـەوە دەکـەین، پاشـی ئـەو تەحدیـدە، پاشـان نەتیجەکـە دەزانـین، ئایـا حـەقی ئـەوەی هەبێت سەرۆکی هەرێم، یان مەجلیسی قەزا تەمدیدی بکاتەوە، یان نا، چ صیغەیەك، یەکەم جار تەمەنەکە تەحدید دەکەین، تەمەنەکەش وەکو ئیتیفاقمان کرد لە سەرۆکایەتی یەکەم موقتـەرەحی کـەمترین تەمـەن دەیخەینە دەنگدان، یـەعنی (63)، دوایێ ئەگـەر سـەری نـەگرت (65)، ئەگـەر سـەری نـەگرت (70)، بـەڵام ئەگەر کامەیان سەری گرت، ئەو وەختی هین دەکەین، کێ لەگەڵ ئەوەیـە تەمـەنی خانەنشـین کردنـی قـازی (63) ساڵ بێتن دەستی بەرز بکاتـەوە؟ زۆر سـوپاس، نـەخێر جەبرییـە، کـێ لەگـەڵ ئەوەیـە تەمـەنی قـازی (63) بێت، کاك فرسەت وەکو ئەوەی تەجروبەی زیاتری هەیە گوتی لە کەمتری تەمەن دەست پێ دەکەین، لەبەر ئەوەی لە تەمەنی (63)یەکە دەست پێ دەکەین، دوایێ (65)، دوایـێ (70)، نوقتـەی نیزامییـە کـاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(63) هەر تەئیدی (65)ە، تەمەنی (65) و (70) بدرێت تەواو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر وا نییە، فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بیدایەتی کاك شێروان داوای ئەوەی کرد، کە رەئی لیژنەی یاسایی لەبەر چاو بگیرێت، حەقـە هـی ئـەوان بدرێتە دەنگدان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە لێرە قەرار دەدەین کاکە، لێرە سەرۆکایەتی قەرار دەداتن، ئەی بۆ دەیدەینە موناقەشـە، خـۆ ئـەگەر وا بێتن لیژنەی قانونی چی دەڵێتن دەیدەینە دەنگدان و تەواو، کە بووە موناقەشەو قسەتان لەسەر کرد، ئێمە لێرە ئیشمان ئەوەیە چاومان لە هەمووتانە تەقیمی بکەین، بزانین چ موقتەرەحێکی تازە هەیەو چی قەرار بدەین، لیژنەی یاسایی موقتەرەحی خۆی هەیـە، ئەگـەر بیدایەتەکـەی قسـەتان نـەکرد بوایـە، ئـەوە دەخـرا دەنگدانەوە، کە هەمووتان قسەتان کردو داواتان کرد، سێ پێشنیار هاتۆتە پێشەوە، یەکێکیان رەئـی لیژنـەی قانونییە، کە (65)ەکەی داوا کـردووە، یـەکێکیان (63)یـە، یەکێکیشـیان حەفتایـە بـە عـام، قسـەش لەسـەر

ئەوەی کرا لیژنەی یاسایی دەڵێ حەزی دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم بکرێت، لێرەدا هەندێك ئاماژەیان پێ کرد سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتی هەبێت تەمدید بکات، هەندێکیان وتیان نەخێر، ئەو دەسەڵاتە بدرێتە ئەنجومەنی قەزا، بۆیە ئەو مەسەلەی دەسەڵاتی تەمدید کردنەکە بە جیاواز دەنگی بۆ دەدرێت، ئێستا تەصویت تەنیا بۆ تەمەنی خانشین لە کێ دەست پێ دەکات، یەعنی جەبری، لە یەکەمەوە دەست پێ دەکەین چوار، پێنج ئەندام زیاتریش قسەیان کرد، کە دەڵێت لە تەمەنی (63)ساڵی بێتن، ئەوە ناکرێت هەر دەقیقەیەك قسەیەکتان هەیە، کێ لەگەڵ ئەوەیە تەمەنی خانەنشینی دادوەر (63) ساڵ بێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ (63) ساڵی ئیجبارییە، ئەوە سەری نەگرت، ئێستا تەمەنی (65) ساڵیەکە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە تەمەنی خانەنشین کردنی قازی (65) ساڵی بێتن ئیجباری دەستی بەرز بکاتەوە؟ (45) ئەندام لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵ ئەوەدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ ئوصولی دەنگدان (63) ساڵیەکە دەنگمان بۆدا چوار، پێنج کەس دەنگیان بۆ دا، ئەوە مەحسوم بووە، ئەو دەنگی نەهێناوە، (65) ساڵەکە (45) کەس دەنگی بۆدا قاعەکەش لە هەشتا کەس زیاترن، بزانین ئەو دەنگدانەکەش زۆرینەیە، یان کەمینەیە، هەندێك هەیە بێ دەنگە، بۆیە لەبەر ئەوە دەبێت بزانین کێ لەگەڵ (65)ەکەیە، یان نا، ئەو وەختی دەچینە سەر حەفتا ساڵیەکە، کێ لەگەڵ ئەوەدا نییە تەمەنی خانەنشینی (65) ساڵ بێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ (40) کەس لەگەڵ دا نییە، کەواتە (65)ەکە دەنگی هێنا، چونکە (40 بە 45)ە، حەقی خۆیەتی، دەتوانێت دوو جار دەنگ بدات، هەر کەسێك لە (63) دەنگی دابێتن، دەتوانێت لە (65)یش دەنگی بداتن، تەبیعییە، بەڵێ کاك عوسمان.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە ئیلتیباسێکی دروست کرد، دەبوایە بتگوتبوایە کێ لەگەڵ حەفتا ساڵیە، بەڕاستی هەندێك دەنگیان نەدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ئێمە قەرار دەدەین کاك عوسمان، ئێمە گوتمان لە کەمترین تەمەن دەست پێ دەکەین، موفقتەرەحاتی جیاوازم کرد، کوێستان خان فەرمووو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێوە سەرۆکایەتی قەرارتاندا (63)و (65)و (70) بخەنە دەنگدانەوە، پێویست بوو دەنگدانەکە وا بێت، مەسەلەی کێ لەگەڵ (65) نییە، ئیلتیباسی دروست کرد، بۆیە داوا دەکەین (65) و (70) بخرێتە دەنگدان، ئەوەکەی تریان دەنگێکی زیاد بوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

قاعیدەی دنیا لە هەڵبژاردن، کاك دلێر فەرمووو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەنگم لەگەڵ هیچ شتێك نەدا، لەبەر ئەوە من پێشنیاری ترمان هەبوو، (65) ئیختیاری بوو، حەفتاش ئیجباری بوو، ئێستا (65) بوو بە ئیجباری، یەعنی ئیختیارەکە نەما لەو بەینە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو موفتەرەحەی جەنابت تەنیا دوو کەس گوتی، لەبەر ئەوە نەبووە موفتەرەح، ناکرێتن هەر شتێك نوقتەی نیزامی، فەرموو کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەوەتی دەنگدانە، ئێمە ئەوەمان نەکردووە، کێ لەگەڵ ئەمەیەو، کێ دژیەتی، جا سێیەم پێشنیار بخەینە دەنگدانەوە، ئەمە یەکەم جارەو تازەیە ئەم شێوە دەنگدانە، بۆیە داوا دەکەین حەفتا بخرێتە دەنگدانەوەو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە موشکیلە نییە، ئەگەر حەسم نەکرا بوایە، ئەگەر (63) حەسم کرا بوایە، (65)یش نەدەخرا دەنگدانەوە، ئەگەر لە حەفتاش دەستمان پێ کرد بوایە، دیسان (63) نەدەدرا دەنگدان، مەعقول نییە، تۆ حەقت هەیە لە هەر سێ موفتەرەحەکە رەئیت بگۆڕیت، بەڵام مەعقولە لە هەر دەنگدانێکدا رەئیەك نەوعێك بێت، ئەوە مەنتیقە، کە لە (65)دا چل کەس دەنگیدا لەگەڵی نییە، چل و پێنج کەسیش لەگەڵدایە، دەنگدانەکە بوو، حەفتایەکە عەینی شتە ناکرێتەوە، بەڵام لەوێ حەسم کرا، ناکرێت بچینەوە سەری، تەواو حەسم کراوە، حەقی خۆیەتی دەنگی نەداوە کەیفی خۆیەتی، کێ دەڵێ دەنگی نەداوە، موفتەرەحێکتان هەیە دەنگی نەهێناوە، مانای ئەوە نییە، دابنیشین تەعن لە دەنگدانەکە بدەین، خۆم دەنگم دابوو, دژی (65)ەکەی خۆم دەنگم دا، دەنگی خۆشم ژمارد دژی (65)ەکە، لەگەڵ دەنگی خۆم بووە چل، بە مانای ئەوە نییە کە دەنگم نەهێناوە، من پێم وایە ئەوەی خۆشمان کردمان تەحەمولی مەسئوولیەت دەکەین، حەز دەکەن لە هەموو دنیادا بپرسن، ئەوەی کردوومانە راستە، یان لە حەفتا دەست پێ دەکەین، یان لە 65 کامیان زۆرینەی هێنا ئەوە حەسم دەبێتن، ناکرێت برادەر، رەئیەك کە دەنگی نەهێنا، نابێت فەرزی بکەیت بە توروق و هین و ئەوانە، ئەوە هەردوو حاکم لێرە دانیشتوون رەئیان جیاوازە، بەڵام بەو تەریقەیە حاکم نورالدین وەکو حاکمێك، وەکو دادوەرێك داوات لێ دەکەم، بەم دەنگدانە تەعن لێ دەدەیت، یان نا، فەرموو.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی خیلاف لە بەینی (65) و (70)یەکە بوو، یەعنی (65) بوایە، یان حەفتایەکە، بەڵی تەریقەی دەنگدان لە (65)ی هێنا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەوە حاكمیش رەئیدا، دەڵێ هینەكە تەواوە فەرموو، ئێستا دەمێنێتەوە سەر ئەوەی سەرۆكی هەرێم لیژنەی قانونی دەڵێ حەزف بكرێتن، زۆر رەئی گوترا، كە سەرۆكی هەرێم دەسەڵاتی هەبێت بۆ ئەوەی تەمەنەكەیان زیاد بكاتن، رەنگە (65) كەم بێتن، هەندێك گوتیان حەفتا، پێنج ساڵ و ئەوانە، هەندێكیشیان گوتیان نەخێر ئەو دەسەڵاتە بدرێتە مەجلیسی قەزا خۆیان هین بكاتن، بۆیە من لەگەڵ كاك دكتۆر كەمال و كاك فرسەتیشدا باسمان كرد، صیغەیەكی موعتەدیل كە هەردوولا بدرێتە ئەوان، ناكرێت تۆ لەو مەسەلەیەدا، دەبێت جیهەتێك هەبێت حەسمی بكات وەكو مەرسومیش بێتن، سەرۆكی هەرێم دەبێت ئەو دەسەڵاتەی هەبێت، بەڵام بۆ ئەوەی دەسەڵاتی قەزا سەربەخۆ بمێنێت و دەسەڵاتی جێ بەجێ كردن هیچ دەسەڵاتێكی بەسەردا نەبێت، یەعنی واتا دەسەڵاتی قەزا موحتاجی دەسەڵاتی جێ بەجێ كردن نەبێت، ئەو دەسەڵاتە سەرۆكی هەرێم بۆی هەیە پێنج ساڵ زیاتر نەبێتن، یەعنی بۆیان زیاد بكەن لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی قەزا، یەعنی واتا ئەو دەسەڵاتە ئەنجومەنی قەزا تەحدیدی دەكات، سەرۆكی هەرێم بەس مەرسومەكەی بۆ دەردەهێنێت و موافەقەتەكەی بۆ دەكات، بەو صیغەیە لەبەر ئەوەی تۆ ئەگەر بیدەیتە دەسەڵاتی قەزاش، ئەوە دەمێنێتەوە سەر میزاجی دەسەڵاتی قەزایەكە بەتەنیا، بۆ ئەوەی ئەو مەوزوعە حەساسە تەقیمەكەی ئەو حاكمە، ئەو قازییە، كە ئیمكانی ئەوەی هەیە دەسەڵاتی قەزا پێشنیار بكاتن بۆ تەمدید كردنی لە پاش (65)ەكە، ئەگەر ئیحتیاجی بوو بە مەرجێك لە پێنج ساڵ زیاتر نەبێت، ئەو وەختی ئەوە موقتەرەحی سەرۆكایەتییە، فەرموو قانونیەكان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من دیسان دەگەڕێمەوە سەر رەئی لیژنەی قانونی، كە مولزەمم پێی و برادەرانیش كە لەگەڵ ئێمەش بە ئەكسەریەت دەنگیان لەسەر داوەو بە تەوقیعیش لەلام هەیە، ئێمە لەگەڵ ئەوە داین ئەسڵەن ئەو دەسەڵاتە چ بدرێتە سەرۆكایەتی هەرێم، كە نەدرێتە سەرۆكایەتی هەرێم هیچ موقتەرەحی ترمان نییە، ئێمە لەگەڵ ئەوەینە، ئەو (65)ە وەكو خۆی بمێنێتەوە، سەرۆكایەتی هەرێم پەیوەندی بە درێژ كردنەوەی ماوەكە نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك فاروق و كاك حاكم قسەتان هەیە لەسەر ئەو موقتەرەحە، فەرموو.

**بەڕێز حاكم نورالدین ملا علی/جێگری سەرۆكی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خۆی دادوەر كە تەعین دەكرێت بە مەرسومی ئیقلیمی تەعین دەكرێت، لەبەر ئەوە لێرە لە فەقەرەیەكدا بە مەرسومی ئیقلیمی تەقاعود بێت، لەبەر ئەوەی تەمدیدەكەش ئیستیسنای قانونییە بە ئیقتیراحی مەجلیسی قەزاو سەرۆكی هەرێم مەرسومی بۆ دەربكات بۆ تەمدید، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

کاک کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە رئیەکی دیکە لەناو ئەندامانی پەرلەمان پەیدا بوو، کە مەجلیسی قەزا بۆی هەبێتن، ئەو سەلاحیەتەی هەبێتن، ئەو حاکمەی ئیحالەت بکات بۆ تەقاعود، لێرەدا رەئیەکی تر دروست بوو لەگەڵ رەئی لیژنەی یاسایی، کە ئێمە لە لیژنەی یاسایی ئێمەش لەگەڵ دابووین، ئەو دەسەڵاتەی سەرۆکی هەرێم بدرێت بە مەجلیسی قەزا لە کۆبوونەوەکانی لیژنەی یاساییدا، بۆیە دوو رەئی هەیە لەو مەسەلەدا، ئێمە تەئیدی رەئی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەین و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ رێزمدا بۆ رەئی سەرۆکایەتی، بەلام ئێمە قەتعی دەنگدانماندا (45) دەنگی هێنا لە (65)ەکەی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دیارە جەنابت ئینتیباهت نەکرد، دانیشە فەرموو، ئێمە گوتمان دەنگ دەدەین و تەقسیمی دەکەین، دوایێ دەنگ دەدەین بۆ بەشەکەی تر، بۆیە تەقسیمان کرد، دەنگەکە درا بۆ تەمەن، گوتمان بۆ تەمدیدەکە دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم بێت، یان نا، دوایێ دەخەینە دەنگدان، دوو جار ئەو مەوزوعەم باس کرد، کاکە ئێمە موقتەرەحی سەرۆکایەتی دەخەینە دەنگدان، کە سەرۆکی هەرێم بۆی هەیە لەبەر رۆشنایی پێشنیاری ئەنجومەنی قەزا تەمدیدی ماوەی قازیاتی بکات بە مەرجێك لە پێنج ساڵ زیاتر نەبێت، بە عەرەبیەکەی دەخوێنمەوە (یجوز لرئیس الاقلیم بناءاً علی اقتراح مجلس القضاء تمدید ذلك لمدة لاتتجاوز عن خمس سنوات)، ئەو موقتەرەحی سەرۆکایەتی دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، فەرموو کاک شێروان نوقتەی نیزامت چیە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی رەئی لیژنەی قانونی پەراوێز کرا بەنیسبەت تەمدیدی ئەو فەترەیە، ئێمە سەراحەتن بە تەحریری ئیمزامان کردووەو موقتەرەحمان هەیە بە ئەکسەریەت دەنگی هێناوە لە لیژنەی قانونی، ئەو موقتەرەحەی ئێمە بدە دەنگدان، پاشان موقتەرەحی دووەم بدەوە تەصویت، ئەگەر دەنگی هێنا بەسەر ئەو چاوە، ئەگەر دەنگیشی نەهێنا ئەوە هیچ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەردووکی هەمان شت دەکات کاك شێروان، موقتەرەحی تازەیە هاتۆتە پێشەوە، ئێوە موقتەرەحتان کردووەو ئیختیلافتان لەسەر هەیە ئەکسەریەت و ئەقلیەتن با بڵێین، کاك کەریم قسەیەکی کرد،

جەنابیشت قسەیەکی ترت کرد، کاک کەریمیش وەکو لیژنەی یاسایی تەئیدی ئیقتیراحی سەرۆکایەتی کرد، من موقتەرەحی سەرۆکایەتی دەخەمە دەنگدانەوە، جارێکی تر دەخوێنمەوە، کە فەقەرەی یەکەم دەخوێنمەوە، فەقەرەی یەکەم کە دەنگمان بۆدا یەکەم جار (يحال القاضي على التقاعد بعد اكماله الخامسة والستين من العمر ويستحق المحال على التقاعد ماكان يتقاضاه من راتب ومخصصات قبل احالته على التقاعد ويجوز لرئيس الاقليم بناءاً على اقتراح مجلس القضاء تمديد ذلك لمدة لا تتجاوز (5) سنوات او يجوز لمجلس الاقليم بناءاً على اقتراح مجلس القضاء)، سەرۆکی هەرێم بۆی هەیە لەبەر رۆشنایی پێشنیاری ئەنجومەنی قەزا تەمدیدی ماوەی قازیاتی بکات بە مەرجێك لە پێنج ساڵ زیاتر نەبێت، فەرموو.

**بەڕێز خەمان زرار اسعد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من باسی خۆم دەکەم قەراری ئەخیری بۆ سەرۆکی ئیقلیم دەگەڕێتەوە، ئێمە دەڵێین با لێرە ئیقتیراح نەبێت، قەرارەکە مەجلیسی قەزا بیدات، دوایی مەرسومی سەرۆکی هەرێم بێت، ئەمە تەنیا بۆ جیاکردنەوەی فەسلی سوڵتاتە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە تێنەگەیشتی ئەنجومەنی قەزا پێشنیار دەکات، نەك سەرۆکی هەرێم پێشنیار بکات، ئەنجومەنی قەزا پێشنیار دەکات دەڵێت فلان قازی تەمەنی (65) ساڵی تەواو کردووە، لەبەر رۆشنایی کەفائەتی یەك، دوو، قودراتی زهنی، ئێمە پێشنیار دەکەین موافەقەت بکەن دوو ساڵ تەمدید بکرێت، ئەویش موافەقەت بکات، یەعنی ئیعتیرازیشیاندا دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجومەنی قەزا، بەڵێ یا شێخ فەرموو.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تکایە هەردوو موقتەرەح دووبارە بدرێتەوە لیژنەی یاسایی وێ سەرۆکایەتی، یاخود پەرلەمانێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە، شتەکە وازیحە کاک زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

موقتەرەحی سێیەمیش با نەفەوتێت کە ئەندامانی پەرلەمان تەئکیدمان لەسەر کردەوە کە مەجلیسی قەزاو دەسەڵاتەکانی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هركی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەپێی ئەو صیاغەی جەنابت باست کرد، یەعنی (لرئیس الاقلیم بعد اقتراح) تەبیعی لێرە ڕەئیسی ئیقلیم بۆ ئیستیئناف نییە، ڕەئیەکە بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، ئێمە ئەوەی باسمان کرد کە فەسلی سوڵتات هەبێت، لێرەدا تەداخولێك دروست دەبێت لە بەینی سوڵتەی تەنفیزی و سوڵتەی تەشریعی، یەعنی ئێمە ئەو پێشنیارەمان هەبوو سوڵتەی قەزائی بەخۆی بۆی هەبێت تەمدیدی بکات، ئەو مەرسومەی برادەران باسی دەکەن لە تەعینی قوزات، لە تەعینی ئیدیعای عام مەرسومی پێ دەردەچێت، بەڵام تەمدیدەکە با لە دەستی مەجلیسی قەزا بێت و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك هیوا فەرمووو.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ئەو ڕەئیەم کە دەسەڵاتی قەزائی بە هەموو شێوەیەك سەربەخۆ بێت، بۆ هیچ بابەتێك نەگەڕێتەوە، بۆ لای هیچ سوڵتەیەك لە هەرێمدا، لەبەر ئەوە پشتگیری ئەو ڕەئیە دەکەم کەقەراری پێنج ساڵ مۆڵەت بدرێت بە داوەری با لە ڕێگەی ئەنجومەنی قەزاوە بدرێت و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێ پێش ئەوەی ئەندامی مەجلیسی قەزا، یان ڕەئیسی مەجلیسی قەزا نابێت بە مەرسوم تەعین بێت، هەر دەبێت ڕەئیسی ئیقلیمی ئیمزای بکات، ئەوە شتێکی زۆر تەبیعییە، ئێمە لە جیاکردنەوەی دەسەڵات تێ نەگەیشتووین، یەعنی ڕەئیسی ئیقلیم هەر دەبێت ئیمزای بکات، لەبەر ئەوە ئەو دەسەڵاتەمان داوەتە قەزا، بەڵام کێ ئیمزای دەکات، ئەگەر ئەوەی نەکەیت، مانای وایە دەسەڵاتی موتڵەق دەدەیتە ڕەئیسی ئەنجومەنی قەزا، ئەم دەسەڵاتە موتڵەقەش هێشتا لە هیچ شوێنێکدا باوەڕ ناکەم بەو شێوەیە هەبێتن کە ئێوە باسی دەکەن، با بڵێین سێ موقتەرەح هەیە، قەیدی ناکات ئەوەی کاك زاناش باسی کرد، موقتەرەحی لیژنەی قانونی ئەکسەریەت و لیژنەی قانونی ئەوەیە کە دەڵێت دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم لابچێت، بەڵام لە (65)ەکە تەواو بێتن، هیچ ئەنجومەنی قەزا ئەو دەسەڵاتەی نەبێت، نەصەکەی ئەوەیە موقتەرەحی لیژنەی یاسایی دەڵێ وەکو خۆی بمێنێتەوە (یجوز لرئیس الاقلیم) شەتب بکرێت، لە ماددەکە، ئەوە یەعنی مەجلیسی قەزاو سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتی نییە، لە (65)ەکە قازی تەقاعود دەبێت، ئەوە یەك.

دوو/ سەرۆکایەتی موقتەرەحێکی هەیە لەبەر ڕۆشنایی قسەکانی ئێوە، هەندێك وا قسەی کرد کاك زانا لەگەڵ دوو برادەران گوتیان دەسەڵاتەکە بدرێتە ئەنجومەنی قەزا، هەندێ گوتیان ئەنجومەنی قەزا بێتن بە ڕاوێژ لەگەڵ، یەعنی ڕەئی ئێمە بوو سەرۆکی هەرێم بێتن، دوو، سێ موقتەرەح هاتە پێشەوە، موقتەرەحی ئێمە بۆ ئەوەی مامناوەندی بێتن لە قانونیش لانەدەین، لە دەسەڵاتی قەزاش کەم نەکەینەوە، گوتمان بۆ سەرۆکی هەرێم هەیە بەم شێوەیە مودەی خانەنشین کردنەکەی درێژ بکاتەوە بە مەرجێك لە پێنج ساڵ زیاتر نەبێتن لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی قەزا کە خوێندمانەوە، موقتەرەحێکی تریش هەیە کە دەڵێتن نەخێر بە تەنیا ئەنجومەنی قەزا بۆی هەبێتن ئەوە درێژ بکاتەوە، کاك فرسەت دەڵێت لە ڕووی قانونییەوە

مـادام حەزفـە ئەكسـەريەتى ليژنـەی قـانونی بـۆ ئـەو دەسـەڵاتە نـەمێنێت, ئـەوی يەكـەم جـار دەخەينـە دەنگدانەوە، كەواتە موقتـەرەحی ليژنـەی قـانونی دەڵێ دەسـەڵاتی سـەرۆكی هـەرێم و ئەنجومـەنی قـەزاش يەعنی هيچ كەسيان نەبێتن، كێ لەگـەڵ موقتـەرەحی ليژنـەی ياساييە دەسـەڵاتەكە لابـدرێت دەسـتی بـەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نييە، دەستی بەرز بكاتـەوە؟ بەزۆرينـەی دەنـگ لادەچێت، باشـە حـەزف بوو، مانای وايە (65)ەكە تەواو بـوو، ئـەو مەوزوعـە حەسـم بـوو, تـەواو بـوو، ئينجا ماددەكـە بـە هينـەوە دەخەينە دەنگدانەوە، ئێستا ماددەكە بەو دوو دەنگدانە، ماددەكە تەعديلاتەكەی بەم شێوەيە دەبێت دەنگ بدەين، فەرموو كاك ئارێز.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سێ پێشنيار هەبوو، من خۆم دەنگم بۆ ليژنەی ياسايی داوە، بەلام سێ پێشنياری تر هەبوو.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كە دە پێشنياريش هەبێتن، يەك پێشنيار ئەكسەريەتی هێنا ئەوانی تر موناقەشەی ناوێت، ئەوە بەديهييـە، لە حزبايەتی بێت، لە كۆنفرانسەكانی تر بێت، چەند پێشنيار بێت، يەكێكيان تەسەلسولەكەی يەكەم بێت، يان پێنجەم بێت، دووەم بێت، كە زۆرينەی هێنا يەعنی ئەوانی تر تەواو بوون، فەرموو كاك بارزان.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

چەند ئەندام پەرلەمانێك باسيان لە سيستەمی خانەنشينەكە كرد، كە نيزام و تەعليمات لـە لای خۆيانـەوە دەردەچێت، بەڕاسـتی ئـەوە جۆرێـك لـە ناعەدالـەتی تيايـە، كـە كـاری مەبەسـت لـە جياكردنـەوەی فەسـلی سوڵتات دادوەری كۆمەڵايەتييە، پەرلەمان بۆ خۆی بەپێی ئەو نيزام و تەعليماتەی خۆيان دايانناوە بـەدەل، ئێمە داوای دەكەين كە مەسەلەی خانەنيشينی دادوەران بە ياسايەكی تايبەتی دەربچێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە دەنگمان بۆدا تەواو، ئێستا ماددەكە دەخوێنمەوە، زۆر موناقەشەمان كرد، بەسە تـەواو، مامۆسـتا كاكـە بيخوێنەوە، ماددەكە ئێستا تەعديلەكەمان هين كردو تەواو بوو، ماددەی چل و شەش.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة السادسة والأربعون:

1- يحال القاضي على التقاعد بعد اكماله الخامسة والستين من العمر ويستحق المحال على التقاعد ماكان يتقاضاه من راتب ومخصصات قبل احالته على التقاعد.

2- عند وفاة القاضي أثناء الخدمة يكون راتبه التقاعدي المصروف للمعال ماكان يتقاضاه من راتب ومخصصات وتصرف للمستحقين.

3- يجوز احالة القاضي على التقاعد قبل اكماله السن المحددة في الفقرة (1) من هذه المادة بناءً على طلبه أو لأسباب صحية وتطبق بحقه أحكام الفقرة (2) أعلاه.

4- يمنح القاضي المحال على التقاعد رواتب الإجازة الإعتيادية التي يستحقها كاملة على أساس مجموع ماكان يتقاضاه شهرياً قبل احالته على التقاعد على أن لا تزيد على سنة واحدة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، بڕۆ بۆ ماددەی تر.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چل وحەوت:

دادوەر هەر کاتێك بیەوێ بۆی هەیە دەست لە خزمەت کردن بکێشێتەوەو لەو حاڵەتەشدا، مافی وەرگرتنی مووچەی خانەنشین بوون و ڕێزلێنانی هەیە، کە مافی خۆیەتی بەپێی یاسای خزمەت کردنی مەدەنی، مافی لە وەرگرتنی مۆڵەتەکانی کە هەقی خۆیەتی، لە دەست نادات.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السابعة والأربعون:

للقاضي أن يستقيل من الخدمة متى شاء وفي هذه الحالة يحتفظ بحقه في تقاضي الراتب التقاعدي أو الإكرامية التي يستحقها بموجب قانون الخدمة المدنية ولا يفقد حقه في الإجازات التي يستحقها.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە ماددەیەکی تازەیە هاتۆتە سەر یاسایەکە، ئێمە تەئیدی دەکەین و هیچ مولاحەزەیەکمان نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیەکم هەیە، ئێستا موناقەشەیەکی زۆر کرا لەسەر ماددەی پێشوو شتێکی لە پشتەوە بوو، بۆ ئەوەی ئەو شتە لەو ماددەیە نەمێنێت، من دەڵێم ماددەی چل و حەوت (دادوەر هەر کاتێك بیەوێ بۆی هەیە دەست لە خزمەت کردن بکێشێتەوە، ئەگەر بەدیلی ئامادە بوو، ئەگەرنا دەبێت چاوەڕێ بکات تا کەسێك شوێنی دەگرێتەوە، ئەگەر وا نەبێت کۆمەڵێك دادوەر بە یەکەوە تەنسیق بکەن دادگاو شت دەخوات)، ئەمە شتێکی سیاسی لە پشتەوەیە، کۆمەڵێك دادوەر بە یەکەوە دەست لە کار بکێشنەوە, دادگا تووشی شەلەل نابێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماموٚستا کاکە فەرموو.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە کاك شێخ جەعفەر دەفەرمووێت، ئەوە روو نادات، چونکە ماددەکە وا دەڵێت ئەو کەسەی دەیەوێت خۆی تەقاعود بکات، دەبێت بە قانونی خدمەی مەدەنی بێت، مانای وایە هەموو راتبەکەی وەرناگرێت، کەواتە هیچ حاکمێك موستەعید نییە بە قانونی خدمەی مەدەنی خۆی تەقاعود بکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر وازیحە، بەڵێ کاك شێخ.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەڤە ماددەیە بە حەقیقەت ئەگەر جەنابێ وەزیرێ داد تەوزیحێك بدات، (متى شاء)، یەعنی ئایا ئەگەر قازی بۆ مودەی یەك هەیڤی هات بێت ببێتە قازی پاشی ئیستیقالە بداتن بۆ تەقاعودیا هەمیا حقوقاو راتبێت شاملی وەبکە، ئایا بۆ کوێ دەچی بۆ مودەی یەك هەیڤ و مودەی یەك ساڵ مەسەلەن، یان بۆ من وازیح نییە ئەو نەصە، بەلکی بۆ من وازیح بکرێت، ئەز هۆیەت دکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەزانی چیە کاك شێخ، ئەگەر باش هینی بکەین بە عەرەبیەکەی دەخوێنمەوە (للقاضي أن يستقيل من الخدمة متى شاء وفي هذه الحالة يحتفظ بحقه في تقاضي الراتب التقاعدي أو الإكرامية التي يستحقها بموجب قانون الخدمة المدنية) یەعنی وەکو موەزەفینی دەوڵەت دەیگرێتەوە، قانونی خدمەی مەدەنی، نەك پەرلەمان و ئەوانە، بەپێی قانونی خدمەی مەدەنی مانگێك بێتن نایگرێتەوە، بەڵام پێش ئەوەی ببێتە قازی موەزەف بووە، کاتب عەدل بووە، چی بووە خەدەماتی لەوێ هەبووە بەپێی ئەوە خەدەماتی بۆ هین دەکات، ئەو ماددەیە ئەگەر کەس مولاحەزەی تری نییە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها ئەوەندە مولاحەزەم هەیە، هەر قانونی خدمەی مەدەنی نییە، بەڵکو قانونی تەقاعودی مەدەنیش، چونکە هەردووك مەربوتی یەکترینەو لە ماددەکانیش بەو شکلە هاتووە، ڕەنگە لێرە پەڕی بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە دەوڵەمەندتریشی دەکات، (قانون الخدمة والتقاعد المدني)، دەیخەمە دەنگدانەوە بەو ئیزافەیەی کاك شێروان، دەیخوێنمەوە (للقاضي أن يستقيل من الخدمة متى شاء وفي هذه الحالة يحتفظ بحقه في تقاضي الراتب التقاعدي أو الإكرامية التي يستحقها بموجب قانون الخدمة والتقاعد المدني ولا يفقد حقه في الإجازات التي يستحقها)، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەی تر تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چل و هەشت: لەو مافانەی کە لەم یاسایەوە پەیدا دەبێ، داوا بەرزدەکرێتەوە لەبەردەم لیژنەی کاروباری دادوەران، بڕیارەکانیشی لەم جۆرە داوایانەدا مافی تانە لێدانی لەبەردەم دەستەی فراوان لە دادگای پێداچوونەوەدا هەیەو لە لایەن سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەو لە لایەن ئەو دادوەرەی کە بڕیارەکەی لە دژی دەرکردووەو لە میانەی(30) ڕۆژدا لە ڕۆژی ئاگادار بوونی بە بڕیارەکە، بڕیارەکەشی لەم ڕووەوە بنبڕە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة والأربعون: تقام الدعوى في الحقوق الناشئة عن هذا القانون لدى لجنة شؤون القضاة وتكون قراراتها في هذه الدعاوى قابلة للطعن فيها أمام الهيئة الموسعة في محكمة التمييز من قبل رئيس محكمة الإستئناف ومن قبل القاضي الذي صدر القرار ضده خلال ثلاثين يوماً من تأريخ التبليغ به ويكون قرارها في هذا الشأن باتاً.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ مولاحەزەمان نییە لەسەر ئەو ماددەیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك عادل.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم ماددەیە باسی حقوقی ناشیئ دەکات ئەم قانونە، یەعنی باشتر وایە ئێمە لە ئەحکامی خیتامی و ئەحکامی موتەفەریقە بنووسین، ماددەکەی خوارەوەش، یەعنی ئەوە نییە، بەس پەیوەندی بە تەقاعودی و ئیجازاتەوە، یەعنی ئەوە بەپێی قانونەکە دەگرێتەوە، حەق وایە لەم فەسڵە بیخەینە ئەخیرەوە، ماددەکەی خوارەوەش هەر بە هەمان شێوە، واتا ماددەی (49) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەئسیرێکی ئەوتۆی نییە، ئەگەر کەسی تر قسەی نییە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، بڕۆ بۆ ماددەی چل ونۆ.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چل و نۆ: حوکمەکانی یاسای خزمەت کردنی مەدەنی و یاسای خانەنشینی مەدەنی لەو کاروبارانەی کە دەقی یاسایی پێ نەهاتووە، لەم یاسایەدا بەسەردا پیادە دەکرێ و بە جۆرێك نابێ پێچەوانەی حوکمەکانی بێت.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة والأربعون: تسري أحكام قانون الخدمة المدنية وقانون التقاعد المدني في الأمور التي لم ينص عليها في هذا القانون وبمالا يتعارض مع أحكامه.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تەئیدی ماددەکە دەکەین و هیچ مولاحەزەیەکمان نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیەش تەبیعییە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی پەنجا تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشی شەشەم

ماددەی پەنجا: یەکەم:

أ- نابێ دادوەر بۆ کارێکی دیکە بەبێ ڕەزامەندی نووسراوی خۆی بگوازرێتەوە.

ب- دەکرێ دادوەران لە پۆلی یەکەم و دووەم، لەوانەش دادوەرانی دادگای پێداچوونەوەو بەڕەزامەندی نووسراوی خۆیان و بە بڕیاری ئەنجومەنی دادوەری ئینتداب بکرێت، بۆ کاری راوێژکاری یاسایی لە

سەرۆكایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران، یان سەرۆكایەتی یەكێك لە دەزگاكانی وەزارەتی داد، یان بۆ مەبەستی دەرس وتنەوە لە زانكۆكان و دەستە نێو دەوڵەتیەكان، بەمەرجێك سیفەتی دادوەریەكەی تێدا بمێنێ.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**الفصل السادس**

**((النقل والإنتداب))**

**المادة الخمسون:**

**أولاً: أ- لا يجوز نقل القاضي الى وظيفة غير قضائية إلا بموافقته التحريرية.**

**ب- يجوز انتداب القضاة من الصنف الأول والثاني بما فيهم قضاة محكمة التمييز وبموافقتهم التحريرية وبقرار من مجلس القضاء الى وظيفة مستشار قانوني في رئاسة الأقليم أو مجلس الوزراء أو رئاسة احدى أجهزة وزارة العدل أو لغرض التدريس في الجامعات أو الهيئات الدولية على أن يحتفظ بصفته القضائية فيها.**

**ثانياً: لا تتجاوز مدة الإنتداب المنصوص عليها في البند أولاً من هذه المادة ثلاث سنوات قابلة للتمديد لسنة أخرى.**

**ثالثاً: يجوز انتداب القاضي للعمل في محكمة أخرى عند اقتضاء المصلحة العامة وذلك بأمر رئيس محكمة الإستئناف ويتم الانتداب من منطقة استئنافية الى أخرى بقرار من مجلس القضاء على أن لا تزيد مدة الانتداب على سنة واحدة.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە دەقی ماددەكە تەئید دەكەین و هیچ مولاحەزەمان لەسەری نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كەریم فەرموو.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەكە بە كوردی دووەم و سێیەمی پەڕیوە، لێرەدا باس نەكراوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك محەمەد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پرسیارێك لە سەرۆكی مەحكەمەی تەمییز دەكەم، ئەگەر ئەو قازیە شتێكی لێ دروست بوو، یەعنی ئەوەش نەبووە عقوبە بێت، واش نەبێت لەو جێگایە بشێت، ئێستا حەسری كردووە، نەقل نابێت ئیلا بە

موافەقەتی خۆی نەبێت، ئەی ئەگەر شتێکی تر وا نەبوو، یەعنی عقوبە نەبوو، مەڵێن ئەوە عقوبەیە شتێك بوو لە ئاستی عقوبەشدا نەبێت، تەنبیهێك بێت, بگوازێتەوە، یەعنی ئەوە چی ڕێگای بۆ ئەوە نادۆزێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك حاكم.

**بەڕێز حاكم نورالدين ملا على/ جێگری سەرۆكی دادگای تەمييز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە واجيباتی دادوەر لە ماددەی پەنجاو دوودا دانراوە، ئەوە واجيباتی حاکمە، ئەگەر موخالەفەی ئەو واجيباتانەی كرد ئيحالەی ليژنەی قەزائی دەكرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئيعتيرازەكان چی وا نەبوون، ماددەكە وەكو خۆی دەخەينە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ دايە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نييە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەرگيرا، ماددەی پەنجاو يەك تكايە.

**بەڕێز كريم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی پەنجا و يەك: گواستنەوەی دادوەران هەموو ساڵێك لە ميانەی مانگی تەموزدا دەبێ، دەكرێ لەكاتی پێويستی بەرژەوەندی گشتی ئەو گواستنەوە لە غەيری ئەو مانگەدا بكرێ، ئەو گواستنەوەيەش بەپێی پێشنياری سەرۆكی دادگای تێهەڵچوونەوەو بە بڕياری ئەنجومەنی دادوەری دەبێت.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الحادية والخمسون: يجرى نقل القضاة خلال شهر تموز من كل سنة ويجوز عند اقتضاء المصلحة العامة اجراء النقل في غير الشهر المذكور ويتم النقل بقرار مجلس القضاء بناء على اقتراح من رئيس محكمة الإستئناف.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە ماددەيەكی ڕۆتينيە، ئێمە هيچ مولاحەزەم نييە، تەئيدی ماددەكە دەكەين، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

كاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە دەڵێت گواستنەوەی دادوەر لە مانگی تەموزدا بێت، حیکمەت چیە لە مانگی تەموزدا بێت، بەڕاستی ئەوە پیرۆز کردنی بۆنەکانی حزبی بەعسە، دادوەر دەعوای دیوە، لە سەرەتای ساڵەوە نیوەی ساڵ دەکات، یەعنی لە دەعواکە رۆیشتووە، رەنگە لە ناوەڕاستی دەعوایەکە بێت، تۆ لە ناوەڕاستی دەعوا نەقلی دەکەیت، یەعنی بەڕاستی حەقە نیهایەتی ساڵ نەقلەکە بکرێت، مانگی دوازدە بێت باشترە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

عوتلەی مەحاکم لە مانگی تەموز دەست پێ دەکات، لەبەر ئەوە پێش مانگی تەموز حەسمی دەعواکانی کردووە، بۆیە حیکمەتەکە لەوە دایە، ئەو ماددەیە دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی پەنجاو دوو تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشی حەوتەم

ئەرکی دادوەران

ماددەی پەنجاو دوو:

یەکەم: دادوەر پابەندی ئەمانەی خوارەوەیە:

1- پاراستنی شکۆمەندی کاری دادوەری ئەویش بە پابەند بوون، بەبێ لایەنی و دەست پاکی و دوورکەوتنەوە لە هەر شتێك کە گومان بخاتە نێو راستیەکەی.

2- پاراستنی نهێنی ئەو کاروبارو زانیاری و بەڵگەنامانەی، کە بەحوکمی کارەکەی دەستی دەکەوێ و پەیوەستە بە دەزگاکانی هەرێم و کەسایەتی ئەو ئەرکەش دوای تەواو بوونی خزمەتەکەشی هەر دەمێنێ.

3- نابێ کاری بازرگانی، یان هەر کارێکی دیکە بکات، لەگەڵ کاری دادوەری کۆك نەبێت.

4- دەبێ رۆبی تایبەتی لەکاتی دادبینیدا لەبەر بکات و بەپێی ئەو رێنماییانەی کە ئەنجومەنی دادوەری دەری دەکات.

5- نیشتەجێبوون لە سەنتەری یەکەی کارگێڕی کە بارەگای کارەکەی لێیەتی، تەنها ئەگەر سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری رێگای پێ بدات لە شوێنێکی دیکەدا نیشتەجێ بێت لەو بارودۆخانەی کە خۆی هەڵی دەسەنگێنێ.

دووەم: قەدەغەیە دادوەر لە کاری سیاسیدا کار بکات و نابێ خۆی بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی، یان دەستە ناوخۆییەکان، یان رێکخستنە سیاسیەکان بپاڵێوێ، دوای دەست لە کارکێشانەوەی نەبێ.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الفصل السابع

**(واجبات القضاة)**

**المادة الثانية والخمسون:**

**أولاً: يلتزم القاضي بما يأتي:**

**1- المحافظة على كرامة القضاء بالتزام الحيدة والنزاهة والابتعاد عن كل ما يبعث الريبة في استقامته.**

**2- كتمان الأمور والمعلومات والوثائق التي يطلع عليها بحكم منصبه والمتعلقة بأجهزة الإقليم أو الأشخاص ويظل هذا الواجب قائماً حتى بعد انتهاء خدمته.**

**3- عدم مزاولة التجارة أو أي عمل لا يتفق مع وظيفة القضاء.**

**4- ارتداء الكسوة الخاصة أثناء المرافعة وذلك وفق التعليمات التي يصدرها مجلس القضاء.**

**5- الإقامة في مركز الوحدة الادارية التي فيها مقر عمله. الا اذا أذن له رئيس مجلس القضاء بالإقامة في مكان آخر لظروف يقدرها.**

**ثانياً: يحظر على القاضي الاشتغال بالعمل السياسي ولا يجوز له الترشيح لانتخابات المجلس الوطني أو الهيئات المحلية أو التنظيمات السياسية الا بعد تقديم استقالته.**

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەین و هیچ مولاحەزەیەكمان نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كەریم فەرموو.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە دووەم كە دەڵێت (قەدەغەیە دادوەر لە كاری سیاسیدا كار بكات)، لە كاری حزبیدا وەك لە ماددەكەی پێشوو وامان لێ كردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو مولاحەزەی كاك كەریم راستە، پشتیریش چاكمان كردەوە كاری حزبی، یەعنی دووەمەكە (عمل حزبی)، سیاسیەكە بكەنە حزبی، كاك محەمەد رەفعەت فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر دادوەر پابەند نەبوو بەم شروتانەی بۆی دانراوە، كێ سزای دەدات، كێ موحاسەبەی دەكات، كێ لێی دەپرسێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مەجلیسی قەزا، بە تەئکید مەجلیسی قەزا موحاسەبەی دەکات ئەوە تەرفیعی رادەگرێت و بانگی دەکات، تەوبیخی دەکات، نیزامی خۆیان دەبێتن، ئەو ماددەیە ئیدارییەو فەنیشە، ئەو ماددەیە دەخەمە دەنگدانەوە لەگەڵ ئەو تەعدیلەی کە کردمان سیاسی بووە حزبی، کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی پەنجاو سێ.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی پەنجا و سێ:

نابێ دادوەران لەنێوانیاندا پەیوەندی زاوایەتی و خزمایەتی، تا دەگاتە پلەی چوارەم لە دەستەیەکی دادوەریدا هەبێت هاوکاری یەکتر بن و نابێ دادوەرێك تانە لە بڕیارێك بدات، کە دادوەرێکی دیکە دەری کرد بێت و ئەو پەیوەندییەی ئاماژەمان پێکرد لە نێوانیاندا هەبێت.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة والخمسون: لا يجوز أن يشترك في هيئة قضائية واحدة قضاة بينهم مصاهرة أو قرابة لغاية الدرجة الرابعة ولا يجوز أن ينظر القاضي طعناً في حكم أصدره قاض أخر تربطه به العلاقة المذكورة.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە شتێکی ئیعتیادییە، پیادە کراوە لە قەزا، ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین و هیچ مولاحەزەیەکمان نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس مولاحەزەی نییە، ئەو ماددەیە دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی پەنجاو چوار.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشی هەشتەم

سەرپەرشتی کردن لەسەر کاری دادوەران و کاروباری بەرزەفتکاریەکان

لقی یەکەم

سەرپەرشتی کردنی دادوەران

ماددەی پەنجاو چوار: یەکەم:

أ- سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری مافی سەرپەرشتی کردن و چاودێری کردنی هەموو دادگاو دادوەران و ئەوانەی دەسەڵاتی دادوەریان پێدراوە لە فەرمانبەران و دەستەو لیژنەکان هەیە.

ب- سەرپەرشتی کردن و چاودێری کردن بەهۆی سەرپەرشتیاری داد دەبێ، یان بەهۆی ئەو دادوەرانەی کە بۆ ئەو مەبەستە ئینتیداب کراون.

ج- سەرپەرشتی کردنی کارەکانی دادگای پێداچوونەوەو دادوەرانی لەلایەن سەرۆکەوە دەبێ، بەمەرجێك راپۆرتێکی ساڵانە سەبارەت بە کارەکانی دادگاکە پێشکەش بە ئەنجومەنی دادوەری بکات.

دووەم:

أ- سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە مافی سەرپەرشتی کردنی هەموو کورتە ئاراستەیان بکات و ئاگاداریان بکاتەوە دەربارەی ئەو شتانەی کە پێچەوانەی ئەرکەکانی فەرمانبەرایەتی و ڕێڕەوی باشی کارە کارگێڕی و ژمێریاریەکانە، بۆیە دەبێ راپۆرتەکانی ساڵانە دەربارەی دادوەرانی ناوچەکەی بۆ ئەنجومەنی دادوەری بەرز بکاتەوە، تێبینیەکانی دەربارەی رەوشت و تواناکانیان و کاروبارە کارگێڕیەکانی دادگاکانیان بێت.

ب- سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە دەتوانێ یەکێك لە جێگرەکانی بە نوێنەرایەتی خۆی بنێرێ بۆ پشکنینی هەردادگایەك لە ناوچەکەیدا.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الفصل الثامن

الإشراف على أعمال القضاة والأمور الانضباطية

الفرع الأول

((الإشراف على القضاة ))

المادة الرابعة والخمسون:

أولاً: أ- لرئيس مجلس القضاء حق الإشراف والمراقبة على كافة المحاكم والقضاة والمخولين سلطات قضائية من موظفين وهيئات ولجان.

ب- يتم الإشراف والمراقبة بواسطة الإشراف العدلي أو بواسطة القضاة المنتدبين لهذا الغرض.

ج- يجرى الإشراف على اعمال محكمة التمييز وقضاتها من قبل الرئيس على أن يقدم تقريراً سنوياً عن أعمال المحكمة الى مجلس القضاء.

ثانياً: أ- لرئيس محكمة الإستئناف حق الإشراف على جميع المحاكم والقضاة في منطقتها وتفتيشها وابداء التوجيهات المقتضية والتنبيه الى كل ما يقع خلافاً للواجبات الوظيفية وحسن سير الأعمال الإدارية والحسابية وعليه أن يرفع الى مجلس القضاء تقارير سنوية عن القضاة في منطقتها تتضمن ملاحظاته عن سلوكهم وكفائتهم وعن الأمور الإدارية في محاكمهم.

ب- لرئيس محكمة الإستئناف أن ينتدب أحد نوابه لتفتيش أية محكمة في منطقته.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

4- خوێندنـەوەی یەکـەمی پـرۆژەی یاسای هـەموار کردنـی یەکـەمی یاسـای وەزارەتـی پیشەسـازی هـەرێمی کوردستان ژمارە (11)ی ساڵی 2006.

5- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای رۆژنامەنووسان لە هەرێمی کوردستان.

6- بـەردەوامبوون لەسـەر خسـتنەڕوو و گفتوگـۆ کردنـی پـرۆژەی یاسـای دەسـەڵاتی دادوەری لـە هـەرێمی کوردستان.

داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن، خوشك و برایـان، ئەنـدامانی بـەڕێز، تەبعـەن بەرنامەی کار کە خوێندمانەوە شەش پرۆژەیە، ئەگەر هـەموویان بخوێنینـەوە، بـە دوو رۆژ شـەش، حـەوت سـەعاتمان دەوێـت، لەبـەر ئـەوە کاك فرسـەت رەئیـەکی هـەبوو، ئـەمڕۆ باسمـان کـرد، رەئیەکـەی دەخەینـە بەردەم بەڕێزتان، بۆ ئەوەی بڕیاری لێ بدەن، داوای لـێ دەکـەم رەئیەکـەی شـەرح بکات، دوایـێش رەئیـەکی یاسایی ئەوەی خـاوەن تەجروبەیـە لـەو مەسـەلەیەدا بـداتن، دوا بڕیـاریش بـۆ ئێـوە دەبـێتن، فـەرموو کـاك فرسەت.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پرۆژانە هەندەك ئەمڕۆ بەیانی گەیشتە دەستمان، هەندەك دوێنێ نیهایـەتی دەوام گەیشـتە دەسـتمان، زۆربـەیان ئیحتیمالـە تەرجومـەی کوردیشـی لەگەڵـە، خوێندنـەوەی یەکـەمیش غایـەت ئەوەیـە ئەنـدامانی پەرلەمان ئاگادار بن، وەك لە هەموو پەرلەماناتی عالـەم، ئیحتیمـال هەیـە ، هـەر لـە پەرلـەمانی کوردسـتان خوێندنەوەی پرۆژە هەبێت، ئان لە پەرلەمانی تر ئیعلانی عینوانی پرۆژەکە دەکەن، چەند کەسێك ئەگـەر لە ئەنـدامان پێشکەش کـرا بـێتن، چـەند ئەنـدامێك هەڵدەسـتن شـەرحی مـەبادیئی عـامی پرۆژەکە دەکەن ئیعلان دەکرێت، ئەوە لەسەر ئەندامان تـەوزیع دەکرێـت و لەسـەر جیهـاتی تـر، لەبـەر ئـەوە چونکە لەبـەر بەرتەنگی وەختەکە، پرۆژەیەك لەبەردەستمانە زۆر تاخیر بووە هی سوڵتەی قـەزائی، مـن پێشـنیاری ئـەوە دەکـەم عیـوانی پرۆژەکـان بـدەین بـۆ ئـەمڕۆ، عەلئەقـەل بـۆ ئـەو جەلسـەیە، ئیعلانـی بکـەین ئـەوە بـڵاو دەکرێتەوە لەسەر ئەندامان و لەسـەر ئـەو لیژنانـە، ئـەوەی پەیوەنـدیان لەگـەڵ هـەبێتن، ئەگـەر بێتـو ئـەو پێشنیارە قەبول بکرێتن، داکو بتوانین بچینە ناو مەوزوعی قانونی سوڵتەی قەزائی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان قسەی هەیە فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هـەر تەئیـدەن بـۆ قسـەی بـرای بـەڕێز کـاك فرسـەت، پێشـتر ئەگـەر نیزامـی داخیلـی هەڵدەنـەوە، ئەسـڵەن لـەنیزامی داخیلـی ئێمـە هـەر خوێندنـەوەی یەکـەم نـەبوو، دوایـێش کـە نیزامـی داخیلـی تەعـدیل کـرا

خوێندنـەوەی یەکـەم هاتـە نـاو نیزامەکـە، لەبـەر ئـەوە پێشـان ئەنـدامانی پەرلـەمان ئیعتیرازیـان هـەبوو، دەیانگوت ئێمە پرۆژەکەمان بەدەست نەگەیشتووە، یان لەناو سندوق نییە، بۆیە نیزامەکە تەعدیل کرا، کە تەعدیل کرا خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەوەیـە تـەنها بـۆ ئاگـادار کردنـی بـەڕێزان ئەنـدامانی پەرلەمانـە، کـە سبەی، دوا رۆژ نەڵێ مـن ئاگـام لـێ نـەبووە، بۆیـە ئەگـەر بـەم صیغەیەی کـاك فرسـەتیش گـوتی لـەجێگای خۆیەتی، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر کەس قسەی نەبێت دەیخەمـە دەنگدانـەوە، ئـەو موقتەرەحـەی کـاك فرسـەت کـە ئیکتیفـا بکـەین بـە خوێندنەوەی، یەعنی ئاماژە پێ کردن، دوایێش لە چـەند رۆژی داهـاتوو هـەر شـەش پرۆژەکـە کۆپییـەکانی دەگاتە دەستتان، هەروەها وردە وردە لە میدیاکانیش بلاّوی دەکەینەوە، بۆ ئەوەی هەم خەڵکیش ئیتیلاّعـی لەسەر هەبێت، ئەو پێشنیارەی کاك فرسەت دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتـەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سـوپاس، بەزۆرینـەی دەنـگ وەرگیـرا، کەواتـە جارێکی دیکە ئاماژە بە عینوانی ئـەو پرۆژانـە دەکـەم، کـە لەمـەو دوا پێتـان دەڵـێین دەخرێتـە بەرنامـەی کـار، لـەو چەند رۆژەی داهاتووشدا کۆپی پرۆژەکان دەگاتە دەستتان.

1- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای راژەو خانەنشینی پێشمەرگە.

2- خوێندنـەوەی یەکەمی پرۆژەی هـەردوو یاسـای (بەربـەرەکانی و قەدەغـە کردنـی دەسـتدانە قۆرخکردن (احتکار) لە هەرێمی کوردستاندا) و (پاراستنی مستهلك) لە هەرێمی کوردستاندا).

3- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای هـەموار کردنـی یاسـای وەزارەتـی پـەروەردەی هـەرێمی کوردسـتان ژمارە (4)ی ساڵی 1992.

4- خوێندنـەوەی یەکـەمی پـرۆژەی یاسـای هـەموار کردنـی یەکـەمی یاسـای وەزارەتـی پیشەسـازی هـەرێمی کوردستان ژمارە (11)ی ساڵی 2006.

5- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای رۆژنامەنووسان لە هەرێمی کوردستان.

بەنیسبەت خاڵی یەکەمەوە (خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای راژەو خانەنشینی پێشمەرگە) ئاراسـتەی لیژنـەی یاسایی و لیژنـەی پێشمەرگە دەکـەین، بـۆ ئـەوەی کۆبوونـەوەی خۆیـان ئـەنجام بـدەن و لیژنـەکان راپۆرتی خۆیـان بنووسـن، ئەگـەر بکـرێتن راپـۆرتی هاوبـەش، هـەروەها کـۆپی ئـەو پرۆژەیـە دەدرێتـە هـەر ئەندامێکی پەرلەمان، بۆ ئەوەی دیراسەتی خۆی بکات و خۆی ئامادە بکات بۆ موناقەشە.

بەنیسبەت خاڵی دووەم (خوێندنـەوەی یەکـەمی پـرۆژەی هـەردوو یاسـای (بەربـەرەکانی و قەدەغـە کردنـی دەستدانە قۆرخکردن (احتکار) لە هەرێمی کوردستاندا) و (پاراسـتنی مسـتهلك) لـە هـەرێمی کوردسـتاندا))، ئـەوەش نوسـخەی کـۆپی دەدرێتـە ئەنـدامانی پەرلـەمان و ئاراسـتەی لیژنـەی یاسـایی و لیژنـەی دارایـی و ئـابووری دەکرێـت، هـەر کەسـێکیش دەتوانێـت لـەو لیژنانـەدا بـە تەئکیـد موشـارەکەی هـەبێت لـە کـاتی کۆبوونەوەیان.

سێیەم (خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یاسای وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان ژمارە (4)ی ساڵی 1992)، ئەمەش ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەروەردە دەکەین، ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێزیش.

چوارەم (خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای وەزارەتی پیشەسازی هەرێمی کوردستان ژمارە (11)ی ساڵی 2006) ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی پیشەسازی و ئەندامانی بەڕێز دەکەین.

پێنجەم (خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای رۆژنامەنووسان لە هەرێمی کوردستان) ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەیوەندییەکان و رۆشنبیری لە هەرێمی کوردستان و ئەندامانی بەڕێز دەکەین.

خاڵی شەشەم (بەردەوامبوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی کوردستان)، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم لەو ماددەیەی کە دەنگمان پێدا بچێتە ماددەی دواتری فەرموون، بەخێر هاتنی مامۆستا سەعد وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان و حاکم نورالدین جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز دەکەین، بەخێر بێن سەرچاو کە بەشدارە لەگەڵمان لەو چەند رۆژەدا زۆر سوودمان لێیان وەرگرتووە، کاک فاروق ئەمڕۆ لەگەڵمان نییە، لەبەر ئەوەی کۆبوونەوەی هەیە، کۆبوونەوەی لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی وەزیرانی هەیە، خۆشی سەرپەرشتی ئەو لیژنەیە دەکات، بۆیە لەگەڵمان حازر نییە، فەرموون.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی پەنجاو پێنج:

پێویستە دەستەکانی پێداچوونەوەو دادگاکانی تێهەڵچوونەوەو گەورەتاوانەکان، راپۆرتی وەرزی رێك بخەن، تێیدا ئەو حوکم و بڕیارانەی دادوەران کە( هەڵەی گەورە – خطأ فاحش)یان تێدا ئەنجام داوە لە ئەنجامی نەزانینی پرەنسیپەکانی سەرەتایی یاسایی، یان گوێنەدان بەو رووداوانەی کە لەکاتی وردبینی کردنی حوکمی بڕیارەکان دەردەکەون. دەبێ وێنەیەکیان رەوانەی ئەنجومەنی دادوەری بکات بۆ هاوپێچ کردنی لە دۆسیەی کەسی ئەو دادوەرەدا، بۆ ئەوەی لەکاتی بەرزکردنەوەو پۆلێن کردندا لەبەر چاوی بگرن.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة والخمسون:

على الهيئات التميزية وهيئات محاكم الإستئناف ومحاكم الجنايات أن تنظم تقارير فصلية تبين فيها الأحكام والقرارات التي ارتكب فيها القاضي خطأ فاحشاً نتيجة جهله بالمبادئ القانونية الأولية أو إغفال الوقائع التي

تظهر لها عند تدقيقها الأحكام والقرارات وأن ترسل صورة منها الى مجلس القضاء لحفظها في الاضبارة الشخصية للقاضي لأخذها بنظر الإعتبار عند النظر في ترفيعه أو ترقيته.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسا لەگەڵ دەقی ماددەکەین، هیچ تێبینیمان نییە، چونکە ئەو ماددەیە پەیوەندی هەیە لە هەڵسوکەوتی قازی ئەگەر هاتوو خەتەئەکی فاحشی کرد، یان جەهلی هەندێ مەبادئی کرد، ئەویش شتێکی ئاسایی و تەبیعییە، بۆیە ئێمە لەگەڵ ماددەکە داین و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادام لەسەر ئەو ماددەیە هیچ مولاحەزە نییەو لیژنەی یاساییش تەئیدی دەقی ماددەکەی کردووە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، فەرموو بۆ ماددەی پەنجاو شەش.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی پەنجاو شەش:

یەکەم: سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری بۆی هەیە دادوەر ئاگادار بکاتەوە بەو هەڵە یاسایی و کارگێڕییەی کە لە ئەنجامی پشکنین لەسەر کارەکانی بەدیار دەکەوێ، هەروەها هەرشتێك کە روودەدات، پێچەوانەی ئەرك و پێداویستی فەرمانەکەیەتی.

دووەم: سەرۆکی دادگای پێداچوونەوەو سەرۆکی تێهەڵچوونەوە بۆیان هەیە دادوەر بەو هەڵە یاساییانەی کە لەکاتی وردبینی کردنی پێداچوونەوەکاندا بەدیار دەکەون، ئاگادار بکەنەوە.

سێیەم: سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە بۆی هەیە دادوەری ناوچەکە خۆی بەو سەرپێچیانەی لە ئەرکەکانی فەرمانەکەی روودەدەن ئاگادار بکاتەوە.

چوارەم: ئاگادار کردنەوەکە بە نووسراوێك ئاراستەی دادوەرکە دەکرێ، بەهۆی نووسراوێکیش بە ئەنجومەنی دادوەری رابگەیەندرێ یەکێکیش لە دۆسیەی کەسی هاوپێچ بکرێت.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة والخمسون:

أولاً: لرئيس مجلس القضاء أن ينبه القاضي الى الأخطاء القانونية والإدارية التي تظهر بنتيجة التفتيش على عمله والى كل ما يقع منه مخالفاً لواجبات ومتقضيات وظيفته.

ثانياً: لرئيس محكمة التمييز ورئيس الإستئناف أن ينبه القاضي الى الأخطاء القانونية التي تظهر أثناء التدقيقات التمييزية.

ثالثاً: لرئيس محكمة الإستئناف أن ينبه القاضي في منطقته الى ما يقع منه مخالفا لواجبات وظيفته.

رابعاً: يكون التنبيه بكتاب يوجه الى القاضي وتبلغ نسخة منه الى مجلس القضاء وتودع أخرى في الإضبارة الشخصية.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی هیچ مولاحەزەیەکمان لەسەر ئەو ماددەیە نییە، ماددەیەکی ئاساییە ڕەئیسی مەجلیسی قەزاو ڕەئیسی مەحکەمەی تەمییزو ڕەئیسی مەحکەمەی ئیستیئناف دەسەڵاتی ئەوەیان پێ دراوە، کە ئەگەر هاتوو قازییەك تووشی هەڵەیەك بوو تەنبیهی بکەن، تەنبیهەکەش شێوەی دیاری کراوە، بۆیە ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی پەنجاو شەش باس لەوە دەکات کە سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری بۆی هەیە کە ئاگاداری دادوەر بکاتەوە، ئەگەر هەڵەیەکی یاسایی، یان کارگێڕی کرد، هەڵەی دادوەر زۆر جار ژیانی لەوانیە دەیان خەڵکی لەسەر بەند بێت، ئایا ئەو ئاگادار کردنەوەیە کافیە بۆ ئەوەی ئیجرای بەرامبەردا بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عیزەالدین فەرموو.

**بەڕێز عزالدين سليم خديدا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێ من ئەو تەنبیهە، وەکو عقوبەیە، ئان ژی هەروەسا تەنبیهەکا عادی، یەعنی بێ عقوبە، چونکە ژی ئیلفات نەزەرە تەنبیهە، ئیلفات نەزەر هەیە قەتع ڕاتبە، وەك عقوبەیە، ئان عقوبەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارەکەم ئەوەیە بۆی هەیە، یان واجیبیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك حاکم نورالدین ئەگەر وەڵامیان بدەیتەوە.

**بەڕێز حاكم نورالدين ملا علی/ جێگری سەرۆكی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

نەصەكە كە وتی (لرئيس) مانای بۆی هەیە، نەك واجیبیەتی، وەڵامی برادەران لە ئوموری ئینزیباتی لەمەودوا دێت كەوا هەڵەی حاكم چۆنەو ئیحالەی لیژنە دەكرێت، یەعنی ئەو تەنبیهە بەس بۆ موخالەفاتی واجیباتی وەزیفییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەر تەنبیهیش خۆی ئیعتیبار دەكرێت، بەس زیمنی عقوباتی ئینزیباتی، بەڵام عقوبەیەكی خەفیفە ئیكتیفا بەوە دەكەن كە كتابێكی تەوجیه بكەن لە رەئیسەوە بۆ مەرئوس، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كەریم فەرموو.

**بەڕێز كريم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە وەڵامەكەی كاك بارزان، كە دەڵێت حقوقی خەڵك، ئەوە دوای ئەوە دێتن، كە مەحكەمەی تەمییز دەعوایەكەی نەقض دەكاتەوە، یەعنی هەڵەكەی راست دەكاتەوە، ئەوجا ئەو عقوبەیە دەدرێت و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەنیسبەت پەخشان خان، كە دەڵێت بۆی هەیە، یان دەبێت وا بكات، بەڵام (علی)ەیەكە باشتر نییە (علی رئيس المحكمة ان ينبه) بیكاتە واجیب لەسەری، نەك.

**بەڕێز حاكم نورالدين ملا علی/ جێگری سەرۆكی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوە سەڵاحیەتی خۆیەتی، یەعنی بۆی هەیە، لەوانەیە ئەوە نەهێنێت كە تەنبیهی بكات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئاخر ناكرێت ئەوە بۆ موناقەشەكە سێ كەس داوای قسەی كرد، كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر تەماشای بكەیت تەنبیهەكە مونصەبە لەسەر نەتیجەی تەفتیشەكە، یەعنی نەتیجەی تەفتیشەكە تەنبیهەكە تەحدید دەكات، عەجەبا بیدرێتێ، یان نەیدرێتێ، ئەگەر سابیت بوو لە تەفتیشەكە ئەو تەنبیهەی دەدرێتێ، بۆی هەیە بیدرێتێ، ئەگەر سابیتیش نەبوو نایدرێتێ، ئینجا بەنیسبەت رەئیسی

مەجليسى قـەزا بەنيسـبەت بـا بلـێين مەسـائيلى ئيدارييـە، بەنيسـبەت رەئيسـى مەحكەمـەى تـەمييز، بەنيسـبەت قەزايـەى تـەدقيقاتى تەمييزيـە، بەنيسـبەت رەئيسـى مەحكەمـەى ئيسـتيئناف بەنيسـبەت موخالەفاتى واجيباتى وەزيفييە، هەر يەكەو تايبەتمەندى خۆى هەيە بەڕاستى ئەو تەنبيهە دەدرێت.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

وەڵامەكانى ليژنەى قانونى و جەنابى حاكم نورالدين وەڵامى ئەو سێ پرسـيارەيان داوە، كـە وتمـان حاكمـە، من لەگەڵ مولاحەزەكەى پەخشان خانم، بەڵام حاكم كە ئەو دەسەڵاتەت دايێ واجيبيشيەتى بيكات، چونكە دەڵێت بۆت هەيە، حاكم كەسێكى تر نييە، باشتر لە قانون تێ دەگاتن، كە ئەو دەسـەڵاتەت دايـێ دەزانێـت و واجيبيەتى بيكات، لە شوێنێكدا ديتى نا عەدالەتى هەيە، كەم تەرخەمى هەيە، ئەگەر نەيكات ماناى خۆشى موخاليفـە، بۆيـە مـاددەى پـەنجاو شـەش كـە پشـتگيرى كـراوە لەلايـەن ليژنـەى قانونييـەوە، دەيخەمـە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ دايە دەستى بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نييە دەستى بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرينەى دەنگ وەرگيرا، فەرموو بۆ ماددەى پەنجاو حەوت.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

لقى دووەم

كاروبارە بەرزەفتكاريەكان

ماددەى پەنجاو حەوت:

يەكەم: ليژنـەيەك بەنـاوى ليژنـەى كاروبـارى دادوەران دادەمـەزرێت و لـە سـێ دادوەر پێـك دێـت، ئەنجومـەنى دادوەران لە سەرەتاى هەموو ساڵێكدا لەنێوان ئەندامانى خۆياندا هەڵيان دەبژێرن بۆ تەماشا كردنى كاروبارە بەرزەفتكاريەكانيان.

دووەم: ليژنـەى كاروبارى دادوەران لەو داوا بەرزەفتكاريانـەى كە لەسەر دادوەر تۆمار كراون يـەكێك لـەم سـزا بەرزەفتكاريانەى خوارەوە بەسەر دادوەردا دەسەپێنێ:

يەكەم: هۆشدارى: دەبێتە هۆى دواخستنى سەرمووچەو بەرزكردنەوەى دادوەر بۆ ماوەى (6)مانگ.

دووەم: دواخستنى بەرزكردنەوە: يان سەرمووچە، يان هەردووكيان بەيەكەوە بۆ ماوەى ساڵێك كەمتر نـەبێت و لە سێ ساڵ پتر نەبێت لە رۆژى بڕيارەكەوە، ئەگەر مـاوەى ياسايى بـەرز كردنـەوەو سـەر مووچـەى تـەواو كرد بێ، ئەگەرنا لە رۆژى تەواو كردنى.

سێيەم: كۆتايى هێنان بە خزمەت كردن: ئەم سزايە بەسەر دادوەردا دەسەپێ، ئەگەر حوكمێكى بنەبڕى لـە دادگايەكى تايبەتمەندەوە لەدژ دەركـرا، لەبـەر ئەنجامـدانى كارێـك كـە لەگـەڵ شـكۆمەندى كـارى دادوەريـدا نەگونجێت، يان ئەگەر لە دادگايى كردنێكدا كـە لەلايـەن ليژنـەوە سـەلمێندرا، ئـەو دادوەرە لـە ئەنجامـدانى كارى دادوەريدا لێهاتوو نييە.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**الفرع الثاني**

**((الأمور الإنضباطية))**

**المادة السابعة والخمسون:**

**أولاً: تشكل لجنة باسم لجنة شؤون القضاة تتألف من ثلاثة أعضاء يختارهم مجلس القضاء من بين أعضائه في بداية كل سنة للنظر في الأمور الإنضباطية لهم.**

**ثانياً: تفرض لجنة شؤون القضاة في الدعاوى الإنضباطية المقامة على القاضي احدى العقوبات الإنضباطية الآتية:**

**أولاً/ الإنذار، ويترتب عليه تأخير علاوة القاضي وترفيعه لمدة ستة أشهر.**

**ثانياً/ تأخير الترفيع أو العلاوة أو كليهما مدة لا تقل عن سنة ولا تزيد على ثلاث سنوات من تأريخ القرار اذا كان قد أكمل المدة القانونية للترفيع والا من تأريخ اكمالها.**

**ثالثاً/ انهاء الخدمة وتفرض هذه العقوبة على القاضي اذا صدر عليه حكم بات بعقوبة من محكمة مختصة عن فعل لا يأتلف وشرف وظيفته القضائية أو اذا ثبت عن محكمة تجريها اللجنة عدم أهلية القاضي للأستمرار في الخدمة القضائية.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، هیچ تێبینەمان لەسەر نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە باسی ئوموری ئینزیباتی دەکات، ئێمە قانونێکمان هەیە، قانونی ئینزیباتی موەزەفی دەولە، ئەوە تایبەتە بە موەزەف، دەتوانین بڵێین پەیوەندی هەیە بە سوڵتەی تەنفیزییەوە، چونکە لەوێ تەعریفی موەزەف دەکات دەڵێت هەر کەسێك مووچە وەرگرێت و داخیلی میلاکی وەزارەتێك بێت، بەڵام لێرە بەم ماددەیە زۆر کورتە سەبارەت بە سزاکانی دادوەر، یەعنی من پێشنیاری ئەوە دەکەم باشتر وایە قانونێك هەبێت، قانونی ئینزیباتی قوزات، یان یاسای ئەوەی زەبتی دادوەران، یەعنی لەوە بە تەفاسیل، یەعنی دادوەر بەڕاستی زۆر فراوان و زۆر وردەکاری، رەنگە هەڵەش هەبێت، بۆیە بەم سێ سزایە بچووکەی لێرە، پێم وایە ئەوە ناکرێت ئێمە بتوانین قەزاش لەو هەڵانەی خۆیان بپارێزن، کە دەیکەن بەرامبەری، بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەکەم حەق وایە قانونێك هەبێت تەفاسیلی ئەو مەوزوعە زەبت بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەكەم فەقەرەی سێیەم بەم شێوەیە بێت (انهاء الخدمة وتفرض هذه العقوبة على القاضي اذا صدر عليه حكم بات بعقوبة من محكمة مختصة عن فعل لا يأتلف وشرف المنصب القضائي) لە جیاتی (الوظيفة القضائية)، لەبەر ئەوەی حاكماتی مەنصەبە، وەزیفە نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعيد مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ماددەی پەنجاو حەوتەوە، من لەگەڵ ڕەئیەكەی كاك عادل دام، كە بە یاسا چارەسەری ئەوە بكرێت، لەبەر ئەوەی ئەو لیژنە سێ كەسەیە نەتوانێتن بە هەموو ئیش و كارەكان هەڵستێتن، ئەوە خاڵێك. خاڵێكی تر/ لە ڕووی ڕیز بەندییەوە، مادام لە ماددەی پەنجاو حەوتەوە نووسراوە یەكەم، دووەم، یەعنی حەقە ئەو سزایانە یەكەم و دووەم و سێیەم نەنووسین، یان بە ژمارە، یان بە ئەلف و باو جیم دابنرێت، لەبەر ئەوەی هەست دەكەیت تێكەڵ بوونێك لە ئەوانی تردا ڕوو دەداتن لە ڕووی خاڵبەندییەوە، پێویستە ئەوە بكرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك سەعدەدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدين عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە فەقەرەی یەكەم لە ئینزار، ڕاستە شاریحەك هەیە دەڵێ (ويترتب عليه تأخير علاوة القاضي وترفيعه لمدة ستة أشهر)، لێرە بیدایەتێكی هەیە، بیدایەتەكە چیە، ئەوەیە (ويكون بارسال كتاب الى قاضي يذكر فيه الذنب الذي ارتكبه وينبه الى عدم تكراره وتحسين اعماله في المستقبل)، دەبێت ئەوەی هەبێت لە بیدایەت.

دووەم/ (تأخير الترفيع أو العلاوة أو كليهما مدة لا تقل عن سنة ولا تزيد على ثلاث سنوات) (سنتين) بەسە، لە قەزا سێیەم عقوبە هەیە، یەعنی عقوبەی سێیەم ئەویش پێی دەگوترێت (تنزيل الصنف)، ئەوە نەهاتووە لە عقوبات، یەعنی ئیعادەی حاكمە، یان قازیەكەی دەكرێتەوە بۆ صنفی خۆی، ئەوەش یەك لەو عقوبانەیە، نازانم بۆ لەو قانونەدا نەهاتووە، پێشنیار دەكەم لە فەقەرەی چوارەم كە دەڵێت (انهاء الخدمة) ڕاستە لەگەڵ ڕەئی برای بەڕێزم كاك عەونی، بەلاَم هەر ئەوها بێت (وتفرض هذه العقوبة على القاضي اذا صدر عليه حكم نهائي مخل بالشرف اذا ثبت بدلالة عدم اهليته للقضاء، یەعنی (اذا ثبت حكم مخل بالشرف او عدم اهليته للقضاء ولا يجوز اعادته الى الخدمة القضائية)، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا من پرسیارێکم هەیە بۆ لیژنەی یاسایی، ئەم عقوبانە ئەگەر بێتو لە حاڵەتێکدا دادوەر کارەکانی خۆی بەپێی یاسا جێ بەجێ نەکات، ئەگەر هاتوو دادوەر خۆی تاوانبار کرا، یان سەرەتا ئەو توهمەی خرایە پاڵ و دواتر لە دادگا دەرکەوت کە خۆی بەشێك بووە، یاخود دەستی هەبووە لە ئەنجامدانی تاوانی عقوبەکانی چی دەبێت، ئەمە یەك.

دووەم/ لە هەمان کاتیشدا من پێم وایە بەڕاستی ئەو عقوبانە من تەئیدی ئەو رەئیە دەکەم، کە بە یاسا رێك بخرێت، سنوورێکیش دابنرێت بۆ ئەوەی کە دادوەرانیش لێکۆڵینەوەی عقوباتیش هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەو قانونە زۆر جار باسمان کردووە، کە پۆستی دادوەری پۆستێکی زۆر حەساسە، چارەنووسی هاووڵاتیان راستەوخۆ لەبن دەستی ئەو حاکمە، یان ئەو بڕیارانە لەبن دەستی ئەو حاکمانەیە، بۆیە لێرەدا چەندی تەشدید بکەین لەسەر ئەوەی کە حوکام باشترو رێك و پێکتر رۆڵی خۆیان و کاری خۆیان بکەن، شتێکی زۆر باشە، لە هەمان وەختیشدا، لە ناحیەی ئیمتیازات و ئەو شتانەش کاملەن بۆیان تەوزیف بکرێت، پێم وایە شتێکی زۆر زۆر باشە، لە فەقەرەی دوو (انهاء الخدمة) لێرە باسی ئەوەی دەکات (اذا ثبت عن محكمة تجريها اللجنة) من دوای ئەوەی دەکەم تەفسیل تر بێت، زۆر حوکام هەیە، یەعنی وەکو پارێزەر دیتمان زۆر ئەختائی زۆر فاحیش دەکەن، ئەختائی فاحیشی وا کە بەڕاستی شایەنی ئەوە نینە دادوەر بن، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە دادوەری زۆر زۆر باشمان هەیە، جێگای شانازی هەر هەموومانە، دادوەری خراپیشمان هەیە، بۆیە من پێشنیار دەکەم (ارتكاب خطئين فاحشين) ببێتە مایەی ئەوەی کە ئینهای خدمەی بۆ بکەن و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان ئەگەر وەکو لیژنەی قانونی ئەو پرسیارانەو جگە لەوەش ئەوە پێشنیارەی کە کاك عادل و کاك غەفورو کاك ئارامیش پشتگیریان لێ کرد، دەڵێ ئەو شتە بەقانون بێت، رەئیتان تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕێکخستنی ئوموری ئینزیباتی بەڕاستی لە زیمنی قانونی سوڵتەی قەزائی بێت زۆر شتێکی بە قەناعەتی ئێمە ڕێك و پێکە، نەك بە یاسایەکی تایبەتی بێت، ئەمە یەك.

دوو/ بەگوێرەی مەعلوماتی من ئەسڵی قانونی ئینزیباتی موەزەفی دەولە لە بەغدا لەغو کراوەو نەماوە، ئەوە دوو.

سێیەم/ زۆر قەوانینی تریش هەیە، ئێمە ئوموری ئینیزیباتی بەنیسبەت مونتەسیبینی خۆی لە زیمنی قانونەکەی خۆی هاتووە، بۆیە ئێستاش ئەو ئوموری ئینزیباتیەی کە لێرە هاتووە بە قەناعەتی ئێمە تایبەتمەندی خۆی هەیەو پەیوەندی بە قەزاوە هەیە، ڕیز بەندیەکەش بە قەناعەتی من لە جێگای خۆیەتی.

بەنیسبەت کاك عەونی کە دەڵێت بەنیسبەت وەزیفەی قەزائی، ئێمە وای بۆ دەچین، وەزیفەی قەزائی ئەو کەسانەی کە مەهامی قەزائی دەبینن بەڕاستی بەشێوەیەکی گشتی، بۆیە وەزیفەی قەزائی شاملترە لە مەنصبەکە، ئەوە ڕەئی ئێمەیە، ئەوانی تریش بەڕاستی نەتیجەی خەتەئی فاحیش، دوو خەتەئی فاحیش بۆ قەزا دەمێنێتەوە، خۆیان بەو شکلە داوایان کردووە، ئەوەی کە روون و ئاشکرایە بە مەعلوماتی ئێمەش یەك خەتەئیشی هەبێت، ئەو ئیجرائاتە هەر دەکرێت، ئەوەی کاك ئارامیش گوتی، حەز دەکەم عقوباتی ئینزیباتی و عقوباتی جەزائی لێك بکەینەوە، ئەگەر لە ئەسنای روئیەی ئینزیباتی جەریمەیەك هاتە گۆڕێ قازیەکەی پێ ئیتیهام بکرێت، لیژنەی شوئونی قوزات بۆی هەیە مەسەلە جەزائیەکەی ئیحالەی تەحقیق بکات، بۆ ئەوەی لەو مەوزوعانە بکۆڵێتەوە، بەڵام ئەمە تەئسیر ناکاتە سەر مەسەلە ئیداریەکە، مەسەلە ئینزیباتیەکە، ئەوجا نازانم برای بەڕێز کاك نورالدین تەوزیحاتی تری هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك حاکم نورالدین فەرموو.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە لە قانونی پێشووش هاتووە هەر ئوموری ئینزیباتی هەر لە سوڵتەی قەزائی و لە مەرکەزیش هەر وایە، بەڵام دەڵێ ئەو عقوبانە کافی نییە، ئەگەر درایە لیژنەی شوئونی قوزات لە لیژنەکە لە ئەسنای بینینی دیتی ئەمە جەریمەیەك تەشکیل دەکات رادەوەستێك ئیحالەی مەحکەمەی دەکەن، رەفعی حەصانە لەسەر حاکم دەکرێت، ئیحالەی مەحکەمەی موختەس دەکرێت، ئەگەر لەوێ ئیسپات بوو، لەسەری حوکم بوو، ئەوەی عقوبەی سێیەمی دەست لە کار دەکێشێتەوەو لە حاکمی لە وەزیفە دەردەچێت، ئیزافە لەسەر عقوبەی جەزائی و هاووڵاتیش ئەگەر چ زەرەرێکی لێ کەوت، ئیزافە لەسەر ئەمانە لە ئەسنای موڕافەعە، لە قانونی موڕافەعات دایناوە دوو حاڵەت، (شكوى من القضاة) شەکوا هەیە تەقدیم دەکرێت بۆ ڕەئیسی ئیستیئناف، یان لە مەحکەمەی ئیستیئناف تەقدیم دەکرێت، ئەگەر شەکوا لە مەحکەمەی ئیستیئناف بوو

بـۆ مەحكەمــەی تــەمییز، هــەروەها داوای ڕەبــتی قــازیش كــراوە، ئەوانــە لــە قــانونی موڕافــەعات ئــەو حاڵەتانەشیان كردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كەریم فەرمووو.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من لەگەڵ ئـەو ڕەئیـە دامـە ئـەوەی كاك سـەردار باسـی كـرد، ئەگـەر خەتـەئی فاحیش لـە حـاكم دووبارەو سێ بارە بۆوە، حەقـە سـزایەكە تونـدتر بكرێـت بەرامبـەر بـەو حاكمـەی كـە دووبـارەو سـێ بـارە دەكات، لەوانە ئینهای خدمەی پێ بكرێت، فەسڵ بكرێت، من لەگەڵ ئەو بۆچوونەدام، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك فرسەت فەرمووو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە ڕەئی من هەتا ئەگەر قانونێكیش بێتە دانان بۆ ئینیزیباتی قوزات لـەو مەفهومـە زیـاتر نابێـت، ئـەوەی لێرە هاتووە، ئیحتیمال هەیە لێرە زۆر مورەكەز هاتبێت، مەوزوع مـەوزوعی صیاغەیە، چونكە بەنیسـبەی مــەوادی تــریش عیلاقــەتیان لەگــەڵ قەزایــەی ئینزیبــاتی هەیــە، مــەوزوعی شــروت و مواصــەفاتی قــازی مەبادیئی ئیش كردنی، ئەوەش عیلاقەتی لەگەڵ هەیـە، یـەعنی زۆر زۆر قانونێـك دەربچێت، ئـەو ماددانـە ڕێك بخەن لە قانونێك، بەڵام ئەگەر هاتوو ئەو ماددەیە ئێستا ئیقرار نەبوو، لە ئێستاوە هەتا قـانونێكی تـر بێتن خاص بێت بە ئینزیباتی قوزات، دوور نییـە بـە چـەند مانگێـك تـاخیر دەبێـت، فـەترەی فـەراغ باشـە مەوقیف چۆن دەبێت بەنیسبەی مەجلیسی قەزا بەرامبەر قازییەك كو شتێكی خراپی كرد بێت، نەصـێكی عیقابی نەبێتن موعاقبە بكرێتن، مانای نەجات دەبێتن لە قانون، لەبەر ئەوە ڕەئیم وایە ئـەوە وەكـو خـۆی بمێنێتن، چونكە لە قانونی پێشتریش هەر وا بـووە لـە تـاریخی تەشـكیلی دەوڵـەتی عێـراق تـاكو ئێسـتا بـەو شكلە بەڕێوە چووە، باوەڕ ناكەم هیچ نەقصێكی تێدا بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عادل ئەگەر موسیڕی لەسەر ڕەئی خۆت، تەوزیحێك بدە، لەبەر ئـەوەی دوو ئەنـدامیش پشـتگیریان لـێ كرد، ئەگەر سەحبی دەكەیت دەیخەمە دەنگدانەوە، ئەگەرنا تەوزیحێك بدە.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كاك فرسەت باسـی ئـەوە دەكـات دەڵـێ لـەوە زیـاتر نایـەت، ئەگـەر قـانونێكیش دانـێین، ڕاسـتە ئـەوەی كـاك فرسەت دەڵێ ئێمە لێرەوە سزاكان دیاری نەكەین، ڕەنگە بۆشاییەك دروست بكات نەتیجەی هـاتنی پـرۆژیـە

بۆ پەرلەمان، بەلاَم خۆ ئێمە دەكرێت ئەگەر لە فەرزێكدا كە پێشنیارەكەی من نەبێتە هۆی ئەوەی بە قانون بێتەوە، دەكرێت ئێمە ئەم ماددانە تەفاسیلی وردتری بدەینێ باشتر فراوانتری بكەین، بۆ ئەوەی هەموو ئەو سزایانە بگرێتەوە، كە لە كاتی هەڵەیەكی دادوەر تووشی دەبێت، بەلاَم من سەبارەت بەوە كە كاك شێروان وتی قانونی ئینزیباتی موەزەف دەولە لەغو بۆتەوە، تاكو ئێستا لە كوردستان ئیشی پێ دەكرێت، ئەگەر مەبەستی كۆنەكەیە، من مەبەستم ساڵی 1992ە، تا ئێستا ئیشی پێ دەكرێت، ئەوە هەشت سزای تێدایە زۆر وردترو تەفاسیلەو تەنزیل دەرەجەیە، قەتع راتبە، كۆمەڵێك سزایەكی تیایە، بەلاَم لێرە بەم سەریعیەو بەم ماددە، بە رەئی من هەدەفەكە ناكرێت، ئەوەی ناكرێتێ كە ئێمە دەمانەوێت قەزا پارێزراو بێت، قەزا موستەقیل بێت، قەزا بتوانێت بەڕاستی عەدالەت پیادە بكات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە موقتەرەحێكی نووسینت هەیە بە قانون بێتن، یان ئەوەی دەوڵەمەند بكەین، چ جوملەیەكت هەیە بە قسەی عام ناتوانین.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەكرێت ئێمە فەقەرەیەكی تر بۆ ئەم ماددەیە زیاد بكەین، بڵێین جگە لەم سزایانە هەر سزای تر هەبێت لە قانونی ئینزیبات دەوڵەت، دەكرێت ئەوە وەكو پڕ كردنەوە بۆ هەر حاڵەتێك هاتە پێشەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆ قانونی عقوبات تەتبیق دەكرێت لەسەری، ئەوە تەحصیل حاصلە، كاك خەلیل فەرمoo.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مەبدەئەك هەیە مەوزوعی عەزلی قوزات، كە ئەوەش نوقتەیەكی زۆر موهیمە لەوێش عەزلیش نابێت، كە مەبدەئێكی دەستوورییەو لە دەستووری دوەل هەیە، لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستانیشمان هەیە، كە دەڵێت (لایجوز عزل القضاة الا في الحالات التي يجيزها القانون)، جا ئیحتیمالە ئێمە موحتاجی هەر قانونێك بین تەفسیلی بێت، یەعنی رەئی كاك عادل وەجیهە بە رەئی من.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

موقتەرەحێكی مەحدەد بڵێ، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، یان لیژنەی قانونی موقتەرەحێك هین بكات، یان شتێكی موحەدەد بڵێ، فەرموو كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی من تێگەیشتم كاك عادل دەڵێ ئوموری ئینزیباتی قوزات بە یاسایەكی تایبەت عیلاج بكرێت، نەك لە زیمنی ئەو یاسایە بێتن، ئەوەی من تێ دەگەم ئەوهایە سوڵتەی قەزائیش تەڵەبی كردووە ئوموری

ئینزیباتی دادوەرەکان لە زیمنی قانونەکە جێ بەجێ بکرێت، تەصویتەکە دەبێت بەم شێوەیە بێت بەڕاستی، لەگەڵ پرۆژەکە بێت، یان بە قانونێکی تایبەتی بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک حاکم نورالدین فەرموو.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەو مەرحەلەیە ئێستا لە قانونەکە ئەمە حالیەن بڕوات چ نوقصانیەکی تێدا نییە، بەس لە موستەقبەل ئەگەر ئیحتیاج بوو بەس پرۆژەیەکی قانونی ئینزیبات با تەقدیم بکرێت و ئەوە تەسبیت بکرێت قەیدی ناکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو وەڵامەی کاک حاکم نورالدین رەنگە بەجێ بێتن، دەڵێ ئەگەر ئیحتیاج بوو ئەو وەختی پرۆژەیەك تەقدیم دەکەین بە قانون لە لایەن خۆیانەوە، پێم وایە ئەوە جێی دەگرێتەوە، ئەوەی کاک سەرداریش بەهەمان شێوە ئەو پرۆژەیە ئەگەر پێویست بوو، خۆیان پرۆژەیەك تەقدیم بکەن، رەنگە یەکەم کاریشیان ئەوە بێتن، داوای پرۆژەیەك بکەن کە دەسەلاَتی تەقدیم کردنی پرۆژەیان هەبێتن، ئەو وەڵامەی کاک حاکم نورالدین پێم وایە باشە، بەتایبەتی کە شتێکی موحەددەد نەبوو، کاك عەونیش وەڵامەکەی درایەوە وەزیفەکە فیعلەن مەقصەدەکە ئەوەی لیژنەی قانونی باسیان کرد وایە، جوملەیەکەیان مەقصەدە وەزیفەی کارەکەیە، نەك مەکانەکە، ماددەکە وەکو پشتگیری کراوە لە لایەن لیژنەی قانونییەوە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، فەرموو بۆ ماددەی پەنجاو هەشت.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی پەنجاو هەشت: ئەوەی دوایی بە خزمەت کردنی بهێندرێ، بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە جارێکی دیکە ناگەڕێتەوە بۆ کاری دادوەری، بەلاَم رێگای ئەوەی لێناگیرێ کە لە فەرمانێکی دیکەی مەدەنیدا دابمەزرێ.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەلای من نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک حاکم بۆمان بخوێنەوە.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة والخمسون:

أولاً: يكون انهاء خدمة القاضي بقرار من مجلس القضاء.

ثانياً: لا يعاد الى القضاء من تنهي خدماته وفق أحكام هذا القانون على أن لا يمنع تعيينه في وظيفة مدنية.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

(يكون انهاء خدمة القاضي بقرار من مجلس القضاء)، پرۆژەكە وا هاتووە، ئەوە پرۆژەكەی دەخوێنێتەوە (يكون انهاء خدمة القاضي بقرار من مجلس القضاء) نووسیت، فەرموو ئێستا بیخوێنەوە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة والخمسون:

أولاً: يكون انهاء خدمة القاضي بقرار من مجلس القضاء.

ثانياً: لا يعاد الى القضاء من تنهى خدماته وفق أحكام هذا القانون على أن لا يمنع ذلك من تعيينه في وظيفة مدنية.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت فەقەرەی یەك لە ماددەی پەنجاو هەشت، ئەوەش وابزانم بەنیسبەت تەڵەبی سوڵتەی قەزائی بوو، جا نازانم خۆیان دەتوانن ئەسبابەكەی لێرە دیاری بكەن، دەڵێت (لمجلس القضاء أنهاء خدمة القاضي من الصنف الرابع بناء على قرار بعدم أهليته للقضاء)، ئەگەر كاك نورالدین تەوزیحێكمان بداتێ.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك حاكم نورالدین.

**بەڕێز حاكم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆكی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوە لە مەركەز ئەو نەصە لە قانون تەنزیم قەزائی هەیە، كە صنفی چوارەم تازە لە مەعهەد تەخەروج دەكات بۆ مودەی ساڵێك لە جێی تەجروبەی، ئەگەر سابیت بوو ئەهلیەتی نییە، مەجلیسی قەزا قەرار دەدات بە ئینهائی، ئینجا لێرەش قازی بە ئیعتیباری صنفی چوارەم كە تازە تەعین بووە، ئەگەر مودەی تەجروبەی لە خیلالی ساڵێك سابیت بوو ئەهلیەتی نییە، مەجلیسی قەزائی بۆی هەیە داوای ئینهای خەدەماتی بكات، تەنیا عەرزێكم هەیە ئەگەر فەقەرەی یەك تەعدیل بكرێت، ئەگەر بەو جۆرە بخوێندرێتەوە (يكون انهاء خدمة القاضي بمرسوم أقليمي بناءاً على قرار من مجلس القضاء)، لێرە چونكە تەعینی بە مەرسوم بووە، ئینهای خدمەشی بە مەرسوم بێت، دەوری رەئیسی ئیقلیمیشی تێدا هەبێت، كە مەجلیسی قەزا ئیقراری كرد مەرسومی جمهوریش، وەكو چۆن لە تەعینەكەشدا مەجلیسی قەزائی ئیقرار دەكات و مەرسومی ئیقلیمی بۆ دەردەچێت لە ئینهای خدمەشی هەر وا بێت، بەو رێگایە بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نازانم، هەرچەندە ئەوە موناقەشە دەكرێت، بەڵام خۆ زۆر كەس هەیە بە مەرسومیش تەعین دەبێت و ئینهایەكەی چ مەرسومی ناوێت، یەعنی بۆچیە، وەزیرە، بریكاری وەزیرە، سەرۆك وەزیرە هەمووی بە مەرسوم دەبن، بەڵام ئینهای خەدەمات بە مەرسوم بۆچیە، ناوی خەدەماتی تەقاعودیش دەبێت بەبێ مەرسومی ناوێتن، دەیان وەزیر لادراوە، ئیستیقالەی كردووەو گۆڕاوە، هیچ مەرسومی بۆ دەرنەچووە، بەهەر حاڵ كاك غەفور نوقتەی نیزامیت هەبوو فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی كە تێبینی دەكرێت ماددەی پەنجاو هەشت لەكوردیەكەی شتێكە، لە عەرەبیەكەی شتێكی ترە، لە كوردیەكەی فەقەرەی یەكەم و دووەمی نییە، لە عەرەبیەكەی فەقەرەی یەكەم و دووەمی هەیە، یەعنی ماددەی پەنجاو هەشت یەك شت نییە لە كوردی و عەرەبیەكەی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە لە تەبعە دەرنەچووە لە عەرەبیەكەش دەرنەچوو بوو، بەڵام نوسخە ئەسڵەیەكە لە لای حاكم بوو خوێندیەوە بە عەرەبیەكە، كوردیەكەش وەكو عەرەبیەكەی لێ دێت، فەرموو خەمان خان.

**بەڕێز خەمان زرار اسعد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پرسیارەكەی من تەنیا لە یەك شت لە ماددەی پەنجاو هەشت كە بە یەكەم و دووەم هاتووە، یەعنی زۆر وازیح نەبوو، ئێستا لیژنەی یاسایی داوایان لە حاكم نورالدین كرد بۆ ئەوەی بۆیان باس بكات، پرسیارەكەی من لێرە ئەوەیە پێش وەخت قسە نەكراوە لەسەر ئەم ماددەیە، یەعنی بۆ وای لێ هات؟

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دكتۆرە شوكریە فەرموو.

**بەڕێز د.شوكریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی پەنجاو هەشت من وای دەبینم لە لای خۆمەوە، ئەوەی دوایی بە خزمەت كردنی بهێنرێت بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە جارێكی تر ناگەڕێتەوە بۆ كاری دادوەری، ئەمە خاڵی یەكەم.

دوو/ رێگەی لێ ناگیرێت ئەگەر فەرمانەكەی بكەینە مەدەنی، بە رەئی من ئەو فەقەرەیە لابرێت رێگای لێ ناگیرێت كە لە فەرمانگە، با هیچ فرمانێكی تر نەبێت، چونكە عقوبەیەكی گەورە دراوە لەسەر هەندێ مەسائیل، وەكو ئێستا بەڕێزی ئاماژەی پێ كرد، یەعنی با مەرسومیشی بۆ دەربكرێت، مەسەلەیەكی پێشنینان هەیە دەڵێت (ئەگەر گۆشت گەنی فڕێ دەدرێت) ئەی ئەگەر مەلا، یان قازی گەنی، چی لێ دەكرێت، ئەوەش فڕێ بدرێت باشترە، كەواتە با هەر ئینهائی بكرێتن‌و هیچ وەزیفەیەكی نەدرێتێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێخ ئەدهەم فەرموو.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیسان تێبینیەكا بچووك لەسەر فەقەرە دوو هەی (لا یمنع من تعیینە في وظیفة مدنیة)، لێرە وشەی مەدەنی من پێم وایە زۆر لە شوێنی خۆی نییە، وەزیفاكا دی، یان حكومی، چونكە بەلكی بێتە دیار كرن وەكو دەزگای قوزات شتێكی عەسكەرییە، یەعنی (تعیینە في وظیفة مدنیة) (تعیینە في وظیفة اخری) یان حوكمی بە رەئی من جوانتر دێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش هەمان تێبینیم هەیە، یەعنی لە دوو حاڵەت دادوەر ئینهای خدمە دەبێت، لە حاڵەتێك ئەگەر فعلێك هەبوو (لا یعترف لشرف الوظیفة القضائیة)، یاخود (محاكم تشریع اللجنة ثبت عدم اهلیة القاضي لاستمرار) مەرسومی بۆ چیە، یەعنی لەو دوو حاڵەتەی كە ئەو فعلەی لێرە جارێكی تر مەرسومی بۆ دەركەین، پێم وابێت مەرسومی هەر سوڵتەی قەزائی شەكل بكات ئەوە یەك.

لە فەقەرەی دوو/ من پێشنیار دەكەم جوملەی ئەخیری لابدرێت (علی ان ذلك لا یمنع من تعیینە في وظیفة مدنیة)، پێم وایە ئەگەر ئەوە بمێنێت، ئەوە چانسێكە دەدرێتە دادوەر، ئەوەش دەبێتە مایەی ئەوەی لەوانەیە كارەكەی خۆی بە رێك و پێكی نەكات، هەروەها كە ئەوە نەمێنێت، پێم وایە خەڵكانێك داوای دامەزراندنی دادوەری ناكەن، ئەگەر 100٪ لەخۆیان را نەبینن، كە ئەو ئیشەیان پێ دەكرێت، یاخود ئەهلن بۆ وەزیفەی دادوەری، بۆیە پێشنیار دەكەم ئەو بڕگەیە لابدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك محەمەد رەفعەت فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش هەر تەئیدی ئەو قسانەی دكتۆرە شوكریەو كاك سەردار دەكەم، دادوەرێك لەسەر كارێكی خراپ لە كارەكەی لابدرێت، بۆ رێگای پێ بدەین بچێت لە كارێكی مەدەنی ئیش بكات، بۆیە منیش تەئیدی ئەوە دەكەم، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ڕەئیەی کاک ئەدهەمیش بەشێوەیەك لە شێوەکان باسی کرد وەزیفەی هین و ئەوانە کاک سەردارو دکتۆرە شوکریەو کاک محەمەد ڕەفعەتیش، ئەگەر ئەو جوملەیە لابدرێتن ئیشکالەکەمان حەل دەبێت (لا یعاد الى القضاء من تنهي خدماتە وفق أحكام هذا القانون)، ئەگەر ئەوەی هین بکەین و وا بێت باشترە، ئەگەر موافیق بن، بەس بۆ قەزا ناگەڕێتەوە، ئەو جوملەیە هەر زیادە، دەتوانێت بۆ خۆی تیجارەتیش ئیش بکات، موافەقەت کرا ئەو جوملەیە شەتب بکرێت (على أن لا يمنع ذلك من تعيينه في وظيفة مدنية) شەتب کرا، جوملەکە وای لێ دێت (لا يعاد الى القضاء من تنهي خدماته وفق أحكام هذا القانون) ئەوە بەنیسبەت ئەوە، بەنیسبەت (يكون انهاء خدمة القاضي بمرسوم اقليمي بناءاً على قرار من مجلس القضاء)، تەبعەن لێرە کاک فرسەتیش لێرە هەندێك باسی کرد، ئینهای خدمە نەوعێك هەیە، تەعدیل وزارییە دەکرێت، یان خۆی تەقاعود دەبێت، یان خۆی واز دەهێنێت، ئەوە مەرسومی ناوێت، بەڵام ئەگەر ئیقالە بکرێتن، ئەوە دەبێت بە قەرارێکی مەرسومی بێت، ئەگەر کاک حاکم بۆمان ڕوون بکاتەوە.

**بەڕێز حاکم نورالدين ملا علی/ جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەعنی لێرە ئینهای خدمە، مانای نەتیجەی عقوبەیە، کەواتە ئیقالەیە، لەبەر ئەوە عەرزم کردن، ئەگەر مەرسومی ئیقلیمی بۆ دەرچێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک کەمال ڕەئیەکی هەیە فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێویست ناکات ئەوەندە لەسەری بڕۆین، بە چ ڕێگایەکەوە تەعین بووە، بە هەمان ڕێگاوە کۆتایی بە کارەکەی دەهێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام من باسی واقیع دەکەم، لە ساڵی 1992دوە تا ئەمڕۆ هەمووی بە سوێند خواردن و بە قەرار هین بووە، ئێستا زۆر وەزیر هەیە ئیستیقالەشی نەداوە تەعدیل وەزاری کراوە، بەبێ ئەوەی نەئیستیقالەی بدات، نە مەرسومی بۆ دەربچێت، من ئیعلانی دەکەم وەزارەتمان تەشکیل کردووە، وەزارەی پێشوو ئیستیقالەی نەداوە لە ڕابردوودا، جا خۆ مەبدەئەکە ڕاستە، یەعنی ئەوەی بە مەرسوم بێتن، دەبێت بە مەرسوم بێت، کاک شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەرسوم دەردەچێت بۆ زۆر موەزەفین لە دەوڵەت، مەسەلەن زابت بە مەرسوم دەردەچێت، بەلأم عقوبە بە مەرسوم نییە، جەدوەلێك دەردەچێت مەسەلەن بە مەرسومێك لادەبردرێن، ئینهای خدمەی دەكرێت، ئەوە عقوبە نییە، مەسەلەن میلاك تەواو ناكات، تەمەنی گەورەیە، ئەوانە بە مەرسوم دەبێت، بەلأم عقوبەی بدەیت بە قانون عقوبەی دەدەیت، خۆشی قانونە، یەعنی نابێت بە مەرسوم بێت بەڕاستی، مەرسوم شتێكی زۆر گەورەترە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە تەبعەن باسی عقوبەی ناكات، عقوبە دەسەلأتی سەرۆكی بالأیە، روونی كردەوە، یان رەئیسی مەحكەمەی ئیستیئنافە، عقوبە شتێكە، ئینهای خەدەمات، ئیقالە شتێكی ترە، من لەگەڵ ئەوەم لە ئیقالەدا بە مەرسوم بێت، ئیقالە مەرسومی دەوێت، لەبەر ئەوە شتێكی ئیستیسنائیە، عقوبەیەكە خەڵك پێی دەزانێت، پێی دەڵێن، ئەمری پێ دەكات بڕۆ ماڵی خۆت دابنیشە پێویستیمان بە خەدەماتت نییە، ئەوە لە حاڵەتی ئیقالە، بەلأم ئەگەر تەقاعود دەبێت، خۆی واز دەهێنێت بە هەر سەبەبێك بێت، دەچێتە وەزیفەیەكی تر، ئینهای خەدەماتی دەكاتن، ئەوانە مەرسومی ناوێت، لەبەر ئەوە ئەگەر بیكەینە مەرسوم، یەعنی (اقالة القضاة بمرسوم اقليمي بناءاً على قرار من مجلس القضاء)، كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە قەناعەتی من مەبدەئی ئیقالە لە قانونی سوڵتەی قەزائی لێرە نەهاتووە، ئەوە یەك.

دوو/ ئینهای خدمە عقوبەیەكە، لە نەتیجەی عقوبەیەك هاتووە ئینهای خدمەی كراوە، ئەو ئینهای خدمەیەش بە قەناعەتی من مەرسومی ئیقلیمی ناوێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك حاكم هەر بە دەسەلأتی خۆتان بێت هیچ ئیشكالێك نییە، ئێمە دوێنێ تەمەنەكەمان هێن كردو شتێكی زۆر پۆزەتیفە، ئەگەر سەحبی ئیقتیراحەكەت بكەیت.

**بەڕێز حاكم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆكی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە وەكو ئیقتیراح پێشكەشمان كرد، ئیتر رەئی رەئی جەنابتانەو رەئی لیژنەی قانونی و ئەندامانی بەڕێزانی پەرلەمانە، بەلأم وەكو بە چ رێگەیەك تەعین بوو، هەر بەو رێگەیە دەربكرێت، چونكە ئەمە عقوبەكە هەر قابیلی عەزل و ئیقالەیە، عەیەنی بەو مانایەی دێت، نەتیجەی عقوبە دراوە ئیقالە دەكرێت، عەزل دەكرێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەحدیدی تەمەنی تەقاعود، كە حاكم تەقاعود دەبێت، یەعنی ئەوەش كۆتایی بە خدمەكەی دێت، ئەوە مەرسومی دەوێتن لەناو قانونەكە حەسبە زەوابتەكە دیاری كراوە، كە زەوابتەكە تەواو بوو دەچێتەوە تەقاعود دەكرێت، هیچ مەرسومێكی ناوێت، لێرەش بەشێوەیەكی دیكە ئینهای خدمە نەتیجەی عقوبەیەك هاتووە، كە نەتیجەی عقوبەش بێت بە قەناعەتی من مەرسومی ناوێت، دوا ڕەئیش ڕەئی ئێوەو ئەندامانی پەرلەمانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك محەمەد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خۆی ئەگەر سەیری عینوانەكە بكەین (الامور الانضباطیة) ئەمە لە مەجالی عقوبە هاتووە، بەلاّم من وا دەزانم ئەوەی كە پرۆژەكەی نووسیووە، بەڕاستی ئینتیقای كردووە، ئینتیقای ئەو عقوبانەی كە دانراوە لە سالّی 1992، كە هەشت برگەیە، ئینتیقای ئەو عقوبانەیان كردووە لە شێوەیەكی وەكو بلّێی ڕێز لێنراو، مەسەلەن تەنها دوانی دەرهێناوە، ئینزارو ئەوە، ئەمە فەسلە، ئەمە ئینها نییە، یەعنی ئەمە مەرسومی ناوێت، قەراری فەسلە، بەلاّم ناوی ناوە ئینهای خدمە، لە ئەسلّدا ئەمە ئینها نییە، ئەمەی كە جەنابت دەلّێی ئیقالە دەكرێت، یان شێوەكەی دەگۆڕێت، ئەوە شتێكی جیاوازە، ئەمە عقوبەیە، ئەمە فەسلە، بەلاّم لێرە بە كەلیمەیەكی ئەدەبی تر ناویان ناوە ئینهای خدمە، ئەگینا هەر ئینتیقایە، ئینتیقای عقوبەكانیان كردووەو بۆ حاكم مەكانەتێكی زۆر بەرزو زیاد لە سنووری خۆی بە قەناعەتی من، ئەگینا ئەمە فەسل كردنە، یەعنی تاوانێكی كردووەو فەسل دەكرێت، بەلاّم ناویان ناوە ئینهائی خدمە، لەبەر ئەوە بەقانون، بە قەرار دەبێت، نەك بە مەرسوم، ئەوەی جەنابت دەلّێی ئیقالە ئەوە بەحسێكی ترە، تۆ پێویستت بە ئیشەكەی نەماوە، یان لەبەر زەرورەتێك دەیگۆڕیت جیایە لەمە، ئەوە عقوبە نییە، بەس ئەمە عقوبەیە بە قەرار دەكرێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بۆ ئەوەی بزانرێت ئینهای خدمە وەكو عقوبەیە، دەبێت تەعبیرێك ئیزافە بكەین (لا یعاد الی القضاء من تنهی خدماته وفق المادة السابقة) بۆ ئەوەی جیا بكرێتەوە لە خانەنشین و لە ئیقالەو لە عەزل بەپێی

ماددەی پێشتر، کە دیاری کراوە ئینهای خدمە عقوبەیە، مەرسومیشی پێ ناوێت، فعلەن مەرسوم جۆرە ڕێزلێنانێکە بۆ تەعینە، مەعقول نییە لەکاتی عقوبە هەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەعدەدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی سی چوار هاتووە دەڵێ (یجوز منح المجلس مهام اخری وفقاً للقانون)، دەتوانین لێرە یەعنی لە صەلاحیەتی مەجلیسی قەزا بێتن، دوایێ لێرە جێی نییە، جێی بۆ بکەیتەوە، یەعنی ئەگەر چەندی تەماشا بکەیت، یان ئەوە قانونی خدمەی تەقاعودی عیلاجی کردووە، کە ئینهای خدمەی بێتن، لە پاشان ئیقالە هەر عیلاجی بۆ کراوە، کە ئینهای عقوبە عیلاجی بۆ کراوە، یەعنی نازانم لە کوێ جێ بۆ دەکرێتەوە ئەو مەرسومەو لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئینهای خدمە نەك هەر عقوبەیە، گەورەترین عقوبەیە و توندترین عقوبەیە، ئێمە لێرە دێین کە مەرسوم، دەڵێین بە مەرسوم دەربچێت، بە ڕەئی من یەعنی کەم کردنەوەیە لە وەزنی ئەو مەرسومە ئیقلیمیانە، یەعنی بۆ پاراستنی وەزنی مەراسیمی ئیقلیمی، پێم وایە با بە مەرسوم نەبێتن، تەنها بۆ حاڵەتی تکریمی و تەشریفی بێتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەوە مەحسوم بوو هینەکە، عەفوم دەکەن لە ئەسڵی پرۆژەکەدا نەهاتووە بە مەرسوم بێتن، لیژنەی قانونیش نەیگوتووە، کەسیش لە ئەندامانی پەرلەمان داوای نەکردووە، لەبەر ئەوە موقتەرەحەکە لە لیژنەی قانونیەکە وەردەگرین مەرسومی ناوێتن (یكون انهاء خدمة القاضي بقرار من مجلس القضاء)، ئەوەی دووەمیش/ دەبێتە (لا یعاد الی القضاء من تنهي خدماته وفق أحكام هذا القانون)، ئەو ماددەیە بەو دوو فەقەرەیە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، فەرموو بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی پەنجاو نۆ:

یەکەم: بەپێی بڕیارێك لەلایەن سەرۆكی دادگای تێهەڵچوونەوە، داوای بەرزەفتكردن لەسەر دادوەر تۆمار دەكرێ، بۆ لیژنەی كاروباری دادوەران رەوانە دەكرێت، بەمەرجێك دەبێ ئەو بریارە بەیانێكی تێدا بێ دەربارەی ئەو رووداوەی دراوەتە پاڵی، ئەو بەڵگانەی بەسەری دەسەپێنن، دەبێ ئەو بڕیارە بە دادوەرەكەو داواكاری گشتی رابگەیەندرێت.

دووەم:

أ- لیژنەی كاروباری دادوەران كاتێك بۆ تەماشاكردنی ئەو داوایە دیاری دەكات و دەبێ ئەو كاتە دیاری كراوە بە سەرۆكی دادگای تێهەڵچوونەوە و سەرۆكی داواكاری گشتی و دادوەرەكە رابگەیەندرێت.

ب- دادگایی كردنەكە نهێنی دەبێ بڕیارەكەشی بە ئاشكرا تێ دەگەیەندرێ.

ج- دادگایی كردنەكە بە ئامادە بوونی نوێنەری سەرۆكی دادگای تێهەڵچوونەوەو سەرۆكی داواكاری گشتی، یان ئەوانەی لە داواكارە گشتیەكان رەوانەیان دەكات, پێویستە ئەو دادوەرە خودی خۆی ئامادە بێت، بۆی هەیە پارێزەرێك لەگەڵ خۆیدا ئامادە بكات.

د- بۆ لیژنە هەیە چەندی بە باشی دەزانێ لێكۆڵینەوە بكات.

هـ- دوای تەواوكردنی تێهەڵچوونەوەو داواكاری گشتی و بەرگری كردنی لە دادوەرەكە, داوایەكەی یەكلادەكاتەوەو بڕیارەكەشی بە سەرۆكی داواكاری گشتی و دادوەرەكە رادەگەیەنێ.

و- ئەو لیژنەیە لە رێكارەكانیدا ئەو رێسایانەی لە وەختی یاسای بنەما سزاییەكاندا هاتووە دەگرێتەبەر.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة والخمسون:

أولاً: تقام الدعاوى الانضباطية على القاضي بناء على قرار من رئيس محكمة الاستئناف باحالته على لجنة شؤون القضاة على ان يتضمن القرار بيانا للواقعة المسندة اليه الادلة المؤيدة لها ويبلغ هذا القرار للقاضي والادعاء العام.

ثانياً: أ- تحدد لجنة شؤون القضاة موعداً للنظر في الدعوى تبلغ به رئيس محكمة الاستئناف ورئاسة الادعاء العام والقاضي.

ب- تكون المحاكمة سرية ويفهم القرار علنا.

ج- تجري المحاكمة بحضور ممثل رئيس محكمة الاستئناف ورئيس الادعاء العام او من ينسبه من المدعين العامين وعلى القاضي الحضور بنفسه وله ان يحضر محاميا معه.

د- للجنة ان تجري بنفسها ما تراه مناسبا من التحقيقات.

هـ- تفصل اللجنة في الدعوى بعد اكمال التحقيق وسماع اقوال ممثل رئيس محكمة الاستئناف والادعاء العام ودفاع القاضي وتبلغ قرارها الى رئيس محكمة الاستئناف ورئيس الادعاء العام والقاضي.

و- تتبع اللجنة في اجراءاتها القواعد المنصوص عليها في قانون اصول المحاكمات الجزائية.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی هیچ مولاحەزەیەکمان نییەو تەئیدی ماددەکە دەکەین، چونکە ماددەکە پەیوەندی هەیە بە چۆنیەتی بەڕێوە چوونی دەعاوی ئینزیباتی لەبەردەم لیژنەی شوئونی حوکام، ماددەیەکی زۆر زۆر ئاساییە، بۆیە ئێمە هیچ مولاحەزەمان نییەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک خەلیل لە ئەوەڵەن (بیانا للواقعة المسندة الیه الادلة المؤیدة لها) ناحیە قواعیدیەکەی (لها)یە، (لە)ە، تۆ تەماشایەکی بکە، ئەگەر بۆ واقیعە بێت (الیه) دەبێت پێشتر بگۆڕیت دەبێت (الیها)، ڕاست دەکەیت واوێکی نوقصانە (والمؤیدة لها)، کاک شێخ ئەدهەم فەرموو.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە خالە دوێ (ب) ئایا بۆ بە مەحکەمە، یان بەشێوەیەکی نهێنی بێت؟ یەعنی سڕی بێت، ئەگەر فەلسفەیەکی تێدا هەیە، حەز دەکەین جەنابێ حاکمێ تەوزیحێك بدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سەردار فەرموو.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لێرە پێشنیار دەکەم دەعاوی ئینزیباتی لە حاڵەتێکی دیکەش تۆمار بکرێت، نەك تەنها بە بڕیاری سەرۆکی دادگای ئیستیئناف ئەویش پاش (قرار من محکمة الاستئناف او بطلب من الادعاء العام في حالة ارتکاب قاضي لخطأ فاحش) لەبەر سێ سەبەب، یەکەمیان/ من دەبینم لەو فەقەرەیە، یەعنی دەعاوی ئینزیباتی حەسم کراوە، بەس لە یەك حاڵەت ئەویش بڕیاری ڕەئیسی مەحکەمەی ئیستیئناف.

دوو/ ئێمە لە هەموو قەوانینەکانمان باسی ئەوەی دەکەین، کە تەفعیلی جیهازی ئیدیعای عام بکەین، بۆ سەروەری یاسا بەشێکی زۆر زۆر گرنگە.

سێ/ موهیمەی ئیدیعای عام، وەکو دەزانین لە قانونەکەیاندا هاتووە (الحرص علی تنفیذ القوانین والقرارات) یەعنی بەشێوەیەکی سەلیم، بۆیە من جارێکی دیکە دووبارەی دەکەمەوە، دەبێت (بطلب من الادعاء العام)یش ئیزافە بکرێت، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک محەمەد ڕەفعەت فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم هەیە لەسەر بڕگەی (ب) دادگایی کردنی دادوەر بۆچی بە نهێنی بێت و حوکمەکەشی بە ئاشکرا بێت، بۆ بە نهێنی دادگایی بکرێت؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مـن تێبینـیم لـە بڕگـەی دوو (د، و) هەیـە، لـە (د) دەڵـێ (للجنـة ان تجـري بنفسـها مـا تـراه مناسـبا مـن التحقیقات) لە (و)یش دەڵێ (تتبـع اللجنـة في اجراءاتها القواعـد المنصوص علیها في قـانون اصـول المحاكمـات الجزائیة) ئوصول موحاكـەماتی جـەزائی هـەر لـە یەكـەم دەقیقـەی موخالەفەیەكـەوە، هـەر تاوانێكـەوە بـۆ نیشان دەكات چۆن ئیجرائات دەكـەین، ئینجا لـە كۆتـایی ئـەم بڕگەیـە (في قـانون اصـول المحاكمـات الجزائیـة النافذة) باشە بۆی زیاد بكرێت، یان (او قانون یحل محلـه ) بـۆ ئـەوەی ئیحتیمالـە ئـەو قـانون جەزائیـە دوو ساڵی تر ئیلغا بێتەوە، بۆ ئەوەی جارێكی تر نەكەوینەوە ئەوەی جارێكی تر تەعدیل بكرێتـەوە، پێشـنیاری ئەوە دەكەم ئەو بڕگەیەی بۆ زیاد بكرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوو مولاحەزەیـە كـاك شـێروان ئەگـەر وەڵامیـان بدەنـەوە، یەكـەمیان/ لەسـەر عەلانیـەتی مەحكەمەكەیـە، ئەویتریشیان/ مولاحەزەكەی كاك سەرداریيە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە قەناعەتی ئێمە كە دەڵێت موحاكەمەكە سڕیە، جارێك بەنیسبەت قازی تایبەتمەندی خۆی هەیە، ڕێـزی خۆی هەیە، ئیمكانە ئەو توهمەیەی كە ئیستینادی كرا بێت ڕاست بێت، ئیمكانیش هەیە ڕاست نـەبێت، بـە قەناعەتی ئێمە سڕیەكە لێرە ئەوە دەگرێتەوە، مەكانەكەی حەساسە، یەعنی ئەگەر دەرچوو هیچی لەسـەر نییە، عەلانیەتیش بوو بەنیسبەت قازی وابزانم شتێكی زۆر نارێك و نادروستە، ئەمە یەك.

دوو/ ئـەو مەسـەلەیە مەوزوعێكـە، مـەوزوعی لیژنـەی شـوئونی حوكامـە بەڕاسـتی، لێـرە ئیـدیعای عـام بـە قەناعەتی ئێمە بەنیسبەت تـەحریكی دەعـوا، بەنیسـبەت لیژنـەكان عیلاقـەی نابێت، ڕاسـتە ئیـدیعای عـام بەنیسبەت قانونەكەی خۆی سوڵتەیەكی عام هەیە، بەنیسبەت تەحریكی دەعـوا، ئـەوە قـازیش دەگرێتـەوە، غەیری قازیش دەگرێتەوە، بەڵام لێرە تایبەتمەندی خۆی هەیە، مەسەلە عیلاقەی بە شوئونی قوزات هەیە، عیلاقەی بەوە نییە، كە تەحریكی دەعوا بكات لەو قەزیانـەی كـە لـە قانونەكـە هـاتووە بەنیسـبەت قـوزات، بەنیسبەت قەزایای عامە وەكو هاووڵاتیەك دێتن، كە حەقی ئەوەی هەبێت، ئـەو ئیـدیعای عامـە تـەحریكی دژی بكات، بەڵام لەناو قانونەكە لیژنەكـە تایبەتمەنـدی خـۆی هەیـە، لیژنـەی شـوئونی قوزاتـە، دەوریشـیان

داوەتە ئیدیعای عام وەکو عوزو لەو مەسەلەیە، وەکو حوزوری لەو مەسەلەیە، بۆیە بەڕاستی ئێمە پێمان وایە ماددەکە لە جێگای خۆی هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر ئیزافە لەسەر ئەو تەوزیحە، سڕیەکە مەحکەمەیەکی ئیعتیادی نییە، ئەوە ئینزیباتییە، لیژنەیەکی ئینزیباتییە، داخیلی هەیئەتێکی قەزای خۆیانە، وەنەبێتن مەحکەمەی عام بێت پەیوەندی بە خەڵکەوە هەبێت، ئەو مەحاکمانە، ئەگەرنا ئەو مولاحەزتانەی شێخ و کاك عادلیش تەئیدی کرد، ئەوە لیژنەی ئینزیباتییە، وەکو مەسەلەن لێرە لیژنەیەکی ئینزیباتی دابنێین خروقاتێك هەبێتن، سڕیتەکەی زەرورییە، قەرارەکەش ئیعلان دەکرێتن، ئەگەر بێتو بگەنە قەرارێك، بەڵێ کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەك مولاحەزە وەڵاممان نەداوە، ئەویش چۆنیەتی بەڕێوە چوونە ئیش و کاری ئەو لیژنەیە، تەبعەن لە (و) بە وازیحی گوتویەتی، چۆن ئەم لیژنەیە بەڕێوە دەچێت، بەپێی ئەم ئوصولەی لە قانونی ئوصول موحاکەماتی جەزائی دیاری کراوە، بەنیسبەت چۆنیەتی بەڕێوە چوونی ئیشوکاری لیژنەکە، ئەوە بە تەفسیل لە قانونی ئوصول موحاکەماتی جەزائی هاتووە، بەنیسبەت مەسەلە عامەکان، لێرەش هەمان پرەنسیپ دیاری دەکرێت لەلایەن ئەو لیژنەیەوە، بۆ بەڕێوە چوونی ئەم نەوعە دەعوایانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو یا شێخ.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی بەڕاستی بێت بەشێوەیەکی گشتی دڤێ پرۆژەدا، ڤە چەندیا دێتە پێش چاڤ، کەڤە پرۆژە لە لای بەڕێزەوە، یان حاکمە، یان ڤوزاتە هاتیتە نڤیسین، وەکی لازم ئەگەر بێتە دەنگدانیش ڤە پرۆژە بە عام لە پەرلەمانێ کوردستانێ بە رەئیا من ئەز دبێژم مەکارێکی جۆرێ دروست و شەفاف نەکریە لە حەقیقەتدا، یەعنی لێرە مەجموعە سەلاحیەتێك، یان ئاخاکە زیاتر بۆ حەرەکەت و بۆ ئینتیلاڤە ڤوزاتە مە مەجالەکا زیاتر پێی دای، وا دەست و ڤە کرینە، بە رەئیا من لێرەدا لەسەر ئەساسێ شەفافیەتێ کە تڤیە مە هەبی لە هەمی مەسەلەدا، ئەز بم لێرەدا بە شەفافیەت کێم رەنگتر بیت، یان هەندەك مەسائیلی دیدا دیقەتەکە پتر تێدا ڤێ قانونێ بە رەئیا من نەچوویتە پێش، یەعنی قازی لێرە موتلەق نەبێت، هەمی شت بەشێوەیەکی پرۆژە هاتی، بە رەئیا من خەلەلەك دەبینم، تەنها تێبینیا خۆ ئەز دیار دکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە دەسەڵاتێکی تازەیە یا شێخ، یەعنی نەك دەسەڵاتێکی تازەیە، ئەو پرۆژەیە بۆ ئەوەی ئەو دەسەڵاتە سەربەخۆ بێت، جیا بکرێتەوە لە دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن، بۆیە هەندێك شت تازەیە بەنیسبەت ئەو دەسەڵاتەوەو ئێمە پێویستیمان پێیەتی، من پێم وایە زیادیش نییە، بەڕاستی دەبێت ئەو دەسەڵاتە هەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت لە پاڵ دەسەڵاتی پەرلەمان و جێ بەجێ کردن، کۆمەڵگاکەمان بەشێوەیەکی یاسایی

بەڕێوە بچێتن، هەر یەکە جێگای خۆی بزانێتن، دەسەڵاتەکان تێکەڵ نەبێتن، ئەگەر تێکەڵ بن تەئسیر دەکاتە سەر عەدالەت، یەعنی ئەگەر دەسەڵاتی قەزا تەئسیری دەسەڵاتی جێ بەجێ کردنی لەسەر بێت، عەدالەتەکە وەکو پێویست، وەکو داواکارین و خەڵك داوای دەکات، ناتوانێت ئەرکی خۆی بە ڕێك و پێکی ببینێتن، یەك موراقبەی یەك دەکات، یەعنی دەسەڵاتی قەزا موستەقیلە، بەڵام لەبەرچاوی خەڵکە، لەبەرچاوی حکومەتە، لەبەر چاوی پەرلەمانە، چۆن ئێستا پەرلەمانیش لەبەرچاوی خەڵکە، لەبەرچاوی حکومەتە، لەبەر چاوی میدیایە، ڕۆژانە خەڵك گلەییمان لێ دەکاتن بەپێی یاسا حەسانەشمان هەیە، بەڵام مونەزەه نین، غەڵەت بکەین، خەڵك پێمان دەڵێت غەڵەتتان کردووە، خۆشمان باسی دەکەین و ئەگەر غەڵەتمان کرد بێت دانی پێدا دەنێین، خۆمان چاك دەکەینەوە، هەروەها دەسەڵاتی قەزاش کە ئێستاکە دەمانەوێتن وەکو دەسەڵاتی پەرلەمان، وەکو دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن بەدەوری خۆی هەڵبستێتن لە سەقامگیر کردنی عەدالەت و بە گژ داچوونی کەموکورپیەکان لەناو کۆمەڵگادا، دامەزراندنی کۆمەڵگای مەدەنی کە ئەوە ویستی هەموو خەڵکی کوردستانە، کاك دکتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو ئەنجومەنەی دیسکلیمی، چونکە لێرە وشەیەکی دیکەیان بۆ بەکار هێناوە، دەشبوهێتە ئەنجومەنی دیسکلیمی لە زانکۆیەکان، لەڕاستیدا هیچ جیاوازییەك نییە لەنێوان ئەنجومەنی دیسکلیمی دادوەران و زانکۆدا، من ماوەی دوو ساڵ سەرۆکی ئەنجومەنی دیسکلیمی زانکۆی سلێمانی بووم، کارێکی وا هاتە بەردەم لیژەکەمان بە نهێنی ئەنجام درا، جێگری دادوەری گشتی سلێمانی ئامادە بوو، بەڵام ڕێگا نەدەدرا خەڵکانی تر ئامادەی کۆبوونەکان بن، پاش ئەوەی کە بڕیاردرا بڕیارەکە بڵاو کرایەوە لەلایەن سەرۆکایەتی زانکۆ، من لەو باوەڕەدام کەوا لێرەش دەبێت بەو جۆرە بێت، دادوەر تایبەتمەندی خۆی هەیە وەکو مامۆستای زانکۆ، دەبێت ئەو پرۆسەیە بەشێوەیەکی نهێنی ئەنجام بدرێت، پاشان ئەگەر بڕیاردرا بە ئیدانە کردنی، ئەو کاتە دەکرێت بڵاو بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، وەڵامی پرسیارەکان درانەوە، ماددەکە وەکو لیژنەی یاسایی پشتگیریان لێ کردووە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی شەست:

یەکەم: ئەگەر لیژنەی کاروباری دادوەری لە کاتی تەماشا کردنی داوایەکەدا بۆی دەرکەوت کە ئەو کارەی خراوەتە پاڵ دادوەرەکە گەورە تاوانە، یان کەتنە, بڕیاری ناردنی بۆ دادگای تایبەتمەند دەدات و پەراوەکەی بۆ ڕەوانە دەکات, دوای ئەوەی سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری دەست بە دادوەرەکە لە کار دەکێشێتەوە, هەروەکو لە یاسای بەرزەفتکاری فەرمانبەرانی دەوڵەتدا بڕیاری لەسەر دراوە.

دووەم: ئەگەر دادگای تایبەتمەند بڕیاری بەبێ تاوانی دادوەرەکەدا یان بەبەردانی، یان هەربڕیارێك كۆتایی بە داوا سزاییەكە هێنا، پێویستە لیژنە لە تەماشا كردنی داوا بەرزفتكاریەكە بەردەوام بێ، بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە.

سێیەم: ئەگەر دادگا بڕیاری بەسەر كۆنە كردنی دادوەرەكە دەركرد، پێویستە لیژنەكە سزایەكی بەرزەفتكاری هاوتا بێ لەگەڵ ئەو كارەی دراوەتە پاڵی بسەپێنێ، بەپێی حوكمەكانی ماددەی (55)ی ئەم یاسایە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الستون:

أولاً: اذا وجدت لجنة شؤون القضاة اثناء نظر الدعوى ان الفعل المنسوب الى القاضي يكون جناية او جنحة فتقرر احالته على المحكمة المختصة وترسل اليها الاوراق كافة بعد ان يسحب رئيس مجلس القضاء يد القاضي وفقا لما هو مقرر في قانون انضباط موظفي الدولة.

ثانياً: اذا قررت المحكمة المختصة براءة القاضي او الافراج عنه او اصدرت اي قرار تنتهي به الدعوى الجزائية فعلى اللجنة الاستمرار في نظر الدعوى- الانضباطية وفقا لاحكام هذا القانون.

ثالثاً: اذا قررت المحكمة ادانة القاضي فعلى اللجنة ان تفرض عليه عقوبة انضباطية تتناسب مع الفعل المسند اليه وفقا لاحكام المادة (55) من هذا القانون.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەین و هیچ تێبینیمان نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشنیارێك و تێبینیەكم هەیە لەسەر ماددەكە، بەنیسبەت فەقەرەی یەكەم (اولاً) داوا دەكەم ئەو جوملەیە ئیزافە بكرێتە سەری (او اي قانون اخر يحل محله) پاش (مقرر في قانون انضباط موظفي الدولة) (أولاً: اذا وجدت لجنة شؤون القضاة اثناء نظر الدعوى ان الفعل المنسوب الى القاضي يكون جناية او جنحة فتقرر احالته على المحكمة المختصة وترسل اليها الاوراق كافة بعد ان يسحب رئيس مجلس القضاء يد القاضي وفقا لما هو مقرر في قانون انضباط موظفي الدولة او اي قانون اخر يحل محله).

دووەمین/ ڕەقمەکە بە غەڵەتی هاتووە ماددەی پەنجاو پێنج، ماددەی پـەنجاو حەوتـە لـە سێیەم (ثالثـأ: اذا قررت المحكمة ادانة القاضي فعلى اللجنة ان تفرض عليه عقوبـة انضباطية تتناسـب مـع الفعل المسند اليـه وفقا لاحكام المادة (57) من هذا القانون) نەك (55)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە شوکریە فەرموو.

**بەڕێز د.شوکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من محامی نیم، بەڵام هەندێك شت لە لام خر بۆوە لەم چەند خاڵەدا، بەتایبەتی لـە خـاڵی دووەم، ئەگەر دادگای تایبەت بڕیاری بەبێ تاوانی دادوەرەکەدا، یان بە بەردانی، یـان بـە هـەر بڕیارێـك کۆتـایی بـە داواکە هێنا، پێویستە لیژنە لە تەماشا کردنی داوا بەرزفتکاریەکـە بـەردەوام بێـت، بـەپێی حوکمـەکان، مـن لێرەدا حەقێك دەدەم بەو دادوەرە، کە ئەم هەموو سزایەی خرایە پاڵ، باشـە ئـەویش حـەقی ئـەوەی نییـە، داوایەکی حـەقی خـۆی بکـات، لێـرە هـیچ جێگـای نەبۆتـەوە، یـان ڕەدێکـی ئیعتیبـاری بـۆ بکرێـت، مـن ئـەم پرسیارە دەخەمە بەردەمی بەڕێزتان کە چوار محـامی گـەورەو شـارەزا دانـرا، حـەقی ئـەوەی نییـە ئـەویش داوایەك بکات بە نهێنی و بە ئاشکراو دوور خرایەوەو چی کراو و ئەمانە، حەقی نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەئیدی ئەو ڕەئیەی کاك عەونی دەکەم، مـنیش ئـەو رایـەم هـەبوو (او اي قـانون اخـر يحـل محلـه) لـەدوای قـانونی ئینزیبـاتی موەزەفینـەوە دابنرێت، مولاحەزەیەکیشم هەیـە لـە بـەینی کـوردی و عەرەبیەکـەدا لـە کوردیەکە گەورە تاوان هاتووە، لە عەرەبیەکەش جینایات هاتووە، جینایات هەر جینایاتە گـەورەو بچووکی هەر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەعدەدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدين عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشـنیار دەکـەم، یـەعنی ئەگـەر هـاتوو (اذا صـدر الحكـم بالادانـة) ئەگـەر حوکمەکـە بـە ئیدانـەت دەرچـوو (فللمجلس) یەعنی بۆ ئەو مەجلیسەی قەزا (احدى العقوبات المذكورة او اصدار القرار بأنهاء خدمتـه)، ئـەوە یەکێکیان.

دووەم/ ئیقتیراحی ئەوەش دەکەم، یەعنی (في حالة غير تلبس بالجناية لايجوز اتخاذ الاجراءات القانونية بحقه الا بعد استحصال من رئيس مجلس القضاء).

پرسیارێکی تر لە لیژنەی قانونی دەکەم، ئایا مەسەلەن ئەو حاکمە ئەگەر قەرارێك بە حەقی دەرچوو، هیچ بۆی نییە لە پاشان یەعنی کەس تەعن لە قەرارەکە بدات، یان تەمییزێك، یان هەر شتێك وەکو مواتنێکی ئیعتیادی، چونکە ئەوە لە پێشاندا باسمان کرد (وله ان يحضر محامياً معه)، یەعنی وەکو مواتنێکی ئیعتیادی حوکمی لەگەڵ دەکرێت، یان وەکو حاکمێك، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی، پێم وایە ئەو مولاحەزەی کاك عەونی لەجێیەتی، (او اي قانون اخر يحل محله)، ئەو ماددەی (55) دەڵێت دەبێت (57) بێت، ڕەئیتان لەسەر ئەوە، خۆم نازانم، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاستە مولاحەزەکەی کاك عەونی بەنیسبەت گۆڕانی ماددەکە دەبێتە (57) هیچ ئیشکال نییە، بەس بەنیسبەت (او اي قانون اخر يحل محله) خۆ (بموجب القوانين النافذة) ئەگەر ئێستا بێت، ئەگەر ئەویتر بێت، ئەگەر پێتان باش بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

عەینی شت دەکاتن (والقوانين النافذة) دەتوانین بڵێین (قانون انضباط موظفي الدولة والقوانين النافذة)، بەنیسبەت پرسیارەکانی تر کە کرا بوو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برای بەڕێز کاك عومەریش هەر تەئیدی کاك عەونی کرد، بەنیسبەت دکتۆرە شوکریە مەسەلەی ڕەدی ئیعتیباری حاکم، یاخود مەسەلەی گەڕانەوەی حاکم، ئەوە ئەگەر کاك نورالدین تەوزیحێکمان بداتێ خراپ نییە، بەنیسبەت تورقی تەعن، تورقی تەعن هاتووە چۆن ئیستیعمالی تورقی تەعن دەکات، حاکم ئەگەر هاتوو قەرارەکە لە دەرهەقی دەرچوو، بەنیسبەت ئەوەی کە مامۆستا سەعدەدین گوتی ئەو ماددەیەی کە ئەو گوتی هێشتا نەگەیشتینێ، ئەوە بزەبت لەوێ، ڕەنگە ئێمەش مولاحەزەمان هەبێت لەسەر ماددەکە، ئەوە بەکورتی وەڵامی ئەو بەڕێزانە بوو کە مولاحەزەیان هەبوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێك ئاراستەی لیژنەی یاسایی دەکەم، شتێك بەلای من وازیح نییە، ئەگەر دادوەرێك تاوانێکی ئەنجامدا، کە گەورە تاوان بوو، یان کەتن بوو، بەپێی ئەوەی کە لێرە هاتووە، سەرەتا داوای لێ دەکرێت کە

دەست لە کار بکێشێتەوە، دواتر حەوالەی ئەو دادگای پەیوەندار دەکرێت، بۆ تەحقیق و بڕیار لەسەردانی، بەپێی تاوانەکەی ئەگەر تاوانبار بوو، ئیجرائاتی خۆی لەگەڵ دەکرێت، کە لەوانەیە سجن بێت، یان عقوباتی تر لەو حاڵەتەدا بڕگەی سێیەم پێویستی چی تری هەیە، کە ئەو وەختی دەستی پێ لەکار کێشاوەتەوە حەوالەی دادگای تر کرا بێت وعقوبەی تر وەربگرێت، چ پێویست دەکات جارێکی تر ئەو لیژنەیە بە داوایەکە دابچێتەوەو عقوبەیەکی تر بەسەریدا فەرز بکات، کە سەرەتا دەستی پێ لە کار کێشاوەتەوە، بەلای منەوە تۆزێك فەقەرەی سێیەم وازیح نییە، نازانم ئەگەر وازح بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەکێکیان قەزیەی جەزائییە، یەکێکیشیان قەزیەی وەزیفییە، یەعنی یەکیان وەزیفە دەبێت قەرارەکەی ئینزیباتیەکە جێ بەجێ بکات، ئەوەی سێیەمەکە بۆ ئەوەیە، ئەوەی تەعنەکە لە ماددەیەکی تایبەت هاتووە، کاك شێروانیش باسی کرد (لرئیس محکمة الاستئناف) دواتر دێتن (لرئیس محکمة للاستئناف ورئیس الادعاء العام والقاضي حق الطعن لدى الهیئة العامة في محکمة التمییز)، فەرموو کاك جەمال.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لێرە شتێکی نوقصان دەبینم، کە مەسەلەی موخالەفە لەناو دادگا هەر بە تەنیا دادوەر نایکات، عادەتەن خەڵکی تر هەن مودەعی عامیش موخالەفەی گەورە دەکات و محامیش موخالەفەی گەورە دەکات، بۆ کارێك لەم بابەتە عادەتەن لەناو مەحکەمەکە هیچ شتێك ناکرێت، پاش تەواو بوون ئەو قەرارانە تەمییز دەکرێت، ئەگەر یەکێك مولاحەزەی هەبێت لەسەر کارەکەی مودەعی عام، یان لەسەر یەکێك لە محامیەکان، یان لەسەر حاکمەکە لەهەر سێکی بە کۆمپلیتی دادگا دەگرێتەوە، ئەوسا مەحکەمەی تەمییز ئەگەر قەناعەتی هێنا موخالەفەیەکی یاسایی گەورە کراوە لە مەحکەمەکە، چ حاکم، یان مودەعی عام، یان محامیەکە، ئەوسا مەحکەمەیەك دروست دەکرێت بۆ لێپرسینەوە لەو کارە، کەواتە لێرە تەنها دادوەر نییە، یەعنی دەبێت تۆزێك ئێمە فراوانتری بکەین، دەبێت ئەوانەی لەناو دادگان، لەناو دادگا کۆمەڵە خەڵکێك هەن کە قابیلە غەڵەت بکەن، ئەوسا ئەگەر مەحکەمە قەناعەتی هێنا مەدەعی عام خیلافێکی گەورەی کردووە نایاسایی بووە، تەبیعی قەرارەکە دەدات دەڵێ ئەمە موخالەفەی یاسایی کردووە، ئیتر لەوێ قەرارێك دەرناچێت بەنیسبەت مودەعی عام، یان محامیەکەوە، ئۆتۆماتیکیەن لە لایەن مودەعی عامی گشتی هەر عەینی رۆژ قەرارێك دەردەکەن بەراگرتنی ئیشی ئەو مودەعی عامە لیژنەی تەحقیقی بۆ دەردەکات، ئەگەر قەناعەتیان بۆ هێنا، یەعنی قەرارەکەی صائیب بووە، ئەوە ئەو مودەعی عامە، یەعنی تەبیعی لە ئیشی خۆی لادەبرێت، بۆ جارێکی تر دەوری مودەعی عامی، هەتا محاماتیش ناتوانێت بکات، یەعنی لەناو لیژنەی قەزاو دادگا جارێکی تر ناتوانێت کار بکات، جا من دەڵێم ئەم مەوزوعە یەعنی کە مەسەلەی موحاسەبەی دادوەر، یەعنی هەر دادوەر نەبێت، ئەوەی شمولییە لەناو مەحکەمە ئەوانیش بگرێتەوە، چ مودەعی عامە، چ محامییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك جەمال زۆر سوپاس، ئێمە باسی قانونی قەزا دەكەین، هەر یەكە قانونی خۆی هەیەو، كاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە فەقەرەی دووی ئەم مادده شەستە باس لە بەرائەی قازی و ئیفراج دەكات، لەبەر ئەو توهمەی تەوجیهی دەكرێت لەبەردەم مەحكەمەی موختەسە، بەگوێرەی قانون ئیصداری قەراری بەراوی ئیفراج (تنتهی جریمه) ئیتر بۆچی لیژنەی ئینزیباتیەكە ئیستیمرار بكات لە بینینی ئەو دەعوایە، ئەو ئیزافەیە پێویست ناكات، پێویستە لابدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك محەمەد رەفعەت فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش هەمان تێبینی كاك عومەرم هەبوو، كە ئیتر بەردەوام بوون لێكۆڵینەوەی پێویست ناكات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت تەوزیحەكەی برای بەڕێزم كاك جەمال قاسم، تەبیعی هەروەكو جەنابیشت ئیشارەتت پێدا، ئێمە سێ قانونی تایبەتمان هەیە، قانونی سوڵتەی قەزائی، قانونی محامات، قانونی ئیدیعای عام، هەر یەكێك لەو قانونانە ئیجرائاتی خۆی هەیەو لیژنەی ئینزیباتی خۆی هەیەو چۆنیەتی مامەڵە كردن لەگەڵ ئەو شەریحەیە لە یاساكاندا دیاری كراوە، لێرە ناكرێت ئێمە محامی و ئیدیعای عام داخیلی ئەو مەسەلانە بكەین، ئەوە یەك.

هی دووەم/ ئەوەی كاك عومەر ئیشارەتی پێدا، تەبیعی ئەوە لیژنەی شەكوای حوكام داوای ئینزیباتی بۆ دێتن، لە ئەسنای روئیای دەعوای ئینزیباتی بۆی دیار دەكەوێت جونحەیەك هەیە، جینایەك هەیە دەعوای ئینزیباتی رادەگیرێت ئیحالە دەبێت بۆ مەحكەمەی موختەس، بزانن ئەو جینایەو ئەو جونحەیە چی بەسەر دێت، دوو حاڵەت هەیە، یان حوكم دەدرێت، یانیش ئیفراج دەبێت، لەو هەردوو حاڵەتە دەعوای ئینزیباتی رادەگیرێت هەتا نەتیجەكە، كە ئەو نەتیجەیەت وەرگرت دەعوای ئینزیباتی ئیستیمرار دەكرێت، هەندێك مەسائیل هەیە لە دەعوای ئینزیباتی هاتووە، دەبێت جێ بەجێ بكرێت، مەسەلەن دەعوای ئینزیباتی ئینهای خدمەی تێدایە، دەبێت ئینهای خدمەكەی جێ بەجێ بكرێت، هەروەها عقوباتی تری

تێدایه، یەعنی ئەو عقوبە جەزائیەی ئینزیباتیەکەی راناگرێت، بەڵام دوای دیار کردنی عقوبەی، یان مەوقیفی ئەو قازییە لەو قەزیەی کە ئیحالە کراوە، کە مەوقیفەکەی دیاری کرا، ئینجا ئیجرائاتی ئینزیباتی دەست پێ دەکات و جێ بەجێ دەکرێت دوای ئیفراج.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستاکە وازیحە، دوو گۆڕانکاری بەسەردا هات، چیتان هێن کرد بەنیسبەت موفتەرەحەکەی (او اي قانون اخر يحل محله) ئیزافە دەکرێتن، ماددەی (55)یش هەڵەیە ماددەی (57)ە، کاک عەونی چی بوو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیحتیماله ماددەی (57)یش بگۆڕێت، چونکە پێشنیار کراوە ماددەکان تەسەلسولەکان جێگای گۆڕانکاری دەکرێت مولاحەزەی ئەوەش بکەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە تەدقیق دەکەین، ژمارەی ماددەکە چ راستە ئەوەی دەکەین، خۆی مەقصەدەکە لێرەدا ئەوەیە مەبدەئەکەیە لە ماددەکەدا هاتووە، کاک محەمەد رەفعەت وەڵامیان دایەوە.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر تاوانبارێك مەحکەمە بەرائەی دایێ، ئیتر ئیجرائاتی ئینزیباتی چی بەرامبەری دەکەیت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەی جەزائیاتەکان جیاوازە، مەسەلەی ئومورى ئینزیباتی جیاوازە، لە ئەسنای تەدقیقی دەعوای ئینزیباتی جەریمەیەك دێتە گۆڕێ، کە پێی دەڵێن جونحە، یان جینایات غەیری دەعوای ئینزیباتیە، دەبێت لیژنەی تەشکیلی حوکام ئەوەی بنێرتەوە مەحکەمەی موختەس، کە ئەویش مەحکەمەی تەحقیقە، هەتا ئەگەر ئیفراجیش بێت، مەسەلەی ئینزیباتیەکە هەر دەمێنێتەوە، ئینجا مەسەلەی ئینزیباتیەکە ئیستیمرار دەبێتەوە، ئینجا یان عقوبە وەردەگرێت ئینزیباتیەن، یان وەریناگرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تۆزێك شەرحی بکەین، من ئیستیفادەم لە کاك فرسەت کرد، مەسەلەن هینێك لە چاپەخانە روو دەداتن قازیش لەوێ بووە، لیژنەی ئینزیباتیەکە دادەنێتن قازی بەریئ دەردەچێت، بەڵام دواتر بە قازیەکە دەڵێن ئەوە دەرچووی، بەڵام جێگای تۆ نییە لەو شوێنە دابنیشی، ئەوەیە زۆر موناقەشە کرا، نوقتەی نیزام نەبێت قسەکەت دەبڕم فەرموو دکتۆرە شوکریە.

**بەڕێز د.شوكریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەرۆكی لیژنەی یاسایی داوای لە دادوەر كرد وەڵامی رەدی ئیعتیبار بداتەوە، بەڕێزتان ئاماژەتان پێ نەكرد.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڵێ راست دەكەیت، فەرموو كاك حاكم.

**بەڕێز حاكم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆكی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوە وەك مەبدەئی عام، هەر كەسێك زیانێكی لێ بكەوێتەوە، بۆی هەیە شكایەت لە مەحكەمە بكات، ئەمیش ئەگەر نەتیجە بەرائە دەرچوو، دەتوانێت داوای زەرەری مادی و مەعنەوی بكات لە پێش مەحكەمەی موختەس، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ماددەكە بەو دوو گۆڕانكارییە دەخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، بڕۆ بۆ ماددەی دواتر تكایە.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی شەست و یەك: سەرۆكی دادگای تێهەڵچوونەوەو سەرۆكی داواكاری گشتی و دادوەرەكە مافی تانە كردنیان لە بڕیاری لیژنەی كاروباری دادوەران هەیە, بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایەو لە میانەی(30) رۆژ لە رۆژی پێداچوونەوە دەبێ, دەستەی گشتییش ئەگەر پێویست بكات، بۆی هەیە داوای نوێنەری دادگای تێهەڵچوونەوەو سەرۆكی داواكاری گشتی و دادوەرەكە بكات, بۆ گوێ گرتن لە گوفتارەكانیان, پاشان بڕیاری خۆی، یان بە پەسەند كردنی بڕیاری لیژنە, یان بە هەڵوەشاندنەوەی، یان بە هەمواركردنی دەردەكات, بڕیارەكەشی لەم مەسەلەیەدا بنەبڕە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الحادية والستون: لرئيس محكمة الاستئناف ورئيس الادعاء العام والقاضي حق الطعن لدى الهيئة العامة في محكمة التمييز في قرار لجنة شؤون القضاة الصادر وفق احكام هذا القانون خلال ثلاثين يوما من تاريخ التبلغ به للهيئة العامة اذا اقتضي الحال ان تدعو ممثل رئيس محكمة الاستئناف وممثل رئيس الادعاء عام والقاضي للاستماع الى اقوالهم ثم تصدر قرارها بتصديق قرار اللجنة او الغاءه او تعديله ويكون قرارها في هذا الشان باتا.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، ئەوە ئیستیعمالی تورقی تەعنە بەنیسبەت (ذوي العلاقة) بەرامبەر ئەو لیژنەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك حاکم.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە باسی لە تەعینی حاکم و حقوقیان لە پێشە حەقماندا ئەو حەقی حاکم ئەگەر دەربارەی ئەم قانونە هەر حەقێکی هەبێت، ئەوە لیژنەی شوئونی قوزات دەعوا دەکات، ئەوە دەعوای مەدەنیە لەوێ مودەی تەعنی داناوە پازدە رۆژ، لێرەش بە سیفەتی عام ماددەکە هاتووە، لەبەر ئەوە ئیقتیراح دەکەم یەك جوملە کە دەڵێت (لرئیس محکمة الاستئناف ورئیس الادعاء عام والقاضي حق الطعن لدى الهیئة العامة في محکمة التمییز في قرار لجنة شؤون القضاة في الامور الانضباطیة) بۆ ئەوەی خاص ئەم حاڵەتانەی ئیزافی بێت، لەگەڵ ئەویتردا دەمج نەبێت، یەعنی تەعاروز دەکات لەگەڵ حاڵەتی مەدەنی کە پازدە رۆژی بۆ دادەنرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی قانونی رەئیتان چیە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە مانیعمان نییە بەنیسبەت ئەو ئیزافەیە، بەڵێ پشتگیری لێ دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر بیکەیتە پێشنیاری خۆتان، باشە ئەگەر کەس قسەی لەسەر نەبێت ئەم ماددەیە، پرسیارتان کرد ئەوە وەڵامی دانەوە لەو ماددەیەدا، ئیزافەکەی وای لێ دێتن لەکوێ بوو کاك حاکم با ئیشارەتی پێ بدەین.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(لرئیس محکمة الاستئناف ورئیس الادعاء عام والقاضي حق الطعن لدى الهیئة العامة في محکمة التمییز في قرار لجنة شؤون القضاة في الامور الانضباطیة وفق احکام هذا القانون خلال ثلاثین یوماً).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیە بەو ئیزافەیەی کە لیژنەی یاسایی کردیە پێشنیار، ئەویش ئەوەیە لە مەسائیلی ئینزیباتی دابێتن ئەو رەئیسی مەحکەمەی ئیستیئناف و رەئیسی ئیدیعای عام و قازی حەقی تەعنیان هەیە لە

مەحکەمەی تەمییز لەو قەرارانەی کە لە شوئونی قوزات دەردەچن لەسەر مەسائیلی ئینزیباتی وەکو ئاماژەی پێ کرا، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، کاك فرسەت موقتەرەحی ماددەیەکی تری هەیە با بفەرموویێت.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە باسی میزانیەی سوڵتەی قەزائیمان کرد، بەس باسی تەمویلی میزانیەمان نەکرد، بەرەئی من ئەوە مەوزوعێکی موهیمە، چونکە یەك لە نەقدەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر دەستووری عێراقی ئەوە بوو، راستە باسی سەربەخۆیی سوڵتەی قەزائی کرا ئەوە لە دەستوور، بەس باسی تەمویلی میزانیەی سوڵتەی قەزائی نەکراوە، لەبەر ئەوە بۆ ئەوەی تەجەنوبی ئەو نەقدە بکەین، بۆ ڕێکخستن و تەئکید کردنی سەربەخۆیی سوڵتەی قەزائی لە کوردستان، من ئەو ماددەیە بە عەرەبی ئیقتیراح دەکەم، تەبعەن ماددەی ئیزافییە (تمول میزانیة مجلس القضاء من:

اولاً/ الرسوم والاجور القضائية المستوفات من قبل المحاكم.

ثانياً/ ما ترصده حكومة الاقليم لتمويل ميزانية مجلس القضاء سنوياً.

زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك حاکم رەئیت چیە.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە ئەگەر لە ئەحکام موتەفەریقە لە فەسلی داهاتوو وەك مەوادی ئینتیقالی ئەگەر ئیزافە بکرێت (اجور) نا، ئەگەر بڵێی (الرسوم والغرامات)، چونکە ئوجور هی ئەشخاصە، بەلاٚم غەرامات بۆ میزانیە دەڕوات، روسومیش بۆ میزانیە، ئوجور سەرف دەبێت بۆ هەمووان، بەڵێ بۆ ئەشخاص.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە لە رووی یاساییەوە ناکرێتن، روسوم و غەرامات دەبێت هەموو بچێتەوە میزانیەی عامە، جارێکی تر لە میزانیەی عامە دابەش بکرێتن، تا میزانیەکان دادەنرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر هی مەحکەمە قەدیم بۆ خۆیەتی، هەر لە قەدیمیش وا بووە، فەرموو کاك فرسەت.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەتاكو ئەمڕۆ راستە رسوم و غەرامات دەچوونە میزانیەی عامی حكومەت، چونكە سوڵتەی قەزائی میزانیەی تایبەتی خۆی نەبوو، بەس تۆ كە ئیقرارت كرد چۆن میزانیەی تایبەتی خۆی هەبێت، چۆن رێگای تەمویلی پێ نادەیت، چۆن تەمویل دەكرێت، ئەگەر هاتوو وات لێ كرد ئوجوری ئەوان و غەرامات و روسوم هەر بۆ سوڵتەی تەنفیزی چوو و ئینتیزاری ئەوە دەكەیت ئەوانە تەمویلی میزانیە بكەن، ئەوە تەقریبەن ئیستیقلالەكە لەنگ بوو، مادام روسوم هی ئەوانە، مەفروزە ئیحتیفاز بەو روسومانە بكەن، تەبعەن ئەو روسومانە بەش ناكەن، بەشی نەفەقات و رەواتب و مەصاریفی مەحكەمە ناكات، ئەو وەختە حكومەت مولزەمە، ئەگەر هاتوو میزانیەی سوڵتەی قەزائی هاتە پەرلەمان و تەصدیق كرا، مەفروزە حكومەت تەسدیدی عەجزەكە بكاتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت رسوم و غەرامەكە من 100٪ تەئیدی برای بەڕێز كاك فرسەت دەكەم، بەلاَم بەنیسبەت فەقەرەی ئەخیر (ما ترصده حكومة الاقلیم) دەبێت بنووسین (ضمن المیزانیة الملحقة للسلطة القضائیة)، یەعنی ئیشارەت بە میزانیە سوڵتەی قەزائی بدرێت، نەك بە مەبلەغ، بە میزانیە ئیشارەتی پێ بدەین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی لە جێگایەكی تردا وتومانە میزانیەكی موستەقیلی دەبێت، كە وتت میزانیەی موستەقیلی دەبێت، وەكو پەرلەمان وایە، مەسەلەن موستەقیل دەبێت زیمنی میزانیەی ئیقلیم، ئەوەی تێ گەیشتنی من ئەو روسوم و ئەوانەشە، دواتر كە لە دانانی میزانیە حیساب دەكرێتن، كە میزانیەی قەزا دانرا داهاتی خۆی هەیەو تۆمار كراوە بۆ حیسابی خۆی دەست لێ نادرێت، بەلاَم كە دانرا لە میزانیە ئەوەندەی خۆی هەیەتی لێی كەم دەكرێتەوە، كاك رەشاد تۆ خیبرەت هەیە لەو مەسائیلانە فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر قەزا ئیرادات بۆ خۆی دابنێت، دەبێت خوتەو میزانیەی هەبێت، ئەو كاتی دوو مەصدەری دەبێتن بۆ تەمویل، وەكو بەلەدیە، ئێستا بەلەدیە ئیراداتی هەیە، خوتەی هەیە، میزانیەی هەیە، خوتە ئەو واریداتانەیە كە بۆی دێت لە نەتیجەی فەعالیاتی خۆی، میزانیەش ئەوەی بۆی دادەنرێت، بە قەناعەتی من میزانیەكە تەوحید بكرێت بۆ سوڵتەی قەزائی باشترە، ئەو ئیرادانەی كە بۆی دێتن بدرێتە وەزارەتی مالیە زۆر لەجێیەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر لە رووی ئیستیقلالیەتی قەزاوە بەڕاستی سەیری بكەین، كە دەڵێین لە ناحیەی ئیداری و لە ناحیەی مالی دەبێت ئیستیقلالیەتی هەبێت، ئەو روسوماتە مەفروز وایە ئێمە بیگەڕێنینەوە بۆ سوڵتەی قەزائی، ئەوجا دوایێ لە موستەقبەل لە میزانیەكەی خۆی دادەنرێت، ئەوە مەوزوعێكی ترە بەڕاستی و دەبێت لە میزانیە دابنرێت، چونكە واریداتە زائیدەن ئەو مەبالیغانە لە زیمنی میزانیەی تایبەتی خۆی هەیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە وەكو مەبەدەئێك ئێمە دەمانەوێت فیعلەن لە رووی یاساییشەوە نیشان بدەین، كە سوڵتەی قەزائی دەسەڵاتی خۆی هەیە، ئیستیقلالیەتی خۆی هەیە، دەبێت لە قانون، ئەو قانونەی كە بۆی دەردەكەین ئەوەی نیشان دابێتن، ئەگەر چی لە رووی عەمەلیەوە هەمان نەتیجەی هەیە، من لەگەڵتم كاك رەشاد، لەبەر ئەوەی عەمەلی هەمانە، عەینی میزانیە موستەقیلە، بەس ئەوە بنەمایەكە، مەبدەئێكە بۆ رێزلێنان لە سەربەخۆیی قەزا تۆمار بكرێت باشترە، روسوم و هین و شتەكان، كاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەواقیعدا جەنابت ناوت هێنا، عادەتەن سوڵتەی قەزائی، نەك میزانیەی خۆیان تەئمین دەكەن، بەڵكو بۆشیان هەیە لێكۆڵینەوە لە وەزارەتی دارایی بكەن لەو شتانەی كە دەكرێت، پرۆژەیەك بێت، مەسەلەن میزانیەی وەزارەتێك دێت، یەكێك لە هەرە ئیشە گەورەكانی لیژنەی قەزائی ئەوەیە بۆیان هەیە تەحقیق و لێكۆڵینەوە لە وەزارەتی دارایی بكەن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كە دەڵێت روسوم، روسومی خارجی هین قەزائی نییە، روسومی محاكمی خۆیانە، كاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێم وایە بڕگەی دووەمی پێشنیارەكەی كاك فرسەت پێویست ناكات، لەبەر ئەوەی ئێمە لە ماددەی چوار دەڵێین (للسلطة القضائية ميزانية خاصة ضمن الميزانية العامة للاقليم)، بڕگەی یەكەم قەیدی ناكات، ئەو روسوم و شتە بۆ خۆیان بێت، ئەوە شتێكی باشە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زەرەر ناكات بە عەكسەوە، تەمویلەكە لێرە ئیشارەتی پێ بكرێت، تەناقوز نییە، لەوێ دەڵێ موستەقیلی هەیە، لێرە دەڵێ تەمویل دەبێتن، كاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە لیژنەی قانونی و کاك شێروان پێشنیاری کرد، بۆ هەردوو بڕگەکان باشترین حەلە، بە رەئی من ئەوە لە هەمووی باشترە، ئەگەر جەنابتان بیخەنە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمەش هەر باسی ئەوە دەکەین، مەبدەئەکە ئەو پێشنیارەیە کە لیژنەی یاسایی تەبەنای کرد کاك فرسەت ئیقتیراحی کرد، ئەوانیش تەبەنایان کردو تەئیدیان کرد، بیخوێنەوە جارێکی تر، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، کاك حاکم نورالدینیش پشتگیری لێ کرد.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی بخوێنمەوە جارێکی تر دووبارەی دەکەمەوە، نەقدێك هاتە سەر دەستووری عێراقی لە قیبەلی نەتەوە یەکگرتووەکان، دەڵێت ئیستیقلالی قەزا لە عێراق لەنگە، چونکە باسی تەمویلی میزانیەی نەکردووە، مەواردی موستەقیلی خۆی نییە، ئینجا ئەگەر ئێمە حەز بکەین ئیستیقلالی قەزا لە کوردستانیش لەنگ بکەین، ئەوە مەوزوعێکی ترە، موقتەرەحەکە بەو شکلەیە ( المادة المضافة: تمول ميزانية مجلس القضاء من:

اولاً/ الرسوم والغرامات القضائية المستوفاة من قبل المحاكم) هەر واریداتی خۆیانن، تەبعەن ئەو واریداتانە بەش ناکەن.

(ثانياً/ ما ترصده حكومة الاقليم لتمويل ميزانية مجلس القضاء سنوياً)، حکومەت مەفروزە ئەو نەقصە پڕ بکاتەوە، موحتاجی چەند مەبلەغە ئیزافەی لەسەر بکاتن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر وازیحە، زۆریش بەجێیەو هەنگاوێکی گەورەشە بەڕاستی، بۆ ئەوەی ئیستیقلالیەتی قەزا لە دوا رۆژدا تەمویلی میزانیە لە میزانیەی خۆی دابنێتن، من ئەو موقتەرەحە دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش ماددەیەکی موزافمان هەیە، مادام هاتینە سەر ماددەکان، بەڵکو جێگای دەبێتەوە، لیژنەی قانونی لەگەڵ بەڕێزان سەرۆك و ئەندامانی دادگای تەمییز ئەو مەسەلەیە باس کراوە، ئێمە باسی هەیئەی ئیشرافی قەزائیمان کرد، لە هەیئەی ئیشرافی عەدلیمان جیا کردەوە، هەیئەی ئیشرافی عەدلی سەرپەرشتی دامودەزگاکانی وەزارەتی عەدل دەکات، هەیئەی قەزائی سەرپەرشتی سوڵتەی قەزائی دەکات و سەرپەرشتی

محاكمەكان دەكات، بۆیە پێویستە لێرە ئیشارەت بەوە بدەین بۆ تەشكیل كردنی هەیئەی ئیشراف قەزائی و ئیستیحداسی بكەین و نەصێكمان داناوە دەیخەینە بەردەم بەڕێزتان بۆ موناقەشە، دوا رەئیش رەئی ئێوەی بەڕێزە، دەڵێ: (تنظم مهام وتشكيلات هيئة الاشراف القضائي بقانون).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك حاكم نورالدین فەرموو.

**بەڕێز حاكم نورالدين ملا علی/ جێگری سەرۆكی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوە وەكو ماددەیەكی ئینتیقالی لە بابی داهاتوو بابی چوارەم (احكام متفرقة) لێرە ئەم ماددانە ئیزافە بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەواتە ئیعتیرازت نییە، بەس ئەوەندەیە لە ئەحكامی موتەفریقە بێت، باشە، با بچینە بابی چوارەم ئەحكامی موتەفەریقە لەوێ موقتەرەحەكەت دووبارە بكەوە كاك شێروان، تكایە ماددەكەی تر.

**بەڕێز كريم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەروازەی چوارەم

حوكمە هەمە جۆرەكان

ماددەی شەست و دوو:

یەكەم: ئەگەر سەرۆكی دادگا، یان سەرۆكی دەستەكە ئامادە نەبوو، یان شوێنەكەی بەتاڵ (شاغیر) بوو، یان بەربەستێك هاتە بەردەمی نەیتوانی لە كارەكەیدا دەست بەكار بێ, كەسانێك لە جێگر، یان ئەندامەكان كارەكەی پێشتری ئەنجام دەدەن.

دووەم: ئەگەر لە دادوەرێك پتر لە دادگایەكدا هەبوو, كۆنترینیان دەبێتە بەرپرس لە كارگێری و دابەش كردنی كارەكان لە نێوانیاندا.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

الباب الرابع

((احكام متفرقة))

المادة الثانية والستون:

أولاً: اذا غاب رئيس المحكمة او رئيس الهيئة او شغرت وظيفته او قام لديه مانع يحول دون مباشرته العمل فيقوم بممارسة عمله الاقدم من النواب او الاعضاء.

ثانيا: اذا وجد اكثر من قاض في محكمة واحدة يكون اقدمهم مسؤولاعن الادارة وتوزيع العمل بينهم.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ماددەیە عیلاقەی بە مەسائیلی ئیداری هەیە، ئێمە هیچ مولاحەزەمان نییە دەقی ماددەکە تەئید دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك حاکم نورالدین فەرمووو.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە پێشتر ئیقتیراحیان کرد، کە کەلیمەی وەزیفی بکەنە مەنصەب، بە ئیعتیبار مەنصەبە، نەك وەزیفی، جا لە هەموو یاساکە کەلیمەی وەزیفی بکرێتە مەنصبی قەزائی، لە تەرجومەکەشدا دەڵێ کونترین حاکم لێرە قیدەم هاتووە بۆ پێشترین هاتووە، ئەگەر ئەوەش چاك بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم شتێکی تەبیعیە، وەزیفی لێرە مەنصەبەکە راسترە، کەواتە ئەو ماددەیە بەو ئیقتیراحەی لیژنەی یاسایی پشتگیری لێ کرد کە وەزیفەکە ببێتە مەنصەب (او شغرت منصبە)، ئەو ماددەیە دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەکەی تر.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی شەست و سێ: نابێ دادوەر دەسگیر بکرێ، یان ڕێکاری سزایی لە دژدا وەربگیرێت، تەنیا لە حاڵەتی ئەنجامدانی گەورە تاوانێکی بینراو، یان وەرگرتنی رەزامەندی ئەنجومەنی دادوەری.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة والستون: لایجوز توقیف القاضي او اتخاذ الاجراءات الجزائیة ضده في غیر حالة ارتکابه جنایة عمدیة مشهودة الا بعد استحصال اذن من مجلس القضاء.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە سەرەتا هیچ مولاحەزەیەکمان لەسەر ئەو ماددەیە نەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی دادوەرە بەڕێزەکان زۆر مولاحەزەیان بە ئێمەدا و یەکێتی دادوەرانیش هاتن موراجەعەتی ئێمەیان کرد، پێیان باش بوو ئەو حەسانەیە بەهێزتر بێت، وەکو چۆن حەسانەی پەرلەمانی بۆ ئەندامانی پەرلەمان هەیە، بە هەمان شێوە حەسانەی ئەوانیش بەم شێوەیە بێت، ئینجا ئەو موقتەرەحە هاتە پێشەوە، ئێمەش ئەو موقتەرەحە بەڕاستی پەسندی دەکەین و دەیخەینە بەردەم بەڕێزتان، بۆ ئەوەی دوا بڕیاری لەسەر بدرێت،

موقتەرەحەکەش بەم شێوەیە: (لايجوز ملاحقة القضاة او القاء القبض عليهم في جريمة ما قبل استحصال موافقة مجلس القضاء بأستثناء حالة التلبس بالجناية).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک حاکم نورالدین فەرموو.

**بەڕێز حاکم نورالدين ملا على/ جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکەی جەنابی سەرۆکی لیژنەی یاسایی تەواوە، تەنها جینایەکە عام دەگرێتەوە، هەندێك جینایەت هەیە غەیری عەمدی دەیگرێتەوە، وەکو مرور، هەر لێرە بڵێین (جناية عمدية)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مانیعمان نییە، ئەوەی حاکم نورالدین گوتی ئیزافە بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

قازیش تەبیعییە، وەکو ئەندامی پەرلەمان ئەو حەسانەی هەبێت بەبێ ئیزنی مەجلیسی قەزا، کەس نەتوانێتن بیگرێت و مولاحەقەی بکات، فەرموو کاک سەعدەدین.

**بەڕێز ملا سعدالدين عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

عەمدی و غەیری عەمدی شتێکی نەفسیە لە ژوورەوە، ئیحتیمالە عەمدی نەبێت بڵێ عەمدەن، راستە بە ئەدیلە بەدیار دەکەوێت، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکی عەمدی و غەیری عەمدی لێك ناکرێتەوە، لەگەڵ رێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەو مەسەلەیە حەسانە لە کوردستاندا پارێزەرەکان هەیانە، دکتۆر هەیەتی، راستە قازی مەکانەیە تایبەتیە، ئەوانەی هەیە، بەڕاستی ئەو هەموو حەسانەیە بدەینە هەموو کەس، یەعنی کەس ئیجرائاتی لەگەڵدا ناکرێت، من برادەرێکم دەناسم لە رۆژنامە پارێزەرە لەسەر مودیر عامێکی نووسی بوو دوو ساڵ موحاوەلەی کرد، بەس موافەقەی نەقابەی پارێزەران هەبێت دوو تەحقیقی لەگەڵدا بکەن، موافەقەیان نەداو شتەکەش هەروا رۆیی، بەڕاستی جەریمە بوو نووسی بووی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مـن بـە عەكسـەوە دەبینـیم كـاك عـادل، ئـەو حەسـانەتانە قورسـاییەك دەخاتـە سـەر ئـەو قـازی و ئەنـدام پەرلەمانە، بۆ ئەوەی هیچ غەڵەت نەكات، ڕێـز و متمانـەی ئـەو حەسـانەیە بكات بـەپێی قـانون دراویـەتێ، بێجگە لەوەش مەجلیسی قەزا تەحەمول دەكات، پەرلەمان خۆی تەحەمول دەكاتن، ئەگەر ڕێگای نەدات بـە ئەندامێك و زانیشی تاوانبارە، ڕێگـای نـەداتێ ئـەو پـەرلەمانـە، ئـەو مەجلیسـی قەزایـە، تاوانبـار دەبێـت لـە لایەن میللەتەوە، بەلاَم لە حاڵەتێكدا ئەگـەر نەگاتـە قەناعـەت، حـەقی خۆیـەتی دیفـاع لـە ئەنـدامی خـۆی بكات، كاك شێروان وەلاَم بۆ ئەو موقتەرەحەی كاك سەعدەدین عەمدی و غەیری عەمدی، كاك كەریم.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە ماددەكاندا، ئەو ماددەیەی كە پێیەتی دیارە تاوانەكە دیارە عەمدییە، یان غەیر عەمدییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مادام باسی حەسانەیە، پێم باشە ئیزافەی فەقەرەی ئەخیری بكەین لـە حاڵـەتی تەلـەبوس بـە جەریمـە بـە جینایەتی مەشهود، بڵێن لەو حاڵەتە (یخطر مجلس القضاء بذلك).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە وابزانم تەحصیل حاصلە وەكو پەرلەمان، ئەگەر حەسانەكە بە جهودی مەشهود، كاك شێروان هینەكە چاك بكەوە جەمعەكە بكە موفرد (ملاحقة القاضي) بیكە موفرد، چونكە هـەموو پێكـەوە جەریمـە ناكـەن، ئەو موقتەرەحەی لیژنـەی یاسایی لـە مـاددەی شەسـت و سـێ دەخەمـە دەنگدانـەوە كـە خوێندیانـەوە بـەو شێوەیە دەبێتن (لایجوز ملاحقة القاضي او القاء القبض علیـه في جریمـة ماقبـل استحصال موافقـة مجلس القضاء بأستثناء حالـة التلبس بالجنایـة العمدیـة)، كـێ لەگەڵدایـە دەسـتی بـەرز بكاتـەوە؟ زۆر سـوپاس، كـێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی تر تكایە.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی شەست و چوارەم:

دیاری كردنی كاتەكانی دەوام لە دادگاكان بە بڕیاری ئەنجومەنی دادوەریی دەبێت و, ماوەی دەوام كردنیشی نابێ لە شەش كاتژمێر كەمتر بێت, دەكرێ كاتی تایبەتی بۆ دەوام كردن لە مـانگی ڕەمـەزان تایبـەتی بـێ و نابێ لە پێنج كاتژمێر كەمتر بێت.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة والستون:

تعين اوقات الدوام في المحاكم بقرار من مجلس القضاء على ان لاتقل مدة الدوام عن ست ساعات يوميا ويجوز تعيين اوقات دوام خاصة في شهر رمضان على ان لاتقل عن خمس ساعات.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە برێك بە تەفسیل هاتووە، هەر (تعين اوقات الدوام في المحاكم بقرار من مجلس القضاء) کافی و وافیە، ئەو تەفسلاتەی نەدەینێ بەڕاستی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاست دەکەین، چونکە ئەگەر ئەوەت نەکردابا موناقەشەیەکی تەواو دەبوو لەسەری، کاك شێخ فەرموو.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رەئیا من ئەڤە مادده هەر هەموویا زیادە تەحصیل حاصلە، یەعنی هەندا بەژن و بالأی مەجلیسی قەزا دبێژن یەعنی دەوام نەبیت، وەختی دەواما وا بێت و نەبێت، بە رەئیا من تەحصیل حاصلە، هەر ئەو ماددەیە زیادە، هەر نەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

عەفوم دەکەیت، یا شێخ فەرموو، لێرە بۆچیە، حکومەت قەراری هەیە بۆ دەوام، وەکو پەرلەمان ئێمە پابەند نین بەوە، خۆمان ئەو قەرارە دەدەین، بۆ ئیستیقلالیەتە، یەعنی بۆ ئەوەشە مەجلیسی قەزا عەینی شتە خۆی، ئێمە چ خیلافێکمان نییە، یەعنی دەوام وەکو ئەوان، بەلأم بەپێی قانون ئەو دەسەلأتە بدرێتە ئەوان تحدیدی دەوامی خۆیان بکەن، عوتلەیان هەیەو ئەویتریان هەیە، شتی تریان هەیە، کەواتە ئەو ماددەیە وەکو لیژنەی قانونی ئیقتیراحی کرد (تعين اوقات الدوام في المحاكم بقرار من مجلس القضاء) دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا وابزانم جێگای خۆیەتی ئەو ماددەیەی کە بۆ هەیئەی ئیشراف قەزائی ئیشارەتم پێدا پێش هەندێك، ئەو ماددەیە بخرێتە موناقەشە کردن و دەنگ لەسەر دان، (تنظم مهام وتشكيلات هيئة الاشراف القضائي بقانون).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك حاكم نورالدين فەرموو.

**بەڕێز حاكم نورالدين ملا علی/ جێگری سەرۆكی دادگای تەمييز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێم باشە ئەو ماددەیە بەو صیغەیە بێت (یعین جهاز بأسم هیئة الاشراف القضائي یـرتبط بمجلس القضـاء ینظم مهامه واختصاصاته بقانون).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە روونـترە كاك شێروان، ئەگەر تەبەنای دەكەن.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەئیدی صیغەكەی حاكم نورالدين دەكەین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك حاكم بیخوێنەوە.

**بەڕێز حاكم نورالدين ملا علی/ جێگری سەرۆكی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

یؤسس جهاز بأسم هیئة الاشراف القضائي یرتبط بمجلس القضاء ینظم مهامه واختصاصاته بقانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

(تؤسس هیئة بأسم هیئة الاشراف القضائي تـرتبط بمجلس القضـاء وتـنظم مهامهـا واختصـاصـاتها بقـانون)، كاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كەلیمەی تەئسیس زیاتر لە مەشاریعی ئینتاجی و ئیستیسماری و صناعی بەكار دێت (تشكل) بێـت باشـترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لە رووی قانونییەوە زۆر بەكار دێت لە دەستووریشدا مەوادی وا زۆر بەكار هاتووە (تؤسس) زۆر تەبیعییـە، كەواتە ئەو موقتەرەحەی لیژنەی قانونی بەو شكلەیە كە پاش ئەوەی كە كاك حاكم نورالدين صیاغەیەكی تەقدیم كردو لیژنەی قانونی تەبـەنای كـردو چـاك كرایـەوە (تؤسـس هیئـة بأسـم هیئـة الاشـراف القضـائي ترتبط بمجلس القضاء وتنظم مهامها واختصاصاتها بقـانون)، شـتێكی تەبیعیـە، دەیخەمـە دەنگدانـەوە، كـێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتـەوە؟ زۆر سـوپاس، بـەكۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی شەست و پێنجەم:

سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری بۆی هەیە ڕێنماییەکان دەربکات بۆ ئاسانکردنی جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة والستون:

لرئيس المجلس القضاء اصدار التعليمات لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە ماددەیەکی ئاساییە، بەس ڕەنگە لە صیاغە کەموکوری هەبێت (لرئيس المجلس القضاء اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پەیوەندی بەو ماددەیەوە نییە، پێشنیارێکم هەیە، ڕەنگە تەئیدی بکەن، ئێمە بۆ خۆتان دەزانن لەسەردەمی عێراقییەوە هەردوو ئیدارە کۆمەڵێك قەوانین دەرچووە، بەڕاستی بێ سەروبەریەکی زۆر هەیە برادەرانی قانونی دەزانن، ئێمە مەوسوعەی قەوانینی نافیزمان نییە، حەق وایە لێرە ماددەیەك زیاد بکەین لەسەر مەجلیسی قەزا ئیصداری مەوسوعەی قەوانین بکات، یەعنی بیکەینە ئەرکێك لەسەری، لەبەر ئەوەی نەمانتوانی لە ئەرکەکان جێی بکەینەوە، لێرە جێی بکەینەوە، بەڕاستی بەشێوەیەکی زۆر هەیە محامیەکان هەموویان دەزانن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە دەسەڵاتی ئەوان نییە جارێ، ئەو ماددەیە دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی شەست: یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە 14ی ساڵی 1993 هەڵدەوەشێندرێتەوە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الستون: يلغى قانون السلطة القضائية رقم 14 لسنة 1992.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(1992)ە، (1993) نییە، فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم ئیزافەیەك لەسەری بکرێت (وتعدیلاته)، چونکە تەعدیلاتی لەسەر دەرچووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم تەعدیلاتی هەیە، کەواتە لیژنەی یاسایی ئەوەش تەبەنا دەکەن.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مانیعمان نییە تەعدیلاتی بێتە سەری، چونکە تەعدیل کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە دەبێتە (يلغى قانون السلطة القضائية رقم 14 لسنة 1992 وتعديلاته)، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی شەست و هەشت تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی شەست و هەشت: لەسەر وەزارەتە تایبەتمەندەکان پێویستە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن, هەر دەقێك پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێ کاری پێ ناکرێ.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة والستون: على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون ولايعمل بأي نص يتعارض مع احكام هذا القانون.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە بەڕاستی جیامان کردۆتەوە، پێمان باشە ببێتە دوو مادده، یەکێکیان (على الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون)، ئینجا ئەویتریان کە دوایێ قسەی لەسەر دەکەین (لا يعمل بأي نص يتعارض مع احكام هذا القانون) دەکەینە ماددەیەکی دیکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ ئەوە وەکو قانونەکانی ترە، پێویست دەکاتن، ئەو موقتەرەحتان وەکو مادده یەك بخوێنەوە، بۆ ئەوەی بیخەمە دەنگدان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

على الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەو ماددەیەی موقتەرەحی لیژنەی یاساییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، بڕۆ بۆ بڕگەی دووەم کە بۆتە ماددەیەکی تر.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی شەست و نۆ: هەر دەقێك پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێ کاری پێ ناکرێ.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة والستون: لا يعمل بأي نص قانوني او قرار يتعارض مع احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی دوایی تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی حەفتا:

ئەم یاسایە لە بەرواری بڵاو کردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمیەوە جێ بەجێ دەکرێ.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السبعون:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشرة في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئیعادەی صیاغەمان بەو شێوەیە کردۆتەوە (ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ اصداره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان)).